گوڵی تەرەقی

# جێگایەکی تر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## گوڵی تەرەقی

# جێگایەکی تر

### کۆمەڵە چیرۆک

وەرگێڕانی

**دلاوەر قەرەداغی**



ناوی کتێب: جێگایەکی تر- کۆمەڵە چیرۆک
نووسینی: گوڵی تەرەقی
وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا و هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە سەرجەمی ئەو چیرۆکانەن کە لە کتێبی (جای دیگر) دا چاپ بوون، جگە لە چیرۆکی (گەمەیەکی ناتەواو). هەرسێ چیرۆکی (پاسەکەی شەمیران) (ماڵێک لە ئاسمان) و (گورگەخان)، کە پێشتر لەگەڵ چیرۆکی (هاوڕێ چکۆڵە)دا بەجیا چاپ بوون، دوای پێداچوونەوە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی زمانەوانییان، لە دوو توێی ئەم کتێبەدا جێگەیان کراوەتەوە. لە بەرنامەمدایە لە ئایندەیەکی نێزیکدا، هەمدیس تەرجومەی ڕۆمانی زستانەخەون، چاپ بکەمەوە. کۆمەڵە چیرۆکی (دوو دونیا)ش کە نوێترین کاری خانمی تەرەقیییە، پرۆژەیەکی دییە و هیوادارم بتوانم لەئایندەدا بەدیداری ئێوەی خوێنەرانی خۆشەویستی بگەیەنم.

دلاوەر قەرەداغی

### ڕستێک وشە بۆ خوێنەرانی کورد

# لە بارەی ئەزموونی نووسینمەوە

**گوڵی تەرەقیی**

بەڕای من، خەڵک دوو جۆرن: جۆرێک کە هەر لە بەرایی جحێڵیی یان لە سەرەتای منالییەوە دەزانن دەبنە چی- پزیشک، ئەندازیار، بازرگان، شاعیر، پاڵەوانی فتبۆڵێن و... هتد- جۆرێکی تریش کە نازانن دەبنە چی. ئەو خەڵکانە بەڕێگای جۆراوجۆردا دەڕۆن و بەزۆریش لەوەدا کە ویستوویانە ببنە چی، بەهەڵەدا دەچن.

من دەمویست ببمە نووسەر. ئەڤین بۆ نووسین لە خود و ڕۆحی مندا گینگڵی داوە و هەر بەو ئەڤینەوە لەدایک بووم.

ڕەنگبێ ئەز ئامادەگیم بۆ نووسین لە بابمەوە بۆ مابێتەوە. بابم کتێبی مێژوویی و وتارگەلی سیاسیی - کۆمەڵایەتیی دەنووسی و بەڕێوەبەری گۆڤاری (تەرەقیی) بوو. هەرجارێک کە دەچوومە ژوورەکەی، دەمبینی لەو دیو مێزەکەیەوە دانیشتووە و سەرگەرمی نووسینە. ئەوکات چوار پێنج ساڵان بووم. لەپشت سەرییەوە ڕادەوەستام و تەماشایم دەکرد. هێند گچکە بووم کە بەزەحمەت سەرم دەگەیشتە لێواری مێزەکە. دەمبینی قەڵەمەکەی بەسەر کاغەزە سپییەکەدا دەخزێ و لە نووکی قەڵەمەکەیەوە مەخلۆقگەلی وردیلە و ڕەش، وەک هەزارەها مێروولە، دێنە دەرێ و بەسەر کاغەزەکەدا بڵاو دەبنەوە. یەکێک لەو ڕۆژانە کاتێ بابم لەماڵەوە نەبوو، خۆم گەیاندە لای مێزی نووسینەکەی، قەڵەمەکەیم نەدۆزییەوە، ناچار پەنجەم ڕۆبردە ناو شووشەی مەرەکەبەکەی و ئەوجا دەستە مەرەکەباوییەکانم هێنا بەسەر کاغەزی سپی و جلکەکانمدا. دەموچاوم سەراپا بووە پەڵەی



مەرەکەب. لە خەیاڵی مناڵانەمدا ئیدی من یەکەمین و جوانترین چیرۆکی خۆم نووسیی.

لە تەمەنی شازدەساڵیدا بۆ ئەمریکا ڕۆیشتم و لەوێ فەلسەفەم خوێند. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا چیرۆکی کورت کورتم دەنووسی و چاوەڕێی دەرفەتێک بووم تا لە گۆڤارێکی ئەدەبیدا بڵاویان بکەمەوە.

مەخابن ئەو چیرۆکانەم لای خۆم نە پاراستن، بەڵام بیرۆکەی ئەو چیرۆکانەم لەبیرە. لە هەمان سەرەتای جحێڵیدا مەسەلەیەک کە فیکری منی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، مەسەلەی ئازادیی و هەڵبژاردن بوو. چما ئایا ئینسان دەتوانێ چارەنووسی خۆی بگۆڕێت؟ داخۆ ئینسان ئازادیی هەڵبژاردنی هەیە؟ ئەدی بۆچیی خەڵکیی دوژمنایەتییان لەگەڵ خۆیاندا هەیە و ناتوانن بڕیارێکی ڕاست و دروست بدەن، بڕیارێک کە دەتوانێ ڕەوتی ژیانیان ئاڵوگۆڕ پێ بکات؟ ئایا ئینسان کۆیلەی یاساگەلی کۆمەڵایەتییە؟ ئایا ئەوە ترسە لە تێپەڕینی زەمەن و مردن کە فەرمانڕەوایی بەسەر حاڵەتە دەروونیی و بڕیارە ئەقڵانییەکانیدا دەکات؟

لە چیرۆکی (منیش چێ گیڤارام)دا، پاڵەوانی چیرۆکەکە کوتوپڕ، پەی بەتێپەڕینی زەمەن و کۆتایی جحێڵیی خۆی دەبات. چلەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونییەتی و بەترسەوە لەخۆی دەپرسێ ئەرێ چۆن و بۆچی بەداوی ژیانێکی ئاوها گچکە و سنووردار و بێزەوەرەوە بووە؟ ئەوێک کە خۆی بە(چێ گیڤارا) بەراورد دەکرد و دەیویست دونیا و مێژوو بگۆڕێت.

چەندین جار لە چاوپێکەوتنەکانمدا ڕوونم کردۆتەوە کە بەهەڵبژاردنی کەسێتیی (چێ گیڤارا)، کەڵکەڵەی هوتافکێشانی سیاسیم نەبووە. هەڵبژاردنی گیڤارا بەو مەبەستە بووە کە ئەو ئینسانە چارەنووسی خۆی - ڕاست یان هەڵە - هەڵبژاردبوو. مەرگی خۆی قەبووڵ و ترسی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکەی نەبوو.

هەمان بابەت لە کتێبی (زستانە خەون)دا وروژاوەتەوە. کەسەکان لەم کتێبەدا لە یەک ڕیتمیکیی و بێزاریی لە ژیان، دەناڵێنن، بەڵام ترسیان لە گۆڕان و گۆڕانکاریی هەیە. یەکێکیان دەڵێ: «ئێمە خەڵکانێکی گچکەین. چ ڕێگەیەکی تر بۆ ئێمە نییە. گەر سەد کەڕەتی تریش بێینەوە دونیا، ئەوا هەمان ڕێگە هەڵدەبژێرینەوە». کەسێتییەکان لەم کتێبەدا لە خولیای جێگایەکی تر و ژیانێکی باشتردان. بەڵام، وەک منداڵگەلێکی ونبوو لە دارستانێکی ڕەشدا، خۆیان داوەتە پاڵ یەکتری و جورئەتی گۆڕینی ژیانی خۆیان نییە.

من نووسەرێکم قسەکانم لە ژیانی ناوەوەم هەڵدەگۆزم. هەمەڕەنگیی و ئەزموونە دەروونییەکانم دەبنە بابەتی چیرۆکەکانم. کەسێتییەکان لە ڕۆمانی زستانە خەوندا – کە دلاوەر قەرەداغی کردوویە بەکوردی – حەوت پیاون و هەر هەموویان لە زوبانی دڵ و ناوەوەی منەوە دەئاخڤن. بێ توانایی ئەوان، بۆ ڕاڕایی و بێ توانایی دەروونیی من دەگەڕێتەوە. ئەو پیرەمێردانە خۆمن. هەڵبەت لەکاتی نووسینی ڕۆمانەکەدا، من ئەم مەسەلەیەم لەلا ڕۆشن نەبوو.

کاری هونەری، بە زۆری، لە قولاییییەوەڕا سەرچاوە دەگرێت، لە ئۆقیانووسێک تاریکایەوە هوروژم دێنێ کە ئێمە لێی بێ ئاگاین، خۆ بەخۆ دێتە دەرێ و دەبێتە کاری ئەدەبی. ئەفراندنی هونەریی، بەزۆریی چەمکی چارەسازیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ڕێک وەک دەوایەکی شیفابەخش. ئینسانی هونەرمەند، گرفتارییە دەروونییەکانی خۆی لە ڕێگەی پەنابردن بۆ داهێنانی هونەری، دەگێڕێتەوە و ئەم گێڕانەوە و دان پیانانە دەروونییەش دوو تایبەتمەندیی گەورەیان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە خودی هونەرمەند لە گرفتارییە دەروونییەکەی بەڵەد دەبێ و ئەویتریشیان ئەوەیە کە ئەم ئاگاییە، وەک هەتوانێکی ئەفسووناوی، برینە دەروونییەکانی سارێژ دەکات.

ئەز چەندین جار لەگەڵ خۆمدا هێناومە و بردوومە کە ئەگەر تووڕەیی و ترس و ئارەزووە دەروونییەکانی خۆم لە فۆرمی چیرۆکدا نەگێڕابایەتەوە، ئەوا بێگومان دووچاری جۆرێک نەخۆشیی دەروونیی دەبووم.

ڕۆمانی (زستانە خەون) ئاوێنەی دەروونی خۆم بوو، گرینگ نەبوو کە کەسێتییەکانی ئەم کتێبە هەر هەموویان پیاوگەلێکی تێک و پێک شکاو بوون. چەندیک جار لێیان پرسیوم ئەدی بۆچی لە هەندێ چیرۆکمدا لە زوبانی پیاوێکەوە قسان دەکەم، منیش وەڵام دەدەمەوە خۆ ئێمە پیاوانێکیشمان هەن کە دونیای ژنان بەرجەستە دەکەن، لە هەردوو بارەکەدا نووسەر، چ ژن و چ پیاو، لە بارەی خۆیەوە دەدوێت، قسەکانی دڵی دەنێتە سەر زاری کەسێتیی چیرۆکەکانییەوە.

دوای شۆڕش، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی مندا ڕوویدا. بەر لە شۆڕش لە زانکۆی تاران دەرسم دەگوتەوە. کە زانکۆ داخرا، بێکار بووم و ئەوسا بڕیارم دا بۆ ماوەیەکی کورت بۆ دەرەوە سەفەر بکەم. بەو ئومێدەی کە بارودۆخەکە ئارام بۆوە بگەڕێمەوە. مەخابن شەڕ هەڵایسا و ناچار بووم نەگەڕێمەوە. ئەو ڕووداوە، لە ژیانی مندا، بەرایی ئەزموونێکی نوێ بوو: ئەزموونی غەریبی.



تەنیایی، دووری لە نیشتمان، نە بوونی ناسنامە و جێگە و ڕێگە بوونە ناوەرۆکی دیاری زۆرترینی چیرۆکەکانم.

ئەز بۆ نووسین ئیلهام لە ڕووداوەکانی دەرەوە و گۆڕانکارییەکانی ناوەوەم وەردەگرم. چیرۆکێکم هەیە بەناوی (ماڵێک لە ئاسمان)، چیرۆکی دایکێکە کە منداڵەکانی لە ئێران کۆچیان کردووە و ماڵەکەیان فرۆشتووە. ئەم ژنە بەردەوام لە ماڵی خوشکەکەیەوە بۆ ماڵی براکەی، لە ماڵی کیژەکەیەوە لە ئینگلیستان بۆ ماڵی کوڕەکەی لە پاریس جێگۆڕکێ دەکات. هیچ کەس ناتوانێ بۆ هەمیشە لای خۆی گلی بداتەوە. لە شارێکەوە بۆ شارێکی تری دەنێرن. تاقە ماڵی واقیعیی وی، کورسیی فڕۆکەیە کە کرێیەتی و بووەتە هی خۆی.

من لە دەرەوەی ئێران شاهیدی دەربەدەریی ئەم دایکە سەرگەردانە بووم. ماڵی دە سەرخێزانیم بینیوە کە لە دوو ژووری چکۆڵەدا ژیاون و لەپێناوی خوێندن و ئایندەی منداڵەکانیاندا بەرگەی زەحمەت و بێ پارەییان گرتووە. گرفتاریی لە غەریبیی، نەبوونی کار و پارە و پلە و پایە نییە. خەڵکانێکم ناسیون کە سەروەت و سامانی پێویستیان هەبووە، بەڵام هەر نیگەران و غەریب بوون و جێگای خۆیان لە کۆمەڵگایەکی بێگانەدا نەدۆزیوەتەوە. ئازارەکانی ئەوانم پێ ئاشنا و ئەوسا کەوتمە نووسینی ڕۆمانێک بەناوی (بەسەرهاتەکانی جەنابی ئەلف لە غوربەتدا). ئەم ڕۆمانە هێشتا تەواو نەبووە و دوای بیست ساڵ هێشتا نیوە ناچڵ ماوەتەوە. کە سەفەر بۆ ئێران دەکەمەوە فیکری مانەوە لە ئێران لەسەرمدا بنج دادەکوتێت. هاوڕێگەلێک دەبینم کە لە ژیان لە دەرەوە، بەسەختیی شەکەت بوون و بڕیاری گەڕانەوەیان داوە. هەندێک لەوانە دوای ماوەیەک نیشتەجێ بوون لە ئێران، دووچاری نائومێدی بوون و هەمدیس سەفەریان بۆ جێگایەکی تر کردووە. قسە و ئەزموونی ئەو خەڵکانەم گەلێک پێ سەرنج ڕاکێشە و بیرۆکەی نووسینی چیرۆکێک دەربارەی گەڕانەوە، شێلگیرانە، بۆ لای خۆی کێش کردووم. حاڵی حازر، سەرقاڵی نووسینی چیرۆکێکم دەربارەی ژنێک کە دوای بیست ساڵ ژیان لە دەرەوە، بۆ ئێران دەگەڕێتەوە، کەچی لەوێش هەر خۆی بەغەریب دەزانێت. ئاخر زۆر شت لە نەبوونی ویدا گۆڕاون و چ ئاسەوارێک لە ڕابردوو نەماوەتەوە.

غەریبی لە نیشتماندا، ئەزموونێکی ترە کە خودی منیش دەستە و یەخەیم.

# نەنە هەنار و کوڕەکانی

فڕۆکەخانەی میهراباد- گەشتی ژمارە ٧٢٦ - ئێرفرانس

سەعات دووی نیوەشەو، واتە تەواوی شەو بێ خەویی. واتە تەواوی شەو هەراسانیی و شەکەتیی و پەلەپەلیی، واتە دڵتەنگیی و شپرزەییەکی نادیار بۆ ئەوەی کە ئیدی دەڕۆم و لەوێ دەمێنمەوە و ناگەڕێمەوە (لەو خایلەگەلە پووچانە)، یان بەپێچەوانەوە، هەر لێرە، لەهەمان ئەم تارانە ئازیزە- بەهەموو خەراپیی و باشییەکانییەوە - دەمێنمەوە و لەجێگەی خۆم ناجووڵێم (لەو خایلەگەلە پووچ ترانە)، خۆلاسە کە گوو بەگۆڕی باوکی ئەم دەربەدەریی و ئەم هات و چوونە ئەبەدییە (ئەبەدیی هێندەی عومری من) و ئەم هەڵفڕینانەی نیوە شەو و ڕاکێشانی جانتا و تێپەڕین بەگومرگ - پردی سیرات - دا و پشکنینی سووکایەتیی ئامێزی لەش و پێڵاو و گیرفان و کونە گوێ و کونە کەپوو.

خواحافیزیی. بەبێ قسە، بەبێ لەیەکتر ڕوانین، سارد و سڕ و خێرا، بەرقێکی شاراوە و تووڕەییەکی بێ پاساوەوە کە نابێ پێشان بدرێ و هەستێکی تاڵ کە دەبێ قووت بدرێتەوە و ئەوسا ئیدی تێ قووچێنرێ.

شوێنی هاتنە ژوورەوەی خوشکان. قلافەتم وەک پێویست نییە. لەچکەکەم بۆ دواوە خزاوە و دوا قۆپچەی سەدرییەکەم کراوەتەوە. زۆر باشە. ڕاست دەکەن. لەچکەکەم جوان بەسەرمدا دەدەمەوە. ئەو حەماڵەی کە جانتای سەفەر و جانتا دەستییەکەی بۆ هەڵگرتووم، پەلەیەتی. کرێکەی دەوێت. بەدوای موسافیرێکی تردا دەگەڕێت.

پێی دەڵێم: "دەبا تا گومرگ لەتەکمدا بایت!"

مامڵەمان کردبوو، قسە قسەی خۆیەتی، دەیەوێت بڕوات. جانتاکەم لەسەر بەکرەی



گواستنەوەکە دادەنێ تا بەژێر ئامێری پشکنینەکەدا تێپەڕێت. ئاماژە بۆ موسافیرێکی تر دەکات.

بەخۆم دەڵێم: "خانم گیان تووڕە مەبە، وازی لێ بێنە، ئاوهایە. پارەکەی بدەرێ با بڕوات!"

دیوارێکی شووشەیی ئەوانەی ئەم دیوەوە لەوانەی ئەو دیوەوە جیا دەکاتەوە. ئەوانەی کە دەمێننەوە و ئەوانەی کە سەفەر دەکەن. هەردوو تاقم خەمین و دڵتەنگن و قسە بێ دەنگ و ڕوانینە پڕ لە قسەکانیان لە ئەستوورایی ئەو دیوارە شووشەییەوە ڕەت دەبێ و وەک تەپ و تۆزێکی خۆڵەمێشیی لەسەر ڕوخسارەکان دەنیشێت.

بە وردی دڵ و ڕیخۆڵەی جانتاکەم دەپشکنن، شتێکی گوماناوی و ترسناک، کە نازانم چییە، لە جانتاکەمدایە.

پەنجەیەکی ترسناک، ئاماژە بۆ ناو جانتاکە دەکات.

- ئامێری کوژەر!

- چ ئامێرێکی کوژەر؟ لە جانتاکەی مندا؟

پشکنەرەکە لەگەڵ کارمەندێکی تردا دەدوێت، دادەنەونەوە و تەماشای ئەو وێنە نادیارە دەکەن کە لەسەر شووشەی ئامێری پشکنینەکە دەرکەوتووە.

ئەوانەی بۆ خواحافیزیی هاتوون، لەو دیو دیوارە شووشەییەکەوە ملە قووتێیان پێ دەکەوێ. ئەوانەی دەوروبەرم دەکەونە چپە چپ. لە قوڵایی چاوانیانرا پرسیارێکی لاڵ شەپۆل دەدات. هەر یەکسەر هەست دەکەم شێوە و ڕوخسارم گۆڕاوە و بوومەتە مەخلووقێکی ترسناک. مەخلووقێکی گوناهبار کە سزادانم شتێکە حەتمیی.

- تیرۆریست؟

دەشێ. هەموو شت و هەموو کارێک بۆی هەیە.

ئامێرە کوژەرەکە تەورزین* ێکی ئاڵتوونییە کە لە خرتکە و پرتکە فرۆشێکی گومناوی ئەسفەهان بۆ کوڕەکەم کڕیوە. شتێکی گرانبەها نییە، کەسیشی پێ ناکوژرێت، بەتایبەتیش فڕۆکەوان.

* جۆرێک چەکە لە شێوەی تەوەردا بەدەسکی ئاسنینەوە کە لە کۆندا بەکار دەهێنرا و لەکاتی ئەسپ سواریدا بەبەر زینی ئەسپەکەوە دەکرا، هەنووکە هەندێ لە دەروێشان بەدەستییەوەی دەگرن.

جانتاکەم دەهێننە ئەملاوە. دەبێ کەلوپەلەکانی ناوی بەوردیی بپشکنرێت. موسافیرەکان بەگومان و سەرسوڕمانەوە، دەشێ بەترسیشەوە، تەماشام دەکەن و چاوەکان لە خۆم و جانتاکەم ڕاماون.

دەڵێم: "باوکم، ئەوە تەورزینێکی کۆنە. هینی دەروێشەکانە. حەزم لێی کرد و کڕیم. لە جانتاکەمدایە. خۆ من ناتوانم چ کارێک بەوە بکەم. کاری چیی؟"

قسەکانم ناخۆن. تەورزین – ئامێرە کوژەرەکە – بەپارێزەوە لە جانتاکەم دەردێن. خەڵکەکە تەماشام دەکەن. پیاوەکەی گومرگ دەڵێ ئەوە کۆنە، هی ژێر عەردە، گرانبەهایە، شتێکی کەلەپوورییە.

ئاقڵ!

پسوولەی کڕینەکەیم پێیە. بیکوژی و بیبڕی پێنج هەزار تومەن ناهێنێ. ڕووەکەیان بەوشەی عارەبیی، ڕەنگبێ بەئایەتێک لە قورئان، ڕازاندۆتەوە.

– "دەبێ کاک تووتی بێت و بینرخێنێ."

موکەبەرەیەک کاک توتی بانگ دەکات. یەک دوو کەس پێدەکەنن و کەسێک لەژێر لێوەوە وەک تووتی وشەیەک دووبارە دەکاتەوە. دەستێک باسکم دەگرێت.

– "خانم گیان..."

پیرێژنێکە شتێک دەڵێت. شتێکی گەرەکە، تێی ناگەم، پەلەمە. ئاخر دەبێ مەسەلەی ئامێرە کوژەرەکە یەکلایی بکەمەوە.

دەڵێم: "من ئەو تەورزینەم ناوێت. بۆ ئەنگۆ. وازم لێ بێنن."

چارەنووسم وا بەدەستی کاک تووتییەوە. دەبێ چاوەڕێ بکەم. کوێراییم دایێت.

پیرێژنەکە لەدواوە دەکێشێت بەشانمدا، هەمدیس دەڵێ: "خاتوون گیان، خودایە دەک قەزات لێم کەوێ، درەنگ کەوتووم، دەترسم جێ بمێنم."

پیرێژنێکی لادێییە، گێژ و وێژ و دەستەوەستانە. دەپاڕێتەوە کە پرسنامەی گومرگەکەی بۆ پڕکەمەوە.

دەڵێ: "خانم گیان. چاوم نابینێت. خوێندەوارییەکی ئەوتۆم نییە. کوڕەکانم گوتیان: نەنە، سواربە و وەرە. نەمدەزانی ئەم حەمکە بێنە و بەردەیەی دەوێت. دووجار لە دایرەی پەساپۆرت بووراومەتەوە. شەکەت بووم."



دەڵێم: "ئارام بگرە، ئیشم هەیە، داوای یارمەتیی لە کەسێکی تر بکە."

دەڵێ: "لە کێ؟ کەس کاتی نییە."

گەنجێکی پاک و تەمیز – جوان پۆش و کەشخە – ی پێشان دەدەم.

دەڵێ: "لێم پرسی. لە هەندەران گەورە بووە. نازانێت بنووسێت. دەترسم کوڕەکانی منیش هەر نەخوێندەوار بن. دەترسم فارسییان بیر چووبێتەوە. خودا ڕوحمم پێ بکات."

موکەبەرەکە هەمدیس کاک توتی بانگ دەکاتەوە. پیرێژنەکە واز ناهێنێت. بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. نازانێ بۆ کوێ بڕوات و چ بکات.

دەپرسێت: "خانم گیان. فڕۆکەی سوێد لە کوێوەیە؟"

پاسپۆرتەکەی هەڵدەدەمەوە. قەدی نەشکاوە. یەکەمین سەفەرێتی. ناوی هەنار چنارییە. خێرا پرسنامەکەی بۆ پڕ دەکەمەوە. لەدایک بووی ساڵی هەزار و دوو سەد و نەوەد و شەشە. تەمەنی هەشتا و سێ ساڵە. لەگەڵ منیشدا سەفەر دەکات. هەمان تەیارە. دەچێت بۆ پاریس و لەوێوە بۆ سوێد.

دەڵێت: "دە ساڵە کوڕەکانم نەبینیون. دڵم وەکو سیر و سرکە قوڵپ دەدات. پێم گوتن: خودایە قەزاتان لێم کەوێت، بۆچی دەپەڕنە ئەوپەڕی دونیا؟ (یەزد) ەکەی خۆمان چ عەیبێکی هەیە؟ پێیان داگرت کە ئیلان و بیلان دەبێ بڕۆن. شووە ڕەحمەتییەکەم گوتی:"دێوانەیی گەنجییە و لە کەللەی داون!"

کاک توتی بەدواما دەگەڕێت. کورتە بنە و لاواز، هێندەی مناڵێکی دە ساڵانە. بەڵام کەپوویەکی زل و پیری هەیە و شووشەی چاویلکەکەی هێندەی بنی ژێر پیاڵەیەک ئەستوورە. لە تەورزینەکە ورد دەبێتەوە، قسان ناکات. لەژێر ڕووناکی گڵۆپەکەدا ڕایدەگرێت.

دەڵێ: "ئەم تەورزینە کۆنە."

سەر دەلەقێنم. نەنە هەنار سەرێک دەکێشێت. دەست بەتەورزینەکەدا دێنێت.

دەڵێ: "خانم گیان، مەگەر دیاریی براوو؟ ئەمە هی دەروێشەکانە."

دەڵێم: "کۆن واتە کەی؟"

کاک تووتی پێ چەقێنییەکەمی پێخۆش نییە. کاتی نییە. دەڵێت: "سەرەکەی کۆنە، بەڵام کلکەکەی نوێیە."

بەهەرحاڵ، لەبەر ئەوەی دەتوانرێت بەو ئامێرە سەری فڕۆکەوان و هەموو خزمەتچییەکان و کارمەندانی ئاساییشی فڕۆکەخانە ببڕدرێت و موسافیرەکانی بەبارمتە پێ بگیرێ و فڕۆکەکەش بۆ ئەفەریقا ببردرێت، ئامێرێکی خەتەرناکە.

دەڵێم: "ئەو تەورزینە هەخامەنشییە بۆ خۆتان!"

قایل نابن. دەبێ بگەڕێنرێتەوە. پیرێژنەکە لەپاڵمدا جووڵە ناکات. جەنابی تووتی پەلەیەتی. خەوی دێت. باوێشک دەدات.

تەورزینەکە بەدەستەوە دەگرم. دێمە چەپەری فڕۆکەخانەکە تا تەورزینەکە بدەمە هاوڕێیەک کە بۆ خواحافیزیی لێ کردنم هاتبوو. لەوێ نەماوە. خەڵکیی لەودیو دیوارە شووشەکەوە پێ دەکەنن و دەستم بۆ ڕادەوەشێنن. لەتاو شەرم گرمۆڵە دەبم.

تاقمێکی چل پەنجا کەسیی، پیر و گەنج و جۆرەها مناڵی قەد و نیو قەد، بەچەپکە گوڵی ژاکاوەوە، چاوەڕێی گەیشتنی موسافیرگەلێکن کە لە هیندوستانەوە دێن. هات و بات و قەرەباڵخییەکە نەبێتەوە. مناڵێک قاچ بەپامدا دەنێت. ڕادەکا و بەخۆشحاڵییەوە چەپکە گوڵە ژاکاوەکەی ڕادەوەشێنێت.

تەورزینەکە دەدەمە حەماڵێک بۆ خۆی کە لەپاڵ دەرگاکەدا ڕاوەستا وە. بەهەناسەبڕکێ و تووڕەییەوە دەگەڕێمەوە و دەبینم خاتوونی پیر، گێژ و وێژ و شپرزە، لە جێگەکەی خۆیدا ڕاوەستا وە و لەدەوروبەری خۆی دەنۆڕێ. ڕێگەکە بەڵەد نییە. کە چاوی بەمن دەکەوێت، شاگەشکە دەبێت. دەستیم بۆ ڕادەوەشێنێت. خۆیم دەگەیەنێتێ.

دەڵێت: "خانم گیان، ئەوە لە کوێ بوویت؟ لەدڵی خۆدا گوتم ڕۆیشتووە و بۆ خۆم جێماوم!"

بە دوامدا دێت. جانتا دەستییەکەی قورسە و هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە. ئارەقە بەسەر و ڕوخساریدا دێتە خوارەوە. دەسەسرێکی زل لەگیرفانی سەدرییەکەی دەردێنێ و ڕوخساری پێ پاک دەکاتەوە. دەسەسرێکی هێندەی نیو ڕوو مێز.

دەڵێت: "سوهەیلا خانم لە گوندەکەی ئێمە مامۆستایە. ناوی هەموو شارەکانی دونیا بەلەدە. پێی گوتم: نەنە هەناریی، سوێد هاوینەکەشی سەهۆڵ بەندانە. سەد و پەنجا دەرەجە ژێر سفرە. گا و مەڕ هەر بەپێوە دەیانبەستێت. دەی منیش لەترسا، هەرچی جلکی خورییم هەبوو، کردمنە بەرم، وا ئێستا خەریکم لە تاو گەرما لەهۆش خۆم دەچم."



فڕۆکەکە سەعاتێک دوادەکەوێت. ڕەنگیشە دوو سەعات. مەعلوم نییە. خواحافیزیکەران، بەتاقەت و حەوسەڵەیەکی خەمینەوە، لەودیو دیوارە شووشەییەکەوە وەستاون. ئەوانەی ئەمدیو تەماشای ئەوانەی ئەودیو دەکەن. دەنگیان ناگاتە گوێی یەکتر.

وادە و ساتی فڕین پێش وەخت دیاری کراوە. بەڵام بەو جۆرە نابرێت بەڕێوە. ئەوە بەهەزار ڕەنگە و گومان و دڵەڕاوکێوە ڕایەڵە. خایلەگەلی ڕەش ڕەش لەنێو سەرمدا دەخوولێنەوە. بلێیی سەفەرم لێ قەدەغە نەکرابێت؟ ڕەنگە ئیتر ئەوانە نەبینمەوە کە خۆشم دەوێن. ڕەنگە لێرە نەبم و تا دێمەوە فلان و فلان و فیسار مردبن. کۆتایی ئەو (ڕەنگە) یە بەوشەی (هەرگیز) ەوە لکاوە و (هەرگیز) یش وشەیەکی تاڵ و تاریکە کە تازەکیی وەک ئیدراکی لالی مەرگ، دزەی کردۆتە زەینمەوە و لەودیوەوە لەچاوەڕوانیی وەدیارکەوتنا خۆی لەبۆسە ناوە.

هەنار خاتوونی چناریی، بێدەنگ و کڕ، وەک سێبەر بەدوامەوەیە. لێکدا لێکدا قسان دەکات. دڵەڕاوکێ لە ڕوانینی شپرزە و دەستە لەرزۆکەکانییەوە دەڕژێت.

دەڵێت: "خۆش بەحاڵی ئەو کەسانەی مناڵی گوێ ڕایەڵیان هەیە. کوڕەکانی من هەر لەمناڵییەوە بزێو بوون. نائارام و بێ ئۆقرە. ڕقیان لە خەڵکی گوند بوو. دەیانویست بڕۆن بۆ شار. دەیانویست بۆ تاران بڕۆن. بۆ جێگایەکی تر بڕۆن. بۆ کوێ؟ خۆشیان نەیاندەزانی. ئێمە کە گەنج بووین لەیەک جێگا زیاترمان نەدەناسی. یەزد بەلامانەوە ئەووەڵ و ئاخیری دونیا بوو."

ئەووەڵ و ئاخیری دونیا.

دەڵێم: "نەنە خانم، خۆش بەحاڵت کە جێگای خۆتت دۆزیوەتەوە."

خەیاڵی لای مناڵەکانێتی. بیری چۆتەوە لە کوێیە و چ ڕێگەیەکی درێژی لەپێشە. چاوانی پڕن لەخەون. خەونی یەزدێک کە لەودیو خۆیەوە جێی هێشتووە و خەونی شارێک کە لەچاوەڕوانیدایە.

دەڵێت: "نامەم بۆ کوڕەکانم نووسی. هەڵبەت من خۆم خوێنەواریم نییە. من دەمگوت و سوهەیلا خانم بۆی دەنووسیم. لێم پرسین: ئێوە کە لەوێن، لەوپەڕی دونیان، ئەرێ لەوێ باش و سلامەتن؟ وەڵامیان دامەوە، نەنە، ئێمە لێرە بێ کەس و کارین. ئێسکەکانمان لەحەژمەت سەرما بۆتە سەهۆڵ. هەندێ شەو هۆن هۆن دەگرین. ئەلعان دەمانەوێ بچین بۆ ئەمەریکا. سوهەیلا خانم گوتی ئەمەریکا شەیتانە. مێردەکەم مرد و زیندوو بۆوە. گوتی

تەواو... کوڕەکانم دەربەدەر بوون. پێیان لە عەرد هەڵکەندرا. بۆ هەرکوێ بڕۆن غەریبن."

دەڵێم: "پەلەکە. دەبێ جانتا دەستییەکەتیان پێشان بدەیت."

نەنە هەناری چناربی دوو دانە جانتای دەستیی پێیە. یەکەمیان دەکاتەوە پڕە لە خرتکە و پرتکە: چەند پاکەت شیرینی، دوو سێ پارچە قوماشی چنراوی یەزدیی، چەند قاپێکی باغە و دوو جووت پێڵاوی پیاوانە، دیاریی بۆ کوڕەکان. جانتا دەستییەکەی تریش پڕە لە هەنار و باینجان.

دەڵێت: "ئەوە هەناری باخەکەی خۆمانە."

کارەکانمان جێ بەجێ دەبێت. لێرەش تێدەپەڕین. جانتاکانمان هەڵدەگرین و دەڕۆین. هەنار خانم لەدوامەوە دێت. بلیتەکەی ئەو و بلیتەکەی خۆم پێشان دەدەم. جێگاکانمان دیاری دەکرێت. دەچینە نهۆمی سەرەوە. پاسپۆرتەکەم ئامادە و بەدەستمەوە دەیگرم. دڵم بەبێ چ پاساوێک، ڕەنگە بووبێتە خوو، لەسەر خۆی نییە، چاوەڕێی ڕووداوێکی ناخۆشم. دڵم تەپە تەپی پێکەوتووە. دەترسم لە شتێکم کەم بێ، دەترسم لە شتێکم زیادبێ، دەترسم مۆرێک لە پەساپۆرتەکەم نەدرابێت، دەترسم نیشانەیەکی تایبەتی ببێتە هۆی ئەوەی ڕێگەم نەدرێ بڕۆم. چۆن؟ نازانم. هەموو شتێک بۆی هەیە. ئەوە پرسیار و دڵەڕاوکێیەکی گشتییە.

بەخێر تێ دەپەڕێت.

پشکنینی لەش وەک ئەوسا نییە. هاسانتر بووە. نەنە هەناری چناربی هەقەیە. هەر کە دەست بەر لەشی دەکەوێت، قاقا پێدەکەنێ و وەختە لە پێکەنینا ببوورێتەوە. دوو تاک بازنگی ئاڵتوونی لە دەستدان، جگە لە ئەنگوستیلەیەکی یاقیقی. بەترسەوە لەملاولای خۆی، لە دوور، لە من دەنۆڕێ. جووتێک گوارەی یاقووتی، کە بەهایەکی ئەوتۆی نییە، لەگیرفانەکانیدا شاردۆتەوە. دەترسێ پێوە ببێ و بەتۆمەتی قاچاخچێتیی زێڕ و زیو دەسگیر کرێ. دەسگیر دەکرێ. هەڵدەلەرزێت.

دەڵێت: "ئەم گوارانە بۆ بووکەکەم دەبەم. سوهەیلا خانم پێی داوم. کوێر بم ئەگەر درۆ بکەم. بووکەکەم فەرەنگییە. بۆتە موسوڵمان، نوێژ دەکات! "وا دەڵێ و دەپاڕێتەوە.

کاریان بەسەرییەوە نییە، دەتوانێت بڕوات. گوارەکانی دەدەنەوە.

دەڵێت: "کوڕە گەورەکەم ژنی فەرەنگیی هێناوە، لەگوندێکی سوێد هێناوێتی. پێم



گوت: نەنە، بگەڕێوە و وەرەوە شارەکەی خۆت، کچانی یەزدیی هەر دەڵێی هەتاون. خۆ ئێمە زوبانی سوێدی بەڵەد نین. ئەدی چۆن بەزوبانەکەی تۆ بدوێین؟"

دەگەینە هۆڵی چاوەڕوانیی. نەنە هەناری چناربی لەپاڵ مندا لەسەر کورسییەک دادەنیشێت. وەنەوز دەیباتەوە. شت گەلێک لەژێر لێوەوە دەڵێت. سەری کەوتووە بەسەر سینگیدا و قاچەکانی لێ بڵاو کردوونەتەوە. وەک بڵێی خەون بەکوڕەکانییەوە ببینێ، خەون بەکوڕە بزێوەکانییەوە کە لەسەر زەمینە سەهۆڵ بەندانەکاندا بەدوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن. دادەنەوێتەوە و لەسەر کورسییەکەی بەدەمدا دەکەوێتە خوارەوە. لەجێگەکەم ڕادەپەڕم. موسافیرەکەی لایەوە، ئەویش بۆ یارمەتیدانی وەخۆ دەکەوێ. بەرزی دەکەینەوە. گێژ و وێژە. نازانێ لە کوێیە. مناڵێک بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ و ژنێکیش بەقەهرەوە سەری ڕادەوەشێنێ.

– "خانم گیان!" دەنگی خەمینە. لەچکەکەی ڕێک دەکەمەوە. خۆی گرد و کۆ دەکاتەوە. ملی هەڵدەبڕێ، هەوڵ دەدا پێ بکەنێ یان لانی کەم زەردەخەنە بیگرێت. دەیەوێت قەڵافەتی ڕێک پێشان بدات، بەڵام چاوانی پڕن لە خەون و شەکەتیی و جەستە پیرەکەی بەلێواری بەربوونەوەوەیە.

موسافیرەکان بانگ دەکرێن. دەبێ ئیدی سەرکەوین. ڕیزێکی خوار و خێچ و درێژ چوونە دەرەوەی زەحمەت کردووە. نەنە هەناری پەلەی چوونە دەرەوەیەتی و خۆی دەکات بەناو موسافیرەکانا. لەبەر پێپلیکانەی فڕۆکەکەدا، حەپەساو و هەراسان، ڕادەوەستێ و زەق زەق لە باڵە گەورەکانی تەیارەکە دەنۆڕێت. جانتا دەستییەکەی قورسە. بۆی هەڵناگیرێت. دوو پێپلیکانە سەردەکەوێ و ڕادەوەستێت. ڕێگەکەی گرتووە. کارمەندانی عەردیی تەیارەکە بۆ یارمەتیدانی دێن. دەچنە ژێر باڵی و پێپلیکانە بەپێپلیکانە سەری دەخەن.

جێگەکەی لەلای منەوەیە. خەنی دەبێت. دادەنیشێ و بەزۆر و بەزەحمەت جێگەی جانتا دەستییەکەی لەژێر پایدا دەکاتەوە.

دەڵێت: "ئۆه کوڕینە، ئامان لە دەستی ئێوە. خۆزیا خۆشەویستیتان لەدڵمدا نەدەما و ئە ئاوها سەرگەردان نەدەبووم."

پێڵاوەکانی دادەکەنێت. ئاخ و ئۆفی پێدەکەوێت. گۆرەوی ڕەشی ئەستووری لە پادایە. گەرمایەتی. ڕوخساری شەڵاڵە لە ئارەقە.

دەڵێت: "سوپاس بۆ خودا کە جێگاکەم لای ئێوە وەیە. سوهەیلا خانم پێی گوتم: نەنە

هەناریی، ئەگەر بەختت هەبێت، ئەوا لەپاڵ کەسێکدا دادەنیشیت کە هەر وەک کەنیشکی خۆت وا دەبێت. حەیفێک من کەنیشکم نەبوو. ئاخر کەنیشک بۆ دایک وەک پا وایە. مەحاڵ بوو لێگەڕابایە بۆ سوێد هاتبام. ئەی ئێوە چۆن؟ منداڵتان هەیە؟"

وەردەچەرخێم و پشتی تێ دەکەم و چاوم ڕۆ دەبەمە نێو باڵشتەکەوە. دەمەوێ بنووم. بازۆڵە نەرم و گۆشتنەکانی نەنە هەناریی گوشارێکی خۆش دەخەنە سەر شانم. جەستە گەرم و شەکەتەکەی لەسەر کورسییەکە بڵاو دەبێتەوە و نیوەی جێگەکەی منیش دەگرێت. قووڵایی هەناسەی بۆنی برسێتیی لێ دێت، بەڵام بۆنی جەستەی خۆشە. چمکی بەتانییەکە دەدەم بەسەر چاومدا و ئیدی لەو خەونە دەنۆڕم کە لەودیو پێڵووەکانمەوە خۆی ناوەتەوە.

دەپرسێت: "خانم گیان، ئەرێ تۆیش بۆ سوێد دەچیت؟"

سەر دەلەقێنم.

دەڵێت: "دەترسم جێ بمێنم."

وەڵام نادەمەوە.

– "خانم گیان، هەر کاتێ گەیشتینە سوێد خەبەرم کەرەوە."

دەڵێم: "بنوو، نەنە هەناریی بنوو."

خاتوونی میواندارى فڕۆکەکە قایشی موسافیرەکان بەسەر دەکاتەوە. قایشەکەی من بەستراوە. نەنە هەناریی شارەزای ڕێوڕەسمی سەفەرکردن بەتەیارە نییە. گێژ بووە. خۆی ڕادەپسکێنێ. ئانیشکی بەتوندی بەر لاکەلەکەم دەکەوێت.

دەڵێت: "خانم گیان، ئاخر من زوبانی بێگانە بەڵەد نیم."

خاتوونی میواندار دەیەوێت قایشەکەی بۆ بەستێت. سەری قایشەکە لەژێر نەنە هەناریی دایە و دەرنایەت. دەستم بەزۆر و بەزەحمەت، ڕۆ دەبەمە ژێر جەستە گەرم و شەکەتەکەیەوە. ختووکەی دێت و خەریکە لەتاو پێکەنین بەپشتا بکەوێت."

دەڵێم: "بەیارمەتی، خۆت بەرزکەوە." ئەوسا سەری قایشەکە لەنێو پەنجەکانمدا دەگرم، ڕایدەکێشم، دەرنایەت. توندتر ڕایدەکێشم، سوودی نییە. ئەستوور و قورسە. نەنە هەنارییش لەسەر قایشەکە و لەسەر دەستی من دانیشتووە و لە خەیاڵی ئەوەدا نییە بجووڵێت. میواندارى فڕۆکەکە بۆ یارمەتیی دێ و دەستی لەلایەکی ترەوە بۆ ژێر نەنە هەناریی ڕۆ دەبات. نەنە هەناریی هەر زۆر حەقەیە. لەبەر پێکەنین هەڵدەبەزێتەوە. خۆی



ڕادەپسکێنێ. لایەکی دەکەوێتە سەر من و ئیدی سەری قایشەکەی لەژێردا دەردێت.

دەڵێت: "وای خانم مردم. گۆشتی جەستەم بووە ئاو. چەند پێکەنیم. خۆزگە کوڕەکانم دەیانبینیم." وا دەڵێ و هەمدیس لەتاو پێکەنین خەریکە ببوورێتەوە. دەستم دەگرێ و لەنێو دەستە زبر و گەرمەکانیدا دەیگوشێت.

نەنە هەناریی میهرەبان و نوورانییە و و چاوانی گرد و ڕەشی دەدرەوشێنەوە. هەمدیس دەڵێ: "خانم گیان، هەر کاتێ گەیشتینە سوێد خەبەرم کەرەوە. دەترسم جێ بمێنم."

بۆی ڕوون دەکەمەوە کە تەیارە وەک پاس نییە. لە دە جێگا ڕاناوەستێت. لە فڕۆکەخانەی تاران هەڵدەسێ و لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل دەنیشێتەوە. دەبێ بونیادەم دابەزێ و فڕۆکەکەی بگۆڕێت.

گێژتر دەبێت. بەحەپەساوی تەماشام دەکات و سەر لەقسەکانم دەرناکات. سوێد تەنها جێگایەکە کە بیستوویەتی و فێری ناوەکەی بووە.

دەڵێ: "خانم گیان، سێ ڕۆژە بەڕێگەوەم. لە یەزدەوە بەپاس هاتم بۆ تاران، پاسەکەمان لە ڕێگە خەراپ بوو، تایەکەی تەقی. لە ڕێ لایدا و خۆی دا لە پیرەمێردێکی چێوار. پیرەمێردی داماو عومری بەخشی بەئەنگۆ. خۆلاسە، سەرت نەیەشێنم، شەو لە ڕێ نووستین. تا بەیانی کێچ و مێشوولە خواردمیان. بەهیلاک چووم. وا هات بەخەیاڵمدا لەڕێگە دەمرم. ئاخر من هەزار دەرد و نەخۆشیم هەن. عومرم هەشتا بەرەو ژووره. بەڵام مەحەبەتی بینینی ئەو دوو تولفەم هێزم دەداتێ. ئەم جانتایەی کە دەیبینی پڕە لە باینجان و هەنار. چەند شووشەیەک ڕوبە هەناریشم هێناوە. وای چ ڕوبە هەنارێکە. هی گوندەکەی خۆمانە. ئاخر هەر لەبەر ئەوەیە پێم دەڵێن نەنە هەناریی." وا دەڵێ و قاقا پێدەکەنێ. دەست دەکێشێ و دوو دانە هەناری سوور و گەورە لە جانتا دەستییەکەیدا دەردێنێ.

– "فەرموو... بیخۆ."

سەر دەلەقێنم. هەنارەکە دەگوشێت. چاوم ڕاما و لە توێکڵی ناسکی هەنارەکەیە کە وەک میزەڵانێکی تەنکی لێهاتووە و ئیتر لەوەدایە بتەقێ.

دەڵێم: "نا، نا، نامەوێت. مەیگوشە!" وا دەڵێم و خۆم دەکشێنمەوە. سەدرییەکەم سپییە.

دەڵێت: "خانم گیان مەترسە. ئەم هەنارە لەو هەنارە ئاساییانەی تر نییە. هەناری

مەحەبەتە." وا دەڵێ و بەپەنجە بەهێزەکانی هەنارەکە دەگوشێ.

دەڵێت: "من لەژێر دارهەناردا گەورە بووم. باوک و دایکم نەبوون. لەبری شیری دایک، ئاوی هەناریان داوە پێم. پەلکی درەختەکەم ڕادەکێشایە خوارەوە، ئاوی هەنارم دەمژی. وام زەند دەکرد هەنارەکە مەمکی دایەمە. خەڵکی گوتیان: هۆو هەنارۆک، ئەم درەختە دایکی تۆیە. درەختی مەحەبەتە. لەپاڵ ئەو دارهەنارەدا، دارچنارێکیش هەبوو. گوتیان: ئەمەش باوەتە. ئیتر بۆ خۆم بوومە خاوەنی باوە و دایە. چووین ناسنامە دەربێنین. یارۆ گوتی: ناوت چییە. گوتم هەنارۆک. گوتی: ئەدی ناوی بابت چیە؟ گوتم: چنارۆک. گوتی: بڕۆ لەبەر چاوما مەمێنە، مەگەر تۆ لە درەخت بەربوویتەتەوە؟ گوتم: بەڵێ."

نەنە هەناریی دەنگێکی بەسۆزی هەیە و چاوانی پێدەکەنن. خڕتۆڵە و کورتەبنە و چکۆڵەیە و پێی ناگاتە عەردی تەیارەکە. ڕوخساریشی بەگوپە سوور و لێوە ئاودارەکانییەوە هەر دەڵێی هەنارە سوورەیە. پیرێژنێکی بەکەیف و نازەنینە. هەمیشە خۆی ڕادەپسکێنێ و پێ و پلە چکۆڵە و قەڵەوەکانی تەکان دەدات.

خەوم لێ زڕاوە.

سەعاتێک بەسەر هەستانی تەیارەکەدا تێ دەپەڕێت. بەرچاییمان بۆ دێنن. نەنە هەناریی برسییەتی و هەر لەڕێوە نان و مەراباکە هەڵ دەلووشێت.

دەپرسێت: "خانم گیان، ئەرێ ئەوە برسیت نییە؟ بۆچی ناخۆیت؟"

وا دەڵێ و ئەوسا بەئیجازەی من، بەرماوەی بەرچاییەکەی منیش دەخاتە بەردەمی خۆی و ئەویش دەخوات.

دەپرسێت: "تۆیش مناڵت هەن؟"

سەرم بەنیشانەی ئەرێ ڕادەوەشێنم.

دەپرسێت: "مناڵەکان لای خۆتانن؟"

– "بەڵێ."

– "خۆش بەحاڵتان. چ ئیقبالتان بەرزە. مناڵ واتە شیرەی عومری ئینسان. من دوانزە ساڵە کوڕەکانی خۆم نەبینیون. ئاخر کەنگێ بەئەقڵە نوقوستانەکەمدا دەچوو کە مناڵەکانی من، مناڵەکانی نەنە هەناریی، سەر لە فەرەنگستان بێننە دەرێ؟ کوڕە گەورە نامەی هەنارد. نووسی: نەنە من نوێژ دەکەم و لە ڕێگەی وەتەندا دەجەنگم. پرسیم : نەنە، لەگەڵ



کێدا دەجەنگێت؟ نووسی: لەگەڵ دوژمنانی دین و وەتەن. کوڕە چکۆڵ ئەهلی ئەو قسانە نییە. ساڵی جارێک نامە دەنێرێ و قسەی خۆش دەنووسێت. دەنووسێ: نەنە، وەرە پێکەوە دەچین بۆ کافە و دەڕەقسین. سەگبابە درۆ دەکا. بەڵام هەر بەو درۆیانەیە کە خۆی لە دڵی ئینسانا دەکاتە شەکر. ئەویتریان هەموو خەیاڵی لای جەنگە. هەر دەیەوێ سەری عالەم ببڕێت. گوتم: "هەتیو مەگەر تۆ قەسابیت، پیاو کوژیت؟" گوتی: "ڕۆژێک ئاخریەکەی سەرهەنگ زەمانیی دەکوژم." شووە نەگبەتەکەم بەسەریدا کێشا، گوتی: هەی وڵاخ، سەرهەنگ زەمانی موسوڵمانە. ژن و مناڵی هەن، گوناهت دەگات. پێی داگرت، گوتی: فلانیش دەکوژم. درۆ دەکا. درۆی شاخدار. دوو جار ژنی فەرەنگیی هێناوە. ژنی یەکەمیانی دەتگوت پشیلەیە. یەک پارچە ئێسقان بوو. شووەکەم کە ڕەسمەکەی بینی تفێکی لێ کرد، ڕەسمەکەی دڕاند و خستییە ئاودەسخانەکەوە. ئەوجا ڕەسمی کوڕە چکۆڵە هات، قژی مێش کردبوو، کەنیشکێک بوو بۆ خۆی. نووسیبووی: نەنە، من سازی فەرەنگیی دەژەنم و لە زەماوەندەکانا گۆرانی دەبێژم. شووەکەم گوتی: ئەرەوەڵا حەیامان چوو. برۆی کردووە، سپیاوی کردووە، ئەمە ئیتر کوڕی من نییە. تەعزیەی دانا. گوتی: ئیتر کوڕەکانم مردن. هێند ناڵاندی تا هەر بەڕاستیی مرد. منیش گوتم ئیتر بەبێ مێرد و مناڵ ژیان دۆزەخە. چووم لەژێر دارهەنارەکەدا لێی ڕاکشام. ئارامم گرت تا ئیزراییل بێت و گیانم بکێشێت. کوتوپڕ گوێم لێ بوو وا خەڵکی گوند بانگم دەکەن. پۆستە چییەکە بوو. هێشتا زەنگی پاسکیلەکەیم لەگوێدایە. منالێنی گوند لەسەر حەسارێک دانیشتبوون و چەپڵەیان لێ دەدا. کوێخاش هاتبوو. کابرای پۆستە چیی گوتی: هۆو نەنە هەناریی، ئەوە چییە دانیشتوویت؟ وەرە لە فەرەنگستانەوە نامەت بۆ هاتووە. کوێخا نامەکەی وەرگرت. زەرف و پوولەکەی بۆ خۆی برد. گوتی ئەمە مەدرەکە و دەبێ ئەرشیف بکرێت. نامەکە لە کوڕە چکۆڵەوە بوو. نووسیبووی: دایە، هەستە و وەرە. وا خەریکە سوێم بۆت دەبێتەوە. دەترسم تۆیش بمریت. گەر بتبینمەوە، ئەوا سەد ساڵ گەنج دەبمەوە. منیش لەجێگەکەم هەستام. گوتم، نەنە، خوایە قەزات لە گیانم کەوێت، گەرچی شێوەی ژنیشت لێ نیشتووە، هەر چییەک بیت جەرگمیت. پرسیم: ئەرێ سوێد کەوتۆتە کوێوە؟ لە گوندەکەی خۆماندا کەس نەیدەزانی سوێد کوێوە کەوتووە. کوێخا گوتی مەڕۆ. لە ڕێگە دەمریت. گوتم دەڕۆم. بەپێی پیادەش بێت خۆم دەگەیەمە سوێد. خەڵکیی گوتیان دەبێ حەوت زەریا ببڕیت. گوتم دەیبڕم. خودام لەگەڵە. مناڵەکانم چاوەڕێمن. کوڕە گەورە تووڕە و تڕۆیە. بەیانی تا ئێوارە دەڵێ دەبێ تۆڵە بسەنرێتەوە. سەری بۆنی قاورمە سەبزی لێ دێت.

لەزەمانی شادا، دوو جار خرایە زیندان و بەردرا، کەچی هەر ئاقڵ نەبوو. هەمدیس گوتی: دەبێ هەموویان لەدار بدرێن. دەبێ تۆڵە بسەنرێتەوە. گوتم نەنە، ئاخر هەموو بەندەی خودان. گوتی: نەخێر. ئەم قسانە کفرن. تەنها ئێمە بەندەی خوداین، ئەوانی تر هەمووی دوژمنی دین و وەتەنن. ڕۆژێکیان، چەند پاسدارێک هاتن بۆ گوند، بەدوای کوڕەکەما دەگەڕان، کوڕەش چوو لەژێرزەمینەکەی ماڵی سەرهەنگ زەمانیی خۆی شاردەوە. چل ڕۆژ لەوێ مایەوە. سەرهەنگ زەمانیی نان و ئاوی پێ دەدا. تا ئاخرییەکەی، دایە شاخ و بۆ خۆی ئاوارە بوو. سێ ساڵ لێی بێ خەبەر بووین. وامان زانی مردووە. سێ ساڵ تازییە باری بووین. بەهەموو کەسێکمان گوت شەهید بووە. خەڵکی دەهاتن و پیرۆزبایی و سەرەخۆشییان لێ دەکردین. فەرشی ژێر خۆیشمان فرۆشت و دامانە مزگەوت تا زەماوەندی بۆ بگێڕن. ڕۆژێکیان، شوکور بۆ خودا، خەبەر هات کە لە سوێدە. یەکەم جار وامانزانی سوێد شوێنێکە لە ئێران، لە گوندەکانی باکور. پاشان تێگەیشتین لەوپەڕی دونیایە. ئەوسا کوڕە گچکەش کێچ کەوتە کەوڵی. کەوتم بەسەر دەست و پێیدا و گوتم، قەزاکەت لێم کەوێت، تۆ مەڕۆ. سوودی نەبوو. گوتی منیش دەمەوێ بۆ جێگایەکی تر بچم، بۆ شارێکی تر. ئاخر گەنج بونیادەمێکی کەرە و دەبێ قسە هەر قسەی خۆی بێت. کەوتە ڕێ و ڕۆیشت. چەند ساڵ لە تورکیا دەربەدەر بوو تا خاڵە گەورە ئیشی بۆ کرد. سەرم ئێشاندن. نەمهێشت بنوون. ویستم ببینن کە مناڵ چ بەسەر بونیادەمدا دێنێ. ئەوە دە ساڵە لە خەوو بێداریدا لەگەڵ ئەو کوڕانەمدا قسان دەکەم. دەترسام بخڵەفێم و ئەوانم بیر بچنەوە. شووەکەم دەیگوت: بیرچوونەوە بەرەکەتە، ڕەحمەتە، خۆزیا عیشقی ئەو کوڕانە لەسەرمان دەچووەدەر. خۆزیا سەرمان دەنایە سەر عەرد و دەمردین. من سوێندم خوارد تا مناڵەکانم نەبینم سەر نەنێمە سەر عەرد. کە نوێژم دەکرد بەرز بەرز ناوی کوڕەکانم دەهێنایە سەر زوبان. ئەوەندەم ناو هێنان تا ئیدی دەنگم بەگوێچکەیان گەییشت. بلیتیان بۆ ناردم. لە یەزدەوە هاتم بۆ تاران، چوومە ماڵی کاک موهەندیسی برای سوهەیلا خانم. کاک موهەندیس یارمەتی دام و تا فڕۆکەخانەی هێنام. گوتیان لە سوێد باینجان نییە. منیش چەند کیلۆیەکم لەگەڵ خۆمدا هێنا. خۆزگە تۆیش دەهاتیت بۆ سوێد. هەر ئەمشەو دەمەوێ چێشتێکی باینجان لێنێم. دوای ئەوەش چێشتی فیسینجان. هەر شەوەی چێشتێکی ئێرانیی بۆ ئە و کوڕە نامیهرەبانانەم لێ دەنێم تا هەوای یەزد بداتەوە لە کەللەیان. ئەدی سوێد کام جەهەنەمی خودایە؟ سوهەیلا خانم گوتی لەوێ ئاو لە دەمدا دەیبەستێت. فرمێسک لەچاودا وەک وردە شووشەی لێ دێت. بونیادەم لەجێگای خۆیدا کوێر دەبێت.



گوتم خودایە، نەکا کوڕەکانی منیش کوێر بووبێتن؟ خودا دەزانێ ئەو ماوەیە چییان خواردووە. شووەکەم دەیگوت ئەوانە گۆشتی بەراز دەخۆن، هەر بۆیە شێوەی ژنیان وەرگرتووە. کوڕە گەورەکەم مل قەوییە، بڕۆی نەکردووە، بەڵام مۆنی کردووە و دەیەوێ تۆڵە لەم و لەو بکاتەوە، چاوانی لێکتر نێزیک بوونەتەوە. هەر کە گەیشتم کوڕە گچکە لەباوەش دەگرم، بەسینگمەوە دەیگوشم، شەو لەلایەوە لەسەر دۆشەکڵەکەی دەنووم و سەرم دەخەمە سەر پێی. کە مناڵ بوو بەپای پەتیی ڕێی دەکرد. قاچ و قوولی بۆنی گژ و گیای لێ دەهات. هەمیشە تەواوی جەستەی دڕک بوو. ئەلعانیش دەست و پای بەسابوونی فەرەنگیی دەشوات و بۆنی خەڵکانی غەریبەی لێ دێت. کوڕە گەورەکەم کە لەدایک بوو، بۆنی ئینسانی باڵقی لێ دەهات. بۆنی ئارەقەی جەستەی خەڵکانی بۆگەن. شووەکەم گوتی ئەم مناڵە شەڕە، بەبۆنەکەیدا دیارە. گوتم پیاوەکە، ئەوە حیکمەتی خودایە. خۆ نابێ هەموو مناڵێک بۆنی خۆش بێت. هەر کەسێک بۆنێکی تایبەتی خۆی هەیە. سەگ و پشیلە بۆنیان ناخۆشە، بەڵام دڵیان پاکە. مریشک بۆنی ناخۆشە، بەڵام بێ زوبان و پاقژە. شووەکەم گوتی ئەم کوڕەمان مێشکی بۆگەنی کردووە. ئەم بۆنە لە کەللەی سەرییەوە دێت، بۆنی پای نییە. چ بڵێم. بۆنەکەی لە کەپووی منا لە بۆنی گوڵاو دەچوو. باشە، ئاخر من عاشقم. بەدەست خۆم نییە. بەمەجنونیان دەگوت: مەجنوون، لەیلا لە چەقەڵ دەچێت، کەچی ئەو دەیگوت: خودایە قەزام لە شێوە چەقەڵییەکەی کەوێت. عاشق ئاوهاییە. کوڕە گچکە بەزەوقە. سازی فەرەنگیم بۆ دەژەنێ و منیش بۆی دەڕەقسم. نووسیویەتی نەنە، دەست و چێشتی تۆ بەلەزەتە. وەرە لێرە یەک مەتعەمی ئێرانیی دەکەینەوە. بۆ خۆمان دەوڵەمەند دەبین، مەتعەمەکە ناو دەنێین مەتعەمی (نەنە هەنار و کوڕەکانی.)"

هەوا خەراپە و تەیارەکە خوار و ژوورییەتی. نەنە هەنار خوار و ژوورکردنی تەیارەکەی پێ خۆشە. دەست دەدا بەیەکدا و پێ کوڵەکانی تەکان دەدات.

ئەرێ ئەم ژنە نازانێت کە ئێمە لەنێوان عەرد و ئاسمانداین؟ نازانێ ئەگەر تەیارەکە بکەوێتە خوارەوە دەبینە هەزار پارچەوە؟ ئەدی نازانێ ژیانمان بەتاڵە موویەکەوە بەندە؟

دەپرسێت: "خانم گیان، بۆ دەفعی حاجەت، بونیادەم دەبێ بچێ بۆ کوێ؟"

وەڵامی نادەمەوە. جەستەم شل بووە و دڵە کوتێم پێ کەوتووە. زەمەن بۆتە لەحزەیەکی درێژ و پا و پلم، بەشپرزەییەکی بەسوێوە، بەدوای عەرددا دەگەڕێت، عەردێکی سفت و تۆکمە.

نەنە هەناریی تەنگاوە. قایشەکەی دەکاتەوە و نیوە هەستانێک هەڵدەستێت. میواندارە فەرەنساییەکە ئاماژەی بۆ دەکات دانیشێت. نەنە هەناریی ڕانە قەڵەوەکانی لەیەکتر دەخشێنێت.

دەڵێم: "دانیشە، ئارام بگرە، دەکەویت!"

گوێ ناگرێت. پەلەیەتی. دەکەوێتە ڕێ و پێڵاوەکانی لەژێر کورسییەکەدایە. لەتر دەدات.

موسافیرێک لەدواوە دەگاتە فریای. کوڕێکی جحێڵ و بەحەوسەڵەیە. ژێر باسکی دەگرێ و ڕانومایی دەکات. فڕۆکەکە دەکەوێتە چاڵێکی هەواییەوە و ژنێک دەزریکێنێت. نەنە هەناریی بەدەستێک خۆی هەڵواسیوە بەموسافیری جحێڵدا و بەدەستەکەی تریشی سەر و ملی موسافیرێکی دانیشتوو دەگرێت. پێدەکەنێت. میواندارە فەرەنساییەکە بەدەست موسافیرە ئێرانییەکانەوە بۆڕۆ بووە. بەنائومێدیی سەر با دەدا و دەست لە ناڕەزایی دەربڕین هەڵ دەگرێت.

پێڵووەکانم دەکەونە سەر یەکتر. کوڕەکانی نەنە هەناریی لەقووڵایی چاوانمدا پێچ دەخۆن. سەرمایانە. هەڵدەلەرزن.

دەپرسم: "کوڕینە، ئێرە هەمان ئەو شوێنەیە کە لە دووی دەگەڕان؟" وەڵام نادەنەوە. بەفر لەسەر قژە ڕەشەکانیان نیشتووە. دەیانەوێت سەفەر بۆ شارێکی تر بکەن، شارێک لەودیو کێو و زەریاکانەوە. شارێکی گەرم و ئاشنا. دەڵێم: "منیش دێم، ئارام بگرن وا دێم." قیتارەکە دەتووتێنێت. موسافیرەکان خۆیان بەدەرگا و پەنجەرەکانیدا هەڵواسیوە. نەنە هەناریشیان لەناودایە. دەپرسێت: "ئەرێ ئەنگۆ بۆ کوێ دەڕۆن؟" کەس نازانێت.

داچوونی ناکاوی فڕۆکەکە خەبەرم دەکاتەوە. دەنگی نەنە هەناریی لە دوورەوە دەگاتە گوێم. بەمست بەدەرگای ئاودەستەکەدا دەکوتێت.

– "خانم گیان، فریام کەوە!"

میواندارەکە شەکەت و تووڕەیە. لەجێگەی خۆی ناجووڵێت. یەکێک لە موسافیرەکان هەڵدەستێ و دەرگاکە بۆ نەنە هەناریی دەکاتەوە. دەست و دەم و چاوی شتووە و ئاو لە داوێنی سەرپۆشەکەیەوە دەچۆڕێت.

دەڵێت: "وەی چ جێگایەکی تەسک و تروسک بوو، خودا نەسیبی کەسی نەکات، زۆر



ببوورە لەم چاو قایمییەم، بەڵام بەخودا ئاودەست هەر ئاودەستی لای خۆمانە."

وردە وردە هەڵبەز و دابەزەکانی تەیارەکە کەم دەبێتەوە. هەناسەم وەبەر دێتەوە. بەڵام جەستەم سست بووە و هێز لە دەستەکانمدا نەماوە. پەتۆکە بەسەر ڕوخسارما دەدەمەوە و تا نیشتنەوەی تەیارەکە پێڵووەکانم ناکەمەوە.

تایەی فڕۆکەکە توند دەکەوێتە سەر عەرد و نەنە هەناریی لە جێگەکەی ڕادەپەڕێت. دەبینێت وا موسافیرەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانیانن و ئەویش بەپەلە قایشەکەی دەکاتەوە.

دەپرسێت: "خانم گیان گەیشتین؟"

– "بەڵێ."

– "گەیشتینە سوێد؟"

– "پاریس."

موسافیرەکان پەلەیانە. لە ڕاڕەوەکەدا ڕیزیان بەستووە و قەرەباڵخییانە.

– "سوێد وێستگەی دواترە."

بۆ جاری چەندەم بۆی ڕون دەکەمەوە کە دەبێ دابەزێت، فڕۆکەکەی بگۆڕێ و ئەوسا بۆ لای کوڕەکانی بچێت.

دەڵێت: "وای خوایە. ئاخر من خوێنەواریم نییە. بەڵەد نیم. لە زوبانی ئەمانە تێناگەم."

دەڵێم: "بلیتەکەتیان پێشان بدە. ئەوان خۆیان ڕانومایيت دەکەن."

– " پێشانی کێی بدەم؟"

– "مەئموورەکانی ئێر فرانس."

دەڵێت: "من دانابەزم. لە جێگەی خۆم ناجوڵێم. دەترسم جێ بمێنم. دەترسم گوم بم."

دەڵێم: "وەرە من پێشانت دەدەم."

دەپاڕێتەوە: "خانم گیان، خودایە قەزات لێم کەوێت. تا سوێد لە تەکمدا وەرە."

فرمێسک دەزێتە چاوانی. سەری دادەخا و لەگەڵ خۆیدا دەدوێت.

دەڵێم: "نەنە هەناریی، هەستە. مەترسە. گوم نابیت. دەتدەمە دەست نەفەرێک لەخۆم باشتر." دوو دڵە. چ ڕێگەچارەیەکی تری نییە. قایل دەبێت.

دەڵێت: "ئەدی کێناڵێ کوڕەکانم لێرە نین!"

– "ڕەنگە."

پای ئاوساوە و بەپێڵاوەکانیدا ناچن. پێڵاوەکانی لە بن هەنگڵ دەنێ و دەکەوێتە ڕێ. ناڵە ناڵێتی. ئەژنۆکانی هیشک بوون.

دەڵێت: "گەر لەبەر خاتری مناڵەکانم نەبا، لە جێی خۆم نەدەجوڵام. یەزدەکەی خۆمان هەر دەڵێی بەهەشتە. حەیف نییە. شۆڕش هی شارییەکانە. چ پەیوەندی بەئێمەوە نییە. کوڕەکەی خاڵە ئەکبەر بووەتە پاسدار. کوڕێکی خەراپ نییە. چووە بۆ شار. گوتم: نەنە، گەر ئێوەیش نەڕۆیشتبان، ئەوا کاتی پیریی دەبوونە دارعەسای دەستم. گوێیان ڕانەدێرا."

میواندارەکان لەبەر دەرگای تەیارەکەدا ڕیزیان بەستووە. نەنە هەناریی خواحافیزیی لەمیواندارە فەرەنسییەکە دەکات. دەیەوێت ڕووخساری ماچ کات، بەڵام باڵای کورتە و دەمی ناگاتە گۆنای. میواندارەکە پێ دەکەنێ و دەستی وی دەگوشێت.

ڕاڕەوێکی درێژ لە پێشە.

دەپرسێت: "ئێرە تا سوێد ماوەکەی زۆرە؟"

جانتا دەستییەکەی لێ دەگرم. بێ ئەندازە قورسە. دەیدەمەوە بەخۆی.

دەڵێم: "بنۆڕە. تۆ دەبێ لەم لایەوە بڕۆیت و منیش لەولایەوە. ڕێگەکەمان یەکێک نییە. بلیتەکەت پێشانی ئەو دوو خانمە بدە (خانمەکانی کۆمپانیای فڕۆکەوانیی پێشان دەدەم) و ئیدی ئەوان یارمەتیت دەدەن."

بە حەپەساویی تەماشام دەکات. چاوەڕوانی ئەم جیابوونەوە کوتوپڕە نییە. بەداوێنی چاکەتەکەمەوە دەنووسێت.

دەڵێم: "نەنە هەناریی. سەفەرێکی خۆش. یەک کەوچک لەچێشتی باینجانەکەتم بۆ دانێ!"

دەڵێت: "ئاخر چۆن تێیان بگەیەنم؟ من زوبانیان بەڵەد نیم!"

– "بلیتەکەتیان پێشان بدە."

– "چ بڵێم؟"

– "بڵێ سوێد."



لەبەر خۆیەوە دووبارەی دەکاتەوە (سوێد) و لە بلیتەکەی دەنۆڕێت.

هاوار دەکات: "هۆو خانم گیان..."

دەڕۆم. ئاوڕ لە دواوە نادەمەوە. سەفەرێکی درێژ و پرزە لێ بڕ بوو. خۆشحاڵم کە پێم ناوەتەوە سەر عەرد و چ خەبەرێک لەو هەڵبەز و دابەزەی نێوان عەرد و ئاسمان نییە. موسافیرە ئێرانییەکان بەپەلە پاڵ دەنێن، ڕادەکەن. لەنێو سەرما هێشتا هەر دڵم لای نەنە هەنارییە. بڵێی ڕۆیشتبێ... نەڕۆیشتبێ؟"

زۆربەی موسافیرەکان بەر لە من گەیشتوون و ڕیزێکی درێژ لەبەردەم پشکنینی پاسپۆرتەکاندایە. دەستە چەپ هی ئەوروپاییەکانە، دەستە ڕاستیش هی بێگانەکان، عارەب، ئێرانی، ڕەش، زەرد، ئەفغانی و هی تر. کەسێک بەشانمدا دەکێشێت. پیاوێکی نەناسیاوە.

دەڵێت: "ببوورە، ئەو پیرێژنەی کە لەپاڵ ئێوەدا دانیشتبوو، جووڵەی بۆ ناکرێت. ئەوە بەدوای ئێوەدا دەگەڕێت."

دەڵێم: "ئەدی کەس نییە یارمەتی بدات؟ ئاخر من پەلەمە."

ئەی هاوار. دەگەڕێمەوە و لەوسەری ڕاڕەوەکە دەنۆڕم. چاوم بە نەنە هەناریی دەکەوێت کە بەتاقی تەنیا، لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا، لەهەمان ئەو شوێنەی کە لەیەکتر جیا بووینەوە، لەسەر عەردەکە دانیشتووە و جانتا دەستییەکەی ناوەتە کۆشی. موسافیرەکان بەپەلە بەلایدا تێ دەپەڕن. لەدوورەوە چاوی بەمن دەکەوێت و لە خۆشحاڵیدا دەقیژێنێت. ڕەنگی دەگەشێتەوە. دەخزێتە پێشتر و بەگاگۆڵکێ بۆ پێشوازیم دێت.

دەڵێت: "خانم گیان، ببوورە، دەی خوایە قەزات لێم کەوێت. هەر دوو قاچم وشک بوون. ناتوانم یەک هەنگاو هەڵبێنم. هەر کەسێک لێرەوە تێپەڕی گوتم سوێد، سوێد– چەند جار وام گوت، بەڵام هەر بەسەگیشیان نەزانیم."

ژنێک بەکورسی پێچکەدارەوە لەوێوە تێدەپەڕێت. نەنە هەناریی بەحەسرەتەوە تەماشای دەکات.

دەڵێت: "لەو کورسیانە خانم گیان، مشورێکی ئەو کورسییانەم بۆ بخۆ!"

دەڵێم: "زۆر باشە. هەر لێرەدا دانیشە. لەجێگەکەت مەجووڵێ تا دەگەڕێمەوە."

لەگەڵ مەئموورانی ئێرفرانس دا دەکەومە چەنە چەن، تکا دەکەم و دەپاڕێمەوە، سوودی

نییه. پێشتر کورسیی پێچکەداریان ڕاسپاردووە. دەبێ داواکاریی پڕ کرێتەوە و چەند ڕۆژ چاوەڕێ بکرێت.

بۆیان ڕوون دەکەمەوە: "ئاخر ئەم ژنە لە گوندێکی ئێرانەوە هاتووە (ڕوونکردنەوەیەکی بێ مانا) پای وشک بووە، ناتوانێ بڕوات!"

بەزەییان پێیدا دێتەوە، بەڵام دەبێ پەیڕەوی بڕیارەکان بکرێت، هەموو شتێک یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، دەبوو پێشتر داوامان کردبا. خۆ شاری هیرت* نییە.

چ بکەم؟ جێی بهێڵم و بڕۆم؟ دڵم نایەت. چاوم بەعارەبانەیەکی ئاسایی- تایبەت بەهەڵگرتنی کەلوپەل - دەکەوێت. لەو جۆرە عارەبانانەیە کە میلیان لەم لاولاوە نییە. بونیادەم دەتوانێت تیایدا دانیشێت. زۆر چاکە. پەلە دەکەم. نەنە هەناریی، پێڵاوەکانی بەدەستەوە و قاچی لێ بڵاوکردۆتەوە و لەناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا، لەسەر عەردەکە دانیشتووە. خەڵکیی بەبێ گوێ پێدان بەلایدا تێ دەپەڕن. جانتا دەستییەکەی دەخەمە ناو عارەبانەکەوە و لەخەیاڵی ئەوەدام ئەدی چ لەخۆی بکەم؟ ئاخر عارەبانەکە هی کەلوپەلە و ئەم لا و لاکەی کراوەیە.

دەڵێم: "نەنە هەناریی، هەستە، لەم عارەبانەیەدا دانیشە."

دەڵێت: "وای خانم گیان!" وادەڵێ و بەواق وڕماویی تەماشام دەکات. باوەڕ ناکات. پێدەکەنێت.

– "وای خانم گیانی ناوێت. یاڵڵا هەستە!"

– "یا ئەبولفەزل!"

– "خێراکە."

ناچار قایل دەبێ. شەرم دەکات. سەیری خەڵکیی دەکات.

دەپرسێت: "ئا لەم عارەبانەیەدا؟ "

دەڵێم: "بەڵێ. دەی هەستە. منیش ئیشم هەیە. درەنگمە."

لە شەرما سوور هەڵ دەگەڕێت. گریانی دێت.

دەڵێت: "خانم گیان، حەیا چوونە. ئاخر خەڵکی پێم پێدەکەنن."

* شارێکی وەهمیی و ئەفسانەیی کە لەوێ چ یاسا و ڕێسایەک نییە، شاری بێ حاکم.



دەڵێم" نەنە هەناریی، کەس تۆ ناناسێت. لە فەرەنگستان هیچ شتێک عەیب نییە. نەنە دەی بجووڵێ."

پێی دێشێت. یارمەتیی دەدەم. دەناڵێنێت. هەوڵ دەدات، دەکەوێت، نیوە هەستانێک هەڵدەستێت و دەست بەئەژنۆ و پشت لە عارەبانەکە ڕادەوەستێت.

دەڵێم: "دانیشە!" وا دەڵێم و شانی دەگوشم.

وای خانمگیانێکی نزم لەژێر لێوەوە دەڵێ و لەناو عارەبانەکەدا دادەنیشێت. قورسە. عارەبانەکە دەجووڵێ و خوار خوار بەلایەکی تردا دەڕوا و بەتوندی خۆی لە دیوارەکە دەدات. موسافیرەکان تەماشا دەکەن. پێدەکەنن، نەنە هەناریی لەچکەکە بەسەر دەموچاویدا دەداتەوە.

ڕاکێشانی عارەبانەکە بەو هەموو قورساییەوە، هاسان نییە. بەدەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە و بەچەپ و ڕاستا دەڕۆین. نەنە هەناریی کۆمەک دەکا و بەپاژنەی پێی گوشار دەخاتە سەر عەردەکە و عارەبانەکە بۆ پێشەوە دەبات. ڕێبوارێک دەگاتە فریام. ئەوسا هەردووکمان دەسکی عارەبانەکە دەگرین و نەنە هەناریی بۆ پێشەوە دەبەین.

دەڵێ: "ئاخ، کوڕینە لە کوێن تەماشای دایکتان کەن؟"

بلیتەکەی لێ وەردەگرم. تەماشای دەکەم. گۆتینبۆرگ. زانیاریی جوگرافیاییم کەمە. دیارە گۆتینبۆرگ شارێکی سوێدە. بەڵام کوێی سوێد، نازانم. کوڕەکان لەوێ چاوەڕێی دایکیانن. لە مەئموورەکانی فڕۆکەوانیی دەپرسم. دەبێ بۆ تەرمینالی (ب) بڕوات. واتە بۆ لایەکی تری فڕۆکەخانەکە. تا ئەوێش دە دەقیقە ڕێگەیە. ئەویش بەپاس.

نەنە هەناریی سەر هەڵدەبڕێ و گوێ ڕادەدێرێ. چاوانی لە من ڕاماون. تا وێستگەی پاسەکە، ڕێگەیەکی درێژمان لەپێشە.

بلیتەکەی نەنە هەناریی بەدەستی منەوەیە. بەوردی لێی دەنۆڕم. گەشتی پاریس – گۆتینبۆرگ سەعاتێکی ماوە. کاتێکی زۆر نییە. بەهەر گیان کێشانێک بووە، نەنە هەناریی، کە وەک سەر نوێنێکی تۆپەڵ، لە عارەبانەکەدا کروشکەی کردووە، تا ئەوسەری ڕاڕەوەکە دەبەم. لەسەری پێچەکەدا چاوم بەپێپلیکانەیەکی کارەبایی دەکەوێ و بەحەپەساویی ڕادەوەستم. ئەدی ئەلعان چ بکەم.

نەنە هەناریی بەبینینی ئەو پێپلیکانە جووڵاوە، لەجێگەکەی ڕادەپەڕێ و چاوانی

بچووک دەبنەوە.

دەڵێت: "وای خانم گیان، ئەوە خۆ ئەم پێپلیکانانە بەڕێگەدا دەڕۆن. من لەجێگەکەم ناجووڵێم. با لە ڕێگەیەکی ترەوە بڕۆین. لەولایەوە. ئەولای پێپلیکانەکان تەواو و حیسابییە. وەک پێپلیکانەکانی لای خۆمان وایە. من نایەم. دەکەوم. دەمرم."

دەڵێم: "مەیکەرە هەرا، ئاخر تۆ لە سوێدت چی بوو؟ بۆچی ئەم بەزمەت بەخۆت کرد؟ ماڵ وێران دەبیت. دیق دەکەیت!"

تووڕەم و نازانم یەخەی کێ بگرم.

دەچمە ژێر باڵی. بەرزی دەکەمەوە. دەناڵێنێت. ئەژنۆکانی ڕاست دەبنەوە. لەعارەبانەکە دادەبەزێ و پاڵ بەدیوارەکەوە دەداتەوە. جانتاکەی دەگرم و لە پێپلیکانەکان دێمە خوارەوە. نەنە هەناریی لەسەرەوە تەماشام دەکات. دەستی گرتووە بەدیوارەکەوە و بەترسەوە سەیری من و پێپلیکانە جوولاوەکە دەکات. یەک دوو جار گوژم دەداتە خۆی و یەک دوو پێ دێتە پێشێ، قاچێکی هەڵدەبڕێ و پاشان، سەری دەلەقێنێ و بەترسەوە بۆ دواوە پاشەکشێ دەکات. دڵنیام لە یەکەمین پێپلیکانەدا گیر دەخوات.

دەڵێم: "نەنە هەناریی، لەسەر پێپلیکانەی یەکەم دانیشە و بەدانیشتنەوە وەرە خوارەوە!"

دەڵێت: "وای خانم گیان، وای خوایە، قوڕی کوێ بەسەری خۆمداکەم. ناتوانم. کوڕەکان گوتیان سوێد لەودیو دەرگاکەوەیە. لە ڕۆیشتن بۆ مەشهەد هاسانترە. گوتیان سوار دەبیت و دەگەیت."

لەخەیاڵی ڕێگە چارەیەکدام، دەبینم وا دوو پیاوی باڵا بەرزی سوێدی دەیانەوێ بەپێپلیکانەکانا بێنە خوارەوە و نەنە هەناریی ڕێگەی لێ گرتوون. شتێکی پێ دەڵێن کە تێ ناگا و شتێکیش بەسوێدی بەمن دەڵێن کە تێ ناگەم. بەمیهرەبانیی نەنە هەناریی لە ڕێگەی خۆیان لادەدەن، بەڵام هێشتا هەر ڕێگەکەیان داخراوە. لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن، ئاماژە بۆ من دەکەن و بەرلەوەی دەرفەتی ڕاڤە کردنم هەبێت، دەبینم وا دوو بەدوو چوونەتە ژێر باڵی نەنە هەناریی و بەرزیان کردۆتەوە. نەنە هەناری دەزریکێنێ، ختووکەی دێت، پێ دەکەنێ. وای وای دەکات. دەخنێتەوە و پێڵاوە ڕەشەکانی لێ دەکەون. قاچ و قوولە قەڵەو و کوڵەکانی لە هەوادا تەکان دەدا و بەچوار پەل خۆی بەدەست و یەخەی پیاوە بیانییەکاندا هەڵدەواسێت. کێشی قورسە و هەڵگرتنی هەروا سانا نییە. بەخۆم دەڵێم هەر ئەلعان



هەرسێکیان بەسەرا دەکەونە خوارەوە و ئەوسا لەترسا چاوانم لێک دەنێم. بەڵام بەسلامەتی دەگەن و نەنە هەناریی نیوە گیان، بەپێکەنینەوە لەسەر عەردەکە دادەنێن. ماوەیەکی دەوێت تا هەناسەی وەبەربێتەوە. ئارەقە بەسەر و ڕوخساریدا چۆڕاوگەی بەستووە. لەچکەکەی بەلادا داماڵراوە و چەپکێک قژی نیوە سپی و نیوە خەنەیی لێوە هاتۆتە دەرێ.

دەڵێت: "کوێخا گوتی نەنە هەناریی، دەبێ لە حەوت چیا و لە حەوت زەریا بدەیت. بەڵام نەیدەزانی کە دەبێ لە عارەبانەدا دانیشم و سواری کۆڵی خەڵکانی غەریبە ببم."

عارەبانەکە لەسەر پێپلیکانەکان ماوەتەوە. شەلە شەل تا دەرگای دەرەوە دەڕۆین. حەماڵێکی بێ کار تەماشامان دەکات. بانگی دەکەم. مامڵە دەکەین لەسەر ئەوەی کە نەنە هەناریی تا لای پاسەکە بەرێت. بۆی ڕوون دەکەمەوە: ها... تەرمینالی (ب). دەزانێت.

دەڵێم: "نەنە هەناریی، ئیتر دەبێ لەیەکتری جیابینەوە. ئەم پیاوە تۆ تا لای پاسەکە دەبات و بەشۆفێرەکە دەڵێ لە کوێ داتبەزێنێ. مەترسە. ئەمانە خەڵکانی دڵۆڤانن."

دەڵێت: "ئەی تۆ چۆن؟"

– "من بەڕێی خۆما دەڕۆم."

– "خانم گیان..."

– "بڕۆ بەسلامەت."

فرمێسک لەچاوانییەوە دەڕژێتە خوار. دەستم دەگرێ و بەتوندی سێ چوار جار ماچم دەکات. جانتا دەستییەکەی دەکاتەوە. هەنارێکی تێدا دەردێنێ و پێم دەدا.

هەناری مەحەبەت.

دەڵێت: "خۆزیا تۆیش دەهاتیت بۆ سوێد و پێکەوە دەبووین و چێشتێکی دەستی منت دەخوارد. کوڕەکانم هەر دەڵێی گوڵن. خودا دەیزانێ چەندێک دڵۆڤان و میهرەبانن. بەو قیبلەیە بەڕاستمە." وا دەڵێ و نازانێ بۆ قیبلە دەست بۆ کوێوە ڕاکێشێ.

دەڵێم: "گەییشت. جارێکی تر."

دەڵێ: "جارێکی تر نییە. ڕۆژی خۆزیای من هەمان ئەمڕۆ و سبەینێیە."

حەماڵەکە چاوەڕێیەتی. ڕەش پێستێکی دەم بەپێکەنینە. نەنە هەناریی زەق زەق

تەماشای دەکات. جانتا دەستییەکەی دەداتێ. دەستی لە باسکییەوە دەئاڵێنێ و هێور هێور و بەهەنگاوی ورد، وەک مێروولە، دوور دەکەوێتەوە. ئاوڕ دەداتەوە و بەمیهرەبانترین چاوی دونیا تەماشام دەکات.

دەبێ منیش جانتاکانم بدۆزمەوە. سەعاتێک تێپەڕیوە. هاوسەفەرەکانم ڕۆیشتوون. جانتاکانمیان خستۆتە ئەمبارەوە و دەرگای ئەمبارەکەش داخراوە. خەو، شەکەتیی و برسێتیی کلافەیان کردووم.

مەئموورەکەی ئێرفرانس تەلەفۆن بۆ کەسێک دەکات. دەڵێت دەبێ چەند ساتێک ئارام بگرم. چەند ساتێک دەبێتە نیو سەعات. دەبێتە سەعاتێک. دەبێتە ئەبەدییەتێک. دادەنیشم و چاوەڕێم.

بیر لە نەنە هەناریی دەکەمەوە. بەخۆم دەڵێم ئێستا گەیشتووە و خەریکی چێشت لێنانە. کوڕەکانی جلکی نوێی بۆ دەکڕن و لە جێی ئەو سەرپۆشە زل و شڕ و پڕە، ئاوریشمێکی ناسک بەسەریدا دەدەن. دەیبەن بۆ گەڕان، دەیبەن بۆ بینینی گۆڕەپانە گەورەکەی شار، دەیبەن بۆ سینەما، دەیبەن بۆ کەناری زەریا و باخچەی ئاژەڵان. ئەمشەو دوای دە ساڵ دووریی، سەری دەخاتە سەر پێ و پلە بۆگەنەکەی کوڕە گەورە و دەنوێ و وای چ خەونی خۆش خۆش دەبینێت. خۆشتر لە هەمیشە.

***

چوار شەممە، پاش نیوەڕۆ. سێ ڕۆژ بەسەر گەڕانەوەمدا تێ دەپەڕێت. جانتاکەم بەتاڵ دەکەم. سەدرییە ئیسلامییەکەم دەنێمە ئەملاوە تا بیدەمە جلک شۆر. گیرفانەکانی دەگەڕێم. دوو پارەی سەد تومانیی، پاکەتێک بنێشت، پارچە کاغەزێکی چوارقەد کراو. پسوولەی جلک شۆریی ساڵی ڕابردوو، سەنەدی بانک و بلیتی فڕۆکە.

– بلیتی فڕۆکە؟

دەیخوێنمەوە: تاران– پاریس– گۆتینبۆرگ. یەک شەممە، بیست و نۆی سێپتێمبەر. یەک شەممە بیست و نۆی سێپتێمبەر.

پاریس – گۆتینبۆرگ.

هەنار چناریی

گۆتینبۆرگ

یەک شەممە، بیست و نۆی سێپتامبەر.



مات دەمباتەوە و خەیاڵم دەئاڵۆزکێت. مەحاڵە. نەنە هەناریی ڕۆیشت. سواری تەیارەکە بوو. خۆم بینیم. بلیتەکە دەخەمە سەر مێزەکە. بەودیودا. نامەوێ بیبینم. نامەوێ بیر بکەمەوە. تامێکی تاڵ دەڕژێتە زارمەوە. شپرزەییەکی بەسوێ لە ڕیخۆڵەمدا پێچ دەخوات. ڕوانینم لەسەر ئەو بلیتە نەفرەتییە چەقی بەستووە.

گوتم: "هەی نەنەی جرپن، جوان سەیرکە، هیچت لێ جێ نەمابێت؟"

گەڕا، جانتا دەستییەکەی قایم بەسینگییەوە نووساندبوو، پاسپۆرتەکەی بەدەستییەوە بوو.

ئەدی بلیتەکەی؟ بلیتەکەی بەمن بوو. خستمە نێو گیرفانی سەدرییەکەمەوە و بیرم چوو. منی گێل، منی حەپ و حۆل. دەبێ بیدۆزمەوە. بەڵام لە کوێ؟ چۆن؟ بیرم ئاڵۆزکاوە و مێشکم وەستاو.

خۆزیا یارمەتیم نەدابا. خۆزیا لەسەر ڕێگەمدا قووت نەبایەتەوە و خۆزیا ڕێکەوتی کەسێکی تری کردبا. چوزانم. خەتای من بوو. خەتای کوڕەکانی بوو. خەتای ئەو پۆستەچییە نەفرەتییە بوو کە نامەی کوڕەکەی بۆ هێنابوو. دەچم بۆ گۆتینبۆرگ. دەڕۆم بۆ یەزد. دەیدۆزمەوە.

گوتی: "دەمەوێت ئەم کوڕانەم ببینمەوە. لەباوەشمیان بگرم. سەد ماچیان بکەم و ئەوسا، بەدڵی ئیسراحەت، سەر بنێمە سەر عەرد و بمرم."

تەلەفۆن بۆ کۆمپانیای ئێر فرانس دەکەم. تەلەفۆنەکەیان قەرەباڵخە. دووبارە، سێ بارە تەلەفۆن دەکەمەوە، هەمان شتە. توت توت توت توت توت، ئەلو. ئەلو. ئەلو. وەری گرت بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە. مۆسیقای لەسەرە. دەنگێک دەڵێت: ئارام بگرە، هەر ئێستا وەڵامتان دەدەنەوە. هەر ئێستا واتە یەک عومر، واتە یەک ئەبەدییەت. دڵم خەریکە لەگەروومەوە دێتە دەرەوە. تەلەفۆنەکە دادەخەمەوە، فڕۆکەخانە وەردەگرم. ئەمجارەیان وەڵام دەدەنەوە. لیستی موسافیرەکانی پاریس – گۆتینبۆرگم دەوێت. سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ، بیست و نۆی سێپتێمبەر. بێدەنگیی. درێژترین بێدەنگیی دونیا. دە دەقیقە، ڕەنگە هێڵەکە پچڕابێ؟ ئەلو، هاوار دەکەم ئەلوووووووووو. وەڵام دەدەنەوە، لیستەکەیان لا نییە، گەر لاشیان بێ نایدەن. تکایان لێ دەکەم و لێیان دەپاڕێمەوە. دەڵێم خانمێکی ئێرانی، بەناوی هەنار چناریی ون بووە. چووە بۆ سوێد، بۆ گۆتینبۆرگ، بلیتەکەشی بەمن بووە. لە تارانەوە هاتووە. ئەلو. دەنگەکە دەپچڕێ و دێتەوە. کەسێکی تر قسان دەکات.

لەسەرەوە قسەکانم دووبارە دەکەمەوە. بۆی ڕوون دەکەمەوە. کەسێک بەو ناوە لە لیستی موسافیرەکانا نییە. تەلەفۆن بۆ باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی لە پاریس دەکەم، بەڵێنی هاوکاریی دەدەن. دەکەونە شوێن مەسەلەکە، بەڵام باڵیۆزخانە سێ ڕۆژ پشوویانە. تەلەفۆن بۆ باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی لە سوێد دەکەم. دەڵێن چ خانمێک بەو ناوە سەری لێ نەداون. تەلەفۆن بۆ هاوڕێیەکم دەکەم لە ستۆکهۆڵم. لێی دەپاڕێمەوە و تکای لێ دەکەم کە بپرسێ و بزانێ کورگەلێک بەناوی بنەماڵەی چناری هەناریی لە گۆتینبۆرگ هەن؟ کورگەلی خەڵکی یەزد، یەکێکیان بەقژی درێژی ڕەنگ کردووە وە، گۆرانیبێژ، ئەویتریشیان چاو و برۆ ڕەش، مۆن و توورە.

چاوەڕێم. دەڵێم بەڵکو بێت بەئەقڵی نەنە چناریدا و داوای تەلەفۆنی من لە پرسگەی پاریس بکات. ئەدی بەچ زوبانێک داوای کات؟

هەینی، شەممە، یەک شەممە، دوو شەممە، سێ شەممە.

هەفتەی دواتر.

مانگی دواتر.

و پاشتر.

هەنارەکەیم لەسەر مێزی پاڵ تەختە نوێنەکەمدا داناوە، هەناری مەحەبەت دەبێژم. هەزار جار لەخۆمم پرسیوە بڵێی لە کوێ بێ و چ بکات؟ دەکرێ هەزار جۆر خایلە بکرێت. خایلەگەلی خەراپ و خایلەگەلی باش. ئەمڕۆ لە ڕۆژە سووکەڵە ڕووناکەکانە، لەو ڕۆژە نایابانەیە کە تەیرگەلی نەبینرا و لەودیو پەنجەرەوە هەراهەرایانە و هاوسێی مۆن، پێچەوانەی هەمیشە، بەفیکە کێشانەوە تێدەپەڕێ و خانمی خاوەن ماڵ لە کەلی شەیتان هاتۆتە خوارەوە و چاک و چۆنیی لەگەڵ پۆستەچیی پێردا دەکات. بەهەرا هەرای بەختەوەرانەی تەیرەکان و ڕووناکیی ناکاوی ئەودیو پەنجەرەکە، دڵخۆش و گەشبین دەبم و بەخۆم دەڵێم کە هەر ئەلعان نەنە هەناریی لە توێی دڵی کورەکانیدا دانیشتووە، چێشتی باینجانەکەی لێناوە و هیلاکیی سەفەری لە جەستە دەرچووە.

بەخۆم دەڵێم ڕۆژێک دەگەڕێمەوە - ڕۆژێکی خۆش و بەختەوەر - خانوویەک، باخچەیەک ڕووە و چیا و هەتاو دەکڕم. هەنارەکەی نەنە هەناریی دەڕوێنم و بەرەکەی بۆ خەڵکی دەوروبەری خۆم دەنێرم. ئەوانەی تامی هەناری مەحەبەتیان کردووە دەزانن کە لەگەڵ یەکتریدا خوشک و بران و هەر جارێک ڕوانینیان دەکەوێتە سەر یەکتر، هەستێکی



خۆش ڕۆدەرژێتە دڵیان و ڕۆحی شپرزەیان بۆ ساتێک هێور دەبێتەوە، هەموو ئەوەش بەهۆی پێ و قەدەمی نەنە هەنارێکی تەمەن سەد ساڵەوەیە کە لەژێر دارهەنارەکەیدا نوستووە و خەوەکەی هێند شیرینە کە هیچ کەسێک دڵی نایەت خەبەری کاتەوە. کورە چکۆڵ ستڕانێکی خۆشی بۆ دایکی داناوە کە هەنارە عاشقەکان دەیچڕن. کورە گەورە بووەتە خاوەنی دوو کچی چاو ڕەشی خڕ و خەپان، ڕێک لە نەنە هەناریان دەچن و باوکیشیان خایلەی تۆڵەسەندنەوە بەری داوە.

بووکە فەرەنگییەکە بەختەوەرە. شەوانە بەر لەنوستن وشەی ئاش، وەک دوعای موجیزە، لە دڵی خۆیدا دووبارە دەکاتەوە و ئەوسا بەئیسراحەت دەنوێت.

من دەزانم، دڵنیام نەنە هەناریی لە هەر کوێیەک بێت، خەوتوو یان بێدار، بیر لە سەفەرە دوور و درێژەکەی دەکاتەوە، بیر لەجانتاکەی دەکاتەوە، بیر لە بەستنی قایشەکە و ختووکە دانەکانی، بیر لە دانیشتنی ناو عارەبانەکە و چوونە کۆڵی خەڵکانی غەریبەوە، بیر لە ونبوونی بلیتەکەی و بیر لە من.

هەندێ جار خەوی پێوە دەبینم و دەنگی لە قوڵایی گوێمدا دەزرنگێتەوە:

" خانم گیان، نامەی کورەکانم بۆ هاتووە، لە ئەمەریکاش هەر بێ کەس و کار و غەریبن. هەمدیس خۆیان ئامادە کردووە بۆ جێگایەکی تر بڕۆن. ئەمجارەیان بۆ کوێ؟"

دەڵێم: "نەنە هەناریی، خەفەت مەخۆ، زۆر کەس ئاوهایین. هەمیشە و لە هەموو شوێنێک غەریبن. نائارامن و جێگە بەخۆیان ناگرن. ڕۆژێک دێت دەبینی کورەکانت گەڕاونەتەوە. خۆشحاڵن، لەژێر دارهەنارەکانا ڕادەکشێن و وەنەوز دەیانباتەوە. پاشان، هەمدیس فیلەکەیان کەڵکەڵەی سەفەری هیندوستان لە کەللەی دەداتەوە. هەمدیس دەدەنەوە شاخ و دەڕۆن. ئەدی، ئاخر ڕۆیشتن و گەڕانەوەش جۆرێکن لە ژیان."

دەڵێت: "یەزدەکەی خۆمان چ عەیبێکی هەیە؟"

دەڵێم: "نەنە هەناریی، بنوو، بهێڵە با منیش بنووم!"

بێدەنگ دەبێت. لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. لەگەڵ کورەکانیدا دەئاخڤێت. دەنگی دەگاتە گوێم و وێنە کاڵ و تەپ و تۆز لێنیشتووەکەی، وەک نەخشێکی دێرینە، لەودیو ڕاڕەوە پێچاوپێچەکانی خەونەوە، هێور و بەکاوەخۆ دیار نامێنێ.

***

# ماڵێک لە ئاسمان

هاوینێکی ناخۆش بوو، هاوینێکی گەرم، بێ ئاو و بێ کارەبا، هاوینێک کە هەر هەمووی جەنگ و ترس و تاریکی بوو. مەسعود(د) دەتگوت هەڵدێرراوەتە بنی خەونێکی ناخۆشەوە، گێژ و وێژ و پەشۆکاو، خێرا پەلی ژن و منداڵەکانی گرت و خۆی گەیاندە هەندەران، نە بیری کردەوە و نە دەشیزانی چ ئایندەیەک چاوەڕێی دەکات. نەیدەویست کەسێکی فامیدە و وردبین و دوور ئەندێش بێ، نەیدەویست مشورەت بەکەس بکات، مشورەت بەو کەسانەی کە لەم بەئەزموونتر و لەهەر جۆرە جێگۆڕکێ و گۆڕانێک دەترسان، یاخود مشورەت بەو کەسانەی کە باوەڕیان بەخاک و سوننەت و ڕەگوڕیشە هەبوو، مانەوەیان لێرە لەسەر بناغەی بڕیارێکی ئەخلاقیی بوو.

مەسعود (د) لە جەنگ بێزار و زەندەقی لە مەرگ چووبوو، دڵەڕاوکێی شەوان توانا و حەوسەڵەی پێ نەهێشتبوو، شپرزەیی بەسوێی سپێدانیش ئازاری دەدا. دەبوو بڕوات، دەبوو ڕاکا و لەجێگەیەکی ئەمیندا داسەکنێ، جێگەیەک دوور لە هەرا و زەنا و بۆمب و بۆردومان، جێگەیەک دوور لە چەنگاڵی مەرگ.

کاروبارەکانی وەک (با) بەنهێنیی جێبەجێکرد، کەلوپەلی ماڵەکەی تالانفرۆش کرد و خانووەکەشی بەموفت و خۆڕایی بەئەووەڵێن مشتەری فرۆشت، ڤیزای وەرگرت، بلیتی تەیارەی کڕی، بار و بنەی پێچایەوە و ڕێک لەکاتی خواحافیزیدا، وەک خەڵکانێکی تا لێهاتوو چاوی بەدایکە پیرەکەی کەوت و ئەژنۆی شکا.

لەخۆی پرسیی: "ئەدی باشە ئەم پیرێژنە چۆن؟"

دڵ و ڕیخۆڵەی لە ژان و برکا هێند تاوی سەند کە بۆ لەحزەیەک جەنگ و مەرگی بیرچۆوە و بڕیاری مانەوەی دا.



مەهین خانم لەتەواوی ئەو ماوەیەدا هەر سەیری کردبوو، بێ ئەوەی شتێک بپرسێ یا پرتە و بۆڵەیەک بکا یاخود گوزارشت لەخۆی بکات، بەچاوی خۆی بینیبووی چۆن دار و نەداری خراوەتە سەر فرۆشتن، بەڵام ئەم فزەی لێوە نەهاتبوو. بەچاوی خۆی بینیبووی چۆن خەڵکانی غەریبە بەماڵەکەدا ئەم ژوورا و ژوور دەکەن، بەڵام ئەم لێوی هەڵنەهێنابووەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەقوژبنێکدا، لە پاڵ دیوارەکەدا هەڵتروشکابوو، لەسەر فەرشە گەورە تەورێزییەکەی یادگاری باپیران، بەحەسرەتێکی شاراوەوە دەستی بەسەر گوڵە مەخمەلییەکانی فەرشەکە و وێنە ڕەنگاوڕەنگە ئاڵتوونییەکانی ڕۆژانی ڕابردوودا هێنابوو، دوا بەرکەوتنی سەر پەنجەکانی بەو بارستە ئاشنا دێرینەیەدا، لە دەسهێنان دەچوو بەبەدەنێکی نیوە گەرم لەدوایین ساتەکانی ژیاندا. چنگی کردبوو بەرپیشاڵی قوماشی سەر مێزەکەدا تا بۆ ساتێک خۆی پێوەیان ڕاگرێ، چاوی گێڕابوو بۆ قاپە گوڵدارەکان کە ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد، چاوی گێڕابوو بۆ چرا بن بەرزە ڕووسییەکان کە فرۆشرابوون.

ویستبووی بڵێ: "نا، بوخچە قەیفەییەکە و ئاوێنەی مارەییەکەم نادەم!" ویستبووی شتێ هەڵگرێ و وەیشارێ، بەڵام ورتەی لێوە نەهاتبوو، شەلاڵ لە برینی ناخ... بۆ خۆی لە کونجێکدا هەڵتروشکابوو.

شایەتی تالانفرۆشکردنی کاتژمێری دیوار و مێز و کورسیی و دەفری چینیی و چوارچێوە ئاڵتوونییەکان بوو، تەواوێک وەک سەفەری خەمگینی منداڵەکانی دایکێکی پیر بۆ شارەکانی فەرەنگستان. دەیزانی ڕۆژگارێکی سەختی لەپێشە و کەچی قەبووڵیشی بوو، چ گلەییەکیشی لە کوڕەکەی نەبوو، ئاخر ئەم خۆی ساڵانێک لەوەوبەر خانووەکەی خستبووە سەر کوڕەکەی، بڕیاریان وابوو تا ئەم لە ژیاندا مابێ خانووەکە نەفرۆشن، ئەمە بڕیارێکی دێرین بوو، بڕیاری ئەوسای پێش شۆڕش و جەنگ، بڕیاری ئەوسای پێش ترس و لەرز و سەرگەردان بوونی منداڵەکان. مەهین خانم جگە لە سلامەتی و بەختەوەریی کوڕەکەی چ شتێکی تری نەدەویست، بۆ کچەکەیشی هەمان شت کە شووی کردبوو بەکابرایەکی ئینگلیز و لە تاران نەمابوو، فەرشی ژێر خۆیشی پێدابوون، تەنانەت ئامادەش بوو ڕۆحی خۆی دەربێنێ و بەوانی ببەخشێ، منداڵەکانیشی بەهەمان شێوە ئەمیان خۆشدەویست.

مەسعود (د) قەتاوقەت لەبیری ئەوەدا نەبوو کە دایکە پیرەکەی جێبێڵێ و ڕاکات، یان بەتاقی تەنها بەئەمانی خودای بسپێرێ و بەلای ڕاپەڕاندنی کاروباری خۆیەوە بچێت، کەچیی دواجار لەو شپرزەیی و نەگبەتییەدا، لەو جەنگ و بۆردومان و ئەگەری مردنەدا،

هۆش و گۆشی بەخۆی نەمابوو، بەرپرسیاری کار و خولیاکانی نەبوو. مەهین خانم ئەمەی دەزانی و بێدەنگیی و تەسلیم بوون و قاییل بوونەکەشی لەو پەیبردنە دایکانەیەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەڵبەت دەگریا، بەردەوام دەگریا، بەڵام بەنهێنیی و دوور لە چاوانی ئەوانیتر دەگریا، شەوانە لە تاریکیی ژێر چەرچەف و بەڕۆژیش لە حەمامی دەرگا داخراو و لەودیو دارکاجە بەرزەکانی باخچەکەوە دەگریا. شاڵ و فەرش و ئەشیا دێرینەکان، یادەوەریی باوک و مێرد و ڕۆژە خۆشەکانی جحێڵیی خۆی بوون و خۆشیدەویستن، لەگەڵیاندا عومرێکی بردبوونە سەر و ئولفەتی پێوە گرتبوون، یادەوەرییەکانی وەک هەزارەها وێنەی پەرتەوازە لە فەزادا، لەژوورەکانی خانووەکەدا دەهاتن و دەچوون و جێگەپێ و شوێن پەنجەی سەردەمی منداڵیی بەسەر بەردچنی حەوشە و گەچی دیوارەکانەوە مابوونەوە. مەهین خانم جگە لەمماڵە بەهیچ شوێنێکیتر ئاشنا نەبوو، دەیبینی کە ئیدی خاوەنی ئەم جێگەیە نییە، خاوەنی هیچ شوێنێک نییە، ژێر پای بۆشاییە و بەهەڵپەسێرراوی لە فەزادا ماوەتەوە، حەزیدەکرد وەک پشیلە کە کاتی نەخۆشی و مەرگ سەر دادەخا و تێی دەقوچێنێ، ئەمیش هەر وەک پشیلە دیار نەمابا، بەڵام دەیبینی هێشتا ماوە و زیندووە و ئامادەی مردن نییە، ئاخر خەڵکانی تر پیرییان بەسەردا سەپاندبوو، ڕوانینی بێ ڕوحم و قەزاوەتی بێویژدانانەی ئەوان تەمەنیان بۆ دیاریکردبوو، تێپەڕینی ساڵانیان دەدایەوە بەڕوویدا.

بەڵام ئەم وێنەیەکی جحێڵانەی بۆ خۆی هەبوو، وێنەیەکی پێچەوانەبوو لە ئاوێنە دێرینەکاندا، لە یادەوەرییە خۆشەکانی ڕۆژانی پێشوودا. دڵی وەتەپە دەکەوت و چاوی بەدوای شتەکاندا ڕایدەکرد، چاوەڕوانی ئایندە بوو، چاوەڕوانی هاتنی بەهار و هاوین... هەزار ئومێد و ئارەزووی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی، بۆ کوڕەزا و کچەزاکانی، بۆ نەبیرەکان*ی لە سەردا بوو... حەفتا و چوار ساڵ یان حەفتا و شەش یاخود زیاتر! خەڵکانی تر ئەم حیسابەیان بۆ دەکرد و ڕۆژی شووکردن و لە دایکبوونی وییان مەزەندە دەکرد، ئەگینا مەهین خانم لە چل ساڵیشی تێنەپەڕاندبوو، ئەمە تەنها خۆی دەیزانی و هەستی پێ دەکرد و باوەڕی پێ بوو، وا هەنووکەش... بێ جێگە و بێ ڕێگە، نەیدەزانی کەوتۆتە کام ساتەوەختی زەمەنەوە، نەیدەزانی کێیە و لە کوێیە و چارەی چییە! ببووە شتێکی زیادە لە دەرەوەی سیستیمی کەونیی مەنزومەکان، وەک ئەستێرەیەک کەوتبێتە خوارەوە و بۆ

* نەبیرە: منداڵەکانی کوڕەزا و کچەزا.



قوژبنێکی تاریکی ئاسمان دوور خرابێتەوە... حەزی دەکرد مردبا، بەڵام مەرگ لێی دوور بوو، پای عەردی دەویست، بەدەنی گەردیلەی ڕووناکیی و گەرمایان قووت دەدا و هۆش و بیری بەهەزار تاڵە دەزووی نەبینراوەوە بەگۆشە و کەناری شیرینی ژیانەوە دوورابوو.

بڕیاردرا مەهین خانم بۆ چەند هەفتەیەک یان زیاتر (ڕەنگە بۆ دووسێ مانگ) ببەنە لای خوشکەکەی تا مەسعود (د) لە پاریس جێگیر دەبێ، خانوو دەگرێ، ئیشێک پەیدا دەکا، ژیانی باش دەبێ و ئەوسا فرسەت دێنێ و بەخەیاڵێکی ئاسوودە و دڵێکی خۆشەوە دایکی ڕادەکێشێ. کچەکەیشی هەر خەیاڵی لای بوو، سەرەڕای کەمیی داهات و گرانیی ژیان بەردەوام لە لەندەنەوە تەلەفۆنی دەکرد و داوەتی دایکی دەکرد، زاوا ئینگلیزەکەشی پیاوێکی دلۆڤان بوو، ئامادەبوو پێشوازیی لە خەسووی بکا. بەکورتیی دەبوو ئارام بگرن، دواجار هەموو شتێک دەچووەوە شوێنی خۆی، دەشێ باشتریش لەیەکەم ڕۆژ، مەهین خانمیش ژنێکی بەحەوسەڵە و ئاقڵ بوو، منداڵەکانی قەرزارباری ئەو هەستە دایکانەیەی بوون.

یەکەمین دوو هەفتە کەمێ قورس تێپەڕی، ئاخر جێگۆڕکێ هاسان نەبوو، مەهین خانم فێر نەبوو شەوانە لە ماڵی ئەم و ئەو بنوێ، بەژوور و چەرپا و باڵشتی خۆی ڕاهاتبوو، ڕاهاتبوو بەدەنگە دەنگی کۆڵان و هاموشۆی هاوسێ دێرینەکانی، تەنانەت بەبۆساردی موبەق و شێی ئاشنای پێپلیکانەکەی سەرێ ڕاهاتبوو، ڕاهاتبوو بەبۆنی گوڵەکان و بەئامادەیی هەمیشەیی چوار دارچنارە بەژن زراڤەکەی هاوتەمەنی باوکی.

خوشکەکەی مەهین خانم ژنێکی میهرەبان و میوان دۆست بوو، دختۆر (یونس خان) ی مێردیشی کاری بەکاری کەسەوە نەبوو، پیاوێکی خەمگین و تەنیا و خەفەتی بۆ دووریی منداڵەکانی دەخوارد. دوای شۆڕشی ئێران هەر حەوت کوڕ و کچەکەی لە ئێران دەرچوو بوون، کوڕە گەورەکەی نیشتەجێی ئوستورالیا و دەستی پیا ڕانەدەگەیشت، دوو کچەکەی (دووانە خۆشەویستەکە) لە ئەمەریکا بوون، کوڕە ناوەنجی لەنێوان سەنگاپوورە و تایلاند و ژاپۆندا دەهات و دەچوو، ئەویتریش بەردەوام شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەگۆڕی، یەکێ لە کەنیشکەکانیش (بە مەزەندەی دختۆر یونس خان - ئاخر دڵنیا نەبوو- زەینی لەکار کەوتبوو) ڕەگەزنامەی کەنەدایی یا هیندوستانیی یاخود وڵاتێکی نەناسراوی ئەفریقای وەرگرتبوو.

هەرتک خوشک لێکتر نێزیک بوون و مەسعود گیان لەوبارەیەوە چ خەمێکی نەبوو،

دواجار بۆردومانی شەوانە و هێرشی مووشەکە نەحلەتییەکان ڕۆحییەتی هێمنی دختۆر یونس خانیان زۆر گۆڕی، شتی سەیر سەیری بەخەیاڵدا دەهات و لەخۆوە گومانی لە هەموو کەسێک دەکرد، لەودیو دەرگاوە گوێی لەقسان ڕادەدێرا، لەجزدان یاخود لەجانتای مەهین خانمدا بەدوای تشتە خرتکە و پرتکەکانی خۆیدا دەگەڕا کە دەیشاردنەوە و بیری دەچوو لە کوێی داناون، لای خۆی دڵنیابوو کە مەهین خانم چاویلکە و چەرخەکەی هەڵگرتووە، ئەمەی بەژنەکەی دەگوت، ئەوسا ژنەکەشی دەکەوتە سکاڵا و دەبووە دەمەقاڵێیان، مەهین خانمیش هەڵکورما و لەودیو دەرگاوە، لەتاو شەرم گرمۆڵە دەبوو، ڕۆژەکانی دەژماردن تا هەرچی زووترە بەرەو فەرەنگستان بکەوێتە ڕێ و لای مناڵەکانی ئاهێکی بەبەردا بێتەوە، دڵیشی بە دختۆر یونس خان دەسووتا و دڵنیابوو کە ئەم ڕەوتارانەی بەمەبەست و لە نارەسەنییەوە نین. تەنانەت ئەو ڕۆژەی کە پەنجەی بوو بەدەرگاکەوە و نینۆکی لەبێخەوە دەرهات، یان ئەو شەوەی کە مێردی خوشکەکەی بەدوای ئەنگوستیلە یاقیقییەکەیدا نوێنەکەی ئەمی ژێرە و ژوور کرد و گیرفانەکانی گەڕا، نە کڕووزایەوە و نە ورتەیەکیشی لە دەم هاتەدەر. بەخۆی گوت هەموو ئەم ساتانە تێدەپەڕن و سوپاسی خودای کرد کە منالەکانی ساخ و سلامەتن و خۆیشی سەرەڕای هەموو ئەم شتانە، هێشتا هۆشیار و زیندووە.

دواجار ڕۆژی سەفەر هات و بەدیداری مەسعود (د) و منالەکانی شادبۆوە، مەهین خانم وایدەزانی خەونە و لەخۆشیدا هۆن هۆن فرمێسک لە چاوانییەوە ڕژا. ئاخر ئەوێک کە بەسانایی لەبەردەم خەڵکیدا نەدەگریا، هەنووکە گریانەکەی بەدەستی خۆی نەبوو، پەیتا پەیتا سەر و ڕووی کوڕەزاکانی ماچ دەکرد و ئاگای لە خەو و ئیسراحەت نەمابوو، گەرچی بەدرێژایی شەو بەپێوە ببوو: فڕۆکەخانە، گومرگ، گەڕان بەدوای جانتاکانیدا، ونبوونی جزدانەکەی، لەبیرچوونی چاویلکە زەڕەبینەکەی و پاکەتی دەرمانەکانی، قاچ ئێشە و ژانەسەری کوتوپڕ و دڵ تێکەڵاتنە نەفرەتییەکەی ناو فڕۆکە... بەڵام گەر لێگەڕابان حەزی دەکرد تەواوی ئەو ڕۆژە بئاخڤێ و منالەکان و کوڕ و بووکەکەی ماچکا و بەو شوقە هێندەی کونە مشکەدا بێت و بچێ و پەرۆش و دەستەپاچە هەزاران پرسیاری بێ سەروبەرە لە بارەی ئەم و ئەوەوە بکات.

بە زۆری زۆردارەکیی مەهین خانمیان دوو شەو لە ژووری منالەکاندا خەواند، دۆشەکیان لە ژووری میوانا بۆ منالەکان ڕاخست و بەئەسپاییش بەگوێیاندا چرپاندن: داپیرە تازەکیی



گەیشتووە و فەقیرە ماندووە، پاشان جێگەکەی دەگۆڕن و ژوورەکەیان دەدەنەوە.

مەهین خانم خیش کردن و بێدەنگیی منالەکانی بینی و دڵی داهێزرا، ویستی تشتێک بڵێ بەڵام ڕووی نەهات، حەوسەڵەی گوتنیشی نەبوو، تەواوی جەستەی لە شەکەتیدا دەلەرزی... هەرکە سەری نایە سەر سەرین خەوی لێکەوت، ئاگای لەخۆی نەما، بەڵام دەمە و سپێدە خەبەری بۆوە، وا مەزەندەی کرد کە قورسێکی ئاسنیان نابێتە سەر قەفەزەی سینگی و هەستێکی ئازاردەر و نەناسراو، جۆرێک لە شەرم و هەستکردن بەچکۆڵە بوونەوە و گوناه، وەک ئازارێک لە جەستەیدا پێچی دەدا. نیگای عاجزانەی منالەکانی هاتەوە بیر و ناڕەحەت بوو لەوەی کە ژوورەکەیانی زەوتکردووە، وەک بڵێی لە شیشی بدەن و ناو دۆشەکەڵە و ژێر باڵشتەکەی پڕ بن لە سوژن. پێی باشتر بوو لە ڕاڕەوەکە و لەودیو دەرگاکەوە، یاخود خۆی گرمۆڵەکا و لەسوچێکی کەنتۆرەکەی کونجی دیوارەکەدا بنوێ و جێی کەس نەگرێ. ڕۆژی سێیەم جێگەکەیان بۆ گۆڕی و ئەوسا مەهین خانم هەناسەیەکی ئیسراحەتی هەڵکێشا. دۆشەکێکی ئیسفەنجی سوکەڵەیان دایە کە شەوانە لە ژووری میوان ڕایدەخست و بەرۆژیش لەژێر قەنەفەکەدا دەیشاردەوە. جانتاکانی لەژووری موبەق دانابوو، جانتا دەستییەکەشی بۆ هەر شوێنێک لەماڵەکەدا چووبا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد. دەرگای کەنتۆرەکە لەبەر زۆری جلک دانەدەخرا و ژێر چەرپاکانیش پڕ بوون لە کەلوپەل، جێگە بۆ قاچ ڕاکێشانیش نەبوو. ئاخر مەهین خانم عومرێکی لەخانووی گەورە و ژووری ڕووە و خۆر و دیمەنی ئاسمان و هەتاو و باخ و باخچە بەسەر بردبوو، ژوورەکەی گەنجینەی خۆی هەبووە و ئەمبارەکەی سەرێ جێی سەدان جانتا و ژێر زەمینەکەش جێی باری لۆرییەک کەلوپەلی تیابۆوە، باشە... ئەم قسانە هی ڕابردوون، ژیان سەرێ و ژێرێی هەیە و نوستن لە قوژبنێکی ژووری میوانیش خاڵی لە لوتف نییە، هەڵبەت دەنگە دەنگ لە کۆڵان زۆر و وڕەی ترامێکی ژێر زەمینیی کە لەو نێزیکانەوە تێدەپەڕیی شووشەی پەنجەرەکانی دەهێنایە لەرە، بەڵام مەهین خانم لە هەمان دەقیقەی یەکەمەوە بەخۆی گوت کە ژیان لە فەرەنگستان ئاوهاییە، وەختی ناز و نووز نییە و سوپاس بۆ خودا کە لای منالەکانێتی و ژیانی دامەزراوەتەوە.

کوڕەزاکانی لەژیانیان قاییل بوون، قوتابخانەکەیان خۆشدەویست و دەستەیەک هاوڕێ و هاوپۆلی پورتوگالییان پەیدا کردبوو، جارناجار میوانداریان دەکردن و مەهین خانم ناچار دەبوو لە جێگەکەی هەستێ و بچێت لە شوێنێکی تر دانیشێ، دۆشەکەڵەکەی هەڵدەگرت

و بەدوای کونجێکی ئارامدا دەگەڕا.. لە کوێ؟ دوو ژوور ژووری نوستن و موبەقێکی درێژکۆڵە و حەمامێکی چکۆڵە و ئاودەستێک لە گۆشەیەکیدا، خۆ نەدەکرا بچێ لە ژووری کوڕ و بووکەکەی بنوێ، گەرچی کوڕەکەی داوای لێدەکرد لەوێ بنوێ و بووکە دلۆڤانەکەشی هیچی نەدەگوت، لەژووری مناڵەکانیش جێ نەبوو، دوو چەرپای بەیەکەوە لکاوو کتێب و پێڵاوو ڕەکتەی تێنس و تۆپی فتبۆڵێن لە عەردەکەدا، دەمێنێتەوە موبەق... قسەی ناوێ، ئاخر مەگەر مەهین خانم چەند بست جێگەی دەگرت؟ گچکە هێندەی منالێک بوو، لاوازو چکۆڵە و تورت لەناو باوڵ و لەژێر چەرپاکەشدا جێی دەبۆوە، شەوێکیان لەناو بانیۆی حەمامەکەدا نوست و خەویشی لێکەوت، بەڵام کوڕەکەی بەتوندی ناڕەزای دەربڕیی و لەوێ هەڵیساند و هێنای بەزۆر لەسەر سیسەمەکە، لای ژنەکەیەوە خەواندی. ئەو شەوە ناخۆشترین شەوی ژیانی مەهین خانم بوو، شەرمی لە بووکەکەی دەکرد، لەسەر لێواری سیسەمەکە ڕاکشا، هێند دوور کە ئەگەر یەک تۆزقاڵ جوولابا دەکەوتە خوارەوە، ئەو شەوە پێڵووی لێک نەنا، چەرچەفەکەی بەردەکەوت و جەستەی وەخووروو دەکەوت، هێند خۆی گرمۆڵە کردبوو کە بەتۆپێکی چکۆڵە دەچوو، گەر بەئەسپایی پالێکت پێوەنابا یەکسەر دەکەوتە خوارەوە.

بووکەکەی سێ چوار شەوێک دانی بەخۆیدا گرت و پاشان بەقسەی خۆش شووەکەی تێگەیاند کە بەردەوام بوونی ئەو وەزعە شتێکی ڕاست نییە، مەسعود (د) یش گەرچی پیاوێکی هێمن و ئاقڵ بوو، کەچی نەزانرا بۆچی بەو قسەیە تەقییەوە و ئەوسا ژن و مێرد دەمیان لەیەک گیر بوو، شتی وایان بەیەکتر گوت ئەوسەری دیار نەبوو، مەهین خانم مردو زیندوو بۆوە، نەفرەتی لەخۆی کرد کە خەتای وییە هاتووە بۆ ئێرە و ژیانی خێزانێکی شێواندووە، هەمان ڕۆژ بڕیاری ڕۆیشتنی دا.

جانتاکەی پێچایەوە، پێڵاوەکانی لەپا کردو چاکەتەکەی لەبەر کرد، لەسەر کورسی ڕاڕەوەکە دانیشت و چاوەڕێی کرد، چاوەڕێی ئەوەی کە لێدانی دڵی هێور بێتەوە، چاوەڕێی ئەوەی کە بیری ساف و هاوسەنگ بێتەوە و بزانێ بۆ کوێ بچێ! چما بگەڕێتەوە بۆ تاران؟ ئەمەیان باشترین شتە... بەڵام ئەدی لەوێ بچێ بۆ کوێ؟ بچێ بۆ ماڵی خوشکەکەی؟ واتە دووبارە دختۆر یونس خان و گەوجە گەوجییەکانی! نا... ناکرێ... ئەدی بچێ بۆ ماڵی کچە پوورەکەی؟ بیری چووبۆوە کە دوو مانگ لەوەوبەر ئەو کچە پوورەی مردووە، خەمی نوێ بۆوە و دەستی کردەوە بەگریان... ئەدی بچێ بۆ ماڵی کوڕە مامەکانی؟



ماڵی برازاکانی؟ (ئاخر برازاکانی چووبوون بۆ ئەمەریکا) ئەدی بچێ بۆ قەبرسان؟ قیروسیا، سواڵ دەکا، کارەکەرێتیی مالێن دەکا، بەس نییە لە مەملەکەتی خۆیدایە، سەر دەنێتە سەر ئەرزو دەمرێ، کەواتە لێرە نامێنێ، مەحاڵە لێرە نامێنێ.

خۆشبەختانە مونیژەی کچی مەهین خانم (کە لەفەرەنگستان بەمەگی بانگیان دەکرد) لە لەندەنەوە تەلەفۆنی کردو پاڕایەوە و تکاو ڕەجای کرد کە هەمان ڕۆژ، هەمان دەقیقە دایکی سواری تەیارە کەن و ڕەوانەی لای ئەمی بکەن. هەمان دەقیقە کە نەدەکرا ئەوە بکرێ، بەڵام هەفتەی دواتر مەهین خانمیان بۆ فڕۆکەخانە برد، مەهین خانم وەک مەلێک کە لە قەفەز ئازاد کرابێ، گیانێکی تازەی تێ هاتەوە، تەیارەکە لەماڵ دەچوو، گەرم و ئەمین و ئومان، ئاخر لەوێدا مەهین خانم کورسی خۆی هەبوو، هیی خۆی، جێگەکەی دیاری کراوو کەس بۆی نەبوو لێی داگیرکا، خۆ گەر لەسەر عەردیش یەک کورسییان بدایە، یەک بست جێگەیان بدایە کە بیزانیبا هی خۆیەتی، هیچی تری نەدەویست. بەئیشتیاوە کەوتە خواردن و نەنە خانمی بیرکەوتەوە کە بەسینیی، شێوی بۆ دەهێنا. ئاخر ئەوکات ئەم کەسێ بوو حیسێبی بۆ دەکراو سەری لەنێو سەرانا بوو، چەند دڵی بۆی سووتاو چەند گریا کاتێک هەواڵی شەهید بوونی کوڕەزاکەی نەنە خانم و شێتبوونی کوڕەکەی بیست، گەر ئەوە ڕووینەدابا ئەوا ئێستا هەموو شتەکان جۆرێکی تر بوون. مەسعود (د) دەیویست جێگەیەکی چکۆڵە بۆ دایکی بگرێ و بەنەنە خانمی بسپێرێ، ئەوە باشترین ڕێگەچارە بوو بۆ هەمووان، بۆ خۆی و بۆ دایکیشی، بەڵام کێ خەبەری لە سبەینێی خۆی هەیە؟ خومپارە کەللەی کوڕەزاکەی نەنە خانمی پێکاو دەسبەجێ کوشتی، چەند کەسێ لە سەبزەوار* ەوە هاتن و بووە قیامەت، لە کۆمیتەوە هاتن، لە دەزگای شەهیدانەوە هاتن، پیرۆزبایی و سەرەخۆشیی، نەنە خانمیان بردەوە بۆ گوندەکەی خۆی، ژوورێکیان دایە، شەهیدانەیەکیان بۆ بڕییەوە و بڕیاردرا لەهەمان جێگە بمێنێتەوە. هەموو ئەو شتانە بەر لە ڕۆیشتنی مەهین خانم بۆ ماڵی خوشکەکەی ڕوویاندابوو.

مەگی (مونیژەی جاران) دایکی لەئامێز گرت و هێند بەئەڤین و دڵتەنگییەوە بەخۆیەوە گوشیی کە خەریکبوو لە ئازارو خۆشحاڵیدا هەناسەی لەبەر ببڕێ. زاواکەشی ماچی کرد و توند توند دەستی گوشیی. دایڤید ئۆکلێ پیاوێکی باش بوو، خوێنی یەهودیی لە دەمارەکانیا دەگەڕاو خوێن گەرمییەکەشی هەر لەوەوە بوو، مەهین خانم کاتی خۆی ناڕازیی

* سەبزەوار: شارێکە لە ئێران.

بوو بەشووکردنی کیژەکەی بەیەهودییەکی ئینگلیز، حەزی دەکرد زاواکەی ئێرانی و موسوڵمان با، بەڵام ورتەی لەدەم نەهاتبووە دەر، ئاخر ئەو دەستی وەرنەدەدایە کاروباری منداڵەکانییەوە، بەڵام دڵی گوشرابوو، تا ئەو ڕۆژەی کە ڕوخسار و قیافەتی تەندروست و چاوانی کراوە و میهرەبانانەی دایڤید ئۆکڵی بینی و ئیدی بارێکی قورس لەسەر قەفەسەی سینگی هەڵگیرا. دەستی خستە نێو باسکی پیاوانەی زاواکەیەوە و پێکەنی، لەو لەحزەیەدا سەرنجی لاوازیی و چکۆڵەیی دەستەکانی خۆیدا، باڵای نەدەگەیشتە ناوقەدی زاواکەی، ڕێک هێندەی جووجەڵەیەک بوو، کێشی لە چل کیلۆ زیاتر نەبوو، لە چل کیلۆش کەمتر، ئێسقانەکانی کلۆرو قاچیشی باریک بوو وەک قەڵەم.

باران دەباری و هەوا سارد، دایڤید ئۆکڵی قەمەرەی هەبوو، جانتاکانی لە سندووقەکەی دواوەناو بەخۆشحاڵییەوە توند بەشانی چکۆڵەی مەهین خانمیدا کێشا. مەگی لەپاڵ دایکیدا دانیشت و سەری نایە سەر شانە دەردەدارەکەی، بەگوێیدا چرپاند کە ئیدی ناهێڵێ بۆ پاریس یان بۆ تاران بگەڕێتەوە، دڵی مەهین خانم لەحاست ئەو حەمکە میهرەبانییەدا کەوتە تەپەتەپ، چاوانی لێکناو خەوی لێکەوت، بەڵام چ خەونێکی نەدیت.

شوقەکەی مەگی و دایڤید لە نهۆمی چوارەم بوو، ئەو ئاپارتمانە ئاسانسۆری نەبوو، مەهین خانمیش شەکەت و خەواڵوو لەتری دەدا. دایڤید ئۆکڵی خەسووی کە وەک کا سووکەڵە بوو بەرزکردەوە و مەهین خانم زریکاندی، وەک قەڵەم خۆی ڕەپ کرد، مەگی پێکەنی، دایڤید ئۆکڵیش خۆشحاڵ و خەسووی وەک بووکەدارینە لەباوەش گرت و بەپێپلیکانەکاندا سەرکەوت. مەهین خانم چاوانی نەدەترووکاند، باوەڕی نەدەکرد، نەیدەزانی پێبکەنێ یا بزریکێنێ یاخود بگری، بەهەموو ژیانی شتی وای نەبینیبوو، بۆیە چ کاردانەوەیەکی ئامادەی بۆ قەبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو هەڵوێستە نەبوو، هەستی کرد ئەمە خۆی نییە، بەڵکو بۆتە شتێک، بۆتە گسک یان کورسییەک کە لە بازاڕ کڕیویانە. (بوون بەگسک) ئەزموونێکی نوێ بوو لەو دونیا تایبەتییەی خۆیدا.

شوقەکەی مەگی لەوی براکەی چکۆڵەتر بوو، لە ژووری نوستنێک زیاتری تێدا نەبوو، لەبری ئەوەی منداڵیان نەبوو، سەگیان هەبوو، سەگێکی گەورە و کوڵکن، سەگێک هێندەی مەهین خانم.

دایڤید ئۆکڵی پیاوێکی ماقووڵ و مەنتیقیی بوو، هەموو کارەکانی بەحیساب بوو،



نەدەچووە ژێر باری سۆزو بەزەییەوە، تێدەفکری، لە ڕوو دانەدەما. بڕیاردرا مەهین خانم لەسەر قەنەفەکەی ژووری میوان بنوێ، کە میوانیش هات بچێتە ژووری کچ و زاواکەی و لەوێ لەسەر سیسەمەکەی ئەوان ڕاکشێ – نوستوو بێدار – چاوەڕێ بکات. هەڵبەت ئەمە ڕێگەچارەیەکی ماقووڵ نەبوو، بەڵام ئەدی چارە چی بوو؟ مەهین خانم قسەی نەبوو، هەرگیز قسەی نەبووە، خۆ گەر قسەیەکیشی هەبا ئەوا دەیزانی کە وەختی گوتنی نییە، هەر ئەمەش ژیانی بۆ هەمووان سانا کردبوو.

دایڤید ئۆکڵی مامۆستا بوو، وانەی ئابووریی دەگوتەوە و تەواوی خەرجییەکانی ماڵی لای خۆی دەنووسی. مەهین خانم خۆشبەختانە هێندەی فڕوجێک بوو، هەوڵی دەدا لە مریشکێک کەمتر بخوات. مەگی دەچوو بۆ زانکۆ، لەوێ دەرسی ژمێریاریی دەخوێند، ژن و مێرد هەر لەبەیانییەوە دەچوونە دەرێ و شەوێ دەگەڕانەوە، شەکەت و تاقەتی قسەکردنیان نەبوو، خۆ گەر قسەشیان کردبا ئەوا لە بارەی گرانیی و خەرجیی ژیانەوە دەدوان. مەهین خانم پارەی پێنەبوو، هەر یەکەم ڕۆژ مووچەوانە ئاڵتوون و گوارە یاقوتییەکانی بەزۆری زۆرداریی و بەتکاو ڕەجا دایە کچەکەی تا بیانفرۆشێ. مەگی گوتبووی: "نا، مەحاڵە!" شووەکەشی گوتبووی: "قەیچێکات!" مەگی گریابوو، گوتبووی: "نا!" بەڵام پاشان قایل ببوو، هەڵبەت بەنابەدڵیی و بەڕانومایی شووەکەی.

مەهین خانم فێرببوو کە لەگەڵ خۆیدا بئاخڤێ، ئاخر زوبانی زاواکەی نەدەزانیی و (مەگی)یش ناچاربوو بەئینگلیزیی لەگەڵ شووەکەیدا بدوێ یان هەر هیچ نەڵێ. بەبێدەنگیی شێویان دەکرد، مەگی دەرس و دەوری سبەینێی ئامادە دەکردو دایڤیدیش دەکەوتە ڕۆژنامە خوێندنەوە، تەواوی لاپەڕەکانی ئەم دیو و ئەودیو دەخوێندنەوە، پاشان سێ قۆڵیی دەکەوتنە تەماشاکردنی تەلەفیزۆن، بەرنامەی زانستیی یان کلتووریی، باس و وتووێژ و مەهین خانمیش واقوڕماوو ڕاماو، نە هیچی دەبینی و نە لەهیچیش حاڵیی دەبوو، لەنێو یادەوەرییەکانی خۆیدا نوقووم دەبوو، لەکات و شوێنێکی تر. بەڕۆژیش هەر بەتەنیا بوو، ماڵەکەی گسک دەدا، بەدوو ئینجانەی سەر قەراغی پەنجەرەکەوە خۆی خەریک دەکرد، بەسەعات لە بارانی بەردەوام و ئاسمانی تاریکی شاری دەنۆڕیی، لە سەگەکەی دایڤید ئۆکڵیش دەترساو زۆربەی کات تا کچەکەی دەگەڕایەوە لە ژووری نوستن دەمایەوە، هەندێ جار دەچووە دەرێ، گەر باران وچانی دابا ئەوا لە باخچەکەی بەرامبەر دادەنیشت و لە سەرمادا هەڵدەلەرزی. زستانێکی تووش بوو، سەرما کاری لە مەهین خانم

کرد، یەکەمجار قورگی هەوی کردو پاشان سینگی، وای چ قایم دەکۆکیی! وەک بلێیی دڵ و ڕیخۆڵەی بیانەوێ بێنە دەرەوە، لە هەمووشی ناخۆشتر دەنگی کۆکینەکەی بوو کە خەوی هاوسێکەی ئەودیویانی زڕاندبوو، هاوسێکەیان بەمشت بەدیوارەکەیدا دەماڵی و مەهین خانمیش سەری لەژێر سەرینەکە دەناو چمکی چەرچەفەکەی دەترنجانە دەمی و هەناسەی لەخۆ دەبڕی.

کە بەهار هات هەموو شتێ گۆڕا، چەند تاڵە ڕووناکیی و هەتاو لەودیو هەورەوە وەدیارکەوتن و دڵەکان کرانەوە. دایڤید ئۆکڵی سێ ڕۆژ مۆڵەتی وەرگرت و ژن و خەسووەکەی بۆ پیاسە و گەڕان برد. ئەو ماوەیە خۆش ڕایانبوارد، مەگی حەپ و شروبی مەقەویی بۆ دایکی کڕی و مەهین خانم دوو کیلۆیەک گۆشتی گرت و لەتوێی دڵا شوکری خودای کرد، بەڵام هێشتا سوپاسەکەی تەواو نەکردبوو کە هەمدیس نەخۆشکەوتەوە.

هێشتا ئەووەڵی هاوین بوو، دایڤید ئۆکڵی دوو مانگی هاوین دەچوو بۆ لای پووری، نەدەکرا مەهین خانمی بردبا بۆ ئەوێ، دەشبوو ئەو دوو مانگە شوقەکەیان بداتە کرێ تا پارەکەی شتێک لە خەرجییان بۆ پڕکاتەوە، بەتایبەتیی خەرجی خەسووشی هاتبووە سەرو لانی کەم بەو پارەیە ئەو خەرجییە قەرەبوو دەبۆوە. ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی کە مەهین خانم بۆ پاریس بۆ لای کوڕەکەی بنێرنەوە، خێرا ئەم بڕیارەیاندا، بەبێ ڕاوێژکردن بەمەسعود (د). مەهین خانمیان سواری تەیارە کردو تەلەفۆنیان بۆ مەسعود (د) یش کرد کە وا دایکت بەڕێوەیە. چ وەختێکی ناجۆر بوو! مەسعود (د) گەرچی بەهاتنەوە و بینینی دایکی خۆشحاڵ بوو، بەڵام بەتایبەتیی لەو کاتەدا نەیدەتوانی لای خۆی گلی بداتەوە، هەر کاتێکیتر با پێڵاوی لەسەر چاوان بوو، بەڵام لەو وەختەدا نەدەکرا، ئاخر هاوینە و هەمووان دەچن بۆ باشووری فەڕەنسە، پارەی ئوتێل و کرێ خانووی سەر زەریایان نییە، ڕەشماڵ هەڵدەدەن، لە قەراغ زەریا و لە بیابان... نا... لە دارستان یاخود لە دەشت... جیاوازیی چییە؟ لەبەرئەوە بردنی مەهین خانم مەحاڵ بوو، ئەوسا خوشک و برا بووە دەمەقاڵێیان، دایڤید ئۆکڵی چەند ڕێگەچارەیەکی شک دەبرد، هەمووان ئەقڵیان خستە سەریەک و بڕیاردرا کە مەهین خانم هەمدیس بۆ لەندەن بگەڕێننەوەو شتێکی بۆ بکەن تا هەر لەوێ بمێنێتەوە.

گەرچی هەوڵیان دەدا قسە و باسەکانیان نزم و هێواش بێ و دایکیان گوێی لێ نەبێ، بەڵام مەهین خانم دەیبیستن و نووکی پێی لە عەردەکە گیر دەکرد تا بەڵکو کون بێ و



ڕۆبچێتە ناوی، خۆی دەبینی بۆتە شتێکی زیادە و ئەمدەست و ئەو دەستی پێدەکرێ. مەهین خانم سەرەگێژەی پێکەوتبوو.

فەیروزە خانم هاوڕێیەکی نێزیکی مەگی بوو، دوکانێکی چکۆڵەی جلک شتنی هەبوو کە خۆی پێ دەژیانن، داوای یارمەتییان لەو کرد. فەیروزە خانم ژنێکی ڕووخۆش و قسە خۆش بوو، پێیی گوتن خۆیشی لە ژوورێکی چکۆڵەدا دەژی و ناتوانێ کەس لای خۆی گل بداتەوە، بەڵام ئەمبارێک لە پشت دوکانی جلک شۆرییەکەیدا شک دەبا، گەرچی پەنجەرەی نییە بەڵام گەرم و ئەمینە، دایڤید ئۆکڵی قایل بوو، مەگی ناڕەحەت بوو، بەڵام چارەی تری نەبوو، هیچی نەگوت، مەهین خانمیش قایل بوو، دەیویست هەرچی زووترە کۆتایی بەو کێشەیە بێت.

ژوورەکەی پشت دوکانی جلک شۆرییەکە شێدارو نیوە تاریک بوو، یەکەمین شەو مەهین خانم تا بەیانیی گریاو لەخودا پاڕایەوە بیمرێنێ. لەخۆی پرسی ئەرێ ئەوە چ شتێکە کە ئاوها ئەمی بەژیانەوە گرێداوە و ئەو هێزەی لە کوێ بوو؟ بۆی دەرکەوت ئەوە ئەڤینی منالەکانێتی ئەمی ئاوها بەژیانەوە گرێداوە. نەزری کرد ئەو ئەڤینە لەدڵیا نەمێنێ و ئیتر بۆ خۆی ئیسراحەتکا.

فەیروزە خانم ژنێکی نازەنین بوو، دەیتوانی ناوبژیوانیی دە پیاو بکا، مێردەکەی لە تاران دەژیا، مێردێکی ماتەم زەدەی تریاکیی، ساڵێ جارێک بەپارەی ژنەکەی دەچوو بۆ فەرەنگستان، مێردێکی دەم بەپرتە و بۆڵە، دەم بەشکایەت لە ئەرز و لە ئاسمان، مێردێکی ئاوساوی دەست و پێ سپیی، پێشتر کەسێک بووە یان خۆی پێیی وابووە کەسێکە خوێندەوارو ئەهلی کتێب و تەرجومە، بەیەکەمین گورزی زەمانە ئەژنۆی شکا بوو، پەرێشان و نائومێد ببوو، فەیروزە خانمیش شێرە ژن بوو، حەوسەڵەی منگە منگ و پرتە و بۆڵەی نەبوو، منالەکانی ڕەوانەی ئینگلیستان کردبوو، دواتر خۆیشی هاتبوو بۆ ئەوێ و قۆڵی ئیشکردنی لێ هەڵ ماڵیبوو. فەیروزە خانم ژنێکی ئازاو بەماریفەت و بەرامبەر خەڵکانی دەوروبەری میهرەبان بوو، یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کە شایانی یارمەتیی بوون. هەر کە چاوی بەمەهین خانم کەوت - شیرین ڕوخسار، چاوانێکی هەنگوینیی خەمگین - شەیدای بوو. بازاڕی بۆ دەکرد، بەهانایەوە دەچوو، لە دوکانی جلک شۆرییەکەیدا دایدەنیشاند، کتێب و ڕۆژنامەی فارسیی بۆ دەهێناو سەرگەرمیی دەکرد.

کەریم خانی برای مەهین خانم لە کەنەدا دەژیا، خاوەنی پارە و خانوو، تەنانەت

باخچەیەکیشی بەچەند دانەیەک باڵندە و کەروێشکەوە هەبوو. لە ڕێگەی خەڵک و خواوە هەواڵی وەزعی خەراپی خوشکەکەی پێگەیشت و کردییە هەرا، ئەو هەواڵە هێند کاری تێکرد کە نامەیەکی پڕ لە گلەیی و جنێوی بۆ خوشکەزاکانی نووسی (دەشێ زیادەڕۆیی لەو نامەیەدا کردبێ، بەڵام ئیدی بەدەست خۆی نەبوو) لە نامەکەدا ئەمری پێکردن کە پێداویستییەکانی سەفەر بۆ خوشکەکەی جێبەجێکەن، ئەم خۆیشی ناسیاوێکی لە باڵیۆزخانەی کەنەدا هەبوو، بەهۆی ئەوەوە ڤیزای بۆ مەهین خانم وەرگرت. بلیتی تەیارەی بۆ ڕەوانە کرد، کە مەسعود (د) یان مەگیش ویستیان شتێک بڵێن، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ کردن و کارێکی باشی پێکردن، ئاخر لەوەوە کە سەرگەورەی خێزانەکە بوو کەسیان نەیاندەتوانی لەقسەی دەرچن.

سەرەتای زستان بوو کە مەهین خانم بەرەو کەنەدا کەوتە ڕێ، خۆشحاڵ بوو بەوەی وا ئەمجارەیش، بەڕێگەیەکی وا درێژدا کەوتۆتەوە نێوان عەردو ئاسمان، وای... مەهین خانم چ کەیفێکی هەبوو! لای پەنجەرەکەوە دانیشت و چاوانی بڕییە ڕووناکیی تەنکی دەرێ، جێگەکەی گەرم و ئەمیش ئەوەی دەویست کە کونجێکی پارێزراوی لە دەسدرێژی خەڵکان هەبێ. مەهین خانم تای هەبوو، هەتاو خۆی لەودیو شووشەی پەنجەرەکە هەڵدەسوو، بۆ لەحزەیەک خەوی لێکەوت، سەری کەوتە سەر سینگی، بەئاگابۆوە، پێڵووەکانی نیوە کراوە و نیگای تا کۆتایی ئاسۆ دەڕۆیشت، تا کۆتایی ئەو ویسعەتە مەزنە کە تا ئەوپەڕیی ڕاخرا بوو، ژێریشییەوە دەشتێک بوو لە هەوری سپی، ڕووناک، سووکەڵە، پاقژ... وەک خەونێکی مەلەکوتیی، خەونێکی بێ خایلەی فریشتە خۆشەویستەکان.

کەسێک بەگوێیدا چرپاند، نەفەرەکەی لایەوە بوو، گوێی لێ نەبوو، سینی خواردنەکەی نەویست و ڕووی وەرچەرخاند، ڕوخساری بەشووشەی پەنجەرەکەوە نووساندو ڕۆشنایی خۆر ڕژایە چاوە سیحراوییەکانییەوە، هەستی کرد هەزاران ئەستێرەی چکۆڵە لەتوێی بیرو خەیاڵاتەکانیا دەدرەوشێنەوە و چرایەکیان لەناخیدا پێکردووە.

ئاسمان سەراپا شین، بەبێ پەڵەیەک هەور، بەبێ لەکەیەکی ناقۆڵا یان شەپۆلێکی ناهاوسەنگ، ڕۆچووبووە دوایین سنوورەکانی ئەندێشەوە تا سەرەتای شتەکان، تا ئەوسەری فیگۆرە ڕۆژانەیی و پێوانە باوەکان. مەهین خانم خۆی بینی تەمەنی دوانزە ساڵانە و لە باخەکەی دەماوەنددا سەرگەرمی یارییە، بەفر دەبارێ و سەرپەنجەکانی بەبەرکەوتنی توێژاڵی تەنک و قرچۆکی سەهۆڵ دەتەزێن، لە بارینی سەرنجڕاکێشی بەفر



دەنۆڕێ، لە ئاسەواری ڕەنگ خۆڵەمێشیی ئاسۆ دەنۆڕێ و هەستدەکا پێی لە عەرد بۆتەوە و بەرەو ئاسمان دەفڕێ، مەهین خانم شێت و شەیدای ئەم گەمەیە بوو، کە پیرییش بوو ئەم گەمەیەی هەر بیر نەچۆوە، لە پاڵ پەنجەرەکەدا دادەنیشت و نەنە خان چا و نەواتی بۆ دەهێنا، ئیدی هەردووکیان وەک ئەوەی جنۆکە دەستی لێوەشاندبن، لە سپێتیی ڕەهای دەرەوەیان دەنۆڕیی و هێور هێور خەو دەیبردنەوە، نیوەشەو خەبەری دەبۆوە، دەیزانی کە بەفر هەر دەبارێ و گوێی ڕادەدێرا، هەموو شار نوستبوو، هەموو شار بەستبووی، شار لە ماڵێک دەچوو چۆڵ و هۆڵ کە ئەشیاکانی لەژێر چەرچەفێکی پاک و تەمیزدا شاردرابێتەوە، جگە لەبێدەنگیی ئەفسوناویی فەزا، بێدەنگییەکی لێواولێو لە هیچ، تژیی لە ئامادەیی خامۆشی خودا، چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا.

مەهین خانم بەدرێژایی ڕێگە تای هەبوو، شەلاڵ بوو لە ئارەقە، ئارەقەیەکی خۆش، دانیشتبوو لەپاڵ پەنجەرەکەداو هێند دیمەنی دەرەوە ئەفسوون و خوماری کردبوو، بیری نەدەکەوتەوە کێیە و لە کوێیە، وەنەوزی دەدا، خەونی دەبینی، وەئاگادەبۆوە، دەیڕوانی، یادەوەرییەکانی وەبیری خۆ دەهێنانەوە و هەمدیس دەکەوتەوە ڕێ، سەمای دەکرد، لەنێو بەفردا بوو، لە ناوەڕاستی ئاسماندا خلیسکخلیسکێنەی دەکرد، جۆلانەی دەکرد، لە هەموو شوێنێکدا بوو، لە زەمەنی جیاواز جیاوازدا، لەیەک لەحزەدا هەزارەها وێنەی خۆی دەبینی، یان پەرتەوازە لە فەزادا، یاخود بەڕێز مەهین خانمی جۆراوجۆری لەدوای یەکەوە دەبینی، مەهین خانمی پیرو منداڵ و جحێڵ لەم ژیانەداو لە ڕۆژەکانی تردا. ژنێک بەتوانایەکی بێ کۆتاییەوە، گرێدراو لەگەڕانەوەیەکی ئەبەدییدا، یەکەم جار بوو کە مەهین خانم بیری لای منالەکانی و لای خەڵکانی سەر عەرد نەبێ، بیری لای فەرشە تەورێزییە گەورەکە و بیری لای شاڵەکانی نەبێ، بیری لای ماڵەکەی نەبێ لە شەقامی پەهلەویی و بیری لای یادەوەرییەکانی سەر عەردی نەبێ.

بە ژوور هەورەوە بوو، ویسعەتی مەزن هێور هێور دەچووە جەستەیەوە و لەوسەری ڕۆحیدا ڕۆدەنیشت، شێدارو داهێزراو وەک گەرمای دڵڕفێنی پاییز خۆی تێ دەئاڵان و تەونی بەدەوریدا دەکردو چەتری لەسەر هەڵدەدا، وەک بڵێی لە زگی دونیادا بێ، پارێزراوو لە ئەماندا، لەودیوی زەمەنەوە بێ.

کەریم خان، نائارام چاوەڕوانی گەیشتنی خوشکەکەی بوو، بڕیاری دابوو لای خۆی گلی بداتەوە و لە بێباکیی خوشکەزاکانی شەرمەزار بوو. هەر کە چاوی بەمەهین خانم کەوت دایە خوڕەی گریان، ئاخر ئەم خۆیشی هەر دڵتەنگ و دوور لە کەسوکار بوو، ڕۆژی هەزار

جار هەوای نیشتیمان لە کەللەی دەداو خۆی ژێوان دەکردەوە، ئیدی بینینی خوشکیش بەو پیریی و تێشکاویی و سەرگەردانییەوە خەمی نوێ کردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "تف لە غەریبیی!" بۆ چرکەیەک بەسەریدا هات بگەڕێتەوە، لەوێ باخ و موڵکی هەیە و بۆ خۆی دەچێتەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆی و لەگەڵ مەهین خانمدا دەژی، ئاخر ئەوو مەهین خانم نێزیکی یەکتر بوون، پێکەوە گەورە ببوون و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەعومردا نەبوو، کە مەهین خانمی بینی ترسا، وای .. چەند لاوازو پیرو واقوڕماو بوو! دەڕوانێ بەڵام نابینێ، هۆش و گۆشی بەخۆی نییە، کاتێ کە دەستی گرت ڕاچڵەکیی، ئێسکێکی گەرم و هیچی تر، قسانی لەگەڵ کرد، قسەکانی نەدەژنەفت، وەڵامی سەیرو پچڕ پچڕی دەدایەوە، ئەوسا کەریم خان پەشۆکاوو بزڕکاو، خوشکەکەی لەئامێزگرت و ماچی کرد، هەستی بەپیریی خۆی کردو دڵی تاریک داهات.

گەیشتنە ماڵ، کەریم خان مەهین خانمی لەسەر سیسەمێکی گەورە خەواندو دختۆری هێنایە سەر، تەلەفۆنیشی بۆ خوشکەزاکانی کرد، لە بارەی وەزعی دایکیانەوە قسانی بۆ کردن و دڵنیای کردنەوە کە هۆی ئەوە ماندوویی ڕێگە و بێ خەوی و گوشاری خوێنە، هیچ جێی مەترسی و نیگەرانیی نییە و ئەوسا کەوتە دڵنەوایی کردنی خوشکەکەی، پەرۆش و شپرزە و هێند قسانی هەبوون کە نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکا. چما لە بارەی ڕۆژانی زووەوە قسانی کردبا ؟ لە بارەی ڕۆژانی منداڵییەوە؟ لە بارەی دوێنێ و پێریوە؟ لە بارەی خۆی و بڕیاری ناکاوی گەڕانەوەیەوە بۆ نیشتیمان؟ پێدەکەنیی، خۆشحاڵ بوو، باوەڕی نەدەکرد بڕیاری گەڕانەوەی دابێ، ئەم خۆشحاڵییە کوتوپڕەی لەچاوی خوشکەکەی دەناسی، خۆیشی نەیدەزانی چۆناوچۆنی ئەو خەیاڵە داوێتیی لە کەللەی، دەشێ بینینی قڵافەتی مات و ئامادەیی سەرگەردانی خوشکەکەی ئەمی ڕاچڵەکاندبێ، لە چاوانی ڕاماوی مەهین خانمی ڕووانی و ترسا، چاوانێک کە وەک بڵێی چۆڵ بن لە یادەوەریی ئاشناو بیرو خەیاڵاتی ماقووڵ، غوربەتی لەو چاوانەدا بینی و لە قوڵایی دڵەوە لەرز دایگرت، تازەکیی پەی بەوە برد کە چەندێک بێ کەسوکارو تەنیایە، تازەکیی پەی برد بەوەی کە ژێر پای چۆڵە و وەک موسافیرێکی غەوارە لەویستگەیەکی ساردو خەمگیندا، ئامادەبوونێکی کاتیی و زوو تێپەڕی هەیە. دەستی مەهین خانمی گرت و ماچیکرد. پێیگوت: "دەربەدەریی و بێ ماڵ و حاڵیی تەواو!" پێی گوت: هەر کە تەندروستیی هاتەوە سەر خۆی بەیەکجاریی دەگەڕێنەوە. مەهین خانم پێڵووی لێکنا، بینی لەپاڵ پەنجەرەی تەیارەدا دانیشتووە و ویسعەتی شین بانگی دەکات، خەوی لێ کەوت و هەمدیس ئاسمانی لە خەوندا بینی کە وەک زەریایەکی بەخوڕ بەرەو پانتاییەکانی ڕووناکی بوون ڕێی دەکرد،



خۆیشی نەیدەزانی چەندێکە نوستووە، تینووی بوو، هەستایە سەر پێ، ئەژنۆکانی دەلەرزین، کەریم خان لەماڵ نەبوو، لەم لاولای خۆی ڕووانی، نەیدەزانی لە کوێیە، ڕۆشناییەکی دڵڕفێن لەودیو پەردە تۆڕییەکەی پەنجەرەکەوە دەڕژایە ژوورێ، زیاتر چووە پێشێ، دەستی بەلێواری کورسییەکەوە گرت، ڕاوەستا تا هەناسەیەک وەرگرێ، دوو هەنگاوی هەڵێناو مەزەندەی کرد کێوەکە هەڵکەندراوە، ئارەقە بەخوڕ بەڕوخساریدا دەهاتە خوار، بەدەستێکی لەرزۆکەوە پەردەکەی لادا، لەدەرەوە بەفر دەبارییی، گوێی ڕادێرا، هەمان سکوتی بانگێشتکارانەی دێرین. نەنە خانم چا و نەواتی بۆ هێنابوو، لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستا، دەگریا، ئاخر کوڕەزاکەی شەهید ببوو، دەچوو بۆ سەبزەوار، مەهین خانم پێی گوت: "نەنە گیان، ڕاوەستە پارەت بدەمێ بۆ ڕێگە!" دەستی خستە سەر دەسکی دەرگاکە، شەکەت ببوو، دەیویست دانیشێ، بەدوای جێگەکەیدا دەگەڕا، میوانداری تەیارەکە تەماشای بلیتەکەی کرد، کزەیەکی سارد لە ڕوخساریدا، لەرزی لێهات، بەفر دەباری، بەفرێکی چڕ هەر کلووەی هێندەی ژێرپیاڵەیەک، چووە پێشتر، پێی هەڵخلیسکا، تەیارەیەکی سارد بوو، جێگایەکی پەیدا کرد لێی دانیشێ، زیاتر چووە پێشێ، شەقامێکی سپیی لەبەردەمیدا ڕاخرابوو، پروشەی بەفر دەچووە چاوانییەوە، کێوی دەماوەند، بەرز و تۆکمەو شکۆدار، لەدوورەوە تەماشای کرد، شکۆمەندییەکەی لە شکۆمەندیی باوکی دەچوو ئەو دەمەی لەسەر بەرماڵ بۆ نوێژکردن ڕادەوەستاو (با) خۆی دەکرد بەژێر عەباکەیدا. لەو ساتانەدا پێدەچوو باوکی سەری لە ئاسمانا بێ و پای ڕەگی بەعەردا ڕۆ بردبێ. چەند خۆش بوو ئەو کاتانەی کە لەپاڵ ئەو کێوە بڵندە ئەفسوناوییەدا دەژیا، ئەو کێوە بڵندە ئەفسوناوییەی کە سەری دابووی لەئاسمان. ئەم پیاوە لەنێوان دوو عامودی مەڕمەڕیدا ڕاوەستابوو بۆ نوێژی نیوەڕۆ، لەگەڵ سێبەرەکەیدا دەچوو بۆ ئەوپەڕی دونیا، چ کەیفێکی هەبوو ئەو کاتانەی کە دەچووە ژێر عەباکەیەوە و سواری کۆڵی دەبوو، بەسەر بڵندترین ترۆپکی دونیاوە بوو، لەسەروو عەردو لەسەروو خانووی چکۆڵەی قوڕو بەژوور مرۆڤی چکۆڵە و کورتەبنەوە کە هەر هێندەی مێروولەیەک بوون.

لەپەنجەرەی تەیارەکەوە تەماشای کرد، هەمان دیمەنی بینی و پێی وابوو هەمدیس باوکی کردوویەتییە قەڵاندۆشکانی و دەستی کەسی ناگاتێ، نە دەستی دایکی کە سزای بداو سەرزەنشتی بکا، نە دەستی خانمی مامۆستای ماتماتیک کە لە بارەی زەرب و بەشە ناکۆتاکانەوە بۆی بدوێ، نە دەستی حەسحەسەکەی کۆڵان کە گوێچکەی ڕاکێشێ، نە دەستی مێردەکەی کە بیچەوسێنێتەوە و قەهری بدا، نە دەستی منداڵەکانی کە هۆگری بن و بەلەزەتێکی ئاژەڵانەوە گۆشتی بجوون و خوێنی بخۆنەوە، نە دەستی خەڵکانی تر کە

پێوەری ئەخلاقی و فەلسەفەی مێژوویی بۆ دانێن و سەری بەکێشی قورسی وشەکان بئاخنن و بەڕاستەو پڕگاڵی ئەندازە پەک کەوتووە ماتماتیکییەکان مەرزی ڕوانین و سنووری شعوری مەزەندەکەن.

کەسێ بانگی کرد، دەشێ دەنگەکە لەودیو کێوی دەماوەندەوە بووبێ، ڕایکرد، سوڕایەوە، بەشەقامێکی دەستەچەپدا داگەڕا، شەقامێکی پڕ لە بەفر، خەریکبوو لەتاو گەرما دەسووتا، پاڵتۆکەی داکەند، قۆپچەکانی کراسەکەی کردنەوە، سەری ڕووەو ئاسمان هەڵبڕیی، گەمەکانی مناڵیی بیرکەوتنەوەو پێکەنی، بەفر دەڕژایە دەمی، بەفرێکی بەتام بوو، سەیری کرد.... سەیری کرد، دیقەتی دا، بێ ئەوەی پێڵوو بتروکێنێ، پای لە عەرد بڕوە، پەڕی بەفر بەفەزادا داکوترا بوو، ئەمیش بەرەو سەرێ دەچوو، ئیدی لە ئاسمان بوو، بەژوور هەورەوە، کێوی دەماوەندی بینی، کێوی دەماوەند لەژێرییەوە بوو، کورسییەکی گەورەی لەدارگوێز دروستکراویان لەسەر ترۆپکەکەی بۆ دانا، شاڵێکی مەخمەڵی سووریشیان - لە هەمان ئەو شاڵەی کە لە ژوورەکەی باوکیدا بوو - دابوو بەسەر کورسییەکەدا، میوانداری تەیارەکە جێگەکەی پێشان دا، جێگە تایبەتییەکەی خۆی، دانیشت، هێندەی مناڵێک دەبوو، لەنێو کورسییەکەیدا ڕۆچوو، عەباکەی باوکی لەخۆوە پێچاو ڕوخساری بەپەنجەرەکەوە نووساند، ئاسمان یەک پارچە شین بوو، زوڵاڵ وەک سەرچاوەیەک لە ڕووناکیی، ویسعەتی مەزنیش کراوە و سەخی و شکۆمەند. گوێی ڕادێرا، جگە لە دەنگی بارینی بەفرو خامۆشیی شیرینی مەرگ چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا.

***

مەسعود (د) گوناهەکەی خستە ئەستۆی خوشکەکەی و ئەوی بەکەمتەرخەم زانی، خوشکەکەشی گلەیی لە خاڵە کەریمی کرد. دایڤید ئۆکلێ گوتی: "ئەم جۆرە شتانە زۆر ڕوودەدەن!" لەوەشەوە کە لەزانکۆ دەرسی دەگوتەوە، لە بارەی یاسای عیللەت و مەعلوولەوە قسانی کردو ئاماژەی بەئەحکامە مێژوویی و ئابوورییەکاندا. فەیروزە خانم دڵی بۆی سووتاو پاشان بیری چۆوە، خەڵکانیتریش زۆریان لەخۆیان کرد تا چیرۆکەکەی مەهین خانمیان بیر نەچێتەوە، بەڵام دواجار بیریان چۆوە.

ئەدی چما لەو هەموو گرفتاریی و بەدبەختیی و ڕاکەڕاکە و شەکەتییەدا، چما لە زەمەنی جەنگ و غەریبیدا، دەکرا بونیادەم هیچی بیر بمێنێ؟

مەهین خانم باش لەمە گەیشتبوو... سوپاس بۆ خودا کە وی ژنێکی بەشعوربوو.

***



## سەفەرە گەورەکەی ئامینە

ڕاگرتنی کارەکەری بیانیی (بەر لە شۆڕش) - فیلیپینی، هیندیی، ئەفغانیی و جار بەجاریکیش فەرەنگیی، شتێکی نوێ بوو، بەدەر بوو لە دابونەریتی کۆن، وەک هاتنە ناوەوەی وشەیەکی غەوارە بۆ نێو زوبانێکی باو. وەک پیتێکی ناچارو زیادە کە بەچ شتێکەوە نالکێ و چ جێگەیەکی لە ئیعرابدا نییە.

ئامینەی بەنگلادیشیی، بەپرچی ڕەش و ددانە سپییەکانییەوە، بەڕوانینی بزرو پێڵووە قورسەکانیی لەچێژی خەونێکی شاراوەدا، لە باشووری بەنگلادیشەوە هات و هەر لە ئەکتەرێکی چاو بەخوماری نێو فیلمە هیندییەکان دەچوو. خاوەن پێکەنینێکی ساخ و غەریزیی، جەستە خەواڵوو و تەمبەڵەکەی تژیی بوو لە کەشم و نەشمی شەرمنی ژنانە. دەیزانی کە چاوەکان لە دووی ڕادەکەن و ڕوانینەکان لە زاری شیرین و جەستە گەرم و ساخەکەی ڕاماون، چ جای بەو جلکە ڕەنگاوڕەنگەیەوە، ئاوریشمی شەرابی و سەوز بەداوێنی بریقەدارو گوڵی وردی ئاڵتوونییەوە. دوو ساڵ بەسەر هاتنیدا تێدەپەڕی و بەفارسییەکی ڕەوان قسانی دەکرد. بەختەوەرو ئاسوودەخەیاڵ، چ بەلایەوە کێشە نەبوو کە لە کوێیە. لەسەر کارکردن لە شارگەلی بیانیدا ڕاهاتبوو. ئەوە ئێمە بووین کە بەسەرسوڕمان و دوو دڵییەوە تەماشای ویمان دەکردو لەقووڵایی دڵە پڕ لە گومان و بەپارێزەکانمانا لە ئامادەیی توخمێکی نائاشنا (لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەر زارەکیی گوێمان لێ دەخەواند) ناڕەحەت و ناقایل بووین. ڕووداوێکی دەرەکیی دزەی کردبووە ژیانمانەوە - ژیانی ئێمە و زۆر کەسی تر - و ئیدی ئەو گۆڕانە چکۆڵەیە، ئەو ڕووداوە هاکەزاییە، نوقڵانەی بۆ هاتنی بێ سرتەی ڕووداوگەلی ترسناک لێدەدا. وەک بڵێی دەستێکی نەبینراو دەرگای شاری کردبێتەوە و شاڵاوی واقیعییەتێکی دەرەکیی، یاسای ماقووڵی خێڵی

خستبێتە بەر هەڕەشەوە.

ئامینە لە دونیای بێدەنگی خۆیدا و خایلەگەل و حەزەکانی، لە سنووری دڵ و یادەوەریگەلێکی هێندەی پەنجەژمێرێک تێپەڕی نەدەکرد. مێردێکی هەبوو بەناوی (ڕاجا) کە ژن و منداڵی هەبوون - ژنی یەکەمی و کوڕە گەورەکانی - و ڕاجا سی ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو. ماڵەکەی، بەقسەی ئامینە، هەشت ژووری تێداو فەرش لە هەموو ژوورەکانا ڕاخراوو فەرشەکان هی ژنی یەکەمی بوون. قاپ و قاچاخ و پەردە و باڵشتە مەخمەلەکانیش هەر هی ئەو بوون، خودان ڕاجای ڕیوەڵە و ڕەشتاڵەش، بەقژە چەورو لێوە شین هەڵگەڕاوەکانییەوە، هەر هی ویی بوو.

وێنەی کچەکەی پێشاندام - شەش حەوت ساڵە، ڕەش داگەڕاو، لەڕو لاواز، بەملی باریک و قژە لوولەکەیەوە، بەددانی گەورە و چاوانی ئەبڵەق بوویەوە. بەچاوانی خەمینی خەڵکانی گەورەوە. ناوی شەلیمە بوو، لە تەواوی مناڵە سواڵکەرە هیندییەکان دەچوو، پا پەتی و برسیی.

ئامینە شێت و شەیدای خەو بوو، خەوی قووڵیی دە سەعاتیی، وەک ڕۆچوون لە بێ هۆشیدا. بەیانیان مەندو حەپەساو، وەک کەسێکی گەڕاوە لە دونیایەکی تر، خەمین و ناچار، هەڵدەساو جەستە گێژو ون بووەکەی، لۆژ لۆژ، لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور بەدوای خۆیدا کێش دەکرد. ڕۆحی بزرو چەند سەعاتێکی دەخایاند تا حەواسە پەرتەکەی جڵە و دەکردەوە. دەبوو دەستیمان بەکارێکی واقیعیی وەک هەڵخستنی جلک بەتەنافدا، یان گسکدانی فەرشی تۆزو خۆڵاویی گرێ دابا، تا گەڕابایەتەوە بۆ زەمەن و شوێنی واقیعیی خۆی و ئیدی بزانێت کێیە و لە کوێیە. چەند گۆڤارێکی سینەمایی هەبوون، پڕ بوون لە وێنەی ئەکتەر و ستران بێژە هیندییەکان. لەژێر سێبەری درەختێکدا لە باخەکە دادەنیشت و بەشەیدایی بوونەوەرێکی ئەفسوون بووەوە، لەو وێنانە ڕادەما. گەر بانگیان کردبا، گوێی لێ نەبوو، هامشۆی خەڵکیی نەدەبینی. لە جێگایەکی تر بوو، جێگایەک لەودیو واقیعییەتە خەمگینە ڕۆژانەییەکانەوە، لەدەرەوەی دەستی خودان ڕاجاو شەلیمەی سواڵکەرو لە دەرەوەی دەستی ئێمە.

ئامینەی خەیاڵ بڵاو، دانیشتوو لەچیمەن و لەژێر سێبەری دار بیدا، پا پەتیی، شل و شۆڕ، نیوە بێدار، خەزێمێکی سەوز، وەک خەیاڵێکی تەنک، لەگۆشەی کەپوویدا دەدرەوشێتەوەو مەچەکە جحێڵەکانی پڕن لە موچەوانەی ڕەنگاوڕەنگ - موچەوانەی



شووشەیی، هینی منداڵان. قاپەکانی نیوەڕۆی شتووەو جلکەکانی لەتەنافەکە کردوونەتەوە. تاقەتی ئیش کردنی نییە، خەیاڵی لای وێنەکانی ناو گۆڤارەکەیە، دڵی لای فیلمی خەیاڵیی و عاشقانەیە، فیلمی پڕ لە دیمەنی گریاناویی و ڕووداوی عیبرەت ئامێز. خۆی دەبینێ پاوانە لە پا لەکاتی ڕاکردنایە بەسەر گردۆڵکەکانداو خەریکی چڕینی گۆرانییەکی خەمینە.

کەسێک بانگی دەکات. گوێی لێ نییە. خەیاڵی لە جێگایەکی ترە. بیری چۆتەوە کە دەبێ قاپەکان بشوات، بیری چۆتەوە کە دەبێ ژوورەکان گسک بدات و مناڵەکان بخەوێنێت. بیری چۆتەوە کە ئەو کارەکەرێکی بیانییەو دەبێ هەموو سەری مانگێک مووچەکەی بۆ شووەکەی، بۆ خودان ڕاجا بنێرێتەوە. تەنانەت بۆ ساتێکیش شەلیمەی لەڕ و لاوازی لەبیر کردووە و حەوسەڵەی ڕابردووی نییە. ئامینە، لە دونیای خەیاڵدا، ئەکتەرە. وێنەکەی لە گۆڤارەکاندایە. لەپشت ڕاجاو شەلیمەی ڕەشتاڵەو باوکە سواڵکەرەکەیەوە ڕاوەستا وەو لەساتەوەختگەلی بەختەوەری کاتییدا ڕۆچووە.

ئامینەی خەیاڵ بڵاو، بەگۆرانیگەلی سرک و حەزی مەحاڵەوە، دەتوانرێ چیی بۆ بکرێت؟ گەر مێردی نەبا (مێردێک کە کڵاوی ناوەتە سەری و قازانجی لێ دەکات)، ئەگەر کیژێکی ڕەش داگەڕاوو لەڕو لاوازی نەبا (شەلیمەی بێدەنگ و ئارام کە قسەی چکۆڵەو خەفەتە گەورەکانی دەرنابڕێ)، ئەگەر باوکی سواڵکەر نەبا (سواڵکەری فەرمیی بەکارتی شایستەی سواڵکەرییەوە) و سەد ئەگەری تریش، ئەوا ڕەنگبێ لە جێی کارەکەریی لە شارگەلی غەوارەدا، بکەوتایەتە شوێن حەزەکانی دڵی و سەری لە سینەما دەرهێنابا. ڕەنگبێ.

هەر جارێ کە ئاوها لەسەر ڕێوە دەرگای ژوورەکەی دەکەمەوە، دەبینم لەبەر ئاوێنەکەدا ڕاوەستا وەو قسان لەگەڵ خۆیدا دەکات. عیشوەو ناز دەنوێنێ و پێدەکەنێت. یاخود لەسەر عەردەکە دانیشتووەو زەیتی گوێزی هیندیی لە قژی دەساوێ و نینۆکەکانی دەست و پای بۆیە دەکات. کارەکەری ماڵە دراوسێ ئەفغانییەو ژنێکی هیندیی ناسیوە. ئەو ڕۆژانەی ئامینە مەرەخەسیی هەیە، هەردووکیان دێن بۆ ماڵی ئێمەو لەژوورە چکۆڵەکەی ئامینە کۆدەبنەوە. دەژەنن و دەچڕن و ئامینەش سەمایان بۆ دەکات. بەڵام ئامادەیی نەبینراوی خودان ڕاجا، بەباڵای کورت و سێبەرە کەتەکەیەوە، بەسەر سەرییەوە دەسووڕێتەوەو دەبێتە شتێکی واقیعیی کە ناتوانرێت چ نکوڵیی لە بوونی بکرێت.

گوتم: "ئەرێ ئامینە، بۆچی مانگانەکەت بۆ خۆت گل نادەیتەوە؟"

(بۆچی) لەو وشە بێ ماناو نەناسراوانە بوو کە لە دونیای خامۆش و دەستەمۆی ئامینەدا جێگای نەبوو. خودان ڕاجا بۆچییەکانی دەست نیشان دەکردن و هەر خۆیشی وەڵامەکانی دەدانەوە.

گوتی: "خانم گیان، شووەکەم کڵاوی لەسەر نام (جۆرێک وای گوت کە وەک بڵێیی ئەوە کارێکی ئاسایی بێت کە مێرد کڵاو بنێتە سەر ژنی خۆی. نە تووڕەییەک لە دەنگیدا هەبوو نە سەرسوڕمان و نە ئەفسووسێک). ناسنامەکەی گۆڕی بوو، ژن و مناڵی هەبوون، دوو کوڕی گەورە. من ئاگام لەوە نەبوو، پرسیاریشم نەکردو گوتی من موسوڵمانم. پیاوی موسوڵمان دڵ و زوبانی پاکن. درۆ ناکات. گەر درۆیش بکات لە میهرەبانیی خۆیەوە دەیکات. من هیندۆ بووم. گوتی دەبێ ببیتە موسوڵمان. قایل بووم. کاتێ بۆم دەرکەوت ژنی هەیە، ئیدی کار لەکار ترازابوو. دارکاری کردم. گوتی ژن نابێ هەموو شتێک بزانێت یان بیلێت. ژنی باش چاوو گوێی خۆی دادەخات. ژنی یەکەمی قەڵەوو تەمبەڵ بوو. لە ژوورەکانی سەرەوە دەژیا. من لە ژوورەکەی حەوشە بووم. ژنی یەکەمی هەمە کارە بوو. خانمی واقیعیی بوو. فەرمانی دەداو قژی ڕادەکێشام. شووەکەم گوتی دەبێ ئیش بکەیت و مانگانەکەتم بدەیتێ. گوتی من خودانم. من هەموو شتێکم. منی هەنارد بۆ جەددە. دوو ساڵ لەوێ ئیشم کرد. خاوەنە عارەبەکەم مانگانەکەمی بۆ شووەکەم دەنارد. ئەو کات شەلیمە دوو مانگان بوو. خاوەنە عارەبەکەم دەیویست بمهێنێت. بەشووەکەمی گوت تەڵاقم بدات، بەڵام ئەو قەبوڵی نەکرد. گوتی ئامینە دەبێ ئیش بکا و مانگانەکەیم بۆ بنێرێت. خودانە عارەبەکەم بەڕقا کەوت. شەش مانگ مووچەی پێ نەدام. خۆی چوار دانە ژنی هەبوون و ژنەکانی پیرو چاویان بەمندا هەڵنەدەهات. بڕیاریان دابوو دەرمان خواردم کەن. بەردەوام ژەهریان دەکردە خواردنەکەمەوە. یاخود جاڵجاڵۆکە و دووپشکیان دەخستە نوێنەکەمەوە. خودانە عارەبەکەم کە دەچوو بۆ سەفەر، منیان لەژێر زەمینەکە حەپس دەکردو تەنێ نانی وشکیان پێ دەدام. کاتێ بەوەی زانی ڕوحمی تلیسا و ترسا ژنە بەخیلەکانی بمکوژن. ئیدی بۆ بەنگلادیشی هەناردمەوە. بازنگێکی ئاڵتوون و چەند دەستێک جلکی پێدام. ژنی یەکەمی خودان ڕاجا بەزۆر هەمووی لێ سەندم. ژنی یەکەم پارەدارە. عەرزە و خانووی هەیە. بەڵام پیسکەیە و یەک ڕوپیە بەڕاجا نادا. دەخواو دەنوێ و خەفەت بۆ دووریی دایکی دەخوا. لە هەیوانەکە دادەنیشێ و وەک مناڵی ون بوو، هۆن هۆن دەگری.



ڕاجای خۆش ناوێ. کوڕەکانیشی قومارباز و تلیاک خۆرن. لەدایکیان دەدەن و زێڕو زیوەکانی دەدزن. ژنی یەکەم، بیست و چوار سەعاتە، هەر لە بەیانییەوە کە چاوانی دەکاتەوە تا شەو کە دەنوێ، شت دەخوات: قاپ قاپ برنج و شلەو گۆشتی بەرخ بەنانەوە. هێند دەخوات تا زگی با دەکا و ئیدی لەتاو ئازار ناڵە ناڵی پێ دەکەوێ. ڕۆژ بەڕۆژ قەڵەوتر دەبێ، لەبەر ئاوێنەدا دادەنیشێ و سورمە لە چاوانی دەدا، برۆی ڕەش دەکات، خاڵ دەکوتێ، قژی لوول دەکات. کە دەبینێ قەڵەوو پیر بووە، دەزریکێنێ. لەخۆی دەدا. چنگ لە ڕوخساری دەگرێ. ئاوێنەکە دەکێشێ بەدیوارەکەداو دەیشکێنێ. کە دەبینێ من باریکەڵە و جحێڵم، وەزعی خەراپ دەبێ. دەترسێ زووتر لەمن و ڕاجا بمرێ و ئەوسا لە حەژمەتا دەکڕوزێتەوەو دەناڵێنێ. باوکی، مانگی جارێک بۆ سەردانی دێت. سەر دەنێتە سەر ئەژنۆی باوکی و دەگری. وەک مناڵ. وەکی شەلیمە دەگری."

ئامینە دەزانێ کە خودان ڕاجا کڵاوی ناوەتە سەری و فریوی داوە. دەزانێ کە ئیستیفادەی لێ دەکا و پارەکانی بەزۆر لێ دەسەنێت، دەزانێت کە شووەکەی پیاوێکی خەراپەو لە شەلیمە دەدات. بەڵام ئەو زانینە چ کاردانەوەیەکی لەلا دروست ناکات. ڕاجا خودانێکی ڕەهایەو واقیعیەتی بوونی - بەهەموو خەراپییەکانییەوە - لای ئامینە شتێکی سروشتییە، وەک وەرزە باران و وەک لافاوێک کە هەستاو دایک و براکانی بردو وەک ژیانێک کە هەروا درێژەی هەیە.

گوتی: "خانم گیان، مێردەکەم بیستبووی ئێرانییەکان پارەدارن. ژنێکی هیندیی بۆ بەنگلادیش هات. کارەکەری کۆ دەکردنەوەو دەیبردن بۆ ئێران. خودان ڕاجا گورج ئیشەکانی منی ڕاپەڕاندو بەو ژنەی سپاردم. شەلیمەمان بردە لای باوکم. باوکم خۆشحاڵ بوو. گوتی بونیادەمی سواڵکەر بەمناڵەوە پارەی زیاتر دەست دەکەوێت. ژنی یەکەمی خودان ڕاجا، بەو ژیانە خۆشگوزەرانەیەوە، بەخیلیی بەمن دەبرد. دەیگوت تۆ ئازادیت. من دیلم. حەزی دەکرد لەژوورەکانی سەرەوە ڕاکات، کە بۆنی ڕاجا دەگەییە کەپووی یەعی دەکرد. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. شووەکەم گوتی: "ئامینە، پیاوی ئێرانی بەرەڵان، نوێژ ناکەن. ببیستمەوە خەراپ سەیرت دەکەن، دەتکوژم. زیڕەی پێکردبووم. درۆ دەکات. من لێرە ئاسوودەم. حەز دەکەم شەلیمەش بۆ ئێرە بێت."

شەلیمەی ڕەشتاڵەو برسیی، جار جار، نامەی دوو دێریی بۆ دایکی دەنووسێ. ناوی خۆی و باپیرەی.

ئامینە گوتی: "خانم گیان، باوکم لە سواڵکەرە هاکەزاییی و بێ ئابڕووەکان نییە. ئاخر ئەو کارتی سواڵکەریی هەیە، کاتێ کە دەمرێت، کارتەکەی بۆ من یان بۆ شەلیمە جێ دەمێنێ. باوکم سێ جادەو گۆڕەپانێکی بۆ سواڵکردن هەن. هەر وەک نووسینگەکەی کاک موهەندیس. سەری ئەسپێی هەیە. گەر ئەسپێکان بمرن، ئەوا شەلیمە ئەسپێ لە سەری سواڵکەرەکانی تر قەرد دەکا و لە سەری باوکمدا ڕۆی دەکات. ئاخر گەر سواڵکەرێک ئەسپێ لە سەریدا نەبێت وەکی پادشای بێ تاج وایە. من کارەکەرم. کارەکەر لە سواڵکەر خەراپترە. لە ماڵی ئەم و ئەودا دەژیم."

پرسیم: "چما باوکت ماڵی هەیە؟"

گوتی: "بەڵێ. ماڵێکی مقەبایی. ماڵێک لە مقەباو تەنەکە، ماڵی هەژاران ئاوهایییە. بەڵام باشە، هەرچییەک بێ خۆ ماڵێکی شەخسییە."

ماڵی مناڵیی ئامینە لە خشت و گڵە، بەهەیوان و پێپلیکانە و ژوورگەلی واقیعییەوە، بەپانکەی کۆنەوە، هەڵواسراو بەساپیتەی ژووردا، بەفەرشی چنراو و ڕاخراو لەژێر پادا، بەبۆنی داوو دەرمانی تیژو بخوورو عەتری چڕەوە، بەدەنگی تەنبوورو وێردی کازێوانەوە، بەدراوسێگەلی قەڵەوو میهرەبان و بەحەوشەگەلی پڕ لە مناڵەوە. لە گوند دەژی، بێستانی خەیارو کولەکەیان هەیە، گایەک و چەند بزنێکیشیان هەن. دایکی نان دەکا و براکانی حەماڵیی دەکەن. شەوانە لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوەو زگیان تێرو بەزگی تێرو پل و پەنجەی چەورەوە لەلای یەکدییەوە دەنوون. دایکی میهرەبانەو بەر لەنوستنێ ئامینەی چکۆڵە ماچ دەکا و دوعای بۆ دەخوێنێت. براکانی هەموو بەیانییەک ئامینە سواری وڵاخ دەکەن و بۆ قوتابخانەی دەبەن. ئامینە نەشمیلانەیەو دایکی قردێلەی ڕەنگاورەنگ و گوڵی سوور لە پرچی دەدات. باوکی دەڵێ: کاتێ ئامینە گەورە بوو، دەبێتە ژنی مەهاراجەیەک و ئیدی ئامینە خەون بەکۆشکە گەورەکانەوە دەبینێ و ترس دایدەگرێت. پاشان وەرزی باران دێت و باران هەر خۆش ناکاتەوە. ڕێگەکان دەگیرێن. براکانی لە ماڵەوە دەمێننەوە. ئاو بێستانەکەیان ڕادەماڵێت. دایکی نیگەرانەو باوکی بەرز بەرز دوعا دەخوێنێت. باران هەر شەست دەکات، شەو تا بەیانیی و هەموو ڕۆژێک، هەموو ڕۆژێک، هەموو ڕۆژێک. نیوەی گوند بەژێر ئاوەوە دەبێت. ئازووخەی برنج تەواو دەبێ و چ شتێک بۆ خواردن نامێنێ. باوکیان کاڵەکێکی نەگەییوی دەسدەکەوێ، ئەوە تەنها شتێکە کە پەیدای کردووە و بەسەر هەموو خێزانەکەدا دابەشی دەکات. هەمووان برسین. براکانی بەرماوەی سەوزەو گەڵای



درەختان دەخۆن. دایکی بەشە کاڵەکەکەی خۆی دەداتە ئامینە. بەشە برنج و بەشە میوەی نەگەییوو بەرماوەی نانەکەی خۆی دەداتە ئامینە. شەو لافاو هەڵدەسێت. ئاو دایکی و براکانی دەبات. ئامینە چوار برای هەن و ئاو هەر چواریان دەبات. باوکی، ئامینە دەکاتە باوەشی و خۆی بەقەدی درەختێکەوە دەگرێت. سەری ئامینە لەژێر ئاودایە، هەناسەی گیراوەو دەمی پڕ بووە لە قەوزەو قوڕاو. ماسییەکی چکۆڵە دەوروبەری لێوو پێڵووەکانی دەلێسێتەوە، ماسییەکی چکۆڵە کە لە ئۆقیانووسە دوورەکانەوە هاتووە، لە بنی تاریکی دونیاوە هاتووە. ئامینە، ئاو لە ڕیخۆڵەو دەست و پێیدایەتی، لە چاوانیایەتی، لە سەریایەتی. ئامینە دەزانێ مردووەو ناشترسێت. ئاخر مردن جۆرێکە لەنوستن و ئامینەش عاشقی خەوە. جەستەی سڕ بووەو ئیدی مێشکی بیر ناکاتەوە. ماسییە چکۆڵە لە زگی ویدایە.

لەوسەری ڕووبارەکە، ئامینەو باوکی لە ئاودا دەردێن. خانووە گڵەکەیان، بەژووری واقیعیی و بۆنگەلە خۆشەکانییەوە، لەگەڵ گاو بزنەکانیانا، لەبەین چوون. دایکی و براکانی، هەموویان خنکاون.

ئامینە هێشتا لەژێر ئاودایەو حەز لەژێر ئاو دەکات. دوورکەوتنەوەی بێدەنگ و هێوری دایکی لەبیرە. دەبینێ دایکی بەبێ هات و بات، بەبێ بەرگریی یان ترس، لەگەڵ شەپۆلەکانا دوور دەکەوێتەوە. نە ڕۆدەچێت، نە بەر بەردو گاشەبەرد دەکەوێت، نە لەژێر شەپۆلەکانا تل دەداو نە لنگە فرتێ دەکات. چاوانی لە ئاوەوە هاتوونەتە دەرێ. تەماشای وی دەکات، ڕوانینی هێوری کەسێک کە بۆ سەفەرێکی خۆش دەڕوات، بۆ جێگایەکی ئاشنا.

ئامینە، لەژێر ئاوی سارددا، بیر لە دوایین ڕوانینی دایکی دەکاتەوەو ئەوسا جەستە بەشەختە بووەکەی بەدەستی یاسای زەریا دەسپێرێت. لنگە فرتێ ناکات. دەنوێ و خامۆشیی مەرگی پێ غەوارە نییە.

پێیم گوت: "ئامینە، مانگانەکەت بۆ خۆت گل بدەوە. بۆ کچەکەتی هەڵگرە."

بە چاوە خامۆشەکانی دایکی تەماشام دەکات، چاوانێکی خۆ بەدەستەوەدەر. تێ ناگات. ناچێ بەئەقڵیدا. مەحاڵە. شان دەلەقێنێ و لە پا پەتییەکانی دەنۆڕێ.

گوتی: "خانم گیان، خودان ڕاجا پارەکانم دەخاتە بانکەوە. ئاڵتوونم بۆ دەکڕێت."

ئامینە هێشتا لەژێر ئاودایەو خەون دەبینێ – خەونی ئاویی. تەنێ ڕێگەی

دەربازبوونی، ڕامانە لە وێنەی ئەکتەرگەلی سینەمایی نێو گۆڤارەکان و سەما کردن لەبەر ئاوێنەو ڕۆڵ بینین لە فیلمە خەیاڵییەکانیدا.

ناکرێ وتووێژی لەگەڵدا بکرێت. ئاخر ماسیی مەرگ لەزگی ویدایەو ئاو لەسەری تێ پەڕیوە. شووەکەی خودانە، باوکی سواڵکەرە، ئاو دایکی بردووەو شەلیمەش بێ کەسە. ئیتر ئەوەیە کە هەیە. مەحکوومە بەکارکردن لە ماڵی ئەم و ئەودا، مەحکووم بەشوشتنی ئەرزو جلک و قاپ و قاچاخ. دەبێ تا ماوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بچێت و پارەکانی بۆ شووەکەی ڕەوانەکات. چ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نییە. گەر سەد جاری تریش بێتەوە دونیا، هەمان تاس و هەمان حەمامە. بەڵام دەشێ شتێک بۆ شەلیمە بکرێت. دەشێ.

گوتی: "خانم گیان، یارمەتیم دە تا شەلیمە بهێنمە لای خۆم. مەزاحیمی ئێوە نابێت. دەیخەمە قوتابخانە. خەرجیی جلک و خواردنی لەسەر خۆم. لەژوورەکەی خۆم دەینوێنم. لەخانوویەکدا بەم گەورەییە مەزاحیمی کەس نابێت."

دەبوو کاک ڕاجامان قایل کردبا. ئامینە نامەی بۆ نووسیی و مێردەکەی وەڵامی دایەوە: شەلیمە لە هەمان شوێندا دەمێنێتەوە.

هەمدیس نامەی دوورودرێژترمان نووسیی. گوتمان مانگانەکەی ئامینە زیاد دەکەین و خودانیش پارەی زیاتری دەسدەکەوێت، زیاتر لەو پارەیەی کە شەلیمەی مناڵ بەسواڵ دەستی دەکەوێت. قسەی چەورو نەرمی تریش، تا دواجار کابرای هیندیی هاتە ژێر بار.

هەڵبەت بەگوێی ئێمەی گەیاند کە ئەو هەر خۆی خاوەنی بڕیاری ڕەهایەو لەهەر چرکەیەکدا بۆی هەیە ڕا بگۆڕێ و بڕیارێکی تر بدات.

ئامینە بڕوای نەدەکرد، گریا. بەپەلە گۆڤارە سینەماییەکانی لەژێر دۆشەکەکەی نا. بەو پارە کەمەی کۆی کردبۆوە پێڵاوو جلکی بۆ شەلیمە کڕی. جانتاکەی پێچایەوەو داماوو سەرگەردان بەڕێ کەوت.

سەرەتای شۆڕش بوو.

سێ مانگ تێپەڕی. شار قەرەباڵخ بوو. بگرەو بەردە بوو. حکومەتی سەربازیی شا ڕۆیشت. ئیمام هات. گۆترا دەبێ بیانییەکان وڵات چۆڵکەن. کارەکەرە فیلیپینیی و ئەفغانیی و هیندییەکان بەپەلە ڕۆیشتن. کارەکەرە خۆماڵییەکانیش ڕۆیشتن. بەنزین قات



بوو. گرانیی گۆشت و لەو حاڵ و وەزعەدا، لەو سووڕانەوەی مێژووەو لەو لێڵیی ڕووداوە ڕۆژانەییانەدا، ئامینە و شەلیمە لە تۆماری زەینماندا ڕەوینەوە.

دەبێ چ بەڵایەک بەسەر ئامینەدا هاتبێ؟ ئەدی ئەی شەلیمەی سواڵکەر؟ نە نامەیەک، نە تەلەفۆنێک. هیچ شتێک. بێ خەبەر بووین لێیان و بەگرفتارییەکانی خۆمانەوە سەرقاڵ بووین. ئامینە کارەکەرێکی بیانیی بوو. ڕەنگبێ لە وڵاتێکی ئاسایش تر، کارێکی باشترو ماڵێکی تری بەدڵی خودان ڕاجا دۆزیبێتەوە.

سێ ساڵ تێپەڕی و لەو سێ ساڵەدا زۆرێک مردن. زۆرێک ڕۆیشتن، زۆرێک داماوو سەرگەردان بوون و هەر بەداماویی و سەرگەردانییش مانەوە. زۆرێک چەپڵەیان کوتا. زۆرێک هەڵپەڕین و گوێزیان بەکلکیان شکاندو منیش سەرم لە پاریس هێنایە دەرێ. بەتاقی تەنێ، بەدوو مناڵی هارەوە کە بەدارو دیواردا هەڵدەگەڕان و بەخەیاڵی چکۆڵەو پاکژیان بەدوای مەمەیەکدا دەگەڕان کە شەوەیەک بۆ خۆی ڕفاندبوو.

هێنانی کارەکەری فەڕەنسی کێشە بوو. لەتوانادا نەبوو. هەرکەسێکم دەهێنا نازو مەکری دەکردو منی ئێرانیی جیهانی سێی قەبوڵ نەبوو. کارەکەرە پورتوگالییەکە مۆن و لە مناڵەکانمی دەدا. سێیەمیان پۆڵەندایی بوو، خۆی سەرخۆش دەکردو لە نەبوونی مندا پیاوانی غەریبەی بۆ ماڵەوە دەهێنانەوە. بەخۆم گوت: "کارەکەرم ناوێت. کەسم پێویست نییە. هیچ کەس." لە یادی هەموو کەسێکدا بووم ئامینە نەبێت. بەڵام کاک ڕاجا ئێمەی بیر بوو، ئەدرەسی منی دەست کەوتبوو، نامەیەکی گەرم و گوڕو چەوری، پڕ لە بۆنی کاری و بۆنگەلی هیندیی و چاک و چۆنیی تەڕو ئیزهاری مەحەبەتگەلی خەیاڵیی و عەرزی دڵسۆزیی درۆیینە بۆ ناردم. نامەیەکی سێ لاپەڕەیی، ئەم دیو و ئەودیو، بەئینگلیزییەکی شکاو. بەکورتی ئەوەی کە ئامینە گیان بێ کارە، دڵی بۆ ئێوە و مناڵە ئازیزەکانتان سەخڵەتەو حەزدەکات بێت بۆ پاریس. دەستتان ماچ دەکەین، دەستی خانمی دایکتان، دەستی باوکی مەرحوم و مامەو پوورو مناڵەکانتان، دەستی دراوسێکانی دەستە چەپ و دەستە ڕاست و دەستی جەنابی مێتێران و ئەوانی ترو ئەوانی تر ماچ دەکەین.

– ئامینە لە پاریس؟ بەو باڵاو کەشم و نەشمە و جلکە ناسکە هیندییانەیەوە؟ هەرگیز.

وەڵامم دایەوە: نا.

نامەی دووەم هات. هەمدیس هەمان قسەو تکاو ڕەجای ئەوەی کە پارەی بلیتی هاتن و گەڕانەوەی ئامینە، من، شووە فیداکارەکەی وی دەیدەم. بەگیان و دڵ دەیدەم. بێ چەندو

چوون. شتێک نییە کە خودان ڕاجا بۆ خانمی تارانیی – خەڵکی تاران – نەیکات. لەوە ساناترو باشتر؟ خۆ ئەگەر گریمان قایل نەبوویت، کە بێگومان دەبێت، ئەوا ئامینە سواری تەیارە دەکەیت و بۆ بەنگلادیشی دەنێریتەوە. دوو لاپەڕە لە بارەی ئەوەوە کە ئامینە بۆ خۆی بیانییە، نیوە فەرەنگییەو فارسیی بەڵەدە، دەتانناسێت، دەسپاکە، میهرەبان و سەلارە، هەزارو یەک باشیی هەیەو هەتا دوایی...

وەڵامیم نەدایەوە. بەڵام هێناو بردم، تاووتوێم دەکرد. لەگەڵ خۆمدا لێکم دەدایەوە. نیوە قایل بووم.

نامەی سێیەم لە خودی ئامینەوە بوو، بەئینگلیزی، ئینگلیزییەکی ڕاست و ڕەوان. ڕایسپاردبوو بۆیان نووسیبوو. بەڵام قسەکان هیی خۆی بوون. شیرین و ساکارو خۆمانە بوون. نیگا خەواڵوو دەنگە مەخمەلییەکەی – کاتێ لەژێر درەختەکانا گۆرانیی دەچڕیی – و بۆنی گوێزی هیندیی پرچی، لە درزی نێوان ڕستەکانەوە دەهاتنە دەرێ. جەستە گەرمەکەی هاتەوە بەر چاوم ئیدی تاسەی هەتاوی تاران هەڵیگرتم و چوومە ژێر بار.

دەمزانی خودان ڕاجا لە خەیاڵی بەرژەوەندیی خۆیدایەو ئامینە بۆ وی هۆکاری پارە پەیدا کردنە. پێشنیازی مانگانەیەکی کەمم کرد. ڕاجا کەوتە چەنە. سێ لاپەڕەی لە بارەی باشییەکانی ئامینەوە نووسی: چێشت لێنانەکەی، دروومانەکەی، ماڵدارییەکەی، فەرش چنینەکەی و ئەوەی کە لە هەر پەنجەیەکی ئامینەوە هونەری جۆراوجۆر دەرژێن و هەزار قسانی تر. پیاهەڵدان لەدوای پیاهەڵدان. ئامینەم دەناسیی و دەمزانی کە تەمبەڵ و هیچ کارەیە. تەنها باشییەکی وی لەدڵ پاکیی و میهرەبانییەکەیدا بوو، لە جوانیی و پێکەنینە شیرینەکەیدا بوو. دەمزانی کە ئاقڵەو منداڵەکان ئازار نادات. دواجار دەبوو مەسەلەکەم سەبارەت بەسەرەتای کارەکە لەگەڵ ڕاجادا یەکلایی کردبایەوە. ئاخر ئەو کابرایە ئەهلی فێڵ و تەڵەکە بوو. بەخۆم گوت حیسابێکی بانکیی بۆ دەکەمەوەو مۆڵەت نادەم فرانکێک یان دۆلارێک لە پارەکانی بۆ خودان ڕاجا بنێرێتەوە.

ڕاجا داوای چوار سەد دۆلاری دەکردو هەموو ئەو پارەیەشی بۆ خۆی دەویست.

نووسیم: "دوو سەد دۆلار."

بە سێ سەدو پەنجا دۆلار قایل بوو.

نووسیم: "دوو سەد دۆلار." قسە تەواو.



وازی نەدەهێنا. "سێ سەد دۆلار." تکای کردو پاڕایەوە.

"دوو سەد دۆلار" تەواو. ئەوەیە کە گوتم.

کڕووزایەوە، ناڵاندی. نووسی ئاخر ئامینە زێڕو زیوە. هەزار دۆلار زیاتر دەهێنێت. نایێنێرم. هەر لێرە دەمێنێت. خوا حافیزتان بێت. نەینارد. بەدۆزەخ. هەمدیس نامە. بێنەو بەردە. تا دواجار قایل بوو. بەڵێننامەمان نووسی و لەسەر هاتنی ئامینە قایل بووم. بەبێ ئەوەی بیر لە سەرئێشەکانی بکەمەوەو بزانم چ شتێک لە چاوەڕوانمدایە.

مانگ و ڕۆژو سەعاتی هاتنی ئامینە بۆ پاریس دیاری کرا: حەڤدەی دێسامبەر. سەعات دووی پاش نیوەڕۆ. بەکۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی ئێر فرانس.

منداڵەکان خۆشحاڵ بوون. ئاخر جگە لە من کەسێکی تریش دەهاتە ماڵەکەمانەوە، کەسێک کە لەگەڵیانا دەژیاو لەسەر تەختە نوێنەکەیان دەنوست.

ئاخر ڕۆژی دە جار دەیان پرسیی: "ئەگەر تۆ بمری ئەدی کێ ئێمە گەورە دەکات؟"

هەنووکە دەمتوانی بەمنداڵەکان بڵێم کە ئامینە، خانمی شۆخ و شەنگ، بەچاوە ڕەشەکانییەوەو بەخەرواریک پرچی درێژو جلکی ڕەنگاوڕەنگەوە، ژنە ئەکتەری سینەما ، دایکی شەلیمەی ڕەشتاڵە، لە نەبوونی مندا (نەبوونی ئەبەدیی مندا) دەتانبات بۆ بەنگلادیش و لەوێ کارتی سواڵ کردنتان بۆ دەردێنێت.

حەڤدەی دێسامبەر ڕۆژێکی سارد بوو. باران بەباوە دەباری. موسافیرەکان هەموو چاکەت و پاڵتۆیان لەبەرداو ملپێچیان لەملەوە پێچاوو چەتریان پێبوو، هەموو جگە لە ئامینە. ئامینەی ڕووت و قووت، بەپێڵاوی هاوینەو پای بێ گۆرەوی و جلکی تەسک و قۆڵی کورتەوە. لەژێر سینگەوە تا زگی ڕووت و سارییەکی ڕەنگ لیمۆیی کۆنی لەخۆوە پێچاو. جانتا دەستییە چکۆڵەکەی نووساندبوو بەسینگییەوەو لەرزەک و وێڵ، بەچاوانێکی ساردو چۆڵ بەدوای مندا دەگەڕا. ئامینەکەی جاران نەبوو. تێشکاوو چروسکاو دەهاتە پێش چاوو تەڕوبڕیی جحێڵییەکەی جارانی لەدەست دابوو. پا دردۆنگ و بێ گیانەکانی لە عەرد دەخشاندو بەشەرمێکی ئاوێتە بەترس، لە خەڵکان و لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕی. غەوارە بوو. دڵم گیراو هەستێکی کپ و غەریزیی ئاگاداری کردمەوە کە بەبێ بوار لە ئاوم داوە. هەوڵم دا بیر لەوە نەکەمەوە. دەستم بۆ ڕاوەشاند. نەیبینیم. خەیاڵی لە جێگایەکی تر بوو، وەک هەمیشە، گێژو نیوە هۆشیار، ڕایەڵ بەجێگاو زەمەنی دیبیەوە. بێ هێزو بێ ئامانج، لەدوای خەڵکەکەوە دەڕۆیشت. ڕوانینی

لێورێژ لە خەوێکی قووڵ بوو، لە دەوروبەری خۆی نائاگادار. وەک بڵێی قورمیش کرابێ و ئیدی وا ئەو قورمیش کردنە کاتییەش ڕوو لە تەواوبوون بێت.

بینیم ئامینە لەپاریس، کەسێکی ترە. خۆشحاڵیی و شکۆکەی جارانی نییە. دونیای سێیە. ئەکتەرێکی دەستی سێیە لە فیلمێکی بێ بەهادا. نموونەی وەک وی زۆرن و داواکاریان کەمە. ئامینە لەتاران ئەمسەرو ئەوسەری هەبوو. دیقەتی دەدا، بوونەوەرێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو. بیانیی بوونەکەی بەمەزیبیەت لەقەڵەم دەدراو لەبەهای وییان زیاد دەکرد.

کارەکەری بەنگلادیشی، بەپای نیوە پەتیی و پرچە ڕەشەکەیەوە کە بۆنی گوێزی هیندیی لێ دەهات و بۆنی یادەوەریی گەلی ئاوێتە بەبۆنی کافوورو داری عود، دەزانێ پاریس جێگای وی نییە. بەسەرسوڕمان و خەمەوە لە ژنانی باڵابەرز و قژ زەردو پیاوانی باریک و کەم خوێن دەنۆڕێ. دیارە کە تەواوی شەو بەخەبەر بووەو خەفەتی بۆ دووری شەلیمە خواردووە. قڵافەتی هاوار دەکات.

گوتم: "ئامینە گیان، ئێرە هیندستان یان عارەبستان نییە. ئێرە سەهۆڵستانە." وامگوت و چاکەتەکەمدا بەشانیدا. جانتای نەبوو، تەنێ جانتایەکی کۆنەی دەستیی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە پڕی بوو لە بیبەری سوورو داوودەرمانی تیژی سەرگێژکەر.

لە سووچێکی تەکسییەکەدا کروشکەی کردو بینیم چاوانی پڕن لە فرمێسک و پەڕەکانی کەپووی دەلەرن. دەستیم گرت، دەستە شەکەت و سەرگەردانەکەی.

پێمگوت: "ئارام بگرە تا دەگەینەوە ماڵەوە. مناڵەکان چاوەڕێتن. بیر بکەوە، تۆ ئیدی هاتوویت بۆ پاریس. کەم کەس هەیە بەختی وا ڕووی تێ بکات."

وەڵامی نەدایەوە. لە ئەحواڵی شەلیمەم پرسی. سەری هەڵبڕی. شەلیمە لە قووڵایی ڕوانینیدا نوستبوو.

گوتی: "دەمویست شەلیمەش لەگەڵ خۆمدا بێنم. خودان ڕاجا ڕوخسەتی نەدام. کوڕێکی دوو ساڵەشم هەیە. ناوی موحشینە." پێکەنی. ڕەنگی کرایەوە. چاوانی پڕشنگیان دا. شێوەی بۆوە بەهی جاران.

گوتی: "موحشین بەڵایەکە بۆ خۆی. نەوسنە، مەشکنە." وایگوت و گوپەکانی پڕ کردن لە هەوا، سەری لەقاند. قاقا پێکەنی.



گوتی: "تازەکیی زوبانی پژاوە." وایگوت و لاسایی قسان کردنی وی کردەوە. بیری چووبۆوە لە کوێیە. تەماشای ئەم لاولای خۆی کرد. هەڵمی سەر شووشەکەی دواوەی بەدەستی سڕیی. باران دەباری. بێدەنگ بوو.

ئامینە مناڵەکانی دەویستن. دڵی لای موحشین و شەلیمە بوو. ڕۆژێک خۆی پێ ڕانەگیرا. کە چاوی بەمناڵەکانی من کەوت فرمێسک بەخوڕ لە چاوانییەوە ڕژایە خوار.

ئەی هاوار.

لە موبەقەکەدا دانیشت و کوڵی گریانی بەربوو. سەری نایە سەر ئەژنۆکانی و خوڕ خوڕ گریا.

وای.

گوتی: "دڵم بۆ موحشین بۆتە ئاو. ئەدی چ بکەم؟"

چ هەڵەیەکم کرد. فریوی قسە چەورو نەرمەکانی کابرای هیندیم خوارد. منی گەمژەی خەیاڵ پڵاو. لەتاو هەریسەکە کەوتمە ناو مەنجەڵەکەوە.

مناڵەکان، واق وڕماوو خەمین، تەماشای وییان دەکرد.

باوەشی کرد بەکچەکەما. سەرو ڕوخساری ماچ کرد. سەرو ڕوخساری شەلیمەی ماچ دەکرد.

گوتی: "شەلیمە بەژن زراڤ ترە، بەڵام لەڕ و لاوازە وەک مردوو. موحشین زۆرخۆرو خڕتۆڵە. هەردووکیان لای باوکمن. لە تەکیدا سواڵ دەکەن."

گەر لێی گەڕابایت تا بەیانیی لە بارەی مناڵەکانییەوە قسانی دەکرد. یەک ڕیز: شەلیمە، موحشین. موحشین، شەلیمە.

دەمزانی بێ بوار لە ئاوم داوە. هەڵەم کرد. پاریس شوێنی ئامینە نییەو بۆ خۆی لێرە دیق دەکات.

بەخۆم گوت: "سوپاس بۆ خودا بلیتی گەڕانەوەی پێیە. دەبێ دەم و دەست مەعزەرەتی بۆ بێنمەوە. ئەو سەر ئێشەیە ناهێنێت. هەر سبەینێ سواری تەیارەی دەکەم و دەیگەڕێنمەوە."

ئامینە لە خەیاڵی گەڕانەوەدا نەبوو. بەرنامەگەلی تری لەبن سەردا بوون.

گوتی: "خانم گیان. یارمەتیم بدە. تۆ خۆت منالّت هەن. تێدەگەیت، موحشین دوو ساڵانە. دەبینی باوەشم خاڵییە. ئاخر ئەو شەوانە لە باوەشی خۆمدا دەنوست. هێشتا شیری منی دەخوارد. شتێک بکە تا موحشین و شەلیمە بۆ ئێرە، بۆ لای خۆم بێن."

موحشین و شەلیمە – شۆربای شێلم*– لە پاریس؟ هەر ئەمەم کەم بوو.

گوتی: "ژنی یەکەمی خودان ڕاجا دوژمنی منالّەکانمە. کاتێ تێگەیشت ڕاجا دەیەوێت من بەرەو پاریس بنێرێت، شێت بوو. زریکاندی. خۆی دا بەعەردا. لەنێو خۆڵەکەدا خۆی گەوزاند. گوتی تۆ کارەکەریت بەڵام ئازادیت. بەڵام من لێرە لەقەفەسدام. زیندانیم. لێی دام. لە شەلیمەی دا. دەڕۆیشت و هاواری باوکی دەکرد. ژوورەکانی سەرەوە هی ئەوون. فەرشەکانیش هی ئەوون کەچی هەر دەگری. لەتاریکییدا دادەنیشێت یان دەنوێت و چەرچەفەکە بەسەر دەموچاویدا دەدات. نایەوێت هیچ کەسێک چرچ و لۆچییەکانی ڕوخساری ببینێت. تەمای بوو ڕۆنی قرچاو بەدەم و چاوما بڕێژێت. زۆر دەترسم بەلایەک بەسەر منالّەکانما بێنێت."

گوتم: "ئامینە، ژیانی من گۆڕاوە. ئێرە تاران نییە. منم و دوو منالّ و خانوویەکی چکۆڵە. جێگا بۆ تۆیش نییە. دەبێ لە ژووری میوان بنوویت. دەتەوێت منالّەکانیشت بێنیت!"

ژنێکی ئاقڵ بوو. بیری لێ کردبۆوە، وەڵامەکەی پێبوو.

گوتی: "ژوور دەگرم. موحشین دەخەمە باخچەی ساوایان. شەلیمە دە ساڵانە. دەچێت بۆ قوتابخانە. منیش ڕۆژانە ئیشەکانی ئێوە دەکەم." هەروا بەهاسانیی.

– " کام ژوور؟ لە کوێ؟ پێتوایە ئێرە بەنگلادیشە؟ ڕەنگە بتەوێت لە کونجی شەقامدا خانوویەک لە موقەبا ڕۆبنێیت؟"

گوتی: " کاردەکەم. کرێکەی دەدەم."

گوتم: "یەکەم جار دەبێ کارتی مانەوە دەربێنیت. دەبێ خەڵک بناسیت. دەبێ کرێی دوو مانگ بدەیت. خۆ شاری بێ حاکم نییە."

لەسەر قسەی خۆی سوور بوو: "شەلیمە– موحشین، موحشین – شەلیمە."

* شۆربای شێلم ئاماژەیە بۆ شتێکی تێکەڵ و پێکەڵ و بێ سەروبەر. چێشتی مجێور.



گوتم: "نا" و هاوارم کرد. بلیتەکەم سەیر کرد. بەخۆم گوت ئەم ژنە بەیەکەم فڕۆکە دەگەڕێنمەوە. جێگەی وی لە فەرەنگستان نییە. کاک ڕاجا دەبێ بیرێکی تر لە ژنەکانی بکاتەوە.

ئاخ.

بلیتەکەی ئامینە یەک سەرە بوو. بەنگلادیش – پاریس. گەڕانەوەی تیا نەبوو. هەر بەڕاستی کڵاو نرابووە سەرم.

بلیتەکەم لەبەرچاوی ئامینەدا ڕاگرت. لە حەژمەت حیرس و تووڕەیی هەڵدەلەرزیم.

گوتم: "ئەدی شووەکەت نەیگوت بلیتی دوو سەرەی بۆ بڕیویت؟"

– "بەڵێ گوتی."

– " ئەدی کوا؟"

سەری ڕاوەشاند. لە عەردەکەی نۆڕی.

– "شووەکەت بەڵێنی دابوو. نووسیبووی. ئەدی چ بوو؟"

بەشی دووەمی سیناریۆکەی ئەزبەر بوو بەڵام متمانەی بەخۆی نەبوو. ڕۆڵەکەی خەراپ دەبینی. بەشی یەکەمی حەقیقەتی هەبوو. واقیعیی بوو. منالّەکانی دەویستن و درۆی نەدەکرد.

بەڵام بەشی دووەم دەسچن بوو. بێ سەرو بەرو تێکەڵ و پێکەڵ. قسەی خودان ڕاجا بوو: گوایە دوو ڕۆژ پێش هاتنی ئامینە، ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە. نیوەی شار لە ئاگردا دەسووتێت.(کام شار؟ دیار نییە) ماڵەکەی ڕاجاش لەگەڵ خانووەکانی تردا دەسووتێ و دار و نەداری دەفەوتێت. لەو ڕۆژەوە بەدوا ژنی یەکەم و کوڕە گەورەکانی سەرگەردان دەبن. ئیدی خودان ڕاجای بەختەوەر، لەو شەوەوە بەدوا نابووت دەبێ (بە دۆزەخ). خانمی تارانیی، خانمی ئازیز، بەو هۆیەی کە فریشتەیەکی دەست و دڵ کراوەیە (سوپاس) یارمەتییان دەدات. خودان ڕاجای نابووت بوو، بەقەردو بەدبەختیی، لەحاڵێکدا کە ماڵەکەی سووتاوەو دار و نەداری بەبا چووە، توانیویەتی تەنها بلیتێکی یەک سەرە بۆ ئامینە ببڕێت تا لای خانمی ئێرانی بێ بەڵێن دەرنەچێت. خودان ڕاجای میهرەبان، لە هەموو هەلومەرجێکدا، لە خەو و بێدارییدا، خەیاڵی لای خانمی تارانیی و منالّەکانێتی. لەگەڵ هەموو ئەو بەڵایەشدا کە بەسەری هاتووە، بەڵێنەکەی خۆی نە شکاندووە. خانمی

خەڵکی تاران، خانمی دەست و دڵ کراوە، پارەی بلیتی ئامینە دەداو ئیدی هەمووان بەخۆشیی و شادومانیی سەد ساڵ ژیان دەگوزەرێنن.

هەروا بەسانایی.

ئامینە دەیزانی کە دەنگی چۆڵە لە هەست و متمانە. ڕستەکانی ئەزبەر کردبوون و دووبارەی دەکردنەوە. ئەکتەرێکی خەراپ بوو. زۆری لەخۆی دەکرد تا فرمێسکێ بزێنێتە چاوانی و نەیدەتوانی. خەیاڵی لای مناڵەکانی بوو. بەڵام بەڵێنی بەڕاجا دابوو خانمی تارانیی قایل کاو ناچار، حەکایەتە درۆکەی لە ئەووەڵەوە تا ئاخیر، پچڕ پچڕ دووبارە کردەوە: ئاگر کەوتەوە، هەموو شار سووتا. ڕاجاو ژنی یەکەمی سووتان (پێم وابوو لای خۆیەوە ئەم برگەیەی بۆ زیاد کردبوو، چونکە تەنها ڕستەیەک بوو کە لەقووڵایی دڵییەوە دەیگوت). خانمی تارانیی مەلایکەتە. دەستی یارمەتی ڕایەڵ دەکات.

خانمی تارانیی مەلایکەت نییە. گورگە. پێشانتان دەدات.

هەمدیس گوتی: "خانمی تارانیی تێدەگات."

خەراپ گیرۆدە بووم.

ئامینە داوای پارەی بلیتەکەی دەکردەوە، بەڵام تۆنی دەنگی ساردو هاکەزایی بوو. حەجمینی نەبوو. دەستە خەمگینەکانی بەدوای موحشیندا دەگەڕان و خۆیان نەدەنواند. تەمسیلی نە دەکرد. داوا کردنی بۆ مناڵەکانی تەمسیل و کەڵەک نەبوون.

گوتم: "ئێستا بنوو تا سبەینێ خودا گەورەیە." وام گوت و ئیدی دەرفەتی بیرکردنەوەم بەخۆمدا. سەبارەت بەوەی کە ئامینە دەبێ بگەڕێتەوە و هەرچیی زووتریش بگەڕێتەوە، جێگەی دوو دڵیی نەبوو. بەڵام کێ پارەی بلیتەکەی دەدایەوە؟ هەزار دۆلار، نە ئەو هەیبوو نە من و نە خودان ڕاجای ماڵ وێران.

لەگەڵ کازێوەدا، ئامینەم گێژو وێژو خەواڵوو، کە تەواو نەیدەزانی لە کوێیە، لەسەر کورسییەکە دانیشاند. خۆیشم لە بەرامبەری دانیشتم و ڕێک و ڕەوان پێم گوت کە هێنانی مناڵەکانی بۆ پاریس لە شتە مەحاڵەکانە. لە ماڵەکەی مندا جێ نییە، ئەگەر دەشیەوێ لای من بڕوات، ئەوەیان شتێکی ترەو خوا حافیزی بێت. خۆی دەزانێ و خودان ڕاجا. هەنووکەش بچینە سەر مەسەلەی بلیتەکە. بێ ئەم لا و لا پێم گوت کە باوەڕم بەیەک وشە لە قسەکانی نە کردووە و حەکایەتی ئاگر کەوتنەوەکە ساختەیە. پێکەنیناوییە. سەراپا درۆیە.



ئامینە سووربۆوەو پاشان دایە قاقای پێکەنین.

گوتم: "دەتەوێت بگەڕێیتەوە بگەڕێوە. بەڵام من پارەی کڕینی بلیتم نییە. ڕاسپێرە ڕاجا بۆت بنێرێت."

قسەکانم بێ ئەم لا و لا بوون و ئامینە بێدەنگ بوو. ئیدی ڕۆڵەکەی خۆی بینیبوو. هەر یەکسەر پێی لەوەنا کە ڕاجا، زرپ و زیندوو لای ژنی یەکەمییەتی و هەموو ئەم قسەو حەکایەتە ساختانە بەفەرمانی وی بوون.

پرسیم: "ئەدی هەنووکە دەتەوێت چ بکەیت؟"

بیری کردەوە. گوتی: "دەمێنمەوە."

گوتم: "بێ مناڵەکان!"

وەڵامی نەدایەوە.

ئامینە مایەوە. مانگانەکەی سێ سەد دۆلار بوو، پێم گوت سەد دۆلاری بۆ لێ دەنێمە لاوە. مافی ئەوەی نییە هەموو پارەکەی دەم و دەست بۆ شووەکەی بنێرێتەوە.

گوتی: "وای، خانم گیان. گەر تێبگات دەمکوژێت، شەلیمە دەکوژێت."

گوتم: "گوو دەخوات. بۆی بنووسە خانمی تارانیی دوو سەد دۆلار زیاترم ناداتێ. ناوێرێت بێت بۆ ئێرە و لەگەڵما بیکاتە هەرا."

ئامینە دەترسێت. ئاخر خودان ڕاجا خەتەرناک بوو. دەهات بۆ پاریس و هەردووکمانی دەکوشت. پێستی مناڵەکانی دەگروو. کارتی سواڵکەرییەکەی باوکی شەلیمەی دەسووتاند. شاری بەیەکدا دەدا. خودان ڕاجا زۆری بەدونیادا دەگەیشت. ئامینە دەیویست لەسەر قسەکانی بەردەوام بێت کە بەریم گرت. کێ؟ لە کوێ؟ وس. شتی وا نییە. سەهووە.

دەبوو ڕۆژ ببردایە بەکەللەی ئامینەدا کە خودان ڕاجا قادیری ڕەها نییەو ڕۆبردنی ئەو بیرۆکەیەش لە سەری بەشەختەبووی ئامینەدا کارێکی دژوار بوو.

گوتم: "ئامینە گیان، جوان گوێت بکەوە. تۆ کار دەکەیت و پارەکەت هی خۆتە. وانەی یەکەم."

"هی خۆت " قسەیەکی نوێ بوو کە لەگوێی ئامینەدا زرنگانەوەیەکی نائاشنای هەبوو. تەماشای کردم و ڕوانینەکەی حەپەساوانەو پڕ لە بێ متمانەیی بوو. لەقووڵایی ئەو

نیگایەدا ترسێکی کپ و بەرایی شەپۆلی دەدا. " تۆ " کێ بوو ؟

هەمدیس دووبارەی کردەوە : "دەمکوژێت."

گوتم: "سەهووە. دەستت لێ بەرزکاتەوە یەکسەر تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە. شکایەتی لێ بکە. ئەوسا حسێبی بۆ دەکەن و دەستوبرد دەیکەنە دەرەوە."

شکایەتی لێ بکات؟ ئاقڵ. ئامینە شکایەت لە ڕاجا بکات! ئامینەی کارەکەر شکایەت لە خودانی گەورە بکات! خانمی تارانیی گێل بووە. قسەی هیچ دەکات. وانەی یەکەم قورس و ئاڵۆزو ئامینەش قوتابییەکی تەمبەڵ بوو. وانەکان فێر نەدەبوو. بەوەشەوە، گوێگرتن لە قسەکانی منی پێ ناخۆش نەبوو. چاوانی پڕشنگێکی منالانەی دا، ترسێکی شیرینییان تێدا درەوشایەوەو لەمنی ڕوانی. تەماشای دیواری بەرامبەری کرد (خودا دەیزانی لەنێو سەریدا چ دەگوزەرا) و بەخۆشییەکی دڕدۆنگ و ترسنۆکانەوە، لەژێر لێوەوە پێکەنی. ئەوە ترس بوو کە ئەوی هێنابووە پێکەنین.

هێشتا پێکەنینەکەی تەواو نەببوو کە فیلەکەی هەمدیس کەڵکەڵەی هیندوستان لە کەللەی دایەوەو دڵی بۆ منالەکانی تەنگ بۆوە. جۆرە دڵتەنگییەکی خامۆشی هەمیشەیی، بێ قسە، بێ گلەیی و شکایەت، بەڵام هەست پێکراوو بۆژۆکەر، وەک ئامادەیی نەبینراوی زەمەن، پەرتەوازە لەتەواوی ساتەوەختەکانی ڕۆژدا.

هاوڕێ لەگەڵ نیگا خەمینەکەی ئامینەدا، شەلیمەو موحشین، بێ دەنگ هاتنە نێو ژیانی ئێمەو بەهەژمونی بێ چەند و چوونی بارستەگەلە واقیعییەکان، لەنێو خەڵک و شتەکانی دەوروبەردا، جێگایەکی جێگیرو بەردەوامیان بۆ خۆیان چێ کرد. وەک بڵێی لەگەڵ ئێمەدا بن و لە تەکماندا بژین. هەرجارێک کە ئامینە تەماشای منالێکی دەکرد، هەرجارێک کە مات دەیبردەوە یاخود چاوانی پڕ لە فرمێسک دەبوون، هەرجارێک کە بەژنەفتنی دەنگی منالێک لەکۆڵان لەجێگەکەی ڕادەچڵەکی، هەرجارێک کە نامەیەکی لەباوکییەوە بۆ دەهات، هەرجارێک کە کروشکەی دەکرد یان ڕووەو دیوار دەنوست یاخود لەژێر لێوەوە لەگەڵ خۆیدا دەدووا، هەرجارێک کە لەبەردەم ئاوێنەدا دادەنیشت و گۆرانییەکی خەمینی بەچرپە دەچڕیی، شەلیمەو موحشین ئامادە دەبوون و لەپاڵمانا بەرامبەر تەلەفیزۆن، یان لەسەر فەرشی پای تەختەنوێنەکە، یاخود لەسەر سەکۆی پارک دادەنیشتن و دەبوونە هاوبەشی کارو بارەکانمان.

بەزۆریی ئەوانمان لە بێدەنگیی نێوان قسەکانمانا دەدۆزییەوە، لە لابەلای خەوەکانمانا، لە



تەماشاکردنی منالە مەزلوومە سواڵکەرەکانی سوچی شەقامدا، لە هەواڵەکانی جەنگ و لافاوو بوومەلەرزەدا، لە بۆنی ئەو خواردنە توونەدا کە ئامینە لێی دەنا و لە گوێ ڕادێران بۆ نەوای کەیفاوەری سیتاری هیندیدا. هەندێ جاریش، کاتێ خۆشحاڵ و بەختەوەر بووین، چاوانی خەمینی شەلیمەو موحشین لەقووڵایی تاریکییەوە وەدیار دەکەوتن و ئامادەیی خۆیان، لە هەستی گوناهێکی کاتیی و زوو گوزەردا، بەسەرمانا دەسەپاند. دەمبینی شەلیمەی لەڕو لاوازو ڕەش داگەڕاو، بەچاوانی وردو حەپەساوو پای پەتییەوە – تەواوی ڕۆژ لەکۆڵانەکانا سواڵ دەکا و لەدووی دۆزینەوەی چەند ئەسپێیەکی گەورەیە بۆ نێو قژی باوە گەورەی.

شتنی عەردو گسکدانی ماڵ و چاودێری کردنی برا چکۆلەکەی لە ئەستۆی ویدایەو هەواڵم هەبوو کە چەندێک دڵی بۆ دایکی تەنگەو تا چ ئەندازەیەک تەنهاو شەکەتە. دەمزانی موحشین شەوانە دەزریکێنێت، مەشکن و نەوسنەو مۆزەکانی ژنی یەکەمی ڕاجا دەدزێت. چەندین جار سزا دراوە، قامچی خواردووە، حەپس کراوە، بیبەر بەسەر زوبان و پێڵووی چاوانیدا کراوە. بەڵام ئاقڵ نەبووە. لە شپرزەیی کپ و نیگەرانییە خامۆشەکەی ئامینەدا، موحشینم دەبینی نەخۆش کەوتووە، سەرمای بووە، تای لێ هاتووەو دەکۆکێت. لە کەشم و نەشمی ئاسوودەو هێوری ئامینەدا، مەزەندەی باشیی و خەراپیی تەندروستیی کوڕەکەیم دەکرد. کاتێک کە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی دەکردو لەکاتی داهێنانی قژیدا گۆرانیی دەچڕیی، ئیدی دەمزانی کە مەترسییەکە ڕەویوەتەوەو موحشینی چکۆلە چاکبۆتەوە.

ئامینە لەماڵ نەدەچووە دەرەوە. دەترساو سەرمای بوو. یان خەوی دەهات. گەر لێ گەڕابایەن ئەوا هەموو ڕۆژەکە دەنوست. کاتی بێدارییش هەر وەئاگا نەبوو. جۆرێک سستیی و هێورییەکی خودیی لە سروشتیدا بوو کە هی دوێنێ و پێرێی نەبوو. ڕایەڵ نەبوو بەمردنی دایکی و تاریکایی ژێر ئاوەوە. بەڵکو ڕەگی لەمیراتێکی دێریندا هەبوو، لە لەهۆش خۆچوونێکی عیرفانیدا، لەجۆرێک خۆ بەدەستەوەدان و سەبوریی باپیراندا. دەبوو پاڵمان پێوە نابا، سیخورمەمان تێوە ژەندبا، بێخی قژیمان ڕاکێشابا تا بێتەوە سەرخۆی و بجووڵێت. تا ئاوێنە چکۆلەکەی و گۆڤارە سینەماییەکەی بنێتەوە ژێر باڵشتەکەی و هەستێت، تا خەونی شیرینی منالەکانی، بۆ ماوەیەکی کورت، لەودیو پێڵووەکانییەوە یان لەنێو سەریدا حەشار بدرێ و بێ تین و تاو بەلای کاروباری ماڵەکەوە بچێت.

دواجار، بەزۆرو بەهەڕەشە، لەماڵ هێنامانە دەرەوە. ڕێگەی قوتابخانەی منداڵەکانم پێشان دا و بەیانیان، لەگەڵ ئەواندا، ڕەوانەی کۆڵانم دەکرد. ڕۆژی یەکەم نەڕۆیشت و گەڕایەوە. ڕۆژی دووەم خۆی کردە نەخۆش و لەجێگەکەی هەڵنەستا. ڕۆژی سێیەم گوتی نارۆم و پاڕایەوەو تکای کردو گریا. ڕۆژی پێنجەم بووە شەڕمان و کەوتینە دەمەقرە. ڕۆژی شەشەم، ناچار قایل بوو، ڕۆیشت. ڕۆژانی دواتریش ڕۆیشت و ڕێگەی دەرەوە بەڵەد بوو. شتی زۆرو بەزوویی فێر بوو. سەرەتا هەمان ئەو دەوروبەرە دەگەڕا. تا کۆتایی جادەکە دەڕۆیشت و لەترسی وون بوون، دەگەڕایەوە. هێور هێور، دوو جادە ئەولاتر بەڵەدو پاشان گۆڕەپانی پشت پارکەکەو سینەمای گەڕەکی دۆزییەوە. هەروەها دوکانە هەرزان فرۆشییەکان. تێ گەییشت کە پاسی هەشتاو حەوت تا بەر بورجی ئیڤڵ دەڕواو دەگەڕێتەوەو ئیدی کاری مەیسەر بوو. هەروا کاری ئێمەیش.

"ئامینە"

"ئامینە گیان"

"ئامینە خان"

ئیدی زوو زوو دیار نەدەما. تا سەرم وەردەگێڕا، ئامینە دەرفەتی قۆستبۆوەو بێ هات و بات، بەبێ پرس یان بەبێ چ بیانوویەک، لەماڵ چوو بووە دەرەوە. ترسی ڕەوییبۆوەو وەک پشیلەیەک کە ڕێگەی دەرەوە فێر بووبێت، گل دانەوەی لەماڵەوە زەحمەت بوو. سواری پاس دەبوو، خودا دەیزانی سەر لە کوێ دێنێتە دەرێ. چەند ژنە کارەکەرێکی تونسی و مەراکیشی ناسیبوون. ژنانی هاوتەمەنی خۆی، بەڵام بەئاگا لە ڕووداوەکانی دونیا، بە زەینێکی نیوە خۆرهەڵاتیی و نیوە خۆرئاواییەوە، گوێ ڕایەڵ بەڵام هوشیارو نارازیی، ژنی ماڵ و ژنی کار، ئاگا لە سنوورو مافی خۆ.

یەک شەمموان ڕۆژی پشووی ئامینە بوو. لە سەرەتادا لەماڵەوە دەمایەوە بەڵام کاری نەدەکرد. دەنوست. گۆڤاری دەخوێندەوە. نامەی دەنووسی و خەونی بەمناڵەکانییەوە دەبینی. یاخود لەتاو زەبری تەنیایی و لە ڕووی ناچارییەوە، بۆ کلێسای گەڕەک دەچوو. لەو هات و چوونانەیدا جەمیلای دەرگاوانی توونسیی ناسیبوو. بەچەند وشەی فەرەنسیی و مستێک ڕستەگەلی عارەبیی کە دەیزانین، قسەکانی خۆی دەکردن. هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕی، ئامینەیەکی بێدارترو شێلگیرتر - شێلگیرتر بۆ بینین و ناسین - بەبەردەممانا تێدەپەڕی و ڕوانینی پێشتر لەخۆی ڕایدەکرد.



جەمیلا مامۆستای وی و بەدوای خۆیدا بۆ یەکە بەیەکەی کۆڵانەکانی ئەو دەوروبەرەی دەبردو ڕێو ڕەسمی ژیانی لە فەرەنگستان پێشان دەدا. هێور هێور، نیگەرانی بووین. دەبوو جڵەوی بگرین. خودان ڕاجاش وەک بڵێی خانەگومان بووبێ، دەیویست بزانێت ئامینە لە کوێیەو چ دەکا و بۆچی مانگانەکەی کەمە. وەک بڵێی بۆنی کردبێ کە ئامینە فێڵ بکا و بڕێک لە دۆلارەکانی بۆ خۆی بنێتە لاوە. نامەیەکی بەئینگلیزییەکی شکاوو تێکەڵ پێکەڵ بۆ نووسیم و دەربارەی ئامینە پرسیاری لێ کردم. هەڕەشەشی کرد کە ئەگەر دڵنیا بێت ئامینە کڵاو دەنێتە سەری، ئەوا پێستی دەگروێ. وەڵامیم نەدایەوە. تا ڕۆژێکیان ئامینە سەراسیمەو هەراسان، بەڵام - خۆشحاڵ - هەواڵی هێنا کە مێردە ئازیزەکەی بیری دەکا و دەیەوێ بۆ پاریس بێت. ئەوە یەکەمین جار بوو خودان ڕاجا، ئەڤینی خۆی بۆ وی دەردەبڕی و ئامینەش، ئامینەی حەپەساوی ژێر ئاو، بەماسییە چکۆڵەکەی خەونەوە لەنێو زگداو ئەو هەموو قوڕو قەوزەیەی نێو زارییەوە، تینووی ئەڤین بوو. دەستوبرد وای لێکدایەوە کە ڕاجا وازی لە ژنی یەکەمی - ژنە قەڵەوە نالەبارەکەی - هێناوەو پەی بەجحێڵیی و جوانیی ئەم بردووە. دێت و شەلیمەو موحشینیش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ژوورێکی چکۆڵە بەکرێ دەگرن، ژوورێکی واقیعیی. هەمووان لەدەوری یەکدی کۆدەبنەوە. چوزانیت، ڕەنگبێ باوکە سواڵکەرەکەشی پێیانەوە ڕایەڵ بێ و بتوانێت ناسنامەیەکی فەرمیی سواڵکردن لە حکوومەتی فەڕەنسە وەرگرێ و هەزار ڕەنگبێ و ئارەزووی تریش، هەمووی پەیوەند بەڕۆژانی خۆشی ئایندەو ژیانێکی باشترەوە. هەرچەند من دەمگوت و هەرچیی جەمیلا دەیگوت بێ هوودە بوو. ئامینە هێشتا وەئاگا نەبۆوەو سیحری خودان ڕاجا لای وی لە لێکدانەوە لۆژیکییەکانی ئێمە بەتین تر بوو. فێڵ و فڕی کابرای هیندیی هەر لە سەرەتاوە دیار بوو، بەکورتی، ئامینە نەیدەبینی یان نەیدەویست ببینێت. خودان ڕاجا، دەم و دەست (بەبێ چ پاساوێکی تایبەتیی) ئاشقی ژنە جحێڵەکەی بووە و لەدووریی وی عەزاب دەکێشێ! بۆچیی و چۆن، خودا دەیزانێ. ئەم جۆرە شتانە ڕوو دەدەن. ئاخر ئەشق بێ سرتە دێت، دەگات و بەیەخەی بونیادەمەوە دەلکێت. ئامینە بڕوای هەبوو بەموجیزەو دەربڕینی مەحەبەتگەلی خودانیش بەرانبەری، سەلمێنەری ئەم موجیزەیە بوو. نامە لەدوای نامە. درۆ لەدوای درۆ. خولاسە بەوەی کە مێردی - دەم و دەست ئاشق بوو، کوتوپڕ شێت بوو - پێویستی بەبانگێشتنامەی فەرمیی هەبوو، بۆیە بەدونیایەک شەرم و زوبانی بێ زوبانییەوە، داوای لە ئامینە کرد بانگێشتنامەی بۆ بنێرێ و پارەی بلیتەکەشی بۆ بدات. ئەویش، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو حەمکە مەحەبەتە، بازنگی

ئاڵتوون و گوارەی یاقووت بۆ ژنە جوان و میهرەبانەکەی دێنێت. لەگەڵ یەک زەمیلە ئەڤین و سندووقێک نەوازشت و یەک دونیا نییەت پاکیی.

گوتم : "ئامینە کەر مەبە!" وام گوت و بەسەریدا قیژاندم.

گوتی: "خانم گیان، مێرد سەروەرە. خودانە. بەڵێنی پێ داوم. درۆ ناکات."

مەزەندەم کرد بەهەڵە لە قسەکەی گەیشتبم. پرسیم: "درۆ ناکات؟"

سەری دانەواند. نەیدەویست لەچاوانم بنۆڕێت. گوتی: "موحشین دێنێت. بازنگە ئاڵتوونەکەم ناوێت. بەڵێنی داوە موحشین بێنێت."

– "بە دۆزەخ. چ دەبێ با ببێ."

ئەو پارەیەم بۆ گەڕاندەوە کە بۆم خستبووە لاوە. پارەی خۆی بوو. هەزارو بیست و پێنج دۆلار. وەک با بلیتی کڕی و بۆ خودانی هەنارد. بانگێشتنامەکەشی لە جەمیلا وەرگرت.

دوو مانگ دواتر ڕاجا هات، بەدەستی بەتاڵ، بەبێ بازنگی ئاڵتوون و زەمیلە ئەڤینەکە و هەڵبەت بەبێ مناڵەکانیش. بەبێ موحشین. بەبێ شەلیمە.

یەکەمین جار بوو خودان ڕاجام دەبینی. لەوە داماوترو چەورو چلیک تر بوو کە مەزەندەیم کردبوو. ڕەنگ زەردو کورتە باڵاو گچکە. بەلێوی تەڕو ددانی ڕزیوو جۆرێک ڕوانینی بێ شەرمانەوە. ئینگلیزیی قسانی دەکردو سەری دەلەقاندو لێکدا لێکدا زمانی بەلێوە شێن هەڵگەڕاوەکەیدا دەهێنا. هەر لەڕێوە، هەوڵی دەدا بەچینی کۆمەڵایەتی و پلەو پایەی خۆیدا هەڵبدا، نەبا من وا بیر بکەمەوە کە شووەکەی ئامینە وەک خودی وی سواڵکەرە. کەوتە فووتێکردنی خۆی.

گوتی: "خانمی تارانیی. من پارەم هەیە. خانووی گەورەم هەیە. هەشت دانە ژوورم بەکرێ داون."

ویستم قسەیەکی ڕەقی پێبڵێم بەڵام زمانی خۆم گرت. ئامینە سینی چاکەی بۆ ڕاگرت. قلاڤەتی شپرزە بوو. دەیزانی کڵاو نراوەتە سەری بەڵام ددانی بەجەرگی خۆیدا نا.

گوتم: "ئەگەر دەوڵەمەندیت ئەدی بۆچیی ژنەکەت کارەکەرێنیی دەکات؟ بۆچی خۆت پارەی بلیتەکەت نەدا؟"

پێکەنی. خۆی بەناحاڵیی پێشاندا. قاچی نابووە سەر قاچ. جگەرەی دەکێشاو ئەنگوستیلە ئاڵتوونەکەی لە پەنجەیدا با دەدا. پاشان، دەمودەست، بیری کەوتەوە کە



ماڵەکەی سووتاوەو دارو نەداری بەبا چووەو ئەوسا یەکسەر، قلافەتێکی خەمین و مەزلوومی بەخۆوە گرت. ویستی بکەوێتە ناڵە و کڕوزانەوە کە جلەویم گرت. ئامینە دەستەپاچەو شپرزە بوو. دڵی تێکەڵ دەهات.

پرسی: "ئەرێ ئامینە مانگانەکەی چەندە؟"

گوتم: "دوو سەد دۆلار." درۆم کرد. ئاخر پارەکانی ئامینەم پێ نەدەدا.

چاوانی چکۆڵە بوونەوە. لە ئامینەی ڕوانی و ئامینەش ڕووی خۆی وەرگێڕا. ئاخر بینیبووی کە بازنگی ئاڵتوون و تەڵاقدانی ژنی یەکەم و دەربڕینی ئەڤینی بۆ وی – هەر وەک جاران – درۆ بووەو ئەوسا وروژانێکی کپ لە ناوەوەیڕا هەڵایسابوو. کلافە و بەچاوانێکی شەرمەزارەوە لە عەردەکەی دەنۆڕی.

چاوی کوێر بێت. لە کەرێتییەکەی تووڕە بووم و پێم خەراپ نەبوو ئاوهای بەسەر بێت. بەڵام چم لەدەست نەدەهات. ئاخر گۆڕانی ئامینە کاتی گەرەک بوو. ڕەنگبێ کاتێکی درێژ تر لە عومری خۆم و وی.

هاتنی خودان ڕاجا بەرنامەکانی ژیانی ئامینەو منی بەیەکدا دا. مێردی خاوەن بڕیار، دەمودەست لە گەڕەکێکی عارەب نشینی پاریس ژووری بەکرێ گرت و بڕیاردرا ئامینە شەوانە لای شووەکەی بمێنێتەوە، بەڕۆژ ئیش بکا و پارەکانی بەمۆڵیی بخاتە دەستی وییەوە. بۆ من گرینگ بوو شەوانە کەسێک لای مناڵەکان بێت. ڕۆیشتنی ئامینە، پێچەوانەی بەڵێن و قەولێک بووکە لە بەڵێننامەکەماندا دیاری کرابوو. بەڵێننامە پووچەکەی شووەکەیم پێشانداو پێم گوت کە ڕۆیشتنی وی پێچەوانەی بەڵێننامەکەیە. سەری نایە ژێرو بێدەنگ بوو. هیچی لەدەستدا نەبوو. بڕیاری ژیانی لە مستی خاوەنەکەیدا بوو. ئەو بوو کە بڕیار و یاساکانی دەردەکردن.

بیرم کردەوە خودان بۆ گەشتێکی کاتیی هاتووەو بەزوویی دەگەڕێتەوەو پاشان حاڵیی بووم کە نا، بۆ مانەوەو عەیاشیی و دارکاریی کردنی ئامینە هاتووەو تەمای گەڕانەوەی نییە.

ئامینە خەیاڵی پارەو بازنگی ئاڵتوونی لە سەری خۆیدا کردبووە دەرەوە. خووی بە لەدەسدانی پارەکانیشییەوە گرتبوو. بەڵام شتێک کە نەیدەتوانی بیر خۆی بەرێتەوە، جێگەی چۆڵی مناڵەکانی بوو. دڵنیا بوو (دڵنیاییەکی گێلانە) کە خودان ڕاجا لەگەڵ شەلیمەو موحشیندا دێت. پارەکانی لە ئەڤینی بینینی مناڵەکانیدا لە دەست دابوو،

ئەمجارەیان فێڵەکەی خودان ڕاجا پاروویەکی وا زل بوو کە پێی قووت نەدەچوو.

گوتی: "خانم گیان، خۆم دەڕۆم و منداڵەکانم دێنم."

دەنگی یەکلاکەرەوە بوو. تەماشایم کرد. ڕاچڵەکیم. باوەڕم نەدەکرد. ژنێکی غەوارە لەگەڵمدا دەدوا، ژنێکی توورە، تژیی بەغەریزەگەلی بەرایی، وەک پشیلەیەکی کێویی ئامادە بۆ بەرگریی کردن لە بێچووەکانی.

گوتی: "ناهێڵم شەلیمە ببێتە سواڵکەر. ناهێڵم موحشین لە کۆڵانەکانا بنوێت. دەڕۆم و منداڵەکانم دێنم."

– "چۆن؟ بەکام پارە؟"

گوتی: "بەو جۆرەی کە خۆم هاتم. ڕێگەیەک هەر دەدۆزمەوە. ژنەی یەکەم پارەکانمی دزیوە. لێی دەسەنمەوە. قەرزدارمە. شکاتی لێ دەکەم. ماڵەکەی ئاگر تێ بەردەدەم. فەرشەکانی دەدزم."

"بەبێ مۆڵەتی ڕاجا؟"

گێژ بوو. خۆیشی نەیدەزانی چ دەبێژێت. شتەکان لە سەریدا جێگە گۆڕکێیان پێ کرابوو. فێری ئەوە ببوو بنۆڕێت.

نیگەرانی ئامینە بووم و لەکاردانەوەی کابرای هیندیی دەترسام. مەزەندەکەم ڕاست دەرچوو. کاتێ ڕاجا دەبیستێ ئامینە دەیەوێ بڕوات و منداڵەکان بێنێت، ئەویش بەبێ مۆڵەتی وی، شێت و مۆر دەبێتەوە. ئامینە برسیی و تینوو لە ژوورەکەدا حەپس دەکات، هەڕەشەی لێ دەکات کە دەیکوژێ. ئامینە، بەئازایەتییەکی بێ پێشینەوە. هەمدیس دەڵێ: "دەڕۆم." وا دەڵێ و پێ دادەگرێ و ئەوسا بەشێوەیەکی حیسابیی بیراز دەکرێت.

ڕۆژێک کە ئامینەم بەڕوخساری شێت هەڵگەڕاوەوە بینی، هاوارم لێ هەستا. لێوی ئاوساوو دەستی دەیەشا.

گوتی: "خانم گیان، شووەکەم گوتی، نەنکت مێتێران بووە، بابت مێتێران بووە تا بۆ من ببیتە مادام ئامینە؟"

چاوانی پڕی فرمێسک بوون و بەڵام قاقا وەک منداڵانی گێل پێکەنی.

گوتی: "شووەکەم دەڵێ: دەبێ هەموو ڕۆژێک پارەکەتم لەسەر مێزەکە بۆ دانێیت. دەبێ داوای پارەی زیاتر لە خانمی تارانیی بکەیت. گەر نەیدا ئەوا دەچێتە جێگایەکی تر. لای



خانمی فەرەنسیی ئیش دەکەیت."

پرسیم: "ئامینە، ئەدی تۆ چیت دەوێ؟"

پچڕ پچڕ تەماشای کردم. هەمان تەماشاکردنی لێڵ و گێژ و وێژیی هەمیشەیی. (تۆ) ئەوێکی بزر بوو، کەسێکی خەیاڵیی بوو، لە فیلمدا، لە خەوندا. گرینگ ئەوە بوو کە خودان ڕاجا چ دەڵێ. چیی دەوێ. بڕیارەکان ئەو – ئەوان – دەیاندا.

گوتی: "خانم گیان، ئیدی مێردە. ناکرێ پێی بگوترێ نا."

بەڵام، لە کۆتایی ئەو دوایین ڕستەیەدا، لەکۆتایی ئەو (ناکرێ پێی بگوترێ نا) یەدا، وروژانێکی کپ شەپۆلی دەدا. گومانی هەبوو، نیوەیەک لە ڕۆحی ڕادەپەڕی، شتەکانی لێکدەدایەوەو ئەو نیوە ناقاییلە ژیانێکی باشتری بۆ منداڵەکانی گەرەک بوو.

گوتی: "دەڕۆم و منداڵەکانم دێنم. ئاخر لەوێ بمێننەوە دەبنە سواڵکەر. هەردووکیان دەبنە سواڵکەر. من دەمەوێ شەلیمە بخوێنێت. هەروەک منداڵەکانی ئێوە."

ئامینە، بەو ئومێدو بەو خایلەیەوە، لای من ڕۆیشت. سێ مانگ لێی بێ خەبەر بووم تا هەمدیس سەر و کەللەی پەیدا بۆوە، نەخۆش و لەڕ و لاواز و پەرت. ڕەنگ پەڕیوو ژێر چاوانی ڕەش داگەڕاو. نەیدەویست قسان بکات. دانیشت و بێدەنگییەکەی لە مەراقەکەی قورستر بوو. وا هات بەخەیاڵمدا شتێک بەسەر شەلیمەدا هاتووە. سەری ڕاوەشاند. ئازاری هەبوو. گینگڵی دەدا. دواجار زمانی کرایەوە. گێڕایەوە کە چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە. لەو ماوەیەدا لە پاریس بووەو کاری کردووە. رووی نەهاتووە بێت بۆ لای من. پاشان، دوو گیان بووەو خودان ڕاجا منداڵەکەی نە ویستووە و لەقەی لە زگی داوە. هەنووکە سی ڕۆژە خوێنی هەیەو ژان ئێسقانەکانی کلۆر کردوون.

گوتی: "خانم گیان، دڵنیام منداڵەکە لە زگما مردووە."

گوتم: "دەبێ بچیتە لای دختۆر. هەستە بچین بۆ خەستەخانە."

کەوت بەسەر دەست و پێمدا. دەترسا. خودان ڕاجا مۆڵەتی نەدەدا. گوتبووی بۆ لای دختۆر بچیت، دەتکوژم.

دەمزانی ڤیزاکەی خودان ڕاجا تەواو بووەو گەر پێی بزانرێ دەردەکرێ.

گوتم: "دەبێ خەبەری پۆلیس بدەیت."

سەری ڕاوەشاند.

گوتم: "ئامینە، یاسا پشتگیریت دەکات. حەق بەتۆیە."

ئامینە لە حەق و یاسا بێ خەبەر بوو. کام حەق؟ دونیا ئاوها خولقا بوو. یاسای سروشت هەر ئاوهایی بوو.

ئامینەم بەزۆر برد بۆ خەستەخانەو دوو ڕۆژ دواتر منداڵەکەی لەبار چوو. مەسەلەکەم بۆ خانمی دختۆر باس کرد. هەناسەی هەڵکێشا. هەر یەکسەر تەلەفۆنی کرد بۆ شارەوانی و لە سکرتێری کۆمەڵایەتی وادەی بۆ گرت. ئامینەم لای خۆم گل دایەوە.

خودان ڕاجا، شپرزەو بەشات و شووتەوە، هاتە بەر دەرگای ماڵەکەم. دەیویست ئامینە بەرێتەوە. ڕێگەیم نەدا. دەرگای ژوورەکەی ئامینەم کلیل دا. هەڕەشەی کرد، تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد. ئیدی وەک با تێی قووچاندو دیار نەما.

تەواوی هەفتە من و جەمیلا و سکرتێری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئامینەدا قسانمان کرد. لە ڕووالەتدا ڕام ببوو بەڵام نەدەبوو متمانەی پێ بکرێت. لەنێوان بڕیار و دوو دڵیدا دەهات و دەچوو. هەوڵی دەدا. پەلەقاژێی دەکردو لە ڕاجا پڕ بوو.

ئیدی تووڕەییەکەی، خۆی خستبووە ڕوو.

ئیدی سەری لەئاو هێنابووە دەرێ.

ئیدی دەینۆڕی.

خودان ڕاجا وازی نە دەهێنا. دەیزانی ئەگەر دەست پۆلیس کەوێت ئەوا وەزعی خراپ دەبێت. بەدوای ڕێگەچارەدا دەگەڕا. خانمی تارانیی خەتەرناک بوو. ئامینەی لە ڕێگە لادابوو. کۆتایی هەفتە، هەمدیس بۆ سەردانی ئامینە هاتەوە، مەزلووم و ژێوان. بەجووتێک پێڵاوی چەرم و پارچە قوماشێکەوە، بەزەردەخەنە بەرینەکەی و چاوە پڕ لە فرمێسک و ددانە پرتوکاوەکانییەوە.

گوتی: "دەیەوێ بۆ بەنگلادیش بگەڕێتەوە. هەڵبەت لەگەڵ ئامینەدا. دڵی نایەت ئامینە کار بکات. لەمەودوا خەرجیی ئەوو باوکە سواڵکەرەکەی دەکێشێت. جێگەی ژن پاڵ مێردە." وایگوت و تەماشای ئامینەی کرد. ئامینە خۆشیی بەدرۆ دەهات. درۆگەلی شیرین، درۆگەلی هاسان و تژیی لە ئەڤین.

خودان خاڵی لاوازی ئامینە بەڵەد بوو. بەڵێنیدا یەکێک لەژوورەکانی سەرەوەی بداتێ. ئەو بکاتە خانمی یەکەم و شەلیمەش بنێتە قوتابخانە. ڕوخساری ئامینە گەشایەوە. گێل



کردنی وی هاسان بوو. کە قسە لە بارەی منداڵەکانییەوە دەکرا، شل دەبوو. ئەوسا ئەو تۆزقاڵە ئەقڵ و مەنتیقەی بیر دەچۆوە کە کردبوومانە سەرییەوە.

گوتی: "خانم گیان دڵم بۆ منداڵەکانم تواوەتەوە. دەبێ بگەڕێمەوە. شەلیمە تەنها ماوەتەوە. موحشین دەگری. بەرگەی دووریبیان ناگرم."

هەمان تاس و هەمان حەمام.

ئەو ڕۆژەی کە دەڕۆیشت باران دەباری. ڕێک نۆ مانگ بەسەر هاتنیدا تێدەپەڕی. مافی مانەوەی یەک ساڵیم بۆ وەرگرتبوو.

گوتم: "ئامینە تا سێ مانگی تر ڤیزای گەڕانەوەت هەیە. دەتوانیت بگەڕێیتەوە. من و ژنە فەرەنساییەکە (ئامینە لە ماڵی ژنێکی فەرەنساییدا کاری دەکرد) و سکرتێری کۆمەڵایەتی، هەموومان یارمەتیت دەدەین."

گوتی: "گەر بڕیار بێت ڕۆژێک بگەڕێمەوە، ئەوا منداڵەکانیشم لەگەڵ خۆمدا دێنم. لەمەودوا لە منداڵەکانم جیا نابمەوە."

ئامینە ڕۆیشت و من بەتەنها مامەوە. بەخۆم گوت ئیدی کەس ناهێنم و خۆشحاڵ بووم کە لە شەڕی بینینی قلافەتی خودان ڕاجا ڕزگارم بوو.

جەمیلا، پچڕ پچڕ، هەواڵی ئامینەی هەبوو، لەو بارەیەوە خەبەری دەدامێ. ژنی یەکەم کردبوویە دەرەوە. ژوورەکەی حەوشەیان بەکرێ دابوو. لە ماڵی باوکە سواڵکەرەکەی دەژیان، لەگەڵ شەلیمەو موحشیندا، لە ماڵێکی مقەباییدا، لەژێر بارانە تەواونەبووەکانا. لەژێر ئاودا.

دوای ئەوە ئیدی ونم کردو ون کردنی ئامینەش شتێکی زەحمەت نەبوو. ئاخر ئەو بەهاسانی دیار نەدەماو پاشان، بەبێ پاساوو دوور لە چاوەڕوانیی، هەمدیس سەرو کەللەی پەیدا دەبۆوە.

ئامینە لەژێر ئاوە تاریکەکاندا دیارنەماوە، وەک کاتێ کە منداڵ بوو، کاتێ کە لافاو هەستاو براکانی، هەر چوار براکەی بردن. سێ فەرسەخ دوورتر لاشەی ئاوساوی وییان لە ئاو دەرهێنابوو. کەس گومانی نەدەکرد ئەو کیژۆڵە بەشەختە بووە شین هەڵگەڕاوە ڕۆحی تێدا مابێت. بەڵام زیندوو بوو. هەناسەی دەدا، هەناسەی هێور. قوماشێکی سپییان پێدادا. بەڵام دەموچاوی بەدەرەوە بوو. کەسێک بەسەر سەرییەوە دوعای دەخوێند. ئامینە

دەبینی. ئامینە هەموو شتێکی لەبیرە، تەواوی ساتەکانی لەبیرە، لە یەکەمین ڕۆژەوە کە باران دایکردو ئەو شەوەی کە لافاو هەستاو درەختەکەی نێو باخی لە ڕەگەوە هەڵکێشا و گا و بزنەکانیانی لەگەڵ خۆیدا برد، ئامینە هەموو شتێکی لەبیرە. دایکی لە هەیوان نووستبوو. باوکی لە ژوورەکەی پشتەوە دوعای دەخوێند. سینی شێو لەبەر دەرگاکە بوو. دوایین شێو. قاپێک برنجی کولاّو بۆ هەموو خێزانەکە، ئامینە بەوردیی هەموو شتێکی لەبیرە، تەنانەت ئەو ساتەوەختەشی لەبیرە کە لەژێر ئاودا بوو، ئەو ساتە وەختەی کە مردبوو، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، دەقیقە بەدەقیقە.

دوو ساڵ تێپەڕی. جێژنی کرێکاران بوو. مناڵەکانم بۆ پارک دەبرد کە لە زەنگی دەرگا درا. چاوەڕوانی کەس نەبووم. دەرگام کردەوەو چاوم بەئامینە کەوت، لەگەڵ کچێکی مناڵی ڕەش تاڵەو کوڕێکی خڕتۆڵەدا. ئامینە بوو لەگەڵ شەلیمەو موحشیندا. باوەڕم نەکرد. قاقا پێکەنی. چاوانی دەدرەوشانەوە. قەڵەو ببوو. حەیف. بەڵام قەڵەوییەکی میهرەبانانەو خاوەن جوانیی دایکانێکی بەختەوەر.

شەلیمە سەر بەژێر و شەرمن بوو. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لەزەینمدا بەرجەستەم کردبوو. موحشین مەشکن و زۆرخۆر بوو. تەماشای ئەملاولای خۆی دەکردو چاوە ڕەشەکانی دەدرەوشانەوە. هەر بەرێوە مۆزێکی هەڵگرت و قەپاڵێکی لێگرت. دەستە نوچەکانی بەداوێنی دایکی سڕی و بەدەمێکی پڕ لە مۆزەوە پێکەنی و مۆزێکی تری هەڵگرت. شەلیمە سەری لەقاندو هیچی نەویست.

چاوانی ئامینە لە بەختەوەریدا پرشنگیان دەدا. دەیویست قسان بکات، بەهەمان ئەو فارسییە ڕەوان و شیرینەی کە بەڵەدو بەباشیی بیری مابوو. نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکات.

لە ئەووەڵەوە دەستی پێکرد: شووەکەی، هەر لەگەڵ گەڕانەوەدا، بەڵێنی خۆی شکاندووەو کەوتۆتە گیانی. ژنەی یەکەم نەخۆش بووە، خۆی خوراندووە، سەری بەکومباری ژێرپا و چەو و زیخی حەوشەدا ساویوەو سەری بەدەرو دیواردا کێشاوە. شەوانە دەست و پێیان بەستۆتەوەو لە ژوورێکی تاریکدا حەپسیان کردووە. خودان ڕاجا کەوتۆتە مەشروب خۆریی و ژنانی بێ ئابڕووی بۆ ماڵەوە هێناونەتەوە. کوڕە گەورەکان ئیشیان نەکردووە. بەردەوام داوای پارەیان لەباوکیان کردووە و کەلوپەلی ماڵەکەیان فرۆشتووە. خودان ڕاجا، هەمدیس، ئەمی خستۆتەوە بەر ئیش. ئەمجارەیان لە ئەردەن، لای



دیپلۆماتێکی ئینگلیز. کابرای دیپلۆمات، دوای تەواوبوونی بەڵێننامەکەی، ڤیزای بۆ وەرگرتووەو لەگەڵ خۆیدا بۆ لەندەنی بردووە، پاشان، یارمەتی داوە و مناڵەکانیشی بۆ هێناوە. – شەلیمە – موحشین – شۆربای شێلم.

ڕیز ڕیز قسانی دەکردو تەماشای مناڵەکانی دەکرد. قەفەسەی سینەی بەرز و نزم دەبۆوەو سینگە گەورەکەی لە سینگی ژنێکی دوو گیان دەچوو. دوو گیان لە لەزەتی غەریزەگەلی دایکانەدا.

گوتی: "خانم گیان، دەتۆ بزانە، دواجار مناڵەکانم هێنا."

دواجار.

گوتی: "خانمی ئینگلیزیی ژنێکی دلۆڤان بوو، بەڵام حەوسەڵەی مناڵی نەبوو. خانم گیان، حەقی خۆیان بوو. ئاخر خۆیان مناڵیان نەبوو. ژیانیان دەتگوت چەپکە گوڵە. شەلیمە هار و هاجیی نەدەکرد بەڵام موحشین هەمیشە هەر خەریکی بەخچاڵ کردنەوە بوو. ئاقڵ نەدەبوو. خانمی ئینگلیز ڕۆژی سێ دانە مۆزی دەدایێ، بەڵام بەوەشەوە چاوی ئەم مناڵە نەوسنە لەسەر قوتووی شیرینیی بوو. لەهەرشوێنێک قوتووەکەیان دەشاردەوە، دەیدۆزییەوە. هەموو چکلێتەکانی دەخواردن. ئەوسا خانمی ئینگلیز بۆژۆ بوو."

تەماشای کوڕەکەی کرد. پێکەنی. پێکەنینێک لە قووڵایی دڵییەوە، لە قووڵایی بەختەوەرترین چاڵی دڵییەوە هاتە دەرێ.

گوتی: "شووەکەم نامەی هەنارد لە خودانی ئینگلیز داوا بکەم کە ڤیزا بۆ ئەویش وەرگرێت تا بۆ لای ئێمە بێت. هەمدیس دەیویست فێڵمان لێ بکاتەوە. نامەی بۆ باڵیۆزخانەی بەنگلادیش نووسی کە ژنەکەی مناڵەکانی دزیون. هەزار قسەی درۆی تریش."

– " کەواتە خودان ڕاجا درۆشی دەکرد!"

ئامینە سوور هەڵگەڕا.

دەستی بەگۆنای شەلیمەدا هێنا. لەسەر عەردەکە دانیشت و مناڵەکانی لەپاڵ خۆیدا دانیشاند.

گوتی: "خانمی ئینگلیز دەست و دڵ کراوە بوو، مووچەی سێ مانگی دامێ. پرسی: دەتەوێ بۆ پاریس، بۆ لای خانمی تارانیی بڕۆیت؟"

ئەم ئامینەیە ئەو ئامینە دەست و پێ سپییە دەستەمۆیەی تر نییە. چارەنووسی منالّەکان بەدەستی خۆیەوەیەو لە پێناوی ئەواندایە کە دەجەنگێت. دەزانێ گەورەکردنی منالّەکانی لە فەرەنگستان زەحمەتە بەلاّم بڕیاری خۆی داوە. چاوانی کراوەن و گوێکانی دەژنەڤن. بیرۆکەکان لە سەریدا شێوە دەگرن، بیرۆکەکانی خۆی. هەستەکانی واقیعین و لە تاریکایی کونجە داخراوەکانی زەینییەوە دێنە دەرێ. هێشتا هەر خەون دەبینێ و هێشتا هەر لە فیلمە خەیالّییەکاندا دەور دەبینێ، بەلاّم خۆی حەکایەتی فیلمەکە دەنووسێ و هەر خۆیشی دەرهێنەرەکەیە. هەفتەیەک میوانی من بوو پاشان ژووری بەکرێ گرت. ڕۆژانە کاری دەکرد، هێور هێور، بەبێ مۆلّەتنامەی فەرمیی، کارو داهاتی بەقەدەر خەرجییەکانی بوو. ناوی شەلیمەی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوی موحشین یشی لە باخچەی ساوایانی گەڕەک نووسی. مادموازێل شەلیمەو میسیۆ موحشین. شەو لەنێوان منالّەکانیدا دەنووست و دەیزانی کە ئیدی وەرزی بارانە مەرگ هێنەکان بنەبڕ بووە.

یەک شەممەوان پشووی دەداو ئێواران لەگەلّ منالّەکانیدا بۆ سەردانی من دەهات. شەلیمەی لەڕو لاوازو ڕۆح پێنەماو نەختێک گیانی بەبەردا هاتبۆوە. تەماشای خەلّکان و دەوروبەری خۆی دەکردو وەلاّمی سلاّو یان پرسیارە ساکارەکانی دەدایەوە. لەتەواوی ئەو ماوەیەدا، خودان ڕاجا، وەک تارمایی، سووسەی جێگە پێی ئامینەی دەکردو دەستی لێ هەلّنەدەگرتن. ئاخر ئامینە، چاوگەی داهاتی ئەوو ژنی یەکەمی پارەی نەدەدایێ.

گوتم: "ئامینە، ئاگات لەخۆت بێت. دەترسم خودان وەک جاری پێشوو، ئەشقت لە کەللەی بداتەوە."

گوتی: "خانم گیان، مەحالّە بهێلّم جارێکی تر شەلیمە ببێتەوە بەسوالّکەر. دەمەوێ وەک منالّەکانی ئێوە دەرس بخوێنێت. ببێتە دختۆر. دەمەوێ موحشین ئیش بکات. بچێتە زانکۆ. دەچمە بالّیۆزخانە داوای یارمەتی دەکەم. هەرچ شتێکم لەدەست بێت دەیکەم."

تەواوی قسەگەلێک کە دەیکرد قسەی بونیادەمێکی تا لێهاتوو بوو، بونیادەمێکی وروژاو و یاخیی. سەری لەژێر ئاو هێنابووە دەرێ و لە هەوای ئازاددا هەناسەی دەدا. هیچ کاتێک ئامینەم ئاوها تۆکمەو شێلگیر نەبینیبوو، هێند بێدارو ئاگادار. دەمبینی پێکانی بێ تاو نین و جەستەی نوچ نابات. دەمبینی چاوەکانی پڕ لە پرسیارو بەرخۆدانن و گوێکانی لە دووی دەنگەکان ڕادەکەن.



خودان ڕاجا لە ڕێگەی منەوە، بەدوای ئامینەدا دەگەڕاو منیش نامەکانی، بەبێ ئەوەی بیانخوێنمەوە، دەمخستنە تەنەکەی زبلّەکەوەو نەمدەزانی بارو بنەی پێچاوەتەوەو بەو زووانە سەرو کەللەی پەیدا دەبێتەوە. ئامینەش ئەوەی نەدەزانی. سەرقالّی کارو ژیانی نوێی بوو. شەلیمە، بەو جەستە لاوازو ڕوانینە شەرمنەیەوە، پەلەقاژێی دەکردو لەگەلّ زەحمەتییەکانی ژیاندا لە غەریبیی زۆرانی دەگرت. ساردیی و گەرمیی ژیانی چەشیوو دەیزانی چۆناوچۆنیی خۆی پێ بگەیەنێت. برا گچکەکەی بۆ باخچەی ساوایان دەبرد، دەیهێنایەوە، کە دایکیشی لە مالّەوە نەدەبوو، ئیشەکانی وی دەکرد.

ژیان بەئارامیی دەگوزەرا. دلّەڕاوکێکان هێنی ڕابردوو بوون.

لە مالّەوە دانیشتبووم و لە دەرگا درا. – تەق تەق تەق – و پاشان زەنگێکی درێژ. دەرگاکەم کردەوەو هەناسەم وەرگرت. چاوەڕێی میوانێکی هیندیی نەبووم، ئەویش بەو بیچم و قلاّفەتەوە. بۆنی تیژی عەتری چڕ بەرەڕەوەکەدا بلاّو بۆوەو هەناسە پچڕ پچڕەکانی خودان ڕاجا لەقولاّیی مەنجەلّی داوو دەرمانەوە هاتە دەرێ. بەخۆنەویستییەکی درۆیینەوە سلاّوی کردو بینیم کە ددانەکانی زەردتر بوون و زمانیشی تەڕ بەماددەیەکی سوور. بۆیمباخی بەستووە، چاکەتێکی ڕەشی لەبەرداو پێلاّوی تێنس لەپا دا- پێلاّوی تازە کڕدراو، هەلّبەت، لە پێلاّو فرۆشەکەی سەری کۆلاّن، هەمان ڕۆژ.

دەسپێکردنی ژانە سەر.

نەفرەتیی.

سلاّو و ئەحوالّپرسیی کردو لە هەوالّی ئامینەی پرسی. خۆم نەکرد بەخاوەنی. گوتم نازانم و ئیزنم دا. لێنەدەگەڕا. هەمدیس لە دەرگای دایەوە – تەق تەق تەق – و زەنگ لەدوای زەنگ. لەودیو دەرگاوە پێمگوت کە بۆتە ئەرک و هەر ئەلعان لای پۆلیس شکاتی لێ دەکەم. ڕاجا ترسێکی تایبەتی لە پۆلیس هەبوو، هەرکە دەنگی (پ) و دەنگی (سین) ی دەژنەڤت، ئیدی لەپێ دەکەوت. ئەمجارەش بەپەلە کلکی نایەوە سەر شان و تێیی قوچاند. تومەز لەسەری کۆلاّن وەستاوەو چاودێریی دەکات. ئەمەش کاری هەموو ڕۆژێکییەتی.

یەک شەممە بوو. چاوەڕێی هاتنی ئامینە بووم تا هەوالّی هاتنی مێردەکەی بدەمێ. مەغریب بوو، ئامینە بێ خەبەر لە هەموو شتێک، بەشەلیمەو موحشینەوە هات. خۆشحالّ و بەختەوەر لەنێوان منالّەکانیدا. بەکەشم و نەشمی دێرینەیەوە تەماشای دەوروبەری خۆی

دەکردو حەزی دەکرد خەڵکیش تەماشای کەن. خۆی خستبووە ڕوو، جەستە قایل و وەئاگاکەی وەک جەستەیەکی بەشکۆ، لەگەڵ خۆیدا کێش دەکرد. دەمبینی بۆتە دایک و هێڵگەلی میهرەبان لەسەر ڕوخساری نەخشیوە. غەبغەبەیەکی گچکە لەژێر چەناگەیدا چێ ببوو، چەند تاڵێکی سپیش لەنێو پرچە بریقەدارەکەیدا خۆیان دەنواند. قووڵایی بیلبیلەی چاوانی دەدرەوشانەوە - درەوشانەوەی وروژانێکی ناماقووڵ و ئارەزوویەکی بزر. تووڕەیی، هەستێکی نوێ بوو کە هێزی بەوی دەداو کلپەی بەهەناسەکانی دەسەند. جەستەی نائارام بوو. دەجوولا، پێچی دەخوارد، ئارەقەی دەکردەوەو گەرماییەکی ناوەکیی بۆژۆی کردبوو. ساتەوەختێک سەرحاڵ و دڵنیا لەخۆ بوو، ساتەوەختی دواتریش دڕدۆنگ و نیگەران. ڕایەڵ دەبوو بەخایلەگەلی ناتەواو و ئارەزووگەلی کپەوە نەخشەی جۆراو جۆری دادەڕشت. هەزار شت هەبوون کە دەیویستن و پێی لەسەریان دادەگرت. هەزار شت هەبوون کە نەیدەویستن و لێیان دەترسا.

گوتم: "ئامینە، چما نازانیت شووەکەت هاتووە."

وشک بوو. دەستی شەلیمەی گرت و بەخەمەوە لەکوڕەکەی ڕوانی. ترسێکی ئاشنا ڕۆچووە بەدەنییەوە.

ترسێکی دێرین.

ترس لە ماسی سپیی مەرگی ژێر ئاوە ساردەکان.

هەستایە سەر پا. دەیویست ڕاکات. هەڵدەلەرزی. ڕوانینی وەک بازنەگەلی ڕووی ئاو، سەرگەردان و دڕدۆنگ بوون و جەستەی هەمان دڵنیایی پێشووی نەبوو.

گوتی: "ئەلعان دەچمە سۆراغی خانمی یارمەتیدەر. پارێزەرێکیش دەناسم. ڕاجا هاتووە منداڵەکان بەرێ. ئەدی چ بکەم؟"

شەلیمە بێدەنگ بوو. یەک وشە لە قسەکانی ئێمە حاڵیی نەدەبوو، بەڵام دەیبینی دایکی شپرزەیەو دڵنیا بوو کە ئەو شپرزەییە ناکاوەی دایکی پەیوەندە بەباوکییەوە. تەنانەت موحشینیش بۆنی مەسەلەکەی کردبوو کە مەترسییەکی شاراوە هەڕەشە لەوو دایکی دەکا و دوایین لەتە مۆز، لە گۆشەی گوپیدا بەتۆپەڵیی مابوو.

لەبیری ڕێگەچارەیەکدا بووین کە لەزەنگی دەرگا درا. خۆی بوو - خودان ڕاجا. شەلیمەو موحشین خۆیان لکاند بەدایکیانەوەو ئامینەش لەپشت منەوە ڕاوەستا. تەپ و



کوتی دڵیم دەژنەڤت. موحشین مۆنی کردبوو، شەلیمە لە عەردەکەی دەنۆڕی.

خودان ڕاجای دەم بەپێکەنین، بەددانی زەردو پێڵاوی سپیی کەتانییەوە، هاتە ژووری و فیلتەری جگەرەکەی خستە نێو ئینجانەی لای دەرگاکەوە - کۆکە لەدوای کۆکەو بەڵغەمەکەی لە دەسەسڕێکی چڵکن نا. پاکەتێک شیرینیی بۆ من هێنابوو. دوو مەساسەی لەگیرفانی دەرهێناو بەموحشینی دا. ئامینە خۆی بردە پێشەوەو زیت زیت لە چاوانی مێردەکەی ڕوانی.

خودان ڕاجا بازنگێکی ئاڵتوونیشی بۆ ئامینە هێنابوو - هەمان ئەو بازنگەی کە ژنی یەکەمی لە ئامینەی زەوت کردبوو. ئامینە بازنگەکەی ناسییەوەو دەنگی بەرز بۆوە. یەکەم جار هێورو پاشان بەرز و بەرزتر. مەگەر خودا دەیزانی چیی پێ دەگوت. زوبانەکەی بەڵەد نەبووم، بەڵام لە تەکاندانی سەرو دەستییەوە مانای قسەکانی دیار بوون. موحشین دایە خوڕەی گریان و شەلیمەش ڕایکرد. ڕایکردو خۆی لە موبەقەکەدا حەشاردا.

نۆرەی من بوو بێمە ناو مەسەلەکەوە. ئامینەم هێور کردەوەو بەڕاجام گوت دەست لە هەڕەشەو ئەزیەتدانی ئامینە هەڵگرێ.

کەوتە خانم گیان خانم گیان. تووڕەییەکەی هێور کردەوە. قڵافەتی باوک و شوویەکی فیداکاری بەخۆوە گرت و ڕووی خۆشی بەئامینە پێشان دا. خۆی کردە مشکی تۆپیوو گۆنای موحشینی ماچ کرد. سەری لەژێرەوەنا، هەناسەیەکی بەسوێی لە قووڵایی دڵەوە هەڵکێشا، خودا حافیزیی کردو بەڕوواڵەت ڕۆیشت. نە من باوەڕم کردو نە ئامینەش.

گوتم: "ئامینە، نەکەیت فریوی کەڵەکەکانی بخۆیت."

دەستی منداڵەکانی گرتبوو. گێژو وێژ منی بەجێ هێشت.

مانگێک تێپەڕی. چ هەواڵێکی ئامینە نەبوو. دڵنیابووم هەمدیس کەوتۆتەوە داوی شووەکەی و نەمدەزانی چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە. تا ئەوەی کە جەمیلام لە کۆڵان بینی. ئەو هەواڵی ئامینەی لابوو. گوتی ئامینە هەروەک جاران ئیش دەکا و پارەکەی وەک هەمیشە، لەسەر تاقەکە بۆ خودان دادەنێت. خودان ڕاجا لە ڕێستۆرانێکی هیندیی کار دەکا و ژووری گرتووە، تەلەفیزۆنی کڕیوەو بۆ خۆی باشە.

پرسیم: "ئەدی مەگەر مۆڵەتنامەی کاری هەیە؟"

نا. مۆڵەتنامەی کاری نەبوو. سوپاس بۆ خودا. بەخۆم گوت ئەگەر کاری نایاسایی

بکات، ئەوا وەزعی خەراپەو دەتوانرێ پشتی ملی بگیرێ و بەلەقە بکرێتە دەرەوە. بەکورتیی مەسەلەکە لەسەر بڕیاری ئامینە دەوەستا. ئامینە سەرەڕای بوونی خایلەگەل، تووڕەیی و بڕیار، سەرەڕای بوونی منداڵەکانی، هێشتا لەبەرامبەر قودرەت و فەرمانی شووەکەیدا لاوازو، دڵنیا نەبووم کە تین و تاوی سەرپێچی کردنی وی هەبێت.

جەمیلا پێی وابوو ئامینە لەناو خۆیدا خۆی دەخواتەوەو وەک مار کەپکەی کردووە. ئاگر لەژێر خۆڵەمێشدایەو لەیەکێک لەو ڕۆژانەدا کڵپە دەسەنێت. هەروایش بوو. بورکانی خامۆش، زووتر لەوادەی خۆی، کەوتە چزە چزو قوڵتە قوڵت.

ئامینە شپرزەو کلافەیە. شەوانە خەوی لێ ناکەوێت. نەخۆش کەوتووەو تای هەیە. دڵی بەردەوام تەپ و کوتییەتی و جەستەی ئاگر دەسەنێت. ناقایل و ناڕازییە. نایەوێ پارەکەی لەسەر تاقەکە بۆ خودان دانێت. حاڵی بووە کە ئەو پارەیە هی خۆیەتی. هینی شەلیمەو موحشینە. دڵی تێکەڵ دێت. دەیەوێت هاوار بکا بەڵام دەنگی دەرنایەت. خواردنەکەی سووتاندووەو لێدانی خواردووە. لێوی هەڵتڵیشاوەو برووسکە بەپشتیدا دێت. حەز دەکات بەمشت بەدەرگاو دیواردا بماڵێت. حەز دەکات شت بشکێنێت. چاوەڕێیەو چاوەڕوانیی ئازاری دەدات. دەزانێت هەڵبژاردنی ڕووداوەکان و ژیانی لەدەستی خودان ڕاجا چۆتە دەرەوەو ئیدی زەندەقی لەو پەرتەوازەیی و ئازادییە چووە.

خودان ڕاجا، نیوەشەو، مەست و وێران لەدەرەوە دێتەوە. ژوورەکەیان لەسەری سەرەوەیە، لە نهۆمی شەشەم. ڕێگەکەی درێژەو ئەمیش مەست. لەسەر هەر پێپلیکانەیەک دادەنیشێت و وەنەوزێک دەدات.

ئامینە لەودیو دەرگاوە چاوەڕێیەتی. دڵی کەوتۆتە تەپ و کوت.

خودان ڕاجا مەست و دڵخۆشە. تێری خواردووەو تێری خواردۆتەوەو گوێز بەدەمی دەشکێنێت. گۆرانیی دەڵێت. لە خەیاڵی هەستاندا نییە. هاوسێیەکیان دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوەو بەسەریدا هاوار دەکات. ڕاجا بێدەنگ دەبێت. دەنگی پێی بەگوێی ئامینە دەگات. پاژنەی پێڵاوەکەی ناڵی پێوەیەو تەقە تەق دەکات. پاشان، پێڵاوەکانی دادەکەنێ و ئەوجا هانکە هانکی هەناسەی لە نهۆمی سێوە دەژنەفرێت. دەرگای ژوورەکەی ئامینە نیوە کراوەیە. گڵۆپی ڕاڕەوەکە سووتاوە. خودان ڕاجا نوچکە دەبات. کوێرە کوێرە دێتە ژوورێ. پای پەتی خودان لە جانتایەکی سەر ڕێ دەگیرێ و هەڵدەنگوێ و بەسەر شەلیمەدا دەکەوێ. شەلیمە دەزریکێنێ و وا مەزەندە دەکا دز هاتۆتە سەریان، لە جێگەکەی



ڕادەپەڕێ. سوراحی ئاوەکە لە ژوور سەریدا هەڵدەگرێ و بەتوندی بەسەر ڕاجایدا دەکێشێت. ئامینە بۆ یارمەتیدانی کیژەکەی دێت. ژن و مێرد دەکەونە گیانی یەکتر. ڕاجا قژی ئامینە لەبێخەوە دەگرێ و هەڵیدەسووڕێنێت. موحشین گاز لە پای باوکی دەگرێ. ئامینە هاوار دەکا و داوای یارمەتی لە هاوسێکانیان دەکات. دەرگای ماڵ دەکاتەوەو بەپای پەتی بەڕاڕەوو پێپلیکانەکانا ڕادەکات. ڕاجا دوای دەکەوێت. هاوسێکانیان دەڕژێنە دەرێ. ئامینە بۆ بەرگریی کردن لە منداڵەکانی چنگ لە دەموچاوی خودان دەگرێ. خودانیش کەفگیرەکە لە دەستی شەلیمە هەڵدەپچڕوقێنێ و بەسەرە تیژەکەی دەکێشێت بەسەرو دەموچاوی ئامینەدا. نێوچەوانی ئامینە دەشکێ و سەری دەقڵیشێ. خوێناوی و نیوە گیان لەسەر پێپلیکانەکان لەهۆش خۆی دەچێت.

هاوسێکان تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن. خودان ڕاجا بەر لە گەیشتنی پۆلیس. دیار نامێنێت.

ئامینە منداڵەکانی هەڵدەگرێ و بۆ ماڵی ئێمە دێت.

گوتی: "خانم گیان، دەمەوێ شکاتی لێ بکەم. فێرم کە. تەلەفۆن بۆ کێ و بۆ کوێ بکەم؟"

گوتم: "بۆ پۆلیس. ئازیزم بۆ پۆلیس." وامگوت و هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشا. دەتگوت بارێکی قورس لەسەر شانم داگیراوە. چەند هەنگاوێک چووبووینە پێش، هەنگاوگەلی گەورەو چارەنووسساز.

ئامینە گوتی: "ئەو پیاوە زوڵمی لەمن و منداڵەکان کردووە. دەمەوێ داوای تەڵاقی لێ بکەم. ئەدی بۆ تەڵاقیش دەبێ بەپۆلیس بگوترێت؟"

ئامینە بۆ یەکەمین جار، تامی یاساو پۆلیس و شکاتی دەکردو هەستی دەکرد کە لەم دونیایەدا بەتەنێ نییە.

گوتم: "ئارام بگرە. یەکەم جار دەبێ شکاتی لێ بکەیت. نۆرەی تەڵاقیش دێت."

ئارامی نەدەگرت. تەڵاقی دەویست. هەمان ڕۆژ. هەمان دەقیقە.

جەمیلا یارمەتیی کۆمەڵایەتی و یاساگەلی پەیوەند بەبیانیان بەڵەد بوو. ئامینەی بۆ شارەوانی گەڕەکەکەی بردو پارێزەرێکی بەخۆڕایی بۆ گرت. من، جەمیلا و ئەو خانمەی کە ئامینە لە ماڵەکەیدا کاری دەکرد، بەکۆمەڵ پارەمان خستە سەر حیسابەکەی ئامینەو بەو

هۆیەشەوە کە چەپەکان لەسەر حوکم بوون و یاسای مانەوەو کۆچ هاسان تر ببوو، کارتی مانەوەی ئامینەیان تا پێنج ساڵ درێژ کردەوە.

خودان ڕاجا ماوەیەک خۆی شاردەوە. بۆ سەر کاریش نەدەچوو. چاوەڕێ بوو شتەکان بچنەوە شوێنی خۆیان و ئامینە لە کەری شەیتان بێتە خوارەوە. دڵی بەشعوری سنوورداری ئامینەو زەینی فەرامۆشکاری وی خۆش بوو. دڵنیا بوو دەتوانێ بەمستێک وشەی فریودەرو بەڵێنگەلی ڕەنگاوڕەنگ، دڵی سافیلکەی وی بەدەست بێنێتەوە. نامەی بۆ ئامینە نووسیی، نامەی پڕ لە ئاه و کڕوزانەوە لە دووریی مناڵەکان و تەنهایی و دڵتەنگیی و خەمی غەریبیی.

ئامینە نامەکەی بۆ من هێنا. گوتی بەڵێنەکانی ئەو پیاوە هەمووی درۆن و تا تەڵاقی لێ وەرنەگرێت ناحەوێتەوە. لە ڕووی مشووریشەوە ژوورەکەی خۆی گۆڕی و ئادرێسە نوێیەکەی بەکەس نەدابوو.

خودان ڕاجا، بێدەنگیی ئامینەی بەحسێبی قایل بوون لێکدابۆوەو بەئومێدی وەرگرتنی پارەکانی ئامینە - دوو مانگ مووچە - بۆ قوتابخانەی مناڵەکان دەچێت. شەلیمە لەدوورەوە دەیبینێت. تێکەڵاوی قوتابییەکانی تر دەبێ و خۆی لە چاوە نیوە مەست و خومارەکانی باوکی دەشارێتەوە. بەڵام موحشین تێدەکەوێ و فریوی مشتێک نوقوڵ و چەند مۆزێک دەخوا. دەست لە دەستی خوداندا بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە. کابرای هیندیی، سەرلەنوێ، لەماڵەکەی ئامینەدا نیشتەجێ دەبێتەوە. ئامینە چاوەڕێی دەرفەتە. تەلەفۆن بۆ جەمیلا دەکا و جەمیلاش هەواڵ بەپارێزەری شارەوانیی دەگەیەنێت. ئامینە لە خودای دەوێ ڕاجا لێی بدات. هاوسێکانی لە پلانەکەی ئاگادارن. بەرگریی لێ دەکەن. خودان ڕاجا، شەوێکیان، دڵخۆش و دەم بەپێکەنین، بەپێپلیکانەکاندا سەردەکەوێت. ئامینە دەرگاکەی لێدەکاتەوە. سەر دادەخاو نادوێت. ڕاجا لەسەلاریی و گوێ ڕایەڵیی ژنەکەی دڵخۆشە. سەر دەلەقێنێ و هەر بەرێوە داوای ئاوو خواردن دەکات. ئامینە لە جێی خۆی ناجوڵێ و کابرای هیندیی بەرزتر قسەکەی دووبارە دەکاتەوە. ئامینە هەر گوێی پێ نادات. ڕاجا دەحەپەسێت. تێ ناگات. خووی بەو جۆرە ڕەوتارانەوە نەگرتووە. کونە کەپووی دەکرێتەوەو دادەخرێ و بەمشت بەمێزەکەدا دەکێشێت. ئامینە، هەروا خۆی تێ ناگەیەنێ و وجووی نازانێ. ڕاجا لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ و پرچی دەگرێ و ڕایدەکێشێت.

مناڵەکان لە ڕاڕەوەکە هاوار دەکەن. داوای یارمەتیی دەکەن. لە دەرەوە بەدەرگای ژوورەکەی ئامینەدا دەکوتن.



ڕاجا تێ ناگا. ئاو و خواردنی دەوێ. برسییەتی. حەوسەڵەی نییە. دەرگاکە دەکاتەوە. دوو کەس لەودیو دەرگاوە چاوەڕێن. خاتوو ئامینەیان دەوێت. دێنە ژوورەوە. ڕاجا هەست بەخەتەر دەکات. هەڵدەسێ و نیازی ڕۆیشتنی هەیە، ڕایدەگرن. داوای پاسپۆرت و کارتی مانەوەو مۆڵەتنامەی کاری لێ دەکەن. وەزعی خەراپە. خەراپتر لەوەی کە مەزەندەی کردووە. پێوە بووەو ڕێگای ڕاکردنی بەڕوودا داخراوە.

یەک هەفتە مۆڵەتی دەدەنێ خاکی فەرەنسە جێبێڵێت.

ئامینە بەتەنێ کارەکانی تر ڕادەپەڕێنێت. یەکسەر، لەگەڵ پارێزەرەکەیدا دەچێت بۆ باڵیۆزخانەی بەنگلادیش و داوای تەڵاق دەکات. هاوسێکان لە بەرژەوەندیی وی شایەتیی دەدەن. باڵیۆزخانە لایەنی وی دەگرێت.

خودان ڕاجا تێشکاوو وێران، بەر لەڕۆیشتن بۆ سەردانی من هات، ببووە مشک و بەدرۆوە دەگریا. ڕەنگە گریانەکەشی بەڕاستیی بووبێت. گوتی ئامینە حەیای بردووە، ئامینە بەرەڵا بووەو دوو گیانەو ئەمیش بەناونیشانی کەسێکی موسوڵمان مافی ئەوەی هەیە سەری ببڕێت. خوێنی حەڵاڵە. بەڵام، لەبەرئەوەی ئەو پیاوێکی دڵ و دەروون پاک و بەڕێزە، ئامادەیە لە ئامینە ببوورێ بەو مەرجەی مل بدات، تۆبە بکا و لە تەکیدا بۆ بەنگلادیش بگەڕێتەوە.

بێدەنگ بووم. نازانم بۆچی دەم و دەست بەزەییم پێیدا هاتەوە. شەرمەزار بووم و حەزم نەدەکرد ئاوها بەزەلیلیی ببینم.

گوتی: "ژنی یەکەمیان بۆ نەخۆشخانە بردووە. دەڵێن سەگی هار گازی لێ گرتووە. چارەسەری نییە. شێت بووە. ئامینەش هەر شێت بووە. هار بووە. خودا غەزەبی لێ گرتووم. هەموو ژنەکانم هار بوون. خانمی تارانیی، ئەدی بەڕای تۆ من چ بکەم؟"

دانیشتبوو، لە خەیاڵی ڕۆیشتنا نەبوو. دەستەوەسان و لۆژیکی دێرینی نەیدەتوانی ڕێگەچارە بۆ کێشەو گرفتە نوێیەکانی بدۆزێتەوە.

گوتی: "خانم گیان، باوکم سێ ژنی هەبوون، لە ژنەکانی دەدان. هیچ کامێکیان هار نەبوون. ئەوە نەرێتی خێزانەکە بوو. ئەوەیان قەبوڵ بوو کە پیاو خودانە. ئەوە یاسای سروشتە. ژنێک پاسەوان بۆ شووەکەی وەئاگابێنێتەوە ژن نییە. فەرەنگستان قوڕی کرد بەسەر ئامینەدا. خەتای خۆم بوو ئەوم بۆ ئێرە هەنارد. لە ئێران چەند ژنێکی باش بوو، لە عارەبستانیش ژنێکی گوێ ڕایەڵ بوو. هار نەبوو. فەرەنگستان ئەوی گۆڕی. ئەوی

بەدبەخت کرد."

ژنی یەکەمیان لەژێرزەمینەکە حەپس کردووە و کوڕە گەورەکان پارەو پوولی باوکیان ماشیوەتەوە. حەکایەتە درۆیینەکەی ڕاجا – ئاگر گرتنی شارو ماڵەکەی – بووە ڕاست و گەر بیەوێ پارەی بلیتی ئامینەش بدا ئەوا پوول لە گیرفانیدا نییە. نازانێ لە چ گوناهێکی گەورەوە گلاوەو لەمانای ڕووداوەکان تێ ناگات. ژنی یەکەمی لە خێزانێکی خواپێداوەوە هاتووە. باوکی بازرگانی قوماشە. دواجار، ژوورەکانی سەرەوە هی وین. دەبێ هی ئەو بن. مافی ئەوێن. ئامینە هیندۆیە. باوکی سواڵکەرە، دڵی موسوڵمان نییە. دواجار جێگەی وی، ژوورەکەی خوارەوەیە. سروشتییە. هەموو شتێک لەسەر بناغەی یاساو حیکمەتی کۆن شێوەی گرتووە. دواجار، ئامینە ئاژاوەی ناوەتەوەو پێی لە بەڕەکەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە. دەبێ دارکاری بکرێت. دەبێ ئاقڵ بکرێت. دەبێ جڵەوی بگیرێ و دەست و پێی ببەسترێتەوە. خودان ڕاجا بەپێی یاسای قەبیلەکەی ڕەوتاری نوواندووە، بەپێی یاسای باوو باپیرانی. پاساوێک بۆ بەدبەخت بوونی خۆی نابینێتەوەو شکاتی لە پۆلیسی فەرەنسە هەیە. بەڵام هیچی پێناکرێت. خۆزیا ئامینەی بۆ فەرەنگستان نەناردبا. خۆزیا.

ئامینە تەڵاقی وەرگرتووەو ئەفسوون و واق وڕماو، زەق زەق لە خەڵکان و لە چواردەوری خۆی دەنۆڕێ. بەخۆی تازەی نائاشنایەو ترسی لەو ئازادییە ڕووتە هەیە کە گەمارۆی داوە. بێ ئەندازە ڕێگەکانی بەردەمی والآن، ئەدی کامیان هەڵبژێرێت؟ لەمەودوا بەرپرسیاری کارەکانییەتی، بەرپرسیاری منالەکانێتیی. ئیدی چ خودان ڕاجایەک لەمیانا نییە تا زۆری لێ بکا و شێوەی ژیانی بۆ دیاری بکات. ڕادەکات، دەسوڕێتەوە، دەکەوێ و خۆی بەدارو دیوارا دەدات. هەراسانە. تەنیایە. بەوەشەوە، ژێر پای پتەوەو ئەو عەردەی ژێر پای چارەنووسی منالەکانییەتی. ستونگەی ماڵ و شوێنگەکەی لە ناوەندی ئەو عەردەدا داکوتراوە. لێرەوەیە کە دەیەوێ دەست پێبکاتەوە، لەم خاڵە تۆکمەیەو لەم ساتەوەختە تایبەتەوە.

دەبێت شەلیمە ببێتە دختۆر. دەبێ موحشین ئیش بکا و پارەی مۆزەکانی دەربێنێ. ئامینە ماڵێکی ڕاستەقینەی دەوێت، ماڵێک ڕێنراو لە بەردو چیمەنتۆ کە بتوانێت لەبەر زەبری لافاوو زریاندا خۆی ڕاگرێت.

دێت بۆ لام. هەناسەبڕکێی پێکەوتووە.

دەڵێ: "خانم گیان، سەرم قەرەباڵخە. دەبێ مۆڵەتنامەی کار دەربێنم. دەبێ پارە



پەیداکەم. دەبێ منالەکان گەورەکەم. دەبێ لەبیری کارتی مانەوەدا بم و لە بیری ئایندە."

ئایندە؟ بەم وشەیە غەریبم. ئاخر هەمیشە لەگەڵ ئامینەدا لە بارەی ڕابردووەوە دوواوین، قسەکانمان لە بارەی تاران و ڕۆژانێکەوە بوون کە لەماڵی ئێمە بوو. ئەوە تاقە دونیایەکی واقیعی بوو کە شارەزای بووین. کەچی هەنووکە، ئامینە، بەیەک باز پێشی منی داوەتەوەو زەمەنێکی نوێی دۆزیوەتەوە، زەمەنی سبەینێ. خۆی و منالەکانی، لە پێشیەوە، لە ڕۆژگەلێکی باشتردا بەرجەستە دەکا و بەرەو ئەو ڕۆژانە ڕادەکات. دەستی منیشی گرتووەو بەدوای خۆیدا کێشم دەکات.

ئامینە ڕۆیشت و وەک هەمیشە بزر بوو. بەردەوام بیریم دەکرد. بەڵام نیگەرانی نەبووم. دەمزانی لە جێگایەک لەگەڵ منالەکانیدا سەرقاڵی کارو ژیانە.

جەمیلام لە سەر جادە بینی. دوایین هەواڵێک کە لە بارەی ئامینەوە هەیبوو، هینی ساڵێک لەوەوبەر بوو، هێندەی دەزانی ئامینە لە پاریس ڕۆیشتووەو لە شارێکی ترە. تا، دواجار، خۆی تەلەفۆنی کرد. دوو ساڵ تێپەڕیی بوو. لە شارێکی باشووری فەرەنسەوە تەلەفۆنی کرد.

خۆمانەو گەرم وگوڕ بوو. دەم بەپێکەنین و خۆشحاڵ. وەک بڵێی هەر دوێنێ لەلای ئێمە ڕۆیشتبێت. نەیدەزانی دوو ساڵ تێپەڕیوە (دوو ساڵی درێژ) و لەم ماوەیەدا هەزار شت ڕوویانداوە. دوو ساڵ، لە ژیانی ئێمەیەک کە ڕۆژەکانمان دەژماردن و بەختەوەرییە چکۆلەکانمان، زەڕڕە زەڕڕە دەپێواو ئەو دوو ساڵە بەدرێژایی عومری نوح بوون. ئاخر ئامینە بەلۆژیکێکی تر کاتژمێرەکەی کۆک دەکردو پەیوەندی وی بەزەمەنەوە لە حیکمەتێکی دێرینەوە سەرچاوەی دەگرت، لە خەونی چەند ملیۆن ساڵەی خوداگەلێکی ئەفسانەییەوە.

گوتم : "ئامینە، ئەرێ ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بوویت؟"

– " کام ماوە؟"

– " کچێ دوو ساڵ واتە یەک عومر. من وا پیر بووم!"

پێکەنی و پێکەنینەکەی ڕێک هەر لەخۆی دەچوو، خۆی جارانی، خۆی ئەو کاتەی کە لەژێر درەختەکانی باخەکەی ئێمەدا لەتاران ڕادەکشاو خەونگەلی ئاڵتوونیی دەبینی.

گوتی: "خانم گیان، مێردم هەیە. مێردەکەم جحێڵە. باخەوانە. ئێمەیش هەر لەباخەکەیدا دەژین. دوو ژوورمان لەودیو دایرەی باخەوانییەکەیەوە هەیە. هەر دەڵێی باخی خۆمانە. خۆزیا ئێوەیش دەهاتن. دەهاتن بۆ لای ئێمە. خودا گەورەترین باخی دونیای بەمن

بەخشیوە. جێگە بۆ ئێوە و مناڵەکانیشتان هەیە. خانم گیان، دوو مناڵی ترم هەن، دووانەن. شەلیمە بۆ قوتابخانە دەچێت. فەرەنسایی قسان دەکات. مادموازێل شەلیمە. ڕاجای داماو بووەتە سواڵکەر. ژنی یەکەمی گەڕاوەتەوە بۆ لای باوکی. باوکم بەر لەوەی بمرێت، کارتی سواڵەکەی خۆی داوەتە ڕاجا. گۆڕەپان و شوێنی سواڵکردنەکەی خۆیشی پێداوە. ئاخر هەرچییەک بێ زاوای بووە. باوکی شەلیمەیە. منیش خۆم دەمەوێ سەرێک بدەمەوەو بێمەوە. ئاخر نیوەی دڵم لەوێندەرە. نیوەی زیاتر."

تەلەفۆنەکە پچڕا. چاوەڕێم کرد. پێم وابوو هەمدیس تەلەفۆن دەکاتەوە، نەیکردەوە. خووم بەهات و چۆی ئامینەوە گرتبوو. دەمزانی هەمدیس سەرو کەللەی پەیدا دەبێتەوە.

***

دە ساڵ بەسەر دوواین دیداری من لەگەڵ ئامینەدا تێدەپەڕێ. لە دەرگا دەدەن. زەنگ لێدانی لاسارانەو نائارامانەی مناڵەکان نییە. زەنگی کەسێکی غەوارەو بەپارێزە. کەسێک کە مەزەندە دەکات بەهەڵە هاتبێت یاخود بووبێتە ئەرک.

– "کێیە؟"

بێدەنگیی.

لەودیو دەرگاوە ڕادەوەستم. جاران گەر یەکێک لە دەرگای دابا، ئەوا بەنەریتی خۆمان، بەبێ پرس یاخود چ واهیمەیەک و بەبێ ترس لە خەڵکانی غەریبە، دەرگاکەمان بە ڕووی میوانی ئازیزو گلێنەی چاواندا دەکردەوە. ماوەیەکی ویست تا خوومان بەپرسیارو پارێزەوە گرت، تا ئەڵقەرێز لە ناوەوە دانێین و لە چاوی زەرەبینییەوە لەودیو بنۆڕین.

هەمدیس دەپرسم: "کێیە؟"

دەنگێکی نائاشنا دەڵێ: "منم."

" من "، هەرکێ بێ، دەنگێکی ناسک و شەرمنی هەیە. پێموایە بەهەڵە هاتووە. دەرگاکە دەکەمەوە. کیژێکی ڕەشتاڵە، بەچاوانی گەورەی شەرمین، پرچە درێژەکەی هۆنیوەتەوەو پێلاوی قەیتانداری لە پادا، بەرامبەرم ڕاوەستا وە. جلکی هیندیی لەبەردایە – سارییەکی ڕەنگ بادامیی.

بە فەرەنسییەکی ڕەوان سلاو دەکات. فەرەنسییەکی پاراو، ناوی شەلیمەیە. سەری لەژێرەوە ناوەو شەرم دەکات.

لەباوەشی دەگرم و بۆنی دایکی بەکەپوومدا دەچێت. بەڵام جوانییەکەی ئەوی نییە.



دەڵێ دوا ساڵی زانکۆیەتی، زانکۆی پزیشکی. دەیەوێ ببێتە پزیشکی مناڵان. پێدەکەنێ. ددانە سپییەکانی دایکی هەن.

دەڵێ موحشینی لە ئامادەییە. وێنەکەیم پێشان دەدا. پێڵاوی تێنسی لە پادا و هێشتا کەمێک چێلک و چەوێڵە. هەردووکیان پاسپۆرتی فەرەنسییان هەیە، جگە لە خوشک و برایەکی تری تەمەن یازدە ساڵەیان. باوە پیارەکەیان پیاوێکی میهرەبانە. خەرجییان دەکێشێت. خۆیشی بورسی خوێندنی هەیەو هەفتەی سێ ڕۆژ لە کتێب فرۆشییەکی ئینگلیزی زوبان کار دەکات.

دەمەوێ لە بارەی ئامینەوە قسانم بۆ بکات، لە بارەی ژیانییەوە، لە بارەی باخی گەورەو بەرنامەکانی ئایندەیەوە.

بێدەنگ دەبێت. چاوانی لە عەردەکە دەبڕێ و خەمێکی میهرەبان لەسەر ڕوخساری دەنیشێت. خەمی کیژێکی ئاقڵ و متمانە بەخۆ. خەمی کیژێکی بەنگلادیشیی.

دڵم دادەکەوێت. نامەوێ بزانم. بەخۆم دەڵێم باشترە، هەرلێرە، دەمودەست، لێکتر جوێ بینەوە. دەمەوێ ئامینە لە باخە سەوزەکەیدا بەرجەستە کەم و بۆ هەمیشە ئەو وێنەیەیم لە یادەوەریدا بمێنێت.

بێدەنگییەکەی شەلیمە ئاوێتەیە بەشەرم و قایل بوون. جانتاکەی دەکاتەوە. زەرفێکی زەردی لێ دەردێنێت. دەڵێ: "دایکم دەیویست ئەم وێنەیەتان بدەمێ. سوپاسی دەکردن. شەش مانگ لەمەوبەر مرد. دوو جار چاوانی کردنەوەو باسی ئێوەی کرد. ناوی ئێوەی هێنا. من ئەم ساڵ خوێندنەکەم تەواو دەبێت. بۆ بەنگلادیش دەگەڕێمەوە. هەمدیس لافاو هەستاوەتەوە. زۆر کەس مردوون. کەمییان لە پزیشکدا هەیە. باوکیشم هەر نەخۆشە. چاوانی نابینن. دەبێ ئاگام لێی بێت."

هێند دەستەمۆو هێور لە بارەی مردنی دایکییەوە قسان دەکات کە ئیدی منیش ئەو ڕووداوە مەحاڵە بەهاکەزایی وەردەگرم. تەنانەت پێویستی بەڕاڤەی زیاتر نییە. بۆچی و چۆن؟ گرینگ نییە. مردن بەردەوامیی ژیانە. جۆرێک سەفەرە. بڕوام بەدیارنەمانە درێژەکانی ئامینە هەیەو پێموایە ڕۆژێک، هەمدیس سەرو کەللەی پەیدا دەبێتەوە. ئاخر ئەوسا بۆی گێڕابوومەوە کە چۆن دایکی، لەگەڵ شەپۆلە قوراوییەکانا، هێورو بەکاوەخۆ دوور کەوتۆتەوەو لە چاوە خامۆشەکانیدا چ ترسێک یان حەسرەتێک نەبووە. ئەو وێنەیەی ئامینە بۆی ناردووم، لە زەرفەکە دەردێنم. وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگە. ئامینە لەنێوان مێردو چوار مناڵەکەیدا ڕاوەستا وە، زەردەخەنەی لەسەر لێوەو بەختەوەرە. لەقووڵایی ڕوانینیدا

خەمێکی قووڵ و قایل شەپۆل دەدات. دەزانێت کە نەخۆشییەکەی چارەسەر ناکرێ و بەو زووانە دەمرێت، بەڵام نیگەران نییە. قژی ماش و برنجیی بووەو ژێر چاوانی پڕن لە چرچ و لۆچییەکی میهرەبان. جلکێکی لەحەریری سپیی لەبەردایە کە وەک لاولاو خۆی لە جەستە سەیر لاوازەکەیەوە ئاڵاندووە. هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لە جوانییەکەیان زیاد کردووە. جوانیی تەیرێک کە پەڕ و باڵی بەخشیوەتە بێچووەکانی و ئیدی بەرەو سەرزەمینە دوورترەکان ئامادەی سەفەرە. دووانەکە لە باوکیان دەچن، بۆز بەچاوانی شینەوە، بەڵام نیگای رووناک و زەردەخەنەکەیان چۆتەوە سەر دایکیان. منالّی بەنگلادیشی – فەرەنسیی. منالّەکانی مادام ئامینە.

دەپرسم: "ئەدی موحسین چیی؟ دەمێنێتەوە یاخود ئەویش دەگەڕێتەوە؟"

وەڵامەکەی شەلیمە دوو سەرەیە. رەنگە. نازانێت. دەڵێ: "ئەو کوڕە چۆتەوە سەر دایکم. لە جێگایەک بەنگ نابێت. دەیەوێ ئیش بکات. تاقەتی دەرس و دەوری نییە. فیکرو زیکری هەر لای سەفەرە. گەر بشگەڕێتەوە نامێنێتەوە. من چ کارێکم بەو نییە. خەمیم نییە. دەزانم کە رۆحی دایکم دەیپارێزێت."

شەلیمە خانم، پزیشکی منالان دەستم دەگوشێت، خوداحافیزیی دەکا و دەڕوات. رێگە رۆیشتنی رێک هەر دەڵێی نەشم و کەشمە شیرینەکەی دایکییەتی، دایکی ئەوسای، دایکی ئەوسایەک کە لەدونیای خەیاڵدا، دەوری لە فیلمی ئاشقانەو خەمیندا دەبینی، دایکی ئەوسایەک کە لەژێر ئاودا گۆرانی دەبێژاو لەبەر ئاوێنەدا سەمای دەکرد. دایکی ئەوسایەک کە پرچە درێژەکەی، لەدوواوە تا ناوقەدی دەگەیبیشت. قژێکی رەشی بریقەدار، ئاوێتە بەزەیتی گوێزی هیندیی. وێنەکەی ئامینە، وەک دووایین بەشی کتێبێکی شیرین، لەبەرچاوانمدایە. رۆخساری لە وێنەکەدا بزۆزو زیندووەو سات بەسات، دەگۆڕێت. وەک بڵێی تەواوی ژیانی، ژیانگەلی پێشووی خۆی و باپیرانی، هەموو، وەک سەدەها وێنەی بەسەر یەکدا کەڵەکە بوو، لە قووڵایی ئەم دووایین وێنەیەدا شاردرابێتنەوە. ئامینە دەبینم لەژێر شەپۆلە لیتاوییەکاندایەو پەلەقاژێ دەکا و ماسی خەون خۆی بەپێڵووەکانییەوە لکاندووە. لافاو ماڵ و بێستانەکەیانی بردوون، هەروەها دایک و براکانیشی، هەر چوار براکەی بردوون. ئامینە لە ئاوەکە دەردێننەوە. هەناسە دەدات. زیندووە. چارەنووسی کیژەکەی لە زگی ویدا پارێزراوەو لەقوڵایی رۆحە ژنانەکەیدا، دایکێکی دێرین، خەمی منالّەکانی ویەیەتی. سەفەرە مەزنەکەی تەواوبوونی بۆ نییەو دڵی، لەوسەری ئاسۆگەلی نەناسراودا، بۆ منالّی منالّەکانی، بۆ نەبیرەکانی لێدەدات.

***



## خانمە مەزنەکەی رۆحی من

کاشان. گەیشتووم و ماندووم. دەدەمە بیابان. نەشارەزام و رێگە ون دەکەم. هەوا پڕە لە گەردیلەی تەڕی نەبینراو و بۆنی خۆش، پڕ لە پەلەپیتکە لێدانی بەسۆز و نەوازشتی مەزن. با بۆنی سەوزایی لێ دێت، بۆنی گژو گیای شێدار و گوڵی تازە پشکوتوو. وەک بڵێی بەئاسمانێکی پڕ لە دارودەرختا تێپەڕیبێ و بەهەناسەیەکی بۆن خۆش ئامێتە بووبێت.

پرسیم: "ئەرێ کاک حەیدەریی، رۆڵی ئێوە لەم شۆڕشەدا چییە؟"

هەڵدەلەرزی و لەحەژمەت نەهاتیی و تاڵانکاریی خەوی نەبوو. دەرگاکانی ماڵەکەی کلۆمدا و لە درزی پەنجەرەکانەوە لە کۆڵانی دەنۆڕی.

ژنەکەم گوتی: "من لە خاوەن خانووەکەمان خانە گومانم. گومان دەکەم پەیوەندیی بەدژە شۆڕشییەکانەوە هەبێ."

شار هەڵایساو و بێدار. پەنجەرەکان دەکرێنەوەو دادەخرێن. دەنگی تەق و تۆقی پەرتەوازە دێت و دەنگی هات و باتێکی کپ. جێگەیەک دەسووتێ و خەڵکانێکی غەوارە لە کۆڵانە تاریکەکاندا بەدوای یەکتریدا ڕادەکەن. باوکم چ پەیوەندی بەرووداوەکانی دەوروبەرەوە نییە. دەڵێ: "ئەمەش تێ دەپەڕێت!" وا دەڵێ و دەرگا بەدەرگا لە دووی مێوژی نایاب، بۆ شەرابەکەی دەگەڕێ.

ئاسمانی کاشان، دوور لە قەرەباڵخیی خەڵکیی، وەک کانییەکی سازگار دەدرەوشێتەوەو دەشت تا داوێنی گردۆڵکەکان پۆشراوە بەتەڵانی ئەسپەندەرو گوڵاڵە سوورە. چیاکان رووت و قووت و هۆشیار، لە جەستەی ژنێکی ئەفسانەیی دەچن و بیابانیش خاوەن ئامادەییەکی دایکانەیە.

لەو دوورەوە، لە پێچی جادەیەکی خۆڵدا، ژنێک لەسەر عەردەکە دانیشتووەو لێرەش، لەنێزیک منەوە، پیاوێک لەژێر سێبەری دارهەنارێکدا، نوێژی دابەستووە.

لەبەر پێمدا چکۆڵەترین گوڵی دونیا ڕوواوە.

پرسیم: "کاکی شاعیر، ئەرێ ویژدانی مێژوویی ئێوە کوا؟"

گوتی: "من هێشتا لە واق وڕمان بەدیار ئەم گوڵەوە، نەهاتوومەتە دەرێ."

ڕێگەی زانکۆیان داخستووە. قوتابییەکانم دەڵێن: "بمرێ فەلسەفە، بمرێ کۆنەپەرستیی." وا دەڵێن و بەمستە جحێڵەکانیان بەدیوارەکانا دەکێشن. مامۆستاکان بەگوم لەبەر چاویی*، دادگایی دەکرێن و لە ڕاڕەوەکانی زانکۆدا کەوتوونەتە شوێن واتای ئازادیی.

دەپرسن: "ئەرێ جەناب، یەکێتیی وشە چییە؟ مادە ڕەسەنە یان ئایدیا؟ مێژوو حەقیقەتی هەیە یان خودا؟"

ژنەکەم بڕوای بەجیهادی ڕۆنانەوە هەیە، موچەوانە زیوەکانی بەخشیوەتە مزگەوتەکەی سەری کۆڵان و لەڕۆژی پاک و خاوێنیی شاردا، کۆڵانە خۆڵاوییەکەی گەڕەک، گسک دەدا.

دەڵێ: "تۆڵە سەندنەوە لە ئیسلامدا ڕەوایە." وا دەڵێ و بەسەرسوڕمان و ترسەوە لەوێنەی لەسێدارەدراوانی نێو ڕۆژنامەکە دەنۆڕێ. شەوانە، پەلە پەل، بۆ کلاسی ئیرشادی خوشکان و زانیاریی ئاینیی دەچێ و بڕوای بەئەمر بەمەعروف و نەهی لە مونکەر هەیە.

نینۆکە درێژو سوورەکانی کردووە و سێبەرە سەوزەکەی پشتی چاوانی سڕیوە. سەری لە سەرپۆشێک پێچاوەو زۆر بەوردی ئاگادارە کە هیچ کەس شلکەی گوێکانی نەبینێت. نائارام و بێ تاوەو دڵی بەزەبری ئیمان کەوتۆتە تەپ و کوت. لەلامەوە دادەنیشێ و تەماشام دەکات. لە بارەی کوفرو ئیمانەوە قسانم بۆ دەکات، لە بارەی وەسوەسەگەلی شەیتانیی و پێداویستیی سزاوە.

دەپرسێت: "ئەدی تۆ باوەڕت بەبەهەشت و دۆزەخ نییە؟"

بە میهرەبانیی دەستم دەگرێ و بەسۆزێکی دایکانە تەماشام دەکات. شەوانە، زۆر جاران بێدارەو لەژێر لێوەوە دوعا دەخوێنێت. هەناسەی فێنکەو پێستی بۆنی گوڵاوی لێدێت. هەر جارێ کە تەماشای دەکەم، دەیبینم زەردەخەنەی دێتێ و ڕوانینی ڕاماو لە ئاسمانی

* بەگوم لەبەر چاویی: بەغیابی.



ئەودیو پەنجەرەیە.

دەڵێت: "گوێ ڕادێرە. ئەدی نەوای گۆرانی فریشتەکان نایبییەیت؟"

– " نا، نایبییەم."

سەرم ڕۆ دەبەمە نێو سەرینەکەو بەدوای خەوندا دەگەڕێم.

دەنگی تەق و تۆقی پەرتەوازە دێ و سەدای ئەڵڵاو ئەکبەر لەودیو سەربانی ماڵە هاوسێوە.

هاوڕێیان دەڵێن: "دەبێ بڕۆین."

هاوڕێیان دەڵێن: "دەبێ بمێنینەوەو بجەنگین."

هاوڕێیان بەپەلە، لە بیری دامەزراندنی حیزب و دەرکردنی ڕۆژنامەدان.

کاک حەیدەریی ژێرزەمینی ماڵەکەی پڕ لە ئاردو برنج و نەوت کردووە و فەرشە ئاوریشمییەکانی بۆ ماڵی ئێمە هێناوە. پارەکانی لە بانک ڕاکێشاوەتەوەو دراوە ئاڵتوونییەکانی لە کیسەیەک ناوەو بەملیدا کردووە.

زانکۆ قەرەباڵخە. کەسێک نوتق دەداو جەماعەت سەڵاوات دەنێرن. لەبەر دیواری زانکۆدا چەوەنەرو پەتاتە بەتەنوور دەفرۆشن و وێنەکانی ئیمام بەدرەختەکانەوە کراوە. پیرێژنێک دێتە بەردەمم و وێنەی کوڕە شەهیدەکەیم پیشان دەدات. دەگری و بەشوێن ئایەتوڵڵایەکی بزردا دەگەڕێت. شۆستەکە هەڵدراوەتەوە لە کتێبی مەزەبی و پانتۆڵی کاوبۆو پێڵاوی کەتانیی. لەولاوەتر، فیدایییەک جۆری بەکارهێنانی تەرزە تفەنگێک، فێری تاقمێک دەکا و پیاوێکیش لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا لەژێر درەختەکانا سفرەی ڕاخستووەو بەدابەشکردنی خواردنەوە سەرقاڵە.

قوتابییەک پێشم دەگرێ. لە ئەحواڵم دەپرسێت. نایناسم. ڕوخساری ڕەش کردووە و پەچەیەکی لە سەرو ملییەوە پێچاوە. وابزانم جحێڵێکی عارەبەو لە فەلەستینەوە هاتووە. تفەنگێکی پێیەو چەند فیشەکێک بەئاسماندا دەتەقێنێت. ژنان دەزریکێنن و لەودیو درەختەکانەوە، خۆیان بەعەرددا دەدەن.

لە دەرگا دەدرێت. نیوە شەوە. ژنەکەم شپرزە لە جێگەکەی ڕادەپەڕێت. باوکم بەپەلە قاپە عارەقەکانی دەشارێتەوە. کاک حەیدەرییە. شیری وشک و مرەباو ڕۆن ماسیی هێندیی بۆ هێناوین. هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە.

دەڵێ: "بەنزین چۆڕ بڕ بووە. ئارد نییە، دەردو پەتا بڵاوبۆتەوە. بەو زووانە هەمووان یەکتری دەخۆن."

ژنەکەم پێکەنینی بەو قسانە دێ و باوەڕی وایە کە خەڵکانی ئیماندار خواردنمان بۆ دێنن. کوڕەکەم بەتوڕەییەوە سەیری گونییە ئاردەکان دەکا و دەڵێ: شۆڕشی ڕاستەقینە بەڕێوەیە. کوڕەکەم بڕوای بەسەرکەوتنی خەڵکانی زۆرلێکراو هەیە. ڕۆژانە دەچێت بۆ کارگەکان و نازانێ چۆناوچۆنیی لەگەڵ کرێکارەکانا ببێتە هاوڕێ. کوڕەکەم جلکی دڕاو لەبەردەکا و خۆی بەپێڵاوە خۆڵاوییەکانییەوە بادەدات. ئاخر کوڕەکەم عاشقی هەژاریی و گرێی هەژاریی هەیە.

هاوڕێ نیگارکێشەکەم خەڵکی کاشان بوو. بانگێشتی کردم. لەخوام دەویست. هەستام و ڕۆیشتم. ژنەکەم خەریکی نوێژ بوو. تازە فێری نوێژ دەبوو، نوێژ بەڵەد نەبوو. کاغەزێکی کردبوو بەدیوارەکەوەو لەسەری دەیخوێندەوە.

خاوەن ماڵ لە حەوشە بوو. کە منی بینی لەجێگەکەی ڕاچڵەکی. لەرز دایگرت. چاوەڕێی کەسێک بوو. تەماشای جانتاکەی دەستمی کرد.

پرسی: "دەتەوێ ڕاکەیت؟"

گوتم: "نا."

پرسی: "ناوی ئێوەیش لە لیستەکەدایە؟"

سەرم ڕاوەشاند.

گوتی: "من دەگرن. ئەمڕۆ یان سبەینێ. تۆیش دەگرن. هەمووان دەگرن."

باوکم بەخەبەر بوو. لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، تارەکەی کۆک دەکرد. تا ماوەیەک لەوەوبەر باوکم تاری فێری خەڵکیی دەکرد، بەڵام ئیدی قوتابییەکانی نەدەهاتن. ئاخر قوتابییەکانی سروودی شۆڕشگێڕانەیان دەچڕی. میسیۆ ئارداواز هاوڕێی دێرینی بابمەو جارجار بۆ سەردانی دێت. پێکەوە سەری قسان لە بارەی ڕابردووەوە دادەمەزرێنن. میسیۆ ئارداواز دوکانی مەشروب فرۆشییەکەی داخستووە. یەکێک لە ژوورەکانی کردۆتە دوکان، نانی سوخاری* و مرەبای گوڵ دەفرۆشێت. مبسیۆ ئارداواز لە ئیمپریالیزم دەترسێ و ڕای بەکۆماری ئیسلامی داوە.

* وشەکە ڕووسییە. جۆرێک نان شیرینیی وشک و سووکە.



بیست قامچییان لە خاوەن ماڵ دا.

کوڕەکەم لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریدا ناکۆکەو دەڵێ: دەبێ خاوەن ماڵ لەسێدارە بدرێ.

دەشت چەند دوورە لەم قسانەو چەندە قایل و سەبوورە دەشت. لەو دوورەوە، لەدامێنی چیادا، ئاواییەکی خامۆش لە ئامێزی درەختانی سەوزدا نوستووە و مەڵێک لە دوورەوە دەخوێنێ، هەست بەلەش سووکیی دەکەم، هەست بەگوڵە گەزیزەیەک کە لە فەزادا دەشنێتەوە. لەبەر خۆمەوە دەچڕم:

لە گوڵستانەوە چ بۆنی گژ و گیایەک دێ
من لەم ئاواییەدا، لە دووی شتێک دەگەڕام
لە دووی خەونێک... ڕەنگبێ
لە دووی نوورێک، لمێک، زەردەخەنەیەک.

بەرانبەر، لەسەر بەرزاییەک، ئەستێرکێک هەیە و لە لایەوە ژوورێکی گڵ، بێ دەرگاو بێ بیچم. زۆنگاوێک، پڕ لە قەوزە، پیرەمێردێک بەوڵاخەکەیەکەوە تێدەپەڕێت. سڵاو دەکات. توورەکەکەی بۆنی نانی تازەی لێدێ و جەستەشی بۆنی داری سووتاو.

هەزار هەزار کەس بۆ نوێژی جەماعەت ڕاوەستا ون. هەزار هەزار کەس سوجدە دەبەن. ژنان بەپەچەی ڕەشەوە کۆڵانەکانیان پڕ کردووە. جحێڵێک پاڵی بەدیوارەکەوە داوەتەوە، لەپاڵ مندا هەڵدەلەرزێت. چاوانی لێکناوەو فرمێسک لەچاوانییەوە دەڕژێ.

هاوڕێ شاعیرەکەم لەجێگەدا کەوتووە. دەڵێن شێت بووەو خۆی بەدارو دیواردا دەکێشێت. بۆ سەردانی دەچم، دڵم قورس و تەنگە. هاوڕێ شاعیرەکەم نوستووە، نیوە بێ هۆشە.

ژنەکەی تێ ناگات. ژنەکەی گێژ و وێژ و واق وڕماوە. کە دەمبینێت، دەداتە قوڵپی گریان. دەڵێ: "ئارام بگرە تا هۆشی دێتەوە. ڕەنگە شتێک بەئێوە بڵێ. قسان لەگەڵ خەڵکانی خەیاڵیدا دەکات. ڕۆژی بیست ڕکات نوێژ دەکا و لێکدا لێکدا تۆبە دەکات. لەکاتی خۆرئاوابووندا دەچێتە سەربان و لە دەنگی ئەڵڵا و ئەکبەری وی، دەرودراوسێ دەڕژێنە دەرێ. شەوانە دەگری و لەحەژمەت ترسی ئامادەیی خودا، خەوی نەماوە."

باوەڕ ناکەم. مرۆڤێکی ئارام و شەرمین بوو. قسەکانی خۆی نەدەگوتن، قسەکانی دڵی.

شیعری دەگوت. شیعری ساکارو جوان. شەوانی شۆڕش دەهات بۆماڵی ئێمە. دادەنیشت. هیچی نەدەگوت. هەردووکمان گوێمان ڕادەدێرا بۆ بانگی ئەڵڵا و ئەکبەر، بۆ هات و باتە سەیرەکانی شار. بۆ دەنگی تەق و تۆقی پەرتەوازە لە کۆڵانە دوورەکانەوە. وا پێدەچوو شوێنێک ئاگری گرتبێ. پەنجەرەکان دەکرانەوە. ژنان، منداڵان و پیرەمێردان دەڕژانە دەرەوە. دەنگی ئاژێری ترومبێلی ئاگر کوژێنەوەو ئەمبۆلانسەکان دەهات. هاوڕێ شاعیرەکەی من، لەتەواوی ئەو ماوەیەدا بێدەنگ بوو، هیچی نەدەگوت.

دەستم، هەروا بۆنی خوێنی تازەی لێدێت، خوێنێکی تازەی لەکوڵ، خوێنی هەزرەکارێک کە تەمەنی کوڕەکەمی هەبوو. وروژاو و شپرزە. هەناسەبڕکێی بوو. مستە چکۆڵەکەی لە هەوادا بادەداو هەڕەشەی لە عەسکەرەکان دەکرد. لە پێچی جادەکەدا بزرم کرد. جێگایەک دەسووتا. شەقام تژیی لە دوکەڵ و تەپ و تۆزێکی خنکێنەر. ژنان ڕایان دەکرد و پیاوان بەپەلە دوکانەکانیان دادەخستن. تەقە دامەزرابوو. هاوڕێ شاعیرەکەم لەلامەوە بوو، هەڵدەلەرزی. قسانی لەگەڵ خۆیدا دەکرد. مردن ڕوخسارێکی ئاشنایانەی هەبوو، وەک ژنێکی وەسوەسە وروژێن و هەڵفڕیوێنەر بەشاردا دەگەڕا. چاوم بەهەرزەکارێکی غەریبە کەوت. دانەویبۆوە. دەستی لەقەدی درەختێک ئاڵاندبوو. بەرزم کردەوە. قورس بوو. هەناسەی نەدەدا. گوللە ناوەڕاستی سینگی پێکابوو. ڕێبوارێکم بانگ کرد. چوومە بەردەمی پیاوێک. لە دەرگای ماڵێکم دا. جحێڵە غەوارەکەی من هەر بێدەنگ بوو. هاوڕێ شاعیرەکەم هیچی نەدەگوت. لەلامەوە ڕاوەستا وو بەچاوانێکی ئەفسوون بووەوە لە مەرگی دەنۆڕی.

دونیا ڕووەو تاریکییە. ئەدی لە کوێم؟ کەسێک لەدەوروبەرمەوە نییە. ون بووم. بەردەمم بیابانێکی بێدەنگ و بەرەو سەرزەمینە تاریک و نەناسراوەکان دەکشێت. دڵم کەوتۆتە تەپ و کوت. با تەنها شتێکە کە لەگەڵیدا دەئاخڤم. بێ مەبەست و بێ مەقسەد دەچمە پێش. بەزوویی شەو دادێت. ترسێکی شاراوە لەجەستەمدا پێچ دەخواو دەستە ساردەکەی بەپشتی سەرمدا دەهێنێت. پێ هەڵدەگرم. پێڵاوەکانم پام دەگرن. لە دووی درەختێک، نیشانەیەک، گوندێک و ئینسانێک دەگەڕێم. دەسووڕێمەوەو بۆ لای چەپ دادەگەڕێم. بیابان تەماشام دەکا و هات و باتێکی کپ و پەرتەوازە لەفەزادایە. چاوم بەکوێرە ڕێیەکی باریک دەکەوێت کە وەک نیشانەیەکی ئەفسوناویی من بەرەو شوێنێکی نائاشنا ڕێنوێنیی دەکات. شەکەتم، تینووم. ماندوو و مردوو، خۆم بەرەو پێشەوە کێش



دەکەم. جارجار کوێرە ڕێیەکە دادەخرێ و دەکرێتەوەو پاشان لە مەودایەکی دوورترەوە درێژەی دەبێت. دێت بەخەیاڵمدا کە هەرگیز ناگەم. جگە لە ڕۆیشتن چ ڕێگەچارەیەکی ترم نییە. تاقە ئومێدی من ئەم باریکە ڕێ سەختەیە.

ڕەنگە خەون ببینم؟

ڕادەوەستم. باوەڕ ناکەم. بەرامبەرم، لە ناوەڕاستی بیاباندا، لەو بەرەهوتە خامۆشەدا، باخێکی سەوز، وەک خەونێکی بەهەشتیی، بێدەنگ پاڵی داوە بەدیوارێکی سپییەوەو دانیشتووە. دەرگایەکی نیوە کراوە بەرەو لای خۆی بانگێشتم دەکات. سەرێک دەکێشمە ژوورێ، کەس نییە. باخێکی چۆڵ و تەنیا، بەدوو ڕیز سپیداری بەژن زراف لە قەراخی دیوارەکانا و چوار دار سەرووی دێرین لە دڵی چوار باخیی پۆشراو بەگوڵاڵەسوورەی کێوی و گوڵی خۆڕسکی نائاشنا، ڕوواو. لەناوەڕاستی باخەکەدا، ئەستێرکێکی گەورە هەیە بەئاوی بلوورینەوە، لێوڕێژ لە شینایی ئاسمان. بەردچنی دەوروبەر پۆشراوە بەغوبارێکی تەنک. نە جێگە پێیەک، نە جێ دەستێک، نە نیشانەیەک لە ساتەوەختێکی شپرزەو نە یادەوەرییەک لە نەقشێکی ڕووشاو. لای باکورییەوە، بەسەر پێپلیکانە بەردینەکانەوە، هەیوانێکی فراوان هەیە و لە ژووروو‌شییەوە خانوویەکی سپیی و مەلەکوتیی پشت لە ئاسمان کردوو. هێند تەنک و سووکەڵەیە کە لە وێنەیەک لە خەوندا دەچێت یان لە وێنەیەکی خەیاڵیی، لە فەزادا کێشراو. وەک بڵێی وەدیارکەوتنی ئامادەگیی پیرۆز بێت یان وەکو ئایەتێکی نوورانیی لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوار.

هێور، بەهەنگاوی نەرم و دوو دڵ دەچمە پێش. دەترسم گەر ڕوانینمی لەسەر هەڵبڕم، بڕەوێتەوە. یان گەر بەرز هەناسە بدەم، دارمێت.

لەلێواری ئەستێرکەکەدا دادەنیشم و دەم و چاوم دەشۆم. کەیفم هەیە. وای چ چێژێکە! وێنەی ماڵەکە لە قووڵایی ئاودا دەدرەوشێتەوەو درەختە سەوزەکان لە حاستە مەڕمەڕییەکەیدا دیار. دەنۆڕم. کەسێ لەو دەوروبەرە نییە. ئەو ماڵە سپییە، لە هات و باتی مێژوو و قەرەباڵخیی ڕووداوەکانا، لەبیر کراو.

بۆنی فێنکایی ئاو، وەسوەسە وروژێنە. جلکەکانم دادەکەنم. هەڵدەنگوێم، ڕۆ دەچمە ژێر ئاوەکە. چاوەکانم دەکەمەوە. شینایی ئاسمان لەقووڵایی ئەستێرکەکەدا ڕاخراو. پێدەچێ لەنێو شیرە ڕێکاندا مەلە بکەم. هەناسەی ئاو، تەپ و تۆزی هەزار ساڵە لە ڕۆحم ڕادەماڵێ و ڕۆحم لە خۆشحاڵیدا هەڵدەلەرزێ. وەک بڵێی دەستێکی نەبینراو،

لەسەرچاوەی ئاوی ژیاندا، غوسڵم بدا. لە ئاوەکەدا ڕادەکشێم. هەتاو بەنێوقەدی دیوارەکەدا هاتۆتە خوارەوەو دار سەرووەکان، لە تاریکایی ڕووناکی مەغریبدا، درێژ بوونەتەوە. چاوم هەمدیس بەماڵەکە دەکەوێ و دڵم دەکەوێتەوە تەپ و کوت. چەند ساکارو ڕۆح سووکە، چەند میهرەبان و بەشکۆیە، هێند پاقژو بێگەردە کە وەک بڵێی لەشوشتنێکی پیرۆز هاتبێتەوە. کەسێکی ئاشنام وەیاد دێنێتەوە، کەسێکی نێزیک بەڵام لەیاد چوو، کەسێکی دانیشتوو لە بەرایی خەونێکی خۆشدا، دانیشتوو لە بەرایی یادەوەرییە دێرینەکانا. دەمخاتەوە یادی ژنێکی ئەسیریی، ژنێک بەجەستەیەکی ئاسمانییەوەو چاوانێک لە جینسی ئاو. ڕێک وەک وێنەی بووکێنیی دایکم، بەو نیگا کچانە شەرمنەی و بەو گوڵە چوار پەڕەی نێو پەنجەکانی، ژنێکی دوورتر لەو، ژنێکی هەمیشەیی، ژنێکی لە زەمەندا ڕەوان.

دێمە دەرێ. هەڵدەلەرزم. مەغریبانی بیابان فێنک و سازگارە. جلکەکانم لەبەر دەکەمەوە. پێڵاوەکانم بەدەستەوە دەگرم. بەپای پەتی دەڕۆم. دوانزە دانە پێپلیکانە دەژمێرم. کەسێک لەهەیوانەکە نوێژی کردووە و بەردە نوێژەکەی لێ جێماوە. لبایەکی سپیی، بەگوڵی چکۆڵەی شینەوە، لە هەیوانەکە ڕاخراو. دەچمە ژوورێ. حەوشەکە ڕووناک، بەدیواری ساکارو بێ نەخش و نیگارو بێ سەکۆ بۆ دانیشتن، بێ سەکۆ بۆ تەماشا کردن. سوچی دیوارەکان، بەتاقەکانەوە لکاو، بەگوڵی گەچیی ڕازاونەتەوە و ئاوێنەکاریی دەوری پەنجەرەکان پاکیژەو خۆنەویستانەیە. لە هەردوولای حەوشەکەوە، دوو دەرگای کراوە هەن کە دەچنەوە سەر ژوورەکانی دی و بەسەر خەڵوەتگەیەکی شاراوەدا دەنۆڕن. ڕاڕەوە بێ کۆتایی و پێپلیکانە پێچاوپێچ و نیوە تاریکەکان بەرەو لای خۆیان بانگێشتم دەکەن.

کە دەگەمە سەرەوە، هەناسەم تەنگ دەبێت. لە وێوە چوارگۆشەی دونیا دیار. ئاسمان پێیەک دوورەو بیابان بەکۆتایی ئاسۆوە لکاو. دادەنیشم. ماوەیەکی درێژ دادەنیشم. ئەرێ ئەمە چ کاتێکی زەمەنە؟ چما لە کوێم؟ خەوم دێت، خەوێکی شیرین لەودیو پێڵووەکانمەوە پێچ دەخوات، بەڵام ناگاتە مێشکم. ئەستێرەکان، یەکە یەکە وەدیار دەکەون. ڕوانینم لە فەزادا مەلە دەکا و بیرو هۆشم، وەک بازنەگەلی سرک لەسەر ڕووی ئاو، بەبێ شێوەیەکی جێگیرو چەسپاو.

هەست بەدەست و پام ناکەم. لەشم قورساییە جەستەییەکەی بزرکردووە و هێڵەکانی



بەدەنم تێک و پێک شکاون. وەک بڵێی درێژەی هەیوان و دەرختەکان و بیابان بم و چاوانم بەئەستێرەکانەوە شۆڕ بووبێتنەوە. چەند دوورم لە هەموو کەسێک و لە هەموو شتێک، چەند دوورم لەرایەڵبەندیی ئەندازەیی بارستەو هاوگونجانی ماقووڵی شتەکان، چەند دوورم لە ژماردنی دووبارەی دەقیقەو لێکدانی ڕەهای ژمارەکان، چەند دوورم لە پەیوەندیگەلی ئارایشتکراوو فیکرگەلی تۆمارکراو، چەند دوورم لە تابلۆی مەزنی یاساو کتێبی ئەستووری ڕەوشت، چەند دوورم لە ڕێوڕەسمی ڕاستیی ژیان کردن و یاسای بوون. چەند دوورم لە حاکمییەتی مادە و ڕەسەنایەتیی مێژوو و حەقانییەتی چەسپیوی ئایدیاکان، چەند دوورم لە ئەحکامی بێ نوێژیی و خوێنی دوای منالّ بوون و تەجەلای ئەقڵی یەکەم و دونیای میسال. چەند دوورم لە کێبەرکێی خۆرهەڵات لەگەڵ خۆرئاواو زۆردار لەگەڵ زۆر لێکراو لە ئایینی تەهارەت و چەند دوورم لە ڕێوڕەسمی کفن و دفن و چەند دوورم لەوەی کە دەیگوت خوداوەند مردووەو لەوەی کە ترسی هەبوو لە مەرگ و لەوەی کە چاوەڕێی وەدیارکەوتنی موجیزەیەک بوو.

کە وەئاگا دەیمەوە کازێوەی داوە. گێژم و واق وڕماو تەماشای دەوروبەر دەکەم. هەڵدەسم. برسیمەو دڵم خۆشە. جەستەم سووکەڵەو شەکەتیی لەگیانم دەرچووە. شنەیەکی فێنک هەڵیکردووە. کەڵەشێرێک لەدوورەوە دەقووقێنێت. ئاواییەکی چکۆڵە، لەو دوورەوە، لە داوێنی چیایەکدا، بێدار. پێڵاوەکانم لە پا دەکەم. دەنگی تەپەی پێ دێت. دەچمە خوارێ. پیرەمێردێک لەسەر لێواری ئەستێرکەکە دانیشتووەو دەست نوێژ دەگرێت. ڕیشە پڕەکەی سپییە. سڵاوی لێ دەکەم. سەر دەلەقێنێ. دوعا دەخوێنێت.

جێگە پێکانم بەسەر تەپوتۆزی پێپلیکانەکانەوە جێ ماوە. کە دەگەمە لای دەرگاکەوە ڕادەوەستم، ئاوڕ دەدەمەوەو لە دواوە دەنۆڕم. ماڵەکە، لە تاریکایی ڕووناکی کازێوەدا، هێند ڕەسەن و تەواوە کە دڵم دەهێنێتە لەرزە. شتێکم پێ دەڵێت، شتێکی خۆش و ساخ، شتێکی لە گوتن نەهاتوو کە تێی دەگەم و ئیدی هەستێکی هێورو دڵنیا، بۆ ژێر پێستم دزە دەکات.

ڕێی گەڕانەوە بەڵەد نیم. بیابان ئارام و بێدەنگ و چۆڵ لە وەسوەسەگەلی ترس وروژێن. کەدەگەمە دەشت و سنووری سەوزایی، ڕێگەکە قەدبڕ دەکەم و بەکێڵگەکانا تێ دەپەڕم. نێزیک لە جادەکە، لۆرییەک ڕادەوەستێ و هەڵم دەگرێت. کوڕێکی جحێڵە، ڕیشی ڕەش و پێستی سووتاوە بەهەتاو.

وێنەی دەیان ئایەتوڵڵای بەجامی ترومبێلەکەیەوە کردووە. نێزیکی شار، لەلای چاخانەیەکەوە دادەبەزم و تازەکیی تێدەگەم کە چەندێکم برسییە. بەیانیی بۆتەوە، بەیانیی ڕووناک و گەرمی هاوین.

بۆ ژوورەکەم لە میوانخانەی شار دەگەڕێمەوە. چەند تەلەفۆنێک لە تارانەوە کراوەو هاوڕێیەک کە شەوی پێشوو وادەمان پێکەوە دانابوو، هاتووەو ڕۆیشتووە، یاداشتێکی بۆ جێهێشتووم: کارێکی گرینگی بۆ دروست بووە. دەبێ بەپەلە بگەڕێمەوە. قوتابییەکانم مانیان گرتووەو مامۆستاکان لە خەیاڵی خۆ شاردنەوەدان. خرتکەو پرتکەکانم کۆدەکەمەوە. جانتا دەستییەکەم هەڵدەگرم و دەکەومە ڕێ. گۆڕەپانەکەی ناوەڕاستی شار قەرەباڵخە. لۆرییەکان پڕن لە خەڵک. لە گوندێکەوە دەچن بۆ گوندێکی تر. هوتاف دەکێشن. سەڵەوات دەنێرن. مەڕێکیان سەر بڕیوە. خوێنەکەی بەپشتی لۆرییەکاندا دەساون. جحێڵان کراسی ڕەشیان لەبەرایەو مستیان لە هەوادا بادەدەن.

دوکانەکان داخراون. شار نیوە تاتیلە. پیرەمێردێکی نەخۆش، کۆکە کۆک، لە جامی ترومبێلەکەم دەدات. کاغەزێکی بەدەستەوەیەو نازانێ بیخوێنێتەوە. چاوانی نابینێت. بۆی دەخوێنمەوە کە ئەوە ئادرێسی ماڵێکە لە گوندێکی زۆر دوور، ماڵێک لە کۆتایی نشێوێکدا، ماڵێک لەودیو دارچنارەکانەوە.

جادە قەرەباڵخ و شپرزە، پڕ لە لۆریی و پیکاب و عارەبانەو وڵاخ. کە دەگەمە (قوم) ڕێگە گیراوە. مردوو دەبەن. ئارام دەگرم. خەڵکەکە سەڵەوات دەنێرن. ژنانی ڕەش پۆش، لەپاڵ یەکدا دەڕۆن. منداڵێکی سواڵکەر خۆی بەسوپەری ترومبێلەکەمدا هەڵدەواسێت . هەوا لێوڕێژە لە تۆزو خۆڵ و دوکەڵ و شار بۆنی بەنزین و نەوتی لێ دێت. گەرمامە. ئارەقەم کردۆتەوە. هەناسەم دەرنایەت. دەچمە لاوە، ئارام دەگرم تا ڕێگاکە بکرێتەوە.

هەمدیس بەردەمم لێ دەگیرێتەوە. ناسنامەی ترومبێلەکەیان دەوێت. سندووقەکەی دواوە دەگەڕێن. ڕۆژنامەیەک لەسەر کورسیی دواوەی ترومبێلەکەیە. هەڵیدەدەنەوە. دەیبەن، سەرم گێژ دەخوات. فیلتەری جگەرەکەم دەجووم. تف دەکەم. هۆڕن لێ دەدەم. هاوار دەکەم. ژنێک بەمست لە جامی پێشەوەی ترومبێلەکە دەداو جنێو دەدات. منداڵەکەی دەگری.

کە دەگەمە جادەی سەرەکیی، خێرا دەکەم. لۆرییەکان، زۆر سەیر بەرەو ڕووم دێن. ڕوحم بێ و لەدڵیانا نییە. موجیزەیە گەر بەزیندوویی بگەمەوە تاران. ناو گەرووم دەبرژێتەوە.



دەمم وشک. جامەکە دەکەمەوە. بۆ هەوا دەگەڕێم. بۆ یەک قەترە باران. تا چاو بڕکا هەر بیابان و خۆڵ و چیای بەردینەو کورەگەلی خشت سازیی.

بەیانیی زوو کۆبوونەوەم هەیە. ئەو گوتارەی کە بەڵێنم دابوو بینووسم، هێشتا تەواو نەبووەو دەبێ هەر لەڕێوە بۆ مەراسیمی چلەی مامی هاوڕێیەکم بچم.

ترومبێلێک لە دوامەوە هۆڕن لێدەدات. گەرەکییەتی ڕێگەی بکەم. نازانێ بەردەمی منیش گیراوەو ناتوانم. هەمدیس هۆڕن لێ دەداتەوە. هۆڕنی یەک لەدوای یەک، پچڕ پچڕ، بەرز، هاواهەنگ بەهەڕەشەو جنێو. حەز دەکەم دابەزم و بکێشم بەناو گوێیدا. حەز دەکەم یەخەی کەسێک بگرم و ڕایوەشێنم. هەوا پڕە لە بۆنی گازۆییل و دوکەڵ. ئاسمان داخراوو ئاسۆ قیراویی. هەورە قورسە چیمەنتۆییەکان بەسەر سەرمەوەن. هەوا ئەستوورو زبرەو خۆی بەڕوانینمدا دەکێشێت. دڵم گیراوەو لەبیری ڕۆژە شپرزەکانی ئایندەدام کە لەناکاوێکڕا، لە قوڵایی خۆڵەمێشیی ئاسۆوە، لە دڵی کڵاو ڕۆژنەیەکی خوداییەوە، وێنەی ماڵ، وەک دیارییەکی بەهەشتیی، شۆراو و بۆن خۆش وەدیاردەکەوێ و هێور هێور، دێتە پێش. دەبینم کە لەوێدایەو هەناسە بەهەشتییەکەی لەودیو شتەکانەوە شاراوەیەو دەزانم کە لەودیوەوە، جارجار، بێ سرتە دێ بۆ لام. دەزانم کە لە مەغریبە ئاوساوو خەمینەکانا، لە ڕۆژە پڕ هات و بات و دەقیقە لیخنەکانی مێژوودا، لە شەوە تاریکە نائومێدەکان و لە زەمەنی مەرگدا، لەگەڵمدا دەبێ و دڵم هێور دەکاتەوە. ئەوەی کە هەمیشە لەوێدایە، ئەو کاملە، ئەم خانمە مەزنەی ڕۆحی من.

***

# پاسـەکەی شـەمێران

بەرلەوەی بەپاسی ژمارە هەفتادا ڕاگەین، پاسەکە بەڕێ دەکەوێ و جێمانیلێ، کچە چکۆڵەکەم چەند هەنگاوێک بەدوایدا ڕادەکا و بەرلەوەی بگاتە پێچی جادەکە، نائومێد دەبێ لەوەی پاسەکە ڕاوەستێ، ئیدی چاوەڕێ دەکەین تا پاسی دوایی هەڵمانگرێ.

بەفرێکی ناکاو دەبارێ و هەڵمێکی تەنک لە هەوادا خوول دەخوا، بێدەنگییەکی سازگار جێگەی بەغەڵبەغەڵبی ڕۆژانەی شار لێژکردووە و هەموو شوێنێک سپیی و ئارام. لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا کە لە پاریس دەژین، ئەمە ئەوەڵین جارە کە بەفر بەئاوها چڕییەک ببارێت. دەنگی نەنکم لەگوێمدا دەزرنگێتەوە:" ئەوە مەلایکەتەکانن کە سەرگەرمی ماڵ پاککردنەوەن، تۆزو خۆڵی سەر هەورەکان گسک دەدەن و فەرشەکانی ئاسمان دەتەکێنن!"

زستانە هەتاوییەکانی تارانم بیر دەکەونەوە، چیا گەردن کەشەکەی ئەلبورز لەژێر ئاسمانێکی ڕووناکدا، واتەواتی بەفرماڵەکان لەسەربانی ماڵان، دارچنارەکانی ئەوسەری باخ کە وەک پیرێژنی باڵابەرز سپیی دەچوونەوە.

لە منالّییدا کە بەفر دەبارێی ئیدی پێ نەدەچوو خۆش کاتەوە، شەممە، یەک شەممە، دوو شەممە... ڕۆژەکانم دەژماردن، دە سەنتیمەتر، بیست سەنتیمەتر، نیو مەتر بەفر لەسەر عەرد دەنیشت و بۆ ماوەی هەفتەیەک دەرگای قوتابخانە دادەخرا.

چەند خۆش بوو! خۆشییەک مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ، یەک هەفتەی ڕەبەق نووستنی بەیانیان، یەک هەفتەی ڕەبەق شەڕە تۆپەڵی نێو کۆڵانەکان لەگەڵ هەزارو یەک کوڕە خاڵ و کچە پوور، یەک هەفتەی ڕەبەق دوور لە چاوی تووڕەی خانمی مودیر یان مامۆستای نارەسەنی ماتماتیک، نە کردنەوەی کتێبی فیقھ و نە نووسینەوەی وەزیفە... یەک هەفتەی



ڕەبەق دوور لە ئەزبەرکردنی شیعرێکی درێژو قۆڕ، یەک هەفتەی ڕەبەق دوور لە مەشقی خۆشنووسیی بەقامیش و مەرەکەبی چینیی، ڕەها لە چەنگاڵی دەرس و قوتابخانە... حەوت ڕۆژی ڕەبەق ئازادیی و یاریی.

چەند خۆش بوو ئەو کاتانەی کە میوانمان دەبوو، بەفر ڕێگەکانی دەگرت، ئەوسا هەموو ئەو میوانانەی کە لەماڵی ئێمە بوون دوو سێ شەو گلدەدرانەوە. میوانە هەمیشەییەکانی ماڵی ئێمە بریتیی بوون لە: داپیرەی باریک و بنێس و میهرەبانم، کە شەوو ڕۆژ دوعای دەخوێند و بەختیاریی و ساخ و سلامەتیی و عومرێکی درێژی بۆ ئێمە لەخودا داوا دەکرد.

نەنە گیان، پووری دایکم کە گوێی کەڕ و هەستەکانی لەکار کەوتبوون، بەهەڵە منی لەگەڵ براکەم و براکەمی لەگەڵ یەکێ لە کوڕە خاڵەکانم و ئەو کوڕە خاڵەشمی لەگەڵ یەکێ لە هاوسێکان و ئەو هاوسێیەشی لەگەڵ مندا لێ تێک دەچوو.

پوورە ئازەری نازەنینم بەخۆی و منداڵە هارو هاجەکانییەوە، مناڵەکانی لە ڕاڕەوەکانا یەکە و گۆتەکەیان دەکردو خەراپتر لە مەیموونی کێوی بەزیقە زیق، یان بەدیوارو دەرگاو درەختەکانا هەڵدەزنین، یاخود لەسەر پەیژەکان هەڵدەخلیسکان و دەکەوتنە خوارەوە.

خاڵە ئەحمەد خان، میهرەبانترین ددان سازی دونیا، ئەو ددان سازەی کە دڵی نەدەهات ددانی کەس بکێشێ. هەر کە یەکێکمان دەگریا، ئیدی فرمێسک لەچاوانی ئەودا قەتیس دەما.

خاڵە گەورە، ئەفسەری تۆپخانەی سوپا کە لە ئەسپ دەترساو زەندەقی لەتۆپ و تفەنگ چووبوو، هەر ئەو ڕۆژەی کرایە ئەفسەر، جلکەکانی داکەندو بەرکۆشێکی ژنانەی لەنێو قەدییەوە گرێداو ئیدی پێی لەماڵ نەنایە دەر، بۆ خۆی کەوتە دروستکردنی مرەبای بەتام و چنینی بلوسی ڕەنگاوڕەنگی خوری.

دوا کەس، توبا خاتوونی قەڵەوو لەش داهێزراو، چیرۆکی سەیرو سەمەرەی بەڵەدو ئاشنایەتیی لەگەڵ جنۆکەو ئەرواحدا هەبوو، جادووگەریی دەزانی و جارجارە سیحری بۆ دەکردین.

تا بەفر دەکەوتە تووانەوە، هەموو ئەو خەڵکانە لە ماڵی ئێمە دەمانەوە، منیش شەیدا بەژووری قەرەباڵخ و لێفەی ڕاخراوو مێزی پڕ لەخۆراکی جۆراوجۆر: هەر لە گۆزەی شەربەت و کاسەی پڕ لە دەنکە هەنارو دەفری لێواولێو لە شۆربای زەردەوە تا دەگاتە بستەو شیرینیی و گەزی ئەسفەهان و ئەو پاقلاوە بەتامەی کە دایکم دروستی دەکرد.

چەند خۆش بوو کاتێ هەزاران بۆنی تاسێنەر لە هەرچوار لای ماڵەکەوە بەرز دەبۆوەو لە دالانەکاندا بڵاودەبۆوە. بۆنی تووتنی سەبیلەکەی داپیرە و هەڵمی بۆن خۆشی گژوگیا کوڵێنراوەکانی نەنە گیان و عەتری زەعفەرانی سەر برنجی کولاو بەدارچینیی و زیرەو گولاو و پیازی برژاو و کەبابی نیوە برژاو لەسەر پشکۆی هەڵایساو. چەند حەزم دەکرد بەورتە ورتی گەورەکان و پێکەنینە کپەکانیان کە لە ژوورەکانی ئەم لا و لاوە دەهاتە گوێم، خەو لەچاوانم بکەوێت، گوێم ڕادەدێرا بۆ دەنگی بەسۆزی تارەکەی خاڵە گچکەو لاواندنەوەی ژێر لێوی پوورە ئازەرو شەپەشەپی سۆڵەکانی دایکم لەسەر پێپلیکانەکان، گوێم ڕادەدێراو خەو دەیبردمەوە، نیوەشەو خەبەرم دەبۆوە، دەمبینی هێشتا گەورەکان نەنوستوون و گڵۆپەکانیش هەر داگیرساون، هێشتا موبەق پڕ لە هاتوچۆی خەڵک و لە تەقەتەقی قابلەمەکان بوو، هەمدیس خەوم لێدەکەوتەوە، خەوەکەم سووکتر بوو لە فڕینی کۆلارەیەکی سرک.

ئەمشەویش وەک سەردەمی منالیی بەتەماشاکردنی بەفر خەنیی و خۆشحاڵم، کچەکەیشم لەوپەڕی جۆش و خرۆشدایە، بەچواردەوری خۆیدا دەخولێتەوەو سەما دەکا، بەدەستە چکۆلەکانی بەفر تۆپەڵ دەکا و بەم لا و لای خۆیدا هەڵیدەدا، بەردەوام ڕادەکاتە ناوەڕاستی جادەکەو نیگەرانی هاتنی پاسی ژمارە هەفتایە. ئەم نیگەرانییەی ئەو، خورپەی دڵە چکۆڵەکەی منالیی خۆمم دەخاتەوە یاد، ئەو وەختەی هەموو ئێوارەیەک دوای بەربوونمان لە مەکتەب، بەنیگەرانیی چاوم لەوپەڕی جادە دەبڕیی و لە چاوەڕوانیی بینینی کاک عەزیزی هاوڕێمدا دەقیقەم دەژمارد.

سەر هەڵدەبڕم، دەم دەکەمەوە تا پروشەی بەفر لەسەر زوبانم بنیشێ، وای... پروشەی بەفر چ تامێکی خۆش و چ بۆنێکی سازگاری هەیە! وەک ئەوەی هەزاران پەڕی گوڵە یاسەمین لە ئاسمانەوە ببارنە خوار. هەست دەکەم پێم لە عەرد بۆتەوەو لە فەزادا مەلە دەکەم، وەک بڵێیی لەنێو بلورێکی چرادا بم و هەناسەیەکی شاراوە، من لە زەمەندا بگەڕێنێتەوە بۆ دوا.

سەرنج دەدەم، تەمەنم (دە) ساڵانە، لە چوار ڕاکەی نێزیک قوتابخانە چاوەڕوانی هاتنی پاسەکەی شەمێرانم.

خانووە تازەکەمان لەوپەڕی دونیایە، لەودیو گردۆڵکەکان و لەسەر زەمینە قاقڕەکانا لەو خانووەدا ژیان بەسەر دەبەین، چ خانوویەکی تر لە دەوروبەرمانەوە نییە، هەندێ شەوان



لوورەی چەقەڵ دێ و دایکم ترس دایدەگرێ، لالۆ حەسەنی ئاشپەزیش هەر دەترسێ، دەترسێ و لە حەژمەتا قەرەوێڵەکەی بۆ ڕاڕەوەکە دەگوێزێتەوەو لەودیو دەرگای ژوورەکەی باوکمەوە دایدەنێ.

من ماڵەکەی ناوەڕاستی بیابانم خۆشدەوێ و ناترسم لە ئاوی تانکییە گەورەکەو ناترسم لە ئەستێرکی پڕ لە بۆق و لەسێبەری ئەو درەختانەش ناترسم کە ڕێک لە خەڵکانێکی چەقاوەسوو دەچن. ناترسم و لەوپەڕی باخەکەدا، لەودیو دارشمشادەکانەوە بەچەرچەفی کۆن ژوورێکی چکۆڵە بۆ خۆم ڕۆدەنێم، کەس منی بۆ نادۆزرێتەوە، خواردنەکانم لەبن خشتەکان دەنێم و لەترسی دایکم ئەو وەرەقەی ئیمتیحانانە دەخەمە چاڵەوە کە سفرم تێدا وەرگرتوون، دار چنارەکان هاوگەمەی خۆمن، هەر یەک لەو درەختانە ناوێکی خۆیان هەیە، درێژترەکانیان کوڕن، کە لە قوتابخانە دێمەوە، جانتاکەم دادەنێم و بەپەلە خۆم دەگەیەنمە لایان، هەموو ئەو شتانەیان بۆ دەگێڕمەوە کە کردوومن، بەدەنگی بەرز کتێبی فارسییان بۆ دەخوێنمەوە، هەندێکیان دەکەونە باوێشکدان، هەندێکی تریان حەسوودو نارەسەنن و گوێم لێ ناگرن، ئەوانە ماچدەکەم کە لەگەڵم باشن، بنێشتە جووراوەکانم بەگەڵێکانیانەوە دەنووسێنم، ئەوانەش دارکاریی دەکەم کە لە پاشەملە زەمم دەکەن، دارکارییان دەکەم و چڵەکانیان بەگوریس دەبەستمەوە.

تا قوتابخانەی (فەیروز کوهی) بەپاس زیاتر لە سەعاتە ڕێیەکە، براکەم لە من گەورەترەو بۆی هەیە بەتاقی تەنیا بێت و بچێت، بەڵام من دەبێ لالۆ حەسەن دەستم بگرێ و بۆم نییە بێ مۆڵەتی ئەو یەک هەنگاو بەتەنها بڕۆم، ئەمە ئەمری دایکمە، بەڵام من خۆم چیم پێخۆش بێ ئەوە دەکەم. خۆ گەر لالۆ حەسەن یەک وشە بۆ دایکم بگێڕێتەوە پێستی دەگرووم، لەبەر ئەوەی دەزانم کاتێ کلیلی ئەمبارەکەی سەرێ بزر بوو، لەنێو بەری چاکەتەکەی ئەودا بوو، دەزانم کاتێ دایکم لەماڵەوە نابێ، بەمشت نیسک و برنج و لۆبیا لە گونێکان دەدزێ و لە توورەکەیان دەنێ، لەوسەری باخەکەو لەپشت ئاودەستەکەوە دەیشارێتەوە تا کاتێ ڕۆژی مەرەخەسیی هات لەگەڵ خۆی بەرێ، لەبەر ئەوەیە کە لالۆ حەسەن ناوێرێ و بۆی نییە هیچ بۆ دایکم بگێڕێتەوە. هەر بۆیە کە نە لەو قسەو نە لەمن قسەو ئیدی پاک لە پاکین.

سەعات چوار لە مەکتەب بەردەبین، لالۆ حەسەن دەگاتە سەرم و لە چوارڕاکە بۆ پاسەکەی شەمێران ڕادەوەستین. ئەمڕۆ بەفر دەبارێ، کلووە بەفری هێندەی ژێر پیاڵەیەک،

هەموو شوێنێک سپیی سپیی دەچێتەوەو لالۆ حەسەنیش وەک تارماییەکی سڕاوە لە پاڵ دیوارەکەدا هەڵتروشکاوە، ڕوخساری بەپەڵە هەورێکی تەنک دەچێ، لەو هەورە دەچێ کە من شەوانە لە ئاسمانا دەیبینم و پێم وایە خەڵکانێکی هەزار ساڵ لەمەوبەرن، هەندێکیان تاجیان لەسەر و ڕیشیان درێژو بەسواری ئەسپی تیژڕۆوە غار دەدەن. گەر بونیادەم بەوردی دیقەت لەناو مانگ بدات، دەبینێ کە منالێکی چکۆلەی تێدا دانیشتووە، هەردوو قاچی هێناوەتەوە یەک و دەگری، من هەرکاتێ ئەو دیمەنە پێشانی برا کەودەنەکەم دەدەم، نایبینێ. دایکم لەو شەوە دەترسێ کە مانگ تیایدا چواردەیەو پێی ناخۆشە لە ئەستێران بنۆڕم.

گا لە شینایی ئاسمانەوە هەژدیهایەکی زەبەلاح دەردەپەڕێ و لە (شیرە ڕێ) وە دادەبەزێ، کاتێ کە ئەوە بەلالۆ حەسەن دەڵێم لە حەژمەتا دەقیژێنێ، چمکی لێفەکە لەسەر خۆی لادەباو بەدەنگی بەرز دوعا دەخوێنێ.

پاسەکەی شەمێران دیار نییە، منیش خەنیم و لەناوەڕاستی جادەکەدا خلیسک خلیسکێنە دەکەم، بەلقە بەقەدی درەختەکاندا دەماڵم تا تۆپەڵێک لە بەفرەکەی سەریانم بەرکەوێ. لالۆ حەسەن جانتاو سەفەرتاسی خواردنەکەمی لەبن هەنگڵ ناوەو لەتاو سەرما هەڵدەلەرزێ، هەڵمێکی بێ گیان لەدەمییەوە دێتە دەرێ. لالۆ حەسەن پێڵاوە کۆنەکانی باوکمی لەپێدایە کە چەند ڕەقەمێک بەپێی گەورەیە، پێڵاوەکانی لای پاژنەی پێیەوە هێند بەتاڵە کە ڕێک بەفر دزە دەکاتە ناوییەوە، دەستی لالۆ حەسەن چکۆلەیەو دەستکێشەکانی دایکمی لەدەست کردوون، جووتێک دەسکێشی تاکەو تاک، تاکێکیان چەرمێکی پەمەیی و ئەویتریشیان موشەبەکێکی ڕەش. باوکم هەموو شەوانێکی جەژن جواب دەنێرێ چاکەت و کراس و پێڵاوو گۆرەویی و فانیلەو ژێرکراسی تازەمان بۆ بکڕدرێ. لالۆ حەسەن جلکە تازەکانی ناپۆشێ، بەڵکو لە جانتاکەیان دەنێ تا کە هاوین بۆ گوندەکەی گەڕایەوە، لەگەڵ خۆی بەرێ، یاخود دەیانفرۆشێ و پارەکەی لە لولەی بوخاریی ژوورەکەیدا قایمدەکات. من تەنها کەسێکم کە دەزانم پارەکانی لەوێ حەشار دەدا، بەڵام دەستی بۆ نابەم، سوێند دەخۆم دەستی بۆ نابەم.

دەنگی مەکینەی پاسێک لە دوورەوە دێت، لالۆ حەسەن لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ و منیش خۆشحاڵ و دڕدۆنگم بەهاتنی ئەو ژوورە سپییە چکۆلەیەی کە وەک حاجی لەقلەق نێزیک دەبێتەوە. دیقەت دەدەم، لەدڵی خۆدا دەڵێم: گەر لایتی لێدا سوار دەبم، گەر لێینەدا



چاوەڕێ دەکەم تا پاسەکەی دوایی... سوار نابم تەنانەت ئەگەر لالۆ حەسەن لەسەرمادا ڕەقهەڵبێ و دایکم لەچاوەڕوانیدا شێت بێ و خۆیشم لەبرسێتیی و شەکەتیدا گیانم دەرچێ! ئەمە نهێنییەکە چ کەسێ لێی ئاگادار نییە، هیچ کەس، ئەمە نهێنیی نێوان خۆم و کاک عەزیزە، تەنانەت لالۆ حەسەنیش لەو نهێنییە بێ ئاگایەو تێ ناگا بۆچی هەندێ ڕۆژ سواری پاسەکەی شەمێران نابم (ئاخر ئەو پاسەی لایت لێ نەدا پاسەکەی شەمێران نییە!) ڕادەکەم و دەکەومە هاوار هاوارو چ حیسابێک بۆ بۆڵە بۆڵەکەی لالۆ حەسەن ناکەم، چەندین جار هەڕەشەی لێکردووم کە بەدایکم دەڵێ، منیش ئیشارەتم بۆ کلیلی ئەمبارەکەی سەرێ کردووە کە لەنێو بەری چاکەتەکەیدایە، هەربۆیە حەقی بەسەرمەوە نییەو دەستی لێ هەڵگرتووم.

ئەو پاسەی کە سێ جار لەدوورەوە لایت لێدات ئەوە پاسەکەی کاک عەزیزە. من هەموو شەوانێک وەختی خەو، لەبری ئەو دوعایەی دایکم فێری کردووم، سێ جاران لەبەر خۆوە دەڵێم:" جگە لە پاسەکەی کاک عەزیز سواری هیچ پاسێکی تر نابم!" ئەمە پەیمانێکە کە تا ڕۆژی حەشر بەیەکترمان داوە، هەڵبەتە پەیمانێکی بێدەنگ و بەبێ وشە، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ ئەو هاوڕێ زەبەلاحەمدا کە لە باوکم کەڵەگەت ترە و حەرەسەکانیش لە بیچم و قیافەتی ترسناکی دەتۆقن قسان ناکەم، ناوێرم قسانی لە گەڵا بکەم!

لایتی ئەو پاسەی کە لە دوورەوە دێت، دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە، دڵم وەک فڕفڕۆکە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، پاسەکە ڕادەوەستێ و سوار دەبم، لالۆ حەسەن پێش من سەردەکەوێ، کاک عەزیز سەیر دەکا و بەچاوە ئاوساوو سووتەمەرۆکانی وەڵامی سڵاوەکەم دەداتەوە. قژی کاک عەزیز چەورو لوولە، لالۆ حەسەن دەڵێ: ئەم کابرایە دەڵێی قژی نیگرۆی شەش مانگیی کردووە!

برۆی کاک عەزیز ڕەش و سمێڵێکی زل کە هەموو دەمی داپۆشیوە، لە کورسییەکەی پشت کاک عەزیزەوە دادەنیشم، لالۆ حەسەن خۆی بۆ دواوەی پاسەکە دەکوتێ، لەبەر ئەوەی ئەوێ گەرمترە، هێشتا دانەنیشتووە خەوی لێدەکەوێ. موسافیرەکان لەچەند نەفەرێک زیاتر نین و هەر هەمووش خەوەنوچکێیانە. ڕێی قوتابخانە تا ماڵەوە سەفەرێکە بۆ خۆی، بەتایبەتیش کە زستانان بەفر دەبارێ و ترومبێلە بێ زنجیرەکان لە چەقی جادەدا دەخزێن و ڕێگە دەگیرێ. هەندێ ڕۆژ کاک عەزیز شەکەتەو باوێشکی زل زل دەدا و بۆنی دەمی لەو دەرمانە تیژترە کە دایکم لە برینەکانی سەرئەژنۆمی دەدا، سەرم گێژ دەخواو

ڕیخۆڵەم دەکەوێتە قۆڕە قۆڕ، کاک عەزیز لە ئاوێنەکەوە تەماشام دەکا و دەمخاتە پێکەنین، گوپی پڕ دەکا لە هەوا، لووتی وەردەچەرخێنێ، چاوی قیچ دەکا.... منیش دەستم بەدەممەوە دەگرم تا نەفەرەکان دەنگی پێکەنینەکەم نەژنەڤن، لە تویێی دڵا خەریکم لە پێکەنینا بتەقم. هاوڕێکەم لە دێو دەچێ و منالانی چکۆڵە لێی دەترسن، هەموو دەست و سەر سینگی بەخاڵ کوتیوە، لە نێزیک گوێییەوە تا ئەوسەری ملی هێڵێکی شینی ئەستوور کێشراوە، وەک ئەوەی کاتی خۆی کەسێک ویستبێتی سەری ببڕێ.

دایکم قەتاوقەت سواری پاس نابێ، دایکم شۆفێرو ترومبێلی خۆی هەیە، بەڵام دەزانێ کە دونیا دێوی وەک کاک عەزیزی تێدایە، بۆیە دایمەو دەرەم دڵی لامە، حەز ناکا بەپاس بچم بۆ قوتابخانە، بەڵام ئەوە ئەمری بابمەو کەس بۆی نییە لێی لادا.

لالۆ حەسەن لە دوای پاسەکەدا بەچیچکانەوە خەوی لێ کەوتووە، کزەیەکی سارد لە شووشەی شکاوی جامەکەوە دێتە ژوورێ و نەفەرەکان خەریکن ڕەق ببنەوە، کاک عەزیز چاکەتەکەی دادەکەنێ و دەیدا بەسەر کۆشمدا، چاکەتەکەی بۆنێکی ناخۆشی لێدێ، حەز دەکەم نەفەرەکان تەماشام کەن و منیش بەشانازییەوە دەست بەیەخەی چەوری چاکەتەکەیدا بێنم، پەنجەکانم بۆنێکی سەیر دەگرن، بۆنێک کە لە ماڵی ئێمەدا نییە، لە ماڵی خاڵ و پوورەکانیشما نییە، بۆنی سەگ و پشیلەو گاو مەڕیش نییە، بۆنێکە کە لە کونەکانی دونیایەکی نەناسراوەوە دێت، بۆنی هەموو ئەو کارە خەراپانەیە کە نابێ بکرێن و بۆنی هەر هەموو ئەو شتانەیە کە ناکرێ ئەلعان بزانرێن.

بۆنی دایکم لە چ بۆنێکی تر ناچێ، بۆنێکە هی عەترو پۆدرەی فەرەنسیی، بۆنێکە لە ژنە ئەکتەرەکانی سینەماو گۆڤارەکانی مۆدو شەقامی لالەزارو هۆڵی سەمای کافیتریای (شەهرەداریی) یەوە دێت، دایکم بۆنی ڕۆژانی ئایندەی لێدێت، بۆنی سبەینێ و بۆنی هەموو ئەو شتە باشانەی کە لەچاوەڕێی مندان.

بەو چاکەتەوەی کە دراوە بەسەر کۆشما بوومەتە مەخلوقێکی تر، مەخلوقێک کە چ ناچار نییە پاک و تەمیزو بەئەدەب و دەرس خوێن و یەکەمی پۆل بێت، چ ناچار نییە قردێلەی فوودراو لە قژی بداو سلاو لە هەمووان بکا و هەمووان بەخێربێنێ، چ ناچار نییە لە هەموو بۆنەیەکی میوانداریی‌دا، ئەو شیعرە لەبەردەمی غەریبەدا بخوێنێتەوە کە لە مەکتەب فێری بووەو هێشتاکێش بەباشیی ئەزبەری نییە، چ ناچار نییە یەکەمین وانەی فێربوونی پیانۆی، کە جگە لە دووبارەکردنەوەی دۆ ڕێ می فا سۆڵ لا سی، چ شتێکی تر



نییە، بۆ خزم و خوێشی چەنەبازو بێ حەوسەڵە بژەنێ، چ ناچار نییە بەشداری لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی جوانترین منالڵدا بکا و بیباتەوە.

بەو چاکەتەی کاک عەزیزەوە لەسەر کۆشم، بوومەتە مەخلوقێک کوتومت وەکو خۆی، هەست دەکەم تەواوی جەستەم بەخاڵ کوتراوەو نیوەی ددانەکانیشم ئالتوونن، خۆم دەبینم بەتاقی تەنێ بەکۆلانەکاندا دەسووڕێمەوەو وەک کچەتیوەکانی فاتەی جلک شۆر کەوتوومەتە حیلکە حیلک، لە پاشکۆی قۆزترین کوڕی گەڕەکدا، لەسەر ماتۆڕەکەی دادەنیشم و لەگەڵیدا دەڕۆم فیلمی تەڕەزان ببینم.

دەگەینە وێستگەی (ئابشار). لەوێدا کاک عەزیز پاسەکەی ڕادەگرێ، زۆربەی نەفەرەکان دادەبەزن تا لە چاخانەکەی سەر ڕێگە چایەک بخۆنەوە. من و لالۆ حەسەن لە جێگەی خۆمان نابزوێین، کاک عەزیز بەرلەوەی دابەزێت، پاکەتێکی چکۆڵە لە داشبردی پاسەکەی دەردەهێنێ و لەسەر ڕانم دایدەنێ، لە ئاوێنەکەوە تەماشام دەکا و چاو دادەگرێ، ڕوخساری لێواولێوە لە میهرەبانیی، وەک داهۆڵە پەڕۆیینەیەک پڕە لەهێڵی نەرم، هاوڕێکەم میهرەبانترین دێوی دونیایەو لە دەست و پێیەوە، لەبۆنی سەیری دەمییەوە، لە چاوە سووتەمەرۆکانییەوە، لە چاکەتە چەورو شڕەکەیەوە... شتێک وەک هەڵمێکی تەنک دێتەدەرێ و گەمارۆم دەدات، منیش لەو هەڵمە سیحراوییەدا وەک کلووە بەفرێک دەتوێمەوەو هێند بەختەوەر دەبم کە ئیدی دەخوازم هەزاران هەزار ساڵ وەک پەیکەرێکی بەردین لەهەمان شوێن و بەهەمان شێوە بمێنمەوە، نە گەورە بم و نە بشگۆڕێم.

ئەمڕۆ کاک عەزیز وشکە ئالبالووی بۆ کڕیم، لالۆ حەسەن لە دواوەی پاسەکەوە قاوم دەداو دەپرسێ ئەرێ ئەوە چ دەکەی! من خۆمی تێناگەیەنم و خێرا خێرا ئالبالووەکانم دەژمێرم. نەفەرەکان ڕاوەستا ون و چا دەخۆنەوە. کاک عەزیز قومێک لە بوتڵە عارەقەکەی هەڵقوڕاند، پاشان چوو تا لەودیو درەختەکانەوە هەڵ میزێت، من سەیری ناکەم، سەردادەخەم و جوان جوان ئالبالووەکان دەجووم، بەڵام لە سەرمدا دەیبینم و گوێچکەم سوور هەڵدەگەڕێت.

دەکەوینەوە ڕێ و تا گۆڕەپانی (وەنەک) پاسەکە هێواش هێواش وەکو مێروولە دەڕوا، هەندێ جار بەدوادا دەخلیسکێین، ترومبێلەکانی تریش دەخلیسکێن و لەناوەڕاستی جادەکەدا لەبەردەم ئێمەدا دەچەقن. تاریک داهاتووەو هەموو دونیا سپیی دەچێتەوە، لالۆ حەسەن دەترسێ و لەدوای پاسەکەدا لێکدا لێکدا بانگم دەکات، دەزانم کە چەند

دەقیقەیەکی تر نابات دەست دەکاتە گریان، ئاخر ئەو هەمیشە گریانەکەی ئامادەیەو ڕۆژی دوو سێ جار لەخووت و خۆڕایی دەگری، دایکم پێی وایە گریانەکەی لالۆ حەسەن وەک گارە گاری مریشک وایەو چ پاساوێکی تایبەتیی نییە، باوکم دەڵێ: لالۆ حەسەن ولاخێکە لەو گۆڕەی! لالۆ حەسەن پێدەکەنێ و دیارە ولاخ بوونی پێخۆشە، هەر بۆیە شادومان و خەنیی دەفرەکان کۆدەکاتەوەو سەیری بابم دەکا کە بەچێژەوە پلێک گۆشت دەجوێ و لە لێنانی چێشتەکەی قایلە.

شووشەی پەنجەرەکەی لای منەوە شکاوەو کزەیەکی سارد ڕێک ڕوخسارم دەسمێ، ملم وشک هەڵگەڕاوەو پشتم لە سەرمادا بۆتە شەختە. کاک عەزیز لە ئاوێنەی پاسەکەوە، بەنیگەرانییەوە دیقەتم دەدات، پاسەکە ڕادەگرێ، لەتە ڕۆژنامەیەک و چەند پارچە پەڕۆیەک دەپەستێنێتە درزی پەنجەرەکەوەو هەمدیس لە پشت سوکانەوە دادەنیشێتەوە. من لە زوبانە بێدەنگەکەی دەگەم، دەزانم دڵی لامەو وای پێ باشترە شوێنەکەم بگۆڕم، وەک بڵێی بەچاوانی پێمبڵێ:" هەستە کچە چکۆڵە زیتەڵەکە! هەستە با سەرمات نەبێ، بڕۆرە دواوە، ئەوێ گەرمترە، ئاخر دەترسم نەخۆش کەویت!" منیش بەئەسپایی وەڵامی دەدەمەوە:" نا، لە شوێنەکەی خۆم هەڵناسم، ئەم کورسییە هینی خۆمەو لەسەری هەڵناسم!"

نیگەرانییەکەی کاک عەزیزم خۆشدەوێ، میهرەبانییە دایکانەکەی، قووڵیی هاوڕێیەتییەکەیم بۆ دەسەلمێنێ، ئەوسا پێڵووەکانم لێکدەنێم و سەفەرێکی خەیاڵیی بەچاخە دوورەکان و بەسەردەمی پادشا گەورەکانا دەکەم، سەفەرێکی خەیاڵی بەزەمەنێکدا دەکەم کە قارەمانانی بەوەفا لەپێناو سەلماندنی ڕاستگۆیی و قوربانیدانیاندا بۆ شەهرەیار، بەپێی پەتیی بەسەر پشکۆی هەڵایساوا دەڕۆن و لەگەڵ ئەژدیهای حەوت سەردا دەجەنگێن.

چیتر پاسەکە جووڵەی بۆ ناکرێت، ڕێگە گیراوە، سەرما جێگەی بەهەموو شتێک لێژ کردووە، لای ڕاستی بەدەنم سڕ بووە، سەرپەنجەکانم مێروولە دەکەن، پێم بێ هەست و سەرم وەک کێو قورس، وەک بڵێی فووی تێکرابێ، دەئاوسێ و دەنیشێتەوە، بوومەتە تەختە و لە تیلەی پێڵووە نیوە داخراوەکانمەوە چەندین تارمایی لە دەرەوە دەبینم کە لەناو بەفرەکەدا سووڕ دەخۆن، ئاو بەکەپوومدا دێتە خوارێ و چاوانم دەبرژێنەوە. ناکاو گەرم گەرم دادێم، داخ دەبم، پاشان لەرزم لێدێ و ددانەکانم لە سەرمادا چۆقە چۆقیان پێدەکەوێ، فرمێسک بەخوڕ لە چاوانمەوە دەڕژێ، بەدەست خۆم نییە، کاک عەزیز بەپەنجە زبرەکانی



سەر ڕوومەتەکانم وشک دەکاتەوەو بەدەمی داخراوەوە پێدەکەنێ، ئەو قوتابییانەی کاک عەزیز دەناسن دەڵێن: "هەموو ددانەکانی ئاڵتوونن!" باوەڕ ناکەم، لەدایکم دەپرسم، ئەویش نازانێ و کاک عەزیز هەر ناناسێ، بەڵام پرسیارەکەمی پێخۆش نییەو هەڕەشەم لێ دەکا کە ئەگەر سەیری شۆفێری پاسەکان بکەم یاخود قسەیان لەگەڵدا بکەم ئەوا داخم دەکا، دایکم پێیوایە تەنها خەڵکانی خەراپ و لات ددانی ئاڵتوونیان هەیەو هەمووشیان دز و پیاوکوژن و هەزار بەڵا بەسەر کچانی چکۆڵەدا دەهێنن.

من باوەڕ بەدایکم ناکەم، خەفەت دەخۆم کە هەندێ جار دایکم دەبینم ناڕەسەن و درۆزن دێتە بەرچاو، بەپوورە ئازەر دەڵێ: قەڵەوی پیس! خەفەت دەخۆم بەوەی کە دایکم زۆر شت نازانێ، بۆ نموونە ناوی پایتەختی زۆر لە وڵاتان بەڵەد نییەو فرێشی بەیاسا ساکارەکانی حیسابەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای منەوە دایکم میهرەبانترین و جوانترین دایکە لە دونیادا، شەوانە بەر لەنوستن خۆم دەکەمە نەخۆش تا لەپاڵ نوێنەکەمدا دانیشێ، دەخوازم ئیعتیرافی لا بکەم کە چ بیرو خەیاڵاتێکی خەراپ لە بارەی ئەوەوە لە کەللەمدایە، بەڵام دایکم هەمیشە هەر خەریکی ئیشە، پەلەیەتی و گوێ لە قسەکانی من ڕاناگرێ، گەر بزانێ بەئەسپایی لەودیو دەرگاوە گوێ لە قسەکانی ئەوو باوکم ڕادەدێرم، ئەوا سزایەکی خەراپم دەدا.

کاک عەزیز لە حەژمەت بەفرو ڕێبەندان گرمۆڵە بووە، تەواوێک هەوڵ دەدا پاسەکە چەند هەنگاوێک پێشتر بەرێ، بەڵام ناتوانێ، وەک بڵێی لە بیابانێکی سپیدا ڕێگەمان ون کردبێ. دەنگی لالۆ حەسەنم لە دوورەوە دێتە گوێ، دەناڵێنێ و نزگەرەی زل زل لێدەدا، منیش سەیرم لێ بەسەر هاتووە، هەستدەکەم خەریکم نەخۆش دەکەوم، گەدەم پڕ بووە لە ئاڵباڵوو، دەخوازم بڕشێمەوە، بەهەردوو دەست چاکەتەکەی کاک عەزیز بەخۆمەوە دەنووسێنم و سەرم گێژ دەخوات، دەمەوێ هەستم، بەڵام هێز لە قاچمدا نەماوە، دەمم دەکەمەوە، بەڵام دەنگم دەرنایەت، هەموو شوێنێک پڕە لە بەفر، هەموو پاسەکە، هەموو شار، هەموو دونیا پڕن لە بەفر، منیش لەژێر ئەو تاقە سپییەدا بوومەتە سەهۆڵ، ساڵانێکە بەو جەستە بەشەختە بووەمەوە ماومەتەوە، تەنها چاوەکانمن کە وەکو دوو تەنوور دەسووتێن و خێرا خێرا فرمێسکیان لێوە دەڕژێتە خوار، دەمم وشک و تاڵ و لە دووی ئاو دەگەڕێ: ئاو... ئاو... ئاو.

دەستێکی نەرم و بۆن خۆش، بۆنی پۆدرەو کرێم، نێوچەوانم نەوازش دەکات. یەکێ دوعا

بەگـوێمـدا دەخـوێنێ و فـوو بەڕوخـسـارمـدا دەکـا. ڕوخـسـاری ئاشنا بەچواردەوری تەختـەنوێنەکـەمـدا ڕاوەسـتـا ون و چاوانی گـەورەو شـیـرینی پووره ئازەر لەژێر ڕۆشنایی گڵۆپەکەدا دەدرەوشێنەوە، بۆنی کولاّتووەکەی نەنکم دێت، نەرمیی بەتانی و چەرچەفە پاک و تەمیزەکانی خۆم دەناسمەوەو دەزانم کە لەنێو نوێنی خۆمدام و دایکیشمم لە لاوەیە، هەستێکی لێواولێو لە ئارامیی دەڕژێتە دڵم، خەوم لێ دەکەوێ و خەون دەبینم کە بەکۆڵی کـاک عـەزیزەوەم و ئەویش وەکـو فـەرشی باڵدار لەژوور هەورەکـانەوە دەفـڕێ و من بۆ تەماشای شـاره دوورو نەناسراوەکـان دەبات، وای چەند حـەز دەکـەم دەمی بکاتەوەو من ددانە ئاڵتوونەکانی ببینم، بەڵام حەیفێک لێوەکانی وەک سندووقێکی چکۆڵەی پڕ لە زێڕو زیو کلۆم دراون.

تەواوێک نەخۆشم، دختۆر کەوسەری هەموو پێنج شەممەیەک سەردانم دەکا، سینگم قرخە قـرخی دێ و شـەوانە تاکـەم بەرز دەبێـتـەوە، دخـتـۆر کـەوسـەری هەرجـارێک کـە دێت دەرمانەکانم بۆ دەگۆڕێ، نەخۆشییەکەشم خەراپتر دەبێ، لەڕولاواز بووم و ڕەنگی مردووم لێ نیشـتـووە و قـژم دەڕووتێـتـەوە، دخـتـۆرێکی ترم دێننە سـەر کـە لەمن زیاتر دەکـۆکێ، دەرمانەکانی ئەم دختۆرە لە هیچ ئەجزاخانەیەکدا دەست ناکەوێ. ڕۆژ و هەفتەکان وەک با تێدەپەڕن، دەرس و مـەکـتـەبم بیـرچوونەتەوە، بەڕۆژ دەنووم و لە خـەویشـدا هەر دەکـۆکم، داپیرە لەخوار تەختـەنوێنەکەمەوە دادەنیشێ و لەژێر لێوەوە دوعـا دەخوێنێ، گـەر بەخەبەر بم، ئەوا حەکایەتم بۆ دەگێڕێتەوەو خواردنەکەم بەکەوچک بەدەمەوە دەکات، هەموو ڕۆژێک لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە لەو دار خورمالووە دەنۆڕم کە لق و پەلکەکانی ڕووت بوونەتەوە لە گـەڵا، تا بەهار دێت ڕۆژەکـان دەژمـێـرم، هەمـوو ڕۆژێک سـەعـات چواری پاش نیـوەڕۆ پاسـەکـەی شـەمـێـران دەبینم کـە لە چوارڕاکـەی بەردەم قـوتابخـانەوە ڕەت دەبێ و کـاک عـەزیزیش خـەمـبـارو تەنهـا لەجـێگە چۆڵەکـەی من دەنۆڕێ و تێـدەپەڕێ، دەشێ منی بیرچوو بێتەوەو ئەو نەستەلانە بداتە کچێکی تر کە لەناو داشبردی ترومبێلەکەیدا بۆ منی داناون، دڵم لە ئیرەییدا دەسووتێ و کۆکینەکەم توندتر دەبێ، دایکم بەحەلوەلایی دەنێرێ بەدوای دختۆر کەوسەرییداو دەنگی باوکم دەبییەم کە ئەمر دەکا ئامادەم کەن تا هەرچیی زووترە ڕەوانەی فەرەنسا کرێم.

ئەمساڵ لە پۆلەکەی خۆمدا دەمێنمەوە، دەگریم و پووره ئازەر دەڵێ: هیچ شتێک لە ساخ و سـلامـەتیی گـرینگـتـر نیـیـە. خـۆزیا هـاوین دەهات و دارگـێـلاسـەکـان بەگـەڵا و بە بەر



دەڕازانەوە، هاوینان ماڵەکەی ئێمە قەرەباڵختر دەبێ، خانەوادەکەی ئێمە قەبیلەیەکی گەورەیەو من دەیان پوورو خاڵ و یەک دەرزەن کوڕە خاڵ و کچە پوورم هەن. باوکم سەرۆکی ئەم قەبیلەیەیەو هەمووان حیسابی بۆ دەکەن، ئەم قەبیلەیە ڕۆژانی هەینی نانی نیوەڕۆ لە مـاڵی ئێـمـە دەخـۆن و شـەوانەیش دایکم زیاتر لەنیـوەیان لە مـاڵی خـۆمـان گل دەداتەوە. هەمـوومـان پێکەوە لەبەرهەیوانی باخەکە دەنووین، منالاّن لەپاڵ یەکدیداو گەورەکـانیش دوورتر لەژێر دارچنارەکانا، لەسەر تەختی دارین و لەنێو پەردەکوللەدا، باوکیشم بەتاقی تەنها لەژێر کەپرەکەدا دەنوێ، دوو جۆگە لەم لا و لای کەپرەکەوە دێنە خوارێ و تا بەیانی دەنگی خوڕەی ئاو دێتە گـوێ. داپیـرە لەگـەڵ ئێـمـەی منالاّندا دەنوێ و چاودێریمان دەکا، لەژوور سەری هەریەکێکماندا پەرداخێک سەهۆڵاوو لەژێر سەرینی هەریەکێکماندا چنگێ گوڵە یاسەمین دادەنێ، منالّەکان دەژمێرێ و هەریەکەیان بەناوی خۆیەوە بانگ دەکات تا دڵنیابێ کە هەموومان لەجێگەی خۆمانین.

من حـەزم لە بێـدەنگیی شـەوانە، لە شـەودا لێـدانی دڵـی مـیـوەی گـەییـوو هەناسـەی سووکەڵەی بێچووە نەوڕەسەکان دەبییەم، بەرلەوەی خەوم لێبکەوێ، ئەستێرەکان دەژمێرم و لەو هەورانە دەنۆڕم کە لە ئادەمیزاد دەچن.

یەکێک لەو هەورانە هەر دەڵێی کاک عـەزیزە، لەوسەری سەرەوە بانگم دەکا و بەدەم و چاوی دەمخاتە پێکەنین. خاڵۆزاکانم ورتە ورتیانەو داپیرە لەهەمان ئەو شوێنەوە کە لێی دەخـەوێ، بەشـولّکە درێژەکـەی پێـیـاندا دەمـاڵێ، خـالّە گـچکە پرخە پرخ دەکـا و سـەگی کەلاوەکان دێنێتە وەڕین، نەنە بەدەم خەوەوە قسان دەکا و توبا خاتوونیش تا ڕۆژ دەبێتەوە خۆی دەخورێنێ، یەکێ لە منالّەکانیش لێکدا لێکدا دەنگێکی لێ بەردەبێتەوەو داپیرە لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ تا بزانێ ئەوە کاممانین! منالاّن هەموو خۆیان دەکەنە نوستوو، هەناسە لەخۆیان دەبڕن.

بەدەم ویزە ویزی ئەستێرەو زریوە زریوی ئەستێرانەوە چاوەکان پڕ دەبن لەخەون، هەندێ شەو باران دادەکا و داپیرە نایلۆنێکی قەبەو درێژمان پێدا دەدا کە هەمیشە لەپاڵ خۆیدا دایدەنێ، من و خاڵۆزایەکم لەژێر ئەو ڕووپۆشە ئەستوورەدا دەنووین و وەک مێروولەی ژێر خاک گوێ بۆ دەنگی باران ڕادەدێرین.

لەوکـاتەوەی نەخـۆش کـەوتووم ناچارم لەژوورەکـەمـدا زیندانیی بم، هەمـوو شـتـێک دەمـتـرسـێنێ، ترس وەک تارمـایی لە هەمـوو شـوێـنێکدایە، گـا دەرگـاکـە دەکـاتەوەو پاش

نیوەڕوانیش کاتێ گەورەکان دەکەونە خەوەنوچکێ دێتە لام، گا لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوەیە یاخود خۆی لەژێر کۆشی دایکما قایم دەکات. ئەمڕۆ بەیانیی لە ئاوێنەکەدا بوو، وەک بلێیی گاڵتەم پێ بکا. ئەوە ترسە کە دەمخاتە کۆکە، ئیدی دایکم بڕوای بەدختۆر کەوسەریی نەماوەو دەرمانەکانی تووڕداوە، خاڵە گیان، دختۆری شەوان لەماڵی ئێمە دەنوێ، لەگەڵ دایکمدا وا ڕێک کەوتوون کە شەوێک ئەو شرینقەم لێ بدا و شەوێکیش دایکم، باوکم دەڵێ دختۆرەکانی فەرەنسا بلیمەتن و بەیەکەمین ڕەچەتە قورسترین نەخۆشیی شەفا دەدەن، پوورە ئازەر بەچاوانێکی خەمین تەماشام دەکا و بەجۆرێک ماچم دەکا کە پێدەچێ ئیتر نەمبینێتەوە، لالۆ حەسەن پۆست کارتێکی کۆنی پێیە کە ڕەسمی ژنێکی قەڵەوی قژ زەردی تێدایەو جلکێکی موشەبەکی مەخمەلیی پۆشیوە، لالۆ حەسەن دەڵێ: ئەم ژنە شاژنی پاریسەو ژنێکی بەدخووەو ئیمانی بەقورئان نییە! لالۆ حەسەن خەمی من و دایکمییەتی و داوا لە نەنە دەکا کە شەوو ڕۆژ لەپێناو ڕزگارکردنی ئێمە لەچنگی ئەو شاژنە کافرە دوعا بکا، دایکم بەخۆشحاڵییەوە جانتاکانی سەفەر ئامادە دەکات. من دەزانم کە ترس لە پاریسیش هەیەو بۆ هەر شوێنێک بڕۆین ترس هەر بەدوامانەوەیە، نەنە پەیتا پەیتا دوعا دەخوێنێ و فوو بەڕوخسارمدا دەکا، تووبا خاتوون هەموو مەغریبێک یەک پەرداخ ئاوی جگەری کوڵاوم دەرخوارد دەدا، هەزار جۆر موفەڕکیان بەگەردن و پامەوە کردووە و ژێر سەرینەکەشم پڕە لە کاغەزی چکۆڵەی چوارقەد کراو.

هێشتا هەموو پاش نیوەڕۆیەک کاتێ دەبێتە سەعات چوار، دڵم لای بەربوونی قوتابخانەیە، دڵم لای ئەو پاسەیە کە لەدوورەوە دێ و وەک خەونێکی نیوە فەرامۆشکراو، بەرلەوەی بگاتە لای من، لە تەمتوومانێکی سپیدا ڕۆدەچێ.

هێشتا هەر بەر لە نوستن سێ جار لەدڵی خۆدا دەڵێم: من لە پاسەکەی کاک عەزیز زیاتر سواری هیچ پاسێکی تر نابم! ئەمە پەیمانێکە بەیەکمان داوەو تا ڕۆژی حەشر ئەو پەیمانە ناشکێنم، سوێند دەخۆم، لەکاتی سوێند خواردندا پێڵووم لێکدەنێم، هەناسە لەخۆم دەبڕم و دڵم وەک تەپڵ لێدەدا، دڵنیام کە کاک عەزیز لێدانی دڵم دەژنەفێ و وەڵامم دەداتەوە.

سێ ڕۆژی تر سەفەر دەکەین، نەنە لای پەنجەرەکەوە دانیشتووە، گوڵە یاسەمین دەکات بەدەزووەوەو ملوانکەو بازنگم لەو گوڵانە بۆ دەهۆنێتەوە، هەمووان خەمبارن، تەنانەت تووبا خاتوونیش کە هەمیشە قونی بادەداو چەقەنەی لێدەدا، ئێستا ئیدی ئەویش وەک جاران



نییە، چاوانی پڕ لەفرمێسک و ئاوی کەپووی بەسەر قۆڵەکەی دەسڕێ.

لە دەرگا درا، بەخۆم دەڵێم: ڕەنگە دختۆرێکی تازە یاخود یەکێ لە پوورەکانم بێت، ئاخر هەزاران جۆر لە خەڵکیی دیدەنیمان دەکەن و ڕۆژی سەد جار لە دەرگای ماڵی ئێمە دەدرێ.

لالۆ حەسەن دێتە ژوورێ و لەپاڵ دەرگاکەدا ڕادەوەستێ، گێژ و وێژ و حەپەساو تەماشای دایکم دەکات، دەیەوێ شتێک بڵێ بەڵام جورئەت ناکات، وەک هەمیشە لە ترسا کەوتۆتە نزگەرە، ئاماژە بۆ کەسێ یان شتێک لە دەرەوە دەکا، بەڵام دەنگی دەرنایەت.

دایکم تووڕەو بێ هەدادان هەڵدەسێ و بەدوای لالۆ حەسەندا بەرەو داڵانەکە دەچێ، دەنگی دەبییەم: کێ؟ وەڵامەکەی لالۆ حەسەن نابیستم، تەنها دەنگی دایکمم دێتە گوێ کە بەرز و بەرزتر دەبێتەوەو وەک دەنگی ئاژێر هەمووان نیگەران دەکا، داپیرە هەڵدەسێ و پەنجەرەکە دادەخا، بەتانییەکە تا ژێر چەناگەم ڕادەکێشێ.

دووبارە دەنگی دایکمم دێتە گوێ: " چیی؟ سایەق پاس؟"

ڕادەچڵەکم، دەکەومە سەر ئەژنۆو لەسەر جێگەکەم دادەنیشم.

وەڵامەکەی لالۆ حەسەن لە باعەباعی مەڕێک دەچێ کە بیانەوێ سەری ببڕن.

هاواری دایکم لەنێو سەرمدا لوول دەخوا: "کێ؟ چیی؟ کام پاس؟"

لالۆ حەسەنی فەقیر نیوە گیان و زمانی لاڵ دەبێ، شیتە شیتی دایکم دەبییەم کە دەیەوێ تێبگا چۆن شۆفێرێکی هیچ و پووچ جورئەتی کردووە بۆ هەواڵپرسینی کیژەکەی بێت! لالۆ حەسەن دەنێرێ تا پێی بڵێ گەر جارێکی تر بەم ناوەدا بێتەوە ئەوا ئەمر دەکا قەڵەمی ئەژنۆی بشکێنن!

بەتانییەکە لادەدەم، لە جێگەکەم دەردەپەڕم و پێخاوس و بەجلکی تەنکی نوستنەوە بەرەو داڵانەکە ڕادەکەم، تووبا خانم هەوڵ دەدا پێشم بگرێ، پاڵێکی پێوەدەنێم و گازێک لەدەستی دەگرم، دایکم لەم ڕەوتارە سەیرو سەمەرەیەم حەپەساوە، ئەمرم پێدەکا هەرچیی زووترە بۆ نێو نوێنەکەم بگەڕێمەوە، بەڵام گوێ بەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشەیە نادەم و خۆم دەگەیەنمە ژووری خوێندنەوەی باوکم کە لەوپەڕی ڕاڕەوەکەدایە، دەچمە ژوورێ و لەم دیوەوە دەرگاکە بەکلیل دادەخەم، پەنجەرەی ژوورەکە بەسەر کۆڵاندا دەنۆڕێ، پەردەکە لادەدەم، دەچمە سەر کورسییەکەو دەبینم کاک عەزیز وەک منداڵێکی شەرمن و مەزڵووم

لەناوەڕاستی کۆڵانەکدا ڕاوەستا وە، زەرفێکی چکۆڵەی بەدەستەوەیە، قژە لوولەکەی شانە کردووە و قۆپچەی کراسەکەی تا بنی بنەوە داخستووە، ئاخر نایەوێ سینگە بەخاڵ کوتراوەکەی دەرکەوێ. پەنجەرەکە دەکەمەوە، بانگیدەکەم، سەیری ئەم لا و لای خۆی دەکا و دەیەوێ بڕوات، بەرزتر بانگی دەکەم و دەستی بۆ ڕادەوەشێنم، ئاوڕ دەداتەوە، سەر هەڵدەبڕێ و چاوی بەمن دەکەوێت، هەمدیس هەمان میهرەبانیی دێرین ڕوخساری دەپۆشێتەوە، هۆن هۆن فرمێسک لەچاوانم دەڕژێ و خۆیشم نازانم دەڵێم چیی! کاک عەزیز هەر لەهەمان ئەو شوێنەی کە لێی ڕاوەستا وە، بەسەر سڵاوم لێدەکات، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ چەندە خۆشحاڵ دەبێ، بەرەو لای من دێتە پێشێ، پێدەکەنێ و بەو پێکەنینە شتێکی سەیر ڕوودەدات، دەمی دەکاتەوە، دەمی وەک ئەشکەوتێک تاریک، یەک ددانی ئاڵتوون لە قووڵایی دەمیدا، وەک چراکەی عەلادین پرشنگ دەدات، دڵنیام هەرچیم بوێت بەهۆی ئەو چرا ئەفسانەییەوە بۆم جێبەجێ دەبێت، پێڵووەکانم لێکدەنێم و داوا دەکەم: "ئەمجارە چاک ببمەوە، ئەمجارە کۆکینەکەم نەمێنێ و ترس بەرۆکم بەردات!"

کە گەیشتینە پاریس لە ئوتێلی واگرام دابەزین، سێ ڕۆژ دواتر دختۆرێکی فەرەنسایی فەحسی کردم و ڕەچەتەیەکی دوورودرێژی بۆ نووسیم، تەندروستیم لە جاران باشترو کەمتریش دەکۆکیم.

چ کەسێ لە نهێنیی من و سیحری چرا ئاڵتوونییەکە بەئاگا نەبوو، دایکم پێی وابوو چاکبوونەوەی خێرام بەهۆی زیرەکیی دختۆرە فەرەنساییەکەوەیە، بەڵام خۆم دەمزانی چاکبوونەوەم لەبن سەری کێ و چیدایە. هەموو شەوێک لەتاریکیی ژوورەکەو ژێر چەرچەفەکەدا دەستم بۆ چرا خەیاڵییەکەی عەلادین ڕادەکێشاو دوعا هەمیشەییەکەم دووبارە دەکردەوە.

شەش مانگ زیاتر لە فەرەنسا ماینەوە، کە گەڕاینەوە تاران قوتابخانەکەیان بۆ گۆڕیم، ئەو قوتابخانە نوێیەم چەند هەنگاوێک لەماڵی خۆمانەوە دوور بوو، بەپێ دەڕۆیشتم و دەگەڕامەوە، بەڵام کاتێ لە شەقامەکەوە تێدەپەڕیم دڵم تەنگ و چاوم بۆ پاسەکەی شەمێران دەگێڕا.

ساڵان بەخێرایی ڕەت بوون و من ئێستا بوومەتە کیژۆڵە خانمێک بۆ خۆم، پاسە کۆنەکانیان کۆکردوونەتەوە و ترومبێلی تاکسی بەشۆفێری جحێڵەوە جێی ئەو پاسانەیان گرتۆتەوە، بەڵام من هێشتا بەرامبەر ئەو هاوڕێ گەورەو دێرینەم وەفادارم، هەرکاتێ دڵم



تەنگ دەبێ یان خەفەتێ ڕووم تێدەکا و کۆسپێک دەکەوێتە بەردەم کاروبارەکانمەوە، کوتوپڕ دەمی موجیزەئاسای هاوڕێکەم لەودیو یادەوەرییەکانی منالیمەوە دەردەکەوێ و پرشنگی ددانە ئاڵتوونییەکەی وەک ئەستێرەی زوهرە لەتاریکیی شەوانمدا دەدرەوشێتەوە.

پاسی هێڵی ژمارە هەفتا لەسەری پێچەکەدا وەدیاردەکەوێ و بەکاوەخۆ دێتە پێشێ، دەنگێکی منالانە لەگوێمدا دەڵێ: "جگە لەپاسەکەی کاک عەزیز سواری هیچ پاسێکی تر نابم!"

کچەکەم پێشم دەکەوێت، دەست بۆ شۆفێری پاسەکە ڕادەوەشێنێ و چاوانی پڕ دەبن لە ڕاز و خولیای منالانە. دەشێ کچەکەشم نهێنییەکی لەلا هەبێ و پێم نەڵێت، تەواوێک وەک ئەوەی کە منیش نهێنیی خۆم بەکەس نە دەگوت، نە بەدایکم، نە بەلالۆ حەسەن، تەنانەت ئەو نهێنییەم لای دارچنارەکانی ئەوسەری باخەکەیش نە دەدرکاند!

***

## دار هـەرمـێ

*هەر کارێک لەژێر هەتاودا زەمەنێکە*

*زەمەنێکە بۆ لەدایک بوون*

*زەمەنێکیشە بۆ مردن*

*زەمەنێکە بۆ ڕوانین*

*زەمەنێکیشە بۆ پشکووتن*

*زەمەنێکە بۆ پەیڤین*

*زەمەنێکیشە بۆ سکوت*

کتێبی کۆمەڵگە – دەروازەی سێیەم

گشت درەختەکانی باخی دەماوەند بەریان داوە دار هەرمێ نەبێ – دارهەرمێی مەکرباز و خۆ نوێن. باخەوانی دزێوی پیر، هەموو بەیانییەک، لەکاتی ئاودانی درەختەکانی باخدا، بەخەم و تووڕەییەوە، ئەم حەقیقەتە حەیابەرەیەم بەگوێدا دەدا. کە چاوانم دەکەمەوە دەیبینم چاوەڕوان لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەمەوە ڕاوەستا وە و تێناگات کە چارەنووسی خەمینی گژوگیای گەمژە و خەفەتباریی یان دڵ خۆشیی سەوزایی و چیمەن و ئەڵەف پەیوەندیی بەمنەوە نییە (بە منی نووسەرو فەیلەسوف)ەوە و ئاگای لەوە نییە کە خەیاڵی من لەجێگایەکی ترە، جێگایەک لەودیو ڕووداوە عەردییە گچکەکان و ڕووداوە ڕۆژانەییە گچکەکان.

– "قوربان گیان!"

خۆمی تێناگەیەنم. بەخۆم دەڵێم دەبێ ئەمساڵ دواجار، ئەم کتێبە جادوولێکراوە



نەفرەتییە تەواوکەم. دەبێ. وادەڵێم و زۆر لەخۆم دەکەم تا چوار پیتە پەرتەوازەکەی ئەم (دەبێ) شاراوەیە لەپاڵ یەکدا ڕیزکەم و مانا ڕاستەقینەکەی بۆ مێشکم بگوێزمەوە. دەبێ بکەومە نووسین. تەواو و ڕۆیشت. ئیدی چ بەهانە و بیانوویەکم نییە. لەم باخە دوورە دەستەدا، نە کەسێک هەیە کاتم بەچەنەبازیی و باس و وتووێژەوە بەهەدەر بدات، نە هاتوچوونێک، نە بەزموڕەزم و شایی لۆغانێک، نە ژن و منالێک، هەموو شتێک جگە لەکاتی زۆر و هەتاوی درەوشاوە و سکوت و ئارامیی و دەشتگەلی سەوز و ئاسمانی شین (تەواوی پێداویستی بەسوود بۆ خەیاڵ و بیرکردنەوە و داهێنان و ئەفراندن)، هەموو شتێک جگە لەم باخەوانە موزاحیمە کە دەبێ هەر ئەلعان حیسابی خۆمی لەگەڵدا یەکلایی بکەمەوە و تێیبگەیەنم کە خودانی بەڕێز (خودانی پێشوو) بۆ ئەنجامدانی کارێکی گرینگ و ژیانێک بەم وێرانییە هاتووە و نووسینی کارە نەمرەکەی بۆ خۆی و خانەوادە و سەرزەمینەکەی – و تەنانەت بۆ دونیاش – گرینگیی و بەهای هەیە.

– "قوربان گیان، قسەیەکم لە بارەی ئەم دار هەرمێیەوە هەیە."

لەودیو مێزەکەوە دادەنیشم.

– "قورب... ب....ان گیان."

بێدەنگ. مێزێکی شەق و شڕ و لەق. گرینگ نییە. نووسین ئامانجی سەرەکییە و ئەفراندنی کاری هونەرییش دەتوانرێ لەسەر عەرد، لەسەر درەخت، قونە و تلۆر، لەسەر پشت، بەپێوە لەسەر قاچێک، کەللە هەڵواسراو بەحەواوە، لەهەر جێگایەک و لەهەر هەل و مەرجێکدا بێت بەئەنجام بگەیەنرێت. مەبەستم لە کارە ڕاستەقینەکەیە، ئەو کارەی کە لە قووڵایی دڵ و ڕیخۆڵەوە هەڵدەقووڵێ. لەناو جەرگەی ڕۆحەوە دێتە دەرێ.

کاغەزی سپیی – دوو بەستەی ئەستووریی پێنج سەد وەرەقەیی – و کەرەستەی پێویست بۆ نووسین لەلای ئامێری تایپەکەوە دادەنێم. پاندان، قەڵەم، لاستیک، قەڵەم دایان، تەپڵەکی جگەرە، چەرخ و بتڵی ئاو (نابێ هیچم لەبیر بچێت. ئاخر هەستان و هێنانی ئەم شت و ئەو شت زەرەر لە ئیشەکەم دەداو زنجیرەی بیرکردنەوەم دەپچڕێنێ). هەمووی لەسەر مێزەکە دادەنێم. ئامادەم. هەرکە دەستم بەنووسین کرد ئیدی ناوەستمەوە. بەیەک گوژم پەنجا لاپەڕە دەنووسم. ڕستەی درێژ درێژ، بەیەکەوە گرێدراو، هاوسەنگ، وەک قەڵبەزەیەکی بەخوڕ ڕەوان، تۆکمە، هەژێنەر، بەشکۆ. لە بارەی چییەوە؟ پرسیارێکی بەجێیە. حاڵی حازر وەڵام نییە. لە بارەی هیچەوە. چ بڵێم؟

باخەوانی پیر، بەسلاوێکی دوو دڵانە و پێکەنینێکی بەپارێزەوە، لە شووشەی پەنجەرەکە دەدات. سەری بەژێرەوە ناوە، شەرم دەکات، دەستی بەیەکدا دەماڵێت. نیگایەکی پەیجۆرییانە دەگرێتە ژوورەوە. دەبینێ وا خودان، بێ باک، بەبێ تۆزقاڵێک پەرۆشیی و وروژان، بە ڕوانینێکی چۆڵ لەهەر جۆرە ئەندێشە و خەیاڵێک – تەنانەت بەبێ شعوریش – ڕووەو دیوار دانیشتووە و چاوی لە خاڵێکی نادیار لە فەزادا بڕیوە.

دەڵێت: "ببوورن. وەزعتان باشە؟ زۆر ببوورن. گەر دەکرێ تەماشایەکی ئەم دارهەرمێیە بکەن."

لەگەڵ خۆمدا حسێبی دەکەم کە ئەگەر هەر سەعاتە و لاپەڕەیەک بنووسم و ڕۆژی دە سەعات کار بکەم، ئەوا دەکاتە ڕۆژی دە لاپەڕە. دەکاتە هەفتەی حەفتا لاپەڕە. مانگێکی هاوین و سێ مانگی پاییز – گەر وەکو ئینسان کار بکەم – ئەوا تا سەرەتای زستان، نێزیکەی هەزار لاپەڕەم نووسیوە و دوو بەرگی مقەبایی زێڕینم بۆ چاپ ئامادەیە. هەر بەرگەی نیو کیلۆ. خۆ ئەگەر تا ساڵی داهاتوو کار بکەم ئەوا هەزار لاپەڕەی تریش دەنووسم.

دەبێ قسەیەکی تر بۆ گوتن پەیداکەم. قسەیەک کە بڕوام پێی هەبێ. وەک جاران، وەک سەردەمانێک کە دەمویست دونیا بگۆڕم. شارەکەم، کۆڵانەکەم و خۆم بگۆڕم.

– "قو... و.... ربان... گ...ی " لەژێر لێوەوە، پچڕ پچڕ، بەترس و شەرمەوە.

نەخێر. تا وەڵامی ئەم باخەوانە نەدەمەوە، ناکرێ بحەوێمەوە. چۆن دەبێ بەئامادەبوونی یەکێکی تر، موزاحەمەتی فیکرگەلی مەزن بکرێت؟ هەرلەو شوێنەدا کە دانیشتووم، بەدەنگی بەرز دەڵێم: "باوکە گیان . بەڵێ. جەنابی خاڵە حەسەن."

دەکۆکێ. دەڵێ: "خاڵە حوسەین. بچووکتان."

"جەنابی خاڵە حوسەین (خاڵە عەلی. خاڵە غولام. هەر کێیەکیت)، گوو بەگۆڕی باوکی دار هەرمێ و هەرچی ڕووەک و گیا هەیە (هەرچیی باخەوانی پیری بۆژۆکەریش هەن) وا دەڵێم و بە ڕق و سەرزەنشتەوە ئەودوای جگەرەکەم دەکوژێنمەوە. تووڕەم و تووڕەییش کارەکەم دوادەخات. ئەدی کام کار؟ نووسین. وەک هەناسەدان. وەک بوون. بەو سانایییە. ڕووداوێکی پێویست، سروشتیی، هەموار. کارێک کە لەناوەوەمڕا تاودەدا یان تاوی سەندووە. جۆرێک پێداویستیی ژیانیی. جۆرێک بێزوو، جۆرێک نەخۆشیی. جۆرێک خوو.



– "قوربان گیان."

کارێک کە بۆم هاسان بوو، وا ئەلعان، یەکەندەردوو، بەبێ چ پاساوێکی ئاشکرا، بەبێ چ پاساوێکی قابیلی قەبووڵ و ماقووڵ، بووەتە گیان کێشانێکی بەسوێ، بووەتە پەلەقاژێ کردنێکی بێ ئاکام، بووەتە شلێپ و هۆڕێکی ناشییانە لە ئەستێرکێکی قووڵدا، بووەتە ڕاکردن لەخەوندا، جێگیر لەسەر خاڵێکی چەسپاو. ناتوانم بنووسم. دانپیانانێکی تاڵ. ئیتر هەر ئەوەیەو ناتوانم بنووسم. دانپیانانێکی تاڵتر. خۆ گەر هەر بشمەوێ بنووسم – ئەگەر – ئەوا نازانم لە بارەی چییەوە بنووسم. قسەکانم تەواو بوون و ئیدی کەفگیرەکەم بەر بنی مەنجەڵەکە کەوتووە. ڕۆژەکان وەک با و بروسکە تێدەپەڕن. بەو زووانە دەگەمە شەست ساڵیی. سەرەتای غلۆر بوونەوە. هێشتا نەگەیشتوومەتە هیچ کوێ. هێشتا چ شتێکم نەسەلماندووە. دەبێ خۆم بەفیکرێکی وەسوەسە وروژێن، بەئومێدێکی مەزن و بەبەڵێنێکی درۆیینەوە هەڵواسم.

قوتابییەکانم دەپرسن: "مامۆستای بەڕێز، دەبێ چ بکرێ؟"

دەڵێم ئارام بگرن. ئارام بگرن تا کتێبە تازەکەم تەواو دەبێت. دوایین قسەی من – قسەی سیاسیی – فەلسەفیی – عیرفانیی من لەو کتێبەدا نووسراوە. حەوسەڵەتان هەبێ.

قوتابییەکانم کات و حەوسەڵەیان نییە. قسەی دووبارەیان ناوێ و هەست دەکەن کڵاوێکی گەورەو نەبینراویان لەسەر نراوە. قسەی نوێیان دەوێ، قسەیەکی تەواو، چۆڵ لە زاراوەی ڕەنگین و ئەحکامی ڕەها. ئەدی من چۆن و لە کوێ ئەوها قسەیەکی مەحاڵ پەیداکەم؟ ئاوها فیکرێکی پاقژی ڕۆنەر؟

چاو بەڕابردوومدا دەگێڕم. دەبینم دەیان کتێب و سەدان وتاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەلسەفیم نووسیون. عومرێک قسانم کردووە. بەحیرس و ساکارییەوە – ساکار تا سنووری گەمژەیی، بەرگریم لە بیروباوەڕم، بەڕاست یان بەدرۆ – کردووە . نوتق دوای نوتق، ڕەنگە زۆر زۆریش. لەسەر شانۆ، لەناوجەرگەی گۆڕەپان، لە لاپەڕەی ئەدەبیی ڕۆژنامەکان، لە ڕادیۆکان و لە سیمینارەکان ئامادەبییم هەبووە و نووسین و قسەکردن بەشێکی بنەڕەتیی لە ژیانی فیکریم بوون و هەنووکەیش؟ ئەدی چۆن ئەم خامۆشیی و فەرامۆشییە گوزارشت لێ بکەم و ڕاڤەی بکەم؟ ئەم بێزارییە ئارام و سستییە هەمیشەییە، ئەم تەمبەڵییە قورس و بێ باک و خەوهێنە. ئەدی ئەم حەزە بۆ بێدەنگیی و

گۆشەگیریی لە کوێوە هاتووە و چۆناوچۆنی لەرۆحمدا ڕۆنیشتووە. هاواری جەستەیی و تەپ و کوتی عاشقانە، ئارەزووگەلی مەزنی ئینسان دۆستیی، ئامانجگەلی سیاسیی، پابەندیی، بیروباوەڕ، قودرەت ویستیی کۆمەڵایەتیی و زانستیی و کلتووریی، وەهمگەلی دڵڕفێن لە بارەی خۆم و ئەوانی ترەوەو ئارەزوو بۆ خۆ دەرخستن و خۆ سەلماندن لە گیان و ڕۆحمدا خامۆش بوون و پێداویستیی ئامادەبوونم لەسەری سەرەوەی ڕووداوەکانا بیرچۆتەوە. ڕۆحێکی ساردو خامۆش دزەی کردۆتە منەوەو ڕوانینم مەودای لە ڕووداوە ڕۆژانەییەکان گرتووە. ڕەنگبێ مەسەلە پیریی بێ و پێداویستیی بێ بۆ هەناسەدان و وچان. ڕەنگبێ ماندوویی بێ و پێ نەمان. خۆ ڕەنگبێ نائومێدییش بێت.

دەنگی قسەکردن دێ. دەنگی تەپەی پێ بەسەر وردە بەردەکاندا. دەنۆڕم. باخ، لەودیو ئەم پەنجەرە چکۆڵە نیوە کراوەیەوە، پڕ لە دەنگەدەنگ و جووڵەو خرۆشانە. پڕ لە هات و بات و تەپ و کوتە، پڕ لە خۆنوواندنێکی ڕووەکییە. دار گێلاسە حەرامزادەکە، سوورو سەوزو ئاڵ و والآ، بەکەشم و نەشمە هەمیشەییەکەیەوە، لێوڕێژ لە خۆویستییەکی جحێڵیی (بەتایبەتیی جحێڵیی) بەپەلک و لقی والآی لە خۆباییەوە، بەرامبەرم ڕاوەستاوەو بەپاساوێکی ناماقوولّ، تامی تامییم دەدات. درەختی گێلۆکەی لەخۆبایی لاساریییم بەرامبەر دەنوێنێ. ئیرەیی؟ ڕەنگبێ. چ گاڵتەجارییەکە! دەزانم. هەرچییەک بێ شتێکی بەسوێ لە عیشوەگەرییە موزیبیانەو جوانییە دڵڕفێنەکەیدا هەیە کە شپرزەم دەکات.

- "قوربان گیان! "بۆ سەدەمین جار.

باخەوانی پیر ئەمجارە کوێخای ڕیش سپیی گوندیشی لەگەڵە. لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستا ون و چپەچپیانە.

خۆمیان لێ ناکەمە خاوەن. کاغەزێک گرمۆڵە دەکەم و بۆ عەردەکە تووڕی دەدەم. کاغەزێکی تر دەردێنم. دەکەومە نووسین. وا خۆم دەنوێنم دەخوێنمەوە. غەرق لە بیرکردنەوەدا. قەڵەم بەدەست. دەست نیوە هەڵپەسێردراو بەحەواوە. دەستەکەی تریش بێ ئیش. قامکێک لەگۆشەی دەمدا. لەسەر گۆنا، لەسەر نێوچەوان. دەنووسم. ڕستەگەلی بێ واتا. خەتی بەسەرا دێنم.

خەیاڵم لای پیرەمێردەکانی ئەودیو پەنجەرەیە. باشە چییان لێم دەوێ؟ خەوم دێ. باوێشک دەدەم. برسیمە.

ئەرێ کێ من ناچاری نووسین دەکات؟



ناچار بەپابەندبوون؟

ناچار بەگوتن و فرە وێژیی، بەدەنگی بەرز، بەرزتر لەخەڵکانی تر؟

کوێخا دەخاڵەت دەکات. کۆکە. منگە منگ. ڕەنگبێ جنێو لەژێر لێوەوە. دێتە پێشێ. تاکی کراوەی پەنجەرەکە زیاتر دەکاتەوە. بەتیلەی چاو، چاودێری دەکەم. سەرێک دەکێشێتە ژوورێ و بەچاوێک - چاوێکی چکۆڵە و پەیجۆر - دیقەتم دەدات، دیقەت لەمن دەدات کە سەخت خەریکی نووسین و کوژانەوەم. لە شووشەی پەنجەرەکە دەدات. شتێک بەگوێی باخەواندا دەچرپێنێ (واتە ناشێ خودان کەڕ بێت) و بەهاوار سلاوەکەیم بەگوێ دەگەیەنێت. نەخێر. خەراپ تووش بووم. دەسبەردارم نابن. سەرێک دەلەقێنم و قەڵەمەکەم بەڕق و ئاهێکی بەرزەوە، کە سووتووی جگەرەکەم بەو ناوەدا بەلاڤ دەکاتەوە، لەسەر مێزەکە دادەنێم.

خۆزیا دەکرا لەم نەخۆشییە قورسە (لە کەسێک بوون) چاک بامەوەو بۆ زەمەنێکی کورت نەهاتما بەرچاوان. یان پێویستی بەم وەدیارکەوتنە نەکردبا، پێویست بەپێچەوانە بوونەوە - بەزۆر بوون - بەپەرش بوون - بەپەرشبوونی خود نەکردبا.

لەبەر پەنجەرەکەدا ڕادەوەستم. ئاسمان، لەوسەری ئەم ژوورەوە، لە پشت ئەم دیوارگەلە ئەستوورە گەچییەوە، لەودیوی کەللەی سنووردار و فیکرە هەناسە کورتەکانی منەوە، فراوان و ڕووناکە و ڕەنگێکی خۆنەویستانەی هەیە، بەبێ پەڵەیەکی ناجۆر یان هێڵێکی ناهەموار، بێ کێش، بێ نیاز، خامۆش. وەک بڵێی لەودیو هێڵی ناسکی ئاسۆوە، ژیانێکی تر ڕاخرا بێ و گەردیلەگەلی نەناسراو لە دۆخی کرانەوەو دروستبووندا بن. لانی کەم بەگومانی من، منی ئابلوقە دراو لەنێو ئەم چوار دیوارەدا، بێ توانا لە نووسین، بێ توانا لە بینینەوەی قسەیەک بۆ گوتن، بێ توانا لە خۆ هەڵواسین بەئیمانێکی تۆکمەدا، بەئیمانێکی ڕەهادا، یان لانی کەم، بەخۆ هەڵواسین بەعەشقێکدا، بەعەشقۆکەیەکدا، بێ توانا لە خۆ هەڵواسین بەخەونێکدا.

پیرەمێردەکان چاوەڕێن. قسەو ئیشیان ڕاشکاوانەو واقیعییانەیە. دارهەرمێکە بەری نەداوەو ئەم ڕووداوەش پەیوەندیی بەخاک و عەردەوە هەیەو چ ڕایەڵێکی بەشیعرو فەلسەفەو دونیای غەیبەوە نییە.

- "چ ئیشێکتان هەیە؟"

- "خەجاڵەت خۆمان. بووینە ئەرک. مەبەست عەرزی سلام بوو. خۆ شوکور ئینشاڵڵا

باشن؟"

– "وەزعی خانمی دایکتان؟"

– "بەڵێ."

– "مەبەست لەم موزاحیم بوونە ئەمە بوو، دەزانن کە......"

قسەکانیان کورت دەکەمەوە: درەختی ناجوامێری هەرمێ، بەبێ چ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشینە، بەبێ چ پاساوێک، ئەمساڵ بەری نەداوەو جەنابی خاڵە حوسەینیش، ئەم کارە ناماقووڵ و ئەم بێدەنگییە حەیابەرەیەی دارهەرمێی بەسووکایەتییەکی لە بەخشین نەهاتوو بۆ ڕیشی سپیی خۆی و حورمەتی سەوزی باخ لە قەڵەم داوە. ئەدی چیی ڕوویداوەو کوێی کارەکە خەراپە؟ تێ ناگا و ئەم (تێ نەگەیشتن) ەش ئازاری دەدات. ئاخر ئەو لۆژیکی ڕاشکاوانەو ڕووناکی گیاکان دەناسێ و بەقەهرو گلەیی و نازو ڕەوتاریان ئاشنایە. چ شتێک نەماوە ئەو بۆ ئەم درەختەی نەکردبێ. ئاوی داوە – سوێند دەخواو فرمێسکێک لەقووڵایی چاوییەوە دەڕژێ – پەلکە زیادەکانی قەڵەم کردووە، خۆڵ و خاشاک و چیلکەو ئاڵف و هەرزەی گڵەکەی بژارکردووە، پەینیی کردووە – باڵاترین پەینی ئینسانیی – قسانی لەگەڵ کردووە، ئامۆژگاریی کردووە، بەقوربان و بەسەدەقەی بووە: پێی گوتووە: نۆکەرتم، خزمەتکارتم، بچووکتم، هەرچی بەئەقڵدا هاتووە پێی گوتووە. نازو نەوازشتی کردووە. تەنانەت خۆشی لێ کردووە بەئاشداو لەهەوانتە پێکەنیوە. بەجێی نەهێشتووە، لێی گەڕاوە تا ئەمە خوایە ئەقڵ بێنێتەوە بەرخۆی و کەچی هەر نەیهێناوەتەوە. ئەوسا باخەوانی پیر کەللەیی بووە، هاواری بەسەرا کردووە، جنێوی بەئەژدادو ئابای داوەو پێلەقەی لە قەدی جەستەی بێ نمودی داوە، تفی لە ڕووی بێ حەیای کردووە و دۆش داماو بەدیارییەوە بیری کردۆتەوە کە چ مەرگییەتی و دەبێ چ بکرێ. ئەمە لەخۆی دەپرسێ و لە کوێخای بەئەزموونی گوندو لەمن کە نە تەنها خاوەنی باخەکەم، بەڵکو پیاوێکی داناو بیریارم و دەبا لە هەموو چۆن و بۆچییەکانی دونیاو زانست ئاگادار بام.

دەڵێم: "باوکە گیان، بڕۆو سبەینێ وەرەوە."

دەڵێ: "چارەنووسی باخ لە دەستی ئێوەدایە. دەبێ ئێوە حوکمەکە دەرکەن."

– "حوکم؟"

کوێخا قسەکەی ڕاڤە دەکات: "مەبەستی لەوەیە ڕێوڕەسمێک هەیە کە دەبێ ئێوە



بەشداری تێدا بکەن."

دەڵێم: "بامێنێ بۆ کاتێکی تر. بۆ هەفتەی داهاتوو."

بێدەنگ دەبن. ناقایلن. تێناگەن بۆچی خاوەنی بەڕێزی باخ ئاوها بێ باک و خوێن ساردە. ئاوها حەپ و حۆل و بێ غیرەتە.

باخەوان دەڵێ: "درەختەکانی تر شت فێر دەبن. ڕووەکگەل لاسایی یەکدی دەکەنەوە." و پاشان، بۆ وەدەست هێنانی دڵی من – دڵە بەردەکەی من – بەنەغمەیەکی خۆمانەو پێکەنینێکی باوکانە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ: "بیرتان دێ چەندێک بەم دارهەرمێیەوە پەیوەندو هۆگر بوون. (بیرم نایەت) و چەندین جار وەبیرتان هێناومەتەوە کە باخی دەماوەند بەبێ ئەم درەختە لوتف و سەفای نییەو (من قسەی وا قۆڕم گوتووە؟) و باوکی خوالێخۆشبووتان – ڕۆحیان شاد – جارەهای جار پاداشت و بەخشیشیان کردووم و (درۆی ڕووت) و خودی ئێوە کاتێ مناڵ بوون، ئەو هاوینەتان لەبیرە کە لەژێر هەمان ئەم دارهەرمێیەدا بوو پێتان فەرمووم......"

کوێخا پێدەکەنێ. یەک ڕیز ددانی سپیی، لە دەمیدا دەجووڵێ.

دەڵێ: "هەمیشە لەخەیاڵی درەختەکانا بوویت. باشم لەبیرە. ڕۆژێک وڵاخ ئێوەی هەڵگرت و تا کەناڵەکەی سەرەوەی بردن."

باخی مناڵیی. دەماوەندیی مناڵیی، مەحف و ڕەنگ پەڕیو، وەک وێنەیەکی خەیاڵیی، هێور هێور، لە کۆتایی زەینی کاڵ و تۆز لێ نیشتوومەوە، وەدیاردەکەوێت. لەودیو درەختە سەوزەکانەوە کوڕێکی مناڵکار ڕاوەستا وەو لە نێزیکییەوە، لەسەر بەتانییەکی چوارگۆشەدار، کچێکی جحێڵ دانیشتووەو کتێب دەخوێنێتەوە.

– "ئێمە پێمان وایە دەبێ گوێی ئەم دار هەرمێیە ڕاکێشرێت."

کوڕە مناڵکارەکە دیقەت لە کچە جحێڵەکە دەدات. دەنگی تەپ و کوتی دڵە ئاشقەکەی لەقولاییی گوێمدا دەزرنگێتەوە. لەودیو پێڵووەکانمەوە سێبەرو ڕوخسارەکان، وەک وێنەگەلی بەسەر یەکتریدا کەڵەکەبوو، پێکەوە دەلکێن. ڕووخساری ڕوشاو، نیوە ئاشنا، بەبەر چاوانمدا تێدەپەڕن.

باخەوان، نیگای خەواڵو و بێدەنگی منی بەئاماژەی قایل بوون وەرگرتووە. چەند هەنگاوێک دێتە پێش. دەستەکانی بەیەکدا دەماڵێت. دادەنەوێتەوەو دوو سێ کاغەز کە

لەسەر عەردەکە کەوتوون، هەڵدەگرێتەوەو دەیانخاتە سەر مێزی قەد دیوارەکە. ئاخر نووسینەکانی خودان گرینگن. زۆر گرینگن.

دووا هاوین؟

ئەودوای قسەکانی نابییەم. دەستێکی نەبینراو پەلەپیتکە لە گۆشەو سووچی خامۆشی دڵم دەدات. یادەوەریگەلی مەحف و تەم و مژاویی لەنێو سەرمدا دەخولێنەوە. هەزار فەرسەخ لە دووایەمین هاوینەوە دوورم. یەک ئەبەدییەت دوورم. کەسێک لەودیو پێڵووەکانمەوە دەبزوێت. کەسێک سترانێک لە قولایی گوێمدا دەچڕێ. پاشماوەی خەونێکی دێرین – هەپروون، پەرتەوازە – لە لێواری پێڵووەکانمدا دەنیشێت. دووایین هاوین!

ئەو (دووایین)ە، ڕایەڵە بەژیانێکی پێشینەو ئاماژە بۆ زەمەنێکی تر دەکات. زەمەنێکی لە یاد چوو. بزر. ڕابردوو، وەک شکانی قاپوقاچاخی ژێر عەرد، هەپروون هەپروون، لەپاڵ یەکدا ڕیز دەبن و ڕوخسارگەلی ڕووشاو، ڕەنگاو ڕەنگ، ڕەش و سپیی و تۆز و خۆڵاویی بەبەر چاوانمدا تێدەپەڕن.

خەڵکانێک دەبینم لە هەیوان، بەدەوری سفرەی خواردندا، لەسەر عەردەکە دانیشتوون. ڕووخسارەکان تۆزو خۆڵاویی و نادیارن. دەمگەلێک کە بێدەنگ دەکرێنەوەو دادەخرێن. سەرێک نەویوەتەوە، دەستێک لەتێک نانی ڕۆبردۆتە ناو قاپێک ماستەوە. تەمتومانێکی ئەستوور لەسەر باخ و جەستەکان نیشتووە. تەمتومانی فەرامۆشیی. تەنها ڕوخسارێک کە زیندووە، ڕوخسارێکی ئاشکراو هەست پێکراوەو خۆیم پیشان دەدات. تەماشام دەکات. لەکۆتایی تاریکییەوە، لە قولایی ئەو هەڵدێرە دوورەوە، هێور هێور دێتە پێشێ و دوو پێ دوور لەمن ڕادەوەستێ. دڵم لە حەژمەت دڵتەنگییەکی سەیر دەکەوێتە ئێش. دەنگێکی خۆش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە.

کوێخا ڕوو لەمن قسان دەکات. تەماشای دەکەم و ڕوانینم بێ باکانە لە داوێنی ڕوخساری وییەوە تێدەپەڕێ، لەسەر دەستەکانی ڕادەوەستێ و هەمدیس بۆ ڕوخساری دەگەڕێتەوە. یەک لەحزە، نادڵنیاو دوو دڵ، لەسەر چاوانی دەخلیسکێ و پاشان واق وڕماو – تەنانەت بەکەیف – دیقەتی دەدات.

– "بیرتان دێ ئەو ساڵە......"

– "نا. کام ساڵ؟"



– "دووایین ساڵ. چووبوویتە سەر دارگوێزەکە. لەوێ خۆت قایم کردبوو. هەرچەند هاوارمان لێ دەکردیت وەڵامت نەدەدایەوە. ماشەڵڵا چ منالێکی شەیتان بوویت."

– "ئا... چۆنم بیر نایەت. وای بابم چ شەپازللەیەکی توندی لێدام."

– "ئەوەندەی نەمابوو من لەسەر درەختەکە عاسیی کەیت. هەر بەرەو ژوورتر هەڵدەگژایت. پەلکەکەی ژێر پێی من شکا..."

من ئەم کوێخا ڕیش سپییە دەناسم. بیرم دێتەوە. ئەو زەمانە کوێخا نەبوو. ئەم شێوەیەی ئێستاشی نەبوو. تێپەڕینی ساڵان کەسێکی تری لێ خولقاندووە (لە منیش؟) چروسکاو، ژاکاوو چ ئاسەوارێک لە هەیبەتی دێهاتیی و جەستە دارستانییەکەی نەماوەتەوە. کە منال بووم بەخیلیم پیێ دەبرد. چاوان و برۆو ڕیش و کراسەکەی ڕەش بوون و دەنگە گڕو ترسناکەکەی سەگەکانی بیابانی دەهێنایە وەڕین. باخەوانی باخەکەی دەماوەندو دەسەڵاتداری ڕەهای تەواوی درەختەکانی گوند بوو. تێپەڕینی زەمەن مەخلوقێکی سپیی لێ دروست کردووە، مەخلوقێکی لۆکەیی، هەڵاوساو، بەڕیشێکی برۆنزیی و قژی تەنک و ڕوتاوەوە، ڕێک وەکو تەپۆڵکەیەک بەفر. چاوە بێ ڕەنگ و پڕ لە ئاوەکەی، وەک تیلەی شووشەیی ژێر ڕووناکییەکی زەرد کە نیوەی ڕووخساری پۆشیوە، پڕ لەنەخش و نیگارگەلی کوژاوەو سێبەری دێرینەو لەقولاییەکەیدا ئاسەواری ڕەنگاوڕەنگی یادەوەریگەلی دێرینە شەپۆل دەدەن. پێڵووە تەڕەکانی بەگوشارێکی خەواڵووانە دەکاتەوەو من لەمیانەی ئەو درزە باریکەوە، لەو دوورەوە، هەمدیس ڕۆژگەلی ئاشناو هاوینگەلی ڕووناکی منالێم، پچڕ پچڕ، وەک خەونێکی ناتەواوو دووبارە، دەبینمەوە. ڕوانینی درێژو پڕ لە قسانی کوێخای ڕیش سپیی، وەک هەناسەیەکی توند، تۆزو خۆڵی سەر ڕۆحم ڕادەماڵێ و دەنگەکانی باخی دەماوەند، پەلەوەرگەلی شەو، چپە چپی کپی دێهاتییانە، خشە خشی گژوگیای بەرز و زیکری یەکتای مورغی چێشکە لەسەر داربی، هاوڕێ بەخوڕەی دلڕفێنی ئاوی کەناڵەکە لەنێو ئەستێرکی باخ و پێکەنینی شیرینی ئەو تەنێ ڕوخسارە – ئەو دەم و چاوە خۆشەویستە، لەگوێ و سەرمدا جمەی دێت. دەماوەندی منالیی، بەکێویی سپیی و گەنمی ئاڵتوونییەوە، هەڵفڕیوێنەرتر لە نوێنی گەرم و تەمبەڵانەی منالیی، من لەنێو خۆیدا ڕۆدەباو دەقیقەگەلی ئەفسووناویی و یادەوەریگەلی پەرێشانی ئەڤین – یەکەمین ئەڤین – وەک تارماییگەلی ڕاست بووەوە لە خەوێکی هەزار ساڵە، هۆشیارو ئامادە، تێم دەڕژێن و لەنێو جەستەی بەڕێزو بەشکۆو ماقووڵی مندا –

جەستەی شەکەت و پیرمدا -دەکەونە سەما.

تەمەنم دوانزە ساڵانەو دوانزە هەزار جار بەتوانی سەد - پتر لە حەوسەڵەو فراوانی دڵ و ڕۆحی گچکەم - عاشقم. گێژم. خەوتووم. گێلم. دەست و پێ سپیی و بێ هۆش و واق وڕماوم. خۆم نیم (چ باشتر)، خۆمی هەمیشەییم. لەخۆوە پێدەکەنم - پێکەنینێکی سست و بێ بناغەو سارد کە دڵی خەڵکانی گەورە بەیەکدا دەدا، بەبێ پاساو گرۆزو بێ تاقەت و خەمینم. ناشیرین و درێژ و لەق لەقیی بووم. دەم و چاوم پڕ لەزیپکەو قژم، خەراپتر لە گژوگیای کێویی هەرزە لە سەرمەوە هاتۆتە دەرێ. دەنگیشم گۆڕاوو گڕو شەرم وروژێن بووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لەگەڵ لاوازیی و بێ خەویی و بێ خۆراکیدا، لەگەڵ بوونی ترس و هەڵلەرزینی شاراوەو خەفەتی نەناسراودا، لەگەڵ ئەوەدا کە پام بەشێوەیەکی ترسناک و لەناکاوێکڕا درێژ بووە (قامکگەلی درێژ) و بەدەنم کە بۆنی تیژی ئارەقەی لێ دێت (بۆنی باڵق بوون)، لەگەڵ بوونی لەڕادەبەدەر شیرازە تێکچوونێکی هەستیی و فیکریی و لەڕادەبەدەر دڵەڕاوکێی شاراوەو لەڕادەبەدەر دەردو و ژەهری ماری تر، تا بڵێی بەختەوەرم. دوو بڕیاری گەورەم داون: یەکیان دەمەوێ ببمە نووسەر. ڕەنگبێ بەشاعیریش. ئەویتریان ئەوەیە کە سوێندم بە(میم) خواردووە، سوێندم بەئەڤینی گەورەو ئەبەدییم خواردووە وەفادار بمێنمەوە. تا ئەو کاتەی کە زیندووم، تا دوایین ڕۆژ، تا دوایین دەقیقە، تەنانەت تا دوای مردن، لەو دونیا، لە بەهەشت، لە دۆزەخ، لەهەر کوێیەک بم.

خۆزیا زووتر گەورە دەبووم. خۆزیا زەمەن هێند درێژ دەبۆوە. هێند خاوو خلیچک و سست نەدەبوو - چەند گێل بووم - و زووتر دەبوومە بیست ساڵان یان سیی، یان چل، دەگەیشتمە تەمەنی خەڵکانی گرینگ و ناسراوو ئەوسا (میم)، بەڕێزو ستایشەوە تەماشای دەکردم، شیعرەکانمی دەخوێندەوەو قسەکانی دڵمی بەجیدی وەردەگرت.

کوێخا دەرگای ژوورەکە دەکاتەوەو من، وەک خەڵکانی خەواڵوو، بەدوایدا دەکەومە ڕێ. پیرەمێردەکان خێرا خێرا قسان دەکەن. درەختی میوەکانم پێشان دەدەن.

- "باوکی خوا لێخۆشبووتان پەیوەندییەکی تایبەتیی بەدار تووەوە هەبوو...."

- "خاتوونی دایکتان ڕقی لە دار خورمالووەکە بوو. فەرمانی دابوو ببڕدرێتەوە."

- "زستانی ڕابردوو، سەرمایەکی خەراپ بوو، خافڵ گیریی کردین، دیوارەکانی حەوزەکە درزیان تێبوو. جەناب ئێوە لە فەرەنگستان بوون."

گاشە بەردێکی ساف و گەورە، لەژێر دار بییەکەدایە بۆ دانیشتن. دادەنیشم.



پیرەمێردەکان ڕادەوەستن. چاوەڕێن. سەر لەکارەکانی ئەم خودان زادە گێژ و وێژە دەرناکەن.

کوێخا دەڵێ: "جارێکیان لەسەر درەختەوە کەوتیتە خوارەوە. سەرتان بەر ئەم بەردە کەوت و شکا."

پیرەمێردەکان وەک دوو پەیکی زەمەن، لە دونیای ڕابردووەوە دێن و پەیامیان لە (میم) ەوە پێیە بۆم.

ئەدی ئەوە چۆن بوو لە بیرم کردبوو؟ چۆناوچۆنیی نیو سەدە تێپەڕی و من بیرم چووبۆوە کە (میم) هێشتا هەر چاوەڕێی منە؟

لەسەر هەمان بەرد دانیشتبووین. وەک بڵێی دوێنێ بێ. وەک بڵێی هەر سەعاتێک لەمەوبەر بێ.

(میم) پێنج ساڵ لەمن گەورەترەو کەسێکە بۆ خۆی. لەگەڵ خەڵکانی گەورەدا هەڵدەسێ و دادەنیشێ و دایکە گێلەکەی هەمیشە قسە لە بارەی بەشوودانی ویی بەپیاوانی خوێنەوار دەکا و منیش دەزانم - دڵنیام - و سوێند دەخۆم کە (میم) نابێتە ژنی هیچ کامیان. مەحاڵە. دەزانم هیچ پیاوێکی ئاقڵ و بەشعور نییە ئەو بکاتە ژنی خۆی. چونکە لاوازو ڕەش داگەڕاوو ناڕەسەن و لەخۆبایی و شێتە. چونکە وەک من بیر دەکاتەوەو ئەویش وەک من شاعیرو هونەرمەندو خەیاڵ پڵاوە. چونکە شێوەی کوڕی هەیە، کوڕە منالێکی لاسارو شەڕانگێز. قژی کورت و لوولە، ملی باریکە، سینگی سافە، پای ئێسکنە، چاوانی ڕەش و گەورەی بێ حەیا، دەمی گەورەو ددانی سپیی، دەستی چکۆڵەو قامکی منالانە (عاشقیم). ئەم کیژۆڵە خانمە یان کوڕە منالە شەڕانگێزە، بەزۆر دەست و دەم و چاوی دەشواو چ جای خۆی ئارایشت و جوانکات. پانتۆڵی درێژ لەپێ دەکا و کالە لە پا دەکا و من لە تەماشاکردنی تێر نابم. چاوانم تەنێ وی دەبینن و خەونەکانم پڕن لەو دەقیقە خەیاڵییانەی کە لەگەڵ ویدام. هەر جارێک شتێکی بۆ دێنم (ڕاکشاو لەسەر بەتانی، لەژێر درەختەکانا، کتێب دەخوێنێتەوە)، دەستم بەژوور سەریدا دەبەم، سەری پەنجەکانم دێنم بەسەر قژیدا و ئیدی ئەم بەریەک کەوتنە ترسناکە بەچێژە - کە تەنێ یەک چرکە دەخایەنێت، دەست و برد ڕوخسارم سوور هەڵدەگەڕێنێ (کە میم دەمبینێ)، زگم دەخاتە قۆڕە قۆڕ (کە میم دەمبیستێ) و بەزەردەخەنەیەکی موزی و ڕوانینێکی بەسوێ- ڕوانینێکی پڕ لە لۆمە و گاڵتە پێکردن و سەرزەنشت - دیقەتم دەدات.

پیرەمێردەکان هەر چاوەڕێن. چاوانیان لە زارم بڕیوە. دەبێ شتێک بڵێم. دەبێ بوونی

خۆم وەدیارخەم. هەرچییەک بێ من خودان و خاوەنی ئەم باخەم.

– "بەڵێ. دارهەرمێ دەبێ سزا بدرێت. باشە. بیدەن."

کوێخا دەڵێ: "دەبێ ئێوە یەکەم قسە بەگوێی درەختەکەدا بچپێنن."

هەوڵ دەدەم هاوسەنگیی و خوێن ساردیی خۆم بپارێزم. دەمەوێ بەتەنیا بم. دەمەوێ بیر لە (میم) و ڕابردووەکان بکەمەوە. بەزەردەخەنەیەکی ناچاریی، بۆیان ڕوون دەکەمەوە کە من لەتاو قەرەباڵخیی شار و چەنەبازیی خەڵکیی ڕامکردووە. بۆ ئێرە هاتووم تا کار بکەم و پیشەی منیش، ئەگەر نازانن، نووسەرییە – نووسین. کتێب. قەڵەم. تێدەگەن؟

تێ ناگەن، بەڵام بەڕێز و خۆنەویستییەوە، بێدەنگ دەبن، بێدەنگییەک کە زیاتر لە یەک چرکە درێژە ناکێشێ و هەمدیس، هەردووکیان بەیەکەوە دووبارەی دەکەنەوە: "نابێ ئەم درەختە بەو وەزعەوە جێ بهێڵرێ."

دەڵێم: "باوکە گیان. ئەی پیاوی چاک، ئەمر بفەرموون ئەم درەختە نارەسەنە لە ڕەگەوە ریشەکێش کرێ و کۆتایی بەم کێشەیە بهێنرێ."

– "ئەم درەختە دڵی ئێشاوە. قەهری کردووە. ناقایلە."

لە تویی دڵمدا دەڵێم: "گوی خواردووە." وا دەڵێم و ڕوانینێکی خێرا لە کاتژمێرەکەی دەستم دەدەم (کە بەقەزا و قەدەر لەسەر دە و سێ و پێنج دەقیقە نوستووە). کاتژمێرەکەم قورمیش و کۆک دەکەم. دەینێم بەگوێمەوە و بەتەواوی ئەو کارانە گەرەکمە لەو دوو کەسە و زیاتریش لە خۆمی بگەیەنم کە کات دەگوزەرێت، کە زەمەن دەرفەت نادات، کە ژیان بەلامەدا تێدەپەڕێ، کە من لە ڕووداوەکان، لە فیکر و دەرفەتەکان دواکەوتووم و وەک کیسەڵێکی پیر، لە پەراوێزی مێژوودا دێم و دەچم.

بانگی نیوەڕۆ دەگاتە گوێم. بەو جۆرەیە کات تێدەپەڕێ. بەو جۆرەیە کە دوای پێنج ساڵ (لە ڕاستیدا – شەش ساڵ و دوو مانگ) هێشتا فەسڵێکی کتێبەکەم تەواو نەکردووە. ئەو چل لاپەڕەیەی نووسیویشمە لەسەر تێربی و دووبارە کردنەوەی قسەکانی پێشووم بوون – دزیی لە کارەکانی خۆم و دزیی لە کاری خەڵکانی تر.

کار. کار. کار. کات ئاڵتوونە و مردن لەودیوەوە خۆی لە بۆسە ناوە. هەر هەناسەیەک کە دەیدەم بەرامبەر بەقەڵەمبازێکە لە زەمەندا، بەرامبەر بە لاپەڕەیەکی کتێبەکەمە. تووڕەم و دەزانم کە بەڵایەک بەسەر ئەم ئامێرە بێ شعورە ئاسنینە، کە چ کۆمەکێک بەنووسینی



من ناکات، دەهێنم. هەر کاغەزێکی تێ دەکەم، سپیی و بەتاڵ دێتە دەرێ. هەر دێڕێک دەنووسم بێ هودەیە، بێ مانایە. ڕێک لە ڕووی خۆنواندن و بێ باوەڕی تەواوەوەیە. بڕیار دەدەم بەپاندان بنووسم. ڕەنگە بەرکەوتنی پەنجەکانم لەگەڵ کاغەزدا، پەلە پیتکەیەک لە دڵی سەهۆڵین و کەللەی بەشەختە بووم بدات. ئەدی چۆنە گەر ماوەیەک بێدەنگ بم؟ بۆ ماوەیەک نەنووسم؟ ئەگەر دەسبەرداربم و پشت لە زەمین و زەمەن ڕاوەستم و چ شتێک نەکەم؟ کێ ناچارم دەکات؟ قەرداری کێم؟ یەکەم کەس قەرداری خۆمم – قەرداری ئەم خۆ زۆر و بەلاڤ بووەی خۆمم کە ناتوانێت چاو لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە بەباق و بریق هەڵبرێ، خۆیەک کە خووی بەئامادەیی و پشکوتن و گوتنەوە گرتووە و پێویستی بەخۆنوواندن و نومایشە. قەرداری خەڵکانێک کە دەستم لێ هەڵناگرن و نائارام چاوەڕێی دووایین کاری ئەدەبیمن.

دەپرسن: "کەنگێ تەواو دەبێ؟"

– "بەم زووانە."

– "ناونیشانەکەی چییە؟"

– "نازانم."

– "لە بارەی چییەوەیە؟"

بێدەنگ دەبم و ئەم بێدەنگ بوونە فەیلەسوفانەیەش لە گرینگیی کارەکەم زیاد دەکات.

– "ئەدی بۆچی ئەم هەموو ساڵە درێژەی کێشاوە؟"

دەمەوێ ڕاستییەکەی بێژم، بەڵام ناوێرم. ئاخر چۆن دان بەوەدا بنێم کە دوای ئەم هەموو ساڵە، دوای ئەم هەموو قسە و بەڵێن و پەیمانە – دوای ئەم کەش و فش و بەشان و باڵی خۆدا هەڵدانە، بەرئەنجامی ئەم زۆر لە خۆکردنە ئەدەبیی – فەلسەفی – کۆمەڵایەتییانەم هیچ بوون، هیچ. کە ئیتر نە قسەیەکم بۆ گوتن هەیە و نە ئارەزوویەک بۆ ژنەفتن. هەست بەئەفسووس یان ژێوانیی ناکەم. گەر بۆ خۆم بژیم، باشم. بەڵام خەڵکانی تر قایل نابن و دەستم لێ هەڵناگرن. چاوەڕێی داهێنان و جووڵە و ئیلتیزامن لێم و بەڕاستەی قەزاوەتیان بەبنی پێمدا دەکێشن – جار جاریش بەکەللەی سەرمدا. دەبێ هەمان ئەوەی کە بووم هەروا بمێنمەوە: خاوەن بیر و باوەڕ و پابەند، بەئیرادە و بەشعور و بەهێز، لە پێناوی ڕۆنانی دونیایەکی باشتر و باڵاتری ئینسانیدا تێکۆشم، لە پێناو وەدیهێنانی شاری یۆتۆپیایی و

پێکهێنانی ئەحکامی مێژوو و تەحکیمی ڕەوشت و بەهاگەلی باڵا و چەسپاندنی حەق و کەشف و هەڵگژان و لە کۆتاییشدا هەڵدێران.

دەڵێم: "هاوڕێیانی ئازیز، وازم لێ بێنن. من - مەخلوقێکی ناچیزەی سەراپا گوناه - هەر کێیەک بووم (هەر ناونیشانێک کە دەتانەوێ لێم بنێن : ئەدیب- فەیلەسوف- جەنگاوەر- عاریف)، قسەکانی خۆم کردوون. دەیان کتێبم نووسیون و سەدان وتار. زیاتر لە توانا و شعورم کارم کردووە. نیوەی زیاتری ژیانم بەگەڕان و هاموشۆ (جار جاریکیش عاشقانە) و ئامادەیی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوەوە و دەرەوە بەسەر بردووە، بەبەشداریی لە گردبوونەوەکانا، لە ڕووداوگەلە ناوخۆیی و جیهانییەکانا، لە ڕادیۆکانا، لە تەلەفیزۆنەکانا، لە ڕۆژنامەکانا، لە کۆنفرانسەکانا، لە میوانییەکانا - و ئەمڕۆیش کە تاڵەمووەکانی سەرم سپیی بوون و ورگم دەرپەڕیوە و ناوم بەسەر زارانەوەیە و دەبوو بەخاڵی ترۆپک گەییبام، کەچی بەپێچەوانەوە، چ هەستێکم نییە و ئەو کڵاوە دێرینە، سەرلەنوێ، بەسەر سەرمەوە قورسایی دەکات. هەروەها باوەڕم بەو شتانە نەماوە کە گوتوومن و باوەڕەکانم، هەمووی وەک ڕستی پووچ و بێ ڕەگ، شیی بوونەتەوە. ڕەنگە لە دەروونەوە نەخۆش بم، ڕەنگە نەخۆشییەک لە دەرەوەی من بڵاو بووبێتەوە. ڕەنگە کۆتایی هەزارە و بەرایی سەدەی تاریکیی بێت. ڕەنگە. ئەدی چۆن ئەم شتانە بەقوتابییەکانم بڵێم؟ بەو ڕۆحە ساکار و جحێڵانەی کە بەعیشق و ڕاستگۆییەوە لەدووی قسەی ڕاستیی و ڕەهان و بەپەرۆشییەکی دڵسافانە سەر بەسەر کتێبە ئەستوورەکانا شۆڕ دەکەنەوە.

دەپرسن: "مامۆستای بەڕێز، خۆرئاوا زەدەگیی خەراپترە یان خۆرهەڵات زەدەگیی؟ ئەقڵ زەدەگیی خەراپترە یان جەهل زەدەگیی؟ شا زەدەگیی خەراپترە یان مانگ زەدەگیی."

دەڵێن: "ئێوە لە کتێبی یەکەمتانا لە بارەی عیشقەوە قسانتان کردووە - عیشقی ئەبەدیی - و لە بارەی ڕەسەنایەتیی هەست و خەیاڵ و هونەرەوە. لە کتێبەکانی دواترتانا -ساڵەهای ساڵ - بەرگریتان لەژێرخانی ئابووریی و حەقانییەتی مێژوو و ئازادیی ئینسان و مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان کردووە. پاشان، خامۆش بوویت. گوتیان دووچاری نەخۆشی ئەعساب بوویت. تەنانەت وا بڵاوبۆوە کە دەسگیریان کردوویت و قسانی تریش. هەرچییەک بوو، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە با بدەیتەوە. هەمدیس سەر و کەللەتان پەیدا بۆوە و تێگەیشتین کە ئێوە ڕووتان لە عیرفان و ئیشراق کردووە و جۆرێک لە ئاڵۆزیی لە قسەکانتانا دروست بووە (جۆرێک لە پێچ بەزگدا هاتن).



دەڵێن: "جەناب (تووڕە و زویرن)، یان تۆ نازانیت چیت دەوێ و هەڵوێستتان لەگەڵ خۆتان و دونیادا ڕۆشن نییە، یاخود دەستی ئێمەت بڕیوە."

منیش، خەفەتبار و سەر بەژێر، بەڵام بە ڕوکارێکی فەیلەسوفانە، ئاماژە بۆ کتێبێک دەکەم کە هەنووکە خەریکی نووسینیم (کتێبێک کە دەزانم هەرگیز نانووسرێت) و سەر و بنی مەسەلەکە، بەبێدەنگییەکی شاراوەو بەمانا، هاواهەنگ دەکەم.

دەگەڕێمەوە ژوورەکەم. دەرگا و پەنجەرە دادەخەم. دەچمە دەست شۆرییەکە و ئاوێک بەسەر و ڕوخسارمدا دەکەم. ڕیشم هاتووە و ژێر چاوم ئاوساوە. لە ئاوێنەکەدا وێنەی ڕەنگ پەڕیوی پیاوێکی پیر دەبینم کە لێک چوونێکی دووری لەگەڵ مندا هەیە و لەو دیو زەینە شپرزەکەمەوە، لەودیو کتێبگەلی تەواو کراو و تەواو نەکراو و ئاپۆرەی خەڵکان و قسان و لە لابەلای ڕووداو و یادەوەریگەلە پەرتەوازەکاندا، کوڕە منالێکی چواردە ساڵانە دەبینم کە لەسەر چڵەپۆپی درەختێکی بەرز دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە گەردیلەی ڕووناک کە لە هەوادا بەلاڤبوونەتەوە.

پەناگەی من - ڕاکردن لە دەست پەند و ئامۆژگاریی گەورەتران و ڕاکردن لە دەستی (میم) - سەر بەژن زراڤترین درەختی باخە. لەوێ دەستی کەسم ناگاتێ. لەوێوە، بەو بەرزاییەوە، لە خەڵکانی بەڕێز و بەتەمەنی خێزانەکەم دەنۆڕم و دڵم بەیەکدا دێت. من و ئەو کچەی کە هەڵم بژاردووە لە قوماشێکی ترین. پارە؟ یەع. هەرگیز. ئاخر ئێمە هونەرمەندین. - من و (میم) بەرنامەگەلی ترمان بۆ ژیان و ئایندەمان هەیە. (میم) هەر ڕۆژەی کتێبێک دەخوێنێتەوە. جگەرە دەکێشێ (بە منیشی دەدا) و منیش نووسینەکانم بۆ تەیرەکان، بۆ مەخلوقاتی ئاسمانیی و خەڵکانی خەیاڵیی دەخوێنمەوە و لەگەڵ خۆمدا قسان دەکەم. ناوی تەواوی (میم) م لەسەر لەپی هەرتک دەستم نووسیوە. دەست بەڕوخسار و لێو و جەستەمدا دێنم و دڵم لەحەژمەت ترس و لەزەت، لەجۆرە هەستێکی چێژ بەخشدا - وەک هەڵکەندنی قەتماغەی برینێکی کۆن یان گوشاردانی ددانێکی کلۆر و لەق - ئۆخژنی پێدا دێ. پاشان، لە حەژمەت ترس و ڕیسوایی، ناوەکەی بەزوبانم پاک دەکەمەوە و تامێکی ترش و تاڵ، لە گەروومەوە دەچێتە خوارەوە و سەرم لە گێژەوە دەبات. دایکم (میم) ی خۆش ناوێ و بەدەنگێکی فەرماندەرانەی پڕ لە قەزاوەت و سەرزەنشت، پێم دەڵێ: "کارت بەکاری ئەو کیژەوە نەبێت!" وا دەڵێ و بەڕوانینێک کە باش و خەراپ لێکتر جوێ دەکاتەوە و لێوڕێژە لە ئەحکامی ڕەوشتیی، بەتیلەی چاو تەماشای (میم)

دەکات. دەزانم کە خەڵکانی ماقووڵ و خۆپارێز، خێزانەکەی (میم) ی ئازیزی منیان خۆش ناوێ چونکە ئەوان پێیان ناوە لە عادەتگەلی هەمیشەیی و دابونەریتی باو و کار و قسانیان جیاوازی لەگەڵ کار و قسانی هەمووواندا هەیە. (میم) دەیەوێ بچێت بۆ فەرەنگستان و ببێتە ئەکتەری شانۆ. دەیەوێ ئازاد بێ و بەمن دەڵێ کە هەرگیز هەرگیز هەرگیز شوو ناکات. دەزانێ من دەمەوێ ببمە شاعیر یان نووسەر و بۆنی کردووە کە عاشقیم، کتێبەکانیم بەقەرد دەداتێ. بەمیهرەبانیی گوێم ڕادەکێشێ (کە لە هەزار جنێوم پێ خەراپترە) و هەندێ جار - کاتێ کە دوو هەزار فەرمانی بەسەرا داوم و هەر هەموویم وەک کۆیلەیەکی گوێ ڕایەڵ جێبەجێ کردوون، قژم دەگرێ و ڕایدەکێشێ (کە لە خۆشیدا نیوە گیان دەبم)، یاخود پەلەپیتکەیەکی توند و بەسوێ لە سەری کەپووم دەدات و پاشان، کاتێ زۆر دڵی پێم دەسووتێ، قۆپچەی کراسەکەم دادەخا و بەبەری دەستی، گۆنام نەوازشت دەکات.

پاش نیوەڕوان من نەبێ، هەمووان دەنوون. تەنانەت (میم) یش دەنوێ. خەڵکیی گوند هەموو دەنوون و بێدەنگییەکی وەسوەسە وروژێن و تایبەتیی لەسەر باخ دەنیشێت. درەختەکان بێدارن و من دەنگی هەناسەدانە شاراوەکانیان دەژنەڤم. خشۆکە نەبینراوەکانیش هەر بێدارن و بەگژۆگیاکانەوە دەئالێن. هاوینێکی گەرمە و هەتاوی پاش نیوەڕوان تا نێو مۆخی ئێسقان ڕۆدەچێ. (میم) لە ژووری میوان - دیوەخان - لەسەر چەرچەفێکی گوڵ گوڵیی، قونە و تلۆر، ڕووە و دیوار نوستووە. سەرینەکەی ژێر سەری خزاوە، مەلمەلێکی سپیی داوە بەخۆیدا کە لەژێر جەستەیدا تۆپەڵ و لوول بووە. پێی ڕووتە (تەواوی ڕۆژ پێڵاو بەدەست بەجۆگەی پڕ لە ئاوی باخدا ڕۆیشتووە) و گەڵایەکی تەڕ بەقەڵەمی ئەژنۆیەوە لکاوە. جارجار بەدەستە خەواڵوو و تووڕەکەی، مێشێکی هار و هاج لە دەم و چاوی دوور دەخاتەوە یان بە ڕقێکی منالانە جێ گازی مێشوولەیەکی بێزەوەر لەسەر ملی دەخورێنێ. لە نێوان ئەو و یەکێک لە پیرێژنانی خەو خۆشی خێزانەکەدا، کە لەوسەری ژوورەکەدا نوستووە، مەودایەکی چەند مەتریی هەیە. هیچ کەس لە خەوتنی من لەو رووبەرە چۆڵەدا نارازیی نییە. گەورەترەکان، لە ژوورەکانی ئەم دیو و ئەودیو، نێزیک یەکتر، لە پاڵ یەکدیدا نوستوون. دەرگای ژوورەکە کراوەتەوە. لەسەر نووکی پێ، بێ قسە دەچمە ژوورێ. ڕادەوەستم. هەناسەکانی (میم) قورس و هاوتان. دەچمە پێشتر. لەسەر زگ ڕادەکشێم، دوورتر لە (میم)، لەسەر فەرش، بەبێ چەرچەف و سەرین و مەلمەل. جووڵە لە خۆم دەبڕم. کەسێک بەهەیوانەکەدا دەڕوات. سەرێک دەکێشێتە ژوورێ. خۆم



دەکەمە نوستوو. (میم) کەللەکە دەگۆڕێ. ئەمجار ڕوو لە من دەنوێ. گۆشەی سەرینەکە دەگرێ و دەیکێشێتە ژێر سەری. مێشێک بەنێوچەوانییەوە دەنیشێتەوە. مێشێک لەسەر پاژنەی پێی گیزەی دێت. گەرمایەتی. سەر لێوی ئارەقەی کردۆتەوە. لێوی نیوە کراوەیە و سەر ددانە سەیر سپییەکانی دیارە. برژانگی درێژ و برۆی باریک، دوو هیلالی ڕەنگ قاوەیی بەدرێژایی چاوە لێکنراوەکانی دەواریان هەڵداوە. پیرێژنی خەو خۆش لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. دادەنیشێ و مات دەبیاتەوە.

سەری وەردەچەرخێنێ و تەماشای من و (میم) دەکات. پێڵووەکانی کراوەن، بەڵام ڕوانینی چۆڵ. هەمدیس سەری دەنێتەوە سەر سەرینەکەی و پرخە پرخی لێ بەرز دەبێتەوە. دەستم بەکاوەخۆ، بەترس و دوو دڵییەوە، بەرەو لای (میم) ڕایەڵ دەکەم، دەستێکی پەرێشان و لەرزۆک کە هەرگیز پێی ناگات، یەک مەتر مەودای لێی هەیە - مەودایەکی ئەبەدیی - و هەرلەوێدا دەمێنێتەوە، بێ توانا لە جووڵە، بێ توانا لە گەیشتن بەو ئارەزووە ڕەهایە، بێ توانا لە گەیشتن بەو داواکراوە هەمیشە دوور لە دەست ڕەسە و بێ توانا لە گەیشتن بەو بەڵێنە مەحاڵە.

میم تل دەدات و پشت لە من دەنوێ. گەر خەبەری بێتەوە و ببینێ لە پاڵ ئەودا، تەنانەت چەند مەتر دوورتریش لەو نوستووم، مۆن دەکات و تووڕە دەبێ. هەر جارێک کە وەک گەنە پێوەی دەلکێم و دەکەومە دوای، لە خۆیم دەتارێنێ و بەسەرمدا دەقیژێنێ. هەڵدەسم. دێمە هەیوان. لەسەر پێپلیکانەکان دادەنیشم. لە هەیوانەکە کاک خاکسار، لەسەر تەختێکی دارینە و لەژێر پانکەیەکی شەق و شڕدا نوستووە و لە پرخە پرخی خۆیدایە. پێڵاوە کالەکانی (میم) لەسەر پێپلیکانەکەن، کالەی سپی قەیتاندار، خۆڵاویی. بەچاو قاپییەکی لەزەت وروژێنی کوڕە منالێکی باڵقەوە، بەهێواشیی دەستم دەکەمە تاکی پێڵاوەکەیەوە - گەرم و تەڕەو بۆنی تایبەتیی جەستەی وی لێ دێت. هەستێکی سەیر و ختووکەیەکی تەمبەلانە دەڕژێتە لەپی دەستمەوە و هێور هێور، دزە دەکاتە سەراپای جەستەمەوە. وەک بڵێی لە ئاوێکی شلەتێن و وەستاودا مەلە بکەم و پێڵووەکانم قورس بەوەنەوزێکی تێپەڕ، بەسەر یەکدا دەکەون.

کۆتایی هاوینە کە (میم) بەناڕەسەنییە تایبەتییەکەی خۆی و بەبێ خواحافیزیی دەڕوا و دەفتەری شیعرە ئاویی و یادەوەرییە نهێنییەکانی منیش لەگەڵ خۆیدا دەبات و ئیتر هەرگیز نامداتەوە. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا دەماوەند یەکەندەردو و دەبێتە جێگایەکی چۆڵ و

سارد و منیش وەک منالآنی نەخۆش، تاقەت و حەوسەڵەی گەمە کردنم لەگەڵ کوڕە هاوتەمەنەکانی خۆمدا نامێنێ. لەوسەری باخدا، تەنهای تەنها دێم و دەچم و ناوی (میم) لەسەر قەدی درەختەکان هەڵدەکۆڵم. خۆم دەبینم لەسەر چڵە پۆپەی درەختێکی بەرز دانیشتووم و هەرچیی بانگم دەکەن وەڵام نادەمەوە. نیگەرانیی گەورەترەکانم خۆش دەوێ. شوکروڵڵای باخەوان، هەمان ئەم پیرەمێردە ڕیش سپییەی کە ئەمڕۆ بووەتە کوێخای بەڕێزی گوندو لەودیو پەنجەرەوە ڕاوەستا وە و دیقەتی من دەدا، تاقە کەسێکە کە لە حەشارگەکەی من ئاگادارە. بەقسەی خۆش داوام لێ دەکات بێمە خوارەوە. بەقسەی ناکەم. بەسەرمدا هاواردەکا و هەڕەشەم لێ دەکات. بێ سوودە. بەوەی کە لەترسا زوبانم لە کلیلەوە چووە – ترس لە شەڕ و لەوەی کە باوکم گوێم ڕادەکێشێت – خۆم زیاتر لەنێو پەلکەکاندا دەشارمەوە. شوکروڵڵای باخەوان بەڵێنم پێ دەدات کە ئەگەر بێمە خوارەوە، ئەوا چەموشترین وڵاخی گوندم بۆ دێنێ و منی کەریش باوەڕی پێ دەکەم. کە پێم دەگاتە سەر عەرد ئەوسا تێدەگەم چ کڵاوێکی گەورە نراوەتە سەرم و ئەم کڵاوە، وەک سێبەری خەمگینی چارەنووس، لەوسەرەوە، جێگە پێکانم تاقیب دەکات.

تەواوی شەو خەون بە(میم) ەوە دەبینم – خەونێکی تێکەڵ پێکەڵ و پچڕ پچڕ – کلافەم. وامدەزانی لەبیرم کردووە، چ ئاگام لەوە نەبوو کە چەند نێزیک لە من، لە قوڵایی چاوانمدا، لە ڕیخۆڵەمدا، لەودیو پێڵووە هێشتا عاشقەکانمەوە، نوستووە. دەماوەند تژییە لە ئامادەیی نەبینراوی وی، لە تەپەی گەمە و لە جەستەی نائارامیی، لێوڕێژ لە بۆنی پێڵاوەکانی و لە بۆنی دەستە مەرەکەباوییەکانی.

لە پاڵ کەناڵەکەدا ڕاوەستا و و بەچاوانێکی بێ متمانە و پەیجۆرەوە، تەماشای جاڵجاڵۆکەیەکی گچکەی دەکرد کە خێوەتێکی تەنکی لە داوگەلی لەرزان تەنیبوو. ویستم پێ بەو خێوەتەدا بنێم، بەسەرمدا قیژاندی. پاڵی پێوەنام. لە چاوی منەوە ئەوە جاڵجاڵۆکەیەکی ناشیرینی ڕەش بوو، بەداوگەلی دزێوەوە.

گوتی: "هەی منالّی کەر. چما کوێریت. نابینیت."

گوتم: "من شاعیرم!" وامگوت و فووم کردە خۆ. فوویەکی منالآنە.

مەسخەرەی کردم. کەپووی گرتم و بایدا. توند بایدا. چ نارەسەن بوو. کاتێ تووڕە دەبوو، ڕوحم بێ و لە دڵیدا نەدەما.

گوتی: "ئەم جاڵجاڵۆکەیە لە تۆ شاعیرترە. بنۆڕە چ تۆڕێکی چنیوە، بێدەنگ و بەبێ



هات و بات. شاعیری بزر ناو، وێنەی لە ڕۆژنامەکانا نییە. تێدەگەیت؟"

نا، تێ نەدەگەیشتم. دڵم دەیویست شیعرەکانم چاپ بکرێن و وێنەم لە ڕۆژنامەکاندا بێت. دەمویست ناسراو و بەنێوبانگ بیم و خەڵکی بڵێن ئەمە فلانە و ستایشم بکەن.

نێزیکی کازێوەیە. لە پاڵ پەنجەرەکەدا ڕادەوەستم. ساڵانێکە لە هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر بێ ئاگام. ئاسمان ساماڵ و بەبێ گەردیلەیەک هەورە. هەوا بۆنی ڕۆژانی منالّیی لێ دێت، بۆی هەناسەگەلی سووکەڵەی بێ ئەزموون.

– "قوربان گیان..."

– "وای..."

– "سەلام و عەلەیکوم."

– "بەڵێ."

– "بفەرموون وەرنە دەرەوە. تەشریف بۆ باخ بێنن."

بۆ بڕینەوەی دارهەرمێکە هاتوون. جگە لە بەشدارییی کردن لەو ڕێوڕەسمە بێ مانایەدا، چ ڕێگە چارەیەکی ترم نییە. ئیدی لانی کەم دەستم لێ هەڵدەگرن و مەزاحیمم نابن. دێمە دەرێ. کوێخاش هاتووە. سێ چوار کەسی تریش هاتوون. بەدەوری دارهەرمێ بێ بەرەکەدا بازنەیەک دروست دەکەین. درەختی دزێو و بێزەوەر. خۆشحاڵم کە دەیبڕنەوە و لە شەڕی ڕزگارم دەبێت. باخەوان، تەور بەدەست، ئامادە ڕاوەستا وە. قسان لەگەڵ درەختەکەدا دەکات. تەحقیر و سووکایەتیی پێ دەکات. بەلەقە دەکێشێ بەقەدە بێ نمودەکەیدا. تەورەکەی پێشان دەدات. ئەوانی تریش هەروا بەنەفرەتی دەکەن. بەکۆمەڵ، ڕوو بەدرەخت، شتگەلێک لەژێر لێوەوە دەڵێن کە باش گوێم لێ نییە، بەڵام مەزەندە دەکەم قسەکان لە ئەفسووس و سەرسووڕمانەوە بێت بەرامبەر گەمژەیی و پێ هەڵچەقێنیی درەختەکە.

باخەوان داوای ڕای من دەکات.

ڕای چیی؟ دەڵێم: "بیبڕنەوە و ڕزگاری کەن." منیش ڕزگار کەن و دەستم لێ هەڵگرن. سێ ڕۆژ لە کاتی دەگمەن و گرانبەهام بەهەدەر چووە و کارەکەم بۆ پێشەوە نەبردووە. یەک دێرم نەنووسیوە.

کوێخا، واق ورماو و بێ متمانە، تەماشام دەکات. خودان نەک تەنێ کەر، بەڵکو کوێر و بێ شعوریشە!

باخەوان لێواری تەورەکە بەقەدی درەختەکەدا دێنێ. درێژەی دەداتێ. گیانی من و گیانی درەختەکە بەلێواری هەڵدێرەوەیە. ڕێوڕەسمی بڕینەوەی درەختەکە ئەشکەنجەدەرە.

باخەوان تەورەکە بەرز دەکاتەوە.

دەڵێ: "ئەی درەخت، تۆ پێچەوانەی یاسای باخ ڕەوتارت نواندووە و شایستەی مردنیت." وا دەڵێ و تەورەکە بەسەر سەرییەوە دەسووڕێنێتەوە. ئیتر لەوەدایە لە قەدی درەختەکە بدات، لەو کاتەدا کوێخا مەچەکی باخەوان لە هەوادا دەگرێ. ئەوانی تر، ئامادەبووان سەڵەوات دەنێرن.

کوێخا موداخەڵە دەکات. قسان لەگەڵ درەختەکەدا دەکات. لێی دەپاڕێتەوە. گرەو لەسەر ڕیشی دەکات. لە زوبانی درەختەکەوە، بەڵێن بەباخ و باخەوان و من دەدات کە ئەم درەختە لە کەری شەیتان دێتە خوارەوە و بۆ قەرەبووکردنەوەی بەد ڕەوتارییەکانی، ساڵی ئاینده هەرمێی گەورەتر دەبەخشێتە ئێمە و کۆمەڵگەی ڕووەکان و ئەوسا هەمدیس سەڵاوات دەنێرن و ئامادەبووانیش هەروا شەفاعەت دەکەن و درەختەکەیان گەلێک شەرمەزار و ژێوان و ڕەزیل کردووە و ئەوجا بەهەرا و هۆریا و پێکەنین و شادومانیی دوور دەکەونەوە.

من دەمێنمەوە و درەختی سەر بەژێری هەرمێ - هەردووکمان حەپەساو و قورس لە فیکرەوە چووین.

لێی دەپرسم ئەی جەنابی درەخت، ئێستا هەر خۆمانین، مەبەستت لەم لاسارییە و بێدەنگییە چییە؟

نەخۆشیت؟ گەر ساخیت ئەدی بۆ بەر نادەیت؟ گەر تەواو بوویت و پیریت، ئەدی بۆچ گەڵات سەوز و قەدت زیندووە؟ دەتەوێ کەڵەک لە کێ بدەیت، لەخۆت یان لەم باخەوانە پیرە بەدبەختە؟

دەگەڕێمەوە ژوورەکەم. زەنگی تەلەفۆن لێ دەدات. وەڵام نادەمەوە. هەر کەسێک بێ، دەیەوێ بزانێت چەند لاپەڕەم نووسیوە و چەند کارم کردووە و تا چەند هاوسەنگیی فیکرگەلی مەزن و ئایدیاگەلی نوێ بۆ مێشکی موبارەکم گەڕاونەتەوە.

کاغەزێک دەنێمە ئامێری چاپەکەوە. دەنووسم: ئەقڵگەرایی یان ئەقڵ ستیزیی. خۆراوا زەدەگیی یان خۆرهەڵات زەدەگیی. کاغەزەکە دەردێنم. گرمۆڵەی دەکەم. تورێ دەدەمە سەر



عەردەکە. هەمان قسەی دووبارە. حەوسەڵەم نییە. دڵم دەیەوێت نامەیەک بۆ (میم) بنووسم، لە هەمان ئەو نامانەی کە بڕیار بوو بینووسم. زستانە کە (میم) لەگەڵ دایکیدا بۆ ماڵی ئێمە دێت. بەفرێکی چڕ باریوە و (میم) پووتی چەرمیی لە پادایە. سەری کەپووی لەتاو سەرما سوورهەڵگەڕاوە و ددانە سەیر سپییەکانی هەمان بریقەدانەوەی هەمیشەییان هەیە. یادەوەرییەکانی منی خوێندۆتەوە، دان پیانانە ئاشقانەکانم. نەخۆشم. خەوتووم و شەرم و خەفەت و تا لە جەستە لاوازەکەمدا پێچ دەخۆن. گەورەترەکان ئێمە بەتەنێ جێدێڵن. (میم) تەماشام دەکا و پێدەکەنێ. چاوانم لێکدەنێم.

ئاگام لەوە نییە کە ئیدی ئەمە دوایین جار دەبێ دەیبینم. لەپی دەستەکانم دەسووتێنەوە و دێت بەخەیاڵمدا کە ناوی ئەویان لەسەر هەموو جەستەم کوتیوە. پێم دەڵێ دەڕوات بۆ فەرەنگ. کەواتە ئیدی چ هاوینێک لەمیانا نامێنێت. نابێ بگریم. هەرگیز. ددانەکانم لەسەر یەک گوشار دەدەم. قوڕگم پڕ لەگریانە. دەنگ لە گوێمەوە دێت. شەڵاڵەی ئارەقەم. گریان لەنێو زارمدایە، لە کەپوومدایە، لەودیو پێڵووەکانمەوەیە، بەلێواری برژانگەکانمەوەیە. چەرچەفەکە دەدەم بەسەر دەم و چاومدا، تام هەیە و پێم وایە خەونم بەهەموو شتێک - بەباخی دەماوەند و میم - ەوە بینیوە. وڕێنەیەکی گەورە لەودیو پێڵووەکانمەوە سوور دەخواو لەیەک کاتدا، لە تەواوی ڕۆژەکانی هاوینی ڕابردوودا ئامادەییم هەیە. هەناسەیەکی گەرم و بۆن خۆش لە ڕوخسارم دەدات. ڕوخساری (میم) نێزیک لە ڕوخساری من، لەوسەری چەرچەفەکەدایە. زوبان لەسەری کەپووم دەدا و پاشان، وەک هەمیشە، بەنەریتی جۆرێک هاوڕێیەتیی و ئاماژەی عەشق (عەشقێک کە من لەبەر چاوانمدا بەرجەستەم کردووە)، سەری زمانم لەنێوان دوو قامکیدا دەگرێ و هێور هێور دەیگوشێت، بەر لە ڕۆیشتن، بەر لە بۆ هەمیشە دیار نەمان، چاوانم ماچ دەکات - چاوانی تەڕ و داخ و گریاناوییم - و من دەزانم کە ماچ کردنی چاو واتە دوور کەوتنەوە و ئیدی دڵم سەخت تەنگ دەبێ. دەنگی داخستنی دەرگا دێت، دەنگی هەنگاونانێکی پەلە وەک جۆرێک لە ڕاکردن. وڕێنە و خەو و تا، وەک شەپۆلێکی مەزن، بەسەرمدا هوروژم دێنن و زەریایەکی ڕەش، بەشەپۆل و دڵەڕاوکێ وروژێن، لەبەر چاوانمدا وەدیار دەکەوێت. پەلەقاژێ دەکەم. لەژێر ئاودام، ئاوی تاریک، ئاوی گەرم و پیر. ڕەنگە مردبم. ڕەنگە لەژێر عەرددا و لەوسەری باخی دەماوەند و خۆر و ئاسماندا بم. هەست دەکەم جەستەم کوت کوت بووە و ئەندامەکانی بەدەنم لەیەک جودا مەلە دەکەن. تەنها سەری کەپوومە کە هەروا واقیعییەتی جەستەیی خۆی پاراستووە و گوشاری قامکەکانی (میم)ی لە

یادەوەریی خۆیدا تۆمار کردووە.

نامەکانی لەوسەری سنوورەکانەوە دێن. وازی لە ئەکتەریی هێناوە. مێژوو و ئەدەبیات دەخوێنێ. تەمەنمان لە یەک نێزیک بۆتەوە. من بیست و دوو ساڵەم. دەکرێ قسانی زۆر بکرێت. یا بیری لێ بکرێتەوە. بڕیاربوو بکەومە سۆراخی و نەمکرد. بڕیاربوو ئەو بێت و بچین بۆ دەماوەند و نەهات. گرینگ نەبوو. دەکرا ئارام بگیرێ و من لەو ڕووەوە لە خۆم دڵنیا بووم. دڵنیابوونێکی غەریزیی.

کاغەزگەلی هەروا سپیی. ئەدی لە بارەی چییەوە بنووسم؟ لە بارەی عەشقێکەوە کە تەواو بووە، لە بارەی ئامانج گەلی سیاسیی خەڵک فریودەرەوە، لە بارەی هاوڕێیانەوە، لە بارەی حیزبی هەڵوەشاوەوە، لە بارەی تەزویرو کڵاوێکەوە کە نرایە سەرم؟ یەکەمین کتێبێک کە نووسیومە هەڵدەگرم و بەحەپەسان و حەسرەتەوە دەکەومە هەڵدانەوەی. کۆمەڵە شیعرێکی عاشقانەیە – پێشکەش بە(میم) کراوە. خۆم دەبینم: لاواز بەڵام جوان، سەر قژن (ئەدی ڕووتانەوەی سەر لە کەیەوە دەستی پێکرد؟) سینگ کۆتریی – بەردەوام وەرزش دەکەم – زگی بەقووڵاچوو (ئەدی کەنگێ ورگ پەیدا بوو؟ وا بزانم دوای لەدایک بوونی کوڕەکان یان دوای ئەو قۆناغەی زۆر خۆریی و بادە نۆشیی؟). کتێبەکەم لە جامخانەی کتێب فرۆشییەکاندایە. هەموو ڕۆژێک سەردانی هەموو کتێب فرۆشییەکان دەکەم و خوێندنەوەی ناوەکەم – گەورە، بەپیتی سەوز – دڵم دەخاتە تەپ و کوت و پێڵووەکانم لە هەستێکی لە خۆبایی بووندا لێک دەنرێن. هێشتا عاشقم و ئەم عیشقە، ئەم تینوتاوە، ڕێگەیەکی نوێ دەگرێتەبەر و لە دەوری مەعشوقێکی جیهانیی تر دەگەڕێ. (میم) ی ئەبەدیی، (میم)ی بزر بوو، لە قاڵبێکی گەورەتردا وەدیاردەکەوێتەوە و دەبێتە هاوڕێیەکی سمێڵ ڕەش و زەحمەت کێش. لەدووی هاوڕێ تازەکانم – هاوڕێ سیاسییەکان – ڕادەکەم، پێ بەپێی ئەوان، لە قووڵایی دڵەوە، بەباوەڕێکی پتەوەوە هوتاف دەکێشم، سروودی حیزبیی دەچڕم، وێنەی مارکس و لینین بەدیواری ژوورەکەمدا هەڵدەواسم و دڵیشم هەروا بەهەمان زەبر و تینوتاو لێ دەدات. نامەکانی (میم) بەبێ وەڵام دەمێننەوە. گرینگ نییە. (میم) بۆتە بەشێک لە حیزب، بووەتە بەشێک لە هاوڕێ ستالین و هاوڕێکانی تر. حیزب دڵڕفێنتر لە پێڵاوەکانی (میم)، منی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. هەست دەکەم لە ماڵ و لە نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆمدام. هەر چییەکم بەر گوێ دەکەوێ باوەڕ دەکەم. هەر ئەمرێک بفەرموون جێبەجێی دەکەم. بۆ هەرکوێیەک بڵێن دەڕۆم. سەفەر



دەکەم. لە باکورەوە بۆ باشوور، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا. ڕۆژنامە دابەش دەکەم. قسان بۆ کرێکار و جوتیاران دەکەم. نوتق لە دوای نوتق. وەزعێکی باشم نییە. بێ پارەم. برسیم. نەخۆشم. دەزانم کە بەدوامەوەن. بەدوای هەمووانەوەن، هەواڵم پێ دەگەیەنن کە شوێن پێمیان هەڵگرتووە. بەخەیاڵما نایەت. ئاخر عاشقم. سیحر لێکراو و داگیرکراوم. باشترین ساڵەکانی ژیانمە. ئەمڕۆ بەکەرێتیی خۆم پێدەکەنم بەڵام ئەو زەمانە دڵ و ڕۆحم لە دەستی باوەڕی سیاسیمدا و ژیان بەتەواوی زەبر و هێزییەوە لە دەمارەکانما دەگەڕا و نووسین کارێکی هاسان بوو. کتێب لە دوای کتێب. گوتار لە دوای گوتار. قسە، قسە، قسە، وشە، پەیڤین، قسە. لە نێوەڕاستی گۆڕەپانی نەبەردا بووم، لەسەر ترۆپکی ڕزگاریی و شانازیی، لەنێو خەڵک و چارەنووسێک کە لەنێو لەپی دەستما بوو.

ئەدی پاشان؟

پاشانی نییە. (پاشان) هەمان ئەو کڵاوە دێرینە بوو کە لە سەرم نرابوو. نەمدەزانی پەنا بۆ کێ و بۆچیی بەرم. لەنێوان عەرد و ئاسماندا بووم و ژێر پام چۆڵ بوو. گەر وەڵامی نامەکانی (میم)م دابایەوە، ئەوا هەموو شتێک دەگۆڕا، لانی کەم چارەنووسی من. دەمویست هەموو کارەکانم جێبەجێکەم و لە دەرفەتی گونجاودا بەدوای ویدا بڕۆم. دەمویست یەکەم جار دونیا بگۆڕم. کتێبەکانم بنووسم. دابونەریت بدەم بەیەکدا، بیبەمەوە و پاشان، بەدەستی پڕەوە، دووی (میم) کەوم. نەمدەزانی کە عیشق لە چاوەڕوانیی خەڵکدا دانانیشێ و هێڵ بەسەر ئەوانەدا دەهێنێ کە خۆپارێز و ترسنۆک و دەسەڵات ویستن.

لە زیندانا بووم کە هەواڵی ڕووداوی ترومبێل و مردنی (میم)م بەرگوێ کەوت. دووەمین ساڵی شۆڕش بوو.

قوتابییەکانم دەپرسن: "ئەدی تۆ باوەڕت بەم شۆڕشە هەبوو؟"

– "بەڵێ."

– "ڕاستە دەستت لە کار کێشایەوە؟ خۆت شاردەوە؟ وتارت نووسی؟ هوتافت کێشا؟"

– "بەڵێ."

– "کتێبی دواییتان لە بارەی چییەوەیە؟"

ئێمە چوار کەس بووین لە ژوورێکی گچکەی بێ پەنجەرەی زینداندا، ترانجابووینە ناو

یەکتر. دەیانگوت هەرچوارمان لە سێدارە دەدرێین. گوندنشینەکانی گوندی ژوورروو (باوەڕ دەکەن یان نا، من گومانم لەم خاڵە حوسەین و خاڵە شوکروڵڵای ئازیزە هەیە)، شکاتیان لێ کردبووم. دۆسییەیەکی ئەستووریان بۆ هۆنیبوومەوە. ئەو سیانەکەی تر لە سێدارەدران، یەکێکیان (میم)ی دەناسی. خزمی یەکتر بوون. هەواڵی مردنی (میم)م لەوەوە ژنەفت، لەوێکەوە کە ئەویش دەمرد.

پەنجەرەکە دادەخەم. خرتکە و پرتکەکانم کۆدەکەمەوە. سەبەینێ بەیانیی دەگەڕێمەوە. کاغەزەکانم دەنێمە لاوە. ئامێری چاپەکە دادەپۆشم. شتێک دەخۆم. ڕادەکشێم تا دەمەو خۆرئاوابوون. چ هەواڵێک لە باخەوان و کوێخا نییە. دێمە باخەکە.

سەرەتای شەوە. شەوێکی ڕووناک و تەنک. هەیڤ لە ژوور سەری باخەوە پرشنگ دەدات. ترێ، ترێی تازە پێگەیشتوو، لەژێر تریفەی هەیڤدا درەوشانەوەیەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە. گێلاسە سوورە ئاودارەکان چاو دادەگرن. دار سێوەکە لە هەموو کات سەرحاڵترە و پەلکەکانی لەژێر کێشی بەر و قورسایی میوەی سەنگیندا چەمیونەتەوەو لەوەدان بشکێنەوە. بۆ هەرکوێیەک دەنۆڕم، درەختێکی ئاڵ و واڵا دەبینم کە وەک شازادە خانمێک، ئاوێنە بەدەست، مەحف لە تەماشای خۆیدا ڕاوەستا وە و ئەو پرسیارە بنەڕەتییە ئەبەدییە دووبارە دەکاتەوە: "ئەی ئاوێنە، بێژە، شۆخ و شەنگترین ژنی دونیا کێیە. شۆخ و شەنگترین، باشترین، مەزنترین، هونەرمەندترین، پارەدارترین، زۆردارترین؟" باخ تژییە لە تەپ و کوت و نەجوا و چپە چپ، لێو ڕێژە لە هات و باتی ژیانزایی لەخۆبایی. درەختان سەرفەراز و بەختەوەر، پەلکە پڕەکانی خۆیان بەرەو لای من و بەرەو لای دونیا ڕایەڵ دەکەن – هەموویان جگە لە دارهەرمێ کە بەجەستەیەکی خامۆش و دەستانێکی بەتاڵەوە، لەنێو ئەو حەمکە دەنگەدەنگ و گەیین و ڕووانەدا ڕاوەستا وە و گوێی لەسەرزەنشتی ئەم و ئەو نییە. تەماشای دەکەم – ئەم جارەیان بەچاوانێکی پشکنەر و پەیجۆرییانە. لە پیرێک دەچێت لەنێو خەڵوەتدا دانیشتوو، خۆ نەویست و ئارام. لەنێو ئەو هەموو وتی وتییە هەڵفریوێنەرەدا، لە نێو ئەو هەموو شکۆ و خۆنوواندنەدا، لەنێو ئەو بازاڕی کاڵا و نومایش و تەماشایەدا، بەخامۆشیی ڕاوەستا وە و ئامادەیی ساکاری بێ نیازی بونیادەمێکی بزر ناوی هەیە. شوکروڵڵای باخەوان، هەموو هاوینێک بەرچنەیەکی پڕ لە هەرمێی هەڵبژاردەی بۆ دەناردین و بەلەزەت و لە خۆبایی بوونەوە لە مڵچە مڵچی دەمە هەڵلووشەرەکانی ئێمەی دەنۆڕی و هەنووکەش، تاقانەی باخ و تاوسە پەڕ ئاڵتوونییەکەی،



باڵ و پەڕ و کلکی بەستراوە، سەری بردۆتەوە نێو قاوغەکەی و بێ باک لە جنێو و سوکایەتیی خەڵکیی، بێ دەنگە. دەستم بەمیهرەبانیی بەجەستەی تەڕ و زیندوویدا دێنم، دەست دێنم بەهێڵگەلی کۆن و قەوزەیەکی نەرمدا کە لەسەر توێکڵەکەی نیشتووە. ئەم درەختە هۆشیارە و ئەوەتا وەڵامی بەریەک کەوتنی پەنجە شەکەت و لەرزۆکەکانم دەداتەوە، وەڵامی پەنجە مەرەکەباوییەکانم، زەرد بەدوکەڵی جگەرە و ڕەق و زبر بەگوشاری قەڵەمی جۆراوجۆر. ئەم درەختە قسەیەکی شاراوەی هەیەو لەگەڵ خۆیدا لە چپەدایە و من تەپەی ژیانی ناوەوەی دەژنەڤم. وەک بڵێی بەم درەختەوە بووبێت کە دایکم تەنافی جلکی بەستبێ و (میم) لەژێر سێبەری فێنکی گەڵاکانیدا، بەتانییە چوارگۆشەکەی ڕاخستبێ و کتێبی خوێندبێتەوە. وەک بڵێی لەسەر قەدی شکۆمەندی ئەم درەختە بووبێ کە خوشکەکەم وێنەی دڵی بەتیر پێکراوی خۆی، بەچەقۆی تیژی گیرفانی وێنەکێشابێ و منیش ناوی (میم)م لەسەر هەڵکەندبێ و براکەم دێرێکی بۆ یادگار نووسیبێ، وابزانم بەپەلکی هەمان درەختەوە بوو کە پوورە گیان هەموو شەوێک چمکی پەردەکوللەکەی گرێ دەدا و باوکم لە پاڵیدا نوێژی دەکرد و منالانی گچکە بەتیرە دارینەکانی خۆیان نیشانەیان لە قەدەکەی دەگرتەوە و من، پێ پەتیی، بەکاوەخۆ، بەسەر پەلکەکانیدا هەڵدەگژام و لەو سەرەوە، لەو بەرزاییە مەزنەوە، تەماشای دونیا و تەماشای (میم)م دەکرد. ئەم درەختە بەمن ئاشنایە و تەواوی ڕۆژەکانی منالیی منی لەبیرە. دەستەکانم بەئازایەتییەکی زیاترەوە لە دەوری قەدەکەی دەئاڵێنم. بۆنی خۆی لێ دێت، بۆنی جەستەیەکی ئامێتە لە ئەزموونی دەوڵەمەند و دەقیقەگەلی بۆن خۆش و عەشقگەل و دەردگەلی دێرینە. بۆنی بارانی بەربەیانیان و بای موهاجیر و مەلی بزێو، بۆنی تەواوی خەڵکانێک کە ڕۆژێک لەژێر پەلکەکانیدا نوستوون، جگە لەبۆنێکی تریش، بۆنێکی جیاواز لە هەموو بۆنەکانی دونیا، بۆنێکی ئەفسوناویی و وەسوەسە وروژێن، بۆنی پێڵاوەکانی (میم). دادەنیشم. پاڵ بەم هاوڕێ سەوزەوە دەدەمەوە، بەم پیرە حەکیمەوە. قاچم درێژ دەکەم. پێڵاوەکانم دادەکەنم. تازەکیی تێدەگەم کە چەندێک شەکەتم و چ ڕێگەیەکی دوور و درێژم، ماندوو مردوو، بەچنگ و ددان، بەهەناسە بڕکێ، بەپەلە، پێشتر لە خەڵکانی تر بڕیوە. (میم) لە پاڵمدا دەبزوێ و دەنگی پێکەنینە خۆشەکەی لەودیو جۆگەلەکانەوە دێت. خەڵکەکان، هەمدیس، مەحف و بەبێ چ هێڵگەلی دیاری کراوی ڕوخسار، لەم لا و لاوە وەدیار دەکەون. پێکدا دەچڕژێن. دەبنە یەک. مەودا لەیەک دەگرن و وەک تەپ و تۆزێک لە هەوادا پەرش دەبن، لە فەزای نیوە تاریکی باخدا خول دەخۆن. (میم) تەماشام دەکات. لە

بێستانین. باران دەبارێ. ڕادەکەین. کراسەکەی (میم) شەلاڵی بارانە، کراسەکەی بەجەستەیەوە نووساوە و وابزانم بەپەلکی هەمان درەختەوە بوو کە (میم) جلکە تەڕەکانی هەڵواسی. ڕەنگبێ. چل ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا تێدەپەڕێت - بەسەر ئەو یەکەمین تەپ و کوتی عەشقەدا - چل ساڵی درێژ، پڕ لە ڕووداو، پڕ لە هەوراز و نشێو، چل ساڵ کار - کار - کار - چل ساڵ قسە- قسە - قسە، وتووێژ، دروشم، شیعر، تیۆرە دوای تیۆرە، حوکم لەدوای حوکم. چل ساڵ ئومێد و درەوشانەوە و لە دایک بوون و هەمیشە ئامادە لە نەبەردا، لە مێژوودا، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانا، لە ڕووداوە ڕۆژانەییەکانا، لە زرمەی دەهۆڵ و شەیپوورەکەی ئیسرافیلدا، لە چاوەڕوانیدا، چل ساڵ پێچەوانەبوو، چل ساڵ بەلاڤبوو.

دار هەرمێ لەودیو منەوە ڕاوەستا وە و باوکانە پەلکە ئارامەکانی، وەک چەتر بەسەر سەرمدا هەڵداوە. باخەوانی پیر دەبێژێ ئەم درەختە هەمدیس بەردەدا. ڕەنگە لە دەرفەتێکی گونجاودا. لە زەمەنێکی دروستا. هەر بەڕاست ئەم درەختە لێوی خۆی کلۆم داوە. وەک بڵێی بۆ تەماشاکردنی دونیا دانیشتبێ و دەرفەتی بینینی دونیای بەخۆی دابێ.

لەسەر عەردەکە ڕادەکشێم. چ کەیفێکم هەیە. بارێکی قورس لەسەر شانم داگیراوە. هەناسە هەڵدەمژم. دەنۆڕم. ئاسمان پڕ لە ئەستێرەیە. ڕوانینم تا دوورترین هەیڤی نوورانیی دەڕوا و مێشکی سنووردارم هەوڵ دەدات تا مانای ناکۆتا ڕاڤەکات - ناکۆتای شیرە ڕێ، ناکۆتای فەزا، ناکۆتای بوون و ناکۆتای زەمەنێک کە سەرەتا و ئاکامی هەیە.

"مامۆستای ئازیز، پیرۆزبایی و خۆشحاڵیی. دوا کتێبتان شاکارێکە بۆ خۆی. ئەرێ ڕاستە بۆ خەلاتی نۆبڵ پاڵێوراویت؟ وێنەتان لە گۆڤارە فەرەنگییەکاندا چاپ کراوە. نیشتیمان شانازیتان پێوە دەکات. لە کاتی خۆیدا پارەکانتان ڕاکێشاوەتەوە. ئەرێ ڕاستە کوڕەکەتان شەهید بووە و کچەکەتان لە نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان کەوتووە. ئامانجی ئێوە چییە. چۆن بوو دەستتان لە کارکردن لەگەڵ حیزبی تودەدا کێشایەوە؟ ئایا هێشتا باوەڕتان بەعیرفان هەیە، ئەرێ نهێنیی سەرکەوتنی ئێوە چییە؟"

دەنگی خشە خشی گژوگیا بەرزەکان دێت. (میم) لە نێو ئەستێرەکانا بەفەزاوەیە. مەلێک لە دوورەوە دەخوێنێت. خەوتووم و بێدارم. گوشارێکی دێرین کە شەو و ڕۆژ چۆکی لەسەر دڵم دادابوو، هێور هێور وەک تەمی بەربەیانییەک، لەسەر سینگم هەڵدەگیرێ و دەڕەوێتەوە. هەستێکی ساکار و ساخ لە گیانمدا دەنیشێ و ئارامیی و خامۆشیی



دارهەرمێکە بۆ منیش دەگوێزرێتەوە. شەوێکم بەسە، سەعاتێک بێ ئیشیی، دەرفەتێکی کاتیی بۆ بوون و بۆ ڕوانین، چۆڵ لە تین و تاو و ترس و دڵەراوکێ، چۆڵ لە حیساب و کیتاب و تەرازوو و پێوانە و ئەندازەم بەسە.

(میم) لە ناوەوەمڕا لوول دەخوات. چنگم لێ دەدات. نەوازشتم دەکا و دەڕوات. ئاسمان هێند سازگار و تەواوە، هێند یەک دەست و سووکەڵەیە، کە شەکەتیی زەڕە زەڕە لە بنی پاو سەری پەنجەکانمەوە دێتە دەرێ، شەکەتییەکی باو و باپیرانە، شەکەتییەکی بۆماوەیی. خۆشحاڵم. باشم. دڵخۆش و شادومانم. ئەدی لە کوێم. لەهیچ کوێ. نیوەشەوە یان نێزیکی کازێوە؟ نازانم. وەک بڵێی لە وچانێکی چۆڵی نێوان دوو دەقیقەی پڕ لە هات و باتدا دانیشتبم، لەنێوان ناکۆتای ڕابردوو سبەینێدا. ڕوانینم لە جەستەو شت، لە دارو درەخت و باخ و باخەوان، لە ئادەمیزاد و هاش و هوشیی، لەباق و بریق و لەخۆبایی بوونی، لە قسە و موکەبەرە و لە خۆم - خۆمی بیریار و ڕۆشنبیر و هونەرمەند - مەودای گرتووە و دیقەتی داوەتە کوڕە منالێکی گچکە کە لەسەر بەژن زراڤترین درەختی دونیا دانیشتووە و چاوانی بڕیوەتە جاڵجاڵۆکەیەکی بەحەوسەڵە، کە هێور و بێ هات و بات، سەرقاڵی چنینی ناسکە تۆڕێکی تەنکە.

***

# گورگە خان

هەموومان... خۆم و منداڵەکانم و ئەو هاوڕێیانەم کە جارجار سەردانم دەکەن، وەک سەگ لە ژنەکەی نهۆمی خوارەوە دەترسین. ژیان لە غەریبیی، لە پاریس، دڵەڕاوکێی لە گەڵە، جۆرێک لە هەست کردن بەگوناهی ل گەڵە، هەستکردن بەگوناهی ئەوەی کە غەریبەیەک لەوپەڕی سنوورەکانەوە هاتووە و جێگەی بەخەڵکی ئەم وڵاتە لێژ کردووە، جۆرێک لە لێبوردن و پاشەکشەی ناچاریی و تووڕەییەکی خامۆش کە جورئەتی ئەوە نییە گوزارشتی لێ بکرێ، هەستکردن بەڕقێکی ناخ کە چزوو بەکاردێنێ و چاوەڕێی قەرەبووکردنەوەیە، شانازییەک کە ڕەگێکی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی هەیە، نیگایەک کە لەو سەرەوە، بەگومان و گاڵتەپێکردنەوە لە پێشهاتەکانی شارستانێتیی و تازەگەریی دەنۆڕێ. باوەڕبوونێک بەوەی کە ئێمە، نەوەکانی کۆرش و داریوش، تەنانەت لە شکست و فەلاکەت و تووانەوەشدا، لە هەموو کەسێک باشترین (ئەدی چۆن؟ خودا دەیزانێت!) خۆ گەر کەوتبینە ئەم ڕۆژە و لەو حەمکە عەنعەنات و خۆ بەزلزانییە چ شتێکمان بۆ نەمابێتەوە، ئەوا ئەوە گوناهی ئێوەیە، ئێوە ئەی خۆرئاواییە سەرمایەدارە پارە پەرستە ڕووالەت بینەکان!

گەر هیچ کام لەم تۆمەتانە ڕاست نەبن، ئەوا شتێک واقیعییەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەدبەختیی ئێستای من، وا لەبن سەری خانمەکەی نهۆمی خوارەوەدا کە وەک تارماییەکی شووم ئامادەیی نەبینراو و هەمیشەیی لە ژیانی قەرەباڵغ و شپرزەی ئێمەدا هەیە. ئاخر جورئەتی ڕێ ڕۆیشتن، پێکەنین و قسان کردنمان نییە. بەو هۆیەشی کە تازە گەیشتووین و نازانین ژیان لە هەندەران چۆناوچۆنییە، لە خانووی گەورەی بەحەوشە و دارودرەخت و بنەماڵە و هاوڕێ و ناسیاوانەوە بۆ ئەم بەری دونیا تووڕ هەڵدراوین، ئەوسا



وەک خەڵکانی نیوە نوستوو، بەدەوری یەکدیدا دەسوڕێینەوە و تێناگەین چما دەکرێ بەبێ بەیەکدا هەڵشاخان و بەبێ ئەزیەتدانی یەکتر، ژیان بگوزەرێنرێ! منداڵەکانم بوونەتە بوونەوەری هار و هاج، یەکەمیان تەمەنی پێنج ساڵانە و ئەویتریشیان چوار ساڵان. خرۆشاوو هەراسان، ترسی خۆیان بە زریکە و بۆکس و لەقەدان بەدەرگا و دیواردا دەردەبڕن. کوڕەکەم لە کچەکەم دەدا و منیش لە کوڕەکەم دەدەم و ژنەکەی نهۆمی خوارەوەش بەدیوارەکەیدا دەماڵێ. هەندێ جار بەگسک یان دارێکی درێژ دەکێشێ بەمیچی ژوورەکەیدا یاخود لە پەنجەرەکەوە دەقیڕێنێ: "بێ دەنگ بن!" یاخود لە تەلەفۆنەکەدا هێند بڵند دەدوێ کە دەنگیم نەک هەر لە سەماعەکەدا، بەڵکو لەوپەڕی ڕاڕاوەکەوە دێتە گوێ. دەنگدانەوەیەکی تووڕە و بەردەوامی وا کە وەک بڵێیی لە هەر چوار لای دونیاوە بەرز بێتەوەو وەک شەیپوورەکەی ئیسرافیل دڵم دەهێنێتە لەرزە و لۆژیکی ساکار و دواکەوتووانەم بەیەکدا دەدات.

دەرگاکە دەکەمەوە، ڕوانینی شەرمنانەم دەبڕمە عەردەکەو دەنگی لەرزۆکم وشەکان دەست و پێ شکاو نوتق دەکا و دەستم خۆنەویستانە لە فەزادا دەجووڵێ و قاچم ئامادەی پاشەکشە و تێقووچاندنە و بەدەنم بەزیوو و بێ بەرگریی لە شوێنی خۆی بزمار کوت بووە. هەموو ئەوانە نیشانەی پەشیمانیی و دان نان بە(گوناه) دان. بەڵێن دەدەمە ژنەکەی نهۆمی خوارەوە کە ئیدی ئەو دەنگە دەنگە نائینسانییانە دووبارە نەبنەوە و منداڵەکان گەر شێویشیان نەکردبێ (جا چش کە شێویان نەکردووە) بەلەقە و شەپازللە بخەوێنم و خۆیشم بێ ئەوەی قاچم لە ئەرز بدات، وەک مێشوولەیەکی سووکەڵە تا ئەوسەری ڕاڕەوەکە بفڕم و تا سێ شەو و سێ ڕۆژ لەژێر لێفە، یان گەر پێویست کات لەژێر تەختە نوێنەکەدا، لە بێدەنگیی مەرگدا بەسەر ببەم و تەواوی هەوڵم بۆ ئەوە بێت کە گوێڕایەڵی یاسا و ڕێوڕەسمی خەڵکی ئەم وڵاتە بم.

ژنەکەی نهۆمی خوارەوە قسەکانمی بەئەقڵدا ناچن. جارێکی تر شاڵاو دێنێ و هەمدیس دەنگی بەرز و چاوانی زەق دەکاتەوە و کەپووی دەلەرێنێ و لە میانەی ڕستە دوور و درێژەکانیدا، بڕێک ئاخ و ئۆف و ئاه و ئۆه دەکا و بەهەموو ئەو دەنگانەوە کە لە هەورە بروسکە و هەورە گرمە دەچن، تێم دەگەیەنێ کە وەزعەکە لە جاران خەراپترە و جەنگەکە توند و تیژتر درێژەی هەیە.

شوقە تەنگ و تروسک و چکۆڵەکەی ئێمە، کە تەنانەت حەماڵێکی گەڕەکی

(مەحموودییە) ش ئامادەی بەکرێ گرتنی نییە، بەو هۆیەوە کە لە ناوجەرگەی پاریس دایە و ڕاڕەوی هەیە و کانتۆری تێدایە، زۆر گرانە و لە نهۆمی پێنجەمی ئاپارتمانێکدایە کە بەرامبەر کلێسایە. سوپاس بۆ خودا کە لە حەوشەی کلێساکەدا، چەند درەختێکیان ڕواندووە و سێ چوار چۆلەکە و حەوت هەشت کۆتری قەلەو قەلەو لەژێر میچەکەیدا خۆیان دەخورێنن. هەموو ئەوانە، تاران و شەمیران و باخەکانی دەربەند دەخاتەوە یادی من و منالەکان و خۆشحالمان دەکەن. جگە لەوە، تایبەتمەندییە باشەکانی تری ئەم کونە گورگە لەوەدایە کە لە بەردەمی پەنجەرەی ژووری میوانەکەیدا، بانیژەیەکی دوو مەتری هەیە و بۆتە جێگەی پێشوازیی و حەوانەوە و بای باڵ لەیەکدانی ئێمە. ئەم باخە دڵگیرە، تا جێی بێتەوە، ئینجانەی گوڵە شەمەدانی و ئەتلەسیمان تیایدا لەسەریەک داناوە و لە کاتی خۆرئاوابووندا، گەر باران مۆڵەت بدات، ئەوا لەو بستە جێگە سەوزە و لەنێوان گوڵە بێ بۆنەکاندا، دادەنیشین تا خەیار و هەڵوژەی بێ تامی فەرەنگیی، بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە بخۆین و خۆ گەر هاوڕێیەکیش بۆ سەردانمان هات، ئەوا بۆ ئەم جێگە تەنگ و تروسکە داوەتی کەین و بیکەینە شەریکە بەشی ئەم بەختەوەرییەمان و خەمی نیشتیمانی لەسەر دەرکەین.

ژنەکەی نهۆمی خوارەوە، وەک منالەکان دەڵێن (گورگە خان)، لە هەستان و دانیشتنی ئێمە ناڕازاییە و دەقیقە بە دەقیقەش ئەو ناڕازیی بوونەی ئاشکرا دەکات. دەزریکێنێ: "بێ دەنگ!" ئەم ئەمرکردنەی هێند ڕاشکاوانە و بێ چەند و چوونە، کە دەنگ لە گەروماندا دەخنکێنێ و زەردەخەنە لەسەر لێومان دەمەیەنێ. ئیدی ناچار لە بانیژەکە هەڵدەستین و من بەپەلە پەنجەرەکە دادەخەم و بەخۆم دەڵێم: دەبێ بەئارام و بەحەوسەڵە بین و بەخۆنەویستییەکی بەسوێ، لە شانازیی بەخۆکردنی باو و باپیرانمان تێپەڕێنین. بەتایبەتیی منی ئێرانیی، کە پێش وەخت، بەئەنجامدانی تاوانێکی نادیار خەتابارکراوم و مافی هیچ جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکم نییە. ئاخر لەم شارەدا، خەڵکیی لە بانیژەی ماڵەکانیان دانانیشن و حیلکە حیلک ناکەن و وەختی گرانبەهایان بەقسەی هەلەق و مەلەق ناکوژن. خۆ گەر بیشیانەوێت هاوڕێیەک ببینن، کە بێ گومان لە پێناو دامەزراندنی سەری قسانە لەگەڵیدا لە بارەی سیاسەت و فەلسەفە و ئەدەبیاتی دونیاوە، ئەوا بۆ کافیتریایەک داوەتی دەکەن و بەپەلە و بەدەم فڕکردنی قاوەی خەستەوە، سەر و بنی بابەتەکەی لەگەڵدا یەکلایی دەکەنەوە.



قسەکانم بۆ خۆم قەناعەت پێ هێنەرن، بەڵام منالەکانم هەڕی لە بڕی ناکەنەوە. ئاخر ئەوان لە ئامێزی نەنک و پوور و مام و لە میانی ئەمبارێک ئەڤین و مەحەبەت و ناز و نەوازشەوە بۆ جێگەیەکی خەمین و بێ سۆز دوور خراونەتەوە و لە مانای ئەم ناعەدالەتییە گەورەیە ناگەن. ئەوان شێت و شەیدای تەقەی دەرگا یان زەنگی تەلەفۆنن و تەنانەت هاتنی گورگە خان لەو بێ دەنگیی و گۆشەگیرییە بەباشتر دەزانن کە باڵی بەسەر ماڵە نوێیەکەماندا کێشاوە.

فەرەنسایییەکان هەروا بەهاسانی دەرگای ماڵەکانیان ناکەنەوە. بەر لە هەر شتێک، بەباشیی لەو چاوە زەڕەبینەوە سەیر دەکەن کە بەدەرگاکانیانەوەیە، تا بزانن ئەو کەسە کێیە کە لە دەرگاکانیان دەدات. پاشان دەپرسن: ئیشت بەکێیە و چیت گەرەکە، دوای ئەوەی کە بەچاکیی دڵنیا دەبن، ئەوسا ئەڵقە ڕیزەکە لە ناوەوە دەکەنەوە و پاشان قوفڵی یەکەم و دواتر قوفڵی دووەم دەکەنەوە و لەو دەرفەتەشدا هەمدیس تەماشا دەکەنەوە و هەمدیس دەپرسنەوە و ئەوسا بەپارێزەوە دەرگاکە کەلا دەکەن و گەر تەنێ بۆ سەردان چوو بیت ئەوا هەر لە هەمان جێگەدا مەعزەرەتت بۆ دێننەوە و خۆ گەر ئیشێکی گرینگیشت هەبێت، ئەوا هەر لەبەر دەرگاکەدا ئیشەکەت لەگەڵدا دەبڕیننەوە و کۆتایی بەمەسەلەکە دێنن. دەرگای ماڵەکەی ئێمە ئەڵقە ڕێز و چاوی زەڕەبینیی نییە، بێ پرسیار و خەنیی بەهاتنی میوانی ناوەخت، وەک (با) دەرگاکە دەکەینەوە و منالان فەرموو لە هەموو کەسێک، تەنانەت لە گورگە خانیش دەکەن. منیش خێرا قۆری دەنێمە سەر ئاگر و بەزەردەخەنەوە بۆ پێشوازی ئەو کەسە دەچم کە لەبەر دەرگا ڕاوەستا وە و حەز ناکەم لە ڕاڕەوەکەدا قسان بکەم. پێم خۆشە جارێ دانیشین و پشوویەک بدەین و چایەک بخۆینەوە، ئەوسا ئەگەر گلەیی و شکایەتێکیشمان هەبێت، لێی بدوێین. خانمەکەی نهۆمی خوارەوە، کاتی ئەم جۆرە شتانەی نییە. دێتە سەرەوە، لە دەرگا دەدا، هاوار دەکات و دەڕوات. خانمی بەرپرسیاری ئاپارتمانەکەش وەک ئەو دێت، لە دەرگا دەدات، پۆستەکەمان دەداتێ و دەڕوات. کارمەندی ئیدارە و کارەباش وەک ئەوان دێت، لە دەرگا دەدات، دەنووسێت و دەڕوات. سڵاو کردن و ئەحواڵ پرسیی نەبۆتە باو. هاوسێکەی پاڵمان ژنێکی تەمەن مام ناوەندییە، ژنێکی شەڕەنگێز نییە، گلەیی لێمان نییە و بەدەرگای ماڵەکەماندا ناماڵێت، بەڵام وەک ئەوەی بوونی نەبێت، وەک ئەوەی کە نە ئێمە بوونمان هەبێت و نە ئەو، جارجارێک لە ڕاڕەوەکە دەیبینم، یاخود پێکەوە دەچینە ئەسانسۆرەکەوە، نە ئەو ورتەی لێوە دێ و نە من، گەر سڵاوی لێ بکەم، وەڵامم دەداتەوە، گەر سڵاوی لێ نەکەم چ ناڵێت. بەیانیان شەبەقیی

دەڕوات و شەوانە ماندوو و مردوو دەگەڕێتەوە. تەنیایی ئەو ژنە عەزابم دەدا و مەزەندەی ئەوەی کە کەسێک لە شاری خۆیدا هێند گۆشەگیر و تەنیا و بێ کەس و کار بێت، دەمترسێنێت. خانمەکەی نهۆمی خوارەوە، زیندووە، شێتە و شەڕمان لە تەکیدا هەیە، ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە پەیوەندیی، ساتە وەختێک نییە کە لە بوونی یەکتر بێ ئاگا بین و شتێک نییە کە سەربەخۆ لەو ئاگاییە، ڕاڤە و گوزارشتمان لێ کردبێت.

ناوی منالەکانم لە باخچەی ساوایانی گەڕەک تۆمار کردوون و خۆشحالم کە بەدرێژایی ڕۆژ، لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا سەعات پێنجی ئێوارە، ئاگایان لێیان دەبێ. نیوەی زیاتری خۆشحالییەکەشم لەبەر خاتری گورگە خانە. حەزم دەکرد یەک شەمموانیش دەوام هەبا و ڕۆژانی تریش تا شەوێکی درەنگ، منالان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە مەرەخەس نەکرابان. گەیاندنی منالەکانم بۆ باخچەی ساوایان شتێکی هاسان نییە. بەزۆری زۆردارەکیی دەڕۆن و لە مامۆستاکانیان دەترسن و لە زوبانیان تێ ناگەن. بەیانیان دونیا تاریکە و بەزۆریش بارانە. ئێمەیش کە ترومبێلمان نییە، دەبێ شەقامێک و سێ کۆلان بەپا ببڕین. منالەکان هەردووکیان دەگرین، کە دەگەینە کۆلانی دووەم، ئیدی وڕکی بەیانیانی کوڕەکەم دەست پێدەکات، دەکەوێتە نووکە نووک و بەقاچمەوە دەنووسێ و دەیەوێ بۆ مالەوە بگەڕێتەوە، بەزەییم پێیدا دێتەوە، بەلام کاتێ بیر لە مالەوە دەکەمەوە، ڕوخساری هاوسێکەم دێتەوە بەر چاو ئەوە بەسەر سۆزی دایکانەمدا زال دەبێت. کچەکەیشم گێژ و خەوالووە و تا بەردەم دەرگای باخچەی ساوایان باوێشک دەدات، خۆ گەر لێی گەڕێم ئەوا لە هەمان شوێندا خەوی لێ دەکەوێتەوە. گەیاندنی بۆ باخچە بەهۆی شیرینییەوەیە. کە دادەنیشێت، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی شیرینییەکانی پێشان دەدەم و تامی تامیی دەکەم. ئەوسا لە جێگاکەی دەردەپەڕێ و لە عەزرەت شیرینییەکە، دوو سێ مەترێک ڕادەکات. هەر کە دەیخوات، هەمدیس دادەنیشێتەوە و دەکەوێتەوە باوێشک دان. ئیدی ملوانەکەی دەگرم و تا بەردەم باخچەی ساوایان دەیبەم. بارانیش لەولاوە بووەستێ. نازانم چەترەکە بەسەر سەری کامیانەوە هەلدەم، دەزانم شەویش پژمین و لەرز و تا و کۆکە دێنەوە وێزەیان و ئەوسا تەواوی ئەو دەنگانە لە درزی پەنجەرەکانەوە دەچنە دەرێ و دەگەنە گوێی هەستیاری خانمەکەی نهۆمی خوارەوە. گەر جەنگ نەبا، ئەوا دەگەڕامەوە ولاتی خۆم، ترسم لە بۆمب و جەنگ نەبایە، یەک ڕۆژ ماتل نەدەبووم، بەلام لە ڕاستیدا مەیدانی جەنگ لێرەیە و دوژمنی واقیعیی لە نهۆمی خوارەوە خۆی لە بۆسە ناوە. گەر لە ولات بمینایەتەوە، ئەوا بەئەگەرێکی زۆر، فیشەک کەللەمانی نەدەپێکا، ئەمە لە



کاتێکدا کە لێرە لە هەموو چرکەیەکدا لە هەلهاتن و ڕووبەڕوو بوونەوەداین و دۆشکەیەکی نەبینراو نیشانەی لێ گرتووینەتەوە. سەدام حوسەین لەوپەڕی دونیایە و گورگە خانیش پێیەک لێمانەوە دوورە. ئێمە وەک دیلی جەنگ، دەستمان لە پشتی سەرمان ناوە و لەوپەڕی ناهومێدیدا خۆمان داوەتە دەست تەسلیم بوونێکی ناچاریی. ئەوەیشی ئیشمانی خەراپ و جورممانی ئاشکرا کردووە، نەزانینی زوبان و لە قسە نەگەیشتنە. ئاخر هیچ ڕمێک لە وشە بڕندە تر نییە، دەمی ئێمەیش کلۆم دراوو سەرکەوتنی دوژمنیش بەهۆی قسانەوەیە.

خاتوونەکەی نهۆمی خوارەوە بیری لە پیلانێکی نوێ کردۆتەوە، نامەیەکی فەرمی و دوورودرێژی لە شێوەی ئاگادارینامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیدا بۆ ناردووین و حەوت هەشت یاسای گرینگی تیادا دیاری کراوە. یەکەمین یاسا ئەوەیە کە دەبێ کومباری ئەستوور لە عەردی تەختەیی ژوورەکانا ڕاخەین تا لەکاتی ڕێ ڕۆیشتنا کەمتر دەنگ دروست کەین، دەبێ خۆمان بپارێزین لە لەپاکردنی پێلاو (بەتایبەتی پێلاوی پاژنە بەرز و سۆلی تەختەیی)، دەبێ لە بانیژەکە دانەنیشین، دەبێ لە حەمام و مویەقدا قسان نەکەین لەبەر ئەوەی بۆڕی هەواییان تێدایە و دەنگ بلاو دەکاتەوە، دەبێ بەیانیان، یاخود شەوان دوای سەعات نۆ حەمام نەکەین یاخود سیفۆنی ئاودەست ڕانەکێشین، دەبێ دەرگای کەنتۆرەکان توند دانەخەین و هیچ دەنگێکی بەرزمان لێوە نەیەت، وەک پێکەنین، کۆکە و تڕ، دوا یاسا کە هێلێکی سووری بەژێردا هێنراوە، دووپاتی دەکاتەوە کە کەمتر بکەوینە مالەوە و دەبێ هەول بدەین تا دەکرێ زۆرترین کاتی خۆمان لە دەرەوە بەسەر بەرین.

جگە لە باشە بەسەر چاو، چ چارەیەکی ترمان نییە. خێرا کومباری ئەستوورو ئیسفەنجیی لە ژوورەکانا ڕادەخەین، بەپێی پەتیی بەژوورەکانا دێین و دەچین، بەچرپە دەپەیڤین، ئەو هاوڕێیانەی کە بۆ سەردانمان دێن، لەبەر دەرگا پێلاوەکانیان دادەکەنن. ترسی ئێمە بۆ ئەوانیش گوێزراوەتەوە. قەبولمانە بەپارێز و بێ دەنگ بین و نکولی لە ئارەزووەکانمان بکەین، کەم کەم بیرمان دەچێتەوە ئێمەیش ئینسانین و هەر کەسێک لەنێو چوار دیواری مالەکەی خۆیدا ئازادەو زۆر زوویش، بێ ئەم لا و لا گوێ ڕایەلی فەرمانەکان دەبین و زۆر هاسان و بەتەرزێکی سروشتیی سەر بۆ دیکتاتۆریەتی گورگە خان نەوی دەکەین. ئاخر ئێمە فێر نەبووین داکۆکی لەمافی خۆمان بکەین و ناشزانین مافەکانمان لەم ولاتەدا چین. لە ڕابردووشدا هەر نەمانزانیوە و ئەوەی هەمان بووە، پێمان وابووە سەرو

زیادمانە و ئەوەش میراتی باو و باپیرانە.

گورگە خان لەوە بەئاگایە کە لە ئێمە باشترە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ددانەکانی تیژتر دەکاتەوە، لەتەواوی ئەو یاسایانەی دەری کردوون، دوا یاسایان لە هەموویان زەحمەت ترە (کاتی خۆتان زیاتر لە دەرەوە بەسەر بەرن!) ئاخر بۆ کوێ بڕۆین؟ هاوڕێکانی من زۆربەیان هونەرمەندو نووسەرو نیگارکێشن و ژن و منالّیان نین، پارەو پوول و خانووی گەورەو توانای پێشوازیی کردنی خەلّکیان نییە، هەریەکەیان لە هۆدەیەکی چکۆلەی پڕ لە کتێب و کاغەز یاخود بۆیەو سێ پاو فلّچەدا دەژین و مالّەکانیان جێی منالّی تێدا نابێتەوە، خۆ ئەوانەشیان کە ژن و منالّیان هەن، بەدەست منالّەکانی خۆیانەوە بۆژۆن و حەوسەلّەی منالّی تریان نییە. کەواتە تاقە ڕێگەی هەلاّتن پەنا بردنە بۆ پارک. بەرامبەر مالّەکەی ئێمە پارکێکی هاکەزایی هەیە کە بۆتە جێ ژوانی پیریژنەکانی گەڕەک و کارەکەرە عارەبەکان، لە ئێوارەیەکی درەنگیشا سوالّکەرە سەرخۆشەکانی لێ کۆدەبنەوەو پارەی سوالّەکانیانی تێدا دابەش دەکەن. من لەم پارکە بێزارم و کاتێ دەچم خەمی دونیام لێ دەنیشێت. تاقە گەمەی منالّەکان لەم پارکەدا یان خۆلّە پەتانێیە یاخود خۆ هەلّزنینە بەخلیسکێنەیەکی شەق و شڕدا. باخی لۆکزامبۆرگ جوانە، بەلاّم ئەوێ دوورەو ڕۆیشتن بۆ جێگەی دووریش لە هەوای حول حولیی پاریس دا خەتەرە. هێشتا لەنیوەی ڕێداین، باران دادەکا و ئێمەیش کە پالّتۆمان لەبەرداو چەترمان هەلّداوە، لەژێر تاقی دوکانێکدا خۆمان پەنا دەدەین و تەڕ تەڕ چۆن هاتووین، هەر ئاوهاش دەگەڕێینەوە. بۆ نەگبەتیی یەک شەموانیش هەمیشە بارانە و مەحکومین بەوەی لە مالّەوە بمێنینەوە. تاوێک کە دەچینە بانیژەکە، ناڕەزایی ژنەکەی نهۆمی خوارەوە لەو دوا پەناگایەشمان هەلّدەکەنێ.

خۆشترین ساتی ژیان ئەو کاتانەیە کە منالّەکانم نوستوون و گلّۆپەکانی نهۆمی خوارەوە کوژاونەتەوەو سێ چوار نامە لەملاولای دونیاوە لە هاوڕێ و خزم و خوێشانی دەربەدەرەوە بەدەستم گەیشتوون. یەکسەر نامەکان ناخوێنمەوە، بەلّکو هەلّیان دەگرم بۆ شەو، تا لەسەر سیسەمەکەم لەگەلّ فنجانێک قاوەی لەکولّ و جگەرەیەکی حەیاتدا بیانخوێنمەوە.

نامەی یەکەم لە لەیلاوە هاتووە کە لە تاران دەژی و بەختەوەرەو لە ژیانی قاییلە. منالّەکانی دەچن بۆ قوتابخانەو دوو هەزار ڕەفیقیان هەن و لەناو باخ و لەکۆلاّن و گۆڕەپانی گەڕەک پاسکیل دەئاژوون و ترسیان لە جەنگ و بۆردومان نییە. لەیلا خۆیشی



کار دەکا و لە پەچەی ئیسلامی ناترسێ و هەموو شەوێک یان دەچێت بۆ میوانیی یاخود دەیەها میوانی هەن. نامەی دووەم لە داریوش (ئا) وەیە، وی هێند خەمین و بێزارە کە نامەکەی گریاندمی. بێ کارو کاسپییە، کوڕەکەی لە سەربازیی هەلاّتووە، هاوڕێکانی خۆیان شاردۆتەوە، وێنەیەکی هێند ڕەشی بۆ ئایندە هەیە کە زەندەقی بردم. نامەی سێیەم لە جەنابی (کاف) ەوەیە. نامەکەی وی ڕاپۆرتێکی چڕو پڕە لەهەوالّی ناخۆش، برازاکەیان گوللە باران کردووە و دایکی دووجار هەولّی خۆکوشتنی داوە، گرانیی پشتی بونیادەمی شکاندووەو بەم زووانە هەمووان لە برسا دەمرن، عەمەلە ئەفغانییەکان هەموو شەوێک هەلّ دەکوتنە سەر مالاّن و گۆشاو گۆش سەری ژن و منالّ و پیرو گەنج دەبڕن، ڕووس لەگەلّ ئەمریکاییەکانا پێک هاتوون و پارچە پارچە بوونی ئێران شتێکی حەتمییە، کوڕەکانی خالّە ئەکبەری باخەوان بوونەتە مەئمووری کۆمیتەی مەحموودییەو گەرەکیانە پارەو مولّک و مالّەکەی وی داگیرکەن. دوا نامە هی دایکمە کە چەند لاپەڕەیەکەو لە سیناریۆی فیلمی فارسیی دەچێت. پڕە لە ڕوداوو بەزم، پڕە لە شتی پێچەوانە. مرۆڤەکان لەو نامەیەدا هەم زۆر زۆر بەختەوەرن و هەم زۆر زۆریش بەدبەخت، میوانداری و پیاسەو سەیران و کەیف و سەفایەکە نەبێتەوە، هەمووان لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە، دەخۆن و دەخۆنەوەو دوعا بۆ کۆماری ئیسلامی دەکەن. پاشان لە نامەکەدا کتوپڕ شتەکان پێچەوانە دەبنەوە. دێرەکانی دواوەی نامەکە، بریتین لەحەکایەتی مەحروومییەتەکان: نە کارەبا هەیە، نە ئاو هەیە، نە گۆشت دەست دەکەوێت، پەتا بلاّوبۆتەوە، دختۆرو دەرمان نین، ئاساییش نییە، پۆلیس و حەسحەس نین، گرانیی و نەهاتیی پشتی بونیادەمیان شکاندووە، دوو مەتر بەفر باریوە، نەوت قاتە، سەرمایەکی کوشندەیەو لە هەموویشی ناخۆشتر بەرگە گرتنی تەنیایی و دووریی منالّەکانە. لەکۆتایی نامەکەدا هەمدیس جنێودانە بەهەندەران و پاریس و باسی ئەوەی کە خۆیان لەوێ هەموو شتێکیان هەیەو لەشاری خۆیاندا ئازادن و منەتی خەلّکی هەندەران هەلّناگرن و هەموو ئەوانەش کە ولاّتیان جێ هێشتووە، هەلّە بوون. ئینجا جارێکی تر قسان کردن لە بارەی میوانیی و خوردو خۆراک و سەیران و پاشان لەناکاو دایکانە ڕایدەگەیەنێ کە بڕیاری داوە دارو نەداری بفرۆشێ و بێت کونە گورگێ لەغەریبیدا بۆ خۆی پێکەوە بنێ و ئەو چەند ڕۆژەی کە لەژیانیدا ماوە، بەدلّی ئیسراحەت بگوزەرێنێ.

شەو درەنگەو خەوم نایەت، کچەکەم سورێژەی گرتووەو لە (تا) دا دەسووتێت. نیگەرانم و نازانم داوای یارمەتیی لە کێ بکەم. دەمەوێ شتێک بنووسم بەلاّم مێشکم ئیش ناکات. کتێبەکەی دەستم پەڕە پەڕە هەلّدەدەمەوە، لاپەڕەیەک دەخوێنمەوە بەلاّم یەک وشە

تێ ناگەم. دوو ڕۆژە لێکدا لێکدا باران دەبارێت. خۆزیا کەسێک بۆ دیدەنیم دەهات، هەوای تاران سەرەڕای زستان و سەرما، هەر هەتاویی بوو. لەیلا لە بارەی شۆستەکانی بەیانیانی هەینییەوە نووسیویەتی، هەمووان دەچن بۆ شاخ و لەچایخانەکەی سەر ڕێ بەرچایی دەکەن. داریوش (ئا) پێکەنینی بەو قسانە دێ و نووسیویەتی کە تەنانەت چیاکانیش جلکی پرسەیان پۆشیوە و بەفری ڕەش لە ئاسمانەوە بەسەر خەڵکیدا دەبارێت.

مناڵەکانم نوستوون. هەردووکیان (تا) یان هەیە، دڵم لە مەراقدایە، خۆزیا کەسێک بۆ دیدەنیم دەهات. بەخۆم دەڵێم: دەگەڕێمەوە. لانی کەم لە شاری خۆمدا خاڵ و مام و دایکێکم هەن کە دەکرێ هانایان بۆ ببرێت. نە کەسێ لەژێرەوە و نە کەسێکیش لەژوورمەوەیە. لە هاوڕێکانم ناترسم و دەتوانم لە ماڵی خۆمدا هاوارکەم، زرمە زلێ بکەم، پێبکەنم، بگریم و سەماکەم.

لە سبەینێ زووتر نییە دەگەڕێمەوە. داریوش (ئا) تاقە کەسێکە هانم دەدا بمێنمەوە. دەڵێ: ئازیزەکەم لێرە مافی ئەوەت نییە پێچەوانەی یاسا و بنەمای دانراو هەناسە بدەیت، قسان بکەیت، بیربکەیتەوە، جلک لەبەر کەیت و بخۆیت. تەنانەت بۆ پێشاو چوونیشت یاسا و ڕێسای خۆی هەیە. عاشق بوون، شووکردن و مردنیشت ئازاد نین و تەواوی گەردیلەو لە حزەکانی ژیانت پێش وەخت بڕیاریان لەسەر دراوە. ئەدی چ بکەم؟ بمێنمەوە یاخود بگەڕێمەوە؟

لە دەرگا دەدرێت! گوێ ڕادەدێرم، لەنێو نوێنەکەم دەردەپەڕم، دەبێ کێ بێ؟ زەنگی دەرگاکە شکاوە و بەمست لێی دەدەن، دڵم ڕادەچڵەکێ، دەشێ هەواڵێکی ناخۆش بێ. دڵنیام دایکم شتێکی لێ هاتووە، براکەمیان دەسگیر کردووە، پۆلیسە، هاوڕێیەکی ڕاکردووە. کتێبەکە لە دەستم دەکەوێتە خوارەوە، قاچم لە وایەری گڵۆپی پاڵ سیسەمەکە دەگیرێت، بەپەلە کراسێک بەسەر جلکی خەودا لەبەر دەکەم. مناڵەکان نوستوون، دەبێ کێ بێ؟ وا هاتم... بەفارسی و بەفەرەنسیی هاوار دەکەم وا هاتم، بەپەلە هاتم، دەرگاکە دەکەمەوە... چیی؟ ژنەکەی نهۆمی خوارەوەیە! چاوەڕێی ئەوە نەبووم ئەو بێت! لەبەر ئەوەی لەم کاتانەی شەودا ئەو نوستووە و چ پاساوێک بۆ هاتنەکەی نییە!

ساکاوم و هەست دەکەم ڕەنگم پێ نەماوە. دڵم پەلە پەل لێ دەدا و لە وەزعی گێژ و وێژ و لاڵەپەتێ قسان کردنی خۆم شپرزەم. گورگەخان کە دڵەڕاوکە و زەندەقچوویی و زمان تێکەڵاتنم دەبینێ، ڕوخساری دەگەشێتەوە، دەنگی بەرزتر دەکاتەوە. دەڵێ: چییە...



خەریکی چین؟

– کێ؟

– ئەو قەرەباڵخیی و هەرا و زەنایەتان لە چییە؟

– کام هەرا و زەنا؟

وا ڕاهاتووم هەمیشە حەق بدەمە ئەو و پێم وابێ کە هەر بەڕاستیی مناڵەکان خەبەریان بۆتەوە و خەریکی زرمە زلێن. دوو هەنگاو بەرەو لای هۆدەکەیان دەچم، دەوەستم، گوێ ڕادەدێرم، بێدەنگییەکە نەبێتەوە. کەواتە گورگە خان درۆ دەکا و چ بیانوویەک بۆ هاتنەکەی نییە. ئەم جارەیان حەق بەمنە، مەسەلەی دوو زائید دوو دەکاتە چوارە، زانینی زوبانی فەرەنسیی و ناسینی کلتووری خۆرهەڵات و خۆرئاوای ناوێت، ئەوە لۆژیکی ساکاری خەڵکییە، هیچ دەنگە دەنگێک لە ماڵەکەی ئێمەدا نییە و خانمەکەی نهۆمی خوارەوە سەهووە. ئیتر ئەم جارەیان ناچمە ژێر باری زوڵمەوە، حەق بەمنە و ئەم لەسەر حەق بوونەش ئیمتیازێکی گەورەیە کە هێزو ئازایەتیم پێ دەبەخشێت. سەر بەرز دەکەمەوە، دەنگ هەڵدەبڕم. دەپرسم: کام هەرا و زەنا؟

گورگەخان چاوەڕێی لێ پرسینەوە نییە و دێت و دەچێت، سەر دێنێتە پێشەوە و سەیرێکی ناوەوە دەکات. بەرزتر لێی دەپرسم: کام هەرا و زەنا؟

منگە منگەکەی ئازاترم دەکات. تووڕەییەکی دێرینە لە ڕیخۆڵەمدا خۆی حەشارداوە، کتوپڕ هەڵدەچێ و وەکو (تا) بەنێو جەستەمدا بڵاو دەبێتەوە. گەرم گەرم دادێم، ئارەقە دەکەمەوە و هاوار دەکەم. ژنەکەی نهۆمی خوارەوە، خۆی بۆ ئەم هاوارە ئامادە نەکردووە، ڕادەچڵەکێ، ئازاتر دەبم، زگم قۆڕە قۆڕی پێ دەکەوێت، پێیەک دەچمە پێشتر، ئەمجارەیان دەوێرم ورد لە ڕوخساری گورگەخان بنۆڕم و بۆ یەکەم جار بەو جۆرەی کە هەیە ببینم. من وێنەیەکی ترم بۆی هەبوو، پێم وابووە پیرێژنە و تەنانەت قۆچ و ڕیش و تووکی لێ ڕووابێت، پێم وابووە لە دراکۆلا بچێ و ددانی زلی هەبێت. بەڵام هیچ کام لەوانەی نییە، بەڵکو ژنێکە هاوتەمەنی خۆم، باڵای هێندەی باڵای خۆم، قژی کورت و خەنەیی و چەور و چڵکن، جلک پۆشینی، پێچەوانەی ژنانی فەرەنسی ڕێکوپێک نییە، دوو هێڵی قووڵ لە دوولای لێویدا هەیە کە ڕوخساری گرژ و مۆن وەدیار خستوون. هیلاک و تووڕەیە، دووگیانە، لە تەواوی ژنانێکی خەمبار دەچێت کە هەر لەگەڵ سپێدەدا دەچنە سەرکار و شەوانەیش ناهومێد و ماندوو مردوو و بەدیار تەلەفیزۆنەوە خەویان لێ دەکەوێت.

بە فەرەنسییەکی شکاو تێی دەگەیەنم منداڵەکانم نوستوون و خۆیشم لەنێو نوێنەکەمدا بووم. ناکاو بەئەقڵمدا دێت کە قسەکانم بەزوبانی خۆم بکەم، یاخود بەزوبانی ئینگلیزیی کە بۆ من هاسانترە. ئاخر فەرەنسییەکان لە زوبانی ئینگلیزیی دەترسن و بەشانازییەکی منالانە و بەسافیلکەییەکی دواکەوتووانەوە گوێ لە فێربوونی ئەو زوبانە دەخەوێنن، بەڵام ئەو گوێ خەواندنەیان ڕووالەتییە و لە قووڵایی دڵەوە شێت و شەیدای ئەمەریکا و ئەمەریکاییەکانن. دەمم دەکرێتەوە، پێدەچێ پەڕ و باڵم دەرکردبێت، چیدی کەس ناتوانێ پێشم بگرێ، وەک بولبوول دەکەومە خوێندن و لەناو ئۆقیانووسێک وشەدا مەلە دەکەم، خەیاڵم لەگەڵ زوبانمدا دەبنە یەک، ئیتر ناچار نیم پاساو بێنمەوە و ڕستەکانم ساکار و کورت دەربڕم. حەز دەکەم بئاخڤم، مەست لە نێو دەسەڵاتی دەبڕینی خۆدا، دەتوانم بەم زوبانەی کە هەمە جنێو بدەم و هەرواش دەکەم. نازانم گورگە خان لە مانای قسەکانم دەگات یان نا! بەلامەوە گرینگ نییە، بەزرینگەی دەنگ و بروسکەی نیگا و هێرشێک کە لەجولانەوەمدا هەیە، لە خانمەکەی نهۆمی ژێرەوەی دەگەیەنم کە دەبێ گۆڕی خۆی ون کا و بڕوا و ملی بشکێنێت، تێی دەگەیەنم گەر جارێکی تر لەم دەوروبەرە وەدیار کەوێتەوە، ئەوا گوێی لە بنا هەڵدەکێشم، وای چ ژنێکی گوواوی و پیس و بەدبەخت و کەر و بێ شعوورە. دەزریکێنم، دەست تەکان دەدەم و قاچم بەنیشانەی لەقە وەشاندن هەڵدەبڕم، هەرچی زیاتر دەوروژێم، گورگەخان چکۆڵەتر دەبێتەوە، لە مەڕێک دەچێت بیانەوێت سەری ببڕن. لە بەرانبەریشدا من باڵام کردووە و ددانەکانم وەک دراکۆلا دەرپەڕیون، هەست دەکەم قۆچ و ڕیشم دەرکردوون و لە هەژدیها دەچم و خەنیم. گەر لێگەڕێن ئەوا گورگەخانی داماو هەر بەساخیی قووت دەدەم، هێرش دەبەم، گورگە خان قیژەیەکی نزمی لێ هەڵدەسێ و بەرەو دەرگای ئەسانسۆرەکە ڕادەکات. وازی لێ ناهێنم، خودا دەزانێ چیی پێ دەڵێم، عاشقی پێشاندانی قودرەتی خۆمم و دەخوازم بەرەو نهۆمی سەریشەوە ڕاوی نێم، لە دەرگاکان بدەم و شکایەت لە هەموویان بکەم، فەرمان دەرکەم لەمەولا کەسیان مافی قسە کردن و ڕێ ڕۆیشتنیان نییە و دەکارم چنگ لە دەم و چاویان بگرم.

ژنەکەی نهۆمی خوارەوە هەر بەکردنەوەی دەرگای ئەسانسۆرەکە، خۆی تێ فڕێ دەداو بەهەناسەبڕکێوە دیارنامێنێ. هەر بەڕاستیی دیار نامێنێ، ڕۆژی دواتر و ڕۆژانی تر و مانگ و مانگەکانی دواتریش دیار نامێنێ. وەک ئەوەی بووبێتە ئاو و عەرد هەڵیمژتبێ. دوای ماوەیەکی زۆر، بەڕێکەوت لە ڕاڕەوەکەدا، لە نێزیکی دەرگای دەرەوەی ئاپارتمانەکە یەکتری دەبینین. هەردووکمان بەخێرایی ڕوو لە یەکتر وەردەگێڕین و دەڕۆین، تەنها



شتێک کە لەو یەکتر بینینە خێرایە لە زەینمدا دەچەسپێ، زگ و چاوە ماندووەکانییەتی، دوایین ڕۆژەکانی زگ پڕیی دەگوزەراند.

بە دیارنەمانی درێژ خایەنی گورگەخان، ژیان هێور هێور شێوەی سروشتی خۆی وەردەگرێتەوە، ئیدی بەپێڵاوەوە بەژوورەکانا دەڕۆین و بێ ترس قسان دەکەین و تەنانەت کاتێ هەتاو بێت لە بانیژەکە دادەنیشین و دەوێرین پێ بکەنین. منداڵەکانم ئارامتر دەبنەوە و تارمایی دراکۆلایان لەسەر نامێنێ. خۆ گەر حەزیش کەین، دەچینە دەرێ و لە دەرەوە مانەوەمان بەزۆر نییە.

هاوینە و دەمە و بەیانی، لە گریانی یەک بینەی ساوایەک وەئاگا دەبمەوە. کە باش گوێ ڕادەدێرم، دەبیستم دەنگەکە لە نهۆمی خوارەوەیە، پێکەنین دەمگرێت، گورگە خان تێوە گلاوە و ئەوجا نۆرەی خیشە خیش و بێ خەویی وییە.

ساڵان تێدەپەڕن و ئێمە هێشتا لە خەیاڵی بۆ وڵات گەڕانەوەین. منداڵەکانم گەورە بوون و لە چوون بۆ قوتابخانەدا، بیانوو ناگرن، خۆیان دەڕۆن و بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە، دڵەڕاوکێیان کەمتر بووە و ترسی خانمەکەی نهۆمی ژێرەوەیان بیر چۆتەوە.

سەرەتای پاییزە و لە یەک شەممە ئاساییەکانە، دونیا ساردە و کزەیەکی سارد هەڵیکردووە، منداڵەکانم لە ماڵەوەن و شەو میوانمان هەیە. دەچم تا لەو عارەبە گرانجانە شمەک بکڕم کە ڕۆژانی پشووش دوکانەکەی هەر کراوەیە. بەلای پارکی سواڵکەرەکاندا تێ دەپەڕم، چاوم بەگورگەخان دەکەوێ کە لەسەر سەکۆیەک دانیشتووە و چاوانی بڕیونەتە خاڵێکی دوور. سەرمایەتی و یەخەی چاکەتەکەی بەرز کردۆتەوەو شانی هێناوەتەوە یەک، کتێبێکی نیوە کراوەی لەسەر کۆشی داناوە، جگەرەیەکی نیوە کوژاوەیش لەنێوان قامکیداو پرچیشی وەک هەمیشە چەور و بژ. قاچی ڕاستی درێژ کردووە و پای پێچاوە و پێڵاوەکەی لەپێ داکەنراوە. منداڵەکەی لەنێو خۆڵەکەدا سەرگەرمی وازییە، هێند خەمبار و بێزارە کە بەزەییم پێیدا دێتەوە. لە خۆم دەپرسم ئەدی بۆچی لەم کزەی سەرمایەدا، لەم پارکە شەق و شڕەدا دانیشتووە؟ ئاگادارینامەکەیم بیرکەوتەوە. هەڵبەت هاوسێیەک شکاتی لێ کردووە و ئیدی فەرمانی بەسەردا دراوە کە دەبێ لە دەرەوە منداڵەکەی ژیرکات. کەواتە گورگە خانێکی تر ددانی لێ تیژ کردۆتەوە. دڵم تەنگ دەبێ، لەم ئاپارتمانە خۆشەدا کە بەرانبەر پارک و کڵێسایە، (دە) دانە گورگ بۆ یەکتری چوونەتە بۆسەوە و بەدبەختییەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی یەکتر. چ گەلە گورگێکی شەکەت و ماندوون!

گەلە گورگێک بەحەزی چکۆڵە و ئومێدی هیچەوە، لە چاوەڕوانیی شت گەلی باشتردان. لە خۆم دەپرسم: چما نەدەکرا جۆرێکی تر با ؟ دەکرا ؟

دوو سێ تنۆکە باران بەر ڕوخسارم دەکەوێت. پێ هەڵدەگرم. خانمی نهۆمەکەی ژێرەوە هەروا حەپەساو و وێڵ دانیشتووە. سواڵکەرێکی سەرخۆش لەژێر درەختێکدا لە هۆش خۆی چووە. ڕەنگیشە مردبێ. کەس تەماشای ناکات. زیاتر پا هەڵدەگرم. لە خەیاڵی هاتنی میوانەکانمدام. لە پەلەپڕوزکێی کڕینی خواردن و خۆراکدا، ئەو پرسیارەم بیرچۆوە کە قەیرێک لەوەوبەر لە خۆم کردبوو!

***



# جێگایەکی تر

ژیانی هێورو بێ سەر ئێشەی ئەمیر عەلی (با بڵێین ئەمیر عەلی ئێکس)، لە زەرفی شەوێکدا، کە تەنانەت دەتوانرێ بەوردیی ساڵ و ڕۆژ و سەعاتی ئەو شەوە دیاری بکرێت: هەینی، حەڤدەی میهرماه ی ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوت، سەعات یازدە و دە دەقیقە، بەهۆی هۆکارێکی نەناسراوەوە، دەشێ بتوانرێ بگوترێ بەهۆی جۆرە نەخۆشییەکی سەیری جەستەیی - باوێشک دوای باوێشک و ڕشانەوە- وە، بەوەدیارکەوتنی جۆرێک لەپشێویی دەروونیی (گەرچی ئەمیر عەلی لە ڕووی ئەقڵییەوە تەواوێک ساخ و سەلیم بوو)، ئاوەژوو بۆوە.

یاداشتەکان، نووسینگەلی پەرتەوازە و نامەکانی ویم لەبەردەستدان. هۆکاری ئەم متمانەو پشت پێ بەستنە شتێکی ساکارە. ئەویش ئەوەیە کە من و ئەمیر عەلی پێکەوە گەورە بووین و هەمیشە پێکڤە بووین. ئەو کەسانەی لەدوورەوە ئێمەیان ناسیوە، پێیان وابووە کە ئێمە برا یان خزم و خوێشی نێزیکی یەکترین. لەیەکدی دەچووین، لێکچوونێکی خۆکردیی. ڕەوتار، جۆری ڕێ ڕۆیشتن و پێکەنین، بەتایبەتی جۆری قسان کردنمان وەک یەک بوو. ئەوە من بووم کە لاسایی ویم دەکردەوە. بێ ئەوەی بەخۆم بزانم هەر لەسەرەتای هاوڕێیەتیمانەوە- هاوڕێیەتیی دوو منداڵی هاوپۆل- خۆ بەخۆ ئەمیر عەلی لە چاوی منەوە بووە کەسێکی گرینگ، کەسێکی تایبەت کە جیاواز لە هەمووان بوو. ژیان ئەوی کردبووە کەسێکی هێمن و ماقووڵ، کەسێکی شارستانیی، شوویەکی گوێڕایەڵ، یاریدەدەری کۆمپانیایەکی ناودار، ئەهلی سەوداگەلی پێویست و مامڵەگەلی بەرامبەر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من کە ئەوم هەر لە تافی منالێیەوە دەناسی، دەمزانی لەودیو ڕووکاری دەرەکیی ماقووڵ و سروشتیی وییەوە، ئەمیر عەلی یەکی تر خۆی حەشارداوە.

ئەمیر عەلییەکی زیندانیی لە قووڵایی خامۆشی ناخدا، ئەمیر عەلییەک چاوەڕێی هەڵاتن. ساڵانێکە لە هەواڵی بێ ئاگام، بەڵام دڵنیام لە هەرکوێیەک بێ (ئاخر خودا بۆ خۆی دەزانێ لە کوێیە)، لەو سەری دونیا بێ، لە قوتبی باکور، بەسەر ئۆقیانووسێکی هەڵچووەوە، لە نێو دارستانگەلی بێ ناونیشاندا، یاخود لە گوندێکی چکۆڵەی هەمان ئەم دەوروبەرەی خۆماندا بێ، دوور یان نێزیک، ڕۆژێک دێ کە سڵامەت و زرپ و زیندوو، سەر و کەللەی پەیدا دەبێتەوە. کاتێ دەڵێم سڵامەت، مەبەستم لە سڵامەتییەکی تایبەتییە کە پەیوەستە بەتەرزی فیکر و دونیای ئەمیر عەلییەوە. ئاخر ئەو لە جۆری من و ئێوە نییە. من و ئێوە و ئەوانی تر، خەڵکانی خۆپارێز و ترسنۆک، خەڵکانی گوێ ڕایەڵ دەبێژم. نووسینەکان، نامەکان، یاداشتنامە پەرتەوازەکەی دەنێمە لاوە و بەنێو یادەوەرییەکانمدا دەگەڕێم- ڕۆژانی مناڵیی، هاوینانێک کە لەگەڵ من و خێزانەکەمدا دەهاتن بۆ هاوینەهەوار، قسەگەل، ئارەزووگەل، خەون و خەیاڵی سەیر و سەمەرەی، ئەڤینێک کە بۆ ڕووداوی ئاسمانیی و نهێنیی گەردوونیی هەیبوون (ئاخر ئێمە ناومان نابوو ئەستێرە ناسی چکۆڵە)، شەڕی نهێنیی لەگەڵ باوک و مامۆستاکانیدا، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە دەیانویست کوڕ یان قوتابییەکی نموونەیی لێ دروست بکەن، یادەوەریی ئەو ڕۆژەی کە بۆ درێژەدان بەخوێندن بەرەو هەندەران چوو، ئەو ڕۆژەی کە گەڕایەوە، شەوی ژن هێنانی، دوایەمین جار کە بینیم - هەوڵدەدەم سەرلەنوێ ژیانی ڕۆ بنێمەوە، دەمەوێ بیناسم، دەمەوێ ئەمیر عەلی واقیعیی بناسم، بەڕوانین لە وی، بەڕوانین لەپەیوەندییەکانی بەخەڵکەوە، بەشەڕ و شۆڕەکانییەوە، بەتووڕەییە شاراوە و بێدەنگییە قیرسێچمانەکەیەوە، بەدەمامکێک کە لە ڕوخساری دەنا و بەکڵاوێک کە لەسەری خۆی و خەڵکانی تری دەنا، بەکردنەوەی گرێ کوێرەی کەسێتیی و ڕابردووی، شتێکی تازە دەدۆزمەوە- شتێکی تازە دەربارەی ئەوو ڕاست بێژم زیاتر دەربارەی خۆم. دەبێ لە زۆر شت بگەم. ئاخر بۆچییەکان زۆرن.

لەو شەوە تایبەتەوە دەست پێدەکەم، لەو میوانداریی هاکەزاییە و وەدیارکەوتنی ئەو مەخلوقە سەیرەوە، لەو سێبەرە نەبینراوەوە (ئاخر گوتنی سانا نییە)، لەو ئەمیر عەلی دووەمەوە.

چما هەر دەڵێی دیمەن بەدیمەن تەماشای فیلمێک دەکەین: ئەمیر عەلی نوستووە، شەوان زوو دەنوێ و پیاوێکی خەو خۆشە. کەمتر ڕوو دەدا خەون ببینێ، بەتایبەتی خەونێکی



ترسناک و ناخۆش. هەر کە چاوانی لێکدەنێ، ئیدی ڕووپۆشێکی تەنک و سپیی بەسەر بیر و خولیا و خایلەکانیدا دەدرێ، وەک بەفرێکی قورس و بێدەنگ کە بەسەر شاردا بنیشێ - بەفری فەرامۆشیی. ئەو لەو پێڕە پیاوە دەگمەنەیە کە لە خەودا ناپرخێنێت، نیوەشەوان تینووی نابێ و هەر لەگەڵ شەبەقیشدا بۆ دەستشۆریی ناچێت. بەیانیان تەمبەڵە و دەخوازێ بنوێ. یاخود نیوە بێدار، سەر لەژێر چەرچەفدا، بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە حەزیان پێدەکات، بیر لە سەفەرە خەیاڵییەکانی نێو بیابانێکی خاڵیی، بیر لە دەشتگەلی پۆشراو بەبەفر لە سەرزەمینە شەختەبەندەکاندا، بیر لە ڕووداوگەلی گەردوونیی و ئەگەری هەبوونی ژیان لە ئەستێرەیەکی تر و ئەگەری کردنی ژیان بەشێوەیەکی تر و لە جێگایەکی باشتر. لە کوێ؟ خۆیشی نازانێ لە کوێ. ڕەنگە هەر لێرە، هەر لەم شارەدا، هەر لەم سەرزەمینەی میراتی باو و باپیراندا، لەوسەری حەسارە چیمەنتۆییەکانەوە، جێگەیەک هاواهەنگ لەگەڵ حەز و خایلەکانیدا، هاوسێ لەگەڵ شتگەلێکدا کە خۆشی دەوێن، هاوسێ لەگەڵ هەڵکشان و داکشانە ڕۆحییی و ڕاچڵەکینگەلە دەروونییەکانیدا، نێزیک لە خۆی - خودی واقیعی خۆی. بەڵام ئاوها ڕوخسەتێک ناداتە خۆی. ئاخر دەزانێ کە دەبێت سەعات هەشتی ڕێک لەودیو مێزی کارەوە بێت. دەبێ و ئەم (دەبێ) یەش بەپێتی سوور لەسەر مێشکی نووسراوە یاخود خەڵکانی تر نووسیویانە. بەر لە بەرچایی، بەهاندان و ئافەرینی ژنەکەی دەکەوێتە وەرزش کردن، هەمدیس هەر بەهاندان و ئافەرینی ژنەکەی چاودێری کێش و لەش جوانیی خۆی دەکات. وی پیاوێکی قۆزە و لانی کەم بیست ساڵ لەتەمەنی واقیعی خۆی، جحێڵتر دەنوێنێ. ژنان بەدەورو خولیدا دێن و ژنەکەی خۆیشیی (مەلەک ئازەر) وردە ئیرەیی لێدەکات، بەڵام خەیاڵی لەو ڕووەوە ئاسوودەیە. ئاخر دەزانێ کە ئەم پیاوە، وەک مناڵەکانی، وەک ناسنامەکەی، وەک خانوو و دار و نەدار و عەتیقەجاتی دێرینەی، ڕایەڵە بەمەوەو بەبێ ئەم، توانای بەرجەستە کردنی بوونی خۆی نییە. ئەمەش کەم و زۆر باوەڕی هەموانە. جگە لە من.

مەلەک ئازەر هەر وەکی چەپکە گوڵ - ناسک، جوان و بۆنخۆش - لە پاڵ ویدا نوستووە. هێور هەناسە دەدا و لە خەویشدا هەر زەردەخەنەی دێتێ. ڕەنگبێ خەون بەمێرد و مناڵەکانییەوە ببینێ و خۆشحاڵە. جارجار نوستوو و بێدار دەستی ڕایەڵ دەکات و سەر پەنجەکانی بەشانی یان لاملی ئەمیرعەلیدا دێنێ. وەک ئەوەی بیەوێ لە بوونی وی لە پاڵ خۆیدا دڵنیا بێ. بەدرێژایی شەو، چەندین جار چاوانی دەکاتەوە و لە شووەکەی

دەنۆڕێ. خۆی پێوە دەلکێنێ و بەدەنگێکی نەرم و نزم قسانی عاشقانەی بەگوێدا دەچرپێنێ. هەندێ جار خەبەری دەکاتەوە تا دەنگی بژنەڤێت، تا دڵنیا بێت کە وەزعی باشە، تا دڵنیا بێ کە بەختەوەرە، تا دڵنیا بێ کە لەژیانیدا لەگەڵ ئەم بەختەوەرەو ئەوی هەروەکو یەکەمین ڕۆژانی بەیەکتر ئاشنابوون بەهەمان تینوتاوەوە خۆش دەوێت. ڕەنگە زیاتریش. بەڵێ یان نا؟ بەڵێ یان نا؟ ئەمیر عەلی بونیادەمێکی خەو خۆشە، خەبەری دەبێتەوە، تل دەدات، یەک دوو وشەی هەڵێت و پڵێت لەژێر لێوەوە دەڵێت، دەستێک بەشانی ڕووتی ژنەکەیدا دێنێت و ئیدی هەمدیس خەوی لێ دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حەزناکات نیوە شەوان خەبەری بکەنەوەو لەگەڵیدا بئاخڤن. دەتوانێ پێیبڵێ: "خانم گیان، لێمگەڕێ، بهێڵە با بنووم، تا بەیانی ڕۆژ دەبێتەوە چاوەڕێکە!" بەڵام نایڵێ. ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت زۆر میهرەبانە یاخود لەبەر ئەوە بێت تاقەتی نییە. ئاخر دەزانێ کە بەتایبەتیی قسەیەکی وەک: (ئازیزەکەم، مەزاحیمم مەبە، دەمەوێ بنووم!) لەو قسە خەتەرناکانەیە کە هەزار جۆر گوزارشت و ڕاڤە هەڵدەگرێ و ئەوە ناهێنرێ بگوترێ. مەلەک ئازەر عاشقی ئەم پیاوەیەو لەمناڵەکانی خۆشتر دەوێت. ئەو خۆی وا دەڵێ، ئەمە ئەو قسەیەیە کە بەهەموو کەسێکی دەڵێ، بەمنی دەڵێت، تەنانەت بەخەڵکانی غەریبەشی دەڵێت، لەزەت لەم دان پیانانە دەبات، لەزەتێک کە هاواهەنگە لەگەڵ دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدا، قسەیەک کە هاواهەنگە لەگەڵ وروژانێکی خامۆشدا، پەنهان لەودیو زەردەخەنەیەکی تۆخ و هێوری ڕووکەشی دەنگییەوە. حیرسێکی سەیری هەیە لەمنی بگەیەنێ و پێمی بسەلمێنێ کە ئەمیر عەلیی زیاتر لە هەمیشە، زیاتر لەیەکەمین ڕۆژ، زیاتر لە هەموو دونیا خۆشتر دەوێت. چ قسەم نییە، وایە. بەڵام واز ناهێنێ. دەبێ خەنجەرە نەبینراوەکەی تا قوڵایی دڵ و ڕیخۆڵەم ڕۆبەرێت و بەزەبرو زەنگێکی ژنانەوە، خوێ بەسەر زامە دێرینەکانی دڵمدا ڕۆکات (حەقی خۆیەتی، دەزانم. ئەوە حەکایەتێکی کۆنەو پەیوەندی بەکەسەوە نییە، شوێنی ئێرەو ئەم چیرۆکە نییە). لە ڕوخسارم نارِوانێت، ئاخر لەچکۆلەترین شەپۆلی دوو دڵیی لە ڕوانینمدا زیرە دەکات. دەزانێت کە من ڕوخساری، ئینج بەئینجی ڕوخساری، تا قوڵایی دەبینم و سیما جۆراوجۆرەکانی، شاراوە لەودیو دەمامکی جۆراوجۆرەوە، دەناسمەوە. وەک مێژووی تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگ، قۆناغ بەقۆناغ، لە یەکەمین سکێچی کاڵەوە بەقەڵەمی ڕەش تا دوایین دەسپیاهێنان، بەڕووالەت تەواو، بەڵام هەمیشە ناتەواو.

ئەمیر عەلی ناوی یەکێک لە خاڵەکانی مەلەک ئازەرە کە لە جحێڵییدا مردووە. چ



کەسێک لە بارەیەوە قسان ناکات و ناوی بەسەر زاردا ناهێنێ. وێنەکانیان کۆکردوونەتەوەو هەوڵیانداوە یادی وی لەبیر خۆ بەرنەوە. ئاخر ئەم ناوە یادەوەرییەکی تاڵ وەیاد دێنێتەوەو ئەندامانی خێزانەکە خەمین دەکات. دەبێ وی بەناوێکی دی بانگ کەن. مەلەک ئازەر شێت و شەیدای ئێرانی دێرینە. حەز دەکات ناوێکی ڕەسەنی وەک هەخامەنشی یان ئەشکانی لەو بنێن و هەرچی ئەمیر عەلی شە بەو ناوە دێرینانە ئاشنا نییە. ناوەکەی خۆی خۆشدەوێ و ئەوە بەبەشێک لەجەستەو ڕۆح و چارەنووسی خۆی دەزانێت، هەروەکی مێژووی لەدایک بوونی. هەروەکی ڕەنگی پێست و زراڤیی باڵای بەم ناوە ئاشنایەو بەبێ ئەو ناوە دەبێتە کەسێکی دی. تەنانەت حەز ناکات کە (ئەمیر) و (عەلی) ییەکە لێکتر جیاکەنەوەو وی بەیەکێک لەو دووە بانگ کەن. لەکاتی نووسینی ناوی خۆیدا خەتێکی چکۆڵەی تیرە لەنێوان ئەو دووەدا دادەنێ و دەنووسێ: (ئەمیر – عەلی) و ئیدی ئەو خەتی تیرەی پەیوەندییە، هەروەکی ناوکی ژیان، وی بەخۆیەوە ڕایەڵ دەکات. مەلەک ئازەر دەبینێ کە چاوانی مەزڵوومی شووەکەی هەروەکی چاوانی ئاسکەو ئیدی ناوی دەنێ مەلەک ئاهوو. نیوەیەک لەناوەکەی خۆی دەبەخشێتە وی، نیوەیەکی گرینگ، بەو جۆرە ئەو دەکاتە بەشێکی ڕەهای سەجەرەکەی خۆی. گەر بوار هەبا یاخود ڕووی هاتبا، ئەوا هەموو ناوەکەی خۆی دەبەخشییە وی، ئیدی هەردووکیان لەقاڵبی یەک ناودا شێوەیان دەگرت و دەبوونە یەک کەس، کەسێکی لەجوێکردنەوە نەهاتوو. چەندین جار بەوی گوتووە کە ئەگەر ڕۆژێک جوێ ببنەوە، ئەوا هەمان ڕۆژ، هەمان سەعاتی یەکەم، وەک کەسێک کە دڵ و مۆخیان هەنجن هەنجن کردبێت، دەمرێت. ئەمیر عەلی پێکەنینی بەقسەکانی ژنەکەی دێ و خۆی بەدەستییەوە دەدات، ژیان و چارەنووسی خۆی بەدەستی وی سپاردووەو چ بەرخۆدانێک نانوێنێ. خەڵکانی تر پێیانوایە کە خۆ بەدەستەوەدانی ئەمیر عەلی بەهۆی بەهێزیی پەیوەندی و عەشقییەوەیەتی بەژنەکەی. بەڵام من کە ئەو وەکی لەپی دەستم دەناسم، دەزانم ئەمیر عەلی لەکاتی کشانی ئەستێرەیەکی کلکداردا لەدایک بووەو مەخلوقێکی سرک و بزێوە. پەیوەند بەچ کەسێک نییە. هیچ کەس. خاوەن دونیایەکی شاراوەیە کە تایبەت بەخۆیەتی و ئەوە بەهیچ کەسێک پێشان نادات. ئاخر من بۆیە لە دونیای ناوەوەی ئەو ئاگادارم، چونکە هەر لەمناڵییەوە دەیناسم. دەزانم حەوسەڵەی بەربەرەکانیی لەگەڵ ئارەزووەکانی ژنەکەیدا نییە. هەر زوو سەری قاییل بوون دادەنەوێنێ تا دەستی لێهەڵگیرێت. بۆ نموونە، مەلەک ئازەر خۆی، کارو پیشەکەی بۆ ئەمیر عەلی هەڵبژاردووەو دانیشتنیش لەودیو مێزی کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە، بۆ

کەسێکی هەستیارو خەیاڵ پلاوی وەک وی، بێزەوەرو کوشندەیە. بەڵام ددان بەخۆدا دەگرێت چونکە بووەتە کەسێکی تەمبەڵ و بێباک و وای پێ باشترە لەبری ئەم بڕیار بدرێت. گەر هەڵبژاردنی پیشەکەی لە دەستی خۆیدا با، ئەوا دەبووە ئەستێرەناس و چ باشتریش کە نەبوو. ئاخر باوەڕە زانستییەکانی وی، بەخەیاڵی سەیر ئاوێتەن و خۆ گەر کەسێک باش نەیناسێ و گوێی لێببێ، ئەوا لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەم جەنابە بەڕێزە – بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەکرە و دەزوو، لە هەندەران خوێندن تەواو کردوو، لە ڕاستیدا کەمێک حەپ و حۆل – هەروەکو زۆربەی خەڵکیی، شەڕو شۆڕش لە تەرزی بیرکردنەوەیدا بێ کاریگەریی نەبووە. هەرچییەک بێ، ئەمیر عەلی خۆشیی لە گۆڕینی ناو نایەت و پێی دڵتەنگ دەبێت، هەرجارێک کە ژنەکەی، بەمەلەک ئاهوو بانگی دەکات، ئەوا ئاسکێکی ترساو و هەڵ لەرزیو لەبەر چاوانیدا وەدیاردەکەوێ کە ڕاویان کردووە و دەیانەوێ کوت کوتی کەن.

مەلەک ئازەر ژنێکی بەمشوور و ئاقڵە، ئەندازە و پێوانەی شتەکانی بەدەستەوەیە، بەر لە قسان کردن بیردەکاتەوەو هەستی گرد و کۆیە، بەڕوواڵەت سارد و خۆپارێزە و بەڵەد نییە لە دڵەوە پێبکەنێ یاخود خەڵکانی تر بخاتە پێکەنین. جڵەوی خۆی دەگرێ و زات ناکات خۆی تەسلیمی خواستەکانی دڵی بکات، یاخود خواستە ساکارە جەستەییەکانی – وەک درێژکردنی قاچێکی کاتێ خەو بردوویەتییەوە، یان پاڵ دانەوە و بەئیسراحەت دانیشتن لەسەر کورسی، یاخود داخستنی پێڵوو لە حەژمەت خەو و شەکەتیی. جەستەو بیر و هۆشی بەدوو هەزار یاساوە ڕایەڵە، دوو هەزار تێبینیی و حەزەر و دوودڵیی، دوو هەزار وەسوەسە و ترس. تەنانەت ناتوانێ بەشووەکەی بڵێ کە ئەوی تا ڕادەی شێتبوون خۆشدەوێت. ئاخر "شێتیی "لەمێشکی ویدا وشەیەکی قەدەغەو ترۆیەو شانازییەکی بۆماوەیی دەست و پێی بەخۆیەوە شەتەک داوە. ئەمیر عەلی، پێچەوانەی ڕوواڵەتە خۆپارێزانەو پاکژەکەی، ئەهلی حیساب و کیتاب نییە. جێگەیەک لە ڕۆحیدا کێوییە و ئەگەر لێیگەڕێن ئەوا سەر لە کێو و بیابان دەردێنێ، سەر لە شارگەلی نەناسراو و قەبیلەگەلی سەرەتایی دەردێنێ. بەلامەوە سەیر نابێ ئەگەر ئێسقانەکانی وی لەدارستانەکانی ئەفەریقا یاخود نێزیک قوتبی باکور بدۆزرێتەوە. سەرم ناسوڕمێ گەر بژنەڤم بەکەشتییەکی فەزایی سەفەری بۆ هەیڤ یان هەسارەیەکی دوورتر کردووە. هەموو کارێک لەم پیاوە بەڕوواڵەت هێمن و بێدەنگە دەوەشێتەوە، هەر جۆرە کارێکی شێتانە. دەبێ هەمیشە سوژنی تێوە بژەنرێ و جڵەوی بگیرێ. مەلەک ئازەر دەزانێ چ بکا و



چۆناوچۆنیی جڵەوی بگرێ. ئەمیر ئاهوو بووەتە پیاوێکی ئاقڵ و گوێ ڕایەڵ و پێدەچێ لە ژیانی قایل بێت. لە دوورەوە تەماشای دەکەم. چاوەڕێم. وەک هەمیشە. بەشکم موجیزەیەک ڕووبدات. بەشکم دەرگایەک بکرێتەوە. ئەدی کام دەرگا ؟ نازانم. یان نامەوێ لە بارەیەوە بدوێم.

ئێمە لە کوێ بووین؟ خەریکبووین تەماشای ژن و مێردی لەپاڵ یەکدیدا خەوتوومان دەکرد. ئەمیر عەلی، بۆ یەکەم جار، لەسەر ئەو تەختە نوێنە پان و پۆڕە تل دەدا و خۆی گرمۆڵە کردووە. تینوویەتی، گەرمایەتی و لەپی دەستەکانی دەبرژێنەوە. پێدەچێ تای هەبێت. مێشوولەیەکی موزیڕ بەدەوری ڕوخساریا دەسووڕێتەوە و دوور دەکەوێتەوە. ئەمیر عەلی، نیوە خەوتوو، چاوەڕوانی هاتنەوە و شاڵاوی بێ ڕوحمانەی مێشوولەکەیە. کە هەست دەکات چ خەبەرێک لەو شاڵاوە نییە، ئەوسا هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشێ. چەرچەفەکە لەسەر خۆی لادەباو هەر ڕێک لەوکاتەدا، ویزە ویزی ترسناکی مێشوولەکە لەنێو کونی گوێیدا دەنگ دەداتەوە و بەنێوچەوان و ملییەوە دەدات. ئەمیر عەلی هێند تووڕە دەبێت کە بۆی هەیە شتێک هەڵگرێ و بیشکێنێت، شتێک وەک ئەو چل چرا گەورەیەی بەساپیتەی ژوورەکەدا هەڵواسراوە – بەو هەموو مەنگۆڵە و زەنگۆڵە و پلپلە و ئاوێزە بلوورەیەوە – یان کاسە گرانبەهاکەی سەر مێزە چکۆڵەکەی پاڵ تەختە نوێنەکە. ڕقی لەو کاسە دێرینە دەبێتەوە کە بۆنی پیریی و ڕۆژانی ڕابردووی لێدێت. تاکێکی ئەو کاسەیە لە ماڵی نەنکییەتی و مەرگ و کوێرەوەریی وەبیر دێنێتەوە. ئەمیر عەلی سروشتێکی هەستیار و ساکاری هەیە و عاشقی جۆرەکانی گوڵ و گیای ناو ماڵە – عاشقیی شتگەلێکە کە زیندوون و گەشە دەکەن. ئەو عاشقی هەوای ئازاد و ئاسمان و ئاسۆگەلی کراوەیە. حەز دەکات لەسەربان یان لە باخدا بنوێ و لەژووری ساپیتە نزم و قەرەباڵخ بێزارە. لەدڵەوە حەزدەکات تەواوی عەتیقەجات و کاسەو گۆزەی گرانبەها و تابلۆگەلی قاجار و شتی دێرینەی ژێر عەرد، لەسەر مێز و تاقەکان لابدا و گوڵ و گیا لە جیاتییان بڕوێنێ، حەز دەکات پەردەکان لابدا، تەختەنوێنەکەی بۆ نێزیک پەنجەرەکە بگوێزێتەوە و لە هەیڤ و ئەستێران ڕامێنێ و ئەوسا خەو بیباتەوە. بەڵام باشە، مەلەک ئازار بەگزادەیە. لەگەڵ قاڵیی ئاوریشمی و پەردەگەلی مەخمەلدا گەورە بووە و لە شوێنی چۆڵ و ژووری چۆڵدا، ترسی لێ دەنیشێت. ئەو وێنە ترسناکەی بەدیواری ژووری نوستنەوە هەڵیواسیوە (دیواری بەرامبەر)، وێنەی باپیرە گەورەیەتی کە بەدرێژایی شەو، بەروانینێکی بڕندە و هەڕەشەئامێزەوە لێی دەنۆڕێ. مەلەک ئازەر لەنێو ئەم قاپوقاچاخە

کۆنانەدا، کە میراتی باو و باپیرانین، هەست بەئاساییش دەکات و بەردەوام ئەم بارستە تەمەن چەندین سالانە، هێز دەدەنە دڵی. پەیوەندییەکی عاشقانەی بەم تشتانەوە هەیە و بەهی خۆیان دەزانێ. هینی خۆی.

ئەمیر عەلی لەو نیوەشەوەدا، گوڵ و گیای لە بیری خۆ بردۆتەوە و بیری تەنها لەلای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مێشوولە نەفرەتییەیە. بەتوندی بەنێوچەوان و ملی خۆیدا دەکێشێ. جەستەیەکی لینج و خوێناویی لەژێر پەنجەیدا هەستپێدەکا و زەردەخەنەیەکی بەرینی دێتێ. خۆی درێژ دەکات. باوێشکێکی گەورە دەدا و ڕووخساری بەداوێنی فێنکی سەرینەکەیەوە دەنووسێنێ. خەو لەودیو بیرو گۆشەی پێڵووەکانییەوەیەتی. نیوەیەک لە مێشکی خامۆش بووە بەڵام جەستەی نارەحەت و پەشێوە. دەستەکانی بێدارن و جێگەی سروشتی خۆیان نەدۆزیوەتەوە. چاوانی لێکنراون بەڵام چل چراکەی ژوور سەری دەبینێ و قورسایی ئەو حەمکە پلپڵە و گلۆپ و ئاوێزە بلوورینانە لەسەر سینگی هەست پێدەکات. بیر لە ئاسمانی ئەودیو ساپیتە ئەستوورە گەچکراوەکە دەکاتەوە، بیر لە فەزاگەلی کراوە، بیر لە ژووری کراوە و ئەگەری ژیان بەشێوەیەکی تر و لە جێگایەکی باشتر.

مەلەک ئازەر تل دەدات، سەر پەنجە تەزیوەکانی بەپێی شووەکەیەوە دەنووسێنێ و لەرزێک ڕۆدەچێتە جەستەیەوە. پشیلەکانی دەر و دراوسێ دەزریکێنن. بەسەر یەکدا باز دەدەن و پشیلە مێ بەناڵەیەکی بەسوێ تاکەکەی خۆی بانگ دەکات. ئەمیر عەلی دادەنیشێت. دڵی دەکەوێتە تەپە تەپ، هەناسەی دەرنایە. پێیوایە خواردنێکی خەراپی خواردووە و هەوکردنی سەیری جەستەی بەهۆی زۆر خۆریی و شەکەتییەوەیە. ئەو شەوە میوانیان هەبوو، ئەمیر عەلی، هەر لەسەرەتای خۆرئاوابوونەوە تا کاتی دانیشتن لەسەر سفرەی شێو، لێکدا لێکدا باوێشکی دەدا - لە باوێشکە زل زلە لە کۆتا نەهاتووەکان، لە قوڵایی دڵ و ڕیخۆڵەوە، هاواهەنگ بەکشان و هاتنەوەیەکی جەستە و ئاو بەچاودا هاتنە خوارەوە. ئاخر ئەو جۆرە باوێشکدانە (ئەو جۆرە وەک دێو باوێشکدانە) لەپیاوێکی بەنەزاکەت و شارستانیی وەک وی نەدەوەشایەوە. باوێشکی یەک لەدوای یەک، دە جار، لە میانی قسەی ئەم و ئەودا. میوانەکان لەژێر چاوەوە سەیریان دەکرد و ئەمیر عەلی، شەرمەزار، دەستی گرتبوو بەدەمیەوەو زۆری لەخۆی دەکرد تا دەمی بەداخراوی بمێنێتەوە. گەر لێگەڕابان ئەوا سەری دەنایە سەر مێزەکە و دەنوست. هەرچییەک بێ، خەو بردنەوەی خانەخوێ لەبەردەم میواندا شتێکی جوان نییە. ئەمیر عەلی نیگای سەرزەنشت ئامێزی



ژنەکەی لە دوورەوە هەستپێدەکرد و بەخۆیدا شکایەوە. یەک دوو جار، لە هەوانتە پێکەنی - پێکەنینێکی نابەجێ و بێ گیان - و دەربارەی باسێکی جیدیی، ڕایەکی هەڵێت و پلێتی دا. پێڵووەکانی، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەدا کە دەیدا تا بەڕووالەت بەئاگا و بێدار بنوێنن، کەچی بەسەر یەکدا دەکەوتن و بەزەحمەت چاوانی بۆ دەکرانەوە. زەق زەق لە دەموچاوی میوانەکانی دەنۆڕیی (واتە من بێدارم و دڵم لاتانە) و سەری بەئاماژەی ڕەزامەندی دەلەقاند. حاڵەتێکی تایبەتیی هەبوو. وای هەستدەکرد کە شتەکانی دەوروبەر، دەفرەکانی سەر مێزەکە، پارچە گۆشتی مریشک لەناو قاپە کاشییەکەدا، ئاوێزە بلوورینەکانی چل چراکە لە حاڵەتی زۆربووندان و دڕدۆنگییەکی سەیر لە دڵیدا پێچی دەخوارد. میوانێکی لایەوە خەریکی خواردن بوو بەڵام قاپەکەی هەر تەواو نەدەبوو. هەرجارێک ئەمیر عەلی لە قاپەکەی ئەو نەفەرەی دەنۆڕی، دەیبینی هەموو خواردنەکە لە جێی خۆیدایەتی، پەتاتە، ڕانی مریشک، گەڵا کاهوو، برنج و توور. لەوەش خەراپتر پاروەکەی دەمی بوو کە قووتی نەدەدا، دەیجوویی، لەم لای گوپییەوە دەیبردە ئەولا، دەیسووڕاندەوە و هەمدیس دەیجووییەوە. ئەمیر عەلی وەزعی کەسێکی هەبوو کە شەرابێکی خەراپی خواردبێتەوە، یاخود دەرمانێکی بەهەڵە خواردبێت. چاوانی لێکنا. یەک چرکە، خۆنەویستانە خەوی لێکەوت و سەری بەسەر سینگیدا کەوت. جەستەی شل بوو. لەوەدا بوو لەسەر کورسییەکەی بکەوێتە خوارەوە، کوت و پڕ لە خەو ڕاچڵەکی و گێژ و وێژ لەدەوروبەری خۆی ڕووانی. خاتوونێک گوتی "(وای!) و کەسێک پێکەنیی. چاوانی مۆنی مەلەک ئازەر وەک تیرێکی ژەهراویی، بەلای پەرداخگەلی کریستاڵیی و بەژوور سەری میوانەکانا تێپەڕی و بەدڵی ئەمیر عەلیدا چەقی. ئاخر ئەوە یەکەمین جاربوو شووە بەنەزاکەت و شارستانییەکەی جووڵەی ناماقووڵ و دوور لە ئەدەبی موعاشەرەت بنوێنێت. میوانەکان بۆ لەبیر بردنەوەی مەسەلەکە، شاڵاویان بۆ جووجە کەبابەکە برد و کەسێک چەند نوکتەیەکی کۆن و دوورودرێژی گێڕایەوە کە هەمووان سەدان جار گوێیان لێبووو، بەوپەڕی تینوتاو گێڕایەوە. خۆی خەریک بوو لە پێکەنینا ژانی دەکرد و ئەوانیتریش بەزۆر خۆیان هێنایە پێکەنین.

ئەمیر عەلی بەخەواڵوویی و سستییەکی قورس کە وەک مۆتەکە بەسەریدا کەوتبوو، خەریک بوو سەر چیغ دەچوو. هەستی دەکرد باوێشکی قورستر لە باوێشکەکانی پێشوو لە قوڵایی ڕیخۆڵەیەوە هەڵدەستێ و بەرەو قوڕگ و دەمی بەرزدەبێتەوە. توند لێوی کلۆمدا، پەڕەکانی کەپووی کرانەوە و گۆناکانی وەک دوو میزەڵانی تەنک، فوویان تێبوو.

له خۆوه دەستی ڕایەڵ کرد و دەسەسڕی سەر سفرەی خاتوونەکەی تەنیشتی هەڵپچوڕقاند و ترنجانییە دەمییەوە. بەوەشەوە، دەنگێکی سەیر، دەنگێک وەک باعە باعی مەڕێکی بەستەزمان، لەقوڵایی گەرووییەوە هاتە دەرەوە و قسەی بەژنەکەی بڕیی. بێدەنگیی باڵی کێشا و مەلەک ئازەر بەدرۆوە پێکەنی. کاشیی زەڵاتەکەی گێڕا و بەلاساریی و حیرسەوە، کەوچکێک لە شلەی فیسینجانی کردە قاپی ئەم و ئەوەوە. لە زەنگی دەرگا درا. خانمێکی گەنج، پەشێو و تووڕە، بەهات و بات و قیژ قیژە قیژ و ناڕەزایەتییەوە هاتە ژوورەوە. سەرپۆش و پەچەکەی بۆ گۆشەیەک تووڕ هەڵدا و تەواوی گوناهەکانی دونیای خستە ملی شووە بێ غیرەت و بێ ناموسەکەی. ڕوونبۆوە کە خانم، لەبەردەرگای ماڵی خۆیاندا و ئەو کاتەی کە ویستوویەتی سواری ترومبێلەکەی بێت، بەتاوانی نەپۆشینی پەچە، گیراوە – قسەیەک لەم و قسەیەک لەوان. ئیدی خانم هەرچەندێک لە زەنگی دەرگاکەی ماڵی خۆیانی داوە کەس دەرگای نەکردۆتەوە. ئاخر شووەکەی خەریکی پاککردنی ترێ بووە بۆ ئەوەی بیکاتە شەراب و نەیوێراوە دەرگاکە بکاتەوە. خانم ناچار دەبێ پەنا بۆ دراوسێکانیان بەرێت. دراوسێی دەستە ڕاست، دەرگاکەی کەلا کردووە. بەچاو و ئیشارەت خانم تێ گەیاندووە کە میوانی هەیە و میوانەکەشی خەریکی تریاک کێشانە و ئیدی بەپەلە دەرگاکەی داخستۆتەوە. دراوسێکەی لای چەپیشیان (خودا بۆ خۆی دەزانێ خەریکی چ بووە) دەرگاکەی نەکردۆتەوە. خۆشبەختانە، ناسیاوێک لەوێوە ڕەت بووە. لەگەڵ پاسدارەکانا دوواوە. ناسنامە و مۆڵەتنامەی شۆفێرییەکەی بەبارمتە داناوە و لێکۆڵینەوەکە بۆ کاتێکی تر هەڵگیراوە.

پیاوەکان حەقیان دایە شووە ئاقڵە کار قایمەکەی. هەرکەسێکی تریش لە جێی ئەو با، هەر دەرگاکەی نەدەکردەوە. خانمی تووڕە چاوی پەڕییە پشتی سەری و زیاتر هەڵچوو.

گوتی: "من بام دەرگام دەکردەوە تەنانەت گەر سوور بیشمزانیبا دەگیرێم. ئەم شۆڕشە دەستی زۆر کەسی خستە ڕوو. بەتایبەتی دەستی ئێوە ئەی پیاوە ترسنۆکە پووچەکان!"

پیاوە پووچەکان پێکەنین و چاویان لە یەکتر داگرت و لەسەر چێشت خواردنەکەی خۆیان بەردەوام بوون. خانمەکانی تر دەرفەتیان قۆستەوە و کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر شووەکانیان. سەری تۆمەت و گلەیی دامەزرا.

خانمەکان گوتیان: "ئەوە ئێمەین کار دەکەین. (ڕاستیان دەکرد، یەکێکیان جلکی منداڵانی دەدووریی. یەکێکی تریان شیرینی دروست دەکرد و کتێبی تەرجومە دەکرد و



ڕەخنەی سینەمایی دەنووسیی، یەکێکی تریان بووکی دەڕازانەوە و زوبانی ئینگلیزیی دەگوتەوە) کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبەین و بەرپرسیاریی لە ئەستۆ دەگرین. ئێوەیش ئەی جەنابە بەڕێزەکان، هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە خۆتان دۆڕاند، هەزار نەخۆشیی دەروونیتان گرت و بەدیار مەقەڵییەوە لوولتان خوارد."

پیاوەکان لەبری بەرگریی لەخۆ کردن، زەردەخەنەیان هاتێ و سەریان بەنیشانەی یەکگرتوویی و هاودەردیی بۆ یەکتر، لەقاند.

ئەمیر عەلی ئەو دەرفەتەی قۆستەوە. هەستایە سەرپێ و بۆ دەستشۆرییەکە چوو، سەری خستە ژێر ئاوە ساردەکەوە. قۆپچەی یەخەکەی ترازاند. هەناسەی قووڵی دا، هێورتر بۆوە و وردە وردە باوێشکدانەکەی نیشتەوە. مەلەک ئازەر بەنیگەرانییەوە، لە دەرگای دەستشۆرییەکە نێزیک بۆوە.

پرسیی: "ئەوە چ دەکەیت؟ "وایگوت و دەسکی دەرگاکەی بادا.

ئەمیر عەلی لە بری وەڵام، سیفۆنی ئاودەستەکەی ڕاکێشا.

مەلەک ئازەر نیگەران تر بوو. لە دەرگاکەی دا، خەریکبوو دەسکی دەرگاکە بشکێنێت. دەنگی تەپەی پێیەک هاتە گوێی. ئاوڕیدایەوە و لە دواوەی ڕووانی. دەسەسڕێکی لە گیرفانی تەنوورەکەی دەرهێن او لەسەرخۆ هنگێکی کرد. زەردەخەنەی هاتێ و داوای لێبوردنی لەو میوانە کرد کە دەیویست بۆ دەستشۆرییەکە بچێت. میوانەکە پەلەی بوو. پرسیی چما دەتوانێ دەستشۆرییەکەی سەرەوە بەکاربێنێ؟

مەلەک ئازەر گوتی: "بەڵێ، بێگومان!" وایگوت و هەر لەگەڵ دوورکەوتنەوەی میوانەکەدا، دیسان لە دەرگای دەستشۆرییەکەی دایەوە.

هەمدیس گوتی: "وەڵام بدەوە، باشیت؟"

یەکەمین جار بوو ئەمیر عەلی کاری ئاوها گێلانەی لێ دەوەشایەوە. دانەوییەوە. لە کونی کلیلەکەوە تەماشای کرد. لە پشتێنە بەرەو ژوورو دەستی ئەوی بینی و دەنگی کۆکینەکەی هاتە گوێی. ئەدی بۆچی وەڵام ناداتەوە؟ میوانەکان بانگیان دەکرد. ناچار بوو بگەڕێتەوە.

ئەمیر عەلی قەیرێک ئارامی گرت و پاشان، بەکاوەخۆ، سەرێکی لە دەرگاکەوە هێنایە دەرێ. کە بینی چ کەسێک لەو ناوەدا نییە. لەسەرخۆ، بێ هات و بات هاتە دەرەوە. چوو

بۆ حەوشە و لەودیو درەختەکانەوە ڕاوەستا. سستییە قورسەکەی چەند دەقیقە لەوە و پێش، کە وەک دەرمانێکی بێهۆشکەر جەستەی سڕ کردبوو، لەسەر مێشکی هەڵگیرا و لە جێی ئەوە نەوایەکی هێور و شیرین خۆی هەڵخست. گەڵایەک بەسەر سەریدا کەوتە خوارەوە، سووڕایەوە، بەسەر نووکی کەپوویدا خلیسکا و لەسەر پێڵاوەکانی کەوت. شنەیەکی تەڕ لە ڕووخساری دا و لەرزێکی خۆش بەژێر پێستیدا ڕەتبوو. هەناسەی تێهاتەوە. شەوێکی ڕووناک و ئەستێرەی حەوتەوانەی ئەبەدیی، درەوشانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. کەسێک لە قوولایی سەریدا گۆرانییەکی دێرینی لەژێر لێوەوە دەچڕی و کەسێک لەودیو پێڵووەکانییەوە لە ئاسمانی دووری دەنۆڕیی. بۆنێکی خۆش لەوسەری حەوشەوە دەهات، لەودیو دیوار و باخی ماڵەکەی دراوسێیانەوە. ئەستێرەکان، ئەستێرەگەلی خوشک. لە شوێنێکدا خوێندبوویەوە کە ئینسان لە هەسارەی گەردوونییەوە لە دایک بووە و هەسارەکانی ئاسمان، قەومگەلی یەکەمینی ئینسانەکانن. کە مناڵ بوو لە سەربان دەنوست و ئەستێرەکانی دەژماردن، دەیژماردن، دەیژماردن تا ئیتر سەری لەگێژەوە دەهات و بیری دەچوو لە کوێدا بووە. ئەوسا لە سەرەوە دەکەوتەوە ژماردن، ئەمجارەیان لە لایەکی تری ئاسمانەوە دەکەوتەوە ژماردن. ئەمیر عەلی هەیڤ زەدە و ئەستێرە باز بوو. سەر بەدەرەوە بوویی ئەو، لە ئەڤینییەوە بوو بۆ ئاسمان و ڕوانین لە ڕووداوگەلە گەردوونییەکان. ویسعەتی ئاسمان لەمێشکیدا جێی نەدەبۆوە و دڵی دەیخواست سەر لە نهێنییە مەحاڵەکان دەربێنێ. یەکەمین دیاریی کە بەبۆنەی چواردەیەمین ساڵ وەگەڕی لە دایک بوونییەوە پێم بەخشیی، تەلیسکۆپێکی چکۆڵە بوو کە ساڵەهای ساڵ لە تاقی پەنجەرەی ژوورەکەیدا داینا. سێزدە چواردە ساڵ زیاتر نەبوو کە نیمچە فەیلەسوفێک بوو بۆ خۆی. لە مناڵەکانی هاوتەمەنی خۆی، یەک سەر و مل، بەژن زراڤ تر و هەزار فەرسەخ پێشڤەتر بوو. پێشڤەتر لە نەزەری ئەقڵ و زانستەوە. ڕوانینی خەڵکانی گەورەی هەبوو، خەڵکانی گەورەی بیریار. هەمیشە سەری لەنێو کتێباندا بوو، کتێبگەلی مێژوویی – مێژووی میسری دێرین و شارستانییە سەرەتاییەکان – مێژووی خەلیقەت و سەرەتای ژیانی ئینسانیی. یەک ساڵ لەمن چکۆڵەتر بوو، بەڵام جۆرێک ڕەوتاری دەکرد کە وەک بڵێی ئێمە، کوڕە نازدارەکانی کۆڵان، پاڵەوانانی تۆپ تۆپێنی گەڕەک، لە قسە گرینگەکانی وی تێنەگەین و خاوەن تێگەیشتن و شعورێکی ئەوتۆ نەبین. فیز و بەخۆدانازینی نەبوو. ئاوهایی بوو – بێدەنگ و گۆشەگیر– و ئاوها قەبوڵمان بوو. میهرەبان و جوان و کاری بەکاری کەسەوە نەبوو. نوقووم لە دونیای خۆدا و لەو دونیایەدا



سەفەری بەم لا و لای دونیادا دەکرد. خەریتەی جیهانی بەدیواری ژوورەکەیدا هەڵواسیبوو. ناوی تەواوی شارەکان، بەندەرەکان، تەنانەت ناوی دوورگە چکۆڵەکانی نێو ئۆقیانووسە دوورە دەستەکانیشی دەزانی. بەقەڵەمی سوور بازنەی بەدەوری هەندێ شار و بەندەر و دوورگەدا کێشابوو. چاوانمان لێکدەنا. ئەمیر عەلی ڕێنوێنی سەفەرەکە بوو. ئەو بوو بڕیاری دەدا بەرەو کام لا بڕۆین. لە تارانەوە بەترومبێل بەرەو تورکیا. جادەی خۆڵ، چیاکان، چایخانەکانی سەر ڕێگە و منارەکانمان لە زەینماندا بەرجەستە دەکرد. لە گریکستان هەر لای سنوورەوە، ئەمیر عەلی تەواوی ئەو جێگەیانە بەڵەد بوو کە شایستەی بینن، پەرستگا و ساختمانە مێژوویەکان. دەیگوت بنۆڕە، باش بنۆڕە، منیش گێژ و وێژ لە دووی دەڕۆیشتم و شتێکی ئەوتۆم نەدەبینی. ماندوو دەبووم و خەو زۆری بۆ دەهێنام. پێم باشتر بوو لە هەمان جێگەدا بمێنمەوە. هەمان جێگە کەناوی نیشتیمان و خەڵکەکەی بەزوبانەکەی من دەدوان. ئەمیر عەلی، تەنهای تەنها درێژەی بەسەفەرەکەی دەدا. هەموو ئەورووپا بەقیتار دەگەڕا، دادەبەزی، دەستی لە ترومبێل ڕادەگرت و سواری لۆریی دەبوو، خۆی دەگەیاندە کەنارێکی شینی فەرەنسە. لەوێ سواری کەشتی دەبوو، بەرەو ئەمەریکا دەکەوتە ڕێ، دوای ئەوێش ئەمەریکای باشوور و جارێکیشیان ئەفەریقا. خۆی لەمن نەدەگەیاند، ئاخر دەیزانی کە من هاوسەفەرێکی ترسنۆک و بەمشوورم. وازی لێدەهێنام. بەڵام هەمیشە دایکی لەگەڵدا بوو، دایکی هاوسەفەرێکی هەمیشەیی وی بوو. بۆ هەر کوێیەک چووبا، ئەویشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و ئەوە مەرجی گرینگی سەفەرەکەی بوو، سەفەرگەلە خەیاڵییەکانی.

لەودیو پەنجەرەکانەوە، دەنگی قاقای پێکەنین و زرنگە زرنگی کەوچک و چەنگاڵی زیوین دێت، دەنگی دەرگایەک دێت کە بەردەوام دادەخرێ و دەکرێتەوە، دەنگی ڕستەیەک کە تەواو بوونی نییە، ڕستەیەک کە بۆی هەیە تا بەیانی ڕۆژی دوایی و دوای و دواتر، هەروا درێژەی هەبێت. ئەمیر عەلی لە گەڕانەوە بۆ ژووری میوان و دانیشتنەوە لەگەڵ ئەو جەمعەدا، دەترسا. ئاخر دڵنیا بوو کە هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا، هەمدیس باوێشک هوروژمی بۆ دێنێتەوە و خەوی لێدەکەوێتەوە. بەڵام جگە لە گەڕانەوە، چ ڕێگە چارەیەکی تری نەبوو. دەیزانی کە مەلەک ئازەر، بەنائارامیی چاوەڕێی ئەوە و ڕەوتارەکەی قابیلی چاو لێ پۆشین نییە. حەجمینی نەبوو، سووڕێکی بەحەوشەدا لێدا، هێشتا هەر دوو دڵ بوو. لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستا و لەودیو پەردە تۆڕییەکەوە سەیرێکی ژوورەوەی کرد. نا، نەیدەویست بگەڕێتەوە. میوانەکان سەرگەرمی قسان بوون و مەلەک ئازەریش بەدوایدا

دەگەڕا. ئەمیر عەلی خێرا خایلە پەرتەوازەکانی گردکردنەوە. گەڕایەوە بۆ ژوورەوە و بەزۆر، بەدەمی داخراوەوە، زەردەخەنەیەکی بۆ میوانەکان کرد. وا خۆی نواند ئەو بابەتەی مەتڵەبە کە ئەمان وتوویژی لەبارەوە دەکەن و سەری بەنیشانەی قایل بوون و دژ بوون (یانی من گوێم لە هەموو قسەکان بووە و هەر لێرە لەگەڵ ئێوەدا بووم) لەقاند. میوانەکان هەستیان کرد وەزعی ئەمیر عەلی باش نییە و لەکاتی قسەکردن لەگەڵیدا - قسەکردن لە بارەی بابەتێک کە هەر ئەلعان دەستی پێکردبوو - کورتیان هێنا، ئیدی ناچار سەری قایل بوونیان بۆ قسە ناکۆکەکانی وی لەقاند و حەقیان بەودا.

مەلەک ئازەر لەو ژنە ئارام و ئاقڵانە بوو کە گوشاری نەدەنواند. لێگەڕا تا شووە منالەکەی، لە دەرفەتی گونجاودا، سەری قسان دامەزرێنێ و ناڕەحەتیی و گرفتارییەکەی خۆی بۆ باسکات. ئاخر کێ باشتر و میهرەبانتر بوو لەو. ئەی مەگەر نیوەی ناوەکەی خۆی بەو نەبەخشیبوو؟ نیوە گرینگەکەشی؟ ئەدی مەگەر مەلەک ئاهوو، کوتێک ژیان لە بوونی وی نەبوو؟ وەک دەست و پێی؟ وەک دڵ و مێشک و فیکری؟

با بگەڕێینەوە جێگای یەکەممان. مەلەک ئازەر نوستووە و خەوی شیرین و ئارامی وی، شووەکەی ئازار دەدا. ئەمیر عەلی گینگڵ دەدات. وەزعی خەراپە و نازانێ چۆناوچۆنیی ئەم وەزعە خەراپە ڕاڤەکات. جۆرێک دڵ تێکەڵاتن و پەشێوییەکی بێ وێنە لەنێو ڕیخۆڵەکانیدا پێچ دەخوات. بێ خەویی ئەزموونێکی نوێیە و دەیترسێنێ. بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ژنەکەی نوستووە و ئاگای لە ناڕەحەتیی ئەم نییە. حەز دەکات پەنجەرەکە بکاتەوە. پێویستی بەهەوای تازەیە و حەز دەکات بەڕووناکیی و لە نێو ڕووناکیدا بنوێ. بەڵام مەلەک ئازەر بەکەمترین دەنگ یان پڕشنگی ڕووناکیی خەبەری دەبێتەوە، گەرچی بەمۆمی نەرم گوێچکەی دەئاخنێ و بەدەسەسرێکی ڕەشیش چاوانی دەبەستێ. ناڕەسەنیی ئەمیر عەلی، دەقیقە بەدەقیقە زیاتر دەبێ. برینێکی چکۆڵە، لە ناوەوەیڕا هاتۆتە سوێ. گەرما و مێشوولە و زۆرخۆریی، بیانوون. لە قووڵایی دڵەوە دەزانێت کە هۆی وەزعی خەراپ و دڵ تێکەڵاتنەکەی، نامەیەکە کە بەیانیی ئەو ڕۆژە، بەزۆر و بەپێچەوانەی خواستی ناوەوەی خۆیەوە، بۆ کەسێکی دەسەڵاتداری، لە دایرەیەکی حکوومییدا نووسیوە. نامەیەکی پڕ مامە حەمەیی، سەراپا درۆ، بەپێشنیازی بەرتیل دان و بەڵێنی ئەڵقە لە گوێیی. ئاخر وەزعی کۆمپانیاکە باش نییە و نووسینی ئەم جۆرە نامانەش شتێکی پێویستە. لەوەش سەختتر بەشداری درۆزنانەی لە نوێژی جومعەدا. براکانی مەلەک ئازەر زۆریان لێکردبوو کە دەبێ خۆی پێشان بدات. گرینگ نییە سوورەتەکان نازانێت، هێندە بەسە کە پێ بەپێی ئەوانی تر دانەوێتەوە و ڕاستبێتەوە. هەمان ئەو شتەی کە فڵان و فیسار دەیکەن. ژمارەی ئەو فڵانە ساختانە زۆر نەبوون. ئاخر زۆربە، موسوڵمانی ئیماندار بوون و دوعاکانیان لە قوڵایی دڵەوە بوو. براکانی مەلەک ئازەر کراسی ڕەشیان لەبەر دەکرد و تەسبیح بەدەست، دەچەمینەوە و ڕاست دەبوونەوە. جووڵەیان هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوانی تردا بوو. دیار بوو کە جارەهای جار پەراوەیان لەسەر کردبوو. بەمۆنییەوە لە ئەمیر عەلییان دەنۆڕی و بەچاو و برۆ و جووڵەی تووڕە، لێیان دەپرسی: چ مەرگتە؟ بۆچی وەستاویت و تاس بردووتییەتەوە؟ تەماشای کێ دەکەیت؟ حەواست لە کوێیە؟ دانەوە، بچەمێوە. دوعا بخوێنە و لێوت بجووڵێنە. ئەوە چ دەکەیت؟ بۆچی سەرت لەسەر بەردە نوێژەکە ماوەتەوە؟ هەستە. بۆچی پشتت کردووە؟ وا خەریکن سەیرت دەکەن. وا پێیان زانیت. گێلە، گەمژە، وڵاخ. بجووڵێ.

ئەمیر عەلی، سپیی وەک گەچ و شەڵاڵ لە ئارەقە، گینگڵی دەدا و لەگەڵ جەستەیدا کەوتبووە شەڕەوە. ڕەوتارەکەی بەئەنقەست نەبوو. ئاخر نەیدەتوانی لە کاتی خۆیدا و پێ بەپێی ئەوانی تر دانەوێتەوە و ڕاستبێتەوە. نێوقەدی، پا و سەری، بەقسەیان نەدەکرد. وەک بڵێی ئەندامەکانی جەستەیان بەگوریسێکی نەبینراو، شەتەک دابێ و سەری گوریسەکەش بەدەستی سیحربازێکی نادیارەوە بێت. ڕەنگبێ ترسابێ یاخود شەرمی کردبێ؟ ڕەنگە حەپ و حۆل بووبێ؟

دوای تەواوبوونی نوێژ، برا تووڕەکان یەخەیان گرت و بەپرسیار دایانگرتەوە: ئەرێ ئەوە شێت بوویت؟ ئەوە چ بوو کردت؟ دەتەوێ بتگرن و لە زیندانت بئاخنن؟ دەتویست گەمە بەگیانی خۆت و حەیای ئێمە بکەیت؟ ئەمیر عەلی گێژ و وێژ و شەکەت، تێکەڵ و پێکەڵییەکی گەورە لە سەریدا خوولی دەخوارد. نەیدەزانی چۆن پاکانە بکات. هەورێکی قورس لەسەر بیری نیشتبوو، ڕووداوەکانی بیر نەدەکەوتنەوە. لەو دەقیقەیەوەی چووە ناو جەمعەکەوە تا ساتی هاتنە دەرەوەی، قسەکان، دەنگەکان، جووڵانی جەستەکان، دانەوینەوە و ڕاستبوونەوەکان، دەتگووت هەر هەمووی لە خەوندا ڕوویانداوە، لە زەمەنێکی وندا کە ڕایەڵ بەواقیعییەتی بەیانی ئەو ڕۆژەوە نەبوون. وەزعی خۆیشی سەیر و سەمەرە (بیرەوەرییەکانی ئەمیر عەلی تێکەڵ و پێکەڵە و دیارە ناتوانێ مەبەستەکە ڕوون کاتەوە) تەنها یەک تشتی بیردێتەوە و لێکدا لێکداش دووبارەی دەکاتەوە: "بە

دەست خۆم نەبوو!" هەر ئەوەش بەمەلەک ئازەر دەڵێ و دڵنیاشم، کە لەم ڕستە بەڕووالّەت ساکارەوە (بە دەستی خۆم نەبوو)، ئەو ڕستەیەی کە ئەوانیتر بەجیدی وەریان نەگرت و پەییان بەگرینگیی و بەمانا ئازاراوییەکەی نەبرد، ڕووداوەکانی دواتر کەوتنەوە.

ئەمیر عەلی دەزانێت کە نیوەی زیاتری قسەکانی لە ناچارییەوەیە، لە ڕووی ترس و حیساب و کیتابەوەیە. باوەڕی بەو کارە نییە کە دەیکات بەڵام قەیدی ناکا، زۆربەی خەڵکیی لە ڕووی ناچارییەوە کار دەکەن و ڕێگە چارەیەکی تر شک نابەن. مەلەک ئازەر ئامۆژگاریی دەکا و قسەکانیشی حیسابیین: "سیاسەت، بازرگانیی، تەنانەت ڕەفاقەتیش پێویستی بەدرۆی چکۆڵە چکۆڵە هەیە، درۆگەلی بەرژەوەندیی ئامێز. تێدەگەیت ئازیزم؟ "ئازیزم تێناگات بەڵام بەربەرەکانیی نانوێنێت. ڕقی لە قسە و باس و بەحس و جەدەلی بێزارکەرە. مەلەک ئازەر لە کاتی ئاخاوتندا ڕیز ڕیز قسان دەبێژێ و هۆشی ژنانەی تیژە. دەتوانێت بابەتەکە ئاڵۆزکاو دەشزانێت چۆناوچۆنیی خۆی بپەڕێنێتەوە. دەتوانێت لە کاتی خۆیدا دەنگی بەرز و نزم بکاتەوە، دەشزانێت چلۆن لە کاتی خۆیدا شاڵاو بەرێ و لە کاتی خۆیدا پاشەکشە بکات. ئەمیر عەلی توانای دەمەدەمێ یان تاقەتی بەرپەرچدانەوەی وی نییە و خۆی بەدەستەوە دەدات. مەلەک ئازەر ژنێکی باشە، هەزار باشیی هەیە. دەتوانرێ پەنای بۆ ببرێ و متمانەی پێ بکرێت، ئەمیر عەلی پێویستی بەقودرەتی ژنانە و بەدەنی تۆکمە و جێ پشتیوانی ویی هەیە، وەک جۆرێک لە خوو گرتن. خۆ بەنووسینی چەند نامەیەکی مامە حەمەییانە و چەند جارێک کڕنۆش بردن و خۆ چەماندنەوە، ئەویش بۆ خاتری مەلەک ئازەر و ناو و ناوبانگی کۆمپانیا بازرگانییەکەی ویی، قیامەت هەڵناسێت.

خەراپترین شت بیرکردنەوەیە لە تاریکیدا. ئەمیر عەلی هێور هێور هەناسە دەدات، جووڵەی بۆ ناکات. دڵنیایە کە چەند دەقیقەیەکی تر خەو دەیباتەوە. دەستی مەلەک ئازەر کەوتۆتە سەر شانی و ئەم دەستەش، بەپێچەوانەی هەمیشە، سارد و هەراسان کەرە. دەنگە دەنگەکەی ئەو شەوە، قسەکان، پێکەنینەکان، زرەی پەرداخەکانی لە گوێدا ماون. وای چەند ڕقی لەو میواندارییە بێزەوەرەیە. هەمان خەڵک، هەمان بەحس و جەدەلی سیاسیی، هەمان خواردن، هەمان مەزەی دووبارە. وەک دەرزی گرامافۆنێکی کۆن، گەیشتوو بەکۆتایی شریتێکی ڕووشاو، لەسەر دوواین هێڵ گیری کردووە، لەسەر دوواین دەنگی بێ مانا.



مەلەک ئازەر، پێچەوانەی شووەکەی، عاشقی میوانداریە. بەرگەی تەنهایی و لە ماڵەوە مانەوە ناگرێت. قورسایی دڵەڕاوکێ ئامێزی دەقیقەکان و ئامادەیی هەستپێکراوی زەمەن ئازاری دەدەن. بیر لە ئایندە دەکاتەوە و دڵی تەنگ دەبێت. پیریی لە مردن زیاتر دەیترسێنێت. حەز دەکات خۆی بڕازێنێتەوە و ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە. حەز دەکات خەڵکانی تر تەماشای بکەن و ستایشی جوانییە ئەبەدییەکەی کەن و بەخۆڵەمێشی جووانییەکەیدا هەڵبلێین. درۆکانیان هێزی پێ دەبەخشێت. واقیعییەتی بوونی وی، ڕایەڵە بەسەرنج و ستایشی ئەوانی ترەوە.

ئەمیر عەلی هەمدیس ویزە ویزی پێ هەڵچەقینانەی مێشوولەکە دەژنەڤێ و گوژم دەخواتەوە. ئەدی کوا؟ دەستی ئامادەی شاڵاو بردنە. چاوە داخراوەکانی لەتاریکیدا بەدوای ئەو مێرووە خوێن مژەدا دەگەڕێن. چەرچەفەکە لەسەر ڕوخساری لادەبات. خەریکە خەو دەیباتەوە کە مێشوولەکە بەپاژنەی پێیەوە دەدات. ئاخر پێی لەژێر چەرچەفەکەوە بردووەتە دەرێ و دوژمنیش شاڵاوی بۆ هەمان جێگا بردووە. تشتێکی گرینگ و گەورە نییە. پێوەدانی مێشوولەیەکی ناچیزەیە، بەڵام ئاخر جاروبار ڕووداوی گەورە بەڕووداوی چکۆڵە دەست پێدەکات. لەو تاریکاییەدا، لەو پشێوییە زەینی و لەو بێخەوییەدا، ئەمیر عەلی پێیوایە دوژمنێکی نادیار لە دواوە شاڵاوی بۆ دێنێ. خووررووی پێی لەژێر پێستەکەیدا دەبێتە ئێشێکی بەسوێ. دادەنیشێت، شەڵاڵە لە ئارەقە. تیرێژێک ڕووناکیی سپیی، لە درزی پەردە مەخمەلییە قورسەکانەوە کەوتۆتە سەر چەرچەف و ڕوخساری مەلەک ئازەر. تەماشای ژنەکەی دەکات و دڵی دادەکەوێت. هەست دەکا دەمی کراوەی ژنەکەی خۆش ناوێت. هەست دەکات شێوەی ئەو نییە، ئەوی هەموو ڕۆژەکان، ئەوی کاتی بێداریی. شێوەیەکی تر - شێوەیەکی پیرتر - جێ نشینی ڕوخساری هەمیشەیی ژنەکەی بووە و ئەم قلافەتە بەمەزەندەی ئەمیر عەلی، هی کەسێکی غەریبەیە. ئاخر هەر مرۆڤێک لە خەو و لە تاریکیی یان لەژێر تریفەی سپیی مانگدا ڕوخساری دەگۆڕێت. ئەوە تشتێکی ساکار و سروشتییە. بەڵام تەواوی ڕووداوە هاکەزاییەکانی دونیا، لەو شەوەوە، بەبڕوای ئەمیر عەلی، ناماقووڵ و سروشتیی دێنە پێش چاو. دڵی تێکەڵ دێ و بەبەڵگەیەکی نادیار، وەزعی خەراپە. هەر ئەم تووڕەیی و پشێوییە زەینییەیە کە ڕووداوی سەیر بەدوای خۆیدا دێنێ. دەستی ڕاستی، لە ناکاوێکڕا و خۆبەخۆ، وەک بڵێیی بەفەرمانی کەسێکی تر، هێور هێور، بەرز دەبێتەوە و وەک پەلکێکی هیشک، بەژوور سەرییەوە دەمێنێتەوە. مانای چیی؟ تێناگات. گێژ بووە. هەوڵ دەدات دەستەکە بخاتەوە شوێنی

خۆی، ناتوانێت، وەک بڵێی ئەم دەستە ئەندامێک نەبێت لە جەستەی. مستی هاتۆتەوە یەک و دەمارێکی دەرپەڕیو لای مەچەکییەوە خۆی دەنوێنێت. جارێکی تر، بەهەموو هێزی خۆی هەوڵ دەدات دەستەکە بخاتەوە تەنیشتی خۆی و ناتوانێت. پاشان لەوپەڕی ترس و سەرسوڕماندا، دەبینێ کە ئەم دەستە گومان لێکراوە، ئەم بارستە دەرەکییە، جووڵەیەکی سەیری کرد، ژوورتر ڕۆیشت. خۆی بۆ دواوە کێشایەوە. وچانێکی دا، سووڕایەوە، بەدەر لە حەز و ئیرادەی وی، وەک هەرەس کەوت بەسەر سەری ئازیز و ناسکی ژنەکەیدا. مەلەک ئازەر بەقیژەیەکی بەسوێوە لە جێگەکەی ڕاپەڕی، قیژاندی، گڵۆپی پاڵ تەختە نوێنەکەی داگیرساند و شووەکەی بانگ کرد. ئەمیر عەلی، لە ژنەکەی زیاتر زەندەقی چوو. سەری لێ شێواوە، نازانێ چ ڕوویداوە، واق وڕماو لە ژنەکەی دەنۆڕێ، زوبانی لە کلیلەوە چووە و جەستەی تەزیوە. مەلەک ئازەر بێ ئەندازە زیڕەی کردووە و سەری لە گێژەوە چووە. پێی وایە ڕەنگبێ لەتێک لە گەچی تەڕەشوعاویی ساپیتەی ژوورەکە کەوتبێتە خوارەوە، یاخود بومەلەرزە ڕوویدابێت، ماڵەکە لەریوەتەوە و کتێبێک لە کتێبخانەکە پەڕیوە. ڕەنگبێ پشیلەیەکی کێوی خۆی هەڵدابێتە سەر سەری؟ یان ڕەنگە دەستی خۆی بووبێت کە لە خەودا داوێتی بەسەری خۆیدا؟ بیر لە هەزار و یەک هۆکاری ناماقووڵ دەکاتەوە و دڵی وەخورپە دەکەوێت. چاوی بەئەمیر عەلی دەکەوێ و ڕادەچڵەکێت. زیاتر ترس دایدەگرێت. دەبینێت ڕەنگی ئەمیر ئاهوو سپیی هەڵگەڕاوە، دەمی داپچڕیوە، چاوانی دەرپەڕیون. پرسیارە ژیان زاکانی مەلەک ئازەر بۆ شووەکەی بوونەتە پرسیاری نیگەرانیی زا. دەستی دەگرێت (هەمان دەستە فلانییەکە) و تەکانی دەدات. بانگی دەکات. دەبینێ زوبانی ئاسکە دڵسافەکەی لە کلیلەوە چووە و دەستەکانیشی وەک دەستی مردوو ساردن. هەرچەند پرسیاری لێدەکات، وەڵام ناداتەوە.

لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "خودایا، سەکتە لێی نەدابێت!" وا دەڵێت و بەهێوری سەری دەنێتە سەر سەرینەکەی. دەست بەهەنیەیدا دێنێ، ترپەی دڵی دەژمێرێت، گوێ بەدڵییەوە دەنێت.

لە فیکرەوە دەچێت: "سەکتەی دەماخ لێیداوە، مردووە!" لەبەر خۆیەوە وا دەڵێ و وەک شەنگە بیی دەلەرزێ، واق وڕماو، خەریکە تەلەفۆن بۆ دختۆرێکی ناسیاو بکات کە زوبانی ئەمیر عەلی، لاڵ و پات دەکرێتەوە. تەلەفۆنەکەی لێ وەردەگرێت، لەژێر لێوەوە دوو سێ ڕستەی پچڕ پچڕ دەبێژێ، لەژێر لێوەوە لەبەرخۆیەوە دەئاخڤێ. ڕاڤەی بێ سەر و



بەرەو بێ مانا دەدا و بەدوای درۆیەکی قایل کەردا دەگەڕێت، تێکەڵ پێکەڵییە زەینییەکەی لەچاو پەشێویی ژنەکەیدا هەر هیچ نییە. هێند ترساوە کە توانای بیرکردنەوەی نییە. باوەڕ ناکات. دەبێ مەسەلەکە ڕوون کاتەوە. دەبێ ژنەکەی هێورکاتەوە و جڵەوی هات و هاواری وی بگرێت. دەیەوێ هەرچۆنێک بووە، کێشەکە چارەسەرکات. بەپەلە ڕستەیەک دەڵێت - بەمنگە منگ - و ڕستەکە بەناتەواوی جێدێڵێ. تەماشای دەستی خۆی دەکات، لە خۆی دەترسێت. دەترسێ ئەندامەکانی لەشی بکەونە جووڵە یان ڕوخساری چرچ و لۆچ ببێت. دەست بەددانەکانیدا دێنێ، وای بەخەیاڵدا دێت کە دوو ددانی سەرەوەی گەورە بوون و وەک ددانی دراکۆلایان لێهاتووە. تەماشای گەردنی سپیی ژنەکەی دەکات و ڕوخساری بەدەستەکانی دادەپۆشێت. دەبێ خۆی ببینێت. دڵنیا بێت. ڕەنگە ئەوەی دەیبینێت خەون بێت. تای هەیە، وڕێنە دەکات، هەڵدەسێ و بەپەلە بەرەو لای ئاوێنەی قەد دیوارەکە دەچێت. بەدوای چاویلکەکەیدا دەگەڕێت. مەلەک ئازەر سەری لە کارەکانی وی دەرناچێت. سەری لێ شێواوە. دەقیژێنێت. ئەمە ئاکاری دێرینەی ئەوە. کاتێ دەگاتە بن بەست، کاتێ هەستدەکات کە گیری خواردووە و دەرگاکانی بەڕوودا داخراون، دەقیژێنێت. ئەمیر عەلی لە ئاوێنەکەدا لە خۆی ورد دەبێتەوە. قڵافەتی سروشتییە. چ گۆڕانێکی تایبەتیی لە ڕوخساریدا ڕووینەداوە، ددانەکانی لە جێی خۆیاندان، بەهەمان شێوە و ئەندازەی ئاسایی. هێور دەبێتەوە. قیژەکەی مەلەک ئازەر ڕایدەچڵەکێنێت. بۆ جێگاکەی دەگەڕێتەوە و دەستە لەرزیوەکانی دەگرێ و ماچیان دەکات. بەدرێژایی ئەو ماوەیە مێشکی وەک ترومبێل کاری کردووە. بەدوای ڕاڤەیەکی بەڕواڵەت قاییل کەردا دەگەڕێت. دەبێ چیرۆکێک دروستکات و سەرپۆش بەسەر ڕووداوەکەدا بدات. هەر ئەمشەو ڕۆژبێتەوە، بۆ سبەینێ خودا دەمێنێ و موڵکی. ئاخر لە ڕووناکیی ڕۆژدا ڕووداوەکان ماقووڵتر خۆ دەنوێنن. دەتوانێ دانیشێ و بەکاوەخۆ بیرکاتەوە و بزانێ چ شتێک ڕوویداوە. هەر بەڕاست، دەبێت ئەم ژنە هێورکاتەوە. دواجار، لەوپەڕیی شەرمەزارییدا، دەڵێ ویستوویەتی مێشوولەیەک بکوژێت، مێشوولەیەک کە بەسەراپای جەستەی ئەمییەوە داوە - دەست و مل و ڕوخسار و پاژنەی پای خۆی پێشانی مەلەک ئازەر دەدات و - ئەمیش، ئەمی گێل، گێل و خەواڵوو، سەری جوان و نازەنینی ئەوی بەهەڵە لەگەڵ سەری دەبەنگی خۆیدا لێ تێک چووە، نازانێ چۆناوچۆنی مەعزەرەت بێنێتەوە، نازانێ چ بڵێ و نازانێ قوڕی کوێ بەسەری خۆیدا کات.

مەلەک ئازەر نیوە بێدار و نیوە نوستوو، لەمانای وشەکانی تێناگات. هێند ترساوە کە

توانای بیرکردنەوەی لەدەستداوە. سەری لە گێژەوە دەچێت. ئەمیر عەلی شەرمەزار و واق ورماو و حەپەساو. وای بەخەیاڵدا دێت ڕاستییەکە بڵێت، بەڵام زات ناکات. ئاخر ئەوەی ڕوویداوە شتێکە ناچێتە ئەقڵەوە، تەنانەت بۆ خۆیشی. مەلەک ئازەر لاجانگە و نێوچەوانی دەشێلێت، ژانێکی قورسی تێدێت و چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکات. دوو حەپی هێورکەرەوە کە هەمیشە پاکەتەکەی لاوەیە، قووت دەدات. سەری بەشانی لەرزۆکی ئەمیر عەلی یەوە دەلکێنێ و ئارام دەگرێ تا بەشکەم شڵەژانی دڵی بنیشێتەوە. هەموو شتێک لەبەر چاوانیدا سەیر خۆدەنوێنێ. میوانداریییەکەی ئەو شەوە، باوێشکەکانی ئەمیر عەلی و کارە نائاساییەکانی، ڕەوتاری خەڵکەکانی تریش وەک جاران نەبوو، هەمووان لەگەڵ یەکتریدا ناکۆک بوون. هیچ کەسیان خۆشحاڵ نەدەهاتنە پێش چاو. تەنانەت خۆراکە هەمیشەییەکان تامێکی تایبەتییان هەبوو، یەک دوو نەفەر گۆشتی ناو شلەکەیان نەخواردبوو، مەلەک ئازەر ئەو شتانەی دەبینی و هەستی دەکەوتە گەڕ. نیوەی زیاتری کەباب و جووجە کەبابەکان بەدەست لێ نەدراویی، بۆ موبەق گەڕابوونەوە. ئەدی بۆچیی؟ ئاخر میوانەکان، بەزۆریی زۆر خۆر و ئیشتیاکراوە بوون و ئەهلی سوعبەت و پێکەنین و بەزم و قون بادان بوون. بەڵام ئەو شەوە تاقەتی هیچیان نەبوو. زووتر لە کاتی خۆی، هەستان و ڕۆیشتن. باوێشکەکانی ئەمیر عەلی بۆ ئەوانیش گوێزرابۆوە. تەماشای هەرکامێکیانت کردبا، دەتبینی دەمی تا نیوە کراوەتەوە و زۆر لە خۆی دەکات تا خۆی لە دەم داچەقاندن ببوێرێت. ئەم خۆیشی هەر شەکەت و دڵی لە قووڵاییدا تێکەڵ هاتبوو. نیگەرانی شتێکی نادیار بوو. نیگەرانی ئەمیر عەلی و پاشانیش نیگەرانی ئەو ڕووداوە سەیرە. ڕاستیت دەوێ ڕووداوێکی هێند گەورە نەبوو. تەنها ئەوە بوو کە دەستی شووەکەی بەر سەری کەوتبوو. ئاخر کاتێک دوو کەس لەسەر یەک تەختەنوێن بنوون، لەم جۆرە شتانە ڕوو دەدەن. مێرد هەیە تا بەیانیی بەزگ و ناو قەدی ژنەکەیدا دەماڵێت. لە ناوەڕاستی دۆشەکەکەدا دەنوێ و هەموو جێگەکە بۆ خۆی قۆرخ دەکات.

مەلەک ئازەر ژنێکی بەشعوورە، بێ بوار لە ئاو نادا و لە خۆڕا نایقەومێنێت. چ پاساوێک نییە کە باوەڕ بەقسە و ڕوونکردنەوەکانی شووەکەی نەکات. بەتیلەی چاو تەماشایەکی دەکا و دڵی بەئاهووە ترساوەکەی خۆی دەسووتێت. دەبینێت دەناڵێنێ و بەڕوانینێکی تکاکارانە، بەنیگای مناڵێکی گوناهبار، بەتیلەی چاو تەماشای ئەم دەکات. ئیدی ئێش و ئازاری خۆی بیر دەچێتەوە.



لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خودایا، چەند دەست و پێ سپییە. ئەدی بەبێ من چ دەکات؟" وادەڵێ و ئەوسا بەمیهرەبانیی دایکێکی لەخۆبردوو، دەست بەلاملیدا دێنێت. بەخۆی دەڵێت: "سەری منی بەهەڵە لەگەڵ سەری خۆیدا لێ تێک چووە!" پێی وایە ئەم هەڵەیە واتا و بەڵگەیەکی عاشقانەی هەیە. ئاخر ئەم پیاوە هێند پێیەوە پەیوەستە، کە هەر دەڵێی خودی ئەوە و بوونێکی جودای نییە. قسەکەی دووبارە دەکاتەوە: "بە هەڵە سەری منی لەگەڵ سەری خۆیدا لێ تێک چووە!" وا دەڵێ و لەژێر لێوەوە پێدەکەنێت. بەڕای ئەو، ئەم ڕستەیە، واتایەکی گەلێک عاشقانەی هەیە، تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت واتایەکی سۆفییانەی هەیە، واتە مەحف بوون لەوی تردا. بەم مەزەندە دڵڕفێن و شیرینەیە کە مەلەک ئازەر چاوانی لێک دەنێ و دەنوێتەوە، خەوتنێک لەو خەوە بێدەنگ و ئارامانەی تایبەت بەژنگەلێکی بەختەوەرن.

ئەمیر عەلی خۆشحاڵ بوو کە ڕووداوی ترسناکی ئەو شەوە بەخێر و خۆشیی کۆتایی پێهات و بابەتەکە بەشێوەیەکی کاتیی بەدەستی فەرامۆشیی سپێردرا. مەلەک ئازەریش بەنییەت پاکیی و زەردەخەنە و - زیاتر زەردەخەنەیەکی بەزۆر تا واقیعیی - ئەوەی بۆ خەواڵوویی سروشتیی و گێژی عاشقانەی شووەکەی گەڕاندەوە و هەوڵیدا بیر لە ڕووداوەکانی پێشوو - وەنەوز و باوێشکدانی ئەمیر عەلی لەسەر سفرەی شێو - نەکاتەوە. ئاخر ئەم جۆرە شتانە ڕوودەدەن. خەڵکانێک هەن لە خەودا تشتی سەیر و سەمەرە دەکەن، بەسەر دیواردا دەڕۆن، تەنانەت تاوانیش ئەنجام دەدەن. هەر لەم بارەیەوە، ساڵانێک لەوەوبەر فیلمێکی لەسەر هەمان بابەت بینیوە، لەو فیلمە قۆڕانەی دەستی سێ. ناوی فیلم و ئەکتەرەکانی بیر نەماون، بەڵام یەک دوو دیمەنی ترسناکی فیلمەکە، بەپێ چەقێنییەکی بەسوێوە لەنێو سەریدا ماونەتەوە: ئەکتەری پیاوی فیلمەکە (کە بەڕێکەوت لە ئەمیر عەلی دەچێ) ژنەکەی لە خەودا دەخنکێنێت. ژن و مێرد، عاشقانە لەپاڵ یەکدیدا نوستوون. ژنە خۆی بەشووەکەیەوە دەلکێنێ و زەردەخەنەی دێتێ. پیاوەکەیش بەمیهرەبانییەوە دەست بەپرچ و شانی ژنەکەیدا دێنێت. پاشان پەنجەکانی دەنێتە سەر ملی و دەیخنکێنێت. چاوانی کراوەن بەڵام ناهۆشیار. ژنەکە تا دوایین لەحزە، واق وڕماوو عاشقانە، بەهەمان زەردەخەنەی بەختەوەرانەوە، تەماشای وی دەکات، وەک بڵێی باوەڕ نەکات. پیاوەکە بەرەو لای خەسووی دەچێت. سواری ترومبێل دەبێت، دەیئاژوێ. ئەو نوستووە و فیلمەکەش هەر درێژەی هەیە.

سبەینێی ئەو شەوە (شەوی زللە وەشاندنەکەی ئەمیر عەلی) و بەدرێژایی هەفتەی

دواتر، دیمەنی خنکاندنی ژنی فیلمەکە، بەو زەردەخەنە دڵسافانەیەوە لەبەر چاوانی مەلەک ئازەردا، بەرجەستە دەبۆوە و وەک تەپ و تۆزێکی قورس لەسەر دڵی دەنیشت. سەری سوڕما کە چۆن بەتێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە، هێشتا چەند دیمەنێک لەو فیلمەی لەیاد ماوە، فیلمێکیش بەو قۆڕییە. شانی لەقاند، بەخۆی گوت:

"هەمیشە هەر ئاوهایە، یادەوەریی ناخۆش بیری بونیادەم ناچێتەوە. "وایگوت و هەوڵیدا بیر خۆی بەرێتەوە. تەلەفۆنی بۆ من کرد، ئاخر هەر کاتێک تووڕە و وەزعی خەراپ دەبوو، پەنای بۆ من دەهێنا. خۆشبەختییەکانی قەرزارباری ئەمیر عەلی و بەدبەختییەکانیشی لەسەر من دەنووسین.

تاقە کەسێک کە نەیدەتوانی ڕووداوەکانی ئەو شەوە بیر خۆی بەرێتەوە، ئەمیر عەلی بوو. ساتگەلە نیگەرانیی ئامێزەکانی ئەو شەوەی وەیادی خۆ دەهێنانەوە و جەستەی دەکەوتە هەڵلەرزین. مەلەک ئازەر، متمانەی هەبوو بەشووەکەی و لەوبارەیەوە خەیاڵی ئاسوودە بوو. هەڵبەتە هەر زۆر زۆریش ئاسوودە نەبوو. بەڵکو بەچوار چاو چاودێریی وی دەکرد، لێنەدەگەڕا بۆ یەک ساتیش بەتەنها بێ و بیربکاتەوە، بیرکردنەوەی بێ سوود و موزیڕ، بیرکردنەوەی بەدەر لە سنووری ماقووڵ. ئاخر ماڵیی کردنی ئەمیر عەلی تشتێکی سانا نەبوو. ئەمیر عەلی ماوەیەکی درێژی ویستبوو تا تێگەیشتبوو کە زاوای بنەماڵەیەکی بەڕێزە و وەرگرتنی پلە و پایەیەکی ئەوهاش هەوانتە نییە، بەڵکو یاسا و ڕێسای خۆی هەیە. هەروەکی فێربوونی زوبانێکی بیانیی وایە بەڤێرب و ڕستەبەندیی تایبەتیی خۆیەوە. خۆ ناکرێ وشەکان هەڕەمەکیی لەپاڵ یەکدا دانرێن و ڕستەگەلی بێ مانایان لێ پێک بهێنرێ. دەبێ لەگەڵ ئەو زوبانە نوێیەدا، بیرگەلی نوێ هەبن، هەستگەلی نوێ، نیگا و دەنگ و خەون و خواستگەلی نوێ. بەهەمان قلافەتەوە ناکرێ خۆ بکرێ بەقەڵەمڕۆی نەناسراودا و لە ژووررووی دیوەخانەوە پاڵی لێ بدرێتەوە. چوونە ژوورەوە بۆ ئەو دونیایە، ڕایەڵە بە لەبەرچاوگرتنی دابو نەریتی باو پێویستی بەهەزار جۆر سەودا و مامڵە هەیە. ڕەشبینیی من لەو ڕووەوە لە خۆڕا نەبوو، باوەڕم نەدەکرد ئەمیر عەلی دەرەقەتی ئەوە بێت. خودا بۆ خۆی دەزانێت چەندێک لەگەڵ خۆیدا جەنگیوە و ددانی بەجەرگی خۆیدا ناوە تا قاییل بێت پۆستی جێگریی بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەکرە و دەزوو وەرگرێت. لە چاوی خەڵکانی ترەوە، ئەو پیاوێکی بەشانس بوو، ئاخر زۆرێک لە خەڵکیی، لەو هەلومەرج و ڕاکە ڕاکەی شۆڕشەدا، گیان و ماڵیان لەدەستدابوو، ئەمیش، ئەمیر عەلی، بەشانسی ژنهێنانێکی مۆفەقەوە، ببووە خاوەن ژیانێکی خۆشگوزەران و



بەشکۆ و بەڕێز. دەبوو سوپاسگوزار بێت، کە وا دەهاتە پێش چاو سوپاسگوزار بێت و قەدری نیعمەتە بەسانایی وەدەستهێنراوەکەی بزانێت کە بەڕووالەت وا پێدەچوو بیزانێت. خۆ کەر نەبوو سوپاسگوزار نەبێت و قەدری نیعمەت نەزانێت. ئاخر گەر مەلەک ئازەری نەناسیبا، ئەوا هەنووکە خودا دەیزانێت لە ترۆپکی کام شاخ و لە کام بیاباندا خەریکی ژماردنی ئەستێرە و گەشت و گوزاری نێو دونیای کاکێشان بوو.

یەک دوو مانگێک بەئارامیی تێپەڕیی، وا پێدەچوو شتەکان گەڕابێتنەوە ڕەوتی ئاسایی خۆیان و ژیان چووبێتەوە باری پێشووی خۆی. بەڵام ئەو مەخلۆقە نەبینراوە، ئەو تارماییە قورسە، هەمدیس لە چاوەڕوانیی دەرفەتێکی گونجاودا و بۆ شاڵاو بردن، خۆی لە بۆسە نابوو.

ئەمیر عەلی و خەسووەکەی، هەردووکیان لە یەک ڕۆژ و مانگدا – هەڵبەتە بەمەودای بیست ساڵ – لە دایک ببوون. مەلەک ئازەر ئەم ڕووداوەی دەدایە پاڵ دوور ئەندێشیی سروشت و ئەوەی وەک ئاماژەی مانەوە و یەکانگیری هەر دوو خێزان لێک دەدایەوە. هەموو ساڵێک لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئاهەنگی دەگێڕا و هەر هەموو خێزان و هاوڕێیانی بانگێشت دەکرد. ئەمیر عەلی خۆشحاڵ نەبوو بەوەی کە خۆی و خەسووەکەی لە یەک مانگ و لە یەک ڕۆژ و لەیەک سەعاتدا لەدایک بوون. بەڵام ئەو ناخۆشحاڵییەی پێشان نەدەدا و شان بەشانی ژنەکەی خۆشیی و شانازیی دەردەبڕی. خەسوویشی، چ خۆشیی بەو زاوایەی نەدەهات و لە قووڵایی دڵەوە متمانەی پێی نەبوو. ئەمیش ئەو هەستەی وەدیار نەدەخست و خۆشەویستییەکی درۆیینەی دەردەبڕی. هەردووکیان دەیانزانی کڵاو دەنێنە سەری یەکدی و دەیانزانی کە جگە لە درۆ، چ ڕێگەچارەیەکی تریان لەبەردەمدا نییە.

جێژنی حەفتا و پێنج ساڵیی خەسوو و پەنجا و پێنج ساڵیی زاوا، جیاوازی لەگەڵ ساڵانی پێشوودا هەبوو، خاوەن گرینگییەکی زیاتر بوو. مەلەک ئازەر دەیخواست شتێک بکات کە پڕاوپڕی ئەو جێژنە بێت. سەرەڕای ئەوەی کە هات و بات و مێوانداریی تێر و تەسەل، ڕەنگە سەرنجی دەر و دراوسێ و کۆمیتەی گەڕەک ڕاکێشێ و سەرئێشە بنێتەوە، کەچی میوانდارییەکەی هەر ڕێکخست. ئەمە ئەووەڵین جار بوو کار قاییمیی نەدەکرد. ئاخر لەدایک بوونی ئەمیر ئاهوو، بەبڕوای وی، ڕووداوێکی گرینگ بوو. گرینگ بوو وەک دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا، دەشێ لەوە گرینگتریش بووبێت.

ئەمیر عەلی ویستبووی بێژێ: "نا، تکا دەکەم، مەحز بۆ ڕەزای خودا ئەو میوانداررییە

بیر خۆت بەرەوە!"

ویستبووی بێژێ: "ئەم میوانداریییە قۆڕە دووبارەیە بەسە!"بەڵام زوبانی خۆی گرتبوو. ئاخر مەلەک ئازەر ژنێک بوو ناسک و زوو دڵی دەیەشا. کاتێ کە عاجز دەبوو قەهر و تووڕەیی خۆی دەرنەدەبڕی. بەربەرەکانیشی نەدەنواند، بەڵکو زەردەخەنەی دەهاتێ، زەردەخەنەیەکی زۆرە ملێ و سارد. دەکشایەوە و دوور دەکەوتەوە، وەکی کێوێک لە سەهۆڵ. تۆڵەی دەسەندەوە و تۆڵە سەندنەوەکەیشی هێورو بێدەنگ بوو، لە ئەشکەنجەدانێکی چینیی دەچوو. بێدەنگ دەبوو، برۆ باریکەکانی گرژ دەکردن، بەوپەڕی ئەدەبەوە وەڵامی هەر هەموو پرسیارەکانی ئەمیر عەلی دەدایەوە و بەوپەڕی خۆنەویستیی سەری قایل بوونی بۆ هەموو قسە و کارەکانی وی دەلەقاند. هەر وشەیەکی ئازیزمی کە لە سەرەتا یاخود کۆتایی ڕستەکانیدا بەکاری دەهێنا، لە سەد جنێو خەراپتر و سوێی ڕۆ دەبردە دڵی ئەمیر عەلییەوە. مەلەک ئازەر بۆ هەر هەلومەرجێک، دەمامکێکی تایبەتیی هەبوو، نەدەکرا مەزەندە بکرێت کە لەژێر ئەو دەمامکانەوە بیر لە چ دەکاتەوە و هەستی واقیعییانەی چۆناوچۆنییە. هەڵبەت ناتوانرێ بگوترێ کە بەختەوەر یان بەدبەخت بوو. ئەمیر عەلی وای بەلاوە باشتر بوو کە ژنەکەی، وەک هەموو ژنێکی سروشتی و ساخ، بکەوێتە هات و هاوار، قسەکانی بکا و مەسەلەکە لە هەمان شوێندا کۆتایی پێ بێت. بەڵام مەلەک ئازەر، بۆ هەر ڕووداوێک، دۆسیەیەکی دەکردەوە. دۆسیەکانی لەژێر زەمینە تاریک و پێچاوپێچەکانی زەینیدا ئارشیف دەکردن و دواتر، لە دەرفەتی گونجاو و بەپێی پێویست، دەری دەهێنان و سەرلەنوێ ناوەرۆکەکانیانی تاووتوێ دەکردن. هیچ ڕووداوێک یان تاوانێکی بیرنەدەچۆوە. هەموو شتێک لە مێشکی ویدا، بەمێژوو و سەرچاوە و وردەکاریەکانییەوە یاداشت دەکران. ئەمیر عەلی فەرامۆشکار بوو، تاقەتی بێنە و بەردە و سەرئێشەی نەبوو، لێکدا لێکدا زویر بوونەکانی بیر دەچوونەوە، ئەمەش یەکێک لەو گوناهە گەورانە بوو کە مەلەک ئازەر ئەوی لەسەر نەدەبەخشی.

با بگەڕێینەوە میوانداریتیی یادی ساڵڕۆژی لەدایک بوون. مامەگیان (مامی گەورەی مەلەک ئازەر) سەر لەشکرێکی خانەنشین و تەنها بوو، زۆرینەی هاوڕێکانی لە سەرەتای شۆڕشدا لەدەست دابوو، حاڵی حازریش بۆ کات بەسەر بردن و فەرامۆش کردنی غەمەکانی، چ کارێکی تری نەبوو جگە لە بۆ ماڵی ئەم و ئەو ڕۆیشتن. شێت و شەیدای میوانداریی و عەروسیی و بەرنامەگەلی تەرفیهی و قومار بوو. لە تەواوی بۆنەکانی خەتەنە و لەدایک بوون و خەتەنە سووراندا ئامادە و بەیانیانی هەینی لە پێشی پێشەوەی



چیا هەڵزنانی تر، بەهەناسەبڕکێوە بەچیادا هەڵدەگژا. زستانان جلکی خلیسکێنەی سەر بەفری دەپۆشی – چاویلکە و کڵاو و دەسکێش و پێڵاوی تایبەتیی – و لە چاخانەیەکی بناری چیا، لەژێر هەتاودا، جگەرە بەلێو دادەنیشت. لە تاو ترسی هەڵخلیسکان لەسەر عەردە خلیسکەکە زاتی ڕێڕۆیشتنی نەبوو. دڵی خۆش بوو کە لەوێیە و لە چ پێداویستییەکی کەم نییە. ئاخر دەترسا کە ئەوانی تر – جحێڵترانی بەختەوەر و بێ پەروا – وەلاوەی بنێن و حەوسەڵەی وییان نەبێت. هەر بەرەبەیان، تەلەفۆنی بۆ هەر هەموو ئەو کەسانە دەکرد کە دەیناسین و بەسڵاو و سەڵەوات، بوونی خۆی وەبیریان دەهێنایەوە. گەر بۆی دەرکەوتبا لە ماڵی ناسیاوێک میوانداریی بووە و ئەمیان بانگێشت نەکردووە، ئەوا لە خەفەتا نەخۆش دەکەوت. هەزار جۆر بیر و خەیاڵاتی ناجۆری بەمێشکدا دەهات و ئەوەی بەپیلانێکی گەورە لە قەڵەم دەدا. خۆ گەر بانگێشتیان کردبا، ئەوا دەخرۆشا و ئیدی نەیدەتوانی جڵەوی چەنەبازییە بێ ئەندازەکەی بگرێت. هێندەی دەڕست کە ئیدی خۆی و خەڵکانی تر، دڵیان تێکەڵ دەهات. کە ڕۆژی میوانداریتیی دەهات، هەر لە سوبای ساڵحانەوە سەعاتی دەژمارد. هەر لە ئێوارەوە جلکەکانی بەئامادەکراوی دادەنان، پێڵاوەکانی بۆیاخ دەکردن، سەد جار تەماشای سەعاتە گەورەکەی قەد دیوارەکە و خۆی لە ئاوێنەکەدا دەکرد. قژە ڕەنگ قوڕقوشمیی و سمێڵە بۆیاخ کراوەکەی شانە دەکردن. شاڵێکی ئاوریشمیی لە ملییەوە دەپێچا و یەک سەعات زووتر لە میوانەکانی تر لەوێ ئامادە دەبوو. گا لەخوت و خۆڕایی نیگەران و قوڕگی پڕ لەگریان دەبوو. فلیمگەلی سۆزداریی و شیعرگەلی خەم ورووژێن دەیان خرۆشاند و بەسەعات لە تەنیاییدا دەکەوتە فرمێسک ڕشتن. گا نارەسەن و بوغزن دەبوو، ئیدی کۆنترۆڵی بەسەر زوبانی خۆیدا نەدەما، قسەی ڕەقی بەم و بەو دەگوت و خەڵکەکەی لە خۆی دەکردە دوژمن. ئەو شەوە هەر بەڕاست، زوو تەشریفی هێنا و خاوەن ماڵ لەو سەعاتەدا چاوەڕێی میوان نەبوو.

مەلەک ئازەر تازەکیی لەژێر دوش هاتبووە دەرەوە و جلکی ماڵەوەی لەبەردا بوو. بۆڵەیەکی کرد، لە دڵی خۆیدا جنێوێکی بەم مامە مەزاحیمە بێ شعورە دا و بەپەلە کەوتە خۆی. بۆیباخی شووەکەی بۆ بەست. ڕەخنەی لەو کراسە سادەیە گرت کە لەبەری کردبوو. تکای لێکرد بیگۆڕێ و ئامۆژگاریی کرد کە کام پانتۆڵ لە کامە چاکەت دێت.

مامە گیان ئەم برازایەی خۆش نەدەویست و سڵی لە جووڵەی ڕووناکبیرانە و زەردەخەنە لە خۆباییەکەی وی، دەکردەوە. بەوەشەوە، سینگی بردە پێشەوە و باسکەکانی کردەوە تا

بۆیباخەکەی بۆ بەستێت.

گوتی: "بووکەکەم، نازدارەکەم، بەقوربانت بم، ببووره زوو هاتم. دەزانیت......" و ئیدی کەوتە پیاهەڵدانە درۆیینەکانی. مەلەک ئازەر قسەکانی پێ بڕی. ڕوخساری بەساردییەکی تەواو بردە پێشێ. دەمی لە ڕوخساری چەوری مامە گیان دوور خستەوە و هەوای ماچ کرد، دڵی بەبۆنی تیژی قۆڵۆنیاکەی تێکەڵ هات.

گوتی: "باشت کرد. سەفەتان هێنا. پێڵاوتان سەر چاوان."

ئەمیر عەلی، شەکەت و زویر، لە دوورەوە تەماشای دەکرد. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە دەبێ لانی کەم ، دە سەعاتی تر، بەرگەی ئەم بەیەکدا خوێندنە درۆیینە و ئەم میواندارییە دەبەنگانەیە بگرێ. خەو زۆری بۆ هێنا. باوێشکەکەی قووتدایەوە. قوڕگی پاک کردەوە. گوێی لێبوو مەلەک ئازەر بانگی دەکات. زەردەخەنەیەکی بێ مانای هاتێ و بەرەو پێشوازیی کردنی مامە گیان چوو.

میوانەکانی دوایی بریتیی بوون لە شەریکەکانی کۆمپانیا و ژنەکانیان. مامە گیان عاشقی ژنی جوان بوو، پێش وەخت نوکتەی خۆش و قسەگەلی زانستی بۆ ئامادە دەکردن. سەر لەشکری خانەنشین، حەزی بەوە بوو، خۆی وەک پیاوێکی مۆدێرن و بەئاگا لە ڕووداوگەلی زانستیی ڕۆژ پێشان بدا و زانیارییەکانیشی لە گۆڤارە بیانییەکان و ڕادیۆ بیانییەکان هەڵدەگۆزا. بڕێک شتیشی لە خۆوە بەو قسانەوە دەلکاندن و بەسەر میوانەکاندا ساخی دەکردنەوە. ئەو شەوە بڕیاری دابوو لە بارەی وەدیارکەوتنی هەیڤگەلی ئاسمانییەوە نوتق بدات.

هیچ کەس حەوسەڵەی قسەکردنی لە بارەی هەسارە و ئەستێرانەوە نەبوو. ئاخر بابەتی ڕۆژ دادگایی کردنی پارێزگاری تاران و چارەنووسی کۆمپانیا بیناسازییەکان بوو.

مامە گیان هەوڵی دەدا بابەتی وتووێژەکان بەلای ئاسمان و هەسارەکاندا ڕاکێشێ، بەڵام تا زاری هەڵدەهێنایەوە، کەسێک قسەکەی پێ دەبڕی و ئیدی ڕستەکەی بۆ تەواو نەدەکرا. کە شێویان هێنا قسەکان بەئاراستەیەکی تردا بران. ئەوانەی تازەکیی لە فەرەنگستانەوە گەڕابوونەوە، دوا هەواڵی سینەماییان بەوانی تر گەیاند. بەڕێزێک جنێوی بەسینەمای ئەمریکایی دا و بەرگری لە سینەمای دونیای سێ کرد. خانمەکان بەربەرەکانیان نوواند. دایکی مەلەک ئازەر خوویەکی تایبەتیی هەبوو. گوێی لە قسان نەدەگرت. بەڵام کە دەگەیشتنە دوواییین ڕستە، دەیپرسیی: "کەنگێ؟ لە کوێ؟ "ئیدی دەبوو لەسەرەوە دەست



پێ بکەنەوە و سەرلەنوێ قسە گوتراوەکان بلێنەوە. خەسووی بەڕێز، هەمدیس بەباشی گوێی دەگرت و لە نەفەرەکەی لایەوە دەپرسی: "کام فیلم؟ سەبارەت بەچیی قسەیان دەکرد؟ "ئەو شەوە لێکدا لێکدا پرسیاری دەکرد و میوانەکانی هەراسان کردبوو.

ئەمیر عەلی گوتی: "هیچ. خەوت دێت؟ "وایگوت و مەلەک ئازەر مۆڕەیەکی لێ کرد. بۆ ساتێک بێ دەنگ و ئیدی مامەگیان دەرفەتی قۆستەوە و پرسیاری کرد: "ئەرێ کەس فیلمی مێژووی پەیدا بوونی گەردوونی بینیوە؟ "کەس نەی بینیبوو.

مامە گیان گوتی: "کەواتە بفەرموون بۆتان بگێڕمەوە!" هێشتا نەکەوتبووە گێڕانەوەی، کارەبا کوژایەوە. ئەوە باشترین کات بوو بۆ هێنانی کێکی لە دایک بوون. پەرداخی کەسێک کەوت و شکا. ئەمیر عەلی ئەو هەلەی قۆستەوە و باوێشکێکی زلی دا. خانمێک پێشنیازی کرد کە کێکی لەدایک بوون لەگەڵ سەمفۆنیای نۆی بیتهۆڤندا بخۆن. هەمووان قایل بوون و پێکیان لە سلامەتی خانەخوێ هەڵدا. بڕیار بوو ئارام بگرن تا کارەبا دێتەوە. کاک عەلی چێشت لێنەر خەبەری هێنا ئاویش بڕاوە. کەسێک گێڕایەوە دزێک چۆتە سەر ماڵی دراوسێکەیان و گۆشاو گۆش سەری دوو ژن و پیاوێکی بڕیوە. مامە گیان بەگوێ ڕادێران بۆ هەواڵی ناخۆش، ترس دایدەگرت. گوتی: "قسەی وا مەکەن!" وایگوت و خانمەکان بەئاه و ناڵەی نزمەوە قسەکەی وییان سەلماند.

مەلەک ئازەر گوتی: "دونیای دەرەوە بریتییە لە ئۆقیانووسێک تاریکیی. ئێمە لە نێوەندی ئەو زەریا تاریکەدا – سوپاس بۆ خودا – لە دوورگەیەکی ڕووناکدا دانیشتووین و پەیوەندیمان بەوەوە نییە کە چ لە دەوروبەرمانا دەگوزەرێ. ئێمە هێشتا هەر خۆمانین!"

پیاوێک گوتی: "ئێمە پێمان وایە هەر خۆمانین، ئێمە، بەندە و ئێوە و تەواوی ئەم هاوڕێ بەڕێزانە لە دەرەوەی گەردوونین، لە دەرەوە!" ئەم وشەیەی دوایی لە نێو ددانەکانیدا گوشی و وشەکە، وەک تفێک بۆ سەرەوە، لەنێوان لێوەکانیدا دەرپەڕییە دەرەوە.

ئەمیر عەلی، کە پێی چەپی سڕ ببوو، جووڵاند و ئاسوودە تر لەسەر کورسییەکە دانیشت. دوو دەقیقە دواتر هەستی کرد بنی پێی چەپی دەبرژێتەوە، چزە چزی دێ و دەسووتێ. ئەم پێیە ناڕەحەت بوو، بای کردبوو، گوشاری بۆ پێڵاوەکانی دەبرد. ئەمیر عەلی، بەنیگەرانییەوە، کەمێک کورسییەکەی هێنایە دواوە و لە قەراخی مێزی نان خواردنەکە دوور کەوتەوە.

مامە گیان گوتی: "با مەزەندە کەین لە سەرەتای خەلیقەتی دونیادایین. تاریکیی ڕەها

باڵی بەسەر سەرانسەری دونیادا کێشاوە."

پێی چەپی ئەمیر عەلی لە ئەرزەکە دوور کەوتەوە و بەرز بۆوە و بەلای چەپ و ڕاستدا لار بۆوە. وردە گوژمی بەخۆی دەدا و چ وجوویەکی ئەرێ و نەرێی خاوەنە زەندەق چووەکەی خۆی نەدەزانی. نووکی ئەو پێیە، لە پێڵاوە ڕەشە چەرمەکەیەوە، وەک لوولەی دەمانچەیەکی حەوت تیر، لەژێر مێزەکەوە، بەدوای نێچیری دەست بژێری خۆیدا دەگەڕا. ئەمیر عەلی، بەترسەوە تەماشای دەستی خۆی کرد. بینی دەستە یاخییەکەی ئارامە و لە جێگەی خۆی جووڵە ناکات. لەو بارەیەوە خەیاڵی ئاسوودە بوو، بەڵام بەسەختیی نیگەرانی پای بوو. پاژنەی پێی دەخوورا و ختووکەی دەدا. سەری پەنجە گەورەی ژانی پێدا دەهات و دڵی لەسەر خۆ دەچوو. هەرچەند هەوڵی دەدا پێی لەسەر عەردەکە دابین کات، بەڵام هەمدیس ئەو ئەقڵە موزییە، ئەو ئەویترە خۆ حەشارداوە، ئەمری بەسەر پایدا دەکرد و ئاشکرا نەبوو چ مەبەست و ئامانجێکی هەیە و چ گۆڵمەزێکی لە بن سەردایە. مەلەک ئازەر لەوسەری مێزەکە دانیشتبوو، قاچی شووەکەی لێوە دوور بوو. چ مەترسییەکی لەسەر نەبوو. بەڵام دوو زەلامی تر – خەسووی بەڕێزو مامە گیان – لە هەردوو لایەوە دانیشتبوون و قاچیان لەژێر مێزەکەدا زۆر لێیەوە دوور نەبوو. ئەمیر عەلی گێژ و وێژ و شپرزە، بەدڕدۆنگییەکی کپ و هۆشیارییەکی غەریزییەوە، مەزەندەی کرد شتی سەیر ڕوو دەدا و بڕیاری دا هەرچی زووە و تا خەراپ نەقەوماوە، هەستێ و بچێتە دەرەوە. دەستە ئازاد و گوێ ڕایەڵەکانی لەسەر دەسکی کورسییەکە دانا، نیوە هەستانێک هەستا و نیوە دانیشتنێک دانیشتەوە. پایەکی – پای چەپی – جووڵەی نەدەکرد و بەعەردەکەوە نووسابوو. هەرچەندێک زۆری لە خۆی کرد و هەوڵی دا تا ئەو پایە جێگۆڕکێ پێ بکات، سوودی نەبوو. مەلەک ئازەر لە تاریکیدا چاودێریی وی دەکرد و ئەمیر عەلی وژەی ڕوانینی ئەوی لەسەر ڕوخساری هەست پێدەکرد. کارەبا هاتەوە. کێکی لە دایکبوونیان هێنا و سیمفۆنیای نۆیی بیتهۆڤنیان ئامادە کرد. پای ئەمیر عەلی، وەک بلێیی بوویێتە بەرازێکی کێویی و هەراسان، پەنجەکانی بەفەرشەکە دەخووراند.

مامە گیان گوتی: "دەبێ لە بۆنەی لە دایک بوونی ئینسان و لە دایکبوونی گەردووندا زەماوەند سازبدرێت. "وایگوت و مەلەک ئازەر یەکەمین پارچە کێکی لە دایکبوونی نایە دەفرەکەی وییەوە.

پێی چەپی ئەمیر عەلی، خۆبەخۆ، جووڵەی سەیر سەیری دەکرد. خۆی بۆ دوواوە کێشایەوە. بۆ ساتەوەختێک وچانیدا و پاشان، بەهەموو هێزی خۆی، خۆی کێشا



بەقۆزینگی پای سەرلەشکری خانەنشیندا. کەوچکی پڕ لە خامە لە دەستی مامەگیان بەربۆوە و هاواری لێ هەستا. خەسوو لە جێگەکەیدا ڕاپەڕی و مەلەک ئازەر نیوە هەستانێک هەستا و میوانەکان هەموو بەیەکەوە کەوتنە قسان. بووە هات و بات. مامە گیان دەستی بەقۆزینگی پایەوە گرتبوو، دەیناڵاند. ئەمیر عەلی ئارەقەی دەردابوو. هەنووکە چیی گوتبا ؟ چۆناوچۆنیی ئەم ڕووداوە خەمینەی ڕاڤە کردبا ؟ چۆناوچۆنی پاکانەی لە خۆی کردبا ؟ تەنها یەک ڕێگەچارەی لەبەردەمدا بوو: ڕاکردن!

مامە گیان دانەوییەوە و لەژێر مێزەکەی ڕووانی. یەکێک بەقۆزینگی پایدا کێشابوو. کێ و بۆچی؟ پا و پووزە ناسکەکەی خەسوو، لەژێر مێزەکەدا سەرنجی وی ڕاکێشا و یادەوەرییەکی دێرینی ئەڤینداریی، لە زەینیدا ژیایەوە. دەرەلنگی پانتۆڵەکەی بەرز کردەوە و قۆزینگی پای شێلا. ئاخر پێلەقەیەکی توندی خواردبوو. ئێسکەکانی لەو عومرەدا کلۆر بوون و ئەگەری شکانی ئێسکی پای زۆر بوو. ئاویان بۆ هێنا. مەلەک ئازەر بینی وا شووەکەی بەپەلە لە ژووری میوان دەچێتە دەرەوە و ئیدی دڵی داکەوت. مامە گیان، بەچاوانێکی ئەبڵەق، تەماشای دایکی مەلەک ئازەری دەکرد. دیار بوو ئەو لقە لێدانەی خستبووە ئەستۆی وی. بەڵگەی هەبوو، ئەم بەڵگەیەش دەگەڕایەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور، ڕایەڵ بوو بەقەهر و زویر بوونێکی عاشقانەوە، هێنی ساڵانێک لەوەوبەر. وا ئەمشەو، لە شەوی ئاهەنگیی حەفتا و پێنج ساڵەیدا، ئەم قەهرە، ئەم برینە دێرینە سارێژ نەبووە (خایلەگەلی مامە گیان) هاتبۆوە سوێ و ئەو پێلەقە خۆکردە، ئاماژەیەک بوو بۆ عیشقێکی شاراوە و مانایەکی بەسوێ و دلڕفێن، لەودیویەوە شاردرابووەوە.

سەرلەشکری بریندار، لە میانەی ناڵە ناڵ و دەربڕینی ئازاردا، بەڕوانینێکی خومار و سوپاسگوزارییەوە لە دایکی مەلەک ئازەری دەنۆڕی و بەو ڕوانینە، پێی دەگوت کە ئەم پێلەقەیە بۆ وی، لە هەر جۆرە نەوازشێک شیرینتر بووە. تەنانەت، لەژێر لێوەوە، بەجۆرێک کە دایکی مەلەک ئازەر گوێی لێبێ، بەدەنگێکی شاعیرانە گوتی: "گەرچی پیرم، دە تۆ لە شەوێکی تاریکدا لە ئامێزم بگرە..."

باقی شیعرەکەی لە بیر نەبوو. هەناسەی هەڵکێشا، پێکەنی، پێکەنینێکی ئاوێتە بەخەفەت و ئەفسووس. کەسێک دەستی نایە سەر شانی و ئیدی ئەو میهرەبانییە چاوەڕوان نەکراوە، مامە گیانی خستە کوڵی گریان. ڕوخساری بەو دەستە پیاوانەیەوە لکاند و کوڵی گریانی بەر بوو.

ئەم پێکەنینە و ئەو گریانە لە میوانەکانی گەیاند کە سەرلەشکری بەڕێز، بێگومان،

بەهۆی شۆڕش و جەنگ و لە سێدارەدانی ژمارەیەک لە هاوڕێکانییەوە، دووچاری قەیرانی ڕۆحیی بووە و ئەو ڕوانینە خومار و وت و وێرە شاعیرانەیە، لەو هەلومەرجەدا، بەئاشکرا ئاماژە بۆ دێوانەیی هەنوکەیی وی دەکات و دەتوانرێ بەسانایی خۆ بگەیەنرێتە ئەو ئاکامەی کە مەسەلەی پێلەقەی ژێر مێزەکە، پێداویستییەکی دەروونیی بووە بۆ سەرنج ڕاکێشان و خۆشەویستیی ئەوانی تر. بەڕێزێک کە لە ڕابردووی مامە گیان ئاگادار و هەندێ نهێنی ئەوی دەزانی، زەردەخەنەیەکی ماناداری هاتێ و خانمێکی جحێڵ، بەخەفەت و مەخابنەوە، لەژێر لێوەوە گوتی، پیرەکان وەک منالّیان لێدێ. وایگوت و سەری ڕاوەشاند.

مامە گیانیان لەسەر مێزەکە بەرز کردەوە. چوونە ژێر بالّی. بەمەزەندەی میوانەکان مامە گیان بەهەوانتە، دەشەلێ و خۆی دەنواند، بۆ ژووری پێشوازییان برد و لەسەر قەنەفەیەکی پان و پۆڕ دایاننا. مامە گیان هەناسەیەکی قووڵ و ئاسوودەی هەلّمژت. ئاوڕی دایەوە، سەرنجێکی عاشقانەی دایە دایکی مەلەک ئازەر. ماچێکی چکۆلەی بەسەر پەنجەکانی بۆ هەلّدا و چاوە فرمێسک تێزاوەکانی لێکنا.

مەلەک ئازەر، خەرامان خەرامان چوو بۆ لای شووەکەی و هەوالّی پێدا کە مامی گێلۆکەی شیرازەی حەواسی تێک چووە و شتی ناماقووڵ دەکات. پێدەکەنێ. چاو لە دایکی دادەگرێ. ماچی بۆ هەلّدەداو لەژێر لێوەوە شیعرگەلی عیشق بازانەی بەسەرا دەخوێنێتەوە. دیارە کە چ پێلەقەیەک لەمیانا نەبووە و مەبەستی مامە گیان، مامە گیانی کلۆڵ، لە ڕاستیدا سەرنج ڕاکێشان و مەحەبەتی خەلّکانی تر بووە. تەواوی شەو دەیویست قسان بکات، خۆی بنوێنێ، کەچیی میوانەکان چ گرینگییەکیان نەداوەتە خۆی و قسەکانی. هەی داماو، بەلاّم شتێک هەیە هێشتا نادیار و جێی گومانە. ئەگەر چ پێلەقەیەک لەمیانا نەبێ، ئەدی بۆچی قۆزینگی پای سوور بۆتەوە و پەنماوە؟ ئاخر مەلەک ئازەر هێند ژنێکی بێ هەست نەبوو. بەچاوی خۆی بینی بووی کە قۆزینگی پای مامە گیان ئاوساو و شین هەلّگەڕاوە.

ئەمیر عەلی ئارەقەی دەردا. سوور بۆوە و ئەو سوور بوونەوەیەشی لە چاوی پەیجۆری ژنەکەی، نادیار نەمایەوە. گوتی: "نازانم. بەلێ. ڕاست دەکەیت. مامە گیانی داماو!" وای گوت و سەری بادا، تەکانێکی بێ مانای دا و بەهەوانتە پێکەنی. پێکەنینێکی بێ ماناتر، بەدەمێکی زۆر کراوەوە. سەری وەرگێڕا. پشتی لە ژنەکەی کرد، پشت سەری خوراند و بێ پێشەکیی ئاماژەی بۆ درزە وردەکانی قەد دیوارەکە کرد و گوتی پێویستە لە



نێزیکترین دەرفەتدا مالّەکە بۆیاخ بکرێتەوە. ئاخر مەلەک ئازەر لەوە زیرەکتر بوو کلاّوی لەسەر بنرێت. ئەگەر نەیوستبێ مەسەلەکە گەورە بێ و پێی باشتر نەبووبێ کە بابەتەکە لە هەمان شوێنی خۆدا لەچالّ نرێت، بەلّگەی هەبوو. ئاخر نەیدەویست میوانەکان سەر لە وردەکارییەکانی ئەو چیرۆکە (کە خۆیشی نەیدەزانی چییە) دەربێنن. بەلاّم بڕیاری دا دواتر، لەکاتی خۆیدا، مەسەلەکە تاووتوێ کات.

ئەمیر عەلی، لەرزۆک و ڕەنگ پەڕیو، بۆ ژووری میوان گەڕایەوە و هۆی بزر بوونی خۆی، بەچەند ڕستەیەکی سوواو ڕاڤەکرد. جگەرەیەکی هەلّگرت، لەنێو پەنجەکانیدا هێشتییەوە، نایە لا لێوی، بەدوای شقارتەدا گەڕا و وازی لە کێشانی هێنا. جگەرەکەی لەسەر مێزەکە دانایەوە. چوو بۆ موبەق و دەرگای یەخچالّەکەی کردەوە. نەیدەزانی بەدوای چیدا دەگەڕێ و ئەوجا دەرگای فرێزەرەکەی کردەوە. کاک عەلی چێشت لێنەر تەماشای دەکرد. توورێکی هەلّگرت و بەحیرسەوە کەوتە داخرماندنی. دەرگای یەخچالّەکەی داخست. گەڕایەوە. چوو بۆ دەستشۆریی. لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆی کرد. نوقورچێکی توندی لەسەر ڕانی گرت و بەمشت بەقۆزینکی پای خۆیدا مالّی. پای خۆی بوو ئازاری دا، جوولاّندی، هەلّیبڕی، هێنایەوە سەر عەرد، ئەمر و نەهی بەسەردا کرد، چ عەیب و نوقسانیی نەبوو. پا گوێ ڕایەلّە هەمیشەییەکەی خۆی بوو.

کێکی لە دایکبوونیان کەرت کرد و خواردیان. بەشی سەر لەشکری بەختەوەریشیان دا و لەبەرئەوەی کەس گوێی لە سەمفۆنیای بیتهۆڤن ڕانەگرتبوو، بڕیار درا لە بێدەنگیدا گوێی بۆ ڕادێرن و ئیتر پاشان بڕۆن.

پا شێتەکەی ئەمیر عەلی بێدەنگ و ئارام بوو. لە بری ئەوە، دلّی توند لێی دەدا، تێکەلّ پێکەلّییەکی سەیر لەجەستەیدا پێچی دەخوارد. دەیزانی کە مەلەک ئازەر لێی ناگەڕێ و قیرسیچمانەتر، لە بیر تیژیی و ئاقلّییەوە، موو بەموو، دەکەوێتە دوای ڕووداوەکە. دەشێ باشتربا ڕاستییەکەی بۆ گێڕابایەتەوە و یارمەتی لێ خواستبا. دانی پێدا نابا کە جەستەی شێت بووە و مەخلّوقێکی نەبینرا و، ڕۆحێکی ئەهریمەنانە ڕۆچۆتە ناو جەستەیەوە. نا، کەس باوەڕی پێ ناکات. دەلّێن حەپ و حۆل بووەو ئیتر ئابڕووی دەچێت. دەبێ ئارام بگیرێ و بەشێوەیەکی کاتیی بەردێک لەسەر ئەو ڕووداوە دانرێت.

قۆزینگە بەختەوەرەکەی مامە گیان هەر بەڕاستیی دەئێشا، بەلاّم ئێشانێکی شیرین و عاشقانە. مالّەکەی لە سەری کۆلاّن بوو. ئەمیر عەلی گوتی دەیگەیەنێ و مەلەک ئازەریش سەرنجێکی تایبەتیی، تژیی بەدڕدۆنگی و خانە گومانیی لە شووەکەی دا. ویستی پێی

بڵێ نا، بەڵام زوبانی خۆی گرت. ویستی بڵێ منیش دێم و کەچی هیچی نەگوت. هەنووکە لە هیچ شتێک دڵنیا نەبوو. دەبوو ئارام بگرێ و وەک هەمیشە ئاقڵ و ئارام بێت.

مامە گیان، نیوە مەست، شاد و خۆشنوود و بەشەلە شەل، خۆی هەڵواسیبوو بەباسکی ئەمیر عەلیدا و لەژێر لێوەوە ورتە ورتی بوو. حەزی بوو لە بارەی ئاوری عیشقی دێرینییەوە، کە هەمدیس کڵپەی سەندبووەوە، قسانی بۆ بکات. بەڵام ڕووی نەدەهات. یەک دوو ئاماژەی ژێر بەژێری بۆ داستانی لەیلا و مەجنوون و ڕۆمیۆ جولیێت دا و هەناسەیەکی هەڵکێشا. یەک دوو جارێکیش بۆی وەستا و دەستی هێنا بەقۆزینگی پایدا و ناڵەیەکی ئاوێتە بەپێکەنینی بۆ کرد.

حەسحەسەکەی شەوان فیکەی کێشا و مامە گیانی لە دونیای خۆی دەرهێنا. دەستی ئەمیر عەلی گوشی و قایل و بەختەوەر، خۆی بەماڵدا کردەوە.

حەسحەسەکە سلاوی کرد. ڕاوەستا و چاوەڕێی بەخشیش بوو. ئەمیر عەلی گوتی جزدانەکەی پێ نییە و ئیدی زەردەخەنە فراوانەکەی کابرای حەسحەس ڕەوییەوە.

گوتی: "ئێمە خزمەتکاری ئەنگۆین. "بەڵام دەنگی هەمان چەوری و نەرمیی چرکەیەک لەوەوبەری نەبوو.

گڵۆپەکان کوژابوونەوە و بەژوور دەرگای یەک دووماڵەوە پەرچەمی تازییە هەڵواسرابوو. دەرەوەی ماڵ دونیایەکی دی بوو. چ کەسێک لە مێژووی لەدایکبوونی ئەو و خەسووی وەئاگا نەبوو، چ کەسێک بەبۆنەی هاتنە دونیای ئەوەوە ئاهەنگی نەدەگێڕا. پیاوێک لە سەربان، سەر قاڵی داپۆشین و حەشاردانی سینی سەتەلایتەکەی بوو. کە ئەوی بینی هاتە ئەم لاوە و لە تاریکیدا دیار نەما. ترۆمبێلی کۆمیتە لەوێوە تێپەڕی. بەتوندی ئیستۆپی گرت. پاسدارەکان تەماشای ئەمیان کرد، هیچیان نەگوت. ڕۆیشتن. پیاوێک لە بەردەم ماڵەکەیدا پیاسەی دەکرد. لێی پرسی سەعات چەندی ڕێکە. دوو سەعات لە نیوەشەو لایدابوو. پیاوەکە شڵەژاو و پەشۆکاو. پێویستی بەوە بوو لەگەڵ کەسێکدا بئاخڤێ.

گوتی: "ئەرێ ئێوە مناڵتان هەیە؟"

ئەمیر عەلی سەری لەقاند و بیری لە کوڕەکانی کردەوە کە لە هەندەران بوون. دڵی بۆیان تەنگ بوو.



پیاوی شڵەژاو گوتی: "خۆش بەحاڵتان. من کچ و کوڕێکم هەن. هەموو شەوێک تا درەنگانێ لە کۆڵان دێم و دەچم تا لە میوانیی دەگەڕێنەوە. ئاخر ناتوانم لە ماڵەوە زیندانییان کەم. دەترسم پێوە بن و قامچی بخۆن."

ئەمیر عەلی بەخۆی گوت: "من پیاوێکی بەختەوەرم و پێویستە قەدری ژیانی ئاسوودە و خۆشگوزەرانی خۆم بزانم. " وایگوت و میوانداریێتیی دوور و درێژی ئەو شەوە، مێزگەلی پڕ لە جۆرەها خواردنی خۆش، کەوچک و چەنگاڵی زیو، پەرداخی کریستاڵ، کاسە و قاپی دێرین، تەپڵەکی گرانبەهای جگەرە، کلیم و فەرشی دەگمەن، تابلۆگەل و پەردەی مەخمەل هاتنەوە پێش چاوی و ئیدی دڵی گیرا. قورسایی هەر هەموو ئەو شتانەی لەسەر جەستەی هەست پێ دەکرد. بینی بەشێوەیەکی سەیر ماندووە و نایەوێ بگەڕێتەوە. لەو کۆڵانە تاریکە نیوە گڵانە، لەم شارە پڕ قسە و قەرەباڵخ و لەنێو ئەم بورجە خشتییانەدا، لەم دونیای سلاو و سەڵەوات و جەنگەدا شوێنێکی نییە و لە پەراوێزی ڕووداوەکانا ژیان دەگوزەرێنێت. ڕایەڵ نەبوو بەچ شتێکەوە و چ کەسێک پیرۆزبایی لە بوون و نەبوونی نەدەکرد.

ئەو شەوە و شەوانی تر، ژن و مێرد، بەبێدەنگیی و پشت لەیەک نوستن و خەویان لێ نەکەوت. هەردووکیان بیریان لە یەک ڕوودا و دەکردەوە و ئەو (ڕووداو) ەش، ڕووداوێکی تێکەڵ پێکەڵ بوو وەک سێبەرێکی سەر ئاو - سرک و ئینسان دەستی نەیدەگەیشتێ. نەیاندەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەن و چ بڵێن. هەر بەڕاست پێیان باشتر بوو، قسانی لەبارەوە نەکەن. بەڵام هەریەکەیان، لە تەنیاییدا، بەڕووداوەکەدا دەچۆوە، لە شەوێکەوە بۆ شەوێکی تر دەڕۆیشت، لێرەوە بۆ ئەوێ دەڕۆیشت، لەم قسەوە بۆ ئەو قسە و ئیدی دەگەییە بن بەست. مەلەک ئازەر سەرنجی دەدایە ڕووداوی دوورتر، لەسەرەتای ئاشنابوونیانەوە دەستی پێدەکرد، دەهاتە پێش، وچانێکی لەسەر ناکۆکییە چکۆڵەکان، بەدحاڵیی بوونە هاکەزاییەکان، عاجز بوون و ئاشت بوونەوە لەیاد چووەکان دەدا و ئەوسا قەدبڕی دەکردن. هەمدیس دەگەڕایەوە، ڕووداوێکی دەکردەوە، ڕاڤە و شیتەڵی دەکرد، مەزەندەگەلێکی دەکرد، دەگەیشتە ئەنجامگەلی هەڵەو ئیدی بەچ شوێنێک نەدەگەییشت. ئەمیر عەلی، لە ترسی لێ پێچانەوە و دانان بەگوناهدا (ئەدی کام گوناه؟)، تا ئەو شوێنەی کە دەلووا، بەهەزار و یەک بیانوو، خۆی لە ژنەکەی دوور دەخستەوە. دەیزانی کە ڕووداوەکەی ئەو شەوە چ پەیوەندییەکی بەژنەکەیەوە نییە. لە چۆنی و بۆچییەکانی ئەوە

نەدەگەیشت و نەیدەویست بیری لێ بکاتەوە، چونکە دڵنیا بوو هەر ڕاڤەیەک لەوبارەیەوە بۆ خۆی، یان بۆ ژنەکەی بهێنێتەوە، ڕاڤەیەکی ساکار و بێ کۆڵەگەیە. زەمەن نهێنیی وەدەرخەری ڕووداوگەلە چاوەڕوان نەکراوەکانە، ڕووداوگەلی بەڕوواڵەت نادیار و لە تێگەیشتن نەهاتوو، ئەمیر عەلی وای بەباشتر دەزانی ئارام بگرێ تا شتەکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە و هۆکاری ئەم بەزمەی بۆ ئاشکرا دەبێت. مەلەک ئازەر، بەپێچەوانەوە، نائارام و تووڕە و لە مانای خۆ دوورە پەرێز گرتنی پێ هەڵچەقێنانە و کارە سەیر و سەمەرەکانی وی نەدەگەیشت. بێدەنگیی دیوارێکی نەبینراوی لەنێوانیاندا ڕۆنا بوو، قسە و زەردەخەنەکانیان درۆیینە و دەسکرد ببوون. هەردووکیان ترسیان لە ڕوودانی کارەساتێکی دڵتەزێن لێ نیشتبوو، نەیاندەویست پەردە لەسەر واقیعییەتێکی تاڵ هەڵماڵن. هەردووکیان، بەشەرمێکی شاراوەوە، مەودایان لە یەکتر دەگرت و زاتی دەربڕینی خایلەگەلی پەشێو و دڕدۆنگییە نادیارەکانی خۆیان نەبوو. نەیاندەویست باوەڕ بەوە بێنن بەوەی کە ڕووداوێکی نائاسایی دزەی کردۆتە نێو ژیانی بێ ڕووداو و ماقووڵیانەوە. قسەیان لە بارەیەوە نەدەکرد و ئەم قسە نەکردنەش، وەک برینێکی بزۆز، لەنێو جەستە و ڕۆحیاندا دەسووڕایەوە و عەزابی دەدان. هەرکامیان چاوەڕێ بوو تا ئەویتریان دەسپێشخەریی بکا و بکەوێتە ڕاڤەکردن، ئاخر ئەو ئەویترە، لە حەژمەت غروور، یان لە ڕووی ترسنۆکییەوە، دەسپێشخەریی نەدەکرد.

مەلەک ئازەر پێشبینیی دەکرد شووەکەی، وەک منداڵێکی هەستیار، سەری قسان دامەزرێنێ و گرفتارییەکانی خۆی بۆ باس کا و وەک هەمیشە، داوای ڕانومایی و یارمەتیی لێ بکات. بەڵام لەوپەڕی سەرسوڕماندا، دەیبینی وا ئەمیر عەلی بەقیرسیچمەیی منداڵێکی لاسار و بزێو، بابەتەکە دەشارێتەوە و قسەی دڵی بۆ ناهێنێتە سەر زوبان. مەزەندەی ئەوەی کە ئەمیر عەلی قسەیەکی لێ بشارێتەوە و نهێنییەکی لە دڵدا هەبێت، ئەوی هەراسان دەکرد. ئاخر چۆن دەبوو؟ ئەدی مەگەر تا ماوەیەک لەمەوبەر گیانێک نەبوون لە دوو جەستەدا؟ بێدەنگییەکەی ئەمیر عەلی شایانی بەخشین نەبوو، شتێک بوو تێگەیشتن لێی مەحاڵ بوو. هەستی دەکرد سووکایەتیی پێ کراوە. پێی وابوو ئەمیر عەلی بەسەرپۆش دانان لەسەر ئازار و گرفتارییەکانی، سووکایەتیی پێ دەکات. ئاخر دەرەوە و ناوەوەی ئەم پیاوە هی ئەو بوون، حەقی ئەوەی نەبوو چ شتێکی لێ بشارێتەوە. تا ئەو ڕۆژە شتی وای لێ نەوەشابووەوە. هەرگیز.



بێ خەویی ببووە عەزابێکی نوێ و نائاشنای ئەمیر عەلی. هەر کە چاوانی لێکدەنان، ئیدی مێشکی دەکەوتە کار و وێنەگەلی شپرزە لەودیو پێڵووە لێکنراوەکانییەوە وەدیار دەکەوتن. لێکدا لێکدا لە دەست و پای خۆی دەنۆڕی و وریای ئامادەگیی جەستەی بوو. دەستێک کە تا ماوەیەک لەوەبەر وەک دایکێکی میهرەبان، قژی بۆ شانە دەکرد، خواردنی دەنایە دەمی، قۆپچەی کراسەکەی بۆ دادەخست، دەیشوشت و قەیتانی پێڵاوەکانی بۆ گرێ دەدا، دەستێک کە دەینووسی، کە نەوازشی دەکرد و ئامادە لە خزمەتیدا ڕاوەستابوو، کوتوپڕ، بەبەڵگەیەکی نادیار، ببووە دوژمنێکی موزیر و لەلایەن کەسێکی ترەوە، کەسێکی نەناسیاو و نەبینراوەوە، ئەمری پێدەکرد و خودا دەیزانی دەیویست چ پەنگێکی پێ بدات. بۆی هەبوو هەزار جۆر تشت ڕووبدەن. ئاخر چ بکات ئەگەر ئەو دەستە بێ ئەوەی ئەم بیەوێ یان تێبگات، قوڕگی ناسکی مەلەک ئازەر بگوشێ و بیخنکێنێ؟ ئەدی چ بکات گەر ئەو دەستە گوڵدانی کانزایی سەر مێزەکە هەڵگرێ و بیکێشێ بەسەری مەلەک ئازەردا؟ یان چ بکا گەر ئەو دەستە بەچەقۆکەی موبەق بکەوێتە گیانی و سەری ببڕێت؟ عەزاب و خەفەت و شەرمەزاریی لەولاوە بووەستێ، ئەدی چۆن بۆ خەڵکانی تری ڕاڤە بکات؟ دەڵێت دەستەکانم لەژێر فەرمانمدا نەبوون و مێشکم فەرمانی لە کەسێکی ترەوە وەرگرتووە؟ هیچ کەس باوەڕی پێ ناکات. گوناهەکەی دیار و سزاکەشی ڕۆشن. لە سێدارەدان یان خەستەخانە. بەئەگەری زۆریش لە سێدارەدانە، بەسلنگێکی قورسەوە لەبەردەمماڵی خۆیاندا هەڵدەواسرێت. شەو تا بەیانیی لەگەڵ ئەم وەهمە دڕدۆنگیی وروژێنانەدا دەجەنگی و لەژێر چەرچەفەکەیدا بێ خەو، هەراسان و شەکەت کەلەکەی دەگۆڕی. گومانی تێدا نەبوو کە هیچ کام لەو ئەگەرانە ڕوونادات، مەحاڵ بوو. ئاخر ئەمیر عەلی خاوەن ڕۆحێکی هەستیار و ناسک و دڵێکی گەورە و میهرەبان بوو. بەڵام، لەدوای ڕووداوەکەی ئەو شەوەوە، ئیدی چ متمانەیەکی بەو ڕۆحە هەستیار و دڵە میهرەبانەی نەمابوو. شەوانە، دەستەکانی دەخستنە ژێر جەستەیەوە و بەچکۆڵەترین جووڵە لەخە و ڕادەپەڕی. شەوێک، دوو شەو، دوو هەفتە، دوو مانگ - ئاخر دەبوو تا کەنگێ درێژە بەو وەزعە بدات؟ ئاقڵێنەترین کار ئەوە بوو بۆ ماوەیەکی کورت لە مەلەک ئازەر دوور کەوێتەوە و لە ژوورێکی جیاوازدا بخەوێت. لە ژووری کوڕەکان، یان لە ژووری میوان. جیاوازی نییە، لە هەر جێیەک. مەلەک ئازەر گوێی بۆ پێشنیازی سەیری شووەکەی ڕادێرا و وا بیری کردەوە کە بەباشیی گوێی لێ نەبووە یان لێی حاڵیی نەبووە. پێکەنی. دەستێکی میهرەبانانەی هێنا بەگۆنای ویدا و قۆپچەی کراوەی کراسەکەی داخست.

کراسێکی ئووتوو کراو و پاک و تەمیز. ئەمیر عەلی ڕەنگی شینی لێ دەهات. ئەم هەر خۆی کراسەکانی شووەکەی هەڵدەبژاردن، هەروەها پێڵاوەکانیشی. ئەمیر عەلی، شەرمەزار، چاوانی بڕی بووە عەردەکە، قسەکەی دووبارە کردەوەو (بە لاڵە پەتێ و کۆکە کۆک و ڕستەگەلی ناتەواو) گوتی، ئەو کارە بەپاساوێک کە بەڕاستی ناتوانرێ بگوترێت، لە بەرژەوەندیی هەردوو لایاندایە. نەیدەتوانی لەوەندە زیاتر بێژێ، چونکە قسەکانی هی گوتن نەبوون.

"لە بەرژەوەندی هەردوو؟ کام دوو؟ مەگەر مەسەلەکە لێک جوێ بوونەوەی من و تۆیە؟"

ئەمیر عەلی توانای ڕاڤەکردنی نەبوو. قسەکەی دووبارە کردەوە و ئەو سێ دوا وشەیەی (لە بەرژەوەندی هەردوو) بەجۆرێک گوت کە ئیدی شتێکی بۆ قسەکردن و باس و خواس نەهێشتەوە. مەلەک ئازەر مرد و زیندوو بۆوە. سەری لە گێژەوە چوو، هەزار جۆر فیکر و خەیاڵی بۆ هات. هەریەکێک لە ژوورێکی جوودادا؟ یەکێ لە سەرەوە و ئەویتر لە خوارەوە؟ ئاخر بیست ساڵ بوو ئەو دووانە وەکی دوو جمکی پێکەوە لکاو، لە پاڵ یەکدیدا دەنووستن، پێکەوە لکابوون و جوێ کردنەوەیان سانا نەبوو. ئەوە نەشتەرگەری دەویست و ئەو جوێ کردنەوەیەش تشتێکی بەسوێ بوو. بۆ هەردووکیان بەسوێ بوو (بۆ ئەمیر عەلی کەمتر). شتێکی لەوجۆرە مەحاڵ بوو، مەگەر یەکێک لەو دووانە مردبان. مەحاڵ بوو. ئەوسا هەواڵەکە بەگوێی ئەم و ئەو دەگەییشت، خەڵکیی چییان دەگوت؟ دەکەوتە سەر زوبانی خەڵکیی کە لەیەکتر زویر بوون، نێوانیان تێکچووە، ئەوسا دەنکە نیسکێک دەکرێتە شاخێک، حەکایەتی ژیانیان دەکەوێتە سەر زاری خەڵکیی و ئابڕوویان دەچێت. نەخێر. هەرگیز. تشتی وا نابێت، قەبوڵی ناکات.

ئەمیر عەلی لەگەڵ خۆیدا دەجەنگی، حەقی بە ژنەکەی دەدا و خەفەتێکی ئاوێتە بەشەرم لەسەر دڵی کەڵەکە دەبوو. مەلەک ئازەر گوتی: ئەم جۆرە جوێ بوونەوەیە - نوستن لە ژووری جیاوازدا- سەرەتای دوورکەوتنەوەیەکی واقیعییە. نموونەی فلان و فلان و فیساری هێنایەوە - ژن و مێردگەلێک کە ڕێک کەوتبوون لەسەر ئەوەی لە ژووری جیاوازدا بنوون و ئیدی کاریان بەتەلاق و بەدبەختی گەیشتبوو. سێیەمین فلانیی نموونەیەکی خەراپ بوو، چونکە پیاوەکە نەک هەر بەدبەخت ببوو، بەڵکو کاڵەکی بەئەژنۆی خۆی دەشکاند، ئاخر خانم شوویەکی جحێڵتر لە خۆی دۆزیبۆوە کە نەیدەپرخاند و شەوانە لە تەنگەی دڵی ویدا دەنوست.



ئەمیر عەلی ڕاستگۆیانە، بەخایلەگەلی بێ بناغەی ژنەکەی پێکەنی. مەلەک ئازەری لە نێوان باسکەکانیدا گرت و بەسینگی خۆیەوە گوشی. خەریک بوو تەسلیم ببێ، خەریک بوو بلێ: "زۆر باشە، قەبوڵمە!" بەڵام کاتێ چاوی بەمقەستی خەیاتییەکەی سەر مێزەکە کەوت، دڵی داخورپا. هەمدیس هەمان تاس و هەمان حەمام، هەمان وڕێنە و هەمان ترس. "ئەگەر مقەستەکە هەڵگرم و... "نا. نا. دەبێ دوور کەومەوە. چ ڕێگەچارەیەکی تر نییە. دەبوو دانیشێ. فیکرەکانی گردکاتەوە و هۆکاری ئەم نەخۆشییە، ئەم بێ سەروبەرییە، ئەم شێتێتییە کوتوپڕە، ئەم شێتێتییە ناکاوە تێبگات. شێتێتییەک کە لە جەستەیدا بوو، لە ئێسکەکانیدا، لە پێکهاتەی کیمیایی خوێنەکەیدا. مەلەک ئازەری لەسەر ڕێگەی خۆی لادا و بێ ئەوەی چاوەڕێی درێژە پێدانی باس و قسەی تر بێت، بیجامە و سۆڵەکانی هەڵگرتن و بۆ ئەو ژوورە گەورە و پان و پۆڕەی کە بۆ میوانان ئامادە کرابوو، چوو. ئەوێ ژوورێکی ڕووناک بوو بەپەردەی ناسکی تۆڕییەوە، چۆڵ لە ئەشیاو عەتیقەجات و تابلۆ و ئاوێنە و چل چرا.

یەکەمین شەو بۆ هەردووکیان دژوار بوو. ئەمیر عەلی دوای تەپاوتلی یەک لە دوای یەک و هەست کردن بەگوناهـ و تەنیایی، خەو بردییەوە. حەزی لە هەوای فێنکی ژوورەکە و هەستی بەئارامیی دەکرد کە دەوروبەری خۆی چۆڵ دەبینیی. لەم ژوورەدا، تەنها لەم ژوورەدا، گیایەکیان لە تاقی پەنجەرەکەدا دانابوو کە زیندوو بوو. (ئاخر مەلەک ئازەر بەبۆنی گیا ئەلەرژیی هەبوو، لەبەر ئەوە هەموو گوڵەکانی نێو ئینجانەکان دەسکرد بوون). تەختەنوێنی ئەو ژوورەش گەورە و پان و پۆڕ و دەکرا بەئاسودەیی دەست و قاچی لەسەر ڕاکێشرێ و بای باڵی خۆی تێدا بدرێت، دووەمین شەو گلۆپی پاڵ تەختەنوێنەکەی داگیرسان و کتێبی خوێندەوە. پەردەکانی لادا. خولخلۆکە تەختەییەکانی کردنەوە و لەگەڵ تریفەی چڕی مانگدا نوست و پێچەوانەی هەمیشە کە پیاوێک بوو لەگەڵ شەبەقدا خەبەری دەبۆوە، تا درەنگانێ لەسەر سیسەمەکەی مایەوە.

مەلەک ئازەر گینگڵی دەدا. چەرچەفەکەی لەسەر خۆی لادەبرد و سەرینەکەی بەم لا و لادا دەگۆڕی. گەرما و سەرمای بوو. پێی وابوو برسییەتی. دەچوو بەرەو لای یەخچاڵەکە و کەوچک کەوچک هەنگوین یان مرەبای توی فەرەنگیی دەخوارد. سوراحی ئاوەکەی هەڵدەگرت و لەسەر یەک، دوو سێ پەرداخ ئاوی دەخواردەوە. بای دەکرد و دڵە کزەی تووش دەبوو. دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی و لەسەر لێواری تەختە نوێنەکەی پاڵ دەکەوتەوە.

چەرچەفەکەی بەروخساریدا دەدا، هەوڵی دەدا بنوێت بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت. ئیدی گینگڵ دان و تەپاو تل هەتا شەبەق.

شەوێکیان هەستا و بەپێی پەتیی بەپێپلیکانەکاندا چووە سەرێ. دڵی وەخورپە کەوتبوو، هەناسەی لەخۆ بڕیی و لەودیو دەرگای ژوورەکەی ئەمیر عەلییەوە ڕاوەستا. دەستی نایە سەر دەسکی دەرگاکە و هەروا مایەوە. حەزی دەکرد بەیەک مشت دەرگاکە بخاتە سەر پشت و وەژوورکەوێت، سەر بنێتە ژێر چەرچەفەکەی ئەمیر عەلییەوە و خۆی پێوە بلکێنێ. هێند جەستەی بەجەستەیەوە بلکێنێ کە ناچاری دان پیانانی کات، بیرێکی حیسابیی بوو. کەچی غیرەتی نەکرد دەرگاکە بکاتەوە، غرووری مۆڵەتی نەدەدا. ئاخر ئەم زویر ببوو، نەیدەویست خۆی چکۆڵە بکاتەوە. چاوەڕێ بوو ئەمیر عەلی، سەر شۆڕ و ژێوان بگەڕێتەوە، نازی بکێشێ، بکەوێت بەسەر دەست و پایدا و داوای لێبووردنی لێبکات. ئەدی کێ نالێ هەنووکە ئەمیر عەلی چاوەڕێی ئەم نییە و پێویستی بەگرینگیی پێدان و عیشقی وی نییە؟ ئاخر پیاوان ئاوهایین. بەڕووکەش لە خۆباییین بەڵام لەڕاستیدا منالآنی دەست و پێ سپیین و ئاتاجیان بەدایکیان هەیە. مەلەک ئازەر، بەپشت بەستن بەم ئەنجام گیرییە، لە پێپلیکانەکان چووە سەرێ. هەناسەیەکی درێژی وەرگرت و بەهەموو هێزی خۆی دەسکی دەرگاکەی بادا. دەرگاکە لە ناوەوە داخرابوو. نا، شتی وا نابێ. هەمدیس و هەمدیسان دەسکی دەرگاکەی بادایەوە و لەشی گەرم داهات. پێدەچوو هەزار برین کەوتبێتنە جەستەی. ئاخر بە چ حەقێک دەرگای لەسەر ئەم داخستووە؟ بەمۆڵەتی کێ و بۆچیی؟ نەیدەزانی چ بکات؟ لە دەرگاکە بدات؟ هاوارکات؟ دەرگاکە بشکێنێ؟ گەڕایەوە خوارەوە، بەهات و باتەوە گەڕایەوە، بەدەنگە دەنگێکی لاسارانەوە. واتە من بێدارم. لێرەم. تێدەگەیت؟ ڕادیۆکەی کردەوە. کاتی خوێندنەوەی قورئان بوو. دەنگەکەی بەرز کردەوە. تا ئەوپەڕی بەرزی کردەوە، دەرگایەکی کردەوە و دای بەیەکدا. جارێک، دوو جار، سێ جار. گوێت لێیە؟ ڕابە. دەی یاڵڵا. دەرگات لەسەر من داخستووە؟ من؟ – مەلەک ئازەر – وایگوت و قیژاندی. گلۆپەکانی ماڵەکەی داگیرساندن. شریتێکی خستە سەر ڕیکۆردەرەکە. گۆرانیی ستران بێژێکی ڕەش پێست بوو. دەنگەکەی بەرزکردەوە. گۆڤەندێک بوو وێنەی نەبوو. ئەمیر عەلی هەر نوستبوو. نوستو و کەڕ، ڕەنگبێ مردبێ یان بەڵایەکی بەسەردا هاتبێ؟ مەلەک ئازەر، شپرزە و دەستەوەستان، بەپێپلیکانەکانا چووە سەرێ و بەمشت و پێلەقە، لە دەرگای ژوورەکەی دا. ئەمیر عەلی، خەواڵوو، بەباوێشکدانەوە، دەرگاکەی کردەوە و بەدەنگەنگی ڕادیۆ و مۆسیقا جازەکە ڕاچڵەکیی.



گرژ و مۆن. مەلەک ئازەر لەسەر قلآفەتی مۆن و تووڕەی وی ڕانەهاتبوو. بینی زرپ و زیندووە، چ بەڵایەکی بەسەر نەهاتووە، سوور هەڵگەڕا. زوبانی لە کلیلەوە چوو، ڕستی بیر و خایلەگەلەکانی لێ ئاڵۆزکان. ڕووی وەرگێڕا، لەژێر لێوەوە شتێکی گوت. بۆ ساتێک دوو دڵ ڕاوەستا و پاشان خێرا بەپێپلیکانەکاندا هاتەوە خوار. ڕادیۆ و گلۆپەکانی کوژاندنەوە و چووە ژوورەکەی و دەرگاکەی داخست، لەسەر تەختە نوێنەکەی ڕاکشا و چاوانی لە میچی ژوورەکە بڕی. نەیدەزانی چۆناوچۆنیی سەبووریی خۆی بداتەوە. ئاخر بریندار کرابوو، سوکایەتیی پێکرابوو، نەیدەزانی مەسەلە چییە. گەر شەڕیان با، شەڕی باوی نێوان ژن و مێردان لەسەر تشتی هیچ و پووچ، گەر ناکۆکییەکی جیدیی پێش هاتبوو، بەهەرحاڵ تێدەگەیشت و قەبوڵی بوو، دەکرا قسەی لەبارەوە کرابا، سازشی لەسەر کرابا. کێشەکە یەکلایی کرابایەوە یاخود درێژە بەشەڕ و شۆڕەکە درابا. هەموو ئەم شتانە ئاسایی بوون گەر ئەمیر عەلی پاساوێکی ماقووڵ و مەنتیقیی بۆ کارەکانی خستبایەتە ڕوو، کە نەیدەخستە ڕوو. هەڵدەهات، خۆی بەگێل پێشان دەدا، هەڵێت و پڵێت قسانی دەکرد، تەمسیلی دەکرد، منگە منگی دەکرد، ڕۆحی بونیادەمی دەکێشا، کەچی قسانی نەدەکرد. هەموو شتێک لە تاریکیدا تێدەپەڕی. لە شاراوەییەکی بەسوێدا، لە مەزەندە و دڕدۆنگیدا، لە قسەی دوو لایەنە و ڕەوتاری مودارا ئامێزدا. نەفرەتیی. پێویست بوو بدوێت. ئاخر سێ چوار وشەی بێ مانای لەزار دێتە دەرێ و ئیدی سەری دادەخات. (لە بەرژەوەندی هەردووکمان دایە!) یانی چیی؟ ڕوونی بکەوە. ئەرێ شەوە زوبانتی ڕفاندووە؟ ئێمە بیست ساڵە لەسەر یەک تەختە نوێن دەنووین. هەنووکە، کوت و پڕ لە بەرژەوەندیمان دایە لە ژووری جودادا بنووین؟ بۆچی؟ دواییش هەمان ئەو جووڵە بێمانایانە. ئەگەر شێت بوویت، باشە، تێدەگەم. دەچینە لای دکتۆری مێشک و ئەعساب. دەچینە لای دکتۆری گوێ و قوڕگ و چاو. دەچینە لای دکتۆری پسپۆڕ لە بواری هەرس و گەدەدا. چوزانم... دەچین بۆ سەفەر، دەچین بۆ هەندەران بۆ لای منالەکان. شتێک هەر دەکەین. ئاخر چ دەردێک نییە هەتوان نەکرێت.

قسەکانی مەلەک ئازەر لەگەڵ خۆدا تەواو بوونی نەبوو. دووریی لە ئەمیر عەلیی ئازاری دەدا. ئاخر خووی بەئامادەگیی ئەم پیاوەوە گرتبوو، خووی گرتبوو بەبۆنی جەستەیەوە، بەدەنگی خۆشی هەناسەکانییەوە، بەقریوە چکۆڵە و هێورەکەیەوە، بەخشەخشی ئەو ڕۆژنامەیەوە کە بەر لە نوستن دەیخوێندەوە و بەقوڵتە قوڵتی ئەو ئاوەی کە لەکاتی لەخەو وەئاگابوونەوەیدا دەیخواردەوە. ئەمیر عەلی بەرجەستە دەکرد کە بەئاسوودەیی نوستووە

(ئەمەش شتێکی درۆ نەبوو) ئیدی هەراسانتر دەبوو. سەری دەنایە ژێر سەرینەکەی و دەینالاند. ئارەزووی بوو شتێک هەڵگرێ و بیشکێنێت. حەزی بوو چنگ بگرێت لە دەم و چاوی مەلەک ئاهوو، ئازاری بدات، کارێک بکات کە نیگەران و حەسوود و بێچارەی کا و ئیدی تا ماوە خەوی بزڕێنێت. بەخۆی دەگوت باشترین ڕم، گرینگیی پێنەدانییەتی. هەروەک بڵێی هیچ ڕووی نەدابێت، سڵاو ئازیزەکەم، باش نوستیت؟ زۆر چاکە؟ چ ڕۆژێکی خۆشە، وەی چ هەتاوێکە. چ بۆنێکە. چ بۆنێکی خۆشی نانی برژاو دێت. دەکرا لەگەڵ دەربڕینی هەستی بەختەوەریدا، فیکە بکێشرێ یان گۆرانییەک لەژێر لێوەوە بگوترێت. دەکرا لەوپەڕی قایل بووندا بای باڵی خۆ بدرێت، لەسەر کورسییە پان و پۆڕەکە پان بیتەوە و لە هەوانتە خۆت بخەیتە پێکەنین. دەکرا خۆ بڕازێنرێتەوە، میکیاژێکی تۆخ تۆخ بکرێت، دەستێک لە دوورەوە تەکان بدرێ و بچیتە دەرێ. دەکرێ شەو درەنگ بێیتەوە و نەڵێیت لە کوێ بوویت. بڵێیت شێوم کردووە و نەڵێیت لەگەڵ کێ و لە کوێ. دەکرێ وا پیشان بدەیت کە ئاسوودە و خۆش نوستوویت، ئاسوودەتر لە هەمیشە و بەو بڕیارە دروستەی شووەکەت خۆشنوودیت. خۆ ئەگەر هەموو ئەم کارانە بێهودە و کێشە و زەحمەت بوون، ئەگەر هەموو ئەم گەمانە کاریان لە ئەمیر عەلی نەکرد و غیرەتیان نەهێنایەوە بەر، ئەگەر کوێر و کەڕ و ئاشکرا نەبوو چ مەرگییەتی، ئەوا دەکرا کاسە چینییەکەی سەر مێزەکە هەڵگیرێ و بەتوندی بەسەریدا بکێشرێت.

ئەمیر عەلی، گێژ و خەواڵوو، بێ خەبەر لە خایلە و بەرنامەگەلی ژنەکەی، لەسەر مێزی بەرچایی ئامادە بوو. لەژێر چاوەوە سەیرێکی وی کرد و هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. ئاخر چاوەڕێی مەلەک ئازەرێکی خەمین و مۆن بوو، کەچی پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێی دەکرد، لەگەڵ مەلەک ئازەرێکی سەرحاڵ و دەم بەپێکەنیندا ڕووبەڕوو بۆوە، مەلەک ئازەرێکی خۆ ئارایشتکردوو، شۆخ و نازدار، ڕووخۆش. شوکری خودای کرد کە کێشەکەیان بەزویریی و گلەیی نەشکاوەتەوە و ئیدی ویژدانی ئاسوودە بوو. بەئیشتیاوە بەرچاییەکەی کرد و نەیبینی لە قوڵایی چاوە بەڕوواڵەت بەختەوەرەکانی ژنەکەیدا، چ تووڕەییەکی گەورە و چ هەستێکی تاریک شەپۆلانێتیی.

شەوانی دواتریش هەر بەو شێوەیە تێپەڕین. مەلەک ئازەر گینگڵی دەدا و هەڵدەسایە سەر پا و دەڕۆیشت. جگەرەی دەکێشا. لەسەر تەختەنوێنەکە دادەنیشت و چاوی دەبڕییە سێبەرە خەمگینەکانی دەوروبەری. خەوی لێ نەدەکەوت و خۆ ئەگەر خەویشی لێ کەوتبا



ئەوە خەوێکی کاتیی بوو. جاروبار، لە جێگەکەی ڕادەپەڕیی. پێیوابوو کەسێک وا لەودیو دەرگاکەوە و ئیدی دڵی دەکەوتە تەپە تەپ. پێی وابوو ئەوە ئەمیر عەلییە و ئیدی خۆی دەکردە نوستوو. ئارامی دەگرت، دوو دەقیقە، سێ دەقیقە، جووڵەی لە خۆی دەبڕی. پێنج دەقیقە. بەتیلەی چاو دەینۆڕیی. چ بوو؟ کوێوە چوو؟ لەسەر تەختەنوێنەکەی دەپەڕییەوە دەرەوە، هەموو شوێنێک دەگەڕا و چ ئاسەوارێکی ئەمیر عەلی نەبوو. شەوانی دواتریش، هەمان بەزم دووبارە دەبۆوە. هەمدیس وای بەخەیاڵداهات ئەوە ئەمیر ئاهووە هاتووە بۆ لای و هەمدیس بۆی ڕوون بۆوە کە ئەمجارەیش بەهەڵەدا چووە. ئیدی دواجار ڕۆحی گەییە سەر کەپووی، ئاخر دەبوو تا کەنگێ درێژە بەم گەمەیە بدات؟ بینی ئیدی لەمەندە زیاتر ناتوانێت زەردەخەنە بیگرێ و ڕەوتاری خەڵکانی بەختەوەر بنوێنێت. دەبوو چەند ڕۆژێک دوور کەوتبایەوە. لەگەڵ دایکی و مامە گیاندا بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە ڕۆیشتبا (واتە ئەی مێردە ئازیزەکەم، ئیدی من پێویستم بەتۆ نییە و من بۆ خۆم بەسم)، کەچی سەفەرەکەی ناخۆش لێ تێپەڕی، ناخۆشتر لەوەی کە مەزەندەی دەکرد. نەیتوانی، تەنانەت بۆ یەک چرکەیش، خۆی لە بیرکردنەوە لە ئەمیر عەلی ببوێرێت. پیاسەی دەکرد، دەنوست، هەڵدەسا، قسانی دەکرد، بۆ هەر جێگایەک دەڕۆیشت و هەر کارێکی دەکرد، ئەمیر عەلی دەبینی و ئەوسا دڵی تاریک دادەهات. ئاخر خۆ بەختەوەر پیشاندان، لە بەرگە گرتنی بەختەوەریی بەسوێ ترە. بڕیار بوو هەفتەیەک بمێنێتەوە، بەڵام تاقەتی نەگرت و زووتر گەڕایەوە. ئەمیر عەلی لەماڵەوە نەبوو. بەخۆی گوت هەبێ و نەبێ چووە بۆ سەردانی دایکی. تەلەفۆنی کرد، زۆر ئاسایی و بەخوێن ساردییەوە، سەرەتا هەواڵی خەسووی پرسیی و پاشان تکای لە کارەکەری ماڵەکە کرد تەلەفۆنەکە بداتە ئەمیر عەلی. نەنە خانم وەڵامی دایەوە کە وەزعی خانمی گەورە باش نییە و ئەمیر عەلییش لەوێ نییە.

گرینگ نەبوو. بێگومان چووە بۆ ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی. درەنگ یان زوو سەر و کەللەی پەیدا دەبێتەوە. خۆ نەمردووە. حەوت و نیو بوو بەهەشت. ئەو سەعاتەی کە دەبوو پیاوی ماڵ خۆی کردبایەوە بەماڵدا، ئەو خۆی نەکردەوە بەماڵدا. سەعات نۆیش هەر خۆی نەکردەوە بەماڵدا. دیمەنگەلی تێکەڵ و پێکەڵ، وەک وڕێنەیەکی بێ سەروبەر، بەبەر چاوانی مەلەک ئازەردا تێپەڕین و جەستەی بەزەبری شڵەژان، هاتە ژان.

"دەبێ لە کوێ بێت؟"

دەنگی وەستانی ترومبێلێک هاتە گوێی و لە جێگەکەی ڕاچڵەکی.

بەخۆی گوت: "وا هاتەوە!" وایگوت و دڵی کەوتە تەپە تەپ. ئەوە ترومبێلی هاوسێکەیان بوو. بەخۆیدا شکایەوە. نائومێد بوو. خۆی خواردەوە، کەوتە سەرزەنشت کردنی خۆی. نەیدەویست ببێتە دیلی ترس و دڕدۆنگیی، دیلی ئیرەیی، دیلی هەموو شتێک و هیچ کەسێک. شانی لەقاند. گۆڤارێکی هەڵگرت و کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەکانی. دڵی تێکەڵ هات. درۆی لەگەڵ خۆیدا دەکرد و لە نواندنی ئەم گەمەیە شەکەت ببوو.

تەلەفۆنی بۆ من کرد. هەواڵی پرسیم. لەم پەلکەوە فڕییە سەر ئەو پەلک. چەند تیرێکی هاویشت - لەو تیرە بەسوێیە دێرینانە - و پێکەنی. تا ئەوەی کە دواجار چووە سەر ئەسڵی بابەتەکە و پرسیاری کرد: "ئەرێ ئەمیر عەلی لەوێیە؟"

دەیزانی لە لای من نییە. ئاخر دەیویست شپرزەیی خۆیم لەگەڵدا دابەش کات. تووڕەیی، خەفەت، هاوار و نالەی هی من بوون. چ پێویستی بەدەمامک و خۆ نواندن نەبوو. خودی خۆی بوو. تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

"لە کوێیە؟ لە کوێ؟ "ئەم پرسیارانە، ئەم دڵە ڕاوکێیانە، ئەم جەنگە دەروونییانە، ڕووداوێکی نوێی نێو ژیانی مەلەک ئازەر بوون. لەوەوبەر نەبوون. ئاخر پێشتر وا بیری کردبۆوە کە هەموو شتێک لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدایەتیی و سیستێمی ژیانی، جێگیر و چەسپاوە. پێی وابوو ئەم جۆرە ڕووداوانە هەر لە خەڵکی تر ڕوودەدەن و مەرگ هەر لە دەرگایماڵی دراوسێکەیان دەدا. کەچی وا هەنووکە، دەسوبرد و ناخافڵ، ئاڵوگۆڕ بەشتێک کرابوو. ئەرزی ژێر پێی دەلەرزی و زارێکی یاخی لە بەیەک دووا هاتنی ماقووڵی بیانووگەلەکان پەڕیبووە دەرەوە. نەیدەزانی کوێی کارەکە خەراپ بووە، یاخود هەر خۆی لە سەرەتاوە خەراپ بووە.

دەنگی بادانی کلیل لە دەرگاکەدا هات. مەلەک ئازەر گوێی تیژ کردەوە. ئەوە کاک عەلی چێشت لێنەر بوو لە دەرەوە دەگەڕایەوە. هەمدیس سەیری کاتژمێری کردەوە. کات تێ نەدەپەڕیی. میلەکان نەدەجوولان. دەستی نایە سەر تەلەفۆنەکە و چاوەڕێی کرد.

لەژێر لێوەوە گوتی: "زەنگ لێدە. زەنگ لێدە. زەنگ لێدە. زەنگ لێدە!" وایگوت و زەنگ لێدرا. باوەڕی نەدەکرد. زاتی هەڵگرتنی تەلەفۆنەکەی نەبوو. خۆی ئارام کردەوە. ویستی ساردوسڕ و بێ خرۆشان بێت. یەکسەر واهات بەخەیاڵیدا وەڵام نەداتەوە، بۆ ئەوەی ئەمیر ئاهوو تەمبێ بکا و تێی بگەیەنێت کە ئەمیش بەرنامەگەلی خۆی هەن و لە



ماڵەوە نامێنێتەوە. زەنگی شەشەمی ژمارد و ئیدی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. دڵی وەخورپە کەوتبوو.

مامە گیان بوو: "سڵاو. ناسک و نازدارەکەم، بووکەکەم... ئەلو..."

مەلەک ئازەر قیژەیەکی کرد و تەلەفۆنەکەی داخستەوە. قەستی بوو دەست بنێتە بینی مامەگیان و بیخنکێنێت. هەمدیس زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدایەوە. هەمدیسان مامە گیان بوو دەیویست بزانێ چ ڕوویداوە.

مەلەک ئازەر هاواری کرد: "وازم لێ بێنە!" وایگوت و هێند توند تەلەفۆنەکەی داخستەوە کە تەلەفۆنەکە لەسەر مێزەکە کەوتە خوارەوە و شکا. خودا دەیزانێ گەر لەو کاتەدا دەنگی کۆکەی ئەمیر عەلی لەوسەری ڕاڕەوەکەوە نەژنەڤتبا، چ ڕووی دەدا. یەک دوو چرکەی خایاند تا مەلەک ئازەر پێدا ڕاگەیشت خۆی کۆکاتەوە. جەستەی گەرم بوو بەڵام دەست و پێی هێزیان تێدا نەما بوو.

بەخۆی گوت: "دڵنیابووم دەگەڕێتەوە. کوێ لێرە گەرمتر و خۆشترە!" ویستی هاوار بکا و قسەیەکی ڕەقی پێ بڵێ، بەڵام زوبانی خۆی گرت. بۆ ساتێک بەخەیاڵیدا هات سەر و ڕوخساری ماچکا و خۆشحاڵی خۆی لە گەڕانەوەی پێشاندات. هەنگاوێکیشی بۆ پێشەوە نا. چووە پێشێ و هێشتا نەگەیشتبووە لای، هیشک بوو. ڕوانینی لە عەردەکە بڕی و ڕوپۆشێکی بەسەر هەستەکانیدا دا. نا، ئەدی بۆچی خۆی چکۆڵە کاتەوە؟ ئارامی گرت. هێند چاوەڕێ دەکات تا ڕۆحی ئەمیر عەلی دەگاتە سەر کەپووی. ئاخرییەکەی هەر شەکەت دەبوو، دوا جار خۆی بەسەر دەست و پایدا دەخست.

شێویان دەکرد کاتێ بێدەنگیی ماڵەکە شکا. کەسێک پەنجەی نابووە سەر زەنگی دەرگاکە و هەڵی نەدەگرت. ئەوە مامە گیان بوو کە نیگەران و هەراسان، خۆی گەیاندبووە ئەوێ تا بزانێ چ ڕوویداوە. مەلەک ئازەر لەژێر لێوەوە مڕەیەکی کرد، هەستا، مستی لەسەر مێزەکە دانا و بەپەلە دوور کەوتەوە. ئەمیر عەلی لە هەموو شتێک بێ ئاگا بوو. گوێی لێ بوو کە مەلەک ئازەر وەک شێت زریکاندوویەتی و هەر لەگەڵ بیستنی دەنگی مامە گیاندا تەلەفۆنەکەی داخستووەتەوە.

مامە گیان گوتی: "فەرموو بنۆڕە!" وایگوت و ئاماژەی بۆ تەلەفۆنە شکاوەکەی سەر عەردەکە کرد.

ئەمیر عەلی گوتی: مەلەک ئازەر ناڕەحەت و تووڕەیە. ماندووە. بارودۆخی کۆمپانیا

خەراپە و بەکورتی، هەر چیی بەئەقڵیدا هات - ڕاست و درۆ - کۆی کردەوە تا لە نیگەرانیی مامە گیان کەم کاتەوە. مامە گیان دووچاری نەخۆشیی خانە گومانیی ببوو. هەمیشە بیری دەکردەوە کە کەسێک یان کەسانێک دژی وی پیلان دەچنن و لەودیو هەموو ڕووداوەکانەوە پیلانێکی نهێنیی خۆی مەڵاس داوە. بێ چ بەڵگەیەک هەستی بەگوناه دەکرد و خۆی بە بەرپرسیاری ڕووداوە خەراپەکان دەزانی. ڕەوتارە سەیرەکەی مەلەک ئازەر ئەوی لە خۆی خستبووە گومانەوە. دڵنیابوو کە ناسیاوێکی نارەسەن و دەم شڕ، لە پاشە ملە، قسەی بەدەمییەوە هەڵ بەستووە. ئاخر تووڕەییەکەی مەلەک ئازەر بێ پاساو نییە. مامە گیانی هەمیشە گوناهبار، بۆ سەلماندنی بێ گوناهیی خۆی، ماوەیەک قسانی کرد، لەم پەلکەوە فڕییە سەر ئەو پەلک، ددانی بەچەند گوناهێکی چکۆڵەی سافیلکانەدا نا کە ناکرێ ناوی بەدگۆیی لێبنرێ. خۆی پەڕانەوە. پاشانیش گریا و سوێندی خوارد نییەتی خەراپی نەبووە و ئەوەی کە لەپاشە ملەی برازاکەی گوتوویەتی گلەییەکی باوکانە بووە. خۆ ئەگەر لە شوێنێکدا گوتبێتیی ئەمیر عەلی هەڵپەرستە، ئەوە مەبەستێکی خەراپی لەو قسەیە نەبووە، ئاخر ئەم خۆیشی هەر هەڵپەرستە. ئەدی کێ هەیە هەڵپەرست نەبێت؟ ناکرێ دەمی خەڵکی بگیرێ؟ هەمان هاوڕێیانی بەڕواڵەت گیانی بەگیانیی، فلان و فیسار، لە پاشەملە زەمی هەموو کەسێک دەکەن. بەگوێی خۆی گوێی لێبووە کە گوتوویانە ئەمیر عەلی لەبەر خاتری پارە و سامان، مەلەک ئازەری خواستووە و هەموو ئیشەکانی ورد و بەحیسابە. مامە گیان سوێندی خوارد کە لەوبارەیەوە بەرگری لەم کردووە و ئامادەی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیشە تا ڕاستیی قسەکەی بسەلمێنێ.

ئەمیر عەلی گوێی ڕانەدەدێرا. ڕوانینی لەسەر قۆپچە ئاڵتوونییەکانی چاکەتە سورمەییەکەی مامە گیان بوو. باوکیشی هەر چاکەتی چوار قۆپچەیی لەبەر دەکرد و هەر وەکی مامە گیان شاڵێکی ئاوریشمیشی لە ملییەوە دەپێچا. ئەویش هەمان بۆنی لێدەهات - بۆنی قۆلۆنیای هەرزان قیمەتی فەرەنگیی. شەوانە، بەر لە نوستن، شاڵێکی بەژێر چەناگەیەوە دەبەست تا غەبغەبە شۆڕەکەی گرد و کۆ کات. بەرۆژیش، لەژێر کراسەکەیدا، پشتێنی دەبەست، ڕەپ و ڕێک بەڕێگەدا دەڕۆیشت و بەدڕدۆنگییەکی بەسۆیەوە هەوڵی دەدا پاشماوەی جەستە غەمگینەکەی، وەک جەستەیەکی مۆمیا کراو، لە غەدری زەمەن بپارێزێ. خۆی فریو دەدا و کڵاوی لەسەری خەڵکیی دەنا. کڵاوێکی کاتیی. وێنە تەم و مژاوییەکەی بە بەرچاوی ئەمیر عەلیدا تێپەڕیی - وێنەیەکی مەحف بووی خۆی لە ئایندەدا - بینی کە ئەمیش هەر لە باوکی و مامە گیان دەچێ و ئیدی دڵی



بەتوندیی گیرا. مەرگ لەژێر چاکەتەکەی مامە گیاندا خۆی شاردبۆوە و قژە بۆیاخ کراوەکەی بۆنی پیرییان لێدەهات. زەمەن خێراتر لە ئارەزووەکانی وی تێپەڕیبوو. خێراتر لەو قیتارەی کە لە خەونەکانی ویدا ڕووە و شارە نەناسراوەکان لە حەرەکەتدا بوو.

هەفتەکان بەو تەرزە تێپەڕین تا ئیتر کار گەییە ئەوەی حەوسەڵەی مەلەک ئازەر چۆڕبڕ بوو. نەدەکرا درێژە بەم گاڵتە جاڕییە بدرێت. نەیدەتوانی لەوە زیاتر خۆی فریو بدا و وەک کەو سەری خۆی لەژێر بەفرەوە بنێ. ئاخر واقیعییەت، هەر چەندێک تاڵیش بێ، باشترە لە خۆنواندنێکی درۆیینە. دەیویست دەم و دەست هەموو شتێک بزانێ و لە زوبانی شووەکەیەوە حەقیقەت ببیەت. ئەدی چما چ لە کەللەی ئەم پیاوەدا دەهات و دەچوو؟ ئەدی مەسەلە چ بوو؟ بەر لەوەی ئەمیر عەلی لە ماڵ بچێتە دەرەوە، خۆی گەیاندێ. دەرگای ژوورەکەی داخست. بەزۆر لەسەر کورسییەک داینیشاند. دەستی نایە سەر شانی تا نەتوانێ هەستێت و ئەوسا ڕووبەڕووی دانیشت.

ئەمیر عەلی تەماشای کاتژمێرەکەی کرد. گوتی وادەی هەیە. وادەیەکی گرینگ. وادەیەک پەیوەند بەبارودۆخی کۆمپانیاوە. باشترە شەو لەکاتی خۆیدا قسان بکەن. وایگوت و هەستایە سەر پێ. مەلەک ئازەر سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی و بەگاڵتەی نەبوو. بەدوو دەست چاکەتەکەی ئەمیر عەلی گرت. ڕایکێشا و داینیشاندەوە.

پرسی: "ئەو شەوە، شەوی ئاهەنگی لە دایکبوونەکە، کاتێ کە کارەبا بڕا، چ ڕوویدا؟ کێ کێشای بەقۆزینگی پای مامە گیاندا؟ ئایا، هەر بەڕاست، دایکی وی، دایکی بەڕێزی وی، لقەی لە قۆزینگی پای مامە گیان دا؟ ئەدی باشە بۆچی تۆ، بەڕەنگ و ڕوخساری پەڕیوەوە، لە ژوورەکە چوویتە دەرەوە؟ بۆچیی؟"

ئەمیر عەلی، هەر وەک ئاسکێک کە بەداوەوە بووبێت، لنگە فرتێی دەکردو دەنگی دەرنەدەهات.

- "بۆچیی؟"

بێدەنگیی.

مەلەک ئازەر سەرنجی دا ئەمیر عەلی سەیری ئەم لا و لا دەکات و چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوە تا مەسەلەکە بیر خۆی بەرێتەوە و بچێتە دەرەوە. مەلەک ئازەر کورسییەکەی زیاتر بردە پێشەوە. ئەژنۆی نووسان بەئەژنۆ نەسرەوتەکەیەوە. دەستی خستە ژێر چەنەی ویی و سەرە شەرمنەکەی بەرزکردەوە و ڕووی لە خۆی کرد. وەک بڵێی بیەوێ منداڵێکی هار و

هاج ئامۆژگاریی کات. دەنگی میهرەبان و خاڵیی لە هەڕەشە و سەرزەنشت.

پرسی: "ئازیزەکەم چ بووە؟ گیانی گیانەکەم، بدوێ. من ژنی تۆم. خودی تۆم. عەشقی تۆم. ئەدی بیرت چۆتەوە؟"

وا پێدەچوو گیانی گیانەکەم بیری چووبێتەوە. دەست و برد بەدەنگێکی تۆکمە و دڵنیا کە هینی ئەم نەبوو، گوتی: "هەر کەسێک نهێنییەکی هەیە و گۆشەیەکی ژیانی هەر کەسێک، تایبەت بەخودی خۆیەتی."

قسەیەکی خەراپی بەزارا هاتبوو. تایبەت بەخودی خۆی؟ ئەدی کام خودی خۆ و کام گۆشەی ژیان؟ مەگەر مەلەک ئاهوو، (خود) ێکی جودا لە بوونی ژنەکەی هەبوو؟ بێ ئیرادە قسەیەکی بێ مانا لە زاری ئەمیر عەلی دەرپەڕیبوو. خۆیشی نەیدەزانی چۆناوچۆنی زوبانی جووڵاوە و وشەکان لە زارییەوە هاتوونەتە دەرەوە.

مەلەک ئازەر چاوەڕێی وەڵامێکی لەو جۆرە نەبوو. گوتی: "ئەدی من لە چاوی تۆوە کەسێکی غەریبەم؟ متمانەت پێم نییە. وایە؟"

ئەمیر عەلی متمانەی بەزوبان و دەنگی خۆی نەبوو. دەیبینی دەسەڵاتی بەسەر قسەکانیدا نییە و دەترسا وشەکان پێچەوانەی ویستی خۆی لە زارییەوە هورووژم بێننە دەرێ. سوراحییە ئاوەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و پێچەوانەی هەمیشە، کە پیاوێکی بەنەزاکەت بوو، نای بەسەرییەوە. مەلەک ئازەر ناڕەزایی دەربڕیی و ڕەخنەی لەو کارە بێ نەزاکەتەی گرت. ئاوێکی سازگار بوو، هەمدیس نایەوە بەسەرییەوە - قوڵپ قوڵپ - تا دوایین قەترە هەڵیقوڕاند و هێورتر بۆوە. مەلەک ئازەر تووڕە ببوو، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت. بەخۆی گوت: هەر بەڕاستیی کاتی سەرزەنشت نییە. ئەم پیاوە هەروەکو مناڵ وایە، لاسار و قیرسیچمەیە. دەبێ هەڵبەخەڵەتێنرێ. ئەوجا کەوتە بەشان و باڵدا هەڵدانی. ئاخر پیاوان شێت و شەیدای بەشان و باڵدا هەڵدان و ستایش کردنن. تەنانەت پیاوێکی سەختی وەک ئەمیر عەلی، دەتوانرێ بەزوبانی نەرم و چەور ئەقڵی وەبەر بهێنرێتەوە. دەنگی میهرەبانتر کرد (ڕەنگە زۆریش میهرەبان) و پێکەنی. تاڵییەکی خەمین لە قوڵایی پێکەنینەکەیدا و شەپۆلێکی درۆیینەش لە دەنگە زۆر میهرەبانەکەیدا هەبوو.

دەستی ئەمیر عەلی گرت (هەمان ئەو دەستە دڵ ڕەقەی کە خۆی کێشابوو بەسەریدا) و نەوازشی کرد. دانەوییەوە و سەر پەنجەکانی ماچ کرد. بینی هەستێکی ئەوتۆ لەو دەستە



خامۆشەدا نییە و ئەوسا لە حەژمەتا ڕاچڵەکی. دەیتوانی بەرگەی سوێی هەر برینێک بگرێ تەنها برینی غرور بریندار کردن نەبێت. بەوەشەوە، دانی بەخۆیدا گرت و تووڕەییەکەی خۆی خواردەوە.

گوتی: "ئەمیر عەلی، من و تۆ لەگەڵ یەکدیدا میهرەبان بووین. هیچ شتێکمان لە یەکتر نەشاردۆتەوە. وەکو گیانێک بووین لە دوو جەستەدا. بیرت چۆتەوە؟ شتێک نییە بۆم نەکردبیت. (ویستی بڵێ لە سایەی منەوە بوویتەتە خاوەنی ماڵ و خاوەنی ژیان، بەڵام نەیگوت، خێرا قسەکەی گەڕاندەوە). دەبێ بدوێی. ڕاست و بێ ئەم لا و لا. بۆچی ژوورەکەت جیا کردۆتەوە؟ بۆچی لێم دوور دەکەویتەوە؟ بۆچی؟"

بێ ئەوەی خۆی بیەوێ دەنگی بەرز ببۆوە و وشەی (بۆچی) دەنگدانەوەیەکی هەڕەشە ئامێزی هەبوو. ئەمیر عەلی چاکەتەکەی داکەند. جگەرەکەی تەواو ببوو. پاکەتە بەتاڵەکەی لوول کرد و لەسەر مێزەکە داینا. پاکەتی شقارتەکەی هەڵگرت و لەنێوان پەنجەکانیدا سووڕانییەوە. تەڵە شقارتەیەکی داگیرساند. کوژاندییەوە و ئەو بەشەی کە نەسووتا بوو، خستەوە ناو پاکەتەکە. تەڵە شقارتەیەکی تری داگیرساند. هێند بەداگیرساویی هێشتییەوە تا سەر پەنجەکانی سووتان. مەلەک ئازەر دوژمنی باوەکوشتەی شقارتەی نیوە سووتاوی ناو پاکەتە شقارتە بوو. مامە گیانیش هەر وای دەکردو بەو کارە مەلەک ئازەری کەللەیی دەکرد. پاکەتە شقارتەکەی لە ئەمیر عەلی وەرگرت و تەڵە شقارتە نیوە سووتاوەکانی لە پاکەتە شقارتەکە دەرهێنان. بینی وەزعی ئەمیر عەلی باش نییە و دەمارێکی شین لەرۆخی هەنیەیدا هەڵاوساوە. ئەدی بۆچی وا شپرزە ببوو؟ ئەم پیاوەی نەدەناسی. ئاخر ئەم پیاوە، ئاسکە ئازیزەکەی خۆی نەبوو. ببووە کەسێکی غەریبەو فێڵی لێ دەکرد. ئاشکرا بوو نەیدەویست قسان بکات. مەلەک ئازەر لە ڕووداوگەلی نالۆژیکیی، لەو پەیوەندییە شاراوانەی کە لەدەرەوەی سەلمێنراویی و ئەنجامگیرییەوە بوون، بێزار بوو. هەموو ڕووداوێک لای وی خاوەن عیللەتێکی زانستیی و ئەقڵانیی و ژیان لای وی کۆمەڵێک هەڵبژاردن بوو. ئینسانی سەرکەوتوو لای وی کەسێک بوو کە لە سەرەوەی دەنۆڕی، تەماشای بەر پێی خۆی نەدەکرد. بەرژەوەندییەکانی خۆی دیاری دەکردن، هەموو شتەکانی لەجێگەی ڕاستەقینەی خۆیان دادەنا و بەرپرسیارییەتی چارەنووسی خۆی لەکۆڵ دەگرت. ئەمیر عەلی نەیدەزانی جێگەی ڕاستەقینەی شتەکان لە کوێن. فێریش نەدەبوو. بۆ نموونە، بیری دەچوو کە دەبێ جلکەکان بەعەلاگەوە لە کەنتۆرەکەدا هەڵواسرێن (لە بری ئەوەی لەسەر دەسکی کورسی یان لەسەر نوێنی نوستن

دانرێن). زۆر جار بیری دەچوو کە جێگەی کتێب سەر مێزی موبەق یان دەسشۆرییەکە و حەمام نییە، یان ناکرێ پێڵاو لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا لە پێ داکەنرێن، دانرێن و جێبهێڵرێن. یان تا شەو لە دووی چاویلکە و چەرخ و دەفتەری تەلەفۆن و فلان نووسین و بەڵگەنامەی گرینگ بگەڕدرێ. مەلەک ئازەر، جاروبار، لەخۆی دەپرسیی، ئەدی بۆچیی ئەم پیاوەی خۆش دەوێ و ئەوسا یەکەمین وەڵامێک بەمێشکیدا گوزەری دەکرد ئەوە بوو کە ئەم پیاوە ڕایەڵە بەمەوە و عاشقی ئەمە و ئەم پیاوە بەبێ وی دەمرێت. دەشێ هەڵبژاردنی ئەمیر عەلی تەنێ بڕیارێکی پەلەی ژیانی بووبێت. چما هەر بەڕاستیی عاشقی ئەو بوو یان لە پا چەقێنیی من بوو؟ هەرچییەک بێ، مەلەک ئازەر خۆی نەدەدا بەدەست شکستەوە و دانی بەهەڵەدا نەدەنا. مەحاڵ بوو. ئەو ڕێگەیەی هەڵیبژاردبوو تا کۆتاییەکەی لەگەڵیدا دەڕۆیشت. عەرد و زەمەنی پێکڤە لە پێوە دەدا تا بیسەلمێنێ حەق بەوییە. بڕیاری دابوو مەخلوقێکی هاوگونجاو، لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا لە ئەمیر عەلی بسازێنێ و لەوەیشدا سەرکەوتوو بوو. سەرکەوتنێکی تەمەن بیست ساڵیی. گاڵتە نەبوو. سەرەڕای کێشە و گرفت و شۆڕش و شەڕ، بەئاکامی باش گەیشتبوو. دەستیان بەسەر خانووەکەیدا گرتبوو، دوو جاریش کۆمپانیای بەکرە و دەزوویان داخستبوو. ماوەی چوار ساڵ، لەم کۆمیتەوە بۆ ئەو کۆمیتە، لەم دادگاوە بۆ ئەو دادگا چوو بوو تا توانیبووی خانووەکەی وەربگرێتەوە، سەرلەنوێ کۆمپانیای نیوە نابووت بژێنێتەوە و هەمدیس ئەمیر عەلی لەودیو مێزی جێگرییەوە دانیشێنێتەوە. ئەلعانیش کە دەیویست قاچ درێژکا و بەخەیاڵی خۆی جێژن بۆ سەرکەوتنی خۆی و شووەکەی بگێڕێ، ئەمیر عەلی نەزمی باوی ژیانیانی بەسەر یەکدا دابوو. بێ هۆ بیانووی دەگرت و لاساریی دەنواند. دەشێ پیریی تۆقاندبێتی؟ ڕەنگە لە مەرگ ترسابێ؟ بیستبووی کە پیاوان دەگەنە تەمەنی شەست ساڵیی، ئیدی کوتوپڕ وەزعیان تێک دەچێت، لەبری گەشە و کامڵیی، دەستەوەستان دەبن و دەکەونە پیش خواردنەوە. دەبینن کە ئەی هاوار، چ کاتێکی ئەوتۆ لە بەردەمیاندا نەماوە، دەبێ مل بدەن و تەسلیم بن. لە بارودۆخێکی ئاوهاشدا، وەزعی ئەمیر عەلی ساتەوەختێکی کاتیی بوو، تێدەپەڕیی. دەبوو دان بەخۆیدا بگرێ و حەوسەڵەی هەبێت. مەلەک ئازەر بەنەویی بوونی گەورەتر لە غەم و خەفەت و نەخۆشیی ئاشنا نەبوو. شکستی قەبوڵ نەدەکرد و دەجەنگی.

دوای ماوەیەکی درێژ، ئەمیر عەلی بەگیر هێنا و دەسبەرداری نەدەبوو. ئاخر وەڵامی دەویست. وەڵامێکی ئاشکرا و ڕاشکاو.



پرسیی: "مانای ئەم کارانە چین؟ وەڵام بدەوە. شێت بوویت؟ نەخۆشیت؟ "

وشەی نەخۆشیی بەفریای ئەمیر عەلی کەوت. گوتی: "زۆر باشە. تۆ ڕاست دەکەیت. دەبێ بزانیت. بەڵێ. نەخۆشم. ئیسراحەتت کرد؟ نەخۆش. نەخۆشی دەروونیی. نەخۆشییەکی خەتەرناک. دەتوانم زەلام بکوژم. دەتوانم هەر کارێک بکەم. کۆنترۆڵم بەسەر کارەکانی خۆمدا نەماوە. گوێت لیبوو؟ تێگەیشتیت؟"

گەر لێی گەڕابان ئەوا چەند سەعاتێک درێژەی بەقسەکانی دەدا. تووڕەییەکی بێ وێنە لە قوڵایی ڕۆحییەوە هەڵدەقوڵا. تووڕەییەکی پەرتەوازە و نادیار بەرامبەر خەڵکانێکی نەبینراو، بەرامبەر کەسێک کە نوێنەری هەمووان و ڕوخسارێکی دیاریکراوی نەبوو، تووڕەییەکی ئاراستە کراو بەرامبەر شتەکانی دەوروبەر، بەرامبەر ڕۆژنامەی سەر مێزەکە و هێڵی خوار و خێچی بارستەکان، بەرامبەر ئەو دەنگە ناقۆڵایەی کە لەدەرەوە دەهات، بەهۆڕن و بەدرۆکان، تووڕەییەک بەرامبەر خۆی و بەرامبەر مەلەک ئازەر و بەرامبەر ناشیرینییەکی بێزەوەر کە وەکی تەپ و تۆزێکی خۆڵەمێشیی لە هەوادا خوولی دەخوارد.

مەلەک ئازەر ترساو و واق وڕماو، تەماشای کرد. هەرگیز لەوەوبەر ئەوی ئاوها هەڵایساو و شپرزە نەدیتبوو. بەهەناسەی توند و سەر لێوە ئارەقە کردووەکانی ڕانەهاتبوو. پێی وابوو خەریکە دەیەوێ گەمان بکات، فێڵ دەکا و دەیەوێ زوبانی ئەم بخاتە کلیلە. وای چ ئەکتەرێکی خەراپ بوو. نەخۆشیی دەروونیی! خەتەرناک! نەخێر. حەقیقەت شتێکی تر بوو. شتێک بوو کە ئەمیر عەلی لەوی دەشاردەوە و جورئەتی گوزارشت لێکردنی نەبوو. چەند ساتێک لە بێدەنگییدا تێپەڕیی. هەردووکیان بەڕستەیەک دەستیان پێکرد. ڕستی قسەکانیان لێک ئاڵۆزکا و تێ نەگەیشتن چما چیان گوت و گوێیان لە چ بووە و ئەوسا وەک بونیادەمی گێژ و خەواڵوو لە یەکتریان ڕووانی. ئاخر شتێک شکابوو، باوەڕیان نەدەکرد. قەبوڵ کردنی ئەوە شتێک بوو بەسوێ. ئەمیر عەلی ڕووی خۆی وەرگێڕا و مەلەک ئازەر، بێ ئەوەی خۆی بیەوێ، بۆ یەکەمین جار لەژیانیدا، قیژاندی بەسەر شووەکەیدا و هاوارەکەی لە ژوورەکانی ماڵەکەدا دەنگی دایەوە. کاک عەلی چێشت لێنەر گوێی لە هاوارەکە بوو، کەفگیرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە. پشیلەیەک لەودیو پەنجەرەکەوە ڕاچڵەکی و تێی قووچاند.

بارودۆخی کۆمپانیای بەکرە و دەزوو باش نەبوو. شەریکەکان لەگەڵ یەکتر ناکۆک بوون و شارەوانیی پارەکانیانی نەدەدا. ئەمیر عەلی بەزۆر و بەناچاریی، چووە سەر کار و

کۆبوونەوەی سازاند. براکەی مەلەک ئازەر بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە و هەموو کەمتەرخەمییەکانی خستە ئەستۆی بێ توانایی ئەمیر عەلیی و دزیی ژمێریارە کۆنەکەوە. ژمێریاری پیر بەرگری لەخۆی کرد، وەزعی خەراپ و دڵی گیرا. شەریکەکانی تر کەوتنە ناوبژیی، چوونە ژێر باڵی ژمێریاری پیرەوە و ئەو کە تەنگەنەفەس و یەخەکەی بەرز ببۆوە، لە ژوورەوە بردیانە دەرەوە. ئەمیر عەلی گوتی خۆی دەچێت بۆ سەردانی پارێزگار یان جێگرەکەی و کێشەکانی کۆمپانیای لەگەڵدا یەکلایی دەکاتەوە.

سبەینێی ئەو ڕۆژە بۆ لای من هات و پێکەوە چووین بۆ سەردانی مامم کە لە بازاڕ و لە دەزگا و دایرە حکومییەکاندا، سەری ناو سەران بوو. ئەو مامەم پیاوێکی بەویژدان و لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر ڕقیشی لە بابی ئەمیر عەلی (باوکە خودا لێخۆشبووەکەی) بوو، بەڵام لەبەر خاتری من، بەڵێنی هاوکاری دا و گوتی، خوالێخۆش بوو لە گوناهی زۆر گەورەوە گلاوە. بەڵام نابێ خەراپییەکانی وی لەئەستۆی مناڵەکانی بنرێ. ئاخر هەرکەسێک بەرپرسیاری کاری خۆیەتی و لەم جۆرە قسانە، قسەکان درێژ بوون و بیرم نەماون.

سێ ڕۆژ دواتر کارمەندێکی باڵای شارەوانیی پێشوازیی لە ئەمیر عەلیی کرد. دوو کەسی تر لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون. ئەمیر عەلی، بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوە دەوڵەتییەکاندا، ریشێکی تەنکی دەهێشتەوە و چاکەت و پانتۆڵێکی کۆنی لەبەر دەکرد. چەند ڕستەیەکی مەزهەبیی ئەزبەر و شتگەلێکی عارەبییش - کە لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنان.

کارمەندە باڵاکەی شارەوانیی کەوتە قسان و ئەمیر عەلی ستایشی هەست و ئینسانییەت و زوهد و ئیمانی وی کرد و ئەوسا ئەو دووە بۆ ماوەی یەک سەعات قسانیان کرد. ئەمیر عەلی بەسەر لەقاندن، قسەکانی وی دەسەلماند. هەموو شتێک بەباشیی دەچووە پێش تا کوتوپڕ زگی ئەمیر عەلی کەوتە قوڕە قوڕ. پێدەچوو دە هەزار بۆق لە ریخۆڵەیدا بقیرێنن و قیرەکانیان لە بلندگۆیەکی نەبینراوەوە پەخش ببێ. زگ و هەناوی خەریک بوو دەتەقی. کارمەندە باڵاکەی شارەوانیی سەری سوڕما و بەناچاریی کشایەوە. دوو زەلامەکەی تریش بەترسەوە دیقەتی وییان دەدا. کوتوپڕ بێدەنگیی باڵی کێشا. قوڕە قوڕەکە نیشتەوە و کۆبوونەوەکە دەستی پێکردەوە. بەڵام هێشتا کارمەندە باڵاکەی شارەوانیی ڕستی قسەکانی بەدەستەوە نەگرتبووەوە، کە قوڕە قوڕەکەی زگی ئەمیر عەلی



بووە نزگەرەی بەرز بەرز. نزگەرەی نائاسایی، نزگەرەی هێند بەرز کە خۆی و زەلامە حەپەساوەکانی ڕاچڵەکاند. ئەمیر عەلی گینگڵی دەدا و هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. هەستی دەکرد دڵی تێکەڵ دێ و ئیدی لەوەدابوو بەسەر دۆسییەکاندا برشێتەوە. شتێک، وەک وەحشێک، وەک هیولایەکی ترسناک، لە نێو زگی دا بوو کە گوژمی دەدایە خۆی تا جەستەی وی هەڵتلێشێنێ و بێتە دەرێ. قلافەتەکان تووڕە و مۆن بوون. دەنگەکان لە گوێی ئەمیر عەلیدا دەنگیان دەدایەوە و ڕوانینە تووڕەیی ئامێزەکان بەنێو جەستەیدا ڕەت دەبوون. داوێنی کاغەزێکی ئیمزا کرد و هێشتا قەڵەمەکەی بەدەستەوە بوو کە ناخافڵ، بەدوور لە چاوەڕوانیی، دەنگێکی زلی لێ بەربووەوە و هەموانی ڕاچڵەکاند. کارمەندی باڵای شارەوانیی بەتووڕەیی هەستا و ئەوانی تریش دۆسییەکانیان لە بن هەنگڵ ناو کۆبوونەوەکەیان جێهێشت. هێشتا لە دەرگاکە نەچووبوونە دەرەوە کە ئەمیر عەلی، بەسەر دۆسییەکاندا ڕشایەوە.

کە بۆ ماڵەوە گەڕایەوە داخ داخ ببوو. یەک ڕاست چوو بۆ ژوورەکەی. دەرگاکەی لەودیوەوە کلیلدا و لەسەر تەختە نوێنەکە لێی درێژ بوو. ئیدی زگی قوڕە قوڕی نەدەکرد و پێچی نەدەخوارد. وەک بڵێی سەعاتێک لەوەوبەر ئەم زگە بێ هونەرە پێچ خواردووە، بەلیواری تەقینەوەوە نەبووبێت. ئاخر ئەم جەستەیە، جەستە خۆشەویست و ئازیزەکەی وی نەبوو. تەواوی توخمەکانی ئەو جەستەیە لە گەڵیدا لە شەڕدا بوون و لێی یاخیی ببوون. مێشکی خیانەتی لێ دەکرد و دەستی لەگەڵ قودرەتێکی تر - قودرەتێکی شەیتانیدا - تێکەڵاو کردبوو، ئاشکرا نەبوو چ پیلانێکی لە دژی چنیوە.

مەلەک ئازەر لە ماڵ نەبوو، ئەمیر عەلی هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا. ئاخر ئیدی ناچار نەبوو مەسەلەکە بۆ کەس ڕاڤە بکا و ناچار نەبوو خۆی بەسلامەت و بەختەوەر پیشاندات. هیچ کەسێک لەدەردەکەی وی نەدەگەیشت. یەک دوو جار، بڕیاری دابوو سەردانی دختۆرێکی دەروونیی بکا و ژێوان ببۆوە. باوەڕی بەدەروونناسی نەبوو. کات و حەوسەڵەشی نەبوو. ڕێگەچارەشی هەر حەبی ئەعساب و شرووبی خەو نەبوو. ئاخر دەیزانی ئەم نەخۆشییە - گەر بکرێ ناوی نەخۆشیی لێ بنرێت - ڕەگێکی لە ڕابردووی ویدا هەیە. ڤیرۆسێکی دێرینەیە کە هێلانەی لە ڕۆح و جەستەیدا چێ کردووە. ئەم جەستەیە، لە خۆوە شێت نەبووە. لەهەوانتە سوژنی تێوە نەدەژەند. دەبوو تێ بگات. بەڵام لە کوێوە دەستی پێ کردبا؟ لە چ مێژوویەکەوە؟

ئەمیر عەلی یادەوەرییگەلی پەرتەوازە و شاراوەی لە بارەی تافی منداڵیی خۆیەوە هەیە. ڕۆژەکان، ڕووداوەکان، بەشگەلێکی گوڵەوەچن کراوی لە ڕابردوو، لەزەینیدا پاراستبوو (ئەوەی کە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا دەهاتەوە) و بەشگەلێکی دێرینیشی بەدەستی فەرامۆشیی سپاردبوو. یادەوەرییەکانی پڕ لە چاڵی ڕەش ڕەش بوون، پڕ لە ڕاوەستانی زەمەن و بێدەنگیی. دەبوو یارمەتی بدرێ تا شتەکانی وەبیر بێنەوە. من ئەو هەر لە تافی منداڵییەوە دەناسم. هاوڕێ و هاوپۆلی یەکدی بووین. وێنەکەی لەبەر چاوانمدایە. بەژن زراڤ و ڕێک، گۆشەگیر و کەم قسە. ئەهلی تۆپ تۆپێن و پێشبڕکێی ڕاکردن و وازی کردن لەگەڵ منالانی گەڕەکدا نەبوو. گەورەترین سەرگەرمیی وی هەڵدانی کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگ و بۆ سینەما چوون بوو. ماوەیەکی درێژی دەویست تا خۆی لە حەکایەت و ڕووداوی فیلمەکان بهێنێیتە دەرەوە. عاشقی ڕووداوگەلی زەریایی بوو، شێت و شەیدای داستانی کاپتینە تەنها و بەلەمەوانە هەمیشە موسافیرەکان بوو، شەیدای ئەو کاپتێن و بەلەمەوانانەی کە هەموو تەمەنیان هەر بەڕێگاوە بوون، لەبەندەرگەلی جیاواز جیاواز لەنگەریان دەگرت و جێگا و شوێنێکی دیاری کراویان نەبوو. لەگەڵ ئەو فیلمانەو ڕووداوەکانیاندا سەفەری دەکردو دەکرا لە ڕوانینە ڕاماوەکەیدا، بونیادەم حاڵی بێت لەوەی کە ئەو لەدونیایەکی ترە. پاشان نۆرەی هەڵدانی کۆلارە دەهات. منیشی خستبووە ئەو وازییەوە، ئاخر منیش حەزم لە ڕاکردن نەدەکرد. هەردووکمان لە شەمێران دەژیاین و گردەکانی ئالهیە و ئەمانیە، ئەو سەردەمە، دەست لێنەدراوو لاکەوتە بوون. کۆلارەکەی ئەمیر عەلی سێ دانە کلکی ڕەنگاوڕەنگی هەبوون، تا نێزیک هەورەکان بەرز دەبۆوە. هێند دوور کە لەئاسماندا دەبووە پەڵەیەکی کاڵ و بێ ڕەنگ. کۆلارەکەی من، بەزۆر بەرز دەبۆوەو دوای چەند دەقیقەیەک، یان بەتاقە عامودی کارەباکەوە یاخود لە تاقە درەختەکەی ئەو نێزیکانە دەگیرا. هەرگیز قاقای پێکەنینە پڕ لە خرۆشان و ڕوانینە پڕ لە سەرسامییەکەیم بیرناچێتەوە. کاتێ دەیویست کۆلارەکەی هەڵدا، بێدەنگیی دایدەگرت، بەخۆیدا ڕۆدەچوو، پێڵووی نەدەتروکاند و هەناسەی لە خۆ دەبڕیی. کارەکانیم بەلاوە پێکەنیناویی بوون، بەڵام هیچم نەدەگوت. ئەمڕۆ کاتێ بیر لەو دیمەنە دەکەمەوە، لە شتێک حاڵیی دەبم کە ئەو زەمانە ئەقڵی منالّییم توانای دەرک کردنی نەبوو. ڕوخساری لەزەینمدا بەرجەستە دەکەمەوە، ڕوخسارە بەختەوەر و ئەفسوون بووەکەی. دەبینم هەستێکی گەورەتر لە قووڵایی چاوانیدا شەپۆلی داوە و دڵی لە جێگایەکی تر بووە، گەر بانگم کردبا، نەیدەژنەڤتم. گەر بەپایمدا کێشابا، بەخۆی نەدەزانی، ڕوانینی لای



کۆلارەکەی بوو، لەو ساتەدا چ کەسێک و چ شتێک لە لای وی بوونی نەبوو. هاوڕێ لەگەڵ کۆلارەکەیدا و بەنێو پانتاییە بەرفراوانەکانی ئاسمان و دوورگەگەلی گەردوونیدا سەفەری دەکرد. کۆلارە ڕەنگینەکەی وی، بەپێچەوانەی کۆلارە تەپۆ و بێ گیانەکەی منەوە، هێند هەڵدەگڕا و هێند دوور دەکەوتەوە کە ئیدی لە چاوان بزر دەبوو. بیرم نییە هەرگیز ئەمیر عەلیم لە جێگە و شوێنی تردا، هێند بەختەوەر بینیبێ. یەکێ لەو ڕۆژانە، کۆلارەکەی نەهاتە خوارەوە، خۆی ڕادەپسکاند، خۆی ڕەها دەکرد، لە ساتەوەختی هاتنە خوارەوەیدا بوو، هەمدیس باڵی گرتەوە. سەری دەخستە سەر ئەمیر عەلی. ئاخر کۆلارەش گەمە و سوعبەتی تایبەت بەخۆی هەیە. هێور هێور، بەرز و بەرزتر بۆوە و لەودیو پەڵە هەورێکەوە خۆی شاردەوە. کوتوپڕ خۆی پێشاندایەوە و ئەوسا بەلاساریی تەیرێکی سەرخۆش، هێند باڵی گرت کە سەرە دەزووەکەی لەنێوان پەنجەکانی ئەمیر عەلی دا هەڵپچوڕقاند. ونمان کرد. دانیشتین و چاوەڕێ بووین. چ هەواڵی نەبوو. دیار نەمابوو. لە جێگە و زەمەنێکی تردا لە گەشت و گوزاردا بوو، جێگەیەک دوور لە چاو و دەستی ئێمە. من دڵنیا بووم کە ئەمیر عەلی، تا شەو لەسەر گردەکان دادەنیشێ و چاوەڕێی گەڕانەوەی کۆلارەکەی دەکات. بەڵام نا، بەپێچەوانەوە، چاوەڕێی کۆلارەکەی نەکرد.

گوتی: "ڕۆژێک خۆی دەگەڕێتەوە!" وایگوت و ئەوسا لەگردەکەوە تا خواری خوارەوە ڕایکرد. باسکەکانی کردبوونەوە و هەوا خۆی بەنێو سەر قۆڵەکانیدا دەکرد. لە پەلکی درەختێک گیرا و سەرسمی دا.

هەمدیس گوتی: "خودا دەزانێ لە کوێیە!" وای گوت و پێکەنی. دەستەکانی ڕەها کرد و لەسەر پشت لەسەر عەردەکە ڕاکشا. چاوانی لێکنا و نوست. وەک بڵێی بوورابێتەوە. جووڵەی نەدەکرد، خۆی کردبووە مردوو. مردنێکی کاتیی و بەچێژ.

ئەمیر عەلی منداڵێکی تایبەت بوو. لەگەڵ هەمووان‌دا جیاواز بوو. ئەو کاتەی چکۆڵەتر بوو، شتی دەشکاند. دەفر، کاشیی، گوڵدانگەلی چینیی. بەتایبەتی ئەو شتانەی دەشکاندن کە هیی بابی بوون. هەرچەندێک لێیان دەپرسی: هەی منالّەی ولاّخ، ئەمە چییە دەیکەیت؟ وەڵامی نەدەدایەوە. بەدەست خۆی نەبوو. نەشدەکرا ئاقڵ بکرێت. بابی توندوتیژو بەزەبروزەنگ بوو. فەرمانی دا زیندانیی کەن. یەکەم جار لەژوورەکەی سەرێ و پاشان لەژێر زەمینە تاریکەکە. دایکی خەریک بوو لە خەفەتا دیقی دەکرد. دەیگوت منالّەکەم لە ترسا زیرە دەکات و دەمرێت، کوڕەکەم لەدەست چوو. ئاگای لەوە نەبوو کە منالّەکەی، بۆ خۆی لەو تاریکییەدا کەیفی هەیە. ساپیتەی ژێر زەمینەکە کلاّوڕۆژنەیەکی

شووشەیی هەبوو کە لەوێوە وێنەی هەیڤ و ئاسمانی لەسەر پێچەوانە دەبۆوە. ئەمیر عەلی، دەست شوشتوو لە دونیا، لەبەر کڵاو ڕۆژنەکەدا دادەنیشت و تەماشای ئەستێرانی دەکرد. سەفەرگەلی خەیاڵیی دەکرد و لە هەسارەیەکەوە بۆ هەسارەیەکی دی دەچوو.

کە گەورەتر بوو، دەستی لە شکاندنی شت هەڵگرت بەڵام بەشێوەیەکی تر خەڵکانی دەوروبەری هەراسان و نیگەران دەکرد. بۆ نموونە، قسەی لەگەڵ باوکیدا نەدەکرد، لە ڕوخساری ئەو پیاوەی نەدەنۆڕی. باوکی بەزۆریی لە ماڵ نەبوو. بەڵام ئەو یەک ڕۆژەی کە لە هەفتەدا، یان ئەو دوو ڕۆژەی کە لە مانگدا لە ماڵەوە دەبوو، دەیویست خۆی بەسەر مناڵەکانیدا بنوێنێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ. ئەمیر عەلی لە حەوت کون خۆی دەشاردەوە و هەرچەندێک بانگیان کردبا، وەڵامی نەدەدانەوە. لێدان و سزادان و چاولێسوورکردنەوە سوودیان نەبوو. ئەو پەیوەندییەکی دوو لایەنەی بەدایکییەوە هەبوو. کە چکۆڵەتر بوو خۆی بەدایکییەوە دەلکاند، زۆر خۆی پێوە دەلکاند. تەنانەت شەوانە لەسەر تەختە نوێنەکەی وی دەنوست. لە قۆناخێکدا لە دایکیشی زیز بوو. خۆی کشاندەوە و ئیدی لە جاران کڕتر بوو.

بەوردی نووسینەکانی ئەمیر عەلی دەخوێنمەوە. لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بۆ ئەو زویریی و پاشەکشەیە ناکات. قسەکانی وی لە بارەی دایکییەوە، لە خشتەیەکی ناتەواو دەچێت. دەبێ پیتگەلی پێویست بدۆزمەوە و لە خانە بەتاڵەکانی خشتەکەدا دایان نێم. بەوەشەوە چ شتێکم دەسگیر نابێت. هەمیشە وشەیەک نوقوستان دەمێنێتەوە و ئامرازی پەیوەندییەکە نادۆزمەوە. وێنەی دایکی، وەک ئەیکۆنێکی پیرۆز، لەودیو ڕووپۆشێک لە وشەگەلی شاراوە و ئاماژەگەلێکی خۆپارێزانەوە شاردراوەیە. لە هەر شوێنێکدا شتێکی لە بارەی دایکییەوە نووسیبێت، دەستخەت و ستیلی خەتەکەی جیاوازی هەیە. وەک ئەوەی ترسا بێت یاخود ڕووی نەهاتبێت. قەڵەمەکەی کێشاوەتەوە و دوو دڵ بووە. ڕستەیەکی نووسیوە و هێڵی بەسەردا هێناوە. دیارە لەگەڵ خۆیدا جەنگیوە. ویستوویەتی بدوێت، نهێنییەک بدرکێنێت، بەڵام نەیتوانیوە. دایکیم لە بیرە، دایکە جحێڵەکەی دەڵێم، باریک و ناسک و خاوەن جوانییەکی مام ناوەنجیی. لە بینینی یەکەمدا، مام ناوەنجی بوو، نە جوان و نە ناشیرین. سەرنجی ڕانەدەکێشا. لە بینینی دووەم و سێیەمدا بوو کە ئیدی دەچووە دڵەوە، ڕوانینە تەنک و زارە شیرینەکەی خۆیان نومایش دەکرد. پاش ئەوە، هەر جارێک کە سەیریت دەکرد، شۆخ و شەنگ دەینواند.



ئەمیر عەلی پەیوەندییەکی زۆری بەدایکییەوە هەبوو، عەشقێکی ئارام و بێ هات و بات، بەڵام دەست و پێ شەتەکدەر. لە هەر کوێ دەبووین، لە گەرمەی کاردا، یەکسەر بۆ دایکی نیگەران دەبوو. دەیگوت دەبێ بڕوات. دەبێ. پاساوەکانی درۆیینە بوون. دەیگوت وادەی لای پزیشکی ددان هەیە یان بابی چاوەڕێی دەکات. هەمووی درۆ. مناڵانی تر مۆنیان دەکرد و من تاقە کەسێک بووم کە بەڵگەی ڕۆیشتنەکەیم دەزانی. ئاخر دەترسا دایکی بەتەنها بێ و خەفەت بخوات. متمانەی بەڕوواڵەتە ئارام و خۆشحاڵەکەی دایکی نەبوو. دەیزانی ئەو وا خۆی دەردەخات و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەمیر عەلی پەی بەعەزاب و ڕەنجی وی نەبات. وا دەهاتە پێش چاو لە هیچی کەم نەبێ و لە ژیانی خۆی قایل بێت. بەڵام لەودیو ئەو ڕوواڵەتە پتەو و بەخۆدا نازەوە، ژنێکی نیوە مناڵ، بەسادەییەکی خەمینەوە، کە لە سیمای کیژۆڵەگەلی دڵپاکدا هەیە، کیژۆڵەگەلێک کە لە ژوورگەلی بەشکۆ و دڵگیر بێزارن و دوور لە چاوی ئەوانی تر، لەژێر چەرچەفدا دەگرین. ئاخر ئەو تەواوی ڕۆژان و تەواوی شەوان چاوەڕێی هاتنەوەی مێردەکەی و زاتی نەدەکرد لێی نێزیک بێتەوە.

ئەمیر عەلیی چکۆڵە – چوار پێنج ساڵە – لە ژوورەکەی دایکی دەنوست و دەیزانی دایکی، بەو زەردەخەنە میهرەبان و دەستە میهرەبانانەیەوە، زۆر خەمینە و دوور لە چاوانی خەڵکانی تر، دەگری، گریانێکی بێ دەنگ، لەژێر چەرچەفدا، بەڕوخساری ڕۆچوویەوە لە نێو سەرینەکەیدا. تەنها کارێک کە لە دەستی ئەمیر عەلی دەهات (دەستە چکۆڵەکانی) شکاندنی قاپ و قاچاخ بوو. گریانەکەی دایکی هیی شەو بوو، بەیانیان هەموو شتێک دەچووەوە شوێنی خۆی و دایکی ڕوخساری دەگۆڕا. گۆناو لێوی سوور دەکردن، سوورییەکی کاتیی کە دە دەقیقە دواتر بەسەر گۆنای ڕەنگ پەڕیوو لێوە شینەکەیەوە نەدەما و لە بری ئەوە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی دەنیشت، ڕەنگی قسەگەلی بێدەنگ کراوو خەفەتی هێور. تاقە سوورایییەکی درێژخایەن و جێگیر لەسەر ئەو ڕوخسارە شەکەتە بێ گیانە، سووریی چاوان و دەوروبەری پێڵووەکانی بوو. ئەدی بۆچیی دایکی بەختەوەر خۆی دەنوواند؟ شەرمیی دەکرد؟ دەترسا؟ دەشێ خەڵکانی گەورە بەو جۆرە بن و هەر هەموو دوو دانە ڕووخساریان هەبێت. ڕوخساری ڕۆژ و ڕوخساری شەو. ئەمیر عەلی خەڵکانی خاوەن دوو ڕوخساری خۆش نەدەویستن و مێشکە چکۆڵەکەی لە مانای دووانەیی و هاودژیی نەدەگەییشت. گێژ دەبوو، دەترساو هەموو شتێک لەبەرچاوانیدا ناواقیعیی خۆی دەنواند – تارمایی لەسەر تارمایی. لەبەر ئاوێنەدا ڕادەوەستا و تەماشای خۆی دەکرد. دەیبینی کە

هەمان ڕوخساری دوێنێ شەو و دوێنێی هەیە و ئیدی خەیاڵی ئاسوودە دەبوو. بەڵێنی بەخۆی دابوو، کاتێ گەورە بوو، یەک ڕوخسار زیاتری نەبێ. ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی. هەمان ئەو ڕوخسارەی کە هەیبوو.

باوکی چوار دانە، شەش دانە، دە دانە ڕوخساری هەبوون. ڕوخسارگەلی مقەبایی. هیچ کام لەو ڕوخسارانە پەیوەند بەدایکییەوە نەبوو. کە بەدایکی دەگەیشت، ڕوخساری نەبوو. بەڵکو یەک بازنەی بەتاڵ بوو، بەدوو دانە گوێی دەرپەڕیو لەم لا و لای بازنەکەوە – تەواوێک وەک ئەو زەلامە دارینانەی کە منالآن وێنەیان دەکێشن. کە باوکی بەکارەکەری ماڵەکەیان دەگەیشت، چوار دانە گوێی لێ دروست دەبوو، بەقەپۆزێکی زلی پڕ لە لیک و لێوی شۆڕەوە. هەندێ جار، ئەو ڕوخسارە باریک و درێژ دەبۆوە، برۆکانی دەهاتنەوە یەک و پڕیشکی ئاگر لە چاوانییەوە دەردەپەڕی. ئەوە دزێوترین ڕوخساری بابی بوو، ڕوخسارێکی نارەسەن، ڕوخسارێک بەخیل و ترسناک. هەمان ئەو ڕوخسارە بوو کە دەمانچەی لە کوڕە گەورەکەی ڕاکێشابوو. براکەی، لەسەر چوار پەل لەسەر عەردەکە دەڕۆیشت، نیوە هەستانێک هەستا، دەیویست ڕاکات کە لە دواوە پێلەقەیەکی پێدا کێشرا و کەوت. لوولەی دەمانچەکە بەدەوری ڕوخسارو ملیدا دەسووڕایەوە. لە ترسا زمانی لە کلیلەوە چوو بوو، دەنگی دەرنەدەهات. باوکی زەلیلیی و ترسەکەی وی بینی و لەخۆشیدا دانە چیرەی پێکەوت. شەڕەکە لەسەر ژنەکەی دراوسێ بوو. دایکی لەودیو پەنجەرەوە تەماشای دەکرد، ڕوخساری خەمین و خەندانی بەیەکدا دابوو، هەروەک وێنەگەلی بەمەرەکەب کێشراوی سەر کاغەزی تەڕ. ئەمیر عەلی لە پاڵ دایکیدا ڕاوەستا و و هەڵدەلەرزی. تێنەدەگەیشت بۆچ دایکی شتێک ناکات؟ بۆچ ناقیژێنێ؟ بۆچ دەستەکانی ناوەتە سەر دەمی و چاوانی لێکناوە؟ ئەمیر عەلی دەیویست هاوار بکا و داوای یارمەتیی بکات. دەیویست براکەی ڕزگارکات، دراوسێکان یاخود خزمەتکارەکان ئاگادارکاتەوە، دەیویست گوڵدانی سەر مێزەکە هەڵگرێ و لە دواوە بیکێشێ بەسەری بابیدا. بەڵام، دایکی مۆڵەتی کارێکی لەو جۆرەی پێ نەدا. سەری ئەمیر عەلی نابووە نێو کۆشی تا هیچ نەبینێت. ئاخر ئەوەی بینیبووی، زۆر بوو. منالآنی هاوتەمەنی وی، مافی بینینی دیمەنگەلی لەو جۆرەیان نییە و پەنجەکانی بەئاماژەی بێدەنگ بە، لەسەر لێوی وی دانابوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە میوانیان هەبوو، باوکی دڵ خۆش و دەم بەپێکەنین و بۆنی قۆڵۆنیا



فەرەنگییەکەی، بەر لە خۆی بۆ بەخێرهێنانی میوانەکان چوو. چ ئاسەوارێکی ڕق، بوغز، تووڕەیی و هەڵچوون لە ڕوخساریدا نەدەبینرا. دەنگی ئارام و جووڵەی هاوڕێیانە بوو. وەک بڵێی لە سەرخەوێکی شیرین وەئاگا بووبێتەوە و ڕۆژێکی خۆشی بەسەر بردبێت. لە شێوە و جلکی میوانەکان، سەرسوڕمان – بەڕاست یان بەدرۆ، دەشێ زیاتر بەدرۆ – ی خۆی دەربڕیی. دایکیشی وا دەهاتە پێش چاو بەختەوەرترین ژنی دونیا بێت. جوانترین جلکی خۆی پۆشیبوو. جلکێکی ڕەشی یەخە کراوە، پێڵاوی پاژنە بەرزی ئاڵتوونیی، گوارەی قورسی تایبەت بەمیوانداریبە گرینگەکان و ئەنگوستیلەیەکی زومرود کە لە خوشکە گەورەکەی قەرد کردبوو.

مێزی شێو لە حەوشە بوو. ڕووپۆشێکی سپیی و گەورەی درابوو بەسەردا کە داوێنەکەی تا عەردەکە دەگەیشت. ئەمیر عەلی، بەبێ ئەوەی ببینرێ، خزایە ژێر مێزەکەوە، ئەژنۆکانی لەباوەش گرتن و خەمێگی گەورە و نەناسراو، لەسەر سینگە چکۆڵەکەی نیشت. چ کەسێک بیری لای وی و هیچ کەسێک بەدوایدا نەدەگەڕا. میوانەکان بەدەوری مێزەکەدا دانیشتبوون و قاقای پێکەنینەکەی بابی لە ژوورەکاندا دەنگی دەدایەوە. خەوی لێکەوت و کاتێ وەئاگابۆوە، زۆربەی میوانەکان ڕۆیشتبوون. پیاوێکی بەڕێز، بەچاکەت و پانتۆڵی ڕەساسیی لەگەڵ خانم پەروین لدەولە، کە کڵاوێکی لاری پووشی لەسەردا و خاوەن جەستەیەکی خڕو خەپان، لە قەراخ حەوزەکەدا ڕاوەستا بوون و چپە چپیان بوو. ئەمیر عەلی لەژێر مێزەکە هاتە دەرەوە و لە نێزیک ئەو دووانەوە ڕاوەستا. گوێی لێبوو لە بارەی دایکییەوە دەدوان. پیاوەی بەڕێز ئاوڕی دایەوە و ئەمیر عەلی بینی و بێدەنگ بوو. خۆی خستە کۆکەو خانم پەروین لدەولەی تێگەیاند کە منالێکی لاسار لە دوایانەوەیە. ئەمیر عەلی بەشەقاوی هێور بەلای پیاوەکەدا ڕۆیشت. چاوانی کراوە بوون و پێڵووی نەدەتروکاند. وەک بڵێی بەخەوەوە بڕوات. سووڕێکی بەدەوری حەوزەکەدا لێدا و بۆ شوێنەکەی جاری یەکەمی گەڕایەوە. ڕوانینی بڕیبووە قونی پان و گۆشتنی خانم پەروین لدەولە. ئەوەی کە چەند دەقیقە دواتر ڕوویدا، هێند کوتوپڕ و خێرا بوو، کە هیچ کەسێک هۆکاری واقیعیی ڕووداوەکەی بۆ ڕوون نەبۆوە. هەر کەسێک بۆ گریمانەیەک دەچوو. یەکێ دەیگوت خانم پەروین لدەولە خلیسکاوە و کەوتووە. ئەمیر عەلی سوێندی خوارد کە هیچ شتێکی بیر نایەتەوە، خەوی لێکەوتووە و دەسەڵاتی بەسەر کارەکەیدا نەشکاوە. لە پرس و ڕاکانی دواتردا، پیاوە بەڕێزەکە گوتبووی، ئەمیر عەلی لەو کاتەدا، چاوانێکی نائاسایی هەبوون، چاوانێکی نائاگا و چۆڵ لە ڕوانین. گەر چاو لە گەواهیدانی ئەم و ئەو بپۆشین،

ئەوا ڕاستیی ڕووداوەکە بەو شێوەیە بووە کە پێی خانم پەروین لدەولە، کوتوپڕ، لە عەرد بۆتەوە، جانتاکەی لە دەست کەوتۆتە خوارەوە، زریکەیەکی کپی کردووە و ئیدی بەسەرا کەوتۆتە حەوزەکەوە.

سزادانی ئەمیر عەلی بێ هودە بوو. چ شتێکی نەدەگۆڕی. دایکی لە بەتانییەکی پێچا و ڕوخسەتی نەدا کەس نێزیکی بێتەوە. ئەوە یەکەمین جار بوو لە بەردەم شووەکەیدا ڕاوەستێ و بەرگری لە کوڕەکەی بکات، بەتایبەتیی کە گیانی ئەمیر عەلی لە خەتەردا و دەستەکانی بابی، لە دووی ملە باریکەکەی دەگەڕان.

چەند مانگێک دوای ئەم ڕووداوە بوو کە باوکی فەرمانی دا تەختە نوێنەکەی ئەمیر عەلی لە ژوورەکەی دایکی بێننە دەرێ و لە ژووری برا گەورەکەی داینێن. یەکەمین شەوی بەزەحمەت لێ تێپەڕی و گریا. تەواوی شەوەکانی دی - یەک هەفتەی تەواو - خەوی لێ نەکەوت و ئەوسا ناچار، هێور هێور ڕاهات. ئەوسا ئەوەی قەبوڵ کرد کە گەورە بووە و تێگەیشت گەورە بوون هاواهەنگە بەتەنیایی. براکەی بەر لە نوستن جگەرەی دەکێشا - پێنج شەش دانە جگەرە لەسەر یەک - و بەعەینەکی زەڕەبین لەسەر کەپووی و گڵۆپی داگیرساوی پاڵ تەختە نوێنەکەی و جلکی ڕۆژ لەبەردا و دەم و ددانی نەشۆراوەوە خەوی لێ دەکەوت.

یەکێک لەو شەوانە، ئەمیر عەلی بێدار و براکەی بەدەم خەوەوە قسانی دەکرد. هەیڤ، وەک چاوێکی بێدار و تەنک، لە نێوەڕاستی ئاسماندا دانیشتبوو، ئاگای لە هەموو نهێنییەکانی دونیا بوو. گڵۆپەکانی ماڵەکە کوژابوونەوە. ئەمیر عەلی، چەرچەفەکەی لەسەر خۆی لابرد. وچانێکی دا، نیوە ڕوانینێک تەماشایەکی براکەی کرد. لە تەختەنوێنەکەی هاتە خوارەوە. لەسەر پەنجەی پێ، بەکاوەخۆ بەرەو دەرگاکە چوو. پێی پەتی و قاچی کەوتە سەر شتێکی تیژ. ئاخێکی نزمی لە دەم هاتە دەرێ و پاشماوەی ناڵەکەی قووت دایەوە. دەستیشی بەر پەرداخی ئاوەکە کەوت، پەرداخەکە هەڵگەڕایەوە و غلۆر بۆوە و تا نێزیکی لای تەختە نوێنەکەی براکەی ڕۆیشت، لە پای کورسییەکە گیری کرد و هەر لەوێدا مایەوە. کەس وەئاگا نەبۆوە. کەوتەوە ڕێ - لەسەر نووکی پێ. دەرگای ژوورەکە قرچەیەکی لێوە هات و بەجیرەیەکی ناخۆش کرایەوە. شەو بەشێوەیەکی سەیر ڕووناک بوو. پیاوێکی بەژن زراف، پشتی لەو، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا، لە لای حەوزەکەوە، لە ڕۆخی باخچەکەدا ڕاوەستا بوو، پیاوەکە نەدەجوولا. دڵی ئەمیر عەلی



وەخورپە کەوت و دەمی هیشک بوو. ویستی ڕاکات بەڵام پێکانی قورس و سارد و بەعەردەوە لکابوون. ویستی هاوارکات بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. پیاوەکە مەودایەک لەم دوور و لە تارماییەکی ڕەش، لە مەخلوقێکی ناواقیعیی دەچوو. تارماییەکە، دەستی لەژێر چاکەتە درێژەکەی دەرهێنا و کاتژمێرەکەی باخەڵی لەژێر تریفەی مانگدا ڕاگرت. ئەوسا تارماییەکی سپیی، پەچە کردوو، لەودیو درەختەکانەوە وەدیار کەوت. چەند هەنگاوێک هاتە پێشێ، دەستی لەژێر پەچەکە هێنایە دەرێ، کەسێک ئاماژەی بۆ کرد و ڕاوەستا. تارماییە ڕەشەکە ئاوڕی دایەوە و نیگایەکی وریایانەی بڕییە پەنجەرەکان. ئەمیر عەلی لەلاوە ڕوخساری بابی ناسییەوە. ئەدی باشە بەو شەوە لەوێدا چیی دەکرد؟ ژنەی پەچە سپیی لەودیو درەختەکانەوە داگەڕا و باوکی ئەمیش، بێ دەنگ و بەکاوەخۆ، دوای کەوت. یەک چرکە دواتر، گڵۆپی ژوورێک لە حەوشەکەدا داگیرسا. ئەوە ژووری کارەکەرە گەنجەکەیان بوو. هەمان ئەو کارەکەرەی کە دیقەتی براکەی دەدا و بەگوێی باوکیشیدا دەیچپاند.

ئەمیر عەلی حەپەساو و شەرمەزار، بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە و بڕیاریدا هیچ شتێک بۆ دایکی نەگێڕێتەوە. ئیدی خووی بەبێدەنگییەوە گرت و فێر بوو هەر وەک دایکی، هەروەک خەڵکانی گەورەی خاوەن دەمامکگەلی مقەبایی، لەژێر چەرچەف و لە تاریکیی شەواندا بگری. ئیتر نەیدەتوانی وەک جاران، قاپ و قاچاخ و کاسەگەلی چینیی بشکێنێت. ئاخر ئەو جۆرە کارانە هینی تافی منداڵیی بوون. سەری داخست و لێوەکانی لێکنا و بێدەنگییەکی گەورە لەنێو جەستە چکۆڵەکەیدا نیشت، کە بەمروری زەمەن، بووە جۆرێک خاوبوونەوە و ئاسوودەییەکی خامۆش. خەڵکیی، بێ باکییە خۆبەدەستەوەدەرانەکەی وییان بەحیسێبی ئاقڵیی لێک دەدایەوە. بەگوێی یەکدیدا دەیانچپاند و ئەویان بەئینسانێکی زیرەک و حیسابیی ناو زەد دەکرد.

مەلەک ئازەر، پێکراو و پەرێشان، دانیشت و لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە. ڕووداوەکانی لەپاڵ یەکدیدا دانان و بەو ئەنجامە گەییشت کە ئیدی ئەمیر عەلی ئەوی خۆش ناوێت. ئاخر شوویەک کە لە ژنەکەی ڕاکا و لە ژووری تر بنوێت (دەرگاکەش کلیل بدا)، شوویەک کە بکێشێ بەسەری ژنەکەیدا (مەلەک ئازەر دڵنیا بوو کە ئەوە ئیشی خودی ئەمیر عەلی بووە و بەدەستی ئەنقەست و بەپلانێک کە لەوەوبەر دایڕشتووە، ئەو کارەی کردووە)، شوویەک کە بەسەر دۆسییەکانی شارەوانیدا بڕشێتەوە تا کۆمپانیاکەی ژنەکەی نابووت

کات، ئەو شووە نەک هەر بەتەنها ژنەکەی خۆش ناوێت، بەڵکو عاشقی ژنێکی تریش بووە.

ئەدی بۆچیی تا ئێستا بیری لەو مەسەلەیە نەکردووەتەوە؟ ئەمیر عەلی و کەسێکی تر؟ دەس و برد وێنەی شاراوەی ژنێکی جحێڵ و شۆخ و شەنگ، هاتە بەر چاوانی و ڕەوییەوە. ئەوە یەکەمین جاربوو بیری لە ئەگەرێکی لەو جۆرە دەکردەوە. ئەو کەسەی ترە نەبینراوەش، کوتوپڕ ئامادەییەکی بەڵگە نەویستانەتری لە تەواوی واقیع گەلە هەبووەکە، پەیدا کرد، واقیعیی تر لە پەرداخی سەر مێزەکە، واقیعیی تر لەو شنە بایەی کە لە ڕوخساری دەدا، واقیعیی تر لەو پێڵاوانەی کە لە پێی دەکردن و واقیعیی تر لە خودی خۆی. ڕەنگبێ خەڵکانی تریش ئاگایان لەو کەین و بەینە بووبێت بەڵام نەیانداوەتەوە بەڕوویدا. مامە گیان زوبان بەد و دەم شڕ بوو، زۆربەی جاران لە پاشەملە زەمی خەڵکیی دەکرد. مەلەک ئازەر بەخۆی گوت کە هەڵبەت ئەم مامە دەم شڕە، ویستوویەتی شتێک لە بارەی ئەمیر عەلییەوە بدرکێنێت. ویستوویەتی لە ڕووی نارەسەنییەوە ئاماژە بەپەیوەندی وی، بەفڵانە خانمەوە بکات و ئەمیر عەلییش لەژێر مێزەکەوە کێشاوێتی بەقۆزینگی پایداو قسەکەی پێ بڕیوە. خۆیەتی، خۆیەتی، خۆیەتی. چ بیانوویەکی تر بۆ ئەو لەقە پێدا کێشانە نییە. ئەوسا کڵاوڕۆژنەیەکی تر بەڕووی خایلەگەلی مەلەک ئازەردا کرایەوە و پەردەی ڕەش لەبەر چاوانیدا هەڵگیرا. ڕێک و ڕەوان، ئەو شتەی کە لۆژیکی ژنانەی خۆی لەو دەقیقەیەدا حوکمی بەسەردا دەکرد، وەک حەقیقەتێکی تەواو لە لای چەسپی. کەواتە ئاوها، ژنێکی تر لە بەزمەکەوە گلاوە! یەکەمین هەستێک کە تێیدا وروژا، ترس بوو، ترسی ئینسانێکی بێ پشت و پەنا، ون بوو لە بەرەهوتێکی تاریکدا، ئینسانێک تەنیای تەنیا. هەستی کرد دەستی ناگاتە هیچ کەس و هیچ شوێنێک و عەردی ژێر پای دەلەرزێ. هەستێک بوو کوت و مت وەک مردن، وەک تەماشاکردنی کفن و دفن کردنی خۆی. جەستەی سارد هەڵگەڕا و دڵی تێکەڵ هات. چنگی کرد بەپرچە درێژەکەی خۆیدا و بەتوندی ڕایکێشا. بێخی سەری برژایەوە و ئێشی تێهات. ئێشی هەستێکی واقیعییانە، ڕایەڵ بەجەستەیەکی زیندووەوە، جەستەیەکی نارازیی و هەڵایساو، سەرمای گەورە.

مەودای لێ گرت، جەستەی داخ و توورەییەکی نائارام لەژێر پێستیدا تاوی سەند. دەریچەکانی دڵی بەهەوکردنێکی بەتاو، دەکرانەوە و دادەخران و ئەڤینەکەی سات بەسات دەبووە ڕق و بوغز. دەیتوانی لەو ساتەوەختە تایبەتەدا، ماڵەکە ئاگر تێبەردات، دەیتوانی



خۆی و ئەمیر عەلی نابووت کات. باوەڕی بەیەک حەرفی قسەکانی ئەمیر عەلی و حەکایەتی نەخۆشیی دەروونیی نەما. بەخۆی گوت تەواوی ئەو گەمانە فێڵ و فڕ بوون و پاساوی خۆیان هەبووە، پاساوی حیساب بۆ کراو و ورد. ئەمیر عەلییش هەر وەک تەواوی پیاوان - فلان و فلان و فیسار - درۆزن و بێ وەفایە و ئەمیش، مەلەک ئازەری خۆش باوەڕ، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، فریوی ڕوواڵەتە بێوەیەکەی وی خواردووە. چ هەڵەیەک! تەنانەت بۆ یەک جاریش هەوڵی نەداوە، سەر لە کارەکانی وی دەربێنێ. هەنووکە تێ دەگەیشت کە بۆچی هەندێ شەو درەنگ دەگەڕایەوە ماڵەوە و بۆچی هەر لەگەڵ بینینی ئەمدا تەلەفۆنەکەی دادەخستەوە. هەوڵی نەداوە بزانێت بۆ کوێ دەڕوا و هاموشۆی کێ دەکات؟ هەموو کار و قسەکانی ئەمیر عەلی گومانایویی هاتنە پێش چاوانی. تەنانەت قڵافەتیشی دزێوو هیۆلایی دەینواند. بێگومان، دەستی ژنێکی تر لە مەسەلەکەدا بوو، ژنێکی جحێڵ. وشەی جحێڵ وەک دەنگدانەوەی ناڵەیەکی لە گوێدا ناقۆڵا - جحێڵ ، جحێڵ - جحێڵ ـ جحێڵ، لەنێو سەریدا دەنگی دایەوە و لە دوایەوە ئیرەییەکی کوێر، تیژتر لە سوێی هەزار برینی تەڕ، لە ڕۆح و جەستەیدا هێلانەی چێ کرد. ئاخر مەزەندە کردنی کێبەرکێ لەگەڵ ژنێکی جحێڵدا، شتێک بوو دڵەڕاوکێ وروژێن. وێنەی کاڵی ئەو ژنە، ئەو حەرفە لە شکست نەهاتووە، لەبەر چاوانیدا وەدیار دەکەوت و چنگی دەکرد بەدڵ و ڕیخۆڵەیدا. دەیویست هەموو شتێک بزانێت: کەنگێ یەکتریان ناسیوە و لە کوێ؟ ناوی، تەمەنی، ناونیشانی ماڵەکەی، ژمارەی تەلەفۆنەکەی، لە هەموویشی گرینگتر، قڵافەتی؟ ئەدی بەژن زراڤە؟ بەژن زراڤتر لەم؟ لاواز، گۆشتن، سوور و سپیی، گەنم ڕەنگ؟ دەیویست بزانێ و ئەم نەزانینەش شێتی دەکرد. ڕۆژی سەد جار لە خۆی دەپرسیی: "کێیە؟ "وایدەگوت و ئیدی دەکەوتە ئیرەیی بردن بەژنگەلێکی خەیاڵیی. لە سەرەتای ئاشنا بوونییەوە بەئەمیر عەلی، هەستێکی غەریزیی، ئاگاداری دەکردەوە کە ئەم ڕووداوە، درەنگ یان زوو، هەر ڕوودەدا و هەمیشە لە قووڵایی دڵیدا دڕدۆنگ بوو. تا ئەو شوێنەی کە دەلوا، بە وشەگەلی شیرین و نەوازشگەلی دڵنیاکەرەوە، بەوەدیهێنانی ژیانێکی ئاسوودە - چۆڵ لە تەنگژەی مادیی - بەهەزار فێڵ و فڕی عاشقانە، ئەمیر عەلی جڵەو کردبوو. بەڵام دەیزانی گۆشەیەک لە بوونی ئەو پیاوەدا هەیە کۆنترۆڵ ناکرێت، گۆشەیەک لە جەستەی ئەو پیاوەدا کێوییە و ئەمیش لەو گۆشە تاریکە نەناسراوە دەترسا. خایلەکانی لە لۆژیکی ڕووداوەکان ئەولاوەتر دەچوون. خۆزیای بوو ئەمیر عەلی بگرێت. ڕێک لە جێ ژوواندا، ئەو کاتەی کە لەپاڵ دولبەرەکەیدا تلیساوەتەوە، دەرگای ژوورەکە بکاتەوە و

(دەرگای کام ژوور؟) و ڕێک لە قولایی چاوە ئەبڵەق بووەکانی بنۆڕێ. ئەدی پاشان؟ پاشان لەمیانا نەبوو. ئاخر زەمەن لە زەینی شپرزەی مەلەک ئازەردا، لەو دەقیقەیەوە کۆتایی پێ دەهات و دونیا لە جووڵە دەکەوت. نەیدەتوانی ڕووداوەکە لەبەرچاوانی خۆیدا بەرجەستەکات. دەگەڕایەوە دوواوە، سەرلەنوێ دەستی پێ دەکردەوە. سیناریۆکەی دەسکاریی دەکرد. دیمەنەکان، کات و شوێنی خیانەتەکەی ئاڵ وگۆڕ پێ دەکرد، دەگەیشتە ئەو ساتەی کە دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە. ژووری نوستنی خۆیان؟ ژوورێک لە ئوتێلێکدا؟ گرینگ نەبوو. کامێرا زەینییەکەی دەرگایەکی پێشان دەدا. دەرگایەکی داخراو، دەسکەکەی بادەدا. دەرگاکە بەکاوەخۆ درزێکی تێدەبوو، دەکرایەوە. کامێراکە دەچووە پێشتر، بەدەوری پەنجەرەکەدا دەسووڕایەوە، بەلێواری تەختە نوێنەکەدا دەچووە سەرێ و لەسەر ڕوخساری ئەمیر عەلی و دولبەرەکەی ڕادەگیرا. کە دەگەیشتە ئەوێ، ئیدی مەلەک ئازەر گوڕی خەیاڵی بەهانایەوە نەدەهات. فیلمەکە لەناو کامێراکەدا نەدەسوڕایەوە و لەسەر ئەو دووایین وێنە جێگیرە دەوەستا. دوای ئەوە تاریکییەکی ڕەها بوو. بێدەنگییەکی چڕ، پەردەیەکی ڕەش، دوای ئەوە کۆتایی بوو.

سیناریۆکان تەواو بوونیان نەبوو، خایلەگەلی پەرتەوازە، خەونگەلی تێکەڵ پێکەڵی وێرانکەر لە زەینی مەلەک ئازەردا جێگەی واقیعییەتی ساکاری ڕۆژانەی گرتبووەوە. هەستی دەکرد جوگرافیای ڕۆحی تێکچرژاوە بەسەر یەکدا و خۆرهەڵات و خۆرئاوای ناخی جێ گۆڕکێیان کردووە. خۆی بۆ نەدەدۆزرایەوە. خۆی نەدەبینی و لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا دانەدەسەکنا. بەوەشەوە، ژیان هەر دەگوزەرا و بەرنامەگەلی ڕۆژانە: هەستان، سڵاوکردن، زەردەخەنە کردن، جلک پۆشین، وەرزشی بەیانیان، تەلەفۆن کردن بۆ ئەم و ئەو، حیسابی داهات و خەرجیی ڕۆژانە و بۆ میوانیی چوون، هەر وەک جاران بەڕێوە دەبران. شتەکان شوێن گۆڕکێیان دەکرد. دەفر و کاسەی دێرینە، پلپلەی بەرزی بلوور، گوڵدانی کریستاڵیی لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دی دەگوێزرانەوە. پەردەکان هەڵدەدرانەوە، ڕۆژنامەیەکی گرمۆڵەکراو دەخرایە تەنەکەی خۆڵەوە، پەنجەرەکان دەکرانەوە و دادەخران، هەموو ئەو کارانەش کەسێکی غەریبە دەیکردن، مەلەک ئازەرێکی بزر کە یادەوەرییەکی بێ ڕەنگی لە ڕابردوودا هەبوو، یادەوەرییەکی لەو ژنە بەهێزو بەدەسەڵاتەدا هەبوو کە لە ژوورە ڕووناکەکاندا هەڵدەسووڕا و باوەڕی بەبەرماوەی بەختەوەرییەکەی هەبوو. ئەلعانیش، بەبێ چ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشینە، نائامادە و خافڵگیر، مستەکۆڵەیەکی پێداکێشرابوو. وەک بڵێی دەستێکی غەیبیی، لە دواوە پاڵی پێوەنابێت.



هەڵخلیسکابوو، تلی دابوو، کەوتبووە ئەودیو کەلاوە نەناسراوەکانی ژیانەوە، کەوتبووە بنی چاڵی حەزە کاکی بەکاکی و غەریزە تاریکە بەراییەکانەوە. فیکر و زیکری لای ئەوە بوو ئەمیر عەلی لە کوێیە و چ دەکات. گوێی لە تەلەفۆنەکانی ڕادەدێرا. لەودیو دەرگاوە ڕادەوەستا یان گوێی دەنا بەجێ کلیلی دەرگاوە. ناو چەکمەجە و گیرفانی چاکەت و شەڕواڵەکەی دەگەڕا. نامەکانی دەکردنەوە. جزدانەکەی دەدزی و حەواڵە و قەبز و سەرەقەڵەمەکانی بەوردیی دەخوێندنەوە. ئەم دیو و ئەودیو، وشە بەوشە. ئەمیر عەلی تاقیب دەکرد، ناوەخت خۆی دەکرد بەکۆمپانیادا، بەبێ لە دەرگادان، دەرگای ژوورەکەی دەکردەوە و دەیبینی لەودیو مێزەکەیەوە دانیشتووە و سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەیەکە. نامەی ئیداریی؟ ڕەنگبێ تایبەتیش؟ خۆی دەگەیاندە پاڵ یان ئەودیویەوە و بەهەر بیانوویەک با، نیوە سەرنجێکی بزێوانەو دزانەی دەدایە نامەکەی بن دەستی. چاوی لەسەر نامەکە بوو کە هۆش و گۆشی لە دووی زەنگی تەلەفۆن ڕایدەکرد. ئەدی کێ بوو؟ گوێی قولاخ دەکرد. نەیدەتوانی گوێی لێ بێ. ئاخر ئەمیر عەلی توند تەلەفۆنەکەی دەنووساند بەگوێیەوە. دەبوو تێبگات. پەیجۆرییەکەی بەهێزتر لە شعووری بوو، توندوتیژتر لە ئارامیی و بەهێزییە هەمیشەییەکەی بوو. دەیپرسی ئەوە لەگەڵ کێدا دەدوێیت و تەلەفۆنەکەی لە دەستی هەڵدەپچوڕقاند. دەنگی پیاوێکی نەناس لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. ڕەنگە، کڕیاری بەکرە یان نوێنەری بیمە یان کارمەندێکی ئیدارە بووبێت. شەرمەزار دەبوو. سەری دادەخست و سەرزەنشتی خۆی دەکرد. چەند ڕۆژێک ئارام دەبۆوە. دەکەوتەوە وەرزش کردن، بۆ سەردانی هاوڕێیانی دەچوو، تەلەفۆنی بۆ منالەکانی دەکرد و بەخۆی دەگوت: کوڕەکانم هۆگرمن. جگە لەوان، چ شتێکی تر گرینگ نییە. وێنەی کوڕەکانی دەهێنانەوە زەینی و ئەوسا ئاهێکی تێ دەگەڕایەوە. بەڵام ئیرەیی، وەک زەروویەکی برسیی، لکابوو بەپەردەی دڵییەوە و خوێنی هەڵدەمژت. هەمدیس خایلەگەلی ڕەش هوروژمیان دەهێنایەوەو مێشکیان داگیر دەکرد. بەخۆی دەگوت: چ کەرێک بووم! ئاخر چۆن دەبێ ئەمیر عەلی لە ژووری کاری خۆیدا ژووان لەگەڵ دولبەرەکەیدا دانێت؟ خۆ شێت نەبووە؟ ڕەنگبێ، لە جێگەیەک دوور لە چاوی خەڵک، لە کۆڵانێکی نەناسراو، لە گەڕەکێکی دوور، یان بەپێچەوانەوە، لە جێگەیەکی ئەم دەوروبەرە ژووان لەگەڵ دولبەرەکەیدا دیاری بکات. بەڵام ئاخر لە کوێ؟ ئیدی ئەم لە کوێ نەحلەتییە دەکرا هەر جێگایەک و هەموو جێگایەکیش بێت. تەنانەت لە ماڵی خۆشیان. دەبوو تێ بگات.

ترومبێلەکەی لەودیو درەختێکەوە ڕاگرت، چاویلکە ڕەشەکەی لەچاو کرد، ڕووپۆشەکەی

تا حاست برۆی هێنایە خوارەوە. لەودیو سوکانەوە دانیشت، چاو لە ڕێی هاتنی ئەمیر عەلی، دەستی لەسەر سویچ، ئامادەی داگیرساندنی مەکینە. پای لەسەر بەنزین دەلەرزی و زگی لە حەژمەت شڵەژاویی، پێچی پێدا دەهات. بینی وا هات. لە بەردەم دەرگای کۆمپانیاکەدا ڕاوەستا (ئەوە بۆ خۆی ئاماژەیەکی گومانوایی بوو) ناو گیرفانەکانی گەڕا، گیرفانی چاکەتەکەی، گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی. ئەرێ بەدوای چیدا دەگەڕێ؟ ناونیشان؟ ژمارەی تەلەفۆن؟ هەمدیس بۆ ژوورەوە دەچێتەوە. پێنج دەقیقە، دە دەقیقە، چارەکە سەعاتێک تێ دەپەڕێ. چ سەهوویەکی کردووە؟ ڕەنگە لە دەرگای دواوە ڕۆیشتبێ؟ ڕەنگە ئەمی بینیبێت؟ ئاخر ئەو ڕاوەستان و هەمدیس گەڕانەوەیە بێ مڵامەت نییە. ئەوە بۆ خۆی جۆرێک لە ئاماژەیە. ئەوە پەیام ناردنە بۆ کەسێک لەو دەوروبەرە، بۆ ژنێک لەودیو پەنجەرەوە، یان ڕاوەستا و لە سەری چوار ڕاکەدا، یان دانیشتوو لە ترومبێلێکی ئەو دەوروبەرەدا. پەیامێک واتە بەڕێ کەوەو بڕۆ. یان ئارام بگرە. یاخود وەرە سەر چوار ڕاکە. یان لە ماڵەوە بمێنەوە. لە حەیس و بەیسی ئەوەدابوو کە بینی وا سەر و کەللەی ئەمیر عەلی پەیدا بۆوە. هەنگاوەکانی ژماردن، هەنگاوی خێرا، خێراتر لەڕادەی ئاسایی، هەنکاوگەلی شپرزە. ڕەنگە کەیفی هەبێ و بێ ئۆقرە، هەنگاوگەلی کەسێکی عاشق. سواری ترومبێلەکەی بوو. جوولا. مەلەک ئازەریش پێی نا بەبەنزیندا و بەمەودایەکی کەم لە دوایەوە ترومبێلەکەی ئاژوو. ئەمیر عەلی بۆ لای ڕاست پێچی کردەوە. ئەوە ڕێگەی ماڵەوە نەبوو. بۆ لای دەستە چەپ پێچی کردەوە، لە چوار ڕاکە تێپەڕی، چەند خێرا دەیئاژوو. پەلەی بوو. لە گڵۆپی سووری دا. ئەرێ بەرەو کوێ چوو؟ دیار نەما. ڕەنگە تێگەیشتبێ کە تاقیبی دەکەن (خایلە گەلی مەلەک ئازەر). تێگەیشتووە. کەڵەکچی. خایین.

خۆزیا یارمەتی لە من داوا کردبا، یارمەتی لە منێک کە لە هەموو دونیا لەو نێزیکتر بووم.

گەمەی ئیرەیی و خانەگومانیی ماوەیەکی زۆر، تا دوای ئەو ڕێکەوتە فلانییە درێژەی هەبوو. ڕووداوەکە ئاوهایی بوو: مەلەک ئازەر شپرزە و تووڕە، شەلاڵ لە ئارەقەی گەرمای چلەی هاوین، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، برسی و تینوو، سەرلەنوێ، لەبەر دەرگای کۆمپانیادا ئێشک دەگرێ و ئەمیر عەلی تاقیب دەکات. پێ دەنێ بەبەنزیندا و بەخێرایی لە پاس و لۆرییەک، کە کۆڵەگەی ئاسنی بارکردووە، تێدەپەڕێت. ترومبێلێک ڕووبەڕووی



دێت. هەردووکیان ئیستۆپ دەگرن، لا دەدەن و بەمەودایەکی کەم بەلای یەکدا تێ دەپەڕن. ترومبێلەکەی مەلەک ئازەر بەرەو شۆستەکە دەچێ و خەریکە ڕێبوارێک بکات بەژێرەوە، بەڵام سوکانەکە لە کاتی خۆیدا وەردەچەرخێنێ. بەدەوری خۆیدا دەەسوڕێتەوە و لەگەڵ تەکسییەکی چکۆڵە و کۆڵەواردا کە خنەخن، لە کەناری جادەکەوە تێدەپەڕێ، لە یەکتری دەدەن. مەلەک ئازەر ترومبێلەکەی خۆی گەورە و تۆکمەیە، هێندەی لۆرییەکە، ئەزیەتێکی وای نابێت، تەنها لایتەکەی دەشکێت. بەڵام تەکسییە داماوەکە، لێک بەر هەڵدەوەشێت، تەنها یەک لێدان بەس بووە تا تێکوپێک بشکێت. دەرگاکەی لە لایەک، تایەکەی لە لایەکی تر، شۆفێرەکەشی بێ هۆش.

ئەم جۆرە کارانە لە ژنێکی بەهێز و ماقوولّی وەک وی نەدەوەشایەوە. خۆ گەر بیستبای ژنێکی تر کاری لەو جۆرەی کردووە، ئەوا سەری بەنیشانەی سووکایەتی و ئەفووس بادەدا و سوپاسی خودای دەکرد کە خۆی لەو پیرە ژنە کەللە پووتە نییە. سەرزەنشتی خۆی دەکرد، لەگەڵ خۆیدا بەشەڕ دەهات و توانای کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخە نەسرەوتەکەی خۆی نەبوو. بێ هەدادان و وەک دوورگەیەکی سەرگەردان بەدەوری خۆیدا دەخوولایەوە. دەمامکی ژنێکی بەختەوەر و سەرکەوتوو، لە ڕوخساری کەوتبووە خوارەوە و حەزی نەدەکرد کەس تەماشای بکات. هەر جارێک کە لەئاوێنەدا چاوی بەخۆی دەکەوت، ڕادەچڵەکی و ڕووی خۆی وەردەگێڕا. خۆزیای بوو ئەمیر عەلی بمرێت. هەروا بەسانایی. تا هەنووکە ئەوی بەهینی خۆی زانیبوو. گەر بریاڕبا کەسێکی دی لەگەڵ ئەودا با، ئەوا ئیدی باشتر بوو بمرێت.

هەندێ ڕۆژ، بەپاساوێکی نائاشکرا، لە کەری شەیتان دەهاتە خوارەوە. نوورێک لە دڵیدا پڕشنگی دەدا و سەبارەت بەخایلەگەلە ڕەشەکانی، دووچاری دوو دڵیی دەبوو. بەخۆی دەگوت ڕەنگە هەڵە بێ و چ دوڵبەرێک لە میانا نەبێت. ئاخر نەیتوانیبوو ئەمیر عەلی بگرێت. ئەدی چۆن لەوە دڵنیا ببوو؟ ڕەنگە شووە بێ گوناهەکەی ڕاست بێژێ و بەنەخۆشییەکی نەناسراو گیرۆدە بووبێت؟ دەبوو بەهەر شێوەیەک با، قسەیەکی لەگەڵ کردبا و دڵی وەدەست هێنابایەوە. لەبەر ئاوێنەکەدا دانیشت و خۆی ڕازاندەوە. جوانترین جلکەکانی پۆشیی و لەبەر چاوی ماندووی شووەکەیدا کەوتە خۆ نوواندن. پێکەنی. بەزوبانێکی خۆش لەگەڵیدا کەوتە قسان . ڕوخساری جوان و جەستە نیوە جوانەکەی خۆی بۆ نومایش کرد. قسانی خۆشی بۆ کرد. لە بارەی بەرنامەگەلی ئایندەوە ئاخافت. لە بارەی

مانگی هەنگوینی دووەمەوە، لە بارەی ئەو سەفەرانەوە کە دەکرا پێکەوە بیکەن، لە بارەی دەسپێکردنەوەی ژیانێکی نوێوە، لەگەڵ کوڕەکانا، بێ کوڕەکان، لە ناو وڵات، لە دەرەوە، لە هەر شوێنێک ئەو حەز بکات. لە بارەی ئاسمانەوە دووا و لە بارەی هەسارەکانی (ئەگەرچی شتی زۆری لەوبارەیەوە نەدەزانی). لە بارەی کتێبەوە، لە بارەی سینەماوە، لە بارەی شیعر و عیرفانەوە، لە بارەی خۆیەوە، لە بارەی کۆمپانیای بەکرە و دەزووەوە، لە بارەی شۆڕش و سیاسەتەوە و ئیدی کوت و پڕ ماندوو بوو. بینی ئەمیر عەلی یەک وشەی لە قسەکانی نەژنەفتووە و دڵی لە جێگایەکی ترە. ئەوسا مەلەک ئازەر دڵی وەخورپە کەوت.

ئەمیر عەلی گرفتاری خۆی بوو، تین و مەراق و حیرسی مەلەک ئازەری نەدەبینی. خۆ گەر بینیباشی ئەوا نەیدەزانی چ بێژێ و چۆن کارەکانی ئاراستەکات. جارەهای جار بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە، بڕیاری دابوو لەگەڵ ویدا بدوێت و هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە. هەرچی زیاتر ئەو نهێنییەی لەدڵیدا هێشتبایەوە، خەراپتر دەبوو. گوتبووی نەخۆشم، بەڵام ڕوونی نەکردبووەوە چۆناوچۆنیی دەستی، خۆ بەخۆ بەرز بۆتەوە و چۆناوچۆنی پای، سەرپێچی لە فەرمانی وی کردووە. جارێک، قیروسیای کرد و دەستی پێکرد، بەڵام مەلەک ئازەر ڕێی پێ نەدا. ئامادەی شەڕ و چاوانی پڕیشکی ئاگریان لێدەبۆوە. دڵنیابوو ئەمیر عەلی درۆ دەکا و حەوسەڵەی گەمەکانی وی نەبوو. جاری دووەمیش، هەمدیس بەتکا و ڕەجای ئەمیر عەلی، دانیشتن تا بدوێن، بەڵام کارەکەیان بەشەڕ گەییشت. مەلەک ئازەر تەقییەوە، هێرشی برد و ئەوی بەخایین و خۆپەرست و فێڵباز ناوزەد کرد. تۆمەتی ئەوەی دایە پاڵی کە تەنها لە پێناوی سەروەت و سامان و ناو و شۆرەتی خێزانەکەیدا ئەمی هێناوە و بەبێ دوو دڵیش هەنووکە کەسێکی لەم باشتری دۆزیوەتەوە، کەسێک کە خانوویەکی گەورەترو کۆمپانیایەکی بەشکۆتری هەیە. خۆیشی نەیدەزانی ئەم قسانەی چۆن لە زار هاتوونەتە دەر. ژێوان بۆوە. بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو. ئەمیر عەلی، هەرگیز مەلەک ئازەری ئاوها شەڕانگێز و شاڵاوهێن نەبینیبوو. قسەکانی لە دڵ نەگرتن، بەڵام پاشەکشەی کرد و نەیتوانی لە ژنەکەی نێزیک بێتەوە. ئاخر ئەوە ترس بوو کە ئەوی لە پەل و پۆ خستبوو.

ڕۆژانێکی خەراپ لە پێش بوون. برا شەریکە بەشەکانی مەلەک ئازەر بۆ سەردانی هاتن و پێیان گوت بڕیاریان داوە ئەمیر عەلی لە جێگریی کۆمپانیاکە لابدەن. لە ڕاستیدا، هەر



وەدەری نێن و ناو و ناوبانگی کۆمپانیاکە قووتارکەن. گوتیان خوشکی ئازیز، ئەو زەلامە، هەرچەندێک باش و میهرەبان و نازەنین بێت، لە قوماشی ئێمە نییە. زۆر هەوڵی داوە لە ئێمە بچێت، بەڵام ناتوانێت. لاسایی قسان کردن، ڕێ ڕۆیشتن، جلک پۆشین، هەستان و دانیشتنی ئێمە دەکاتەوە. بەڵام شوێنێکی مەسەلەکە خەراپە، جێگایەکی بنەڕەتیی. ئەو قەت نەیتوانیوە وەک ئێمە بیر بکاتەوە. ئەو غەوارە بووە و هەر بەغەوارەییش ماوەتەوە. متمانەی پێ ناکرێت. کەسێکی خەتەرناکە. دار بەرۆحی هەمووماندا دەدات، نەک بەدەستی ئەنقەست، نەک بەنەخشەیەکی پێشینە، بەڵکو بەجەهالەتی خۆی.

مامەگیانیش لەو دانیشتنەدا بوو. سەراپا گوێ و بەسەختیی کەوتە ژێر کاریگەری قسەی برازاکانییەوە. سەری بەنیشانەی ڕەزامەندیی لەقاندو گوتی: "دوژمنی دانابەو دۆستی گێل."

مەلەک ئازەر گینگڵی دەدا، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و دڵی کەوتە تەپە تەپ. ڕووداوەکانی ئەو دواییە، کێشمەکێشە دەروونییەکان و بێ خەویی، ئەعسابیان داڕزاندبوو، بەهاسانی کەللەیی دەبوو. لە شەڕ دەگەڕا و لە خودای دەویست. بەتایبەتیی لە مامە گیان پڕ بوو. برای نوتقدەر ساڵێک لە مەلەک ئازەر گەورەتر بوو، ساڵێک بەر لەو پای نابووە گۆڕەپانی ژیانەوە و پێشبڕکێی هاتنە دونیای لەو بردبۆوە. بەتایبەتی کە کوڕیش بوو، کوڕە گەورە، جێ نشین و کوڕە عەزیزی دایک. تەواوی ئیمتیازاتە خودایی، فەزایی، شەرعی، ئیرسی و هەستییەکان هی خۆی بوون. ئەم برایە، وەئاگا لەو قودرەتەی کە بەخۆڕایی پێی بڕا بوو، خوشکە چکۆڵەکەی عەزاب دەدا. قسەی ڕەقی پێ دەگوت، ماجیک و کتێبەکانی دەبرد، تایەی پاسکیلەکەی پەنچەر دەکرد، قژی لە بێخەوە ڕادەکێشا و پارەی دەخیلەکەی دەدزی. کە گەورەتر بوون، لێکتر دوورکەوتنەوە، بەڵام کێبەرکێ و شەڕەکەیان، لەژێرەوە هەر بەحەشاردراوی درێژەی هەبوو.

مەلەک ئازەر گوتی خۆی ئەرکی جێگریی کۆمپانیاکە لە ئەستۆ دەگرێ و کارەکان ڕێک دەخاتەوە. برا گەورە و شەریکەکان، بەزوبانێکی لووس، مەلەک ئازەریان تێگەیاند کە ژن عەقڵی کەمە و بۆ سەلماندنی قسە و مەنتیقی پیاوانەی خۆشیان، پەنایان بۆ گووتەزای گەورە پیاوانی خێڵ و ئیمانداران برد.

مامەگیانیش چەند بەشێکی لە کۆمپانیاکەدا هەبوو. بەڵام بەدەر لە سنووربەندێتیی قودرەتی خۆی، بوونی خۆی ڕاگەیاند و ڕای خۆی دەربڕیی، دەنگی بەرز کردەوە و قوڕگی

ساف کرد. زانی بووی شەڕ دەبێ، بۆیە نوتقێکی ئەدیبانە و شایستەی ئەو مەجلیسەی ئامادە کردبوو. برازاکانی ماوەیەک گوێیان لێ ڕادێرا و پاشان حەوسەڵەیان نەما. یەکێک پژمیی، یەکێک تەلەفۆنی هەڵگرت و ژمارەی لێدا و دوو شەریکی تریش باوێشکیان دا.

مەلەک ئازەر ناڕەزایی دەربڕیی. گوتی جێگریی کۆمپانیاکە بۆ خۆی دەبێ و قسەکانیشی بەڕێگەگەلی یاسایی بەگوێی هەمووان گەیاند. بۆ یەکەمین جار، لەنێوان خوشک و برایاندا، ناکۆکیی ڕوویدا. عاجزییەکان کەوتنە ڕوو. خوشک و براگەلی میهرەبان و بەمشوور، کە تا دوو ڕۆژ لەوەوبەر، بەڕووالەت، لەگەڵ یەکدیدا کۆک و یەکانگیر بوون، یەکەندەردوو بوونە دوژمنی یەکدی و نێوانیان تێک چوو. ئەدی ئەمیر عەلی چیی گوت؟ هیچ. چ کەسێک هەر حیسابیشی بۆ نەکرد. بتەوێ و نەتەوێ، خەسووی بەڕێزیش هێنرایە ناو کێشەکەوە. دەبوو لەنێوان کچ و کوڕەکانیدا، ببێتە حەکەم. ئەوە کارێکی قورس بوو. چەند بەشێکیش بەناوی دایکی مەلەک ئازەرەوە بوو (مامە گیان ئەو بەشەشی بۆ خۆی پچڕی بوو، هەر بەڕاست با نەچینە ناو ئەم بابەتەوە!) دایکی بەڕێز قەیرێک بیری کردەوە و دواجار ڕایەکی بەقازانجی کوڕەکانی گوت، بەقازانجی کوڕە نازدارەکانی. مەلەک ئازەر هەڕەشەی کرد کە دەرگای کۆمپانیاکە دادەخا و حیسابێکیش بۆ مامە گیان دەکات.

مامە گیانیش کە هەروا لەبیری نوتقە گرینگەکەیدا بوو، هاواری کرد: "بێ دەنگ. مۆڵەت بدەن."

کەس مۆڵەتی نەدا. هەمووان لەگەڵ یەکدیدا دەدوان. برا میهرەبانەکان، کەوتنە هاوارهاوار. چاوانیان باریک بوونەوە و سەری کەپوویان ڕەش هەڵگەڕا. ئەوجا مەسەلەی حیساباتی پارە هێنرایە پێشێ. ژمێریاریان هێنا و تۆمەتی بەرژەوەندیی خوازییان دایە پاڵ ئەمیر عەلی. ئەمیر عەلی لە هەموو شتێک بێ ئاگا و گێژ و وێژ تەماشای خەڵکەکەی دەکرد. ڕیسواییەکی سەرنج ڕاکێش لە کۆمپانیاکەدا ڕوویدا بوو. مامە گیان، بەبێ چ مەدرەک و بەڵگەیەکی دیاری کراو، ژمێریارە پیر و دێرینەکەی کۆمپانیای، بەکلاوچێتیی تاوانبار کرد، ڕەنگی ژمێریار سپیی هەڵگەڕا. دایکی مەلەک ئازەر پشتی مامە گیانی گرت و گوتی ئەویش ئاگای لە زۆر شتە. ژمێریار ویستی بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام دەنگی دەرنەهات. دەستی نایە سەر دڵی و بوورایەوە. بووە قەرەباڵخیی. مەلەک ئازەر ئەو ژمێریارەی وەک باوکی خۆی خۆش دەویست و تەنێ متمانەی بەو هەبوو. زریکاندی و



دایکی بەخیانەت کردن تاوانبار کرد. ژمێریاریان لەسەر قەنەفەیەکی چەرم ڕاکشاند و یەخەکەیان کردەوە. تەلەفۆنیان بۆ نەخۆشخانە کرد و داوای ئەمبۆلانسیان کرد. ترسی ئەم ڕووداوە کوتوپڕە هەمووانی داگیر کردبوو. کەس دەنگی لێوە نەدەهات. چەند ساتێک لە بێدەنگیی و چاوەڕوانیدا تێپەڕیی کە کوتوپڕ مامە گیان دەستی نایە سەر دەم وچاویی و خوڕ خوڕ دایە قوڵپی گریان.

مەلەک ئازەر لەو مامڵەیەدا شکستی هێنا. قەبوڵ کردنی شکست، کارەساتێکی گەورە بوو. دایکی، براکانی و مامە گیان، لەوەوە کە بەشی زیاتریان لە کۆمپانیاکەدا هەبوو، قسەی خۆیان سوار کرد و بردیانەوە. مەلەک ئازەر، شەکەت و نیوە گیان، بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو، دەرگای ماڵەکەی بەڕووی هەمووواندا داخست. دیوارێکی نەبینراوی بەدەوران دەوری خۆیدا ڕۆنا و هێور هێور خامۆش بوو. لەنێو ئەو هۆدە نیوە تاریکەدا، هەستی بەئاساییش دەکرد. تەواوی ڕۆژ، لەسەر تەختەنوێنێکی درێژکۆڵە، ڕووە و دیوار ڕادەکشا و دەنوست. یان ئەگەر بێداربا، ئەوا بەچاوانێکی کراوەوە لە خاڵێک ڕادەما و ورتەی لێوە نەدەهات. هەموو شتەکان مەودایان لێ گرتبوو - بۆن، تام، دزێویی و جوانی شێوەکان، چێژە ساتەوەختییەکان و خۆشییە کاتییەکان. تا درەنگانێ لەسەر تەختە نوێنەکەی دەمایەوە و پێی لە ماڵ نەدەنایە دەر. حەوسەڵەی بینینی هاوڕێکانی نەبوو. گەر بۆ میوانییەک داوەت کرابا، نەدەچوو، خۆ گەر بەدوایشیدا هاتبان، ئەوا دەرگای ژوورەکەی دادەخست. هێور هێور، خامۆش و خامۆشتر دەبوو، تا کار گەییە ئەوەی دەمی بۆ خواردن نەدەبرد. هەموو جۆرە کارێکی بەلاوە زەحمەت بوو. بەزۆر حەمامی دەکرد یان قژی دادەهێنا. بەجلکی خەوەوە لە ژوورەکەیدا ڕادەکشا. بەسەعات ڕادەوەستا و مات دەبیردەوە. حەوسەڵەی دایک و براکانی نەماوو لە ئەمیر عەلی دەترسا. بەبینینی وی ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕا و جەستەی هەڵدەلەرزی. دەچووە سوچێکی تەختەنوێنەکەوە و چەرچەفەکەی دەدا بەسەری خۆیدا. لە من عاجز بوو. نە هاواری بەسەردا دەکردم و نە سەیریشی دەکردم. بەبینینی من خەمێک لەسەر ڕوخسار و لەنێو چاوانیدا بارگەی دەخست و سەری لەژێرەوە دەنا. ئەدی بیری لە چ دەکردەوە؟ لە ڕۆژانی منالّیی؟ چما بیری لەو کاتانە دەکردەوە کە لەسەر پاسکیلەکەم دادەنیشت و جانتا قورسەکەی قوتابخانەی دەدایە دەستم؟ بیری لەو شەوانە دەکردەوە کە وەزیفەکانیم بۆ دەنووسییەوە؟ پەناگەیەکی باشتر لە پەناگەکەی منی شک نەدەبرد. زۆری دەنواند، فەرمانی دەدا و منیش بۆم جێ بەجێ دەکرد. هەر چییەکی گوتبا، قەبوڵم بوو. وەک بڵێی مانای ژیانم لە گوێ ڕایەڵ

بوونی ڕەهای ویدا بێت. ڕەنگبێ دڵی ویستبێتی لەگەڵ ئەمیرعەلیدا بکەومە کێبەرکێ و ئیرەییم پێشان بدەم؟ ئەمیر عەلی هەڵبژارد تا شاهیدی هاوارکردن و نارەزایی من بێت و منیش دەنگم لێوە نەدەهات. هەرچییەک ئەو گوتبای دەبا وابا. ئەوە یاسای گەمەکەمان بوو. ڕەنگە بەلایەوە باشتر بووبێت، تەنانەت گەر بۆ جارێکیش بێت، گەمەکە بەیەکدا بدەم، ئاوەژووی کەمەوە، خۆ ویستبم و سەرپێچیی بنوێنم. شتێکم بۆ خۆم بوێت. بۆ دڵی خۆم بمەوێت نەک لەپێناوی ئەودا.

تەنها کەسێک کە مافی نێزیک بوونەوەی لە مەلەک ئازەر هەبوو، ئەو دایەنە پیرەی بوو کە گەورەی کردبوو. ئەمیر عەلی چوو بەدوای دایە خانمدا و بەشەلە شەل و بەچاوانێکی نیوە کوژاوە و بەتکا و ڕەجا، بۆ ماڵەوەی هێنا. مەلەک ئازەر نە زەردەخەنەی هاتێ و نە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیی، بەڵام ڕووی خۆی وەرنەگێڕا. مۆڵەتی دا کە نەنە خان دەستی بگرێ و ڕوخساری ماچ کات. چەند ڕۆژ دواتر، دوو سێ کەوچک خواردنی خوارد کە ئەو لەبەردەمیدا داینا. تا ئەو ڕۆژە بەپێ چەقێنییەکی منالانەوە، هەر دەرمانێک کە دکتۆری ئەعساب بۆی نووسیبوو، لە مست، یان ژێر زوبانیدا دەهێشتەوە و دواتر، لە یەکەمین دەرفەتی گونجاودا، فڕێی دەدا یاخود تفی دەکردەوە. کەم کەم، بەپێداگرتنی دایەنەکەی، قەبوڵی کرد حەپەکانی بەر لە خەوی قووت بدا و بێ هات و بات ئەو شروبی مقەوییە بخواتەوە کە بۆی نووسرابوو. دایە خانم جلکەکانی بۆ دەگۆڕی و کەوچک کەوچک خواردنی بەدەمەوە دەکرد. مەلەک ئازەر وەک منالی لێ هاتبوو. حەزی دەکرد نازی بکێشرێ و لەبری وی بڕیار بدرێت، شتێک کە هەرگیز نەیکردبوو. وەک ئەوەی حەز بکات بۆ دواوە بگەڕێتەوە، لەسەرەتای منالییەوە دەست پێکاتەوە. لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە. ڕەنگە ڕێگەیەکی تری گرتبایە بەر. ڕەنگبێ.

چلەی زستان بوو. دایە خانم بەرگەی سەرمای نەدەگرت و دەیویست بۆ کرمان بگەڕێتەوە. پێویستی بەهەوای گەرم و هەتاو بوو. ئەدی مەلەک ئازەری بەدەستی کێ سپاردبا ؟ لەگەڵ دایک و براکانیدا قسەی نەبوو. بەبینیان وەزعی خەراپ دەبوو. دەبوو ئۆقرەیان گرتبا تا ئارام تر دەبۆوە. ئەمیر عەلییش مافی هاتنە ژوورەوەی بۆ ژوورەکەی نەبوو. ئەوە فەرمانی دختۆر بوو. ئاخر کاتێ مەلەک ئازەر چاوی پێی دەکەوت، دەخرۆشا و هەرچی بەدەستەوە هاتبا ، بەهات و بات و هاوار هاوارەوە، دەیکێشا بەدار و دیواردا و دەیشکاند. ئەمیر عەلی داوای یارمەتی لە من کرد و من بەچاودێری کردنی مەلەک ئازەر



ڕاهاتبووم - ڕاهاتنێکی ناوەکیی، تەنانەت ئەو کاتانەشی کە لێی دوور بووم.

ڕۆژانە بەفر دەباری. مەلەک ئازەر خەمین و بێدەنگ، لەپاڵ پەنجەرەکەدا دادەنیشت و دیقەتی لە خاڵێکی دوور دەدا. کەسێک ڕێی نەدەکەوتە ناو دڵ و ڕۆحییەوە. ئەمیر عەلی لەنێوان دایکی و مەلەک ئازەردا هەڵدەسووڕا و ببووە دیلی ئەو دوو ژنە- ئەو دوو ژنە خامۆش و خەمینە. ڕۆژانی هەفتە، چێشت لێنان لەنێوان من و کاک عەلیدا دابەش کرا. مەلەک ئازەر بەهات و چۆی ئێمە، بەهات و چۆی ئەو دوو کەسە لەماڵەکەدا نارەزایی نەدەنواند. سینی دەرمان و خواردنەکەیمان لەسەر مێزەکە بۆ دادەنا. گەر کارێکی هەبا، بۆمان جێ بەجێ دەکرد و ئیدی ئەومان بەدەستی خایلەو خەونەکانی دەسپارد. ئەمیر عەلی ئەو هەلەی دەقۆستەوە و بۆ سەردانی دایکی دەچوو. لەو ماڵەشدا نەنە خانمێکی تر هەبوو کە کۆمەکی دایکی وی دەکرد و ئیشی ماڵەکەی بۆ ڕادەپەڕاند. هەفتەی دو ڕۆژیش سیستەرێک دەهات و خانمی خەڵەفاوی بەسەر دەکردەوە. ئەمیر عەلی، بەسەعات لەپاڵ تەختە نوێنەکەی دایکیدا دادەنیشت و لێی ڕادەما. دەیزانی کە تاڵە دەزوویەکی باریک، ئەوی بەیادەوەرییەکانی دایکییەوە ڕایەڵ کردووە و دڵنیا بوو لەوەی ئەو مەخلوقە بێ قسە و ڕوانینە، لە قولایی ڕۆحە تەنگەکەیدا، هەروا لەگەڵیدا لە چپە چپدایە.

کۆتایی زستان بوو کە مەلەک ئازەر کەوتەوە قسان و زاری کرایەوە. سەرەتا، ئاماژەی بۆ چۆلەکەیەک کرد کە لەودیو پەنجەرەکەوە بوو، شتێکی لەژێر لێوەوە گوت. نانە وردەیەکی هەڵگرت و لەسەر لێواری پەنجەرەکە داینا. سبەینێی هەمان ڕۆژیش لەگەڵ چۆلەکە چکۆڵەکەدا قسانی کرد، لەژێر پیاڵەیەکدا برنجی بۆ دانا و ژێرپیاڵەیەکی تریشی لە نێزیک خۆیەوە دانا. ئەمجارەیان سێ چۆلەکە هاتن. هێرشیان هێنا و ڕۆیشتن. ڕۆژی دواتر پۆلێک هاتن و مەلەک ئازەر پێکەنی. تەماشای منی کرد و چۆلەکەکانی پێشاندام. گوتی: "برسیانە!" ئەم ڕستەیەی چەند جارێک دووبارە کردەوە. خۆیشی هەستی بەبرسێتیی دەکرد و حەزی لە شتێکی شیرین بوو. ئەمیر عەلی لەودیو دەرگاوە ڕاوەستابوو. لە خۆشحاڵیدا دەستەکانی بەیەکدا ماڵی و بەپەلە خۆی گەیاندە یەخچاڵەکە. شیرینیی خامەی لە قاپێکی گەورە ناو، بێ باک لە ئاگادار کردنەوەی مەلەک ئازەر، خۆی کرد بەژوورەکەیدا. ئاخر تا ئەو ڕۆژە مافی هاتنی بۆ ئەو ژوورە نەبوو.

مەلەک ئازەر ڕووی لە چاک بوونەوە دەکرد. کەوتبۆوە قسان، کەوتبۆوە ڕێ کردن، کەوتبۆوە پەنجەرە کردنەوە و هەناسە وەرگرتن. هۆش و گۆشی بۆ گەڕابوونەوە و دەیزانی کە

بەزوویی بەهار دێت. بەبێدەنگیی لە ئەمیر عەلی دەنۆڕی و قسەشی ڕووەو خەڵکانی نادیار بوو، ڕووە و چۆلەکەکانی ئەودیو پەنجەرەکە بوو.

ڕۆژەکان، چۆڵ لە ڕەنگ و بۆن، خاو و یەک تا ڕەت دەبوون. ژیان فۆتۆکۆپیی واقیعی ڕابردوو بوو، زاووزێ و لاسایی کردنەوەی شتگەلێک بوون کە شێوەی بنەڕەتی خۆیان لە دەست دابوو. بەردەوامیی ئەو بارودۆخە شتێک بوو بەرگە نەدەگیرا. ئەمیر عەلی بڕیاری دا نامەیەکی دووروودرێژ بۆ ژنەکەی بنووسێت و هەموو شتێکی بۆ ڕوون کاتەوە – هەر لە یەکەمین شەوەوە تا دوواین ڕووداو. بۆ نامە نووسین دانیشت. نامەی یەکەم زۆر کورت بوو، دڕاندی. نامەی دووەم و سێیەم زۆر درێژ بوون. نامەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم بێ سەرەتا و کۆتایی و تێکەڵ و پێکەڵ بوون. کاغەزەکانی تەواو بوون. کاک عەلی چێشت لێنەری بانگ کرد و داوای کاغەزی لێ کرد. کاک عەلی، هەر کە سەری بەژووردا کرد، کەپووی خۆی گرت. گوتی: "گەورەم، بۆنێکی سەیر لەم ژوورەوە دێت!" وایگوت و مۆڵەتی وەرگرت تا پەنجەرەکە بکاتەوە. ئەمیر عەلی خۆیشی هەستی کردبوو کە بۆنێکی ناخۆش لەژێر تەختە نوێن و کورسییەکەوە دێت. وای هات بەخەیاڵدا مشکێک لەوێدا مردبێ و ئیدی هەموو شوێنێک گەڕا، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە. بۆڕزیویی لە جەستەی خۆیەوە دەهات. حەمامی کرد و سەراپای لەشی شوشت. بەسابوون، بەلفکە، ماوەیەکی درێژ لەژێر دوشی ئاوی لە کوڵدا ڕاوەستا تا ئیدی پێستی لەشی کەوتە برژانەوە. بۆنی خۆی کرد و دڵی تێکەڵ هات. ئاخر جێگەیەک لەجەستەی ویدا لە گەنیندا بوو. لەبەر ئاوێنەدا ڕاوەستا و بەوردی لە یەکە بەیەکەی ددانەکانی ڕووانی. وای بۆ چوو ڕەنگە برینێکی کێماوی لە شوێنێکی نەناسراودا، لای پەنجەی پایەوە، یان لای بن باڵییەوە، دەمی کردبێتەوە. سەراپای جەستەی خۆی پشکنی. ساخ و سەلیم بوو. نە ڕووشانێک، نە برینێک، نە دومەڵێکی کێماویی. بەهەموو ئەوانەشەوە، بۆنێکی ناخۆش لە دەریچەکانی پێستییەوە دەهاتە دەرەوە. ئەدی ئەگەر مەلەک ئازەر ئاوها بینیبای؟ گەر ئەم بۆنە گەنیوە، بۆنی گۆشت و پێستی گەنیوی وی، بەکەپووی کوڕەکانی گەییبا؟ تەواوی دەرگاکانی دونیای لە ڕوو داخرابوون و دونیای لەگەڵدا کەوتبووە جەنگەوە و لەگەڵ چارەنووسدا جەنگینیش لە توانای ویدا نەبوو. دانیشت و گریا، بەسەعات لە قووڵایی دڵەوە گریا.

جگە لە ڕاکردن چ ڕێگە چارەیەکی تری نەبوو. جانتاکەی پێچایەوە. پارەی چێک و دراوە نەختییەکانی هەڵگرت. نامەیەکی دوو ڕستەیی بۆ مەلەک ئازەر نووسیی. ڕوونی



کردەوە کە نەخۆشە و چەند ڕۆژێک بۆ سەفەر دەچێت. ڕۆژێک، هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە. هەر بەڕاست، جگە لە ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لە ئازیزانی، چ چارەیەکی تری نەبوو.

ئەمیر عەلی، بێ مەبەست کەوتە ڕێ. ترومبێلەکەی گەورە و پان و پۆڕ بوو، ترومبێل ئاژووتنیش بەجادەکانی دەرەوەی شاردا چێژی هەبوو. دەمێک بوو بەترومبێل سەفەری نەکردبوو. هەستی بەئازادیی دەکرد و ئازادییش ئەزموونێکی نایاب بوو. بۆنە خەمینەکەی جەستەی ڕەوییبۆوە و هەناسەی ئاسوودە، لەنێو سیەکانییەوە دەهاتە دەرێ. پێی بەبەنزیندا دەنا، دەڕۆیشت و نەیدەزانی سەر لە کوێ دێنێتە دەرێ. لە کەرەج تێپەڕیی، لە هەمەدان یش تێپەڕیی. ڕاوەستا و لە ڕێستۆرانێکی چکۆڵە بەرچایی کرد. خەوی دەهات. لەژێر سێبەری درەختەکاندا لێی ڕاکشا. لە ئاسمانی نیوە ڕووناک و تێپەڕینی ئارامانەی هەورەکان ڕاما و وەنەوزی سوکەڵە سوکەڵەی دەدا. پێڵووەکانی دەکرانەوە و دادەخران و جەستەی، قایل و بەئۆقرە، چۆڵ لە حەزی وەسوەسە ئامێز بوو. مەلی دەنگ خۆش و بزێو، لەسەر پەلکی درەختەکان ویتە ویتیان دەکرد و مێروولە قایم کارە ئاقڵەکان، بەپەلە، لە هات و چۆدا بوون. کەمێک لەولاوەتر، ژنێک دەفری لە ئاوێکی ڕەواندا دەشوشت و پیاوانی ئاسوودە، کە پاڵیان بەپاڵشتی نەرمەوە دابووەوە، بەچاوانێکی لێو ڕێژ لە وەنەوزی دوای بەرچایی، سەرقاڵی خواردنی کاڵەک بوون. سەماوەرێکی برنجیی لە لای دەستیانەوە قوڵتە قوڵتی بوو. منداڵێک بەسینییە چاوە لەبەردەمیدا ڕاوەستا. گوتی: "بفەرموون. "وایگوت و ئەوانەی کە لەولاوە بوون، سەریان لەقاند و بەڕوویەکی گەشەوە سوپاسیان کرد. ژنەکە دەفرەکانی بەداوێنی پەچە نوێژەکەی هیشک کردنەوە. هەستایە سەر پا. دەستەکانی نایە سەر زگە دوو گیانەکەی و باوێشکی دا. سەرنجێکی ئاشنایانەی لە ئەمیر عەلی دا و نیگای تژیی بوو لە تەمبەڵیی بەچێژی ژنێکی دووگیان.

شەوی لە ئوتێل بەسەر برد. چەند جارێک هەستا و لە پەنجەرەکەوە تەماشای هەیڤ و ورشە ورشی ئەستێرانی کرد. بەچاوانێکی پڕ لە یادەوەریگەلی ئەستێرەیی و درەوشانەوەی گەردوونییەوە، خەوی لێ کەوت. لەگەڵ شەبەقدا کەوتەوە ڕێ. تا چاو بڕی دەکرد، خاک و ئەرزگەلی قاقڕ بوو، پاشان، لە نێوەڕاستی ئەو بیابانە هیشک و چۆڵەدا، یەک ڕیز سپیداری سەوز، وەک منداڵانی ئاقڵی قوتابخانە، پاک و تەمیز، لە پاڵ یەکدیدا ڕاوەستابوون. دوورتریش، لە ناوجەرگەی بیاباندا، مێرگێکی چکۆڵە، وەک ڕووداوێکی

دەگمەن، خۆی نمایش دەکرد.

موسافیرێک دەستی ڕاگرت. بۆ کرماشان دەچوو. کرماشان جێگایەکی خۆش و ناوەکەی بەدڵی ئەمیر عەلیدا چوو. ئەو ناوە بەڵەد نەبوو. بەهیچ جێگەیەک لە ئێران بەڵەد نەبوو. ئاخر ئەو لە تاران گەورە ببوو، هەر لە هەمان جێگاش مابووەوە. سەفەرەکانیشی بۆ دەرەوە لە پێناوی کڕین و فرۆشتندا بوون، بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز بوون بۆ کۆمپانیای بەکرە و دەزوو.

هێشتا نەگەیبووە کرماشان، موسافیرەکە لە پێچی ڕێگایەکی خۆڵدا دابەزی و ڕۆیشت. خەریک بوو خۆرئاوا دەبوو. کۆتایی ئاسۆ بەدونیایەکی ڕەنگینەوە ڕایەڵ و ڕووناکییەکی نارنجی لە ئاسمانەوە دەڕژا. شۆفێریی لەو جادە خۆڵانەدا کارێکی هاسان نەبوو. یەک دوو جار تایەی ترومبێلەکەی ڕۆچووە خۆڵی نەرم و قوڕەوە و چەقی. کەوتەوە ڕێ و هەمدیس چەقییەوە. دونیا ڕووە و تاریکیی دەچوو. ترومبێلەکەی کوژاندەوە و دابەزیی. چاکەتەکەی دەرهێنا، لەسەر ئەرزەکە ڕایخست و لێی ڕاکشا. ئەرز خامۆش و هەناسە لە کێوەکانەوە نەدەهات. ویسعەتی بیابان، هێور هێور، دەچووە بەدەنییەوە و ئەوی وەک کۆلارەیەکی سوکەڵە، لەگەڵ خۆیدا دەبرد. هیچ ڕوانینێک دیقەتی ئەوی نەدەدا و چ کەسێک قەزاوەتی بەسەردا نەدەکرد. دەیتوانی ماهیەت و شێوەی خۆی بگۆڕێت. دەیتوانی بمرێ و هەڵبژاردنی مەرگ لە دەستی خۆیدا بوو.

بیری لە مەلەک ئازەر کردەوە. دەنگە زەنگۆڵە ئاساکەی لە قوڵایی گوێچکەیدا زرنگە زرنگێکی هێوری هات و یادەوەری جەستە هەمیشە بۆندارەکەی، وەکی ڕووشانێکی خۆش، بێخی گەرووی ختووکەدا. چەند کوتێک لەم ژنە، هێشتا لە نێو جەستەی ویدا پێچی دەخوارد و ئامادەیی بزری ئەو، وەک داوگەلی جاڵجاڵۆکەیەکی پیر، بەگۆشە و کەناری خایلەکانییەوە شۆڕ ببوونەوە. کاتێ لە مەلەک ئازەر دوور دەبوو، دڵی بۆی تەنگ دەبوو، دڵی بۆ مەلەک ئازەرێکی خەیاڵیی تەنگ دەبوو کە دەنگێکی خەوهێنی هەبوو وەکی پەریگەلی زەریایی و باوەشێکی دڵنیای هەبوو بەپانتایی دەشتێکی ئەبەدیی. ئەو ژنە خەیاڵییەی گەرەک بوو، ئەو ژنە بزرەی دەویست و بۆیشی نەدەدۆزرایەوە. لەودیوەوە، لەو دوور دوورانەوە، دونیایەکی دی هەبوو، دونیای ئەو. ئاخر ئەو بەدوای جێگایەکی ئەفسانەیی، ناجێگەیەک لە دەرەوەی کات و شوێندا نەدەگەڕا. بەهەڵە تێ مەگەن. بەڵکو ئەمیر عەلی عاشقی ئەرز بوو، جێگایەکی لێرە دەویست و بەدوای ئارامییەکی ئەرزیدا



دەگەڕا، ئارامیی باخەوانێکی پیر، دانیشتوو لە قەراخ ئاوێکدا، ئاشنا بەنهێنییەکانی خاک.

ئەمیر عەلی دوو مانگ سەفەری کرد. بۆنە ناخۆشەکەی جەستەی نیشتەوە و جەستە بزێوەکەی، پێچەوانەی جاران، سەرکێشیی نەدەنواند. لەو ماوەیەدا، چەند جارێک ویستبووی تەلەفۆن بۆ ژنەکەی، یان دایکی یاخود بۆ یەکێک لە ڕەفیقەکانی بکا و نەیکردبوو. چونکە، جارێک کە تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کرد، بەرلەوەی دەرفەتی قسەکردنی هەبێت، مەلەک ئازەر بەتوندی تەلەفۆنەکەی بەڕوویدا داخستبۆوە. جاری دووەمیش کە تەلەفۆنی کرد گوتیان خانم لەوێ نییە.

بە خۆی گوت: "هێشتا زووە. کاتی گەڕانەوەم نەهاتووە. ژنەکەم هێشتا تووڕەیە. دەبێ ئارام بگرم، دەبێ لە خۆیشم دڵنیا بم."

مانگێکی تریش لە گەشتوگوزار تێپەڕیی، لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند، لەم شارەوە بۆ ئەو شار، لەم چاخانەوە بۆ ئەو چاخانە، بێ ئامانج، خەواڵوو، نیوە خومار، بێ ئاگا لە زەمەن، بێ ئاگا لە جێگەگەلی دیاریکراو و خەڵکگەلی دیاریکراو، بێ ئاگا لە کۆمپانیای بەکرە و دەزوو و حسێبگەلی دووبارە و ڕۆژەکان. بەقەراخی بیابانە گەورەکانا ترومبێلی دەئاژوو، شەوانە، ڕاماو لە ئاسمان و لە ئاسۆگەلی کراوە، دەنوست. هەستی دەکرد چەند کوتێک لە سروشتە خامۆش و بەخاک بووەکەی و بوونە تاکییەکەی، بەبەرکەوتنی لەگەڵ ئەو هەتاوە بەتینە و ئەو بیابانە بێ کۆتاییانە و ئەو ئاسمانە ساماڵە یەک ڕەنگەدا، زەڕڕە زەڕە شی دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕابردوو هەروا، بەئەوەوە ڕایەڵ و ئەقڵ حوکمی بەسەردا دەکرد کە خەبەری ژن و منداڵەکانی بزانێ و لە نیگەرانیی و دەستە وەستانیی قووتاریان کات. جێ هێشتنی کێو و دەشت و ئارامیی بیابان بۆی کێشە بوو، بەڵام خۆ دەبوو گەڕابایاتەوە. دایکی هێشتا لە ژیاندا مابوو، ژیانێک بەباریکیی تاڵە دەزوویەک، بەبێ ئەهمییەتی بڵقێک لە هەوادا، دەبوو دایکی ببینێ و دەبوو تا دوا نەفەس بەڕێی کات.

دەرگای ماڵەکەی قوفڵ و قوفڵەکەیان گۆڕیبوو. هەر چەند زەنگی لێدا، کەس دەرگای نەکردەوە. بینی بەو وەزعە شپرزەیەوە ناتوانێ بۆ کۆمپانیا بچێت. ماڵی مامە گیان لە سەری کۆڵاندا بوو. چوو بۆ لای و پیرەمێرد بەبینینی وی ڕاچڵەکی. گەڕایەوە دواوە و دەمی کردەوە. خەسوویشی هەر لەوێ بوو. لە پەنجەرەی ژووری نوستنەوە تەماشای کرد و سەری بەخێرایی کشانەوە. ئەمیر عەلی هەواڵی ژنەکەی پرسیی و مامە گیان

بەحەپەساوییەوە لێی ڕاما.

ئەمیر عەلی تاقەتی قسە کردنی نەبوو. پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.

مامە گیان هەناسەی هەڵکێشا. دەستی نایە سەر شانی و قوڕگی پاک کردەوە. خۆی بۆ نوتقێکی دوورودرێژ ئامادە کرد. دەستی ڕاستی ڕایەڵ کرد (دیاربوو لەوەبەر لەبەر ئاوێنەدا پەراوەی لەسەر ئەم دیمەنە کردبوو)، لەرەیەکی تایبەتی بەدەنگی دا و ملی هەڵبڕیی.

گوتی: "ژیان مەتەڵێکی گەورەیە. سەرێ و ژێرێی هەیە. گا زین بەپشت و گا پشت بەزین."

ئەمیر عەلی پێکەنی. خۆیشی نەیدەزانی بەچی پێدەکەنێ و ئیدی مامە گیان سەری داگرت. خۆی گرد و کۆ کردەوە و هەمدیس چکۆڵە و خەمین و پیر بۆوە. بەدەنگێکی چۆڵ لە خرۆشان و هەیبەت، وەک ئەکتەرێکی خانەنشین گوتی مەلەک ئازەر چووە بۆ دەرەوەی وڵات. خانووەکەشی خستۆتە سەر فرۆشتن و کلیلەکەشی بەفڵان داوە (فڵان واتە من).

ئەمیر عەلی، نە نارەحەت بوو نە سەریشی سووڕما. وەک بڵێی چاوەڕێی ئەم پێشهاتەی کردبێت. خواحافیزییەکی توندی کرد. سەری لەقاند. لەوەدا بوو بڕوات کە مامە گیان بانگی کرد. هەواڵێکی تری پێ بوو. هەواڵێکی ناخۆش. ئاخر ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ تۆڵە سەندنەوە.

بە دەنگێک کە هەمدیس شاعیرانە ببۆوە، گوتی:"بەداخەوەم. چۆن بیڵێم؟ گوتنی هاسان نییە!"

دڵی ئەمیر عەلی داکەوت. مامە گیان منگە منگێکی کرد. ئاخر دەیویست ڕۆحی وی بکێشێ. دەسەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا و هنگێکی کرد. هنگ کردنێکی هیشکی درۆیینە. کۆکی. ئەمیر عەلی چاوی لەسەر زاری وی هەڵنەدەبڕی. دواجار حەوسەڵەی چۆڕ بڕ بوو.

پرسی: "دایکم؟ "وای گوت و ڕەنگی سپیی هەڵگەڕا.

لە زەنگی دەرگا درا. هەمدیس سەری خەسوو لەودیو پەردەی تۆڕییەوە وەدیارکەوت و بەپەلە کشایەوە دواوە.

مامە گیان گوتی: "بێ زەحمەت، مۆڵەت بفەرموو دەرگاکە بکەمەوە."

ئەمیر عەلی لە دووی ڕۆیشت. خۆزیای بوو هەمدیس هەمان پێلەقەکەی پێشوو



بماڵێتەوە بەقۆزینگی پای ویدا.

پرسی: "تکا دەکەم، پێم بڵێ چ ڕوویداوە؟"

مامە گیان گەیشتبووە بەردەرگا. گوتی: "جەناب عالی، سێ مانگە بێ هەواڵ بزر بوون و لەم ماوەیەدا چ هەواڵێکی ژن و مناڵ ودایکتان نەپرسیوە... ئیدی چاوەڕێی چیت؟"

من و براکەی مەلەک ئازەر پێکەوە چووینە ژوورەوە. ئەمیر عەلی بەبینینی من، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو لە مامە گیان دوور کەوتەوە. ئاخر دەیزانی کە من لە هەموو شتێک بەئاگام. منیش بێ سێ و دوو، کلیلی خانووەکەیم نایە لەپی دەستییەوە. گوتم ئەمانەتە. دەبێ بیدەمەوە و ئارام و خوێن سارد (ئاخر ئەوم دەناسی و دەمزانیی لە خرۆشان بێزارە) پێم گوت دایکی لە نەخۆشخانەیە، چ ئومێدێکی نییە و لە ئان و ساتدایە. ترومبێلەکەی من لە کۆڵان بوو. پێشنیازم کرد بیگەیەنم. قەبوڵی کرد و هات. بەر لە هاتنم تەلەفۆنم بۆ نەخۆشخانە کردبوو، ئەو سیستەرەی وەڵامی دامەوە تێی گەیاندم نەخۆشەکە لە دووایین ساتەکانی ژیانیایەتی. دڵنیا بووم ئەمیر عەلی لە وادەی خۆیدا گەیشتووە. نەخۆشخانەکە لە ناوەڕاستی شاردا و ڕێگە قەرەباڵخ بوو. لە ڕێگە ترومبێلەکان ڕادەگیران و ژێر کورسی و سندووقی دوواوە دەپشکنران. ئەمیر عەلی بێ ئۆقرە و دەستەکانی دەلەرزین.

پرسی: "دوایین جار کە لەگەڵیدا دووایت، کەنگێ بوو؟"

کوتوپڕ هەستم کرد مەبەستی مەلەک ئازەرە و دڵم داکەوت. تەماشایم کرد. نا، مەبەستی دایکی بوو. هەستی لای وی بوو. لە چوار ڕاکە ڕووداوی ترۆمبێل ڕوویدا بوو. کەسێک ببوو بەژێر ترومبێلەوە. خەڵکی هاوار هاواریان بوو. دوو زەلام لە یەکتریان دەدا. دەبوو داگەڕێین و لە ڕێگەیەکی ترەوە بڕۆین. ئەمیر عەلی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.

گوتم: "دوو ڕۆژ لەمەوبەر."

نەمدەتوانی لە یەک کاتدا ترۆمبێل بئاژووم و قسانیش بکەم. لە بەردەم قوتابخانەیەکدا بووین. مناڵان ڕاکە ڕاکەیان بوو. ڕێگا گیرا بوو. ئەمیر عەلی حۆل ببوو. شەڵاڵی ئارەقە بوو. دابەزی.

گوتی: "بە پێ زووتر دەگەین. "وایگوت و کەوتە ڕۆیشتن. کەوتە ڕاکردن. لێی گەڕام. چ شتێکم لە دەست نەدەهات. دەمویست لە بارەی مەلەک ئازەرەوە قسانی بۆ بکەم، لە

بارەی پەیامەکەیەوە بۆی بدوێم. بەڵام نەکرا.

پاسێک لە وێستگە ڕاوەستا بوو. تا نێزیکیی نەخۆشخانە دەچوو. ئەمیر عەلی سوار بوو. لای ڕاست هی پیاوان بوو. دانیشت. پیاوێکی قەڵەو، نیوەی زیاتری کورسییەکەی گرتبوو. مریشکێکی زیندوو، لەناو کیسەیەکی سەر کراوەدا، لەسەر ئەژنۆکانی بوو. مریشکەکە سەری هێنایە دەرێ. ملی درێژ کرد و بەسەرسوڕمانەوە لە ئەمیر عەلی ڕوانی. کوڕێکی گەنج، بەقژێکی نەختێک درێژەوە، لەپێش ئەوەوە دانیشتبوو. موسافیرەکەی لایەوە، بەبوغزەوە تەماشای دەکرد. دواجار، حەوسەڵەی نەما و بەتوندی قژی ڕاکێشا. کوڕە گەنجەکە لە جێگاکەی ڕاپەڕی و ناڕەزایی دەربڕیی. پیاوەکە گوتی: "ئەرێ شەرم ناکەیت؟"

کوڕەکە گوتی: "جا تۆ حەقت چییە؟"

شۆفێرەکە هاواری کرد: "ئەوەی دەنگە دەنگ دەکات، فەرموو با دابەزێتە خوارەوە!"

مریشکەکە ترسا. کەوتە باڵە فڕە. خاوەن چاوانێکی نیگەران و لە ئەمیر عەلی ڕامابوو.

بەخۆی گوت: "دەبێ لە کاتی خۆیدا بگەم. دەبێ چاوانی، بەر لەوەی بکوژێنەوە، ببینمەوە. دەزانم چاوەڕێی منە. بەبێ خودا حافیزیی ناڕوات. مەحاڵە!"

پاسەکە بەرەو لای چەپ چوو. ئەمیر عەلی دابەزیی و کەوتە ڕاکردن. دەستی تەکاندا. دەستی لە ترومبێلێک ڕاگرت. ترومبێلی یەکەم بەکەڵکی وی نەدەهات. دووەمیان سواری کرد. شۆفێرەکە کوڕێکی گەنج بوو. بەچاویلکە و بەکڵاوی ڕەشەوە. نە سڵاوی کرد و نە ڕوویەکی خۆشی پێشاندا. ئەمیر عەلی ئاراستەی ڕێگاکەی خۆی پێگوت و شۆفێرەکەش بەربەرەکانی نەنواند. هەموو ڕێگەکە لە بێدەنگییدا تێپەڕی. کە گەیشتنە شەقامی سێیەم، شۆفێرەکە پێچێکی کردەوە و چووە بەنزین خانەیەکەوە. سێ ترۆمبێلی لە پێشەوە بوون. جگە لە ئارام گرتن چ ڕێگە چارەیەکی تر نەبوو. منداڵێکی گوڵ فرۆش لە جامی ترومبێلەکەی دا. ئەمیر عەلی جامەکەی کردەوە و چەپکێک گوڵی کڕی. دڵی هەروەک سیر و سرکە دەکوڵا. خۆزیا دابەزیبا. تاکسییەک لە دواوە بوو. دەشێ ئەو خێراتر لەم زەلامە ڕۆیشتبا. ڕێگەکەی قەد بڕ دەکرد، کۆڵان بەکۆڵان بەڵەد بوو. باشتر بوو دابەزێت. ئەدی مەلەک ئازەر لە کوێ بوو؟ هەموو شتەکان لە سەریدا خەراپ ببوون. هێند دڵی لای دایکی بوو کە مەلەک ئازەری بیر چووبۆوە. شیعرە بێ ماناکەی مامە گیان لە گوێیدا



دەنگی دەدایەوە: "گا زین بەپشت و گا پشت بەزین!" ئەدی مەبەستی چ بوو؟ لە خۆی پرسی بۆچی مەلەک ئازەر کلیلی ماڵەکەی داوەتە فلانی (فلانی واتە من) و پاشان بیری کردەوە کە کارێکی دروست و ئاسایی کردووە. ئاخر دەیزانی کە من نێزیکترین هاوڕێی مەلەک ئازەرم و یەکەمین ئەڤینی ژیانی وی بووم. مەلەک ئازەر قسەیەکی لەوبارەیەوە لەگەڵ نەکردبوو. قسەی نەدەویست. هەرچیی ببوو هی ڕابردوو بوو. ئەمیر عەلی لە مامە گیانی ژنەڤتبوو، بەتێن و تاوەوە گێڕابوویەوە. مامە گیانی دەم شڕ.

ترومبێلەکان جووڵان، نۆرەی ئەوان بوو. پێ بەبەنزیندا نرا و کەوتنە ڕێ.

پیاوەکە گوتی: "ببوورە .." هێندە و تەوا و. ئەمە تەنها ڕستەیەک بوو کە لە زارییەوە هاتە دەرێ. هەمدیس بێدەنگ بۆوە. پیاوەکە لە بەردەم خەستەخانەدا ڕاوەستا. سەیری بەرامبەری کرد. چاوەڕێ بوو دەرگاکە داخرێتەوە. ئەوسا پێی بەبەنزیندا نا و ڕۆیشت.

خەستەخانەیەکی قەرەباڵخ بوو. هەمووی هەر ڕیز بوو. ڕیز لە بەردەم ئەسانسۆرەکەدا، لە بەردەم ئەجزاخانەکەدا، لە بەردەم دەسشۆرییەکاندا، لە بەردەم پرسگەدا... ڕیزی تێکەڵ و پێکەڵ و نارێک. ناوی دایکی لە لیستی نەخۆشەکانا نەبوو. پیاوی پرسگە گوتی ڕەنگە نەخۆشەکە مەرەخەس کرابێت.

دەنگێک لە قوڵایی گوێی ئەمیر عەلیدا چرپاندی: درەنگ گەیشتی، تەواو بووە!

ڕەنگبێ بەناوێکی تر ناونووسیان کردبێت. ناوی بنەماڵەیی دایکی گوت.

پیاوەکەی پرسگە گوتی: "کەنگێ داخڵ کراوە؟"

ئەمیر عەلی نەیدەزانی. سەری بادا.

کارمەندەکە گوتی: "دەبێ بەوردیی ڕۆژی داخڵ بوونی نەخۆشەکە بزانیت. ڕۆژی سەد کەس دێن و دەڕۆن. زۆرێکیان دەمرن. ئینشاڵڵا نەخۆشەکەی ئێوە چاک بۆتەوە و مەرەخەس کراوە."

قسان کردن لەگەڵ ئەم کارمەندەدا کات بەهەدەردان بوو. چووە بەردەمی دکتۆرێک و دەنگ لە گەروویدا تێشکا بوو. دکتۆرێکی میهرەبان بوو. گەرچی پەلەی بوو بەڵام ڕاوەستا. لە نەخۆشییەکەی دایکی پرسیی.

گوتی: "ئەم جۆرە نەخۆشانە لە نەهۆمی پێنجەم دەخەوێنرێن. برۆ لە پرسگەی سەرەوە بپرسە."

ئاسانسۆرەکە تا نهۆمی سێیەم دەچوو. هەمدیس گەڕایەوە و لە نهۆمی دووەم وەستا. ئەمیر عەلی، بەپەلە، لە کاتێکدا کە دوو پێپلیکانەی بەیەکێک دەبڕی، خۆی گەیاندە نهۆمی پێنج. کەسوکاری نەخۆشەکان، لە پاڵ یەکدا، بێدەنگ لەسەر کورسیی دانیشتبوون. سەرەکان ڕووە و ژێر و زۆربەی چاوەکان فرمێسکیان تێزابوو. وێنەیەکی لە چوارچێوە گیراوی سیستەرێک بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوو. خاوەن ڕوخسارێکی جوان و پەنجەی بەنیشانەی بێدەنگیی نابووە سەر لێو. دەرگای ژوورێک کرایەوە و دکتۆرێک لەگەڵ چەند سیستەرێکدا هاتنە دەرەوە. کوڕ و کیژێک لە نێو کەس و کاری نەخۆشەکانا هەستانە سەرپێ. ڕاوەستان، چاوانی نیگەرانیان لە زاری دکتۆرەکە بڕی. بەدوایدا ڕۆیشتن. دکتۆرەکە لە نیوەی ڕێگا ڕاوەستا. پاڵی بەدیوارەکەوە دایەوە و بەدەستەکانی دەموچاوی داپۆشیی. سیستەرێک بەسینی دەرمانەوە تێپەڕی. ئەمیر عەلی چووە بەردەمی. گوتی بەدوای دایکیدا دەگەڕێ و ناوەکەی پێ گوت. سیستەرەکە بەسەر ئاماژەی بۆ دەرگاکەی بەرامبەر کرد. ژووری پێنج سەد و سێ.

کەواتە هێشتا زیندووە. گرینگ نییە گەر دەرزییەک لە نێو دەمار و سۆندەیەک بەکەپوویەوە ڕایەڵ کرابێ، گرینگ نییە گەر لە جووجەڵەیەکی ئاوەڕووت کراو بچێ، گرینگ نییە گەر ڕەنگ بەڕوخسارییەوە نەمابێت و هێڵی دڵی لەسەر ئامێرەکە بەزەحمەت بەرز و نزم بێتەوە. بەڵکو گرینگ ئەوەیە هێشتا زیندووە. هێشتا دەنۆڕێت. چاوەڕێی ئەمە. ئاخر بەبێ خودا حافیزیی ئۆغر ناکات.

ئەمیر عەلی حەپەساو و لەرزۆک، لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستا. قاچی لە دووی نەدەهات. حەزی دەکرد ئەو مەخلووقە چکۆڵەیە، وەک مەلێکی واق وڕماو بخاتە زەرفێکەوە و لەگەڵ خۆیدا بۆ جێگایەکی دووری بەرێت.

سیستەرێک هاتە ژوورەوە. تەماشایەکی نەخۆشەکەی کرد. ترپەی لێدانی دڵی گرت. چەرچەفەکەی ڕێکخستەوە و سەری لەقاند. ئەمیر عەلی هەستی کرد شتێک لە ناخیدا جێگۆڕکێ دەکات، هەستی کرد جەستەی بەلێواری هەلا هەلا بوون و وێران بوونەوەیە و گەردیلەکانی گیانی، وەک خۆڵەمێشی جەستەیەکی سووتاو، بەهەوادا بەلاڤ بوونەتەوە. خۆی بۆ نەدەدۆزرایەوە و قاچی توانای جووڵەی لە دەست دابوو. دەستی گرت بەدیوارەکەوە و چووە پێشتر. چما دایکی، ئەمی لە یادە؟ دەشێ بەچاوی ڕۆح لێی بنۆڕێت، بەچاوی سێیەم، بەزەینێک لە دەرەوەی جەستەی؟ ویستی قسان بکا و ناوی خۆی دووبارە



بکاتەوە. گریانێکی بەسوێ گەرووی دەگوشی و دەنگی دەرنەدەهات. دەستە سپییەکانی دایکی، بەدەمارە ناسکە شینەکانییەوە، کەوتبوونە سەر چەرچەفەکە. سەر پەنجەکانی دەجووڵان. سەرپەنجەکانی ئەوی بینی و ناسییەوە. ئەمیر عەلی لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت و دەستی نایە ژێر چەنەی دایکی. ڕووی بەرەو لای خۆی وەرگێڕا. تەماشای کرد و بینی وا دوو بازنەی تەنک، لە قوڵایی چاوانیدا دەدرەوشێنەوە، دوو کڵاوڕۆژنەی کراوە بەڕووی ژیانێکی تردا، خۆیشی بینی، خۆی لە سەرەتای خەڵیقەتدا بینی، وەک نوتفەیەکی سەرئاوکەوتوو لە ناخی کیسەیەکی گەرم و شێداردا، لە بەرایی لە دایکبووندا، لە شێوەی جۆراو جۆردا، لە هەزاران وێنەدا، پەرتەوازە لە یادەوەریگەلی خامۆشی دایکیدا، دەڕۆیشت ڕووەو کۆتایی و وەک گەردیلەگەلی ڕووناک، هێور هێور، بەرەو یادەوەریی مەزن ڕادەکێشرا. هەمان یەک چرکە بەس بوو. وەک بلێیی خانمی پیر، دانیشتوو بەلێواری مەرگەوە، چاوەڕێی ئەم دوا پێک گەیشتنە بووبێت، ئەم دووایین بەریەک کەوتنە ئاشنایانەیە.

ئەمیر عەلی دەستە ساردەکانی دایکی نایەوە ژێر چەرچەفەکە. چاوەکانی وی لێکنا و دەرگایەکی ڕووە و ڕابردوو داخست. بەشێکی گەورەی ژیانیان کۆتایی هات. هەستی کرد ئیدی بەهیچ کەس و هیچ شتێکەوە ڕایەڵ نییە و کەنارە هەتاوییەکان، ئاسمانگەلی ساماڵ و ڕووناک، دەشتگەلی سەوز و بیابانگەلی بەرفەراوان لە چاوەڕێیدان.

دەرەوە گەرم و قەرەباڵخ. منداڵێکی دەس فرۆش هاتە بەردەمی و بێ ئەوەی زۆربکات، پاکەتی جگەرە و بنێشتەکانی بۆ ڕاگرت. ئەمیر عەلی ئەو چەپکە گوڵەی هێشتا بەدەستییەوە و بیری چووبوو بەدایکی بدات، لەسەر سندووقی جگەرەکە دانا و ڕۆیشت.

مەلەک ئازەر زۆربەی ئەشیا و کەلوپەلە گرانبەهاکان، فەرش، کاسە و گۆزەگەلی قەدیمی، هەموو ئەو شتانەی کە هی خۆی بوون، بردبوو. تەنها پەردەکان لە جێی خۆیان مابوون و تەختەنوێنەکان، تەختە نوێنی بێ چەرچەف و بێ دۆشەک. دەرگای گەنجینەکان کرابوونەوە و بەتاڵ. چەکمەجەکان ڕاکێشرابوون و بەهەمان شێوە، نارێک، بەراکێشراوی جێ هێڵرابوون. سەر ئەرزەکە پۆشرابوو لە ڕۆژنامەی کۆن، کاغەز و وێنەی دڕاو – وێنەگەلی وی. جلکەکانی: پانتۆڵی ئوتووکراو، کراسی سپیی پاک و تەمیز، چاکەتی چوار قۆپچە، بۆیباخ و شاڵی فەرەنگی مل، وەک سوپایەکی تێک شکاو، لە پاڵ دیوارەکەدا، تۆپەڵ تۆپەڵ، بەسەر یەکدا درابوون. هەر پانتۆڵێکی ڕەساسیی خەت خەت، هەر دەسکێشێکی

چەرم، هەر دەسماڵێکی ئاوریشمیی، هەر پێڵاوێکی بۆیاخ کراوی چەرم، ئاماژە بوو بۆ یادەوەرییەکی دێرین. ئاماژە بوو بۆ باوکی، ئاماژە بوو بۆ ئەو بەدەنە تۆکمە و ڕوانینە لێوڕێژ لەحەزگەلە جەستەییە، ئاماژە بوو بۆ دایکی، بەو بێدەنگییە میرزادەییانەی و بەو خەفەتە شاردراوانەیەوە، ئاماژە بوو بۆ ژنەکەی، بەو جەستە ناسک و دەمامک گەلە مقەباییانەیەوە، ئاماژە بوو بۆ مامە گیان، بەو ترسە خەمینەیەوە لە پیریی و لە مەرگ. هەموو لە نێو ئەو جلکانەدا، پێچیان دەخوارد و یادەوەریی ژیانێکی بزریان پێکدەهێنا. مەلەک ئازەر یاداشتێکی لەسەر مێزی موبەق بۆ جێ هێشتبوو، یاداشتێکی سارد و سڕ و کورت. نە سڵاوێک، نە (ئازیزم)ێک و نەهیچ. دوو قسەی نووسیبوو، گوتبووی لە خەیاڵیدا نییە بگەڕێتەوە. نایەوێ هەرگیز بیبینێتەوە. هەرگیز. دوو خەتیشی هێنابوو بەژێر ئەو دووایین وشەیەدا. (نامەیەکی چەند دێڕیشی بۆ من نووسیبوو. ناونیشانێکی کاتیی و ژمارە تەلەفۆنێکی نهێنیی تێدا نووسیبوو کە نەدەبوو بەکەسی بدەم.)

ئەمیر عەلی لەسەر تەختەنوێنە چۆڵەکە، لە ژووری گەورەی نوستندا، ڕاکشا و لە ساپیتەی نزم و چل چرا گەورە دێرینەکە ڕاما. دیمەنگەلی پەرتەوازە لە ژیانی، وەک فیلمێکی پارچە پارچە، بە بەرچاوانیدا تێدەپەڕین، فیلمێک بەبەشداربوونی خەڵکانی غەریبە. دەشێ هەموو شتەکانی لە خەوندا دیتبن. ڕەنگە خۆیشی مەخلوقێکی بێ ناونیشانی ناو خەونی کەسێکی غەریبە بووبێت. ویسعەتی بیابان، هەروا، لەژێر پێستیدا دەبزووا و جۆگەیەکی ڕەوان لە قووڵایی گوێچکەیدا خوڕەی دەهات. دیوارەکان، دەرگاکان، پەنجەرەکان، تەنانەت بۆنی ئەو ماڵەی پێ نائاشنا بوو. مەلەک ئازەر، وەک تارماییەکی سڕدراوە، لە ژوورەکەدا دەسووڕایەوە و لە کۆتایی دونیایەکی ترەوە تەماشای ئەمی دەکرد. هەستایە سەر پێ. بار و بنەی پێچایەوە، بڕێک پارە و دۆلاری، کە لە گەنجینەکە شاردبووەوە (قایم کارییەکی غەریزیی) هەڵگرت. پارەکانی ئاخنییە گیرفانییەوە. گیای نیوە زیندووی ژووری میوانەکەشی لەگەڵ خۆدا برد و بەڕێکەوت.

شەوێک، لە چاخانەی سەر ڕێ، لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی کرد و ڕاچڵەکی. پیاوێکی تەمەن شەست ساڵە لێی دەنۆڕی. تا ئەو کاتە لەگەڵ پیریدا جەنگیی بوو. ئاخر بیست ساڵ جحێڵتر لە تەمەنی واقیعیی خۆی دەینواند و ئەو بیست ساڵەی، بەزۆر و بەفێڵ، لە ڕوخساریدا شاردبۆوە. زۆر بەوردیی چاودێری جوانیی و باریکیی جەستەی خۆی کردبوو. دەمی لە چەوری و شیرینییەوە نەداو و جلکگەلێک کە مەلەک ئازەر، بەوردیی و



وەسوەسەوە، بۆی هەڵبژاردبوو، ئەوی وەک پیاوێکی جحێڵ و خۆش سەلیقە نوواند بوو. بەڵام ئەلعان، ببووە کەسێکی تر: پیاوێکی بەجێماو بەغەبغەبەیەکی چکۆڵە و گۆنای هەتاو بردووەوە، بەهێڵی قووڵی سەر نێوچەوان و ڕیپۆقی ئاشکرای ئەم لا و لای چاوانییەوە، بەتەنکە ڕیشی ماش و برنجی و تاڵی سپیی نێو برۆ و قژییەوە. شەرواڵێکی دەڵبی کوردیی لە بازاڕی سنە کڕی بوو. ئیدی ورگی بەخەیاڵی ئاسوودە دەردەپەڕان و چ واهیمەیەکی لە قەزاوەت و ڕوانینی پەیجۆرییانەی خەڵکیی نەبوو. ئەمیر عەلی، بەسەرسوڕمانەوە، لە وێنەی پێچەوانە بووی نێو ئاوێنەکەی دەنۆڕی. بینی ئەم وێنەیە، ئەم نیگا ئاشنا و ئەو زەردەخەنە گاڵتەئامێزە، دەناسێ و ئەوی لە جێگایەک بینیوە. ڕوخساری زیاتر بردە پێشەوە تا باشتر بیبینێ. مەزەندەیەکی تری بۆ خۆی هەبوو، ئاخر ئەم مەخلوقە پێچەوانە بووەی سەر ئاوێنەکە، کەسێکی تر بوو. ئەو و ئەو ئەویترە غەریبەیە، بەرامبەر یەکتر ڕاوەستابوون. ئەمیر عەلی حاڵیی بوو لەوەی ئەم بونیادەمە نوێیە، بەو قەڵافەتەوە، هەمان کەسی دووەمی بوونی ئەوە، هەمان ئەو کەسەیە کە فەرمان بەسەر دەست و پێیدا دەکات و دڵ و ڕیخۆڵەی دەخاتە قۆڕە قۆڕ، هەمان ئەو مەخلووقە نەبینراوەیە، کە وەک تارمایی تاقیبی دەکات و شەڕی پێ دەفرۆشێت. ڕەنگبێ هەر ئەم تارماییە، ئەم کەسی دووەمە، لەگەڵ ویدا لە شەڕدا نەبووبێت، ڕەنگبێ هاوڕێیەک بووبێ فەرامۆش کراو، ڕاونراو، لە ئاکامیشدا، قەهر و برین خواردوو. ئیدی خۆشیت با و ترشیت با، لێکتر نێزیک ببوونەوە و جگە لە هاوڕێیەتیی، چ ڕێگەچارەیەکی تریان نەبوو. ئەمیر عەلی ڕقی لەم هاوزادە ئاسوودە قژ بژە، لەم زەلامە ڕوخسار هەتاو بردوو و ڕیش نەتاشراوە، لەم ئەمیر عەلییە لادێییە نەبوو. ئەم کەسەیان زیاتر لەم نێزیکتر بوو وەک لەوەیتریان، ئاخر ئەم لەویان واقیعی تر بوو. گەر مەلەک ئازەر، ئەوی بەم گەڵ و گیپاڵەوە بینیبا، ئەوا وەزعی تێک دەچوو. فەرمانی دەدا جەستەی بەگۆگرداو و قژی بەپەرمەنگەنات بشۆن. ڕایدەسپارد پێی بەمەڵحەمی دژە هەوکردن چەورکەن. هەروا فیکر و هەستەکانیشی بۆ چەورکەن. وێنەی پێچەوانەبووی ناو ئاوێنەکە، لەمی دەنۆڕی. لە ڕێیەکی دوورەوە دەهات و پێی وابوو شەکەتە، دەخوازێت دانیشێ و قاچی لێ ڕاکێشێ. دەکارێت دوای ئەو هەموو ساڵ دیار نەمانە، دواجار بچێتەوە جێگاکەی خۆی و دانیشێت. هەردووکیان لێکتر نێزیک ببوونەوە. لەناو یەکدیدا ڕۆچوو بوون و جگە لە یادەوەرییەک، چ لە ئەمیر عەلی پێشوو نەمابۆوە.

ئەمیر عەلی لە نێو ترومبێلەکەیدایەتی و بەجادە شاخاوییەکانا دەئاژوێت. مەبەستێکی

دیاریکراوی لەپێش نییە و خۆشیی لەم ئاژووتنە بێ ئامانجە، لەم ڕۆیشتن ڕووە و بیابانگەلە نەناسراوانە دێت. خۆشحاڵە کە چ کەسێک ئەو ناناسێ و لە قاڵبێکی دیاری کراودا زیندانیی نییە. دەتوانێت، هەرکەسێکی بوێت ببێتە ئەو. جەستەی بێدەنگە و دەست و پای لە تەبایی و ئاشتیدان. جامی پەنجەرەکەی لای خۆی ڕاکێشاوە و هەتاوی پاییز کەوتووە بەسەر باسک و ڕوخساریدا. هەست دەکات دەتوانێت تا ئەبەد درێژە بەڕۆیشتن بدات.

شەو لە گوندێکی چکۆڵەی سەر ڕێ دەنوێ و لە ئەستێرەو ئاسمان دەنۆڕێ و هەمدیس ئەو ویسعەتە مەزنە، لە نێو جەستەیدا دەنیشێ و ئەو بەرەو خۆی کێش دەکات. پشیلەیەکی لەڕ لە پاڵیدا کسکە دەکات، دەستی ڕاستی ئەمیر عەلی بەرز دەبێتەوە و سەری پشیلەکە نەوازش دەکات. دەستی پڕە لە میهرەبانیی. شێوێکی سووکی کردووە و سەرحاڵ و خۆشنوودە. تەماشای کۆتایی ئاسمان دەکات، تەماشای هیلالی ڕووناکی هەیڤ، بیر لە کاکێشانی پەرتەوازە و لەو ئاسمانە شینە دەکاتەوە، بیر لە جێگایەک دەکاتەوە لەودیو دوورترین هەیڤگەلی گەردوونییەوە. بیر لە دونیایەک دەکاتەوە هاوتەریب لەگەڵ دونیایەکی تر، بیر لە ڕابردووگەلێک کە سەرلەنوێ دووبارە دەبنەوەو زەمەنێک کە بەڕێوەیە و بۆ سەرەتای خۆی دەگەڕێتەوە. کوتوپڕ، وا مەزەندەی کرد کۆلارەکەی مناڵیی بەژوور هەورەکانەوە لە هەوای خۆیدایەتیی. خۆی دەبینێ لە نێو ئەو حەمکە کاکێشانەدا، لەو گەردوونە دەوڵەمەندەدا، بووەتە خاڵێکی چکۆڵە و لە فەزادا دەشنێتەوە. جەستەی لە حەژمەت لەزەت، دەکشێ و دێتەوە یەک و چێژێک، کە لە گوتن نایەت، لە یەکە بەیەکەی ئەندامانی جەستەیدا دەنیشێت. کوتوپڕ وا دێ بەخەیاڵیدا کە نییە، کە مەحف بووە و بەشیرە ڕێوە ڕایەڵ بووە. کۆلارەکە لەگەڵ ئەمدا لە فڕیندایە و بەکاوەخۆ کلکە ڕەنگاو ڕەنگەکەی، ڕادەتەکێنێت. دەشێ خەون ببینێت. هەرچیی هەیە، نوستبێت یان بێدار، بەختەوەرە. لە جۆری بەختەوەریی ئینسانێکی خۆشگوزەران یان سەرکەوتوو نا. بەڵکو لە جۆری بەختەوەریی خاڵێکی مەلەوان لە فەزادا. بەختەوەرییەک کە تێگەیشتن لێی هاسان نییە و بەڕوواڵەت وەک قسەیەکی پووچ دێتە پێش چاو. پووچ بێ یان نا، ئەوە وەزعی ئەمیر عەلییە و ناتوانرێ بەزوبانێکی تر گوزارشتی لێ بکرێت.

لێی دەنۆڕم: قووقەی کەڵەشێرێک لە خەو بێداری دەکاتەوە. سوبای ساڵحانە. لە هەیوانی چاخانەیەکی سەرە ڕێدا، لەسەر تەختێکی دارین، لەژێر چەرچەفێکی ئەتڵەسیدا



نوستووە و سەرمایەتی. ئەژنۆکانی لە باوەش گرتوون و شنەیەکی خۆش لە ڕووخساری دەدا. بۆنی نانی گەرم دێت. برسییەتی. گۆشەی چاوەکانی دەکاتەوە و لەو کوتە خەونانە ڕادەمێنێ کە بەژێر پێڵووەکانیدا هەڵدێن. ڕوانینی بەسەر گەڵای پەژمووردە و پەلکگەلی شۆڕەوە بووی شێتە بییەکی جحێڵدا هەڵدەزنێ و سەوزاییەکی تەنک، وەک ئاوریشمێکی ناسک، بەسەر خایلەکانیدا دەکەوێت. بەدەم خۆیەوە ئەو شیعرە لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە: "چ سەحەرێکی پیرۆز بوو، چ شەوێکی موبارەک "و ئیدی هەمدیس خەو دەیباتەوە. کە وەئاگا دێتەوە، هەتاو کەوتۆتە سەر ڕوخسار و چەرچەفەکەی. هەوای دەرەوە فێنک. هەڵدەسێ و دەست و دەم و چاوی لەو جۆگەیە دەشوات کە بەژێر درەختەکانا ڕێ دەکات. چایچییەکە نان و پەنیر و چای بۆ دێنێ. ئەمیر عەلی، بۆ یەکەمین جار، دوای ساڵانێکی زۆر، مۆڵەتی خواردنی دوو دانە هێلکە بەنانی لەواشەوە بەخۆی دەدات. پارەی بەرچاییەکەی دەدات. سواری ترومبێلەکەی دەبێت و پا بەبەنزیندا دەنێت. ئەدی بۆ کوێ دەڕوات؟ نازانێ و هەر بیریشی لێ ناکاتەوە. خۆی و جەستەی و وێنەی ئەو پیاوە بەتەمەنە ڕیشنەی کە لە ئاوێنەکەدا بینی بووی - ئەمیر عەلی دوێنێ و ئەمڕۆیی - پێکەوە لە تەباییدان. کاڵەکێک لەسەر ڕێگە دەکڕێ. لە قەراخ جادەکە ترومبێلەکە ڕادەگرێت. لە ناوجەرگەی بیاباندا، دوو دانە سپیدار لەپاڵ یەکدیدا وەستاون. لە ترومبێلەکە دێتە خوارەوە و لە سندووقەکەی دواوە حەسیرێک دەردێنێ و لەژێر درەختەکانا ڕایدەخات. دادەنیشێت. کاڵەکەکە کاڵەکە سوورەیە. کەمێک گەرم بەڵام شیرین. ڕادەکشێ و دەستەکانی دەنێتە بن سەری. بۆنی هاوینەکانی مناڵیی دەگاتەوە کەپووی. بۆنی کاگڵی تەڕ و دیوارەکانی باخ و بۆنی کەتیرەی دار کاجەکان. دەتوانێت لەگەڵ یادەوەرییەکانیدا بفڕێت. دەتوانێت تل بدات، هاوار بکات. دەتوانێت قسەکانی بکات، دەتوانێت نەگوتراوە زیندانییەکانی نێو سینەی بهێنێتە دەرەوە. دەتوانێت هەڵبژێرێت، ناڕەزایی بنوێنێت، بڕیار بدات. دەتوانێت هیچیش نەکات. ئەدی کێ گوتوویەتی کە دەبێ قابیل یان دژ، موجاهید یاخود جەنگاوەر بێت؟ ببێتە باڵیۆزی ئێران لە ئینگلیستان یاخود ببێتە بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەکرە و دەزوو؟ دەتوانێت لەژێر درەختەکاندا ڕاکشێ و گوێ لە ئاوازی زیکزیکەکان ڕادێرێت. دەتوانێت بگاتە حەزە دێرینەکەی و ببێتە ئەستێرە ناس. یان بێستانی خەیارەکەی ئاو بدا و ئەرزی کێڵگەکەی بکێڵێت. دەیەوێت لە سفرەوە دەست پێ بکاتەوە، لە سەرەتای خۆیەوە.

مامە گیان لە شوێنێکدا خوێندووبوویەوە کە هەموو ڕووداوەکانی دونیا پێکەوە

گرێدراون. ویستبووی لەم بارەیەوە قسان بکات و ڕای خۆی بڵێت، کەچیی بواریان پێ نەدابوو. بەڵام بۆ یەک جار لە ژیانیدا قسەکەی ڕاست دەرچوو بوو، ئەوانەی لەو کاتەدا لەسەر مێزی شێو سەرگەرمی خواردن ببوون، تێ نەگەیشتبوون کە چ تاڵە دەزوویەکی باریک بەهەر وشەیەک، بەهەر ڕووداوێکی کوتوپڕ، بەهەر ماجەرایەکی لاوەکییەوە شۆڕبۆتەوە و چۆناوچۆنیی ئەو ڕستانە، وەک تەونی ڕەنگاوڕەنگی فەرشێکی گەردوونیی، پێکەوە چنراون. ئاخر ئەگەر ئەو مێشوولە نارەسەنە، لەو شەوە فلانییەدا، بەپێی ئەمیر عەلییەوەی نەدابا، ئەوا ڕەنگە ئەلعان هەموو شتەکان وەک ماستی مەییو بان و ڕەوتی چارەنووسی ئەمیر عەلی و مەلەک ئازەر و دایکی و مامە گیان و کۆمپانیای بەکرە و دەزوو، ئاوەژوو نەبایەتەوە.

هەروەها چارەنووسی منیش.

***

# پێڕست


لەبارەی ئەزموونی نووسینمەوە ...............7
نەنە هەنار و کوڕەکانی ...............11
ماڵێک لە ئاسمان ...............37
سەفەرە گەورەکەی ئامینە ...............54
خانمە مەزنەکەی ڕۆحی من ...............96
پاسەکەی شەمێران ...............107
دار هەرمێ ...............123
گورگە خان ...............151
جێگایەکی تر ............... 164

# بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠٠٤

(٢٢٢) سياسة التعريب في إقليم كُردستان العراق – دراسة وثائقية– إعداد: مجموعة من المؤلفين.
(٢٢٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.
(٢٢٤) الأمير الكُردي – مير محمد الرواندزي. تأليف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدين سيلاحشۆر
(٢٢٥) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.
(٢٢٦) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسڵح ئیروانی.
(٢٢٧) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: ڕەئووف حەسەن.
(٢٢٨) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەوێڵ کاکەیی.
(٢٢٩) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٠) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.
(٢٣١) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٢) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٣) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٤) الكُرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ألفه: باسيلي نيكيتين، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري طالباني.
(٢٣٥) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.
(٢٣٦) منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، تأليف: د. نوري طالباني.
(١٣٧) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠-٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.
(٢٣٨) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەمەدی مەلا کەریم
(٢٣٩) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(٢٤٠) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.
(٢٤١) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر ڕەسایی.
(٢٤٢) بارزانیی نەمر لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.
(٢٤٣) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ.



(٢٤٤) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.
(٢٤٥) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە – کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.
(٢٤٦) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.
(٢٤٧) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.
(٢٤٨) ڕۆمیۆ و جوولێت – شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.
(٢٤٩) خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.
(٢٥٠) بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵڵا.
(٢٥١) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح ڕەنجدەر.
(٢٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دیکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی.
(٢٥٣) نڤیسار. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری. بەرگی یەکەم.
(٢٥٤) گەلاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نووسینی: بەختیار سەجادی.
(٢٥٥) نەتەوەخوازی. ئەنتۆنی دی سمیس. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی.
(٢٥٦) ئۆکتاڤیۆ پاز: بەردی سپی و ڕەش – سان ژۆن پێرس: ئاناباز. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر.
(٢٥٧) إحياء القلوب – شرح مولانا الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم شيخه محمود الكردي الخلوتي قدس الله روحهما ونور ضريحهما.
(٢٥٨) ستایش. شیعر: نەزەند بەگیخانی.
(٢٥٩) ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن. شیعری: حەمەسەعید حەسەن.
(٢٦٠) عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردیی. کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید). ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: کەمال ڕەئووف محەممەد
(٢٦١) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەمە. جزمی: ١
(٢٦٢) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەمە. جزمی: ٢
(٢٦٣) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال ڕەئووف محەمە. جزمی: ٣
(٢٦٤) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الأول. جرجيس فتح الله.
(٢٦٥) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثاني. جرجيس فتح الله.
(٢٦٦) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثالث. جرجيس فتح الله.

(٢٦٧) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الرابع. جرجيس فتح الله.

(٢٦٨) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الخامس. جرجيس فتح الله.

(٢٦٩) گولزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی. بەرگی یەکەم.

(٢٧٠) گولزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی. بەرگی دووەم.

(٢٧١) کورد تورک عەرەب. سیسیل جۆن ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری.

(٢٧٢) ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار. ئەحمەد سالار.

(٢٧٣) سێ قوربانییەکە. عەبدولمونعیم غولامی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیحسان ئیروانی

(٢٧٤) ڕێچکەکانی برسێتی - ڕۆمان. جۆرج ئەمادۆ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیمەت کاکەیی.

(٢٧٥) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی دووەم.

(٢٧٦) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی سێیەم.

(٢٧٧) هەڵسانەوە. شیعر: سامی شۆڕش

(٢٧٨) جێگایەکی تر- کۆمەڵە چیرۆک. گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

(٢٧٩) دار تووە تەنیاکە- سێ نۆڤلێت. چنوور نامیق حەسەن.